# زمان و زار

ساڵی چوارەم- ژمارە (١٤) (پوشپەڕ-٢٧٢٤) (هاوینی-٢٠٢٤)

گۆڤارێکی زمانناسیی وەرزییە

خاوەن ئیمتیاز:

د. تەها ڕەسووڵ

سەرنووسەر:

فەرەیدوون سامان

سەرنووسەری فەخری:

تۆفیق وەهبی بەگ

# زمان و زار

**دەستەی راوژێکاری:**

**د. وریا عومەر ئەمین**

**د. هۆگر مەحمود**

**د. مزگین چالی**

**د.بێستوون حەسەن ئەحمەد**

**کامران رەحیمی**

**کۆمەڵگای پەروەردەیی مارگرێت**
**دەری دەکات**

بۆ پەیوەندی بە گۆڤاری زمان و زار

fereydunsaman61@gmail.com

00964 750 448 0493

راوێژکاری کارگێڕی:
ئەڤین ئەحمەد
ڕاوێژکاری یاسایی
سالم سەلمان کوببەچی

هەڵەگری: مەسعود لاوە
دیزاین: ئومێد محەمەد
چاپ: ٢٠٢٤
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٥٠٠٠ دینار
چاپ: چاپخانەی تاران

هەموو ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە:
گوزارشت لە راوبۆچوونی نووسەرەکەی دەکات

# پێڕست

## دۆسیەی زمان و وەرگێڕان


- ڕۆڵی وەرگێڕان لە گەشەپێدانی زمانی کوردیدا.......................................................٧
**فەرەیدوون سامان**
- بایەخ و گرفتەکانی وەرگێڕان...............................................................................١٥
**د. ئازاد حەمە شەریف**
- شارستانە گرنگەکان لە ڕێی وەرگێڕانەوە خەملاون..............................................٢٩
**د. ئەحمەدی مەلا**
- لە وەرگێراندا جەخت لەگواستنەوەی کرۆکی واتا و پەیام بکرێت.................٣٥
**د.تەلار سەباح عومەر**
- لەمەڕ کاری وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستاندا.........................................٤٣
**د. هۆگر شێخ مەحموود**
- کردەی وەرگێڕان و گرفتی ناسەقامگیریی چەمک و زاراوە.............................٤٩
**د. یادگار لەتیف شارەزووری**
- چەمک و پێناسەی وەرگێڕان.............................................................................٥٧
**د. ئازاد ئەمین باخەوان**
- پڕۆسەی وەرگێڕان، لە زمانی لێوەرگێڕدرا و بۆوەرگێڕدراو لە هەرێمی کوردستاندا.....٦٣
**د. ئەمیر محەمەد ئەمین**
- وەرگێڕان هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان وپەرەپێدانی............................٧٥
**د. ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا**
- ئاوڕێک لە پرۆسەی وەرگێڕاندا............................................................................٨٣
**د. ڕەئوف عوسمان**
- ڕەوشی پرۆسەی وەرگێڕان و زاراوەسازکردن لە هەرێمی کوردستاندا..........٩٥
**د.هیوا عەساف**
- خوێندنەوەیەک بۆ پڕۆسەی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستان...........................٩٩
**فەتحی مەلا عەلی مودەریس**
-زمان و وشەسازی لە پڕۆسەی وەرگێڕاندا..................................................١٠٧
**ڕێکار ئەحمەد**
-کردەی وەرگێڕان...........................................................................................١١٣
**داستان شەریف**
-وەرگێڕان پڕۆسەیەکی زیندووەو بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە........................١١٩
**ئازاد هاشم عەبدوڵڵا**
-بایەخی وەرگێڕانی ئەدەبی کوردی بۆ زمانە ئەورووپاییەکان.........................١٢٣
**ڕزگار شێخانی**
-پڕۆسەی وەرگێڕان لە پاشەکشێ دایە...........................................................١٣٣
**قەیس حوسین ڕەسووڵ**
-ڕۆڵی دین لە وەرگێڕاندا؛ لای ئەوان پاڵنەرانە، لای ئێمەش پێچەوانە.............١٣٩
**شەفیقی حاجی خدر**
-وەرگێران و وەرگەڕان و شتەکانی دیکە..........................................................١٤٧
**غازی حەسەن**

-ڕەوشی پرۆسەی وەرگێڕان لەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا..........................١٥٥
**محەمەد حەمەساڵح تۆفیق**
-ئەزموون لە وەرگێڕاندا....................................................................١٦٣
**ئەنوەر ئەڵمان**
- بەشێک لە وەرگێڕەکان نەک زمانی کوردی باش نازانن................................١٦٩
**خەبات عارف**
-کاری وەرگێڕی ئێمە پاراستنی زمانی کوردی بووە تا گەشەپێدانی................١٧٥
**عەبدولخالق یەعقووبی**
-وەرگێڕان و بەرپرسیارێتی..................................................................١٨٥
**جەبار عوسمان**
-لە بواری هونەری وەرگێڕاندا مخابن ئەوە لێرە نییەو پاشاگەردانییە..............١٩١
**خالید فاتیحی**
-لە ڕوانگەی جیهانییەوە بەراوردی وەرگێڕان بکەین ئەوە زۆر لە دواوەین....١٩٥
**باهۆز مستەفا**
- وەرگێڕان نەبووەتە کاری کەسانی پسپۆڕ و تایبەتمەند................................٢٠٣
**فەرهاد چۆمانی**
- شیعر، لە هاوکێشەی ئاڵۆز و پاڵۆزی وەرگێڕانی ئەدەبیدا..............................٢٠٧
**فازیل شــەورۆ**
پرۆسەی وەرگێران لە هەریمی کوردستان........................................................٢٣٧
**هەیاس مەحمود کاکەیی**
- زمانی کوردی، لەنێوان بێئاگایی ڕۆژهەڵاتناسان و کەمتەرخەمیی خۆماندا.....٢٤٥
**د. فازل حەمەسەعید**
- فەرهەنگنووسیی کوردی؛ ڕەوتی مێژوویی و سەرچەشنەکان........................٢٦٩
**د.ئەحمەد ئەحمەدیان**
- هۆکارەکانی گۆڕان لەزماندا..............................................................٢٩٥
**دلۆڤان کەلهوڕی**
- کامیان دروستە؟ چەند ڕوونکردنەوەی لێکۆڵەرانە و ڕەخنەگرانە بۆ............٣٠٧
**جەماڵەددین ئەحمەدیان**
- خوێندنەوەی بڕگەو دەرخستنی بنەماکان لەڕێنووسی کوردیدا.....................٣١٧
**کازم عەباس زەندی**
- ل باکورێ کوردستانێ رەوشا دملی (زازاکی) و کورمانجی.............................٣٢٩
**بیلال زیلان**
- چۆن زمان لەناودەچێت...................................................................٣٥١
**و: ڕزگار شێخانی**
- کتێبی ڕێزمانی پراکتیکیی کوردی.........................................................٣٦٩
**و:محەمەد حەمەساڵح تۆفیق**
- زمان، قەڵای بەرگری لە ناسنامەی نەتەوەیی...........................................٣٧٧
**د. قادر وریا**
زمانی زبر لە سۆشیالمیدیا و تاوانی ئەلکترۆنی و ئاکامە یاساییەکانی............٣٨٣
**سالم سەلمان سلیمان**
- واتاسازی......................................................................................٣٨٩
**و:نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو**

# دۆسیەی زمان و وەرگێڕان: ڕۆڵی وەرگێڕان لە گەشەپێدانی زمانی کوردیدا

فەرەیدوون سامان/ سەرنووسەر

پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی لە نێوان زمان و پرۆسەی وەرگێڕاندا هەیە، چونکە لە ڕێگای وەرگێڕانەوە دەتوانین خزمەت بە زمانەکەمان بکەین و دوور لە پەناپردنە بەر وشە و زاراوەی نامۆی بیانی، دەکارین وشەو زاراوە ڕەسەنەکانی فەرهەنگی زار و بنزارە کوردییەکان کۆوەکەین و لە دەقێکی ئەدەبی یان هەر دەقێکی زانستی، یاساییدا هتد... بەرجەستەی بکەین.

لە سێ دەیەی ڕابردوودا ڕەوشی پرۆسەی وەرگێران لە هەرێمی کوردستان سەرباری ئەوەی کە لێشاوێکی گەرم و گوڕی وەرگێڕان لە کایە جیاوازەکانی کەلتوور و فەرهەنگی کوردیدا بەدیکرا و چەندان وەرگێری بەهرەمەند و بە سەلیقە دڵسۆزانە قۆڵی ئەفراندنی خۆیان لەو بوارەدا لێ هەڵماڵی و چەندان کتێبی ناوازە و بەهاداریان لە زمانە بیانییە زیندووەکان بەرچڤەکرد و پێشکەش بە کتێبخانەی کوردییان کرد،

هەر لەو سۆنگەیە هزر و فەلسەفە و هونەر و ئەدەبیاتی گەلانی جیهانیان بە خوێنەران ناساند، هاوکات بێگومان ئەو هەموو چالاکی وەرگێڕانەش بێ کەم و کوڕی و هەڵە و بێ بەری نەبوون لە ڕەخنەیەک کە هەردەم ڕووبەڕووی پرۆسەی وەرگێڕان و خودی ئەزموونی وەرگێڕەکان بوونەوە، کە زۆرجار گلەیی ئەوە دەکرێت کە بە هۆکار و پاڵنەری بازرگانی کردن و یان دەسکەوتی پاداشتی ماددی بووە، وێڕای کەم شارەزایی و نەزانینی زمانی دووەمی و پەنابردنە بەر زمانی سێیەم و تەنانەت چوارەمیش، زۆرێک لەو کەسانەی کە خەریکی وەرگێڕان بوون، نەشارەزای زمانەکە بوون، یانیش لە زمانی دووەم دەسەڵاتدار و شارەزا بە پێچەوانەش لە زمانی یەکەم کە زمانی دایکیەتی نەشارەزا و بێدەسەڵاتن. یان زیاتر بە مەبەستی پەنابردنە بەر وشە و زاراوەی خۆماڵی یان ناوچەیی ئەو نووسەرانە کە کەمتر شارەزاییان لە زارو بنزارە کوردییەکانی تر هەبووە. دەکارین پرۆسەی وەرگێڕان بۆ سێ قۆناغ دابەش بکەین:

یەکەم: قۆناغی بەر لە ڕاپەڕین، کە لە ماوەی سەدەیەکدا ١٠٠ دانە کتێب لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ کوردی وەرنەگێردراون، جگە لە بەرچڤەکردنی هەندێ کتیبی ئایینی و وێژەیی نەبێت.

قۆناغی دووەم: کە لە دوای ساڵی ١٩٩١وە دەستی پێکرد، ئەگەرچی لە ڕابردوودا بەشی شێری وەرگێڕانەکان بەر کتیبە وێژەییەکان کەوتوون، بەڵام ئەو لێشاوی وەرگێڕانەی ئەویش سەبارەت بە هەبوونی چەندان داوو دەزگای کەلتووری و چاپەمەنی و خانەی وەرگێڕان لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا، بە لەچاپدانی هەزاران کتێبی جۆراوجۆر لە بوارەکانی یاسایی و زانستی و ئەدەبی و هونەری و فەلسەفی و مێژوویی و هتد...

قۆناغی سێیەم: دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عیراق لە نیسانی ٢٠٠٣، کە شەپۆلی وەرگێڕان گەیشتە چڵەپۆپە و لەوانەش لە چاپدانی کتیبی میتۆدە پەروەردەییەکان، بەتایبەتیش (مەنهەجە پیشەییەکان- کتیبی ئامادەییە پیشەییەکانی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی)یەکان، کە لە دوای لە ٢٠٠٣ و بە بڕیارێکی بە پەلەی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی سێ مانگی هاویندا لە پرۆسەیەکی قەیسەری و بێ هیچ بنەمایەکی زانستی و هونەری کتێبەکان لە زمانی عەرەبییەوە بۆ کوردی بەرچڤەکران، چونکە زۆرینەی ئەو

مامۆستا پیشەییانە هەر لە بنەڕەتدا کوردیزان نەبوون تا ئەو پرۆسەی وەرگێرانە ئەنجام بدەن، مخابن کە وەرنەگێڕانی کتێبە پیشەییەکان زۆر باشتر بوو لە وەرگێڕانەکانی ئەویش سەبارەت بە هەڵەی زۆری چاپ و هەڵەی ڕێنووس و خاڵبەندی و وشەسازی و ڕستەسازی و بەکارنەهێنانی وشەو زاراوەی گونجاو بۆ تێکستە کوردییەکان.

ئەم پرۆسەی وەرگێرانە لە هەمبەر خزمەت بە زمانی کوردیدا، تا ڕادەیەکی باشیش نەیتوانی خزمەتی بە ڕەوتی پرۆسەی وەرگێڕانی پەروەردەیی بکات، هەر بۆ نموونە لەبەردەم کێشەکانی بواری زاراوەسازی لە بواری زاراوەگەلی پیشەییەکان، هێشتا ناچار دەبین وشە بیانی و عەرەبییەکان بەکار بهێنین.

جا گەر ئاوڕێک لەو کتێبانەی پەروەردەیی وەزارەتی پەروەردە بدەینەوە بە تایبەت کتێبە پیشەییەکان بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵ، بەراستی کارەساتی زمانی کوردی لەو وەرگێڕانە سەقەتانە دەبینین، چونکە لە بنەڕەتدا وشەو زاراوەی پیشەیی کەمتر لەو میتۆدە پەروەردەییانە لە داوو دەزگا حکومییەکان کاری پێکراوەو جێگیر بووە، سەرباری ئەوەی زۆرینەی زۆری وەرگێری ئەو کتیبانە مامۆستاکانی ئەو خوێندنگایانەن کە ساڵانی ساڵ ئەو کتیبانە بە زمانی عەرەبی خویندراون، نەک بە زمانی کوردی، تەنانەت هیچ شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە زمانی کوردیدا نەبووە. بەتایبەتیش لە گەڕان و بەکارهێنانی وشەو زاراوەی پیشەیی و زانستی...

بایەخی وەرگێڕان لە دانانی میتۆدە پەروەردەییەکان لە هەرێمی کوردستاندا لەوەدایە کە لەڕێگای خوێندنەوەی بەرهەمی فەرهەنگیی، زانستی، کەلتوری و مێژووی نەتەوەکان دەناسین و کەڵک لە ئەزموونەکانیان وەردەگرین، چونکە بەداخەوە هەروەک ئاماژەم پێکرد لە بنەڕەتدا کتیبەکە پەروەردەییەکانی خوێندنی خوێندنگایەکان لە کوردستان دەقی وەرگێڕاو بوون نەک نووسین، کە ڕاستەوخۆ لە زمانی عەرەبییەوە بۆ کوردی تەرجەمەو ئامادەکراون، بۆیە دەبینین لەو میانەدا دووچاری کۆمەڵێک هەڵەی زمانەوانی لە ڕووی ڕستەسازی و وشەسازیدا هاتوون.

دیارە لەهەموو سەردەمێکدا وەرگێڕان ڕۆڵی مێژوویی خۆی گێڕاوە بۆ سازکردنی میکانیزمی خەبات لە پێناو زمانی نەتەوەدا و کاریگەریی مەزنی هەبووە، بەڵام لەبەر

نەبوونی زمانێکی هاوبەش و ستانداردی کوردی. مخابن هەندێک لە وەرگێڕکاران زمانێکی ناوچەیی لە وەرگێڕانەکانیاندا بەکار دەهێنن، ئەمەش کەمتر واتاو چەمک دەگەیەنێت و چێژ بە خوێنەر دەدات،

لە بواری زاراوەگەلی زانستی و یاساییدا بە سەدان کتیب چاپکراون و لەو سۆنگەیەشدا بە سەدان وشەو زاراوە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە, بەڵام خۆشبەختانە ئیستا تا ڕادەیەک لە تێکست و کۆنووسی فەرمانگە حکومی و دادوەرییەکاندا ئەم وشەو زاراوەگەلە زانستیی و کارگێریی و یاساییانە بەکار دەهێنرێن، بێگومان وێڕای لە چاپدانی چەندان کتیب و فەرهەنگی زانستیی تا ڕادەیەکی باشیش شوێنی شیاوی خۆیان لە کۆنەست و یادەوەری خوێنەراندا گرتووە.

سەبارەت بە پرۆسەی وەرگێران و سیاسەتی زمانیی لە هەرێمی کوردستاندا مخابن لە سایەی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا، بە شێوەیەکی فەرمی و بە پراکتیک زمانی کوردی لەتکراو دابەشکرا بۆ دوو زاری کرمانجی ژوورو کرمانجی ژێری( دەڤۆکی بادینی و سۆرانی)، چونکە بایەخی سیاسەتی زمانی بۆ پاراستنی زمانی کوردی لە شەرعیەتی زمانی نەتەوەیەکەوە کرد بە زاری دوو ناوچەی سیاسی و جوگرافی کە ئەویش دەڤەرەکانی سۆران و بادینانە.

بۆیەش بە ڕای من بایەخی داڕشتنی سیاسەتێکی دروست بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی لە ڕێگای پرۆسەی وەرگێڕانەوە لەم ڕەوشەدا دەتوانێت خزمەت بە زمانەکەمان بکات.

هەر بۆ نموونە ئەمڕۆ لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و لە سۆشیالمیدیادا، لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و لە چاپەمەنییەکاندا دیاردەیەکی سەیر و نامۆ بەدی دەکرێت، ئەویش بەکارهێنانی ڕێژەیەکی زۆری وەرگرتنی وشە و ناو و زاراوە بیانییەکانە. لە کاتێکدا تا وشەو زاراوەی خۆماڵی هەبێت کە نەتەوەی کورد لەم ڕووەوە بە دەوڵەمەندترین نەتەوەی ناوچەکە دەژمێردرێت و خاوەنی گەورەترین فەرهەنگی وشەدان و زاراوەی کوردی ڕەسەنە.

وەرگێڕان هۆکارێکی گرنگە بۆ خزمەت کردنی زمانی ستانداردی هەر نەتەوەیەک، ساڵانە و مانگانە تەنانەت هەفتانەش، چەندان کتێبی وەرگێردراو لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ زمانی کوردی بەرچڤە دەکرێن، بێگومان هەیانە شایستەی پەسن و پێزانینن، لێ مخابن هەشیانە شیاوی ئەوە نین نەک هەر بخوێنرێنەوە، بەڵکو تەماشاش بکرێن،

چونکە هیچ ڕێساو یاسایەک و پێوەرێکی وەرگێران لەخۆ ناگرن، هەر بۆیەش پرسیارەکە لێرەدا خۆی قوت دەکاتەوە، ئایا مەرجە وەرگێڕ لەکاتی وەرگێڕانی هەر دەقێکدا واتا و ناواخنی دەقە ئەسڵییەکە بگەیەنێت، یانیش بۆی هەیە بەپێی خواست و مەزاجی خودی خۆی ئەو وەرگێڕانەی کە بۆ خۆی دەیەوێ دەستکاری دەقەکە بکات، وەک کورتکردنەوە یان ئیختیزالکردن، کەوایە ئەدی مەبەست چییە لەوەی کە دەگوترێ وەرگێڕ دەبێ شێوازی دەربڕینی نووسەر بپارێزێت،

لە کاتێکدا ئێمە دەزانین هەر زمانێک تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لە ڕووی وشەسازی و ڕستەسازی -سینتاکس و ئیدیۆم و فۆرمۆلۆژیدا لە زمانەکەی دیکەدا جوێی دەکاتەوە، وەرگێڕ دەتوانێ زمانێکی گونجاو لەگەڵ دەقە ئەسڵەکە بدۆزێتەوە، کە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی بابەتە وەرگێردراوەکە یان لەکاتی هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەی درووستدا دووچاری گرێ و گۆڵە و تاسە نەیەت.

ئەرکی وەرگێڕی شارەزا چییە، داخۆ بۆی هەیە وەرگێر پەنا بباتە بەر قاموسی وشە و زاراوەی ناوچە و دەڤەرە جیاوازەکان یان دەقە وەرگێردراوەکە پڕبکات لە وشەو زاراوەی بیانی کە لە ئێستاکەدا هەندێک لە وەرگێڕەکان لەبەر کەم شارەزاییان ئەم شێوازە بەکار دێنن.

باشە دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی تایبەت بە وەرگێران ڕۆڵ و ئەرکیان چییە لەجوێکردنەوەی بابەتێکی وەرگێردراوی باش لەبابەتێکی وەرگێردراوی خراپدا؟ وەرگێری باش و کارامە چۆن دەکارێ لەوەرگێڕانەکەیدا بنەماو ڕێزمانی نووسەرەکە لەبەرچاو بگرێت، لەوانەش کورتی یان درێژدادڕیی نووسینەکە چۆن ڕەچاو دەکات، چونکە زۆرینەی نووسەرانی ئێمە لەنووسیندا کێشەی خاڵبەندییان هەیە، ئەدی دەبێ وەرگێڕ چ بایەخێک بەخاڵبەندی بدات، و چ جۆرە وەرگێڕانێک چێژی دەقە ئەسڵەکە دەپارێزێ‌و خوێنەریش ماندوو ناکات..

زۆر لە وەرگێڕەکان پەنا دەبەنە بەر فەرهەنگی وشەو زاراوەکان، ئێستا کاری وەرگێڕان بووەتە بەشێک لە بازرگانیکردن نەک بەرپرسیاریەتی، کەواتە وەرگێران نەبۆتە پرۆسەیەکی مەعریفی لەناو ئێمەدا، لەکاتێکدا توانستی ماددی و مانەوی بۆ ئەم پرۆسەیەش دابینکراوە.

ئەمە یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی پرۆسەی وەرگێران لە کوردستان، کتێبێکی بە ژمارە و تیراژ زۆر تەرجەمەی زمانی کوردی دەکرێن، کەچی لە ڕووی چۆنیەتییەوە

زۆر خراپن. من پێموایە ئەم دیاردە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی وەرگێری شارەزا و لێهاتوو و پسپۆڕ لە بواری هونەری وەرگێڕاندا، چونکە لە زانستی وەرگێڕاندا بە تەنیا زانینی هەردوو زمان بەس نییە، وەرگێڕ دەبێ شارەزای هەردوو کولتووری زمانەکە بێ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە وەرگێڕ دەبێ لە تەکنیکی وەرگێڕان کارامە بێ لە کاتێکدا کە ڕستەیەکی ئاڵۆزی دێتە پێش نابێ وەرگێرانی حەرفی بۆ بکات، یان پەنا بباتە بەر قامووس، وەرگێڕی کارامە پێویستە بە ڕادەیەک لە هونەری وەرگێران شارەزا بێت و بتوانێت بەرامبەرەکەی لە زمانی ئامانجەکە بدۆزێتەوە. لەلایەکی دیکەوە وەرگێر دەبێت ئەوەندە لێهاتوو بێت لە گواستنەوەی شێوازی نووسینی زمانی سەرچاوە بۆ زمانی ئامانج، نەک هەر گواستنەوەی واتا بەبێ شێوازەکەی، بە تایبەتی لە وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبی.

ڕاستە زمانی کوردی زمانێکی فرە زارە، شێوەزاری ناوچەیەک لەگەڵ ناوچەیەکی دیکەدا کەم تا زۆر لێک جیاوازن، بەڵام دیسان زمانی کوردی یەکێک لە زمانە دەوڵەمەندەکانی جیهانە. پێموابێت ئەگەر نووسەرێک، شاعیرێک، توێژەرەوەیەک ئەگەر بۆ وشە یان دەستەواژەیەک دابمێنێت و کەمێک خۆی ماندوو بکات، دەتوانێت لە دوورەدێیەکی گەرمیان یان کوێستان، لە زاری پیرمێردێک، لەدەق و کتێبێکی کۆنی ناوچەیەکی ئەم کوردستانە پان و بەرینەیدا بەشێوەیەکی سادەو ساکار جوانترین وشە و زاراوە پەیدا بکات، لە هەمانکاتدا ڕەوان، بیترنجێنێتە ناو بەرهەمەکەیەوە، ئەوسا خوێنەر کەمەندکێش دەکات و چێژێکی بێهاوتای پێدەبەخشێت. وەلێ کورد لەسایەی داگیرکاریی و دابەشبوونی بە سەر دەوڵەتانی ناوچەکەدا، تەنانەت ئاشنایی لەگەڵ زمانەکەی خۆیشیدا نەبووە، بەداخەوە ئەمڕۆ کێشەی گەورەمان لە تێگەیشتنی زارە کوردییەکان هەیە وەک زازاکی و کرمانجی، لەکی و هەورامی هەیە و خەریکە بە هەوڵ و ئەجیندانی وڵاتانی دەوروبەر بە زمانێکی دی لەقەڵەم دەدرێت. بۆیە ئەگەر ئێمە بتوانین لە بە پپلان و ئەجیندای تایبەت لە ڕێگای پرۆسەی وەرگێڕانەوە زمانی ئەدەبی و لە ڕاگەیاندنەکاندا خوێنەرو بیسەر بەو زاراوە و شێوەزارانە ئاشنا بکەین، ئەوە خزمەتێکی باش بە زمانەکەمان دەکەین و ئەرکێکی پیرۆز بەجێ دەهێنین. پاشان بەرهەمێک دەخەینە بەردەست خوێنەران، لە ناوچە جیاجیاکانی دیکەی کوردستانیشدا بخوێندرێتەوە و لێی حاڵی بن، وەرگێڕی سەرکەوتوو پێویستیی بەزانینی زمانە بەشێوەیەکی

ئەکادیمی، ئاخافتن بەیەکێ لە زمانە بیانییەکان وەرگێڕ دروست ناکات. هەروەک پێشتر ئاماژەم لەویش گرینگتر زمانی دایکە، مرۆڤ گەر شارەزاییەکی باشی لەزمانی دایکییدا (بە زار و شێوەزارە جۆراوجۆرەکانییەوە) نەبێت ناتوانێت ببێت بە وەرگێڕێکی سەرکەوتوو، لەپاڵ ئەمیشەوە زانینی چەند زمانێک ئەزموونی وەرگێڕ دەوڵەمەندتر دەکات.

ئەمڕۆ گەلە زیندووەکان زۆر بایەخ بە پرۆسەی وەرگێڕانی پێچەوانە دەدەن، واتە لە زمانی دایکەوە بۆ زمانە بیانییەکان، هەر لەو ڕێگایەش گەورەترین خزمەتیان بە کەلتوور و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان کردووە، لەم ساڵانەی دواییدا و پاش کۆچی گەلێک لەنووسەران و ڕۆشنبیران بۆ دەرەوەی کوردستان، هەندێک بەرهەمی کوردی وەرگێڕدرانە سەر زمانە ئەوروپاییەکان، بەڵام ژمارەیان کەمن و لەو ئاستەدا نەبوون، کە بەرهەمی ئەدەبی کوردی بە خوێنەری بیانی بناسێنن. دیارە هۆیەکەی دیسان دەگەڕێتەوە بۆ نەشارەزایی تەواو لەو زمانانەدا، وەکو لەسەرەتادا ئاماژەم پێدا وەرگێڕان پێویستی بەشارەزاییەکی گەلێک فرەتر لە قسەکردن و خوێندنەوە بەزمانێکی تر هەیە، دیارە هەڵبژاردنی دەقی شایستە، زەوقی ئەدەبی وەرگێڕ بە خوێنەرەکەی دەناسێنێت، وەرگێڕی ڕژد بەتەنێ کار بۆ ئەوە ناکات هەرچییەکی بەردەست بکەوێ بیکوردێنێت، بەڵکو دەبێت بە هەڵبژاردنەکەی ئامانجێک بەخوێنەر بگەیەنێت و تینوێتی خوێنەر بە بەرهەمە ناوازە نەناسراوەکانی نەتەوەکانی دی.

ئیستا باشترین هۆکار بۆ خزمەتکردن بە زمانی کوردی دوور لە دەست تێوەردانی حیزبی و ناوچەگەریی هەبوون و دامەزراندنی ناوەندێکی کەلتووری تایبەت بە وەرگێڕان لە کوردستانە. هەر لەم دۆسیەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسانی ئەکادیمی و مامۆستای زانکۆ و رووناکبیرانی کورد بە وتار و لێکۆڵینەوەکانیان بەشدارن و هەر لە پێڕستی ئەم ژمارەیەدا ئاماژە بە ناو و ناونیشانی بابەتەکانیان کراوە لەوانەش بەڕێزان(د. ئازاد حەمەشەریف- د.ئەحمەدی مەلا- د.تەلار سەباح عومەر- د. هۆگر شێخ مەحموود- د.یادگار لەتیف شارەزووری- د. ئازاد ئەمین باخەوان- د. ئەمیر محەمەد ئەمین- د. ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا- د. رەئوف عوسمان- د.هیوا عەساف- فەتحی مەلا عەلی مودەریس- ڕێکار ئەحمەد- داستان شەریف- ئازاد هاشم عەبدوڵڵا- ڕزگار شێخانی- قەیس حوسین ڕەسووڵ- شەفیقی حاجی خدر- غازی

حەسەن- محەمەد حەمەسالّح تۆفیق- ئەنوەر ئەلّمان- خەبات عارف- عەبدولخالق یەعقووبی- جەبار عوسمان- خالید فاتیحی- باهۆز مستەفا- فەرهاد چۆمانی)، تەوەرەکانی دۆسییەی زمان و وەرگێڕانیش ئەمانەن:

*رەوشی پرۆسەی وەرگێران لە هەرێمی کوردستاندا چۆن دەبینن؟
*کێشەکانی بواری زاراوەسازی
-بواری یاسایی
-بواری زانستی
-بواری زمانی ئەدەبی
-سەرجەم بوارەکانی تر چۆن هەڵدەسەنگێنن؟
*وەرگێران و سیاسەتی زمانی
_ بایەخی سیاسەتی زمانی بۆ پاراستنی زمانی کوردی
_ بایەخی دارِشتنی سیاسەتێکی دروست بۆ وەرگێڕان
_ رِێژەی وەرگرتنی زاراوە بیانییەکان...

# بایەخ و
# گرفتەکانی وەرگێڕان

**پ.د. ئازاد حەمە شەریف**

**یەکەم: بایەخی وەرگێڕان لە دەوڵەمەندکردنی زمانی نەتەوەییدا**

وەرگێڕان بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانانی سەرجەم میللەتانی جیهان شتێکی هێندە گرنگە بایەخی هەرگیز تەواو نابێت. ئەوەی بە هیچ شێوەیەکیش نکوڵی لێ ناکرێت ئەوەیە وەرگێڕان ڕۆڵێکی یەکجار کاریگەر دەبینێت لە راپەڕینی ڕۆشنبیریی و هۆشیارکردنەوەی میللەتان و گەشەکردن و پێگەیاندنی کەلتووری نەتەوایەتی و بەهێزکردنی زمان. هەر بەم پێیەش وەرگێڕان ئەو پێنج ڕۆڵە گرنگەی خوارەوە لە ژیانی ڕۆشنبیریی و کەلتووریی و پەروەردەکاریی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و سیاسیی هەر میللەتێک دەگێڕێت.

**یەکەم:** هۆشیارکردنەوە و فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوەی خەڵک لە ڕێگای پێشکەشکردنی بەرهەمێکی جیا لە بەرهەمی خۆماڵی زانراو و باو.

**دووەم:** نوێکردنەوە و نوێبوونەوەی شێواز و تەکنیک و ناوەڕۆک و ڕۆشنبیری ئەو نەتەوەیە. جا بە تێپەڕینی کات ئەو چەمک و زاراوە و دەستەواژە و بیرو ڕوانینانەی لە ڕێگای وەرگێڕانەوە دێنە ناو زمانەکەوە دەبن بە بەشێک لە کەلتووری ئەو میللەتەی بەرهەمەکەی بۆ وەرگێڕدراوە.

**سێیەم:** لە ڕێگای وەرگێڕانەوە دەکرێت نەتەوەکان سوود لە لایەنی پەروەردەیی یەکتر ببینن و زیاتر ئاشنای لایەنی دەروونی و رۆحی یەکتر بکرێن.

**چوارەم:** وەرگێڕان یارمەتیدەر دەبێت بۆ باشتر لێکترگەیشتن و پێکەوە گونجان و سازان و بەتینکردنی پەیوەندی دۆستایەتی لە نێوان نەتەوەوە و رەگەزە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگایەکی فرە نەتەوە و فرە ڕەگەز. جگە لەوەش، وەرگێڕان دەرفەتی هاوبەش دەخاتە بەردەم نەتەوەکانی خاوەن زمانی جیاواز بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دەستیان بگات بە سەرچاوەکانی زانست و زانیاری.

**پێنجەم:** وەرگێڕان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دروستکردنی پەیوەندی سیاسی و ئابووری و لێکتر نزیککردنەوەی ڕوانینی نەتەوە جیاوازەکانی دنیا و باشترکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان. هەر بۆیەش وەرگێڕەکان بە (باڵیۆزی نەناسراوی ڕۆشنبیری) نێوان میللەتان دادەنرێن.

خۆ ئەگەر بەوردی سەرنج لە سەردەمی بووژانەوە (رێنیسانس)ی هەر نەتەوەیەک بدەین دەبینین پێش ئەو سەردەمە بزاڤێکی فراوانی وەرگێڕان لەوێ لە ئارادا بووە. هەر بۆ نموونە سەردەمی زێڕینی میللەتانی گریک و ئیتاڵی و ئەورووپی و فارس و

تورک و عەرەب دوابەدوای چەندان ساڵەی وەرگێڕان هاتەکایەوە. کەواتە وەرگێڕان پێش قەرەوڵی بووژانەوە و داهێنانە. میللەتێکی ستەمدیدەی وەک کوردیش وەنەبێ لەم بوارە بەهادارە بێبەش بووبێت، بەڵام چونکە بارودۆخی کوردستان بۆ ماوەیەکی دووردوودرێــژ هەر لە دوای سـەدەی شەشەمەوە نالەبار بووە و میللەتەکەشمان هەر کاتەی لە لایـەن میللەتێکی دیکە وەک عـەرەب و فـارس و تـورک و ڕووس دەستبەسەر بووە، هەر بۆیەش بواری نووسین و دەربڕین و وەرگێڕانی لێگیراوە یان تەسک کراوەتەوە... ئەمەش بۆ ئەوە بووە نەهێڵن زمان و ڕۆشنبیری و هۆشیاری پەرەبسێنێت و سەرەنجام نەتەوەی کورد بتوێننەوە. کورد تەنیا دوو سەد و چەند ساڵێکە بەرهەمی چاپکراوی خۆی بینیوە، پێش ئەوسا یان سامانی نەتەوایەتیمان لە ناو ئەدەبی فۆلکلۆری و گۆرانی و لاوک و حەیران و بەیت و بەسەرهات و ئەفسانە و پەند و مەتەڵاندا مابۆوە، یان بە زمانی میللەتانی دی نووسرابوونەوە و بە تاڵان برابوو و کرابووە موڵکی عەرەب و فارس و تورک، چونکە هەر دوابەدوای ڕووخانی دەوڵەتی میدیا لە دەوروبـەری (٥٣٩ پ.ز) هەم ئایینی زەردەشتی و هەم سامانی میللەتی کورد و هەم نەتەوەی کورد پەرش و پەرێشان بووە و میراتەکەشی لەناو گەلانی دراوسێدا بەخشراوەتەوە....

بەڵام لەم دوو سەد و چەند ساڵەی دواییدا لە هەر چوارپارچەی کوردستانی داگیرکراودا، واتە لە سەرەتای سـەدەی نۆزدەیەمدا میللەتی کورد بـووە خاوەن هۆشیاری نەتەوایەتی خۆی و بیری کوردایەتی لە مێشکیدا پژا و دەستی کرد بە نووسین بە کوردی. جا هەر لەو میانەشەوە بیری لە وەرگێڕان کردۆتەوە، چونکە زۆر جاران کاتێ نووسەرێک نەیوێراوە ڕاستەوخۆ لەبارەی بارودۆخی وڵاتەکەی بنووسێت و باس لە ڕەوشی چەوساندنەوەی میللەتەکەی بکات، ئەوا دەستبەجێ بابەتێک یان چیرۆکێک یان شانۆییەکی نزیک لەو مەسەلەی وەرگێڕاوە و بەمەش مەبەستی خۆی پێکاوە. خۆ ئەگەر ئەو نووسەرە وای نەکردایە، بۆ ئەو ئەستەم بوو نووسینەکەی خۆی لە مەقەستی دەمتیژی سانسۆر دەربازی ببوایە. هەر بۆیە تاقە مەیدانێک دەمی مەقەستی سانسۆری کول کردبێت وەرگێڕان بووە و بەس...

گەلی کورد چۆن لە مەیدانی سیاسەت و شۆڕشگێڕی کۆڵی نەداوە ئاواش لە مەیدانی وەرگێڕانی بەرهەمی گەلانی دنیادا لاقی لێرانەکێشاوە و پاڵی نەداوەتەوە، تەنانەت بگرە لەو ڕۆژگارە ئاستەنگانەشدا، بەکار و کارامە بووە. ئەوەتا بە سەدان

بەرهەمی جۆراوجۆر لە زمانی میللەتانی دنیا وەرگێڕدراوە و کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند کراوە. زۆرن ئەو زمانانەی کورد بەرهەمی لێ وەرگێڕاون، تەنها بۆ نموونە ئەمانە دەخەمە پێشچاو: عەرەبی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی، رووسی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ئەرمەنی، ئازەری، ئیتاڵی، ئیسپانی، سویدی، گریکی...تاد ...

بەرهەمە وەرگێڕاوەکانیش گەلێ مەیدانی جۆراوجۆریان گرتۆتەوە. ئەمانەش ئەو بوارانەن کورد وەرگێڕانی تێدا کردووە: فەرهەنگ و فەرهەنگسازی، ئایینزانی، مێژوو، ڕامیاری، زمانەوانی، چیرۆک و ڕۆمان، ڕەخنە، شیعر، شانۆ، ئەفسانە، هونەری شێوەکاری، سینەما، یاداشتنامە، ژیاننامە، ئەدەبی منداڵان و مێردمنداڵان، فەلسەفە، مۆسیقا، کۆمەڵایەتی، زانستی پەتی، کشتوکاڵ، ئابووری، ناندین و ناندینکاری، گەشت و گەشتنامە، دەروونناسی، نەخۆشیزانی، پزیشکی، گەردوونناسی، ئەستێرەوانی، فیزیا، کیمیازانی، وەرزش....تاد

**دووەم: بایەخی وەرگێڕان لە پاراستنی زمانی کەمینەکاندا**

ئەمڕۆ لە دنیادا زیاتر لە (٧٠٠٠) زمان هەیە و خەڵکانی دنیا قسەی پێدەکەن. بەڵام چەندان زمان لەوانە وا خەریکە لە ژێر کاریگەری (جیهانگەری) و (تواندنەوەی کەلتووری) و (سیاسەتی حکومی) بەرەو لەناوچوون دەچن. لەمانەش: زمانی (تاڵش) ەکان لە (ئێران) و زمانی (بێرتی) لە (سودان) و زمانی (تۆدا) لە (هیندستان) و زمانی (ئاینو) لە (یابان) و زمانی (باسک) لە (ئیسپانیا و فەرەنسا) و زمانی (ئێرلەندی) و زمانی (فریزی) لە (ئەڵمانیا و هۆڵەندا) و زمانی (وێڵش) و زمانی (گێلیکی سکۆتلەندی) لە (شانشینی یەکگرتوو) و دەیان زمانی دیکە. جا بۆ ڕێگری کردن لە توانەوەی نەتەوەکان و لە ناوچوونی زمانەکانیان وەرگێڕان ڕۆڵێکی یەکجار کاریگەری هەیە لە پاراستن و زیندووکردنەوە و بەردەوام بوونی ئەو زمانانە. هەر بۆیەش کەمە نەتەوەکان (یان کەمینە)کان پێویستە بایەخێکی لە ڕادەبەدەر بە وەرگێڕان بدەن، چونکە ئەوان لە ڕێگای وەرگێڕانەوە دەتوانن باشتر زمانی خۆیان بە وشە و چەمک و زاراوەی نوێ موتوربە بکەن و بە ئاسانیش دەستیان بە هەموو بوارەکانی زانست و زانیاری بگات. جا لە ڕێگای وەرگێڕانەوە وشە و چەمک و دەستەواژەی نوێ دێتە ناو زمانە پەراوێزخراوەکانیان و بەم ڕێگایەش زمانەکەیان نوێ دەبێتەوە و دەوڵەمەند دەبێت و لەکار ناکەوێت و دەتوانێت لەگەڵ ڕۆژگاری سەردەمی خۆی

بڕوات. هەر بۆ نموونەش (پڕۆژەی زمانە هەڕەشـە لێکراوەکان) ساڵی ٢٠١٢ بۆ ئەو زمانانە دامـەزراوە کەوا مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە. بەشدارانی پڕۆژەکە دەستییان کردووە بە وەرگێڕانی ئەو دەق و بەڵگەنامە گرنگانە بۆ سەر ئەو زمانانەی مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە. مەبەستیشیان لەو پڕۆژەیە بە زیندوویی هێشتنەوە و پاراستن و هەمەجۆرکردنی لایەنی زمانەوانی و کەلتووری ئەو زمانانەیە بە کار و بەرهەمی هاوچەرخ و سوودبەخش.

**سێیەم: ڕەوت و بزاڤی وەرگێڕان لە کوردستاندا**

بەپێی ئەو ئامارەی لە گۆڤاری (ڕامان-ژمارە -٣٧) لە ١٩٩٩/٧/٥ (لاپەڕە ٤-١٣) بە ناونیشانی «بزاڤی وەرگێڕان لە کوردستاندا: لێکۆڵینەوە و ئەرشیف» بڵاوم کردۆتەوە ، ئەگەر سەرنجێکی ورد لە وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی لە هەموو پارچەکانی کوردستان بدەین ئەوسا کڵۆڵی وەرگێرانمان بۆ روون دەبێتەوە. لە سەرەتای یەکەم کتێبی وەرگێڕدراوەوە، واتە فەرهەنگەکەی «گازرۆنی» کەوا ساڵی (١٧٨٧)چاپکراوە تا ساڵی (١٩٥٠) (واتە لە ماوەی ١٦٣ ساڵدا) تەنها (٧٠) حەفتا کتێب و نامیلکە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی. لە ساڵی (١٩٥٠)ەوە تا ساڵی (١٩٨٨) نزیکەی (٤٥٠) کتێب و نامیلکە کراونەتە کوردی. کەواتە بزاڤی وەرگێڕان پیشاندەری بەرەوپێشچوون یان چەقبەستوویی کەلتووری کوردییە. ئەو کاتەی کورد ئاگای لە دنیا نەبووە، وەرگێڕانیش کز بووە. ئەوکاتەیش کورد کەمێک هۆشیار بۆتەوە، بایەخی زێتری بە وەرگێڕان داوە.

مێژووی وەرگێڕان وەکو بزاڤێکی نەپساوە لە باشووری کوردستان بۆ ساڵانی چلەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەو بزاڤە تا دوای ساڵانی (١٩٩١) زۆر سست و لاواز بوو. کەچی دوای راپەڕینی (١٩٩١)، ڕەوتەکە بەرە بەرە بە جۆرێکی مامناوەندی کەوتە جوولە و پاش ساڵی (٢٠٠٠) کۆمەڵێک دەزگای رۆشنبیری لە کوردستان کەوتنە جموجۆڵی بەردەوام. لەوانەش (دەزگای ئاراس، دەزگای سەردەم، بنکەی موکریانی، دەزگای سپیرێز) و دەیان دەزگا و خانە و بنکە و سەنتەری تر. دوای ئەم مێژووە کتێب بە لێشاو وەردەگێڕدران و لە چاپدەدران. بازاڕی وەرگێڕان بە ڕووی زانا و نەزان، پسپۆر و کۆلەوار، پیشەکار و تازەکار کرایەوە.

شتێکی لە کەس شاراوە نییە کەوا هەر لە دوای ڕاپەڕینەوە کتێب و نامیلکە و

بابەت بە لێشاو لە زمانانی ترەوە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی و دانە دانەش کتێب و بابەت لە زمانی کوردییەوە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی. ئەم دیاردەیە لەلای هەندێ کەسی ڕووکەشبین و ساویلکە بە پێشکەوتن دادەنرێت و ڕەنگیشە کەسانی وا هەبن دەستخۆشی لەوانە بکەن کەوا قۆڵی خۆیان هەڵماڵیوە و بە ڕاست و چەپ شەنەبای وەرگێڕان دەکەن.

بەڵام ئەگەر وردتر لەو مەسەلەیە بڕوانین و بەدواداچوونێکی زانستییانە بۆ ئەو هەموو لێشاوەی وەرگێڕان بکەین، ئەو دیاردەیە بە هیچ شێوەیەک مایەی دڵخۆشی نییە، چونکە زۆربەی ئەو کتێب و نامیلکانەی دەکرێنە کوردی هەر شتێک بن وەرگێڕان نین، بەڵکو بریتین لە شێواندنی ئەو دەقانەی وەرگێڕدراون. جا ئەگەر سەرلەنوێ وەریان بگێڕینەوە سەر ئەو زمانەی بابەتەکەی پێ نووسراوە ئەوا نووسەری بابەتەکان بەرهەمەکانی خۆیان هەر ناشناسنەوە.

هەڵبەتە ئەم شێواندنەش بە ئەنقەست نییە، بەڵکو ئەنجامی ئەوەیە کەوا زۆربەی وەرگێڕانەکان لە زمانی دووەم یان سێیەمەوە و جاریش وایە چوارەم و پێنجەمەوە کراون. ئەمەش بێگومان دەقەکان زۆر لە مەبەست و ستایلی نووسەرەکان دوور دەخاتەوە و وادەکات ئەو دەقانە تەنها بەوەی ناوی نووسەرەکانیان لەسەرە بزانرێن هی کێن، ئەگینا هیچیان لە دەقی ڕەسەنی نووسەرەکان ناچن.

بەم دواییانە لێشاوی وەرگێڕان لە فارسی و عەرەبییەوە بە هورژم و تەوژمێکی بە تین دەستی پێکردووە و برادەرانی وا هەن تەنها سەرەواوێک لەم دوو زمانە دەزانن خەریکە دەبنە پاڵەوانی ئەو مەیدانە. خاوەن کتێبخانەی واش هەن کتێب بۆ وەرگێڕان بەڕادان دەدەن و داوا لە برادەرێکی کەمۆکەیەک فارسیزان یان عەرەبیزان دەکەن کتێبێکیان بە پارە بۆ وەربگێڕێت و دواتر بە ناوی خۆیان بڵاوی دەکەنەوە. هەر مەپرسە ئەم پەتایە چەند ترسناکە و بگرە ئەو دیاردە ترسناکە پەڕیوەتەوە ناو بواری فەرهەنگدانانیش. هەندێک بەناو فەرهەنگدانەریش هەن هەر لە عەرەبییەوە وەردەگێڕن و دەشڵێن گوایە ئینگلیزی دەزانن و لە ئینگلیزییەوە وەردەگێڕن.

کاتێک وەرگێڕێکی کەم ئەزموون دەست دەداتە وەرگێڕانی لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی یان فەلسەفی یان زانستی ئەوسا باڵادەستی و ناباڵادەستی وەرگێڕ بەتەواوی دەردەکەوێت. لەخۆڕا نییە «جاک دیریدا» وەرگێڕان لەگەڵ فەلسەفە بەراورد دەکات. بە بڕوای ئەو وەرگێڕان جۆرێکە لە فەلسەفەکاری، چونکە وەکو چۆن فەیلەسوف بە

دیدو ڕوانینی خۆی دنیا لێک دەداتەوە، وەرگێڕیش هەمان کار ئەنجام دەدات؛ واتە بە دید و ڕوانینی خۆی دەقێک لێکدەداتەوە. هەڵبەتە تەنها وەرگێڕە بە ئەزموونەکانن دەتوانن دەق شیبکەنەوە و لێکی بدەنەوە. چونکە دنیابینی دانەر پێویستی بە وشە و چەمک و دەستەواژەی پڕ بەپێستی خۆیەتی و وەرگێڕی کەم ئەزموونیش لەبەردەم کارەکەیدا دادەمێنێت و ناچاریشە یەکێک لەم سێ ڕێگایانە بگرێتەبەر.

**یەکەم:** یان دەقەکە بە تێگەیشتنی خۆی نەک تێگەیشتنی دانەرەکە وەردەگێڕێت؛ واتە بەکەیفی خۆی پێدادەدات و دەداتەبەرێ و دەبێتە وەرگێڕێکی گێمەدەرێ.

دووەم: یان دەقەکە دەقرتێنێت و خۆی لەو ڕستانەی سەرەدەریان لێدەرناکات لادەدات. واتە سەر و سمێڵی دەقەکە بە میزاجی خۆی دەتاشێت. بەمەش دەبێتە سەرتاشی دەق نەک وەرگێڕی دەق.

**سێیەم:** یان نووسینێکی دەستکردی خەیاڵی خۆی دەخاتە جێگای دەقەکە قرتاوەکە. واتە خۆی دەکاتە نووسەرەوەی دەقەکە. بەمەش دەبێتە شاگردە نووسەر نەک وەرگێڕی دەق.

لە هەرسێ حالەتیشدا وەرگێڕانەکە بە وەرگێڕانێکی نادروست و کرچ و کاڵ و ناکامڵ دادەنرێت، چونکە وەرگێڕە نەشارەزاکە لە ڕەوت و ئامانج و مەبەستی نووسەری دەقەکەی لاداوە و دەقەکەی دەستکاری کردووە و تا ڕادەیەک، جا زۆر بێت یان کەم، دەقەکەی شێواندووە.

جا وەکو پێشتر دەستنیشانمان کردووە، هەر ئەم بێ پلانی و بێ بەرنامەییە وای کردووە کتێبی هەمەجۆر، بەسوود و بێسوود، باش و خراپ، زیندە و مردە، ڕەندە و گەندە لە چاپ بدرێن. وەک پێشتریش وتمان، سەرەتای لێشاوی وەرگێڕان زۆربەی کتێبەکان لە زمانانی دووەم و سێیەم و هەندێکجاریش چوارەم و پێنجەمەوە وەردەگێڕدران. لەم بوارەدا کتێب بێ ئەژمار لە زمانی عەرەبی و فارسییەوە بە پوختی و ناپوختییەوە کرانە کوردی. لەم جۆرە کارانەشدا هیچ ڕەچاوی بنەما و پرینسیپەکانی وەرگێڕانی ئەکادیمی نەکراوە. پێداچۆرەوە و ئێدیتۆر و هەڵەچن و جوانکار لە بواری نووسین و وەرگێڕاندا دیار نەبوون. مەبەست تەنیا و تەنیا ژمارەی کتێبە وەرگێڕدراوەکان بوو نەک لایەنی ڕاست و دروستی و چێژبەخشین.

بەڵام وا چەند ساڵێکە جۆرێک چاوخشاندنەوە بەو زۆری و بۆرییە کراوە و هەندێک لە دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکان ئێستا کەم و زۆر کتێبی وەرگێڕدراو بێ هەڵسەنگاندن

لە چاپ نادەن. ئەمەش مایەی دڵخۆشی و ئومێدە بۆ خوێنەری کورد، چونکە ساڵانێکە خوێنەرانی کورد بەدەست کتێبی خراپ وەرگێڕدراو و بێسەروبەر داد و بێدادیانە.

ئەمە بارودۆخی بزاڤ و ڕەوتی وەرگێڕانە لە کوردستانی باشوور، کەچی من تاڕادەیەکی زۆر لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بێ ئاگام و نازانم بزاڤی وەرگێڕان چۆنە و تا چەند بەرەوپێش چووە. بەڵام بیستوومە لە کوردستانی باکووردا بزاڤێکی چاکی وەرگێڕان لە ئارادایە. خۆ کوردستانی ڕۆژئـاواش چونکە هیچ مافێکی ژیاری و ڕۆشنبیرییان نییە، بۆیە بزاڤی وەرگێڕان لەوێ یان هیچ بوونێکی نییە یان بە ئاستەم نووسکەیەکی لێوە دێت.

**چوارەم: گرفتەکانی وەرگێڕانی چەمک و زاراوە بۆ سەر زمانی کوردی**

لە دنیادا شتێک نییە بەناوی زمانی دەوڵەمەند و زمانی هەژار. بەڵکو هزری دەوڵەمەند و هزری هەژار هەیە، بە هەمان شێوەش وەرگێڕی هزر دەوڵەمەند و وەرگێڕی هزر هەژار هەیە و هەر بوون و نەبوونی جۆری ئەو هزرەشە زمانەکە بە دەوڵەمەند یان بە هەژار دەردەخات. هەموومان (هەژار موکریانی) و (شوکور مستەفا) و(هێمن موکریانی) و (عەزیز گەردی) و (عەبدوڵا حسەن زادە) دەناسین. بەو پێیەی ئەوانە لە ناو کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو و کەم خوێندەواری ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمدا هاتوونەتە دنیاوە، ئەو کاتەی هێشتا نووسین و وەرگێڕان بۆ زمانی کوردی لە پێڕەوکە دابوو، دەبوایە زمان و ڕوانینی ئەو کەڵە وەرگێڕانەش لاواز و کرچ و کاڵ بوایە. کەچی وانەبوو، بەڵکو پێچەوانەی ئەمە ڕاست بوو. هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو نووسەرانە هزریان دەوڵەمەند بوو بۆیە زمانی ئەوان لە زمانی زۆربەی قسەکەرانی کورد پاراوتر و دەوڵەمەندتر و بە بڕشتتر بوو.

کەواتە وەرگێڕی هزر دەوڵەمەند دەتوانێت لەناو کەلتوورێکی هەژار و دواکەوتووشدا زمانی دەوڵەمەند بێت. جا کاتێک وەرگێڕ تووشی چەمک و مانا و دەستەواژە تازە و نامۆکان دەبێت، چی دەکات بۆ ئەوەی بەسەرکەوتوویی پرۆسەی وەرگێڕان بە ئەنجام بگەیەنێت؟

سێ دانە ڕێگا هەن بۆ ئەوەی وەرگێڕی بەتوانا بەکاریان بهێنێت تا بتوانێت بەسەر ئەم ئاستەنگانەدا زاڵ ببێت.

**ڕێگای یەکەم:** ئەوەیە وەرگێڕەکە بگەڕێتەوە بۆ کەلەپووری نەتەوایەتی. جا ئەگەر لەناو کەلەپووری نەتەوایەتیدا (بە هەموو دیالێکتەکانەوە) شتێکی هاوشێوەی ئەو چەمک و دەستەواژە و زاراوانە هەبوون، وەرگێڕ دەتوانێت سوودیان لێ ببینێت و بەبێ دوودڵی بەکاریان بهێنێت. بەڵام لەکاتی نەبوونی ئەم چەمک و دەستەواژە و زاراوانە، ئەوا وەرگێڕی بەتوانا دەتوانێت پەنا بۆ ڕێگای دووەم ببات.

**ڕێگای دووەم:** وەرگێڕی شارەزا و لێزان دەتوانێت بە ڕێگای زاراوەسازی پێوانەوە چەمک و زاراوەی نوێ بە ڕێگای لەبەرگرتنەوە یان لەسەرگرتنەوەی چەمک و دەستەواژەی ڕەسەنی ناو زمانەکەی خۆی داب‌هێنێت. لێرەدا نموونەیەکی لەبەرگرتنەوەی چەمک و دەستەواژەی تر بە ڕێگای زاراوەسازی پێوانەوە دەخەمە بەرچاو، کاتی خۆی ئێمە بۆ وشەی (غریزە) وشەیەکی پڕ بەپێستی خۆیمان نەبوو. ساڵانی هەشتاکان لە وەرگێڕانێکمدا تووشی ئەو وشەیە هاتم و دوای کەمێک وەستان بیرم کردەوە و بە خۆمم وت خۆ ئێمە وشەی (خۆڕسک)مان هەیە و خۆ (غریزە)ش هەر شتێکی خۆڕسکی ناو دەروونی مرۆڤە. جا بەڕێگای لەبەرگرتنەوە و پێوانەسازی وشەی (وارڕسک)م داتاشی و ئێستا لە چەندان نووسیندا هەمان وشە دووبارە بۆتەوە و نووسەر و وەرگێڕەکان بەبێ دوودڵی و سڵەمینەوە زاراوەکە بەکاردێنن و لە زۆریانیشم پرسیووە: «ئەرێ ئەم وشەیە لە کوێوە هاتووە؟» ئەوانیش گوتوویانە، «ئەمە وشەیەکی ڕەسەنی کوردییە.» بێ ئەوەی بزانن سەرچاوەی ئەم وشەیە لە کوێ هاتووە و کێ دایتاشیووە.

جا دەکرێت زۆربەی (- یزم)ەکان زاراوەی کوردییان بۆ بدۆزرێتەوە یان دابتاشرێت. بۆ نموونە: (مۆدێرنیزم) لە کوردیدا بکرێتە (تازەگەری) لەسەر هەمان کێش و پێوانەی (ڕەزگەری)، (چەتەگەری)، (جادووگەری)، (پیشەگەری) و هتد. هەروا دەکرێت (گلۆبالیزم) لە کوردیدا بکرێتە (جیهانگەری)؛ (ئێگزیستێنشیالیزم) بکرێتە (بوونگەری)؛ (سۆشیالیزم) بکرێتە (کۆمەڵگەری)؛ (کاپیتالیزم) بکرێتە (سەرمایەگەری)؛ (ئەبسێردیزم) بکرێتە (پووچگەری)؛ (مارکسیزم) بکرێتە (مارکسگەری)؛ (لێنینزم) بکرێتە (لێنینگەری)؛ (سۆفیزم) بکرێتە (سۆفیگەری) و دەیان نموونەی دیکەی لەو بابەتە دەکەونە ژێر هەمان یاسای زاراوەسازی و داتاشینەوە.

**ڕێگای سێیەم:** ئەوەیە ئەگەر ئەو زاراوە و چەمک و دەستەواژە تازانە مۆرکی جیهانیبوونیان وەرگرتبوو، ئەوا پێویستە بەبێ گۆڕانکاری و دەستکاری

ڕاستەوخۆ بخزێنرێنە ناو زمانی بۆ وەرگێڕدراوەوە. نموونەی ئەوانەش: ئۆتۆمۆبێل، تەلەفۆن، رادیۆ، ئینتەرنێت، مۆبایل، ئیمێل، مێسێج، مۆدەم، سۆفتوێر، کۆمپیوتەر...تاد.

**پێنجەم: ڕێگاچارەکانی باشترکردن و بەرەو پێشبردنی وەرگێڕان**

بۆ ئەوەی ئاستی وەرگێڕان بەرزتر بکرێتەوە و زمانی وەرگێڕان باشتر بکرێت و پارێزگاری لە ڕاست و دروستی ناوەرۆکی دەقەکان و بێبەها نەکردنی جوانی شێوازی نووسینی دەقە وەرگێڕدراوەکان بکرێت، حەوت پێشنیار دەخەمە ڕوو:

**پێشنیاری یەکەم:** بەر لە هەموو شتێک پێویستە ئەوانەی بە ڕاستی بەهرەی وەرگێڕان و سەلیقەی زمانەوانییان تێدایە، خۆیان ڕۆشنبیر بکەن و هەرچی هاتە بەردەستییان وەرینەگێڕن، چونکە هەموو بەرهەمێک بۆ وەرگێڕان ناشێت. بەرهەم هەیە لەجیاتی خزمەتکردنی ڕۆشنبیری کوردی زیان بە کەلتوور و ڕۆشنبیری کوردی دەگەیەنێت. لە خۆڕایی نەبووە (مەهاتما گاندی) مەزن گوتوویەتی «تا ئەوەندە ریگا بە ڕەشەبایەک دەدەم لە پەنجەرەکانەوە بێتە ناو ماڵەکەمەوە تا ساپیتەی ماڵەکەمی هەڵنەتەکاندووە، لەوە بەدواوە پەنجەرەکانم توند دادەخەم.»

**پێشنیاری دووەم:** پێویستە وەرگێڕەکانمان بزانن دەرەقەتی چ بوارێکی وەرگێڕان دێن. واتا لە چ بوارێکی زانیاری و ڕۆشنبیریدا دەتوانن ببن بە وەرگێڕێکی سەرکەوتوو. هی وا هەن لەوانەیە لە بواری وەرگێڕانی بەرهەمی مێژوویی باڵادەست بن و هی واش هەن ڕەنگە لە بواری وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبیدا، وەرگێڕی واش هەن لە بواری دەروونناسی یان کۆمەڵناسیدا. هەن رەنگە لە بواری وەرگێڕانی بەرهەمی زانستییدا دەستڕەنگین بن و هەشن ڕەنگە لە بواری فەلسەفیدا.

**پێشنیاری سێیەم:** زۆر گرنگە وەرگێڕەکان تا بەتەواوی بابەتێکیان هەزم نەکردبێت و بە وردی شارەزایی کون و کەلەبەرەکانی بەرهەمێک نەبن و دنیابینی و روانینی خاوەن بەرهەمەکە نەزانن، دەست بۆ هیچ بەرهەمێک درێژ نەکەن. چونکە وەرگێڕ نووسەری دووەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکەیە و بە بێ وردەکاری و لێزانی و شارەزایی ناکرێت بەرهەمی نووسەرانی تر بەرباد بکرێت.

**پێشنیاری چوارەم:** پێویستە لەکاتی وەرگێڕاندا بایەخ بە ستایل و شێواز و لایەنی جوانکاری دەقی وەرگێڕدراو بدرێت، ئەگینا بەرهەمە وەرگێڕدراوەکە بێ تام و چێژ

دەبێت. ئەمەش سەرەنجام وادەکات بەرهەمە وەرگێڕدراوەکە زۆر بە لاواز بێتە بەرچاو و خوێنەر لە خۆی بتۆرێنێت.

**پێشنیاری پێنجەم:** بە هیچ جۆرێک پەلە لە وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی دەقی وەرگێڕدراو نەکرێت. پێویستە وەرگێڕ بەلای کەمەوە بۆ ماوەی مانگێک بەرهەمەکەی لەسەر مێزی نووسین یان تاقیچکە دابنێت بەر لەوەی پێداچوونەوەی بۆ بکات، چونکە لە ماوەی ئەو مانگەدا وەرگێڕەکە لەژێر کاریگەری ڕستەسازی زمانی یەکەم (واتە زمانی نووسەرەکەوە) دێتەدەرەوە و دوای ئەو مانگە کاتێک دەگەڕێتەوە لای بەرهەمە وەرگێڕدراوەکە و بە بەرهەمەکەی خۆی دادەچێتەوە، ئەوسا بەپێی ڕستەسازی و سەلیقەی زمانەوانی زمانی کوردی بەرهەمەکە دادەڕێژێتەوە.

**پێشنیاری شەشەم:** زۆر گرنگە وەرگێڕە تازەکارەکان هەمیشە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانیان بۆ پێداچوونەوە و هەڵەبژێری ببەن بۆ لای وەرگێڕێکی بە ئەزموون تا سوود لە لێزانی و شارەزایی و سەرنج و تێبینی ئەوان ببینن.

**پێشنیاری حەوتەم:** زۆر پێویستە لەمەودوا هەموو زانکۆکانی کوردستان دەست بکەن بە وەرگێڕانی ئەو کتێبانەی بۆ خوێندکاران کراونەتە بابەتی خوێندن، بەتایبەتیش کتێبە زانستییەکان کەوا کتێبخانەی کوردی لەو بوارەدا دەستکورت و هەژارە. بە هیچ جۆرێکیش نابێ وەرگێڕانەکان پەلەیان تێدا بکرێت، یان بدرێنە کەسانی ناپسپۆڕ، هەروا ناکرێت ئەم کارە بە هەڕەمەکی بکرێت، بەڵکو پێویستە لە هەموو بەشە زانستییەکانی زانکۆکانی کوردستان لیژنەی پسپۆر و زمانزانی ئەو بوارانە دەستنیشان بکرێن بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە یەکجار بایەخدارە.

جا وەکو ئەرکێکی بەپەلە و گرنگ پێویستە «دەزگای سەردەم» و «بنکەی موکریانی» و «دەزگای سپیرێز» و «ئەکادیمیای کوردی» و «دەزگای وەرگێڕان» و «خانەی وەرگێڕان» و «بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری» و هەموو دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی کتێب و چاپەمەنی لە هەرێمی کوردستان ڕێگا نەدەن هیچ کتێبێک یان نامیلکەیەک لە چاپ بدرێن بەبێ ئەوەی کەسێکی شارەزا و زمانزان هەڵیان بسەنگێنێت و ئەگەر پێویستیشی بە پێداچوونەوە هەبوو با پێداچۆرەوەشی بۆ دابنرێت. ئەگینا وابڕوات بەلێشاو کتێب و فەرهەنگی سەقەت چاپ دەکرێن و ئەمەش زیانێکی یەکجار مەزن بە ئاستی باوەڕپێکراوی دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکان و نەوەی دوارۆژ و خوێنەرانیش دەگەیەنێت.

## سەرچاوە:

١-ئازاد حەمە شەریف، «بزاڤی وەرگێڕان لە کوردستاندا: لێکۆڵینەوە و ئەرشیف» گۆڤاری (رامان- ژمارە -٣٧) لە ١٩٩٩/٧/٥ (لاپەڕە ٤-١٣)
2- DERRIDA, Jacques (١٩٨٥/١٩٨٢): The Ear of the Other. (Translated from French by Peggy KAMUF) New York: Schocken Books. P. 120.
3- Mahatma Gandhi, (Young India, 11921-6-, p. 170)
4- Endangered Languages Project website. https://www.endangeredlanguages.com/

پرۆفایل: پ.د. ئازاد حەمە شەریف
- بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزی (زانکۆی بەغدا / ١٩٨٠)
- ماستەر لە شانۆنامەی ئەمریکی (زانکۆی بەغدا / ١٩٨٣)
- دکتۆرا لە رۆمانی نوێی ئینگلیزی (زانکۆی کۆیە/ ٢٠٠٨).
- پرۆفیسۆرە لە بواری ئەدەبیاتی نۆێی ئینگلیزی لە سەنتەری زمان (زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر).
- بەشدار لە دەیان فێستیڤاڵ و کۆنفرانسی ئەکادیمی و ڕۆشنبیری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لە سەرانسەری دنیادا.
- خاوەنی (٣٤) کتێبی دانراو و وەرگێڕدراوە (بە زمانەکانی کوردی و ئینگلیزی).
- خاوەنی زیاتر لە (١٢٥) بابەتی وەرگێڕدراو و (٢٠٠) بابەتی نووسراوە لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا.
- خاوەنی (٢٠) کتێبی دەستنووسە لە بوارەکانی فەرهەنگسازی و کەلتوور و ئەدەبیاتی ئینگلیزی و کوردیدا.
ئەرکە پیشەیی و فەرمییەکان لە بواری وەرگێڕاندا:
- دامەزرێنەر و سەرۆکی (کۆمەڵەی وەرگێڕانی کوردستان) ١٩٩٢.
- بەرپرسی (کاروباری وەرگێڕان لە پەرلەمانی کوردستان) ٢٠٠٠-٢٠٠٣.
- سەرۆکی لێژنەی دانان و وەرگێڕان لە (زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر) ٢٠٢٣-٢٠٢٤.
کتێبە وەرگێڕدراو و دانراوەکان:
ر- کتێبە وەرگێڕدراوەکان:
١.مردنی دێوەرەیەک (نووسینی ئارپەر میلەر) چاپی یەکەم (١٩٨٥)، چاپی دووەم ( ٢٠٠٨).
٢.وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی دا (نووسینی: جێمس جۆیس) چاپی یەکەم (١٩٨٨)، چاپی دووەم ( ٢٠١٠).
٣.شانۆیی (ماکبێپ) (نووسینی: شێکسپیر) چاپی یەکەم (٢٠٠٠)، چاپی دووەم (٢٠٠٨)، چاپی سێیەم (٢٠١٠).
٤.نامیلکەیەک بۆ کارمەندانی تەندروستی لە بنکە تەندروستیەکاندا ( لە ساڵی ٢٠٠٠ دا بۆ رێکخراوی

قەندیل وەرگێڕدراوە)
٥.شانۆیی (ڕۆمیۆو جۆلێت) (شێکسپیر) چاپی یەکەم (٢٠٠٠)، چاپی دووەم (٢٠٠٤)، چاپی سێیەم (٢٠٠٨)، چاپی چوارەم (٢٠١٠).
٦.پوختەیەک لە بیروباوەڕی زەردەشتی (نوسین: زێهنەر) چاپی یەکەم (٢٠٠٠ )، چاپی دووەم (٢٠٠٤).
٧.جیهانی تازە ئاوا ئەبینرێت (دانانی: عەلی حسێن بەگی جاف) وەرگێڕان بۆ ئینگلیزی (٢٠٠٥)
٨.وانەی کاریگەر:کۆمەڵێک دۆکیومێنتی شێوازەکانی وانەگوتنەوەیە، پەسندکراوی (UNESCO)یە. چاپی یەکەم (٢٠٠٧)، چاپی دووەم (٢٠٠٨).
٩.شانۆیی (هاملێت) (نووسینی: شێکسپیر) (٢٠٠٨) .
١٠.ڕۆمانۆکەی (وڵگەی سزا) (نووسینی: فرانز کافکا) (٢٠٠٩).
١١.شانۆیی (گیانەوەرە شووشەییەکان) (نووسینی : تێنیسی ویلیامز) (٢٠٠٩).
١٢.شانۆیی (ئیمپراتۆر جۆنز) (نووسینی: یوجین ئۆنێل) (٢٠٠٩).
١٣.ڕۆمانی (ئەوین لە وڵاتێکی لەتلەتکراودا) (نووسینی: جین ساسۆن) (٢٠١١).
١٤.شانۆیی (چۆنت پێخۆشە) (نووسینی: شێکسپیر) (٢٠١١).
١٥.چوار شانۆیی هاوچەرخی جیهانی (دیمیتری باساناس، و.ب. یێتس، ئارسەر ئادامۆڤ، سیدریک مۆنت) (٢٠١٢).
١٦.شانۆیی (خەونی شەوێکی چلەی هاوین) (نووسینی: شێکسپیر) (٢٠١٢).
١٧.کتێبی (چیرۆکی شارستانییەت) بەشی پێنجەم (ڕێنیسانس) (٢٠١٥).
١٨.شانۆیی (شەوی دوازدەهەم) (نووسینی: شێکسپیر) (٢٠١٦).
١٩.ڕۆمانی (ژنە سیخوڕەکە) (نووسینی: پاۆلۆ کۆیلۆ) (٢٠١٧)
٢٠.کتێبی (خۆشەویستی: هەڵبژاردەیەکی گوتەکان) (نووسینی: پاۆلۆ کۆیلۆ) (٢٠١٧)
٢١.کتێبی (ڕێگای بەختەوەری) (نووسینی: ڕۆن هەبەرد) (٢٠١٧)
٢٢.ڕۆمانی (دنیای نوێی دڵڕفێن) (نووسینی: ئەڵدۆس هەکسلی) (٢٠١٧)
٢٣.شانۆیی (زریانەکە) (نووسینی: شێکسپیر) (٢٠١٨).
ب- کتێبە دانراوەکان:
1. «The Breakdown of Family Relationships: A Study in Selected Plays of Arthur Miller and Tennessee Williams»
«لێکترازانی پەیوەندیە خێزانیەکان: لێکۆڵینەوەیەکە لە شانۆییەکانی ئارپە ر میللەرو تێنیسی ویلیامز» نامەی ماجستێر بەزمانی ئینگلیزی - زانکۆی بەغدا، ١٩٨٣.
٢. بوونەوەرە هۆشمەندەکانی بۆشایی ئاسمان (لەگەڵ : د. ئیسماعیل موسا موراد) (١٩٨٨).
٣. دیوانی شیعری (گۆرانی کۆشی مەرگ)(١٩٩١).
٤. نوێکار: بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی (هاوبەش) چاپی یەکەم (٢٠٠١)، چاپی دووەم (٢٠٠٥).

٥. «Dystopia in Modern British Fiction: An Analytic Study of Wells›s, Huxley›s and Orwell›s Novels» (دیستۆپیا/دژەیوتۆپیا لە رۆمانی نویّ ی ئینگلیزی دا: لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییانەیە لە ڕۆمانەکانی ویڵز و هەکسلی و ئۆرویڵ دا) نامەی دکتۆرا بەزمانی ئینگلیزی – زانکۆی کۆیە ، ٢٠٠٨.
٦. گەمەکانی دەسەڵات (٣) شانۆگەری هاوچەرخی کوردی (٢٠٠٩) .
٧. شاکارنووسانی سەدەی بیستەم: ژ (١) (محەمەد مەولوود مەم) (٢٠٠٩) .
٨. کوشتنی خەونەکان لە رۆژهەلاتدا(٢٠٠٩).
٩. شاکارنووسانی سەدەی بیستەم: ژ (٢)(محەڕەم محەمەد ئەمین) (٢٠١١) .
10. Spotlights on Kurdish Folk Art (1st Edition: Bedirxan, 2012; 2nd Edition: Ministry of Culture, 2012)
١١. شاکارنووسانی سەدەی بیستەم: ژ (٣)(جەمیل صائیب). (٢٠١٢).

* مامۆستا لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

# شارستانە گرنگەکان
# لە ڕێی وەرگێڕانەوە خەملاون

د. ئەحمەدی مەلا

**رەوشی پرۆسەی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستاندا چۆن دەبینی؟**

– سەرەتا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستمان بە داتای تەواو هەیە، قسەیەک هەیە دەڵێت بە بێ داتا بۆچوون دروست نابێت. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ بنەڕەتی کێشەکە. ئێمە تاکو ئێستا خاوەن پەیمانگایەکی سەربەخۆ نین کە تەرخان کرابێت بۆ وەرگێڕان لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ زمانی کوردی و بە پێچەوانەوە. ئەوەی دەمێنێتەوە، دەوەستێتە سەر سەلیقەی وەرگێڕ، ئەم سەلیقەیەش هەندە جێی بایەخە، دوو ئەوەندەش پرسی لەگەڵ خۆی هێناوە. هەروەها گرنگە ئێستێک لەسەر کردەی وەرگێڕان بکەین : شارستانە گرنگەکان لە ڕێی وەرگێڕانەوە خەمڵاون، ئەگەر کەلەپوری یۆنانی نەبوایە، زانستی کەلام لە ناو ئیسلامدا دروست نەدەبوو، ئاوڕ لە پرسگەلی بایەخدار نەدەدرایەوە، وەکو ڕێزمان و کێشە زمانەوانییەکان، تەنانەت هەر لەو سەردەمە قسەی گرنگ سەبارەت بە کێشەکانی تەرجەمە کراوە، تەرجەمەی حەرفی لە تەرجەمەی واتا جیاکراوەتەوە. ئینجا ئەگەر تەرجەمە نەبوایە، ڕێنێسانس لە فەڕەنسا دروست نەدەبوو، ئاوڕدانەوە لە کەلەپوری ڕۆمانی و یۆنانی دێرین پەردەی لە ڕووی کێشەی بنەڕەتی هەڵماڵی، وەکو سیاسەت، دەوڵەتداری، ئاینی، ئەدەبی، زمانەوانی، هتد. هەرێمی کوردستانیش لە هەندێ ڕووەوە، لە وەرچەرخانێکی گشتیی دایە، کۆی پرسەکان دەخرێنە ژێر پرسیارەوە: سیاسەت، زمان، ئایین، دەسەڵات، شۆڕش، دەوڵەتداریی هتد، بێگومان تەرجەمەش ڕۆڵی هەبووە لە قوتکردنەوەی ئەم پرسگەلە، واتە، ئەوی دی کاریگەریی دەبێ لەوەی کە پرسی نوێ لە خۆمان بکەین. ئەم دانوستاندنە بەشدار دەبێ لە دەوڵەمەندکردنی زمان، فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوە، هەروەها تێکەڵبوون لە گەڵ کەلتووری زیندووەکانی دنیا.

لەم سی ساڵەی دوایی تەرجەمەیەکی زۆر کراوە، بەشێکیان لە زمانە بنەڕەتییەکەوە، هەندێکیشیان لە زمانی دووەم یا سێیەمەوە، ئەمەش، هەڵبەتە، قسەی تایبەت بە خۆی دەبێت. کورد وەکو پێداویستییەک هەوڵی داوە دەقە بیانییەکان تەرجەمە بکات تاکو خوێنەری کورد لە ڕێگەی زمانی خۆییەوە دەستی بگات بە سەرچاوەکان، جا ئەدەبی بێ، یا زانستی، ئەمەش، بێگومان کاریگەریی زۆر ئەرێنی جێدەهێڵێت لەوەی کە زمانەکەمان گەشەی زیاتر بە خۆییەوە ببینێت، چونکە، زمان تەنها لە ڕێگای نووسینەوە گەشە دەکات.

بەڵام بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنێکی مێتۆدی بۆ سەرجەم ئەو کارانە بکرێت کە لە بواری وەرگێڕاندا بەرهەمهێنراون، پێویستی بە وردیی زیاتر و تەنانەت دەشێت هەر بەرهەمێک

بە جیا قسەی لەسەر بکرێت، ئەمەش، کارێکی ئاسان نییە و بە تەنها کەسێک ناکرێت.

هەمیشە وەرگێڕان مشتومڕی لەسەرە، چونکە، دواجار دەقی تەرجەمەکراو پەیوەستە بە سەلیقەی وەرگێڕەوە. بەڵام هەندێ خاڵ هەن پێویستە ئێستیان لەسەر بکەین، بۆ نموونە، کاتێک کامۆ وەردەگێڕین، دەبێ چ زمانێک بەکاربهێنین؟ یا ئەو زمانەی هەژار یا هێمن، یا زەبیحی یا شکور مستەفا پێی نووسیون، ئایا ئەو زمانە دەرەقەتی زمانی کامۆ دێت؟ یان کاتێک دیالۆگی بەلزاک وەردەگێڕین، نابێت بیر لە زمانی زارەکی ساڵانی بیست و سی سەدەی بیستەم بکەینەوە؟ یان دەقێکی شیعریی کە لە زمانە بنەڕەتییەکەی بە کێش و سەروا نووسرا بێت، چ شێوازێکی بکەین بە بەردا؟ ئایا دەقێک کە لە سەدەی هەژدەمی فەڕەنسیی نووسرا بێت وەک دەقێک وایە کە لە سەدەی بیست و یەکەم نووسرابێت؟ بۆ ئەوەی زمانی کوردیی بە هەوێنی زمانێکی دیکە موتروبە بکەین، پێویست ناکات، لەو پردە بگەڕێین کە لە نێوان زمانی یەکەم و زمانی دووەم دایە؟ ئایا زمانی یەکەم لە ناو زمانی کوردییدا بتوێنینەوە یا کارێکی دیکە بکەین کە سێبەری زمانی یەکەم لە زمانی کوردی مارە بکەین؟ ئەم پرسیارانە یەک وەڵام زیاتریان دەوێ، بۆیە گرنگە دیالۆگ لە بارەی کۆی ئەم پرسانە بکەین.

***کێشەکانی بواری زارەوەناسی، بواری یاسایی، زانستی، ئەدەبی، سەرجەم بوارەکانی دیکە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

– کێشەی زاراوە یەکێکە لە کێشە هەرە گرنگەکان، چونکە ئەوە زاراوەیە کە وا دەکات واتاکانی دەق بە تەواویی بگەنە لای خوێنەر، کاتێک واتای زاراوە لێڵ دەبێ، کۆی تێگەیشتنەکانمان سەبارەت بەو بابەتە روون نابێت. بە بڕوای من گرنگە زاراوە لاتینییەکان هەر بە لاتینی بهێڵینەوە تاکو ئەگەر خوێنەر ویستی بگەڕێتەوە بۆ سەر دەقە ئەسڵییەکان، تووشی سەرلێشێوان نەبێت. ئێمە دەبینین کە ئەورووپییەکان وایان کردووە، هەر زمانێک بە لەفزی تایبەت بە خۆی زاراوە لاتینییەکەی هێشتۆتەوە. مەرج نییە بە زۆر و زۆرداری هاوتا کوردییەکەی بۆ بدۆزینەوە، چونکە، رۆژئاوا، لەسەردەمی یۆنانی دێرینەوە قسەیان هەبووە لەسەر فەلسەفە، بە پێچەوانەی ئێمە، زمانی ئێمە زۆر دەوڵەمەندە، مەبەستم وشە و تێرمی زۆری هەیە لە بواری کشتوکاڵ و ژیاری ئاژەڵداریم بۆیە کاتێک دەقێکی فەلسەفی یا زانستی تەرجەمە دەکەین، پێویستمان بە هەوڵی زۆر زیاترە، گرفتی تەواو ئەوکات دروست دەبێت کاتێک بۆ یەک زاراوە، لەیەک تێرم زیاترمان دەبێت کە لە لایەن دوو وەرگێڕەوە پێشنیاز کراون. زمانەکان دواجار هەموویان وەکو یەکن، مەبەستم

ئەوەیە گوزارشت لەو واقیعە دەکەن کە گرووپێکی دیارکراوی تیای دەژێت. لەبەر ئەوەی دەق بەرهەمی واقیعە، کاتێک دەقێک لە واقیعێکی تەکنەلۆژی دێتە بەرهەم و هەوڵی ئەوە دەدرێت تەرجەمەی زمانێک بکرێت کە واقیعی زمانی دووەم تەکنەلۆژیای تیا نەبێت، ئەودەم ناچار دەبین یا وشە بتاشین، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، چونکە وشەی داتاشراو رەنگ و بۆنی کوردییشی هەبێت، پێویستی بە لێکدانەوە دەبێ، بۆیە ئاساییە وشەکە وەکو خۆی دابنرێت و واتاکەی لێکبدرێتەوە ئەگەر پێویستی کرد. ئێمە، ئێستا، هەموومان بە وشەگەلی وەکو سینەما، تەلەڤزیۆن، رۆمان، ئۆتۆموبیل، وایەر، سویچ، سکێچ هتد ئاشنا بووینە کەچی لە بنەڕەتدا کوردیی نین. تەنانەت، رەنگە کەسانێک هەبن نەزانن کە ئەم وشانە کوردیی نین! ئەمە بۆ کایەکانی دیکەش راستە...زمانی زیندوو ئەو زمانەیە کە شورە لە دەوری خۆی هەڵناچنێت، بەڵکو پرد لە نێو خۆی و دەرەوەی خۆی دروست دەکات. زمان لە توێژ پێکدێت، هەر توێژێک کاریگەریی دەرەکی بەسەرەوەیە. زمانی ئێمە، لەم پەنجا ساڵەی دوایی کاریگەریی زمانە رۆژئاواییەکانی بەسەرەوەیە.

کاتێک لاپەڕەکانی مێژووی زمانی فەڕەنسی هەڵدەدەینەوە، ئەوە دەبینین کە لە سەردەمی شا فرەنسوای یەکەم، بڕیارێکی شاهانە دەرچوو کە پێی دەگوترێت «بڕیاری ڤیلێر کۆترێ» کە دوو ماددەی تیایە، ماددەی ١١٠ و ١١١ لەسەر سەپاندنی زمانی فەرنسییە بەسەر دامودەزگا دادوەرییەکاندا، لە نووسینەوەی بڕگە و ماددە یاساییەکاندا کە پێشتر بە لاتینی دەنووسران. ئەم کارە دەبێ لە هەرێمیش بکرێت، واتە، دەوڵەت، بە بڕیاری سیاسیی ئەم کایانە رێکخات. لێرە دەبێ بیر لە ئەکادیمیای زمان بکەینەوە کە جاران «کۆڕی زانیاری کورد» بەم کارانە هەڵدەستا. ئەکادیمیا دەبێ ببێتە ئەڵقەی نێوان سیاسەت و دەزگا پەروەردەیی و چاپەمەنی و ماس مێدیا بێت. واتە، لە کاری رەمەکییەوە ببێ بە کاری دەزگا. زمان ئیشی دەزگایە زیاتر.

***وەرگێڕان و سیاسەتی زمانیی، بایەخی سیاسەتی زمانیی بۆ پاراستنی زمانی کوردی، بایەخی داڕشتنی سیاسەتێکی دروست بۆ وەرگێڕان، رێژەی وەرگرتنی زاراوە بیانییەکان؟**

– ئەم پرسیارە تەواوکەری پرسیارەکەی پێشووە. زمانی نووسین سیاسەتە پێش هەموو شتێک. بۆ نموونە، کاتێک دەوڵەتێکی وەکو ئێران یا تورکیا خوێندن بە زمانی کوردی قەدەغە دەکات، پێش هەموو شتێک ئەمە بڕیارێکی سیاسییە. بەڵام، زمانی زارەکی رەهەندێکی سیاسیی نییە، هەر بۆیە لە تورکیا بوار دەدرێت بە کوردی قسە بکرێت، بەڵام نایانەوێت بچێتە بواری پەروەردەوە. واتە لە دەرەوە دەزگا بمێنێتەوە.

لە سەردەمی ڕێنێسانسی فەڕەنسی، ئەو کاتەی کە سیاسەت خۆی لە کایەی زماندا هەڵدەقوڵتێنێ ئینجا زمانی فەڕەنسی وردە وردە دەبێ بەو زمانەی کە ئیدی هەموو کایەکانی ژیانی پێ دەنووسرێتەوە : زمانی یاسایی، زمانی ئاینی، زمانی هونەر و سەنعەت و تەکنیک، زمان کە بتوانێت لە بوارەکانی ڕوەکناسی و باڵندەناسی و زیندەوەری دەریاکان بکۆڵێتەوە.

لە دەستوری عێراقی هاتووە کە کوردی زمانێکی رەسمییە، واتـە، هەرێم خاوەن سەنەدێکی یاساییە و دەبوو بیکا بە ئەولەوییەتی کارەکانی. واتە خۆی بکات بە خاوەنی سیاسەتێکی زمانەوانی تۆکمە، ئەویش بە کاراکردنی ئەکادیمیا تاکو لە ڕێگەی پسپۆرانی ئەو بوارە کار لەسەر زمان بکەن، ببین بە خاوەن بە فەرەنگێکی زانستی تا بتوانێت گەنجینەی زمان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بگوازێتەوە. ببین بە خاوەن ڕێزمانێکی فەرمی، ببین بە خاوەن ڕێنووسێکی فەرمی. دواجار، لە ڕێگەی یاساوە بسەپێنرێن بەسەر هەموو دەزگاکان، پەروەردەیی و چاپەمەنی. ئەکادیمیای فەڕەنسی، بە بەڕێوبەرایەتی ڤۆژلا، لە ساڵی ١٦٣٨ دەستیان کرد بە ئامادەکردنی فەرەنگێکی زمان، یەکەم چاپی لە ساڵی ١٦٩٤ ڕووناکی دیت.

لەبەر نەبوونی ئەم سیاسەتە، زمانەکەمان لەم ئاستە دایە، هەر ڕۆژنامەیەک ڕێنووسی خۆی هەیە، هەر دەزگایەک بە شێوەیەک دەنووسێت هتد. تەنانەت هەر نووسەرێک، هەندێجار خاوەن ڕێنووسی خۆیەتی.

ئیشی دەوڵەتداریی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە لە ڕێی دەزگاکانییەوە زمان و کەلتوور و بەها مەعنەوییەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بگوازێتەوە. نەک تەنها هەر گواستنەوە، بەڵکو ڕەخساندنی دەرفەتی تەواو بۆ ئەوەی داهێنان لە بوارە جیاجیاکاندا بکرێت، بێت بە بدەزگایەکی دەوڵەتیی نەک دەزگای فڵانە لایەن و فیسارە لایەن.

دەشێ یەکێک لەو دەزگایانە، دەزگای وەرگێڕان بێت تاکو شاکارەکانی جیهان، هەر لە زانستە مرۆییەکانەوە بۆ زانستە پەتییەکان، لە زمانی یەکەمەوە وەرگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی. هەروەها خوێندکار بنێردرێنە دەرەوەی وڵات بۆ ئەم مەبەستە و لە پاڵی ئەم دەزگایە، پەیمانگای وەرگێڕانیش هەڵسێ بە ئامادەکردنی وەرگێڕ. ئەمە دەسپێکی کەمێک قورسە، بەڵام، هەر کە میکانیکی خۆی دۆزییەوە، ئیدی کارەکان دەچنە پێشەوە. هەر هەندەت زانی، لە ماوەی بیست سی ساڵدا، زۆربەی شاکارەکان تەرجەمەکراونەتە سەر زمانی کوردی.

**بەرهەمەکانی ئەحمەدی مەلا:**

**وەرگێران (شیعر) :**

-وەرزێک لە دۆژ و درەوشانەوە، ئارتور رامبۆ، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.
-گوڵی خراپە، شارل بۆدلێر، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.
- بەردی هەتاو، ئۆکتاڤیۆ پاس، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.
- ئەکسیۆن ئێستی، ئیلیتیس ئیستی، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.

**وەرگێڕان(شانۆ) :**

- بورژوای نەجیبزادە، مۆلییەر.
- وانە و ژنەگۆرانیبێژە کەچەڵەکە، ئیۆنیسکۆ.
- ئەژدەها، ئێڤگینی شوارتر. ئامادەیە بۆ چاپ.

**وەرگێڕان(ڕۆمان) :**

- سەمەرقەند، ئەمین مەعلووف، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.
- خاتوون T، میلان کۆندێرا، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣.
- سوارچاکی نەبوو، ئیتالیۆ کالڤینۆم کتێبخانەی غەزەلنووس، ٢٠١٣.
- ڤیسکۆنتی دوولەتبوو، ئیتالیۆ کالڤینۆ، سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٤.
- باوکە گۆریۆ، بەلزاک، ئەندێشە، ٢٠١٤.
- سەد ساڵ تەنیایی، گارسییا مارکێز، ئەندێشە، ٢٠١٥
- کۆیلەی پیرەمێرد و سەگە گەورەکە، پاتریک شاموەزۆ، ئەندێشە، ٢٠٢٠.

**لێکۆڵینەوە :**

١-مەحوی لە نێوان زاهیرییەت و باتینییەت دا، وێنەی مەعشووق و سەرچاوەکانی عەشق، تێزی دکتورا، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.

٢-شیعر تەنها بنەمایە، دەزگای ئاراس، ٢٠٠١.

٣-بنبەست لە شیعری شێرکۆ بێکەسدام دەزگای نما، ٢٠١٢.

٤-ڕێنێسانسی فەڕەنسی و شکستی ڕێنێسانسی کوردیی، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی، ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠٢٠.

به زمانی فەرەنسی :

١-دیوانی مەحوی بە زمانی فەرەنسی، ئارمەتان، پاریس، ٢٠٠١.
٢-زاکیرە با، ئارمەتان، پاریس ٢٠١٤
٣-زەردک، تەرجەمەی ئیسماعیل دەروێش، دەزگای ئارمەتان، پاریس، ١٩٩٣.
٤-شیعری خانمانی کورد، ئارمەتان، پاریس، ٢٠٢١.
٥-داگیرکردنی تاریکی، بێل لیتر، پاریس، ٢٠٢٤ لە ژێر چاپە .

# له وه‌رگێڕاندا جه‌خت له‌سه‌ر گواستنه‌وه‌ی كرۆكی واتا و په‌یام بكرێت

د.ته‌لار سه‌باح عومه‌ر

پرۆسەی وەرگێران پرۆسەیەکی گرنگە نەک هەر لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵکو لەهەموو جیهان، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا وەرگێڕان بۆتە پێویستییەکی هەرە سەرەکی ژیان، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئەنتەرنێت و هاتنە ناوەوەی وشە و زاراوەی نوێ و تێکەڵاوبوونی نەتەوەکان بەیەکتر. لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان وەرگێران لە ئاستێکی باشە بەهۆی کرانەوەو تێکەڵابوون و فێربوون و ئاشنابوون بە دنیای دەرەوە. چەندان بەرهەمی ئەدەبی و هونەری و سیاسی و ئایینی و کەلتوری و... لەزمانی نەتەوەکانی ترەوە وەرگێردراوتە سەر زمانی کوردی لە هەمان کاتیشدا هەندێک بەرهەم بە زمانی کوردی وەرگێراونەتە سەر زمانانی تر، بەڵام ڕێژەکەی کەمە. زمانی کوردی وەک هەموو زمانێک پێویستی بە پاشخانێکی گەورەی وشە هەیە، بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکەی، هەرچەندە ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان زۆرن، وەک: (وشە دروستکردن، وەرگرتن، وەرگێڕان، داتاشین، پێوان، ئەکرۆنیمی...هتد. هەموو نەتەوەیەک خاوەنی زمان و فەرهەنگی تایبەتی خۆیەتی.

**فەرهەنگی گشتی هەموو زمانێکیش بۆ سێ بەش دابەش دەبێت:**

١ـ فەرهەنگی بنەڕەتی: بریتییە لە فەرهەنگی ئەو وشانەی کە بە خۆماڵی دادەندرێن و مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە گوێبیستیان دەبێت و هەست و هۆشی پێیان دەجوڵێ، وەک ناوی خزم و ئەندامانی لەشی مرۆڤ و هەندێ ئاوەڵناو و ناوی خواردن و خواردنەوەی پێویست و چەکی خۆپاراستن و ناوی هەندێ ئامێری کشتوکاڵی و پیشەسازی و شوێنی حەسانەوە و ...هتد، فەرهەنگی بنەڕەتی زمانێک جیاوازە لە فەرهەنگی بنەڕەتی زمانێکی تر.

٢ـ وشە و زاراوە دروستکردن: بە تێپەڕبوونی کات لەگەڵ پێشکەوتنی ڕەوتی ژیان و کۆمەڵگا، زمان پێویستی بەهەندێ وشە و زاراوەی تازە دەبێت، چونکە مرۆڤ تەنیا بەو وشانەی لە فەرهەنگی بنەڕەتی زماندا هەیە، ناتوانێ پێوستییەکانی خۆی پڕبکاتەوە، بۆیە بەناچاری پەنا بۆ چەند ڕێگایەکی تر دەبات بۆئەوەی فەرهەنگی زمانی دەوڵەمەند بکات، لە سەرەکیترینیان هەردوو ڕێگای (داڕشتن و لێکدان) ە، بەهۆیەوە چەندان وشە و زاراوەی نوێی دروستبووە، وەک: (فڕۆکە، تۆمارگە، کتێبخانە، ئاسایشی نەتەوەیی، ماف پەروەر ... هتد).

٣- وەرگرتنی وشە و زاراوە لە زمانانی ترەوە: کاتێک فەرهەنگی زمان بەم دوو بەشەی پێشوو ناتوانێ پێداویستییەکانی پڕ بکاتەوە، پەنا بۆ ئەم ڕێگایە دەبات، کە ئەمیش ڕێگایەکی ترە بۆ دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمان، بەڵام بەپێی یاساو بە هۆکاری پێویست، بەگشتی وەرگرتنی وشە و زاراوە بە دوو شێوە دەبێ: ئەو وشە و زاراوانــەی کە لە زمانانی دراوسێوە وەردەگیرێن، بۆ نموونە، وەک: زمانی (عەرەبی، فارسی، تورکی)، وەک: (زەکات، حەج، قەڵا، قەلەندەر،...هتد)، لەگەڵ وەرگرتنی زاراوەی جیهانی وەک: (فەیسبوک، مۆبایل، مێیکئەپ، پەیج...هتد).

جگە لەم سێ بەشەی فەرهەنگی زمان وەرگێرانیش یەکێکە لەو ڕێگاکایانەی کە فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەکات. وەرگێران کارێکی تازە نییە دەمێکە کردەی وەرگێران ئەنجام دەدرێـت، ئەگەر وەرگێران نەبێت چۆن شـارەزای ئـەدەب و کەلتورو ڕۆشنبیری... گەلان دەبین؟ لەسەردەمی ئێستا بەهۆی ئەو پێشکەوتنەی جیهان بەخۆیەوە بینیوە خەڵکی پێویستی بە زانیاری زۆرتر بووە. وەرگێران لە ئەنجامی نەبوونی وشە و زاراوەیەک بەرانبەر ناونانی دیاردە و حالەتێک، پەنا دەبرێت بۆ ئەم ڕێگایە بۆ نموونە خۆپیشاندان. واتە گۆڕینە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر.

وەرگێر پێویستە شارەزای تەواوی لە زمان و کەلتور و مێژوو و ئەدەبیاتی ئەو گەلە هەبێت کە وەرگێرانی بۆ دەکات، هەروەها لەکاتی وەرگێراندا دەبێت جەخت لەسەر گواستنەوەی کرۆکی واتا و پەیام بکرێتەوە. باشتروایە وەرگێران ڕاستەوخۆ لەو زمانەی کە بەرهەمەکەی پێنووسراوە وەرگێرانەکەی ئەنجام بدات نەک وەرگێرانەکە لە سەرچاوەکە دوور کەوتبێتەوە، بۆ نمونە بەرهەمێک بە زمانی ئینگلیزی نووسرابێت وەرگێرانی بۆ زمانی عەرەبی بۆ کرابێت، دواتر لەزمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی فارسی وەرگێرابێت، ئینجا وەرگێرانی بۆ زمانی کوردی بۆ ئەنجام بدرێت. چونکە کاتێک بەرهەمێک وەردەگێردرێ نابێت لە نرخ و بەهای بەرهەمە ڕەسەنەکە کەم بکاتەوە، زۆرجار لەکاتی وەرگێراندا بابەت کەمکردن و زیادکردنی تێدەکەوێت. پێویستە لەسەر وەرگێرەکانمان ڕەچاوی ئەمە بکەن لەکاتی وەرگێراندا.

وەرگێڕان کارێکی زانستییە، پێویستە لەکاتی وەرگێڕاندا پەیرەوی یاسا و دەستوری زمانی بۆ وەرگێڕاو بکرێت. لە بابەتی زانستییەکان پێویستە وەرگێڕ توندگیر بێت، چونکە بابەتی زانستی پێویستی بە وردەکارییە. لە وەرگێڕانی هونەری هەر تەنها مەبەست و واتا نادات بە دەستەوە، بەڵکو توانای هونەری خۆشی پیشاندەدا. وەرگێڕان چەند جۆرێکی هەیە وەک وەرگێڕانی وشە بە وشە، وەرگێڕانی واتایی، وەرگێڕانی گێرانەوەیی، وەرگێڕانی لێکدانەوەیی، وەرگێڕانی کورتکردنەوە. هەر یەکە لەم جۆرانە لایەنی باش و خراپی خۆی هەیە هیچ کام لەم جۆرانە بێگرفت و کێشە نین.

کێشەی زاراوە لە بواری یاساییدا دەتوانین بڵێین تاڕادەیەک قورسە. زۆرجار بەڵگەنامە یاساییەکان زمان و زاراوەی تایبەتمەند بەکاردەهێنن، کە ڕەنگە تێگەیشتنیان بۆ کەسانی غەیرە پارێزەر قورس بێت. ئەم «یاساییە» دەتوانێت بەربەست بۆ دەستگەیشتن بە دادپەروەری و لەوانەیە ببێتە هۆی تێنەگەیشتن، یان لێکدانەوەی هەڵە بۆ ماف و ئەرکە یاساییەکان. لەهەمانکاتدا هەندێکجار زاراوەی یاسایی ناڕوون دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی لێکدانەوە جیاوازەکان لەلایەن دادوەرەکان، پارێزەران و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەوە. ئەم ناڕوونییە دەبێت هۆی نادڵنیایی و ناتەبایی لە جێبەجێکردنی یاساکەدا.

وەرگێڕانی زاراوەی یاسایی لە نێوان زمانەکاندا ڕەنگە قورس بێت، چونکە چەمکە یاساییەکان ڕەنگە هاوتای ڕاستەوخۆیان نەبێت، یان ڕەنگە هەڵگری واتای جیاواز بن لە زمانە جیاوازەکاندا. هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی زاراوە لە بواری یاساییدا بریتین لە بەکارهێنانی دەستپێشخەرییەکانی زمانی سادە بۆ سادەکردنی بەڵگەنامە یاساییەکان، پەرەپێدانی فەرهەنگ و فەرهەنگی یاسایی بۆ ڕوونکردنەوەی زاراوە و پێشخستنی پەیوەندییەکی ڕوون و یەکگرتوو لەناو پیشەی یاساییدا.

لە وەرگێڕانی زاراوە لە بواری زانستیدا بێگومان ئەمەش بێگرفت نییە. یەکێک لەوانە ناڕوونییە، ڕەنگە هەندێک زاراوە چەندان واتا، یان لێکدانەوەیان هەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی. زۆرجار بوارە تایبەتمەندەکان زاراوەی تایبەت بە خۆیان پەرەپێدەدەن، کە ڕەنگە بۆ ئەوانەی لە دەرەوەی بوارەکە نامۆ بن. ئەمەش

دەتوانێت بەربەست بۆ پەیوەندی نێوان زانایان و خەڵکی گشتی، یان لە نێوان زانایانی بەشە جیاوازەکاندا دروستبکات، هەروەها لە بوارە زانستییەکان بە تێپەڕبوونی کات پەرەدەسەنن و لەگەڵ ئەوانیشدا زمانەکەیان پەرەدەسەنێت زاراوەی نوێ دادەڕێژن، ڕەنگە زاراوە کۆنەکان مانای نوێ بەدەستبهێنن. وەرگێڕانی زاراوەی زانستی لە نێوان زمانەکاندا دەتوانێت چالاک بێت.

بواری ئەدەبیش وەک هەموو بوارەکانی تر لە کردەی وەرگێڕاندا تووشی ئاستەنگ و گرفت دەبێت، چونکە زمانی ئەدەبی زۆرجار پشت بە مێتافۆر و پەند و ئیدیەم دەبەستێت، واتا شاراوەکانی مێتافۆر و پەند و ئیدیەم پشت بە زانیاری دنیایی و کەلتوری دەبەستێ نەک واتای دەربڕاوی وشە. ئەم زانیارییانەش ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە کردەی وەرگێڕاندا. زمانی ئەدەبی وەک هەر زمانێک بە تێپەڕبوونی کات پەرەدەسێنێت و زاراوەی نوێ دادەڕێژرێت و زاراوە کۆنەکان لە بەکارهێنان دەردەچن و واتاکان دەگۆڕدرێن. ئەم پەرەسەندنە هەندێکجار دەتوانێت ببێتە هۆی سەرلێشێواوی یان تێنەگەیشتن، بە تایبەتی کاتێک دەقە کۆنەکان لە چوارچێوەیەکی هاوچەرخدا دەخوێندرێنەوە. زۆرجار زاراوەی ئەدەبی ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە چوارچێوەی کولتووریدا هەیە ڕەنگە زاراوەکان واتای جیاوازیان هەبێت بەپێی پاشخانی کولتووری خوێنەر. ئەمەش دەتوانێت تەحەدا بۆ وەرگێڕان و خوێنەرانی پاشخانی کولتووری جیاواز دروست بکات. لە چوارچێوەی خوێندنی ئەدەبیدا، ڕەنگە ژێربوارە جیاوازەکان (وەک شیعر، دراما، یان خەیاڵی نووسراو) پەرە بە زاراوەی تایبەتمەندی خۆیان بدەن، کە دەکرێت بۆ زانایانی بوارەکانی تری خوێندنی ئەدەبی، یان بۆ کەسانی ناپسپۆڕ نامۆ بێت.

هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی زاراوە لە زمانی ئەدەبی و بوارەکانی تردا بریتین لە پەرەپێدانی فەرهەنگ و فەرهەنگی تایبەتمەند، هاوکاری نێوان زانستەکان بۆ پەروەردەکردنی تێگەیشتنێکی هاوبەش لە زاراوە لە سەرانسەری بوارەکاندا، و گفتوگۆی بەردەوام لەناو کۆمەڵگای ئەکادیمیدا بۆ ڕوونکردنەوە و وردکردنەوەی زاراوە. سەرەڕای ئەوە، ستراتیژییەکانی پەیوەندی ڕوون و ورد دەتوانن یارمەتیدەر بن لە کەم کردنەوەی تێنەگەیشتنەکان و پێشخستنی پەیوەندی کاریگەرتر بێت و چوارچێوەی کولتووریدا.

سیاسەتی زمان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پاراستنی زمانەکاندا، بەتایبەتی ئەو زمانانەی کە مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە. یەکێک لەو هۆکارانەی کە سیاسەتی زمان بۆ پاراستنی زمان گرنگە هۆکاری سیاسییە. سیاسەتی حکومەت لە پاراستنی زمانەکان و لەناونەبردنی زمانی نەتەوە کەمینەکان گرنگە. سیاسەتەکانی زمان دەتوانن بە فەرمی گرنگی هەندێک زمان لە ناو ناوچەیەک، یان وڵاتێکی دیارکراودا بناسن و چەسپاندنیان بۆ بکەن. ئەم دانپێدانانە یارمەتیدەرە بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی ئەو زمانانە و هاندەری بەردەوامی بەکارهێنان و گواستنەوەیان. سیاسەتی زمان دەتوانێت مافە زمانی پێکهاتە کەمینەکان بپارێزێت، دڵنیابێت لەوەی کە مافی بەکارهێنان و پاراستنی زمانەکانیان هەیە بەبێ جیاوازی و سەرکوتکردن، هەروەها دەتوانن کاریگەرییان لەسەر فێرکردنی زمان لە قوتابخانەکاندا هەبێت، پێشخستنی فێرکردن و فێربوونی زمانە کەمینەکان، یان زمانە مەترسیدارەکان شانبەشانی زمانە باڵادەستەکان. ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ گواستنەوەی زانیاری زمانی بۆ نەوەکانی داهاتوو کە پەرە بە هەوڵەکانی زیندووکردنەوەی زمان دەدات.

سیاسەتەکانی زمان دەتوانن پشتگیری لە هەوڵەکان بکەن بۆ بەڵگەنامەکردن و لێکۆڵینەوە لە زمانە مەترسیدارەکان، دابینکردنی سەرچاوە و بودجە بۆ توێژینەوە زمانەوانییەکان، پڕۆژەکانی بەڵگەنامەسازی و دروستکردنی ئەرشیفی زمان. زمانەکان لە نزیکەوە پەیوەستن بە ناسنامەی کولتوورییەوە و سیاسەتەکانی زمان دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ پاراستن و پێشخستنی میراتی کولتووری لە ڕێگەی پاراستنی فرەچەشنی زمانییەوە. ئەمەش پشتگیری کردن لە پراکتیزە کولتوورییەکان، نەریتە زارەکییەکان و سیستەمی زانین کە لە ڕێگەی زمانەوە دەگوازرێنەوە. ئەو سیاسەتە زمانانەی کە فرە زمانەوانی بەرەوپێش دەبەن دەتوانن پەیوەندی و کارلێککردن لە نێوان گروپە زمانەوانی و کولتوورییە جیاوازەکاندا ئاسان بکەن، پەرە بە تێگەیشتن و لێبوردەیی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بدەن. لە هەندێک حاڵەتدا، ئەو سیاسەتە زمانانەی کە پشتگیری لە فرە زمانە دەکەن دەتوانن سوودی ئابوورییان هەبێت لە ڕێگای فراوانکردنی دەست ڕاگەیشتن بە خوێندن و هەلی کار و بازاڕ بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکان.

بە گشتی سیاسەتی زمان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە داڕشتنی هەڵوێستەکان بەرامبەر بە بەکارهێنانی زمان و لە دابینکردنی پشتیوانی و سەرچاوە بۆ هەوڵەکانی پاراستنی زمان. کۆمەڵگاکان بە جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانی گشتگیر و پاڵپشتکار دەتوانن کار بکەن بۆ ئامانجی پاراستنی فرەچەشنی زمانی و دەستەبەرکردنی مانەوەی زمانە مەترسیدارەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو.

پەرەپێدانی سیاسەتی وەرگێڕانی دروست بە چەند هۆکارێک دەبێت:

١- یەکدەنگی: سیاسەتی وەرگێڕان یەکدەنگی لە بەکارهێنانی زمان لە سەرانسەری هەموو ماددە وەرگێڕدراوەکاندا مسۆگەر دەکات. ئەم یەکدەنگییە یارمەتیدەرە لە بنیاتنانی ناسنامەیەکی بە هێزی براند و متمانە لە نێوان بەکارهێنەراندا، یان کڕیاران پەروەردە دەکات.

٢-وردبینی: سیاسەتی وەرگێڕان ستانداردەکانی وردبینی لە وەرگێڕاندا دەخاتەڕوو. ئەمەش دڵنیای دەدات لەوەی کە ناوەڕۆکی وەرگێڕدراو بە وردی ڕەنگدانەوەی پەیامی ڕەسەنە بەبێ شێواندن و تێنەگەیشتن.

٣- بە دانانی ڕێنماییەکان بۆ کوالیتی وەرگێڕان، سیاسەتێک یارمەتی پاراستنی ستانداردە بەرزەکان دەدات بۆ ناوەڕۆکی وەرگێڕدراو. ئەمەش پرۆسەکانی پێداچوونەوە و پێداچوونەوە بە وەرگێڕانەکان دەگرێتەوە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئاستی کوالیتی خوازراویان تێدایە.

٤- کارایی: هەبوونی سیاسەتێکی ڕوونی وەرگێڕان، پرۆسەی وەرگێڕان ڕێکدەخات بە دابینکردنی ڕێنمایی و سەرچاوە بۆ وەرگێڕان. ئەم کاراییە دەتوانێت ببێتە هۆی پاشەکەوتکردنی تێچوون و کاتی گەڕانەوەی خێراتر بۆ ماددە وەرگێڕدراوەکان.

لە بنەڕەتدا سیاسەتی وەرگێڕانی دروست پێویستە بۆ دڵنیابوون لە وەرگێڕانی ورد و یەکگرتوو و گونجاو لە ڕووی کولتوورییەوە کە لەگەڵ ئامانج و بەهاکانی ڕێکخراوەکەدا بگونجێت. وەک نەخشەڕێگایەک بۆ وەرگێڕان و لایەنە پەیوەندیدارەکان کاردەکات، ئاسانکاری بۆ پەیوەندی کارا و پەروەردەکردنی پەیوەندی ئەرێنی لەگەڵ ئامادەبووانی جۆراوجۆر. پێویستە ڕێژەی وەرگرتنی زاراوە بیانییەکان دەبێت بەڕێژەیەکی دیارکراو و سنورداربێت.

**پرۆفایل: د. تەلار سەباح عومەر**

- لە ساڵی١٩٧٩ لە شاری کۆیە لەدایک بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٩ پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستاسیانی هەولێرم تەواوکردووە بە پلەی دووەم.
- لە ساڵی٢٠١١ وەک خوێندکاری ماستەر لە زانکۆی سەلاحەددین دەستبەکاربووە، لە ٢٠١٣ تاوتوێی نامەی ماستەرەکەی کرا بەناونیشانی (شیکارێکی زمانەوانی ڕیکلامی بازرگانی بینراو بیستراو)، هەر لەم ساڵەش نازناوی زانستی بەدەستهیناوە. وەک مامۆستا لەبەشی زمانی کوردی دەستبەکاربووە.
- لە ساڵی/٢٠١٦ نازناوی زانستی لە مامۆستای یاریدەدەرەوە بەرز بۆوە بۆ مامۆستا.
- لە/٢٠٢٢ تاکو /٢٠٢٣ بریاردەری بەشی زمانی کوردی بووم دواتر لەسەر داوای خۆی دەستی لەکارکێشایەوە،
- لە ساڵی ٢٠٢٣ تاوتوێی تێزی دکتۆراکەی کرا بەناونیشانی (شیکردنەوەی گوتاری تەندروستی لەڕوانگەی تیۆری مەعریفییەوە) لەزانکۆی ڕاپەرین/ قەلادزی لە ٢٠٢٣/٤/٢٥ نازناوی زانستی بەرزکرایەوە بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەر.
- بە توێژینەوە بەشداری دوو کۆنفرانس و چەندان وۆرکشۆپی کردووە، چەندان توێژینەوەی بەتەنها یان بەهاوبەشی ئەنجام داوە. بەناونیشانەکانی:

١. دیاردەی جەختکردنەوە لە بانگەشەی هەڵبژاردندا
٢. کاریگەری ئایین لەسەر زمانی تاکی کورد (لێبوردەیی و توندوتیژی بە نموونە)
٣. بنەما زمانییەکان لە شیعری بەرەنگاریدا (فایەق بێکەس و هێمن موکریانی و ئەحمەد دڵزار، بە نموونە)
٤. فەرهەنگسازی ورۆڵی لە پەرەسەندن و دەوڵەمەندکردنی زماندا
٥. ڕۆڵ و کاریگەری ڕاگەیاندن لەسەر فەرهەنگی زمان
٦. ململانێ و بەریەککەوتنی زمانەکان و کاریگەرییان لەسەر زمانی دایک
٧. تیرۆرکردنی زمانی کوردی و کاردانەوەی لای دڵداری شاعیر
٨. شیکردنەوەی گوتاری ئایینی لەڕوانگەی تیۆری کردەقسەییەکان
٩. ستراتیژیەتی ئاڕاستەکردن لە گوتاری تەندروستی.
١٠. ستراتیژیەتی ڕازیکردن لە گوتاری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

# لەمەڕ کاری وەرگێڕان
# لە هەرێمی کوردستاندا

د. هۆگر شێخ مەحموود

ئەوەی ڕاستی بێت ڕەوشی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستاندا بە هیچ جۆرێک مایەی ئیرەیی پێبردن نییە! بەندە چاکیش ئەوە دەزانم کە هۆکارەکە چییە، کە بە ئەم شێوەیە کاری وەرگێڕانیش کراوەتە گاڵتەی منداڵان. وەرگێڕان بۆ خۆی زانستە و هونەریشە، بۆیە کارێک نییە، کە هەر کەس خوازتی هەبێت ئەم کارە بکات، بتوانێت هەڵکوتێتە سەری و بیکات و سەرکەوتووش بێت. کەواتە وەرگێڕان کاری وەرگێڕە، نەک هەرکەس ڕێژەیەک لە وشە و زاراوەی زمانێکی زانی، ئیدی لەگەڵیدا پەنا بباتە بەر وشەدانەکان و بتوانێت چەمک و هونەری دەقێکی نووسراوی نووسەرێکمان بۆ بکات بە کوردی، یاخود دەقێکی خۆماڵیمان بۆ وەربگێڕێتە سەر زمانێکی بێگانە.

ساکارترین شتێک بۆ وەرگێڕ، کە لە ڕووی بێت و بە خۆیدا ڕابپەرموێت بە خۆی بڵێت وەرگێڕانم کردووە، ئەوەیە کە دەبێت توانای بە سەر زمانەکەی خۆیدا بە دروستی بشکێت و لەگەڵیدا بە ئاگا بێت لە کەلتووری نەتەوەیی کورد بە شێوەیەکی دروست، بە دووای ئەو ئاگاییەدا، دەبێت بە هەمان شێوە ئاستی زانینی بۆ ئەو زمانەی کە بۆی وەردەگێڕێت، یان لێوەی وەردەگێڕرێت، دەبێت زۆر کەمتر نەبێت لە زمانەکەی خۆی، بۆیە ئەگەر لە هەر کامێکیاندا کوڵ بوو، ئەوا ئەو وەرگێڕانە وەرگێڕان نابێت و دەکرێت بە وەرگەڕان ناودێر بکرێت!، چونکە بەدڵنیاییەوە ناتوانێت بیر و چەمک و زمانپاراویی دەقەکە بگوازێتەوە. خۆ ئەگەر ئەوەشی لەباردا نەبوو، ئەوە واتای ئەوەیە کە لە کارەکەدا دەستپاک نابێت.

لە ئێستادا لە ئەم هەرێمەی ئێمەدا، بەرەکەتدا ! هەروەک چۆن نووسەری زۆر و بۆری کوردی نەزانمان تێدا هەڵتۆقیون! شتێک لەوە کەمتر وەرگێڕی بازاڕیمان هەن، کە بڕواناکەم لە کەمترین ئاستدا، بە ئاگاییەکی پێویستیان سەبارەت بە وەرگێڕان هەبێت. هۆکاری سەرەکیی ئەم پاشاگەردانییەی بواری نووسین و وەرگێڕان لە هەرێمەکەماندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە هیچ پێودانگێک بۆ ئەم کارە گرنگانە لە ئارادا نییە، تاوەکو لە ڕێگەیەوە ئەرێ ـ پێدان و وەلانان بۆ کارە لەبار و نالەبارەکان بکرێت. لە نەبوونی ئەو پێودانگانەشدا، ئیدی « ئۆخەی ئۆخەی هەر کەس بۆ خۆی» دەست پێدەکات، وەک ئەوەی کە ئێستا لە ئارادایە.

ئەم قسانە هەرگیز بە ئەو واتایە نییە، کە بڵێم، لە هەرێمدا نووسەری ڕژد و وەرگێڕی ڕژدمان نەماون. نەخێر، ئێستاش چ نووسەر و چ وەرگێڕی لەبارمان

هەن، بەڵام دەستگایەک نییە، کە هەڵسەنگاندن و پێزانین و ئافەرینی شایستەکان بکات و بە پێچەوانەشەوە، بە ئەوانەی کە خۆیان پەستووەتە ئەم بووارانەوە، بڵێین لێرەوەو بەس، ئیدی کارەکانیان لە بوواری نووسین و وەرگێڕاندا، وەک زۆڵەک و داڕوجان بناسێنرێنن، تاوەکو کەسی تر نەتوانێت پڕکێشیی دەستبردن بۆ ئەو کارە گرنگانەیان هەبن.

ئێمەی کورد، لە ئەم پارچەیەی نیشتمانەکەماندا، کە وا بۆ سی وسێ ساڵ دەچێت، ئەم دیفاکتۆیەمان هەیە، دەبوو دەستگای تایبەتیمان بۆ ئەو بووارە هەبووایە و هاوکات لە زانکۆکانماندا بەشی وەرگێڕانی ڕاستەقینەمان هەبووایە، بەڵام وەرگرتنی خوێندکار تێیاندا بە گوێرەی چاوپێکەوتنی لیژنەی پسپۆڕ، ئەنجامبدرایە. ئەودەم ئەگەر خوێندکاری خوازیاری ئەو بەشە، خۆی کوردیزان نەبێت و لە کەلتووری نەتەوەکەی بە شێوەیەکی سەرەتایی ئاگادار نەبێت، هەلی وەرگرتنیان لەئەو بەشانەدا پێنەدرێ، چونکە دەبنە بار بە سەر بەشەکەوە. ئاکام، ئەگەر بڕوانامەی ئەو بەشەش وەربگرن، ئەوا ئەوە نایانکاتە وەرگێڕ، چونکە وەک وتمان لە بنەچەدا ئەو مەرجانەیان تێدا نییە، کە دەبنە بناغەی ئەم کارە و لەگەڵیدا دەبێت کەسەکە حەزی بۆ کاری وەرگێڕان هەبێت، ئەودەم دەکرێت لە ئەو بەشانەوە وەرگێڕی ئاکادیمی بە کوردەواری ببەخشرێت. ئەمەش دیسان واتای ئەوە نییە، کە هەر کەس لەو بەشانەوە دەرنەچووبن نەتوانن وەرگێڕی سەرکەوتوو بن، بەڵام ئەو سەرکەوتووانە لە کۆمەڵدا هەمیشە دەستەبژێرێکی کەمن، کە هەر سێ مەرجەکەی پێشوویان تێدابووە، بۆیە دەبینین سەرکەوتووبوون و جێدەستیشیان لە پەرتووکخانەکانی کوردستاندا دیارە و درەوشاوەن. هەر بۆ نموونە عەبدوڵڵای حەسەنزادە، مەلا شوکور، عەزیز گەردی، سەعید ناکام، ...تاد، لە ئەو وەرگێڕە سەرکەوتووانەن. لە لایەکی تریشەوە، لە هەرێمەکەماندا پرسی زمان نەبووەتە خەمی دەسەڵات و میریی هەرێم، کە ئەمە گرنگترین پرسی نەتەوەییمانە، جا ئەگەر ئەمەش نەبووبێتە بابەت بۆیان، ئیدی دەبێت پرسی وەرگێڕان لە لایان چۆن ڕەچاوبکرێت؟!

سەبارەت بە کێشەکانی بوواری «زاراوەسازی»یش، بە هەمان شێوە، ئەمە پرسێکی لە دابڕان نەهاتووی زمانە بە گشتی، چونکە دوواجار زاراوە دەبێتە کەرەسە و لە زمانەکەدا بەکاردێت، بەپێی ئەو بووارەی کە زانستێک لە زانستەکان،

بۆ گوزارشت کردن لە بابەتە تایبەتەکانی خۆی، بە پێویستی زانیوە. لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستاندا، ئاکادیمیای کوردیمان هەیە، بەڵام دەستگایەکی زۆر کارا نییە و هاوکات حیزب وەک دامەزراندن و بەپێی بەشبەشێنەی حیزبەکان، ئەندامی تێدەپەستن، بۆیە ناکرێت، تەنانەت بە ئەو ئاستەش بچوێنرێت، کە کۆڕی زانیاریی کورد لە ڕۆژگاری ڕژێمدا هەیبوو.

لە لایەکی تریشەوە، ئێمە دەبوو «ئاکادیمیای زمانی کوردی» مان هەبووایە و تێیدا زمانزان و زمانەوانانی سەرجەم زار و گۆڤەرەکانی زمانەکەمان، بەپێی پێوەری توانای ڕاستەقینە و پیتۆڵییان، جێگەیان تێدا بگرتایە، دوور لە دەستێوەردانی حیزبان. ئەودەم دەکرا لیژنەی لێزانی کارا بۆ ئەو لایەنە دابنرێت و ئەوان ئەو زاراوانە بەپێی ڕێزمان و سەلیقەی کوردەواری، دابنێن یاخود لە زمانەکەوە وەک زاراوە ئەرێی پێ ـ بدرێت، یان دابتاشرێت و ئیدی زمانەکە لە پاشاگەردانی بمواری زاراوەسازی ڕزگاربکرێت. دیارە دەبێت ئەوەش لە یاد نەکەین، کە ئەو لیژنە پسپۆڕە بۆ هەر بوارێکی تایبەت، دەبێت پسپۆڕانی ئەو بووارانەیان لەگەڵدا بێت، ئەوجا دەتوانن ئەرێ بە پێکهاتەیەکی زمان، وەک زاراوە بدەن، کە بخرێتە فەرهەنگی زمانەکەوە. بۆ نموونە لە بمواری زاراوە قانوونییەکاندا، ناکرێت کەمتر لە دوو پارێزەر و دادوەری کارامەیان لەگەڵدا بێت، تاوەکو ئەوان لە کاتی وەرگێڕاندا، هاوکاری لیژنەکە بن، لە لایەنی مەبەست و چەمکی زاراوەکەوە دەنا، خۆبەخۆ بەبێ ئەو پسپۆڕانە، ناتوانن ئامانج بپێکن. ئەم بۆچوونەم بۆ سەرجەم بووارەکان، ڕاستە، جا چ زانستبێت یاخود پزیشکی یان ئەدەبی و ...تاد.

سەبارەت بە پرسی وەرگێڕان و «ڕامیاریی زمانی» یش دەکرێت بڵێین، کە هەرێم و میریمان ڕامیاری زمانیی نییە و بۆیشی نەبووەتە بابەت و پرس. خۆ ئەگەر وانەبووایە، ئەوا ئێستا ئەو پاشاگەردانییەی کە سەبارەت بە زمان و نووسینی کوردی لە ئارادایە، نەدەبوو، چونکە ئەوە ڕامیاریی زمانییە، کە ستراتیژی زمانی دادەڕێژێت و بەپێی ئەو ستراتیژە کاردەکرێت و پلانی هەنووکەیی و درێژخایەن سەبارەت بە زمان دادەنرێت و سەرجەم دامودەستگاکانی پابەند دەکات، کە لێیدەرنەچن و بەوردی جێبەجێیبەکەن.

ئەوجا ئێمە ئەگەر ڕامیاریی زمانیمان هەبووایە، ئیدی چۆن ڕێگە دەدرا هەرچی چوار وشەی زانی، خۆی لێ ببێتە وەرگێڕ و نووسەر و بە پاچ و پێمەڕەی نەزانینەوە بکەوێتە وێزەی زمانی کوردی؟!. بەدڵنیاییەوە، ئەو وڵات و نەتەوانەی، کە پێڕەویی لە ڕامیاریی زمانی دەکەن، ئەوا زمانیان پارێزراو دەبێت. واتە هەر کەس بۆ خۆی نابێت، بەڵکو هاودەنگی سەبارەت بە کۆی ئەو پرسانەی، کە پەیوەندییان بە زمان و نووسین و ... تاد، هەبێت، دەبێت. هەر کات ئەو هاودەنگییە فەراهەمبوو، ئیدی پاشاگەردانی نابێت و زمان پارێزراو دەبێت.

هەبوونی ڕامیاریی زمانی، واتە کۆی ئەو کایانەی بە زمانەوە بەندن، بەشێوەیەکی پێڕەوبەندی دروست کاریان بۆ دەکرێت. کەواتە وەرگێڕانیش بە ئەو شێوەیە نامێنێتەوە، کە هەیە و ئیدی کوردواتەنی: «نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب» دەبێت. ئەودەم ئیدی سەبارەت بە زاراوەسازییش و وەرگرتنی زاراوەی بیانییش، هەرەمەکییەتی نامێنێت و لیژنەی پسپۆڕ کاری زاراوەدانان، یاخود وەرگرتن لە زمانی بێگانەوە دەکات و بڕیارلێدەدات.

***پ.د.هۆگر شێخ مەحمود- زانکۆی سلیمانی**
- ١٩٥٦ لەشاری سلێمانی - گەڕەکی مەڵکەندی هاتووتەتە ژیانەوە
- بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی کوردی زانکۆی سلیمانی بەدەستهێناوە .
- لە یەکەم خولی خوێندنی باڵا -ماجستێر لە هەمان زانکۆدا بۆ پسپۆڕیی زمان وەرگیراوە و بە سەرکەوتوویی تەواوی کردووە.
- لە ٢٠١٥ وە پلەی پرۆفیسۆری هەیە .
- پتر لە سێ دەیەیە ، کە وەک مامۆستا لەزانکۆی سلێمانی لە کار دادیە .
- لە چەند زانکۆیەک بەشێوەی سەردان وانەی وتووەتەوە .
- لە بواری زماندا ، لێکۆلینی زانستی لە گۆڤاری زانکۆکانی هەرێمدا بڵاوکردوونەوە.
- لێکۆڵین و وتاری. بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی لە بڵاوکراوەکانی دەرەوەی زانکۆ ، چ لە هەرێم و ئێراق و دەرەوەدا ، بڵاوکردوونەوە .
- لە ژمارەیەکی زۆر لە کۆڕ و کۆنفرانس و کۆنگرەی تایبەت بە زمان و ئەدەب و مێژوو و ڕامیاری ، لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم و وڵاتاندا بەشداربووە
- ئەندامی دەستەی ڕاوێژکاری گۆڤاری زمانناسیی زمان و زارە...

# کردەی وەرگێڕان و گرفتی ناسەقامگیریی چەمك و زاراوە لەناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا

د.یادگار لەتیف شارەزووری

**پێشەکی:**

وەرگێڕان بە درێژایی مێژووی چالاکی فەرهەنگیی و مەعریفیی و زانستی مرۆڤایەتی هەردەم بەردی بناغە و پردی پەڕینەوە بووە، لە ئەوەوە بۆ خود و لە خودەوە بۆ ئەو، چونکە بەڵگەنەویستە کە بەبێ ئاڵۆگۆڕکردنی زانست و مەعریفە، کرانەوە بەدی نایەت، بە بێ کرانەوەش، ناتوانرێت ڕێبازی فیکریی و قوتابخانەی ئەدەبی و تیۆریی زانتسی بەرهەمبهێنرێت، ئەمە وای کردووە کە وەرگێڕان ببێتە ئامرازی سەرەکی وەرگرتن و گەیاندن لەلای ئەو گەلانەی دووچاری دواکەوتنی مەعریفی و زانستی هەمە لایەن بوون. لەلای ئەو گەلانەشی بوونەتە هێزیی ئیمپریالی، هەروەها لەلای ئەو سیستەمە شۆڤینیانەی ویستوویانە بە بەرنامە فەرهەنگ و ناسنامەی ئەو گەلانە بسڕنەوە کە بوونەتە بەشێک لەو سنوورە جوگرافیی و سیاسییە کۆلۆنیالیزمی جیهانی بۆی دارشتوون، وەرگێران کراوتە ئامرازی باڵادەستی و سڕینەوە.

ئەدەبی کوردی بە تایبەتی و بواری فیکر و زانستی کوردی بە گشتی لەم کێشمەکێشە بە دوور نەبووە، وەک هەر گەلێکی پاشکەوتوو لە ڕەوتی زانستی جیهانی، توێژەر و بیرمەندانی کورد هەوڵیانداوە لە ڕێگای وەرگێڕانەوە بکرێنەوە بە ڕووی جیهاندا و خۆیان وخوێنەری کورد بەهرەمەند بکەن لە تیشکیی زانستی جیهانی. ئەگەر لە سەردەمی کۆندا وەرگێڕان و کاریگەربوون بە زمان و ڕەوتی زانستی و فکیریی عەرەبیی و پاشان فارسیی خاڵی دەستپێک و سوود لێ بینین بووبێت، ئەوا ئێستا بەهۆی بە جیهانیبوون و ئەم کرانەوە سەرسوڕهێنەرەوە سەرچاوەکانی وەرگرتن فرەچەشەنن، جگە لە عەرەبیی و فارسیی، وەرگرتن لە زمانی ئینگلیزیی و وەرگێڕان لێیەوە لە پاڵ زمانەکانی فەرەنسیی و ئەڵمانیی و هەندێک زمانی دیکەوە، بووەتە دیاردە و خاڵی باش و ناباشی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، کە دیارترینیان شڵەژان و نا سەقامگیریی بواری چەمک و زاراوەسازی ڕەخنەی ئەدەبییە.

**تەوەری یەکەم: چەمک لە نێوان سەقامگیری و نا سەقامگیریدا**

زانایانی بواری زانستی زاراوە دەڵێن چەمک ((Concept دامەزراوەیەکی عەقڵی، فیکرییە، لە شتێکی دیارکراوەوە پەیدابووە. بە واتایەکی وردتر، چەمک پاڵفتەی بیر و بۆچوون و تیۆر و فەلسەفە مەعریفییەکانە، هەندێک جاریش ئەنجامی ئەزموون و کارکردنە لە ناو ڕێڕەوە مەعریفی و فیکرییەکەیدا (الحمد، ٢٠٠٥: ١٦٩).

دیارترین ئەو چەمکانەی لە بواری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیی بەکاردێت (ڕەخنەی پراکتیکی) لەلای هەندێک ڕەخنەگران بە ڕەخنەی شیکاری یاخود میتۆدی شیکاری یاخود ڕەخنەی نوێ یاخود قوتابخانەی ڕەخنەی نوێ ناسرا. ئەم نا یەکانگیری و فرەییە لە ڕەهەندێکی بەشیدا قەتیس نامێنێت، بەڵکو پەل دەهاوێت بۆ کایە ئەدەبی و ڕەخنەیی و فیکرییە گەورەکانی وەک (تازەگەریی و پاش تازەگەریی)، کە لەگەڵیدا چەندین دەستەواژە و دەربڕینی وەک (نوێخوازیی / پاش نوێخوازیی و مۆدێرنە/ پاش (پۆست) مۆدێرنە و مۆدێرنیزم / پاش (پۆست) مۆدێرنیزم و مۆدێرنێتە و پاش (پۆست) مۆدێرنێتە و پاش بنەماگەرایی) بەکار دێت، ئەمیش بەهۆی جۆراوجۆری سەرچاوەکانی چەمکەکە و جۆراوجۆری وەرگرتن و نەبوونی دامودەزگای نیشتمانییەوە ڕوو دەدات.

ئەم نا سەقامگیرییە لە چوارچێوەی ئەم چەمکە زۆر بەرفراوانانەدا کورت نابێتەوە، بەڵکو پەلدەهاوێت بۆ هەموو ئەو چەمکانەی بەشێکن لێی، ئێمە ئەگەر وەک نمونە تەنیا بواری ڕەخنەی پاش کۆلۆنیالیزمی بە نمونە وەربگرین، ئەوا ئەم کۆمەڵە چەمکە زۆرەی ئێستا پیشانی دەدەم، شایەنی ئەوەیە لە ڕووی بەرامبەر دانانەوە کاری وردی لەسەر بکرێت:

وەک چەمکی (ئەدەبی پاش کۆلۆنیالیزمیی) و (وەڵامدانەوە بە گێڕانەوە) و (گێڕانەوەی جێگر) و (خوێندنەوەی هاوئاوازیی لەلای ئیدوارد سەعید) (دانیشتووانە ڕەسەنەکان aboriginal) و لەبەرگرتنەوە abrogation) و (کارایی agency) و (دووسەری ویژدانی ambivalence) و (بەرەنگاربوونەوەی کۆلۆنیالیزم - anti colonialism) و (ئەپاردایت) و (ڕەسەن و ڕەسەنایەتی) و (دەستبەسەرداگرتن) و (دوالیزمە) و (هۆشیاریی بە ڕەش پێستی) و (بخۆرانی گۆشتی مرۆڤ) و (کاریبی/ هیندیی ڕۆژئاوا) و (ناوند و پەراوێز) (جیاکاریی ڕەنگی) و (چین و پاش کۆلۆنیالیزم) و (حەزی کۆلۆنیالیزمی) و (گوتاری کۆلۆنیالیزمی) و (ئەدەبی کۆمێنوێلس) و (گوتاری دژ) و (کەریۆلی) و (جۆراوجۆرۆی کەلتووری/جیاوازی کەلتووری) و (هەڵوەشاندنەوەی ئیستیعمار) و (تیۆریی پاشکەوتەیی) و (پەرتەوازەیی/شتات) و (ئیمپریالیزمی ژینگەیی) و (ناوەندویستی ئەورووپیی) و (باڵادەستی/هیمنة) و (فرەتوخمی/ هجنة) و (ئیمپریالیزم) و (سەربەخۆیی) و (لاساییکردنەوە) و (ئاوێتەبوونی ڕەگەزەکان) و (تازەگەریی و پاش کۆلۆنیالیزم) و (زمانی نەتەوەیی) و (بزوتنەوەی

زەنجی) و (ئەدەبە نوێیەکان) و (ڕۆژهەڵاتناسی) و (ئەوی دیکە) و (دروستکردنی ئەوی دیکە) و (شوێن) و (جەستەی پاش کۆلۆنیالیزمی) و (پاش کۆلۆنیالیزمی) و (خوێندنەوەی پاش کۆلۆنیالیزم) و (نەژاد) و (کێویی / شارستانی) و (پەراوێزخراو) و (خود و خودگەریی) (جیهانی سێیەم / یەکەم، دووەم، چوارەم) و (جیهانیی) و (تیۆری سیستەمی جیهان) و (ڕەنگکردنی جیهان بە ڕەنگی جیهانی ئەوروپی)، لەهەرە چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکانی پۆست کۆلۆنیالیزمن. جگە لە چەمکەکانی وەک: (واقیعی سەرسوڕهێنەر و واقیعی بوونیی) و (ئەرکیی ئەدەبیی و ئەرکی شیعریی) و (تیۆریی گەیاندن) و (چەمکی نەهێشتن / السلب) و (ناسنامە) و چەندانی تر.

**تەوەری دووەم: زاراوە لە نێوان سەقامگیری و نا سەقامگیریدا.**

زاراوە (Term) بریتییە لە ڕێکەوتنێکی زمانەوانی لەسەر بنەمای دەستەواژەیەکی دیارکراو کە لە نێوان کۆمەڵە کەسێکی تایبەتمەند لە زانستێکی دیارکراوەوە، لە چوارچێوەی پرۆسەی زانستیدا لەسەری ڕێک دەکەون و کاری لەسەر دەکەن، ئەمەش وای کردووە پێناسەیەکی وردتر بکرێت و بە وەسفکردنی زمانەوانی چەسپاو بۆ شتێکی دیارکراو، دابنرێت. ڕێکەوتنی پسپۆڕان و چەسپاوییەکەی ڕۆڵ دەبینێت لە ڕوونکردنەوەی واتای زاراوەدا، تا وای لێدێت لە نێوان پسپۆڕانی زانستێکی دیارکراودا باو و ناسراو و کارپێکراو دەبێت، هەر ئەمەش وای کردووە بوترێت کە زاراوە و پرۆسەی زاراوەسازی بەردی بناغەی هەموو زانستێکە، زاراوە و پرۆسەی زاراوەسازی کاریگەری ئەرێنی زۆر باشی هەیە لەسەر دامەزراندنی زانستەکان و پێشخستنی زمانەکان و بەرفراون کردنیان (بن مالک، ٢٠٠٠: ٧). هەموو زانستێکیش خاوەن کۆمەڵە زاراوەیەکی ڕێکخراوە، گەر بێ ئاگا بین بەرامبەریان، نا توانین سەر لەو زانستە دەربکەین و لێی تێبگەین (التهانوي، ١٩٩٦: XXVIX و ١/ ١).

لە ڕەخنەی کوردیدا؛ بواری مەنهەج یاخود میتۆدە ڕەخنەییەکان زەقترین بواری ناجێگیریی یاخود نا سەقامگیرییە، هەندێک میتۆد و هەندێک مەنهەج و هەندێکیش تیۆری ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئەم بوارە بەکار دەهێنێت، ئەم نا سەقامگیرییە پەلی هاوێشتووە بۆ ناوی مەنهەجەکان، هەندێک توێژەر(بونیادگەریی) و هەندێکی دیکە (بنەما خوازیی) و هەندێکی تریش (بنەماگەریی) و هەندێکی تریش (پێکهاتە خوازی و پێکهاتە گەریی) بەرامبەر (البنيوية - Structuralism) بەکار دەهێنن.

هەمان ڕەوش بەدی دەکەین لەگەڵ (Deconstruction) کە هەندێک کەس بە هەڵوەشانەوەگەریی و هەندێکی دیکە بە هەڵوەشانەوە خوازیی و هەندێکی دیکە تەنیا هەڵوەشاندنەوەی بۆ بەکار دەهێنێت. هەمان گرفت لەگەڵ (Cultural Criticism) دێتە ڕێمان، کە هەنێکمان بە (ڕەخنەی ڕۆشنبیریی) و هەندێکی ترمان لەبەرامبەریدا (ڕەخنەی فەرهەنگیی) و هەندێکی ترمان بە (ڕەخنەی کەلتووری)مان بەکارهێناوە.

ئەم بارە ناجێگیرە باڵی بەسەر مەنهەجەی سیمیۆلۆژییشدا کێشساوە؛ لە وەرگێڕان و نووسینە کوردییەکاندا بە (سیمیۆلۆجیا و زانستی سیمیۆلۆژیا و سیمیۆتیکا و زانستی نیشانە و سیمیۆلۆژی) وەرگێڕدراوە. هۆکاری ئەم فرەییەش بۆ بوونی گرفت لە بزاڤی وەرگێڕان و نووسینی کوردیدا و هەم بۆ کۆنی و بوونی گرفت لە سەرچاوە و ژینگەی یەکەمی ئەم زاراوەدا دەگەڕێتەوە.

ئەگەر لە بواری مەنهەجە ڕەخنەییەکانی پاش نوێخوازیدا (تیۆرەکانی وەرگرتن Theory Reception یاخود ئێستاتیکای وەرگرتن Aesthetics Reception) بە نموونە وەربگرین ئەوا خۆمان لەبەرامبەر ناسەقانگیریەکی بەرچاودا دەبینینەوە، کە تا ئێستا وەک پێویست لا بەلایدا نەکراوەتەوە. وەک زارارەوکانی (التلقی Reception) و هاتنەوەڵام (الاستجابە Response) و (دانەر author) و (نمونەی ئاڵوگۆڕیی Paradigm) و (هەڵواسین یاخود ئیبۆخیی / Epoche) و (ئاسۆی ئەزمون Horizon Experience) و (جەمسەری هونەریی Artistic Pole) و (جەمسەری ئێستاتیکایی Aesthetic Pole) و (ئاسۆی چاوەڕوانی Horizon Expectation) و (ڕوانگەی گەڕۆک) و (دووریی ئێستاتیکایی Aeasthetic Distance) و (بنەمای هێڵکاریی) و (تەئویل یاخود هێرمێنیۆتیکا) و (چەقی ڕوانین focalization) و (کەسایەتی پڕبزاوت Dynamic Character) و (دیارینەکردن Indeterminacy) و(بەرجەستەکردن conceretization) و (بەجێهێنان realization) و (وەرگر receiver و نێرەر sender) و(خوێنەری شاراوەReader The Implied) و(خوێنەری ڕاستەقینە Real reader) و (خوێنەرێکی لە مێشکدا دانراو Hypothetical Reader) و (خوێنەری نمونەیی Ideal Reader) و (خوێنەری هاوچارخ Contempoorarey Reader) و(سوسەکردن / الحدس Intuitions) و (کۆمەڵانی ڕاڤەکار - الجماعات المفسرة Interpretive Communities)) و چەندین زاراوەی دیکە. ئەمانە هەموویان کۆمەڵە زاراوەیەکن پێویستە کاری زۆریان لەسەر بکرێت و بە ڕێکخراویی و زانستیانە

و بە پشت بەستن بە سروشتی زمانی کوردی و بنەما و بنچینەکانی داڕشتنی زاراوە و بە هاودەنگی توێژەران و بە وریاییەکی زمانەوانی تەواوە بەرامبەری کوردی بۆ دابنرێت.

هۆکاری سەرەکی ئەم ناسەقامگیرییەی چەمک و زاراوەکان بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، یەکەمیان: نەبوونی دەزگایەکی فەرمیی یان چەند دەزگایەکی فەرمی تایبەت بە بواری وەگریڕان. دووەمیان: قوڵنەبوونەوەی توێژەر و ڕەخنەکارانی کورد و خۆماندوو نەکردنی زانستیانەی پێویست و تاک ڕوانین و تەنکبینین. سێیەمیان: نوێیی هەندێک چەمک و زاراوە و ناجێگرییبوونی لەناو ئەو شوێنەی تیایدا دەرەکەوتووە، بە تێپەڕبوونی کات و کارکردنی زۆر لەسەریان، گرفتی ئەم جۆرە لە چەمک و زاراوانە چارەسەر دەبێت.

ئەوەندەی کراوە من لە بەرهەمەکانی وەک (تیۆرەکانی وەرگرتن – لە ئێستاتیکای وەرگرتنەوە بۆ ڕەخنەی هاتنەوەڵامی خوێنەر) و (دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدبی – بنچینە مەعریفیەکانی میتۆدە ڕەخنەییەکان) و (عیرفان و ژیان – ڕوانگەیەکی تەئویلی بۆ شیعری مەحوی) و لە چەند توێژینەوەیەکی ئەکادیمی وەک (سەقامگیری و نا سەقامگیری چەمک و زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبی  لە ناو پڕۆسەی وەرگێڕاندا) و (زەوتکردنی زمان – ڕەهەندە نوێییەکانی ڕۆمانی پۆست کۆلۆنیالیزم لە ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکییدا) کارم لەسەرکردووە.

**لیستی سەرچاوەکان:**

١-التهانوي، محمد بن علي، موسوعة كشاف اصطلاحات الفنون والعلوم، ، تقديم وإشراف ومراجعة: د.رفيق العجم، تحقيق: د.علي دحروج، نقل النص الفارسي إلى العربية د.عبدالله الخالدي، الترجمة الأجنبية: د.جورج زيناتي، مكتبة لبنان- بيروت، ط١، ١٩٩٦.

٢-توسان، برنار، ماهي السيميولوجيا، ، ت: محمد نظيف، ط٢، إفريقيا الشرق، المغرب، ٢٠٠٠.

٣-توم، جين.ب، نقد استجابة القاريء من الشكلانية إلى ما بعد البنيوية، ت:حسن ناظم وعلي حاكم، مراجعة وتقديم:د.محمد جواد حسن الموسوي، المجلس الأعلى للثقافة- القاهرة ١٩٩٩.

٤-تيلر، سوزان، النص والقاريء، حوار مع فولفغانغ ايزر، قامت بإجرائه: سوزان تيلر، ت:محمد درويش، مجلة الأقلام، العدد:١-٢، السنة السابعة والعشرون، كانون الثاني- شباط ، بغداد- ١٩٩٢.

٥-حمادة، إبراهيم، مقالات في النقد الأدبي، دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٢.

٦-دريدا، جاك، في علم الكتابة، ت: أنور مغيث و منى طبلة، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ط٢، ٢٠٠٨.

٧-دورتية، فرانسوا دورتيه، معجم العلوم الإنسانية، ت: د. جورج كتورة، كلمة ومجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، أبو ظبي، الإمارات العربية المتحدة، ط ٢، ١٤٣٢هـ - ٢٠١١م.

٨-ديتشس، ديفيد، مناهج النقد الأدبي، ترجمة: د. محمد يوسف نجم، ط١، دار صادر للطباعة والنشر، ١٩٦٧م.

٩-ديكرو، أزوالد و ستشايفر جان ماري، القاموس الموسوعي الجديد لعلوم اللسان، ت: منذر عياشي، المركز الثقافي العربي، بيروت - الدار البيضاء، ط٢، ٢٠٠٧.

١٠- راغب، نبيل، موسوعة النظريات الأدبية، د. نبيل راغب، الشركة المصرية العالمية للكتب، لونجمان، مصر، ٢٠٠٣.

١١-كونزمان بير، فرانز- بيتر بوركارد، فرانز فيدمان أطلس dtv الفلسفة مع ١١٥ لوحة بيانية ملونة ، اللوحات الملونة من إعداد أكسل فايس، ت: د.جورج كتورة، المكتبة الشرقية، بيروت - لبنان، ٢٠٠١.

١٢-القاسمي، علي، مقدمة في علم المصطلح، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٨٥.

١٣-وغليسي، يوسف، إشكالية المصطلح في الخطاب النقدي العربي الجديد، منشورات الاختلاف، الجزائر العاصمة – الجزائر و الدار العربية للعلوم - ناشرون، بيروت – لبنان، ط١، ١٤٢٩هـ - ٢٠٠٨م.

١٤-ويليك، رينية الهجوم على الأدب، ، ت: حنا عبود، دمشق – سوريا، ط١، ٢٠٠٠.

پرۆفایل: پ.د. یادگار لەتیف شارەزووری

- سەرۆکی بەشی زمانی عەرەبی لە کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین (٢٠١٠ – ٢٠١٩).
- خاوەنی (٤٢) توێژنەوەیە.
- خاوەنی (١٧) پەرتووکە، بەزمانی کوردی و عەرەبی.

- جماليات التلقي في السرد القرآني دانان دار الزمان/ دمشق٢٠١٠
- المفاتيح الشعرية - قراءة أسلوبية في شعر بشار بن برد-دانان- دار الزمان/ دمشق٢٠١٢
-تیۆرەکانی وەرگرتن لە ئیستاتیکای وەرگرتنەوە بو رەخنەی هاتنەوەلامی خوینەر (باللغة الكوردية). دانان
- بنكەی رۆشنبیری گەلاویژ/ سلیمانی. چاپەمەنی خانی. ٢٠١٢ و چاپی دووەم ٢٠٢١
- دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی – بنچینە مەعریفییەکانی میتۆدە ڕەخنەییەکان.دانان - کتیبخانەی فێربوون، هەولێر - کوردستان ٢٠١٥
- الظاهراتية والنقد الأدبي – الأصول المعرفية للمناهج النقدية، قصيدة جذر السوسن لأدونيس ميدان- تطبيقيا-دار الزمان/ دمشق ٢٠١٥
- مرۆڤی کارا لە قورئاندا- دار محوي، أربيل – إقليم كردستان العراق٢٠١٨
- السرديات المعاصرة من قبل الحداثة إلى بعد ما بعد الحداثة – ثورة الخيال السردي. دار الزمان - دمشق ٢٠١٨
- عیرفان و ژیان - ڕوانگەیەکی تەئویلی بۆ شیعری مەحوی. هەولێر، ٢٠٢٠
- نقد العقل الراكد - قراءة في مشروع مسعود محمد الفكري، دار الابتكار، الأردن، ٢٠٢١
- من الغياب إلى الاغتراب - قراءات نقدية داخل كثافات نصية، دار الابتكار ، الأردن، ٢٠٢١
- ؤماني ئؤتاوا ٢٠٤١، سەنتەری زەهاوی، سلێمانی» ٢٠٢٢
- دیوانی شیعری: (بێدەنگیت وتنە، غيابت نووسين)، هەولێر، ٢٠٢٣
- فاعلية الغياب في شعر محمود درويش - قراءة تفكيكية، دار الزمان، دمشق، ٢٠٢٣
- گەشەسەندنی ژیاری ئیسلامی- دەرکەوتەکانی بیری کراوە، سەنتەری زەهاوی، سلێمانی، ٢٠٢٣.

# چەمك و
# پێناسەی وەرگێڕان

د. ئازاد ئەمین باخەوان

وەرگێڕان بریتییە لە پرۆسەی گواستنەوەی مانا لە دەقێکەوە کە بە زمانی سەرچاوە (زمانی بنەڕەتی) نووسراوە بۆ دەقێک بە زمانێکی ئامانج (ئەو زمانەی کە وەرگێڕدراوە بۆی) . لەگەڵ پاراستنی شێواز و واتای دەقەکە .

ئەم جۆرە گواستنەوەیە پێویستی بە تێگەیشتنێکی قووڵ هەیە لەو زمان و کەلتوور و چوارچێوەیەی کە ئەو دوو زمانە تێیدا بەکاردەهێنرێن. وەرگێڕان تەنها گواستنەوەی وشە و دەستەواژە و ڕستە نییە، بەڵکو گواستنەوەی بیر و هزر و مانا پەردەپۆشەکانیش دەگرێتەوە، ئەمەش وایکردووە ببێتە پرۆسەیەکی ئاڵۆز کە پێویستی بە لێهاتوویی و شارەزایی زمانی و کولتووری هەیە. وەرگێڕان لە زۆر بواردا وەک ئەدەب، زانست، تەکنەلۆجیا، یاسا، سیاسەت بەکاردێت و بۆ پەیوەندی و لێکتێگەیشتن لە نێوان کولتوورە جیاوازەکاندا زۆر پێویستە. هەروەها دەتوانیین بڵێین پرۆسەی وەرگێڕان بریتییە لە تێگەیشتن لە دەقی بنەڕەتی بە شێوەیەکی ورد و قووڵ. پاشان دووبارە داڕشتنەوەی ئەو دەقە بە شێوەیەک کە لەگەڵ کولتوور و زمانی ئەو نەتەوەیە بگونجێت. کەواتە وەرگێڕان ئامرازێکە بۆ گەیاندنی هزر و زانیاری لە هەموو کولتوورەکان و بەشدارە لە بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن و پەیوەندییە جیهانییەکان .

سەبارەت بە ڕەشی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستاندا من بە ناتەندروستی دەبینم، چونکە ئێستا کاری وەرگێڕان بۆتە کارێکی تاکە کەسی و هەر کەسێک کەمێک زمانێکی تر بزانێت دەست دەکات بە وەرگێڕان و چاپکردنی ..! واتە لە ئێستادا پاشاگەردانییە ... بۆیە دەبێت دەزگایەکی بە دەسەڵات و بە توانا« لەڕووی زانستییەوە » هەبێت تاوەکو بتوانێت بارودۆخەکە کۆنتڕۆڵ بکات ... لەلایەکی دیکەوە ئەمڕۆی کوردستان وا دەخوازێت بەهۆی نەبوونی ئەو دەسەڵاتە زانستییەوە کاری دەستەجەمعی و بە کۆمەڵ لاواز و بێ‌هێز بێت ... یاخود هەر نەبێت ... ! لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ناتوانیین هەوڵی کۆمەڵێک وەرگێڕی بە تواناو بە سەلیقە و ڕۆشنبیر و خاوەن ئەزموونی بەرفراوانی بوارە جیاجیاکانی تری زانست و ئەدەبیات و زمان پشتگوێ بخەین ... چونکە ئەوان ئەو ئەرک و ڕۆڵەیان بینی کە دەبوایە حکومەت ئەو دیتبای ... کەواتە وەرگێڕ و کەرەستەی وەرگێڕانمان هەیە بەڵام پێویستمان بە یەکخستن و پاڵپشتکردن هەیە ، کە دەبێت دەزگایەکی بەهێزی بە توانا بە ناوی خانەی وەرگێڕان یان هەر ناوێکی تر دەستبەکار بێت و هەوڵی وەگیرخستنی سەرچاوەی نوێ بدات، بۆ ئەوەی لە کاروانی پێشکەوتنی جیهانیدا دوانەکەوین ...

کێشەکانی زاراوەسازی  لە بوارە جیاوازەکاندا بەزۆری لە کێشەی وەرگێڕان و گەشەسەندنی خێرای تەکنەلۆژی و زانستی و فرەچەشنی زاراوە و کولتوورەکانەوە سەرچاوە دەگرن. با پێداچوونەوەیەک بکەین کە ئەم کێشانە چۆن کاریگەرییان لەسەر ئەو بوارە تایبەتانە هەیە کە باس کران ، بۆ نموونە بواری یاسایی، کێشەی هەرە بەرچاوی ئەم بوارە بریتییە لە فرە واتایی، چونکە ڕەنگە زاراوە یاساییەکان لە چەندان سیستەمی یاساییدا مانای جیاوازیان هەبێت، ئەمەش وادەکات پەیوەندی و تێگەیشتنی نێودەوڵەتی قورس و سەخت بێت. خاڵێکی تر بریتییە لە دەربڕینی ورد ، چونکە  پێویستی وردبینییەکی ئەوتۆ لە زمانی یاساییدا وا دەکات دۆزینەوەی هاوواتای ورد لە زمانەکانی تردا گران  بێت. چونکە لەبواری یاساییدا دەبێت زاراوەکان بواری لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی نەبێت یان زۆر بە کەمی و وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت...

دیسانەوە سەبارەت بە بواری زانستی و وەرگێڕانی زاراوە زانستییەکان کۆمەڵێک خاڵی گرنگ هەیە کە دەبێت زۆر وردی ڕەچاوبکرێت ئەویش بەهۆی گەشەسەندنی خێرای ئەم بوارەوە، چونکە دۆزینەوە و داهێنانی نوێ بەو مانایەیە کە زاراوەی نوێش بە بەردەوام سەرهەڵدەدات، ئەمەش وادەکات بەردەوامبوون و ستانداردکردنی جیهانی لەم بوارەدا قورس بێت ... هەروەها دەبێت ئاماژە بەوەش بدەین کە لە بواری زانستیدا تایبەتمەندی بەرز و ورد هەیە کە ئەویش پسپۆڕییە زانستییە جۆراوجۆرەکانە، کە زمانی باڵای تێدا  بەکاردەهێنرێت،  کە ڕەنگە تەنانەت لای زانایانی بوارەکانی دیکەش تێنەگەیشتن ڕووبدات ... !

وەرگێڕان لە بواری زمانی ئەدەبیدا دیسانەوە دەبێتە هۆی دروستکردنی کۆمەڵێک ئاریشە، چونکە گواستنەوەی ڕۆشنبیری و کلتووری و ئەدەبی لە ڕێگای وەرگێڕانەوە هۆکارە بۆ لەدەستدانی  بەشێک لە واتا و واتای بنەڕەتی  ئەو دەقە ، ئەمیش بەتایبەتی لە بواری شیعردا ...

سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی بوارەکانی تر دەشێ بڵێین  ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی ئەو  بوارانە دەبنەوە، کە دیارمان کرد دەشێت  بە پلەی جیاواز گشتگیر بکرێت بۆ زۆربەی بوارەکانی تر. چونکە لە هەموو بوارەکانی دیکەشدا هەمان ئاریشە و کێشە بەرچاوە ...

سیاسەتی زمانی بابەتێکی زۆر گرنگە بۆ پاراستنی زمانی کوردی و دەستەبەرکردن و گەشەکردنی بەردەوامی. لە میانەی بەکارهێنانی زمان لە چوارچێوەی فەرمی و پەروەردەییدا هۆکارە بۆ پارێزگاری و بەرزکردنەوەی پێگەی زمانی کوردی. هەروەها ڕۆڵی هەیە لە پاراستنی فرەچەشنی زمانی و ڕێزگرتن لە زارەکانی دیکە لەناو زمانی کوردیدا، ئەمەش دەبێتە ئامرازێک بۆ دەوڵەمەندکردنی کلتووری کوردەواری و بەرز کردنەوەی. جگە لەوەش سیاسەتی زمان هاندەرە بۆ پەرەپێدانی بواری پەروەردەیی و ئەدەبی بە زمانی شیرینی کوردی، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرەوپێشبردنی کولتوور و خوێندنەوە و نووسین. هاوکات بەشدارە لە پاراستنی شوناس و کولتوری کورد وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کورد. سیاسەتی زمان بە پاڵپشتیکردنی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان یارمەتی قووڵکردنەوەی تێگەیشتن و گەشەپێدانی زمان دەدات. هەروەها ئاسانکاری دەکات بۆ پەیوەندی و لێکتێگەیشتن لە نێوان قسەکەرانی زارە جیاوازەکان و چارەسەر بۆ ئەو ئاڵنگارییانە دابین دەکات کە ڕەنگە زمانەکە ڕووبەڕووی ببێتەوە ، ئەوجا چیی سیاسی بێت یان کۆمەڵایەتی. جگە لەوەش کار بۆ پێشخستنی زمان و کولتوری کوردی دەکات لەسەر ئاستی جیهانی لە ڕێگای پاڵپشتیکردنی وەرگێڕان بۆ زمانەکانی تر و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری جیهانی ودەرکەوتنی.

داڕشتنی سیاسەتی وەرگێڕانی دروست پێویستی بە دانانی ستانداردی بەرزی کوالیتی و دڵسۆزی کولتووری هەیە، بۆ ئەوەی مانا و کولتووری دەقە وەرگێڕدراوەکان بپارێزرێت. ئەمەش نەک هەر وردبینی زمانی پێویستە ، بەڵکو تێگەیشتنێکی قووڵ لە کۆنتێکستە کولتوورییەکانی هەردوو دەقی سەرچاوە و دەقی ئامانجیش دەگرێتەوە. بۆ گەیشتن بەم کارەش پێویستیمان بە وەرگێڕی شارەزا و لێهاتوویی بەتوانا هەیە، کە نەک هەر زانیارییەکی زمانەوانی بەرفراوانیان هەبێت، بەڵکو تێگەیشتنیان لەو کولتوورانەش هەبێت کە کاریان لەگەڵدا دەکەن. بە خزمەتگوزارییەکان بگات و بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری کۆمەڵگا بکەن.

لە ڕووی یاسایی و ئەخلاقییەوە، سیاسەتی وەرگێڕان کە بە باشی بیری لێکرابێتەوە، پابەندبوونێتی بە یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکانی مافی چاپکردن و پاراستنی.

لە بـواری  ئەکادیمی و توێژینەوەدا، وەرگـێڕان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری و  لێکتێگەیشتن لە ئاستی باڵا و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە  و پاراستنی ئاسایشی جیهانی و ناوخۆیی ...  دواجار وەرگێڕان دەبێتە پردێک لەنێوان نەتەوە جیاوازەکان و ئاڵوگۆڕکردنی کولتووری و زانستی

ڕێژەی پشتبەستن بە زاراوەی بیانی لە زماندا لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی تر و لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر زۆر جیاوازە، ئەمەش بە پشتبەستن بە چەند هۆکارێکی وەک گەشەسەندنی زمانەکە و کاریگەرییەکانی جیهانگیریی و پێویستی زاراوەی نوێ بۆ ئەوەی هاوسەنگ بن لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و زانستی. هەروەها لە بوارە زانستی و تەکنەلۆژییەکاندا، ڕەنگە ڕێژەی وەرگێڕان  زۆرتر بێت، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەریی بەرفراوانی توێژینەوە و داهێنانەکان کە لە وڵاتانەوە دێن ، کە بە زمانی  ئینگلیزی یان زمانە سەرەکییەکانی دیکەی تێدا بەکارهێنراوە .

بۆ نموونە هەموو زمانەکان دەتوانن زاراوەی ئینگلیزی دەستکاریکراو یان دەستکارینەکراو ( وەک خۆی ) لە بوارەکانی وەک کۆمپیوتەر، پزیشکی و بازرگانیدا بەکاربهێنن بۆ ئاماژەدان بە چەمک و تەکنەلۆژیای نوێ. لە لایەکی تریشەوە لە بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبیدا،  ڕەنگە ئەو ڕێژەیە کەمتر بێت، بەو پێیەی زیاتر جەخت لەسەر پاراستنی زمان و شوناسی کولتووری دەکرێتەوە.

جیهانگیری(العولمة)  و ئاڵوگۆڕی کەلتووری بزوێنەرێکی بەهێزە بۆ هاوردەکردنی زاراوەی بیانی، بەڵام بزووتنەوەی زمانیش  هەن کە هەوڵ دەدەن  زاراوەی خۆماڵی  پەرەپێبدەن بۆ پاراستنی زمان و بەرزکردنەوە و سەربەخۆی  زمانی دایک. کەواتە  پێویستە  هاوسەنگییەک دروستبکرێت لە نێوان ئەو هەموو پێشکەوتن و گەشەکردنە جیهانییەی ئەمڕۆ و وەرگرتنی زاراوەکاندا ، چونکە ناتوانیین هەموو زاراوە جیهانییەکان ڕەتکەینەوە یان هەموویان وەک خۆیان وەرگرین، بۆیە دەبێت سیاسەتێکی زمانی توکمەمان هەبێت بۆ وەرگێڕان .

***زانکۆی کەرکوک – بەشی زمانی کوردی**

# پڕۆسەی وەرگێڕان، لە زمانی لێوەرگێڕدراو بۆ وەرگێڕدراو لە هەرێمی کوردستاندا

د. ئەمیر محەمەد ئەمین

**پێشەکی:**

ئەڵبەتە پرۆسەی وەرگێڕان پرۆسەیەکی ئاڵۆز و تێکچرژاوە، لە هەرێمی کوردستانیشدا بەر لە ڕاپەرین و دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ز گەلێک کاری وەرگێڕان لە سەر ئاستی تاکەکەسی، یان لە سەر ئاستی زیاتری کراوە، ئەو وەرگێڕانەشی، کە کراوە، یان ویست و ئارەزوو بووە، یان بۆ دەستکەوتێکی ماددی بووە، لە سەر بنچینەی دەزگایەکی گشتی و زانستی و پسپۆڕی و حکومی نەبووە، چونکە تاکوو ئێستاکە لە سەر ئاستی حکومی دەزگایەکی وەرگێڕان نییە، هەر بەم هۆیەوەش نەتوانراوە، وەکوو پێویست خزمەتێکی تەواو بە زمانی کوردی و ئەم بوارە بکرێت. هەر لەگەڵ ئەوەشدا گەلێک کاری وەرگێڕانی باش و ناوێزە کراوە، ئەگەرچی لە سەر ئاستی تاکەکەسیش بووە، بەڵام لە تەک ئەمانەشدا گەلێک کاری وەرگێڕانی کرچوکاڵیش کراوە، ئەمەش گەلێک هۆکاری لە پشتەوەیە، جاری وا هەبووە، وەرگێڕەکە شارەزاییەکی تەواوی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی و پراگماتیکی، لە هەردوو زمانەکە، یان زمانێکیان لە ڕوو زمانەوانییەوە نەبووە، یاخود شارەزاییەکی تەواوی لە ئیدیۆم و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق...هتد زمانەکان نەبووە، یاخود پیت چاپکەرەکەی (Typesetter) شارەزاییەکی ئەوتۆی لە بابەتەکە نەبووە، بە هەڵە پیت و وشەکانی بۆ چاپکردووە و کاری وەرگێڕانەکە بە ئاکامێکی خراپ و نەرێنی گەیاندووە، بۆ نموونە وەرگێڕێک، ناوی (دیک تشيني (Dick cheney جێگری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە ماوەی جێگری سەرۆکایەتییەکەی لە ساڵی (٢٠٠١_ ٢٠٠٩ز) بوو، لە کاتی وەرگێڕانیدا بۆ سەر زمانی کوردی کردبووە (کەڵەشێری چینی).

**١_١_ ئەرک و پرۆسەی وەرگێڕان:**

پرۆسەی وەرگێڕان((Translation گواستنەوەی هزر و بیرە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، ئەم هزر و بیرەی، کە لە زمانێکەوە بۆ سەر زمانێکی تر وەردەگێڕدرێت، تەنها پێکنەهاتووە لە فۆرمە زمانییەکان، بەڵکوو دابونەریت و مێژوو و کەلتوور و باری ڕۆشنبیری ...هتد لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیە لە پرۆسەی وەرگێڕاندا دەبێت، دوو زمانی سەرەکی هەبن(زمانی یەکەم، زمانی سەرچاوەیە _Source language_، کە ئەرکەکەی دۆزینەوە و دەربڕینی واتایە و زمانی

دووەم، زمانی ئامانجە __Target language، کە ئەرکەکەی شیکردنەوەی واتا و گواستنەوەی دەقەکەیە)(پەروین عوسمان مستەفا عەللاف، ٢٠٠٩: ١٩). واتە؛ وەرگێڕان گواستنەوەی دەقە لە زمانی یەکەم بۆ زمانی دووەم، ئەم دەقەش تەنها فۆڕمە زمانییەکانی لەخۆناگرێت، بەڵکوو بە پێ بابەتەکە چەندین بیری جیاواز لەخۆدەگرێت، ئینجا ئەم دەقە پەیوەستە بە کۆمەڵێک دابونەریتەوە، کە پێویستە لە کاتی وەرگێڕاندا سەرجەم ئەم بابەتانە لەبەرچاوبگیرێت، بۆ ئەوەی وەرگێڕانەکە بێ کەموکوڕیی و بەپێز و سەرکەوتووبێت.

هەر لە بارەی وەرگێڕانەوە، زانای زانستی زمان (کندراتۆف) دەڵێت: (زانستی زمان بە تەنیا لە توانای دایە، بابەتەکانی ڕێککەوتن و جیاوازی لە نێوان دوو زماندا دیار بکات و بە شێوەیەکی وردیش لایەنە هاوبەشەکان لە نێوان زمانەکانی جیهاندا بدۆزێتەوە) (محمد حسن عبدالعزیز، ١٩٨٣: ١٢٧). بەم پێیە هەر بابەت و دەقێک کاتێک وەردەگێڕدرێت، لە نێوان هەر دوو زمانەکەدا کۆمەڵێک سیمای جیاواز و هاوبەش لەخۆدەگرێت، بۆ نموونە: لە زمانی کوردیدا ناو (تاک و کۆ)ی هەیە، کەچی لە زمانی عەرەبیدا ناو (مفرد و مثنی و جمع)ی هەیە. هەر لەبەر ئەوەیە  پێویستە لە کاتی وەرگێڕاندا هەموو ئەم جیاوازی و ڕێککەوتنانە لە نێوان زمانەکاندا بەهەند وەربگیردرێت، تاکوو وەرگێڕانەکە وەرگێڕانێکی جوان و بێ وێنە دەرچێت. هەر لەم ڕووەوە ئەمڕۆ وەرگێڕان چۆتە بواری بازاڕ و پارەپەیداکردن، بە شێوەیەکی پیشەیی کاری خۆی دەکات، بەم جۆرە کار بۆ ئەو وەرگێڕەیە، کە وەرگێڕێکی باش بێت، لەم ڕووەوە (تاکە ڕێگەیەک, کە ڕەخنە لە وەرگێڕانێک دەگیرێت، پێشنیازکردنی وەرگێڕانێکی دیکەی گریمانەییە، بۆ ئەوەی جوانتر، یان جیاوازتر بێت و بێگومان ئەمەش ئەو کارەیە، کە لە گۆڕەپانی کاری وەرگێڕانی پیشەیی ڕوودەدات)(بول ریکور, ٢٠٠٨: ٤٤). واتە؛ لە وەرگێڕانی پیشەییدا کاتێک وەرگێڕێک، وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ لە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی دەکات، لەوێدا تواناکەی بەدیاردەکەوێت. بەم پێیە بەهەمان شێوەش، بێجگە لە وەرگێڕانی پیشەیی، وەرگێڕانی زانستی و وەرگێڕانی ئەدەبی هەمان سەنگایی و کاری خۆی هەیە، ئەگەر وەرگێڕ، کەسێکی کارامە و بەتوانا بێت، لەم بوارەدا.

**١_٢_ وەرگێڕ:**

وەرگێڕ بە لایەنی کەم پێویستە دوو زمان بە شێوەی زانستی بزانێت و شارەزاییەکی تەواوی لە سەر بنەما زمانییەکان و یاسا و ڕیسای زمانی لێ وەرگێردرا و زمانی بۆ وەرگێڕدراو هەبێت، تاکوو لە وەرگێڕانەکەیدا سەرکەوتوو بێت، هەربۆیە وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕانی دەقێک، دەبێت سێ هەنگاو پیادەبکات:

١_ (وەرگێڕ دەقەکە دەخوێنێتەوە و واتاکەی وەردەگرێت و تێی دەگات.

٢_ وەرگێڕ بیر لەوە دەکاتەوە، کە بە چ شێوازێک بۆ زمانی بۆوەرگێڕدراوە وەریبگێڕێت، کە هەمان واتای هەبێت.

٣_ پاشان وەرگێڕ بە زمانە نوێیەکە دەستدەکات بە وەرگێڕانی دەقەکە)(عباد ديزاينة, ٢٠٢١: ٤٧).

لێرەدا دەتوانرێت، خاڵێکی تر زیادبکرێت، ئەویش پێویستە وەگێڕ کاتێک دەیەوێت، کتێبێک، یان بابەتێک، یان وتارێک، یان دەقێک...هتد وەربگێڕیت، دەبێت شارەزاییەکی تـەواوی، یان پسپۆڕییەکی وردی لە هـەردوو زمانەکە و بابەتەکە هەبێت، چونکە وەرگێڕان، تەنها بریتی نییە فۆڕمی زمانی، بەڵکوو ژمارەیەک لایەنی کەلتووری و ڕووداوو و مێژوویی و ئیدیۆم...هتد لەخۆگرتووە. بۆ نموونە: ئەگەر پەندێکی پێشینان لە زمانی عەرەبی وەرگرین، کاتێک دەڵێت:

_ الطيور على أشكالها تقع

ئەگەر ویسترا، ئەم پەندی پێشینانە وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی، لێرەدا دەبێت، وەرگێڕ شارەزاییەکی تەواوی لە پەندی پێشینانی زمانی عەرەبی و کوردیدا هەبێت، ئینجا دەتوانێت، پەندی پێشینانەکە بە سەرکەوتوویی وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی، بەم شێوەیە:

_ وەرگێڕانی وشە بە وشە: (باڵندەکە لە سەر شێوەی خۆی دەکەوێتەوە).

_ وەرگێڕانی واتایی: (گیا لە سەر بنجی خۆی دەڕوێت).

ئینجا ئەگەر سەیری ئەم دوو وەرگێڕانە بکرێت، کە بۆ زمانی کوردی کراوە، دەبینرێت یەکەمیان لە ناو میللەتی کورد باو نییە و بەکارناهێنرێت، بەڵام پەندی پێشینانی دووەمیان لە ناو گەلی کورد باوە و بەکاردەهێترێت، کەواتە؛ هی دووەمیان ڕاستە و بەرانبەر پەندی پێشیانەکەی زمانی عەرەبی دەوەستێت، بەم شێوەیە:

_ الطيور على أشكالها تقع. گیا لە سەر بنجی خۆی دەڕوێت.

هەر لەم بارەیەوە، وەرگێڕ پێویستە ئاگاداری دەنگەکانی زمانی لێوەرگێڕدراو و بۆوەرگێڕدراو بێت، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا دەنگەکانی /پ/، /ژ/، /گ/ هەیە، کەچی لە زمانی عەرەبیدا نییە، بەهەمان شێوەش دەنگەکانی /ط/, /ظ/, /ص/, /ض/, /ذ/ لە زمانی عەرەبیدا هەیە، لە زمانی کوردیدا نییە، ئینجا لێرەدا وەرگێڕ دەبێت، زیرەکانە دەنگی بەرانبەر بۆ دەنگەکانی هەر دوو زمانەکە بدۆزێتەوە. بەم جۆرە ئەم جیاوازییانە بوارەکانی وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی و پراگماتیک...هتد لەخۆدەگرێت.

**١_٣_ پەیوەندیی زاراوە بە وەرگێرانەوە:**

کاتێک باس لە وەرگێڕان دەکرێت، ڕاستەوخۆ بابەتێک دێتە پێشەوە، ئەویش زاراوەیە، چونکە وەرگێڕ لە کاتی وەرگێرانی هەر دەقێکدا لە ناو دەقەکە ژمارەیە زاراوەی جیاجیا دێتە پێش، کە دەبێت وەریانبگێڕێتە سەر زمانی بۆوەرگێڕداو، لەبەر ئەوەی زاراوە، وەکوو وشە بەو سادەییە نییە، ڕەنگە وەرگێڕ نەتوانێت، بەو ئاسانییە زاراوەکە وەربگێڕێتە سەر زمانی بۆوەرگێڕداو، هەر لەبەر ئەوە پێویستە وەرگێڕ شارەزاییەکە باشی لە زاراوەسازیدا هەبێت، ئەگەرنا تووشی هەڵە لە وەرگێڕانەکە دەبێت و سەداسەد ئامانجەکە ناپێکێت، هەر لەم ڕووەوە (زاراوەسازی ___Terminology, وەک زانستێک بایەخ بە داڕشتنی زاراوە و دیاریکردن و دروستکردنی دەدات)(شەهاب شێخ تەیب تاهیر،٢٠١٢: ١٦٢). واتە؛ لەم پێناسەیەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە وەرگێر پێویستە لە کاتی وەرگێڕانی دەقێک، زاراوەکان لە ناو دەقەکەدا دەربهێنێت و بیداتە پسپۆڕێکی زاراوەسازی، تاکوو بە شێوەیەکی زانستی و دوور لە کەموکووڕی بۆ وەربگێڕێتە سەر زمانی بۆوەرگێردراوەکە و وەرگێڕانێکی سەرکەوتووانە بێتە ئاراوە، چونکە ((زاراوە واژەیەکی بابەتییە، پسپۆرەکان لە سەری ڕێککەوتوون))(سەرچاوەی پێشوو: ١٥٧). زاراوەسازان بە هاوکاری پسپۆڕانی زمانەوانی و ئاینی و یاسایی و زانستی و ئەدەبی و دادوەری...هتد, کە هەریەکەیان شارەزاییەکی تەواویان لە پسپۆڕی زاراوەکانی خۆیان هەیە، بەیەکەوە کاربکەن بۆ هێنانەئارای زاراوەی ڕاست و دروست، هەربۆیە پێویستە ئەم بابەتە بە هەند وەربگیردرێت، ئەگەرنا گیروگرفتی زاراوە و فرەزاراوە دروستدەبێت، هەر وەکوو ئێستا ئەم کێشەیە لە زمانی کوردیدا هەیە، بۆ نموونە:

_ ئاریز نامەکەی بە کاردۆ نارد.
_ بە کاردۆ: لە ڕووی ئەرکەوە لەم ڕستەیەدا زاراوەکانی (تەواوکەری بەیاریدە، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، تەواوکەری ناڕاستەخۆی) بۆ بەکاردێت.
_ بە کاردۆ: لە ڕووی ڕۆنانەوە زاراوەکانی (فرەیزی پێشناوی، فرەیزی بەند، فرەیزی ئامرازی پەیوەندی و گرێی بەند) بۆ بەکاردێت.
_ نارد: لە ڕووی ئەرکەوە لەم ڕستەیەدا زاراوەکانی (فرمانی ڕابردووە، کاری ڕابردووە، کرداری ڕابردووە، ڤێربی ڕابردووە)ی بۆ بەکاردێت.

کێشەی زاراوە و فرەزاراوەیی لە زمانی کوردیدا لە سەرجەم بوارەکانی زمانەوانی و ئەدەبی و مێژوویی و کیمیا و فیزیا و ئاینی و سیاسی...هتد بە ئاشکرا بوونی هەیە و بۆتە ئاستەنگێکی گەورە لەبەردەم وەرگێڕان و خوێنەران و نووسەران، هەتاکوو لە ناوەندەکانی خوێندندا لەبەردەم قوتابییان و مامۆستایاندا هەمان کێشە هەیە.

**١_٤_ ڕەوشی پرۆسەی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستاندا:**

زمانی کوردی، وەکوو هەر زمانێکی تری جیهان لە لایەک بۆ ئەوەی ئاشنایەتی بە کەلتوور و مێژوو و شارستانییەتی زمانەکانی تری جیهانەوە بکات و لە لایەکی ترەوە بۆ ئەوەی ئاخێوەری کورد، کە کاتێک زمانە لێوەرگێڕدراوەکە نازانێت و پێویستیشە ئاشنایەتی کەلتوور و مێژوو و شارستانیەتی زمانەکانی تری جیهان ببێت، تاکوو لە کاروانی ژیان دانەبڕێت و پێشکەوێت، بەرهەمەکانی زمانی بیانی وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی، هەر بۆ ئەم مەبەستە بەر لە ڕاپەرین و دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ز گەلێک کاری وەرگێڕان کراوە، ئەڵبەتە پرۆسەی وەرگێڕان پرۆسەیەکی ئاڵۆز و تێکچرژاوە، هەر بۆیە ئەگەرچی گەلێک کاری وەرگێڕانی باش و ناوێزە کراوە، بەڵام لە تەک ئەمانەشدا گەلێک کاری وەرگێڕانی کرچوکاڵ کراوە، ئەمەش گەلێک هۆکاری لە پشتیەوەیە، جاری وا هەبووە، وەرگێڕەکە شارەزاییەکی تەواوی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی و پراگماتیکی، لە هەردوو زمانەکە، یان زمانێکیان لە ڕوو زمانەوانییەوە نەبووە، یاخود شارەزاییەکی تەواوی ئیدیۆم و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق...هتد زمانەکان نەبووە، جار وا هەبووە، ئەو بابەتەی وەریگێڕاوە پسپۆری ئەو نەبووە، بۆ نموونە خۆی پسپۆڕی لە لە مێژوو هەبووە، چووە بابەتێکی

ئاینی، یان فیزیای وەرگێڕاوە، یاخود بە پێچەوانەوە، سەرەڕای ئەمانەش جاری وا هەبووە، هەموو ئەو هۆکارانەی باسکران تیایدا شارەزاییەکی تەواوی هەیە و هیچ کێشەیەکی نییە، بەڵام کاتێک بابەتەکە ئامادەدەکات و بە هەرهۆیەک بێت، دەیدات بە پیت چاپکەکەر (typist)، ئەویش بە هۆی ئەوەی شارەزای لە بابەتەکە و پسپۆڕیی زمانی لە ڕووی ڕێنووسی زمانی کوردییەوە نییە، پرۆسەی وەرگێڕانەکە بە هەڵە پیت و وشەکان چاپدەکات و کاری وەرگێڕانەکە بە ئاکامێکی خراپ دەگەیەنێت، بۆ نموونە وەرگێڕێک، (دیک تشيني (Dick cheney جێگری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای (٢٠٠١_ ٢٠٠٩ز) لە کاتی وەرگێڕانیدا بۆ سەر زمانی کوردی کردبووە (کەڵەشێری چینی).

هەربۆیە پرۆسەی وەرگێڕان چ لە زمانی کوردی، یاخود لە هەر زمانێکی تر گەلێک وشەی هاوواتا و هاوبێژی و فرەواتایی لەخۆدەگرێت، ئینجا بۆ ئەوەی چ وەرگێڕ، چ پیت چاپککەر تووشی هەڵە نەبن، پێویستە شارەزاییەکی تەواویان لەم لایەنانەشدا هەبێت، لەم ڕووەوە (هەر وەکوو لە فەرهەنگەکاندا تێبینیدەکەین، هەر وشەیەک زیاتر لە واتایەکی هەیە، ئەم دیاردەیەش پێی دەوترێت فرەیی واتایی _Polysemy_ واتە؛ واتای وشە هەر جارێک بە بەکارهێنانی لە ڕستەدا دیاریدەکرێت، ئەویش بە گونجاندنی لەگەڵ سەرجەم کەرەستەکانی تری ڕستەکەدا بۆ بنیادنانی ئەو واتایەی، کە دەربڕاوە)(بول ريكور, ٢٠٠٨: ٤٩). لە زمانی کوردیدا کاری (خوارد) بە پێی ڕستەکە واتاکەی دەگۆڕێت و جیاوازە دەبێت، دەبێتە کارێکی فرەواتا، بۆ نموونە:

_ ئاکۆ نانی خوارد. (واتای نان خواردن دەگەیەنێت).
_ أكل آكو الطعام.
_ ئاکۆ جگەرەی خوارد. (واتای جگەرە کێشان دەگەیەنێت).
_ دخن(شرب) آكو السيجارة.
_ ئاکۆ غەمی خوارد. (واتا هەبوونی غەم و خەفەت دەگەیەنێت).
_ حزن آكو.
_ ئاکۆ پارەی خوارد. (واتای پارەبردن و نەدانەوەی دەگەیەنێت).
_ غصب آكو الفلوس.
_ ئاکۆ سوێندنی خوارد. (واتای گوتنی سوێندخواردن دەگەیەنێت).
_ حلف آكو.

جاری وا هەیە، ئەگەر وەرگێڕ زۆر ورد نەبێت، ڕەنگە (آکو _ ئاکۆ) بە (ئەکو) تێ بگات و لە کاتی وەرگێڕاندا بنووسێت (هەیە)، هەر بۆیە پێویستە وەرگێڕ لە کاتی کارکردنیدا دەبێت، زۆر ورد بێت.

**١_٤_ ١_ پەیوەندیی وەرگێڕان بە سیاسەت و پلانی زمانییەوە:**

هەر زمانێک بە پێی سیاسەت و پلانی زمانی، پیویستە پلانی زمانی هەبێت، کە ئەمەش دەبێتە خاڵێکی گرنگ بۆ پاراستنی زمان و سیاسەتێکی دروست بۆ بنیادنان و داڕشتنی زمان، یەکێک لەم بابەتانەی پلانی زمانی هەبوونی دەزگایەکی زانستی وەرگێڕانە، کە هۆکارێکی گرنگە بۆ نوێبوونەوەی زمان و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکە. زمانی کوردیش، وەکوو هەر زمانێکی سەر ئەم زەمینە پێویستی بە پلان و سیاسەتی زمانی هەیە، لە ناویشیاندا هەبوونی دەزگایەکی وەرگێڕانە، هەربۆیە لێرەوە پێشنیاز و داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، بڕیار لە سەر دامەزراندنی دەزگایەکی وەرگێڕان بدات، کە دەزگاکە بەم شێوەیە و ناوە بێت، (دەزگای وەرگێڕانی هەرێمی کوردستان)، ئەم دەزگایە لە سەرۆک و ئەنجوومەنێک پێکهاتبێت، لە خوار ئەمانەشەوە لە بەشی کارگێڕی و بەشی زانستی وەرگێڕان و بەشی ڕاوێژکاری زمانەوانی لەخۆبگرێت:

١_ بەشی کارگێڕی: کاروباری کارگێڕی  و بەرێوەبردنی دەزگاکە لەخۆبگرێت.

٢_ بەشی زانستی وەرگێڕان: ئەم بەشە بە شێوەی پراکتیکی کاری وەرگێڕان لە گشت بەشەکانی زانستی، وەکوو (فیزیا، کیمیا، بایۆلۆجی...هتد) و مرۆڤایەتی، وەکوو (کۆمەڵایەتی، مێژوو، جوگرافیا...هتد) و زمانەکان، وەکوو (زمانی کوردی، زمانی عەرەبی، زمانی ئینگلیزی...هتد) ئەنجامدەدات، ئەم بەشە پێویستە ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی پسپۆڕ و کارامە و شارەزا بە پێ بوارەکە لەخۆبگرێت.

٣_ بەشی ڕاوێژکاریی زمانەوانی: ئەم بەشە کەسانی پسپۆری زمانەوانیی جیاجیا لە خۆدەگرێت، تاکوو هەر بابەتێک لە بەشی زانستی وەرگێڕان تەواو بوو، بنێردرێتە بەشی ڕاوێژکاریی زمانەوانی، تاکوو ئەوانیش لە ڕێنووس و زاراوەسازی و دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی...هتد وردبینی بکەن، چونکە بۆ نموونە لە هەر گوتارێکدا، چ سیاسی، چ ئاینی...هتد (کۆنتێکست ئەو واتایە دیاریدەکات، کە وشەکە لە دۆخی گوتاردا واتاکەی دەگەیەنێت)(بول ریکور, ٢٠٠٨: ٤٩). هەربۆیە

وردبینی زمانەوانی زۆر گرنگە، ئینجا دوای ئەوەی وردبینی زمانەوانی تەواو بوو، بڕیاری کۆتایی لێ بدرێت و بەچاپ بگەیەندرێت. ئەگەر هەر وەرگێڕدرانێکیش لە دەرەوەی ئەم دەزگایە کرا، پێویستە بنێردرێتە ئەم دەزگایە و دوای وردبینی کردن، ڕەزامەندنی چاپکردنی پێ بدرێت، بەم شێوەیە زمانی کوردی بەردەوام بیر و هزری نوێ لەخۆدەگرێت و فەرهەنگەکەی بـەردەوام زاراوە و وشـەی نوێی دێتە ناو و دەوڵەمەند دەبێت و قۆناغێکی باش دەبڕێت، لە کەموکووڕییە زمانییەکان، وەکوو ڕێنووس و هەڵەی چاپ...هتد، هەروەها هەنگاوێکی گەورە بۆ دروستبوونی زمانی ستانداردی کوردی دەهاوێژێت.

**١_٤_ ٢_ ڕێژەی وەرگرتنی وشە و زاراوەی بیانی لە زمانی کوردیدا:**

زمانەکان بۆ ئەوەی بەردەوام خۆیان بە هزری نوێ، نوێ بکەنەوە و وشە و زاراوەی نوێ وەرگرن، ڕێگەی جۆراوجۆر بەکاردەهێنن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکەیان، چونکە هەموو زمانێک لە جیهاندا بەردەوام وشە لە زمانەکان وەردەگرێت و وشـەش دەدات بە زمانەکانی تر ئەم دیاردەیەش واتای زیندوویی زمانەکە دەگەیەنێت، بەڵام ئەم وەرگرتنەش دەبێت بە پێی پێویستی و ئەندازەیی بێت، بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی سەدان، بگرە زیاتریش وشـەی گریکی وەرگرتووە و بۆتە موڵکی زمانی ئینگلیزی، هەربۆیە ((لەو ڕێگایانەی فەرهەنگی پێ دەوڵەمەند دەکرێت، چ لە ڕووی وشە، چ لە ڕووی زاراوەوە بریتییە لە دارشتن و لێکدان و داتاشین و وەرگێڕان و خوازە و وەرگرتن و پێوانە...هتد، کە ڕۆڵێکی چالاک دەبینن لە پەرەسەندن و گەشەکردنی فەرهەنگی هەرنەتەوەیەک))(شهاب شیخ طیب, ٢٠١٤: ٢٢٢). هەر بە هۆی ئەم ڕێگایەنەوە، بۆمان دەردەکەوێت، زمانی پەتی، کە خەلکانێک بانگەشەی بۆ دەکەن، بوونی نییە، بەم جۆرە ڕۆژانە زمان بەم ڕێگایانە وشە و زاراوەی نوێ وەردەگرێت و هەر زمانێک بە پێی سیستەمی زمانەکەی، شێواز و ڕێگەی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە، پێویستە هەر زمان کاتێک وشەیەک، یان زاراوەیەک وەردەگرێت، پارێزگاری لە شوناس و بوون و سیستەمی زمانەکەی بکات، کاتێک وشەیەک، یان زاراوەیەک وەرگرێت، چونکە هەموو زمانەکان چوونیەک نین و جیاوازییان لە ڕووی دەنگ و وشە و سیستەم... هتد هەیە، بۆ نموونە:

_ لە زمانی کوردیدا دەنگی/ش/ یەک وێنەی دەنگی هەیە، بەڵام لە ئینگلیزی زیاتر لە وێنەیەکی دەنگی هەیە /Sh/ , /tion/.

_ لە زمانی کوردیدا دەنگی/ز/ یەک وێنەی دەنگی هەیە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا زیاتر لە وێنەیەکی دەنگی هەیە /ز/, /ض/, /ظ/.

_ لە زمانی ئینگلیزیدا ژمارەیەک وشە بۆ کەشوهەوا بەکاردەهێنرێت، وەکوو chilly بە واتای زۆر سارد و warm بە واتای فێنک و hot بە واتای گەرم و cold بە واتای سارد دێت، کەچی لە بەرانبەر ئەمانەدا لە زمانی عەرەبیدا وشەکانی (حار, بارد, دافیء) بەکاردێت.

هەربۆیە سەبارەت بە وەرگرتنی وشەی بیانی بۆ ناو زمانی کوردی پێویستە بە پێی پێویستی بێت و بە ئەندازەیەک بێت، زمانەکە چوارچێوەی خۆی لەدەست نەدات و هەتا بکرێت وشەکانی زمانی کوردی زیندوو بکرێنەوە، ئەم ئەرکەش لە ئەستۆی ئاخێوەری کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەم شێوەیە دامەزراندنی (دەزگای وەرگێڕانی هەرێمی کوردستان) لە لایەن حکومەتەوە پێویستییەکی هەنووکەیی و خزمەتێکی گەورە لە سەرجەم بوارەکان بە زمانی کوردی دەکات.

**سەرچاوەکان:**


یەکەم: بە زمانی کوردی:

_ پەروین عوسمان مستەفا عەللاف (٢٠٠٩) واتا و وەرگێڕان لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

_ شەهاب شێخ تەیب تاهیر (٢٠١٢) بنەما و پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کەمال، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

_ شهاب شیخ طیب (٢٠١٤) دەربارەی زمانەوانی، چاپی یەکەم، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

دووەم: بە زمانی عەرەبی:

_ بول ريكور (٢٠٠٨) عن الترجمة, ترجمة: حسين الخمري, الطبعة الاولى, منشورات الاختلاف, الجزائر, الدار العربية للعلوم الناشرون, لبنان.

_ عباد ديزاينة (٢٠٢١) فن الترجمة و التعريب, النسخة الاولى, أكاديمية حسوب.

_ محمد حسن عبدالعزيز (١٩٨٣) مدخل الى علم اللغة, دار النمر للطباعة, كلية العلوم, جامعة القاهرة, مصر.


پرۆفایل: د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین وسوبەگ

١_ وشەی ئەرکی لە زمانی کوردیدا، ئەمیر موحەمەد محمدأمین، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە،

زانکۆی سەلاحەددین _هەولێر، ٢٠١٤.
٢_ زمانی هاوبەش لە کۆزمانەوانیدا، هەرێمی کوردستان بە نموونە، أمیر محمد محمدامین, نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر، ٢٠٢٢.
سێیەم: توێژینەوەکان:
٣_ئەم توێژینەوەیە ( وشە ئەرکییەکان لە ئاستی سینتاکسدا ) ئەمیر محمد محمدەمین بە سەرپەرشتی پ.د. یوسف شەریف سەعید لە ژمارە(٣٠) گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ساڵی ٢٠١٤ بڵاوکراوەتەوە.
٤_ ئەم توێژینەوەیە، (شێوازی گوتنەوەی وانەی زمان و ئەدەبی کوردی, قۆناغی ئامادەیی بە نموونە و ڕێزمان بە تایبەتی) م.ی ئەمیر محمد محمدەمین بە هاوبەشی لەگەڵ د. بابا ڕەسول نوری ڕەسول لە گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (٥) ساڵی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوە.
٥_ ئەم توێژینەوەیە، (زمانەوانی دیالێکتۆلۆجی (دیالێکتە کوردییەکان بەنموونە) م.ی ئەمیر محمد محمدەمین بە هاوبەشی لەگەڵ م.ی. همزە حسین حمە لە گۆڤاری زانکۆی کۆیە ( زانستە مرۆڤایەتییەکان )، ژمارە (٤١) ساڵی ٢٠١٦ بڵاوکراوەتەوە.
٦_ ئەم توێژینەوەیە ( ڕەهەندی زمان و بیر لە زانستی زماندا )، م.ی ئەمیر محمد محمدەمین لە گۆڤاری زانکۆی کەرکوک بۆ توێژینەوە مرۆڤایەتییەکان لە بەرگی (١٢) ، ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە.
٧_ ئەم توێژینەوەیە ( فەرهەنگسازی لە هەندێ شیعری کوردیدا ) م.ی ئەمیر محمد محمدەمین بە هاوبەشی لەگەڵ م.مستەفا سەید مینە مستەفا لە گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە.
٨_ (زمانی تایبەت لە کۆزمانەوانیدا زمانی ماسیگران بة نموونە), م. ئەمیر محمد محمدأمین ئەم توێژینەوەیە، بە هاوبەشی لەگەل پ.د. یوسف شریف سعید ئەنجامدراوە و لە کۆنفراسی نێودەوڵەتیی چوارەمی زانکۆی زاخۆ پەسەند کراو، لە ڕێگای ئۆنلاین بەشداری کۆنفراسەکەمان کرد، کە کۆنفراسەکە لە ژێرناونیشانی(کورد و هەرێما جەزیرا فوراتی، مێژوو، شارستانی، زمان و ئەدەب) لە ڕێککەوتی ١٨-٢٠٢٠/٨/١٩ز بەڕێوەچوو.
_ لە کتێبی (کورد و هەرێما جەزیرا فوراتی، مێژوو، شارستانی، زمان و ئەدەب) ٢٠٢٠، کومەکا ڤەکۆلەر، چاپی ئێکێ، سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی بڵاوکراوەتەوە.
٩_ ئەم توێژینەوەیە (پرۆسە وشەسازییەکان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا) م.ی. ئەمیر محمد محمدامین بە هاوبەشی لەگەڵ م. هەمزە حسین حەمە, لە گۆڤاری الاستاذ، ژمارەی تایبەت کۆنفرانسی نیودەولەتی شەشەم کۆلیژی پەروەردەی ئیبن روشد زانکۆی بەغداد, بەرگی چوارەم ساڵی ٢٠١٨ بڵاووکراوەتەوە.
١٠_ ئەم توێژینەوەیە ( تێڕوانینێکی سیمانتیکی بۆ ناوی داڕێژراو) م. امیر محمد محمدامین بەشداری کۆنفرانسی نیودەولەتی حەوتەم کۆلیژی پەروەردەی ئیبن روشد زانکۆی بەغداد, لە سالی ٢٠١٩ پێکراوە.

١١_ دیارکردنی زمانی هاوبەش لە هەرێمی کوردستاندا، توێژینەوەیەکی کۆزمانەوانیی کارەکییە، قوتابیی دکتۆرا م.ڕمیر محمد محمدامین و پ.د. عەبدوڵڵا حوسێن ڕسول، گۆڤاری قەڵای زانست، گۆڤارێکی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی- هەولێر- کوردستان-عێراق دەردەچێت، لە پاریزی (٢٠٢٢) ژمارە:٣، بەرگی ٧ لە ٢٠٢٢/٩/٣٠ بڵاوکراوەتەوە، ژمارەی تۆماری نێودەولەتی: ISS ٢٥١٨- ٦٥٦٦ (ISSN online) ٢٥١٨-٦٥٥٨ (print)

١٢_ فرەزمانی لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا، توێژینەوەیەکی کۆزمانەوانیی کارەکییە، ڕمیر محمد محمدڕمین و عەبدوڵڵا حوسێن ڕسول، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خول ٩، ژمارە٢، ڕەزبەر٢٠٢٢، لاپەرە(٥٠_ ٦٢).

چوارەم: کتێب:

١٣_ وشەی ئەرکی لە زمانی کوردیدا، ڕمیر محمد محمدڕمین، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین ، لبنان، ٢٠١٦.

١٤_ زمانەوانیی کارەکی، ڕمیر محمد محمدڕمین، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٢١.

١٥_ سینتاکسی زمانی کوردی، ڕمیر محمد محمدڕمین، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٢١.

١٦_ شێوازی گوتنەوەی زمان و ئەدەبی کوردی، ڕمیر محمد محمدڕمین، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٢١.

پێنجەم: وەرگێڕان:

ڕ_ کتێب:

١٧_ دارمانی زمان، نەخۆشیەکانی زمان و چارەسەرکردنی، نووسینی پۆل فلیتشەر، وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبییەوە: ڕمیر محمد محمدڕمین، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤. (کتێب)

ب_ وتار:

١٨_ بونیادگەری (٢٠٢٠) یادق یوسف الدباس، وەرگێڕانی: امیر محمد محمدامین، ژمارە (٥)، گۆڤاری لێوار، کۆلێژی پەروەردە_ مخمور، زانکۆی سەلاحەددین_ هەولێر.

١٩_ قوتابخانەی زمانەوانیی بونیادگەری لە ئەورپا (٢٠١٩) یادق یوسف الدباس، وەرگێڕانی: امیر محمد محمدامین، ژمارە (٤)، گۆڤاری لێوار، کۆلێژی پەروەردە_ مخمور، زانکۆی سەلاحەددین_ هەولێر.

٢٠_ قوتابخانەی زمانەوانیی بونیادگەری لە ئەمریکا (٢٠١٩) یادق یوسف الدباس، وەرگێڕانی: امیر محمد محمدامین، ژمارەکانی (٢) و (٣)، گۆڤاری لێوار، کۆلێژی پەروەردە_ مخمور، زانکۆی سەلاحەددین_ هەولێر.

٢١_ فتگنشتاین (وەرگێڕان) لە ساڵی ( ٢٠٢٣) لە گۆڤاری زانکۆ پرێس بڵاکردۆتەوە.

٢٢_ ژمارەیەک وتاری زمانەوانی لە ژمارەکانی گۆڤاری زمان و زار، کە فەریدوون سامان سەرنووسەرەکەیەتی، بڵاوکردۆتەوە.

# وەرگێڕان هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان وپەرەپێدانی

د. ڕۆژان نوری عەبدوللا

زمان لە ژیانی نەتەوەکانی سەر ڕووی زەویدا، ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت، هەموو نەتەوەکانی سەر زەوی لە هەموو شتێک زیاتر بەهۆی زمانەکەیەوە دەناسرێن، چونکە نەتەوە لەسەر چەند بنەمایەک دەوەستێت، کە گرینگترینیان زمانە، نەتەوە بەهۆی زمانەکەیەوە دەناسرێت و بە نەتەوە هەژماردەکرێت، لەبارەی گرینگی زمانەوە مێژوونووسی فەڕەنسی (فێرمان برادێل) دەڵێت: ((نەتەوەی فەڕەنسی واتە زمانی فەڕەنسی)).

وەرگێڕان یەکێکە لەو بنەمایانەی فەرهەنگی زمانی پێ دەوڵەمەند دەبێت، لە ڕووی وشە و زاراوەوە، بۆیە وەرگێڕان دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان لە ڕووی هێما و واتاوە، بە هۆکارێکی گرنگی پەرەگرتنی پەیوەندی کلتوری، کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵاتی ئێمە لەگەڵ وڵاتانی دیکەی جیهان دادەندرێت، نەخشێکی دیاری لە دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردیدا هەیە. واتە: ((وەرگێڕان هۆییێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان وپەرەپێدانی و هاوچەرخایەتی کردنی، چونکە وەرگێڕان پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت، کە بە دوای وشە و زاراوەی نوێ و بۆچوونیە نوێدا بگەڕێت)).

واتاکەی لێکدانەوە وشەی وەرگێڕان بە زمانی ئینگلیزی پێی دەگوترێت Translation)دەگرێتەوە، کاتی خۆی بۆ لێکدانەوەی (کتێبی پیرۆز)ی ئایینی بەکاردەهێنرا، کە بە زمانی ئارامی نووسرابوو، کاتێک دەگوترێت فلان کەس ئەو گوتەیەی (تەرجومە) کردووە، ئەوە دەبەخشێت کە بە زمانێکی تر لێکی داوەتەوە یان دەری بڕیوە.

پەیوەست بە زمانی کوردییەوە، پرۆسەی وەرگێڕان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پێویستە گرنگییەکی پتری پێ بدرێت و هەموو بوارە زانستی و ئەدەبییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکان بگرێتەوە، لەبەرئەوەی وەرگێڕان بە هۆکارێک دادەندرێت، بۆ دەوڵەمەندبوونی زمان لە ڕووی واتا و چەمکەوە، هۆکارێکیشە بۆ گواستنەوەی زانست و زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، ئەگەر وەرگێڕان نەبووایە، ئەمڕۆ میللەتانی دونیا بەم ئاستە پێشکەوتووەی زانست نەدەگەیشتن و زانست بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە نەدەدیت. بەهۆی

دیاردەی وەرگێڕانەوە بە سەدان و هەزاران واتا و چەمکی نوێ دەکەونە ناو زمانەوە و بەهۆیەوە زمان پەرەدەسەنێت و دەوڵەمەند دەبێت، لەبەرئەوەی لە وەرگێڕاندا، ئێمە فۆڕمی وشەکە وەردەگێڕینە سەر زمانی کوردی، بەهۆی ئەمەشەوە فۆڕمێکی

نوێی کوردی دەکەوێتە ناو فەرهەنگی زمانەکەمانەوە، بەڵام واتاکە لە بنچینەدا بیانییە، دەپەڕێتەوە بۆ ناو فەرهەنگی زمانی کوردی، وشەیەکی وەک (مافی مرۆڤ)، وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی، بەڵام لە بنچینەدا ئەم واتا و بیرە هی میللەتی کورد نییە، بەڵام ئێمە وەرمانگرتووە، فۆرمەکەمان بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە و سودیش مان لە واتاکە وەرگرتووە.

بۆیە لەم قۆناغەی زمانی کوردیدا، گرینگی زیاتر بە وەرگێڕانی دەق و زاراوە بدرێت و دەسەڵات سیاسەتێکی زمانی سەبارەت بە وەرگێڕانی زاراوە لە هەموو بوارەکانی زانستی و ئەدەبی و یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیارییەوە پەیڕەو بکات و بەهۆی پلانسازیی زمانییەوە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەبەرئەوەی سیاسەتی زمانی و پلانسازیی زمانی دوو دووانەن پێکەوە گرێدراون و هیچ کامێکیان بەبێ ئەوەی دیکەیان بەڕێوەناچێت و بەردەوام نابێت، چونکە هەموو سیاسەتێکی زمانی پێویستی بە پلانێکی ڕێکخراو و ئاڕاستەکراو و کۆنترۆڵکراو هەیە، تا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت.

هەر گەل و نەتەوەیەک سیاسەتی ئابوری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و زمانی و ...تاد. خۆی هەیە، کە هەموو ئەمانە لە بناخەدا بەشێکن لەو سیاسەتانەی کە دەوڵەتێک یان نەتەوەیەک بۆ مانەوە و سەرکەوتنی خۆی پشتیان پێ دەبەستێت. لە هەرێمی کوردستاندا، پێویستە سیاسەتێکی زمانیمان سەبارەت بە وەرگێڕانی زاراوە هەبێت و بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بۆ ئەوەی بتوانین زمانی کوردی لە قۆناغەی ئێستاماندا بکەینە زمانی زانست و زاراوەی پێویستمان بۆ سەرجەم بوارەکانی وەک (پزیشکی و ئەندازیاری و فیزیک و سیاسەت و یاسا و کۆمەڵایەتی و ...تاد) هەبێت.

بۆیە پێویستە گرینگی زیاتر بە زاراوەسازی و زاراوە بدەین و هەوڵبدەین کێشە و گرفتەکانی زاراوەسازی کوردی چارەسەر بکەین، لە ئێستادا، زاراوەسازی کوردی دووچاری چەند گرفتێک بۆتەوە، وەک نەبوونی زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی کوردی، نەبوونی فەرهەنگێکی یەکگرتووی کوردی لە سەرتاسەری کوردستاندا، کێشەی نەبوونی ئەلفوبێ و ڕێنووسێکی یەکگرتووە، کێشە و گرفتە فۆنۆلۆجییەکانی زمانی ستاندارد، کێشەی هاوواتایی و دوانەیی لە زاراوەدا.

زاراوەســازی، ((ئەو زانستەیە، کە لە پەیوەندی نێوان چەمکە زانستییەکان و زاراوەکانی زمان، کە ئەو چەمکانە دەردەبڕن دەکۆڵێتەوە)). واتە: ئەو زانستەیە، کە

بە شێوەیەکی زانستییانە لە چەمک و زاراوە بەکارهاتووەکان لە زمانی پسپۆڕیدا دەکۆڵێتەوە. هەوڵبدەین بۆ هەر چەمکێکی نوێ، زاراوەیەک دابڕێژین، یان وەربگرین، پێویستی فەرهەنگی زمانەکەمانی پێ پڕ بکەینەوە.

زاراوەکان کلیلی زانستەکانن و کۆڵەکەی زمانی پسپۆڕین لە بوارەکانی: وەرگێڕان و گواستنەوە و کۆزانیاری و چەمکە نوێیەکان و تۆمارکردنیان و پاشان قۆناغەکانی فێرکردن بە گشتی و قۆناغی خوێندنی باڵا بە تایبەتی بایەخێکی بێ سنوری هەیە، چونکە زاراوە نیوەی زانستەکەیە، لە کاتێکدا ژیان بەرەو پێشەوە دەڕوات و واتاکان بێ سنور دەبن و وشەکانی زمان بەشیان ناکات، زاراوە دەبێتە ڕێگاچارەیەک بۆ کێشەی ناولێنانی چەمکە نوێیەکان بە مەرجێک لەگەڵ واتای ئەو چەمکانەدا بگونجێت. کەواتە زاراوە گرنگی خۆی هەیە لە نزیککردنەوەی دیالێکتەکان و بە ستانداردکردنی زمانی نەتەوەکان و یەکخستنی دەربڕین و دەوڵەمەندکردنیان، هاوکات ڕۆڵێکی گرینگ لە بەستنەوەی پەیوەندی نێوان نەتەوەکان و گەلەکان و زانست و تەکنۆلۆجیا و زانیاری نوێدا دەگێڕێت.

پەیوەست بە وەرگێڕانی زاراوەوە، وەرگێڕان: ((واتە گواستنەوەی زاراوەی بیانی بۆ زمانی کوردی بە واتاکەی نەک بە بێژەکەی، وەرگێڕ لە زمانی کوردیدا بە دوای بێژەی بەرانبەر ئەو چەمک و واتایەدا دەگەڕێت کە هەمان واتای زاراوە بیانییەکە بدات، یان کوردی چی ناونانێک لەم چەمک و وشەیە دەنێت کە زاراوە بیانییەکەی بۆ دانراوە، دوای ئەوەی دەیدۆزێتەوە بە پلەی گونجان و نەگونجانی لەگەڵ چەمکە بیانییەکە لە هەموو لایەنێکەوە دەکۆڵێتەوە ئینجا بەکاری دێنێت)).

زمانی کوردیش بۆ وەرگێڕانی زاراوەکان دەبێت پەنا بۆ گونجاندن ببات، ڕێبازی وەرگێڕانی دەق، بەچەند تایبەتمەندییەک لە ڕێبازی وەرگێڕانی زاراوە جیادەکرێتەوە، بۆنموونە: ڕێبازی وەرگێڕانی دەق بریتییە لە وەرگێڕانی ئەو وشە ودەربڕین و ڕستە و داڕشتنانەی کە دەقەکەی لێ پێکدێت، بەڵام ڕێبازی وەرگێڕانی زاراوە، واتای تاکە وشەیەک وەردەگێڕێت، کە زاراوە وەرگێڕدراوەکەیە. وەک، وەرگێڕانی ئەم زاراوانە (مۆرفۆلۆجی ـ وشەسازی، سینتاکس ـ ڕستەسازی، صليب الأحمر: خاچی سوور، الأستخبارات ـ هەواڵگری، ...تاد).

(ڤینای و داربلنییە)، جۆرەکانی وەرگێڕانیان بۆ دوو جۆر دیارکردووە: وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ و وەرگێڕانی ناڕاستەوخۆ، وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ ((بریتییە لە گواستنەوەی

یەکەکانی وەرگێڕان بە هەمان یەکە لە زمانی ئامانجدا ئەمەش بەپێی چەمک و پێکهاتە لەنێوان هەردوو زمانەکەدا دەبێت، بەڵام لە وەرگێڕانی ناڕاستەوخۆدا وەرگێڕ ناچار دەبێت گۆڕانکاری لە پێکهاتە و چەمک و یەکەکانی وەرگێڕان بەپێی زمانی ئامانج بکات))، پەیوەندییەکی زمانی بەهێز لە نێوان وەرگێڕان و زاراوەدا هەیە، لەسەر توێژەر پێویستە ڕەگەزە سەرەکییەکانی زاراوەکە بەهەمان واتاوە لەگەڵ زمانی ئامانج هاوتا بکات. یەکێک لە ڕێگا بنەڕەتییەکانی بەرهەمهێنانی زاراوە، بریتییە لە گواستنەوەی بۆچوون و گوتەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە لەگەڵ پاراستنی گیانی دەقە سەرچاوەکە. هەروەها وەرگێڕان پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە، چونکە وەرگێڕ شت لە هزری خۆیەوە دەخاتە سەر دەقەکە.

لە کردەی وەرگێڕاندا دەبێت دوو زمانی بنەڕەتی هەبن:

زمانی یەکەم: زمانی سەرچاوە(Source Language) دۆزینەوە و دەربڕینی واتا.

زمانی دووەم: زمانی ئامانج(Target Language)شیکردنەوەی واتا و گواستنەوەی دەقەکەیە .

وەرگێڕانی زاراوە، بریتییە لە گواستنەوەی یەکەیەکی زمانی لەزمانی سەرچاوە (بیانی) بۆ زمانی ئامانج(خۆماڵی)، ئەم گوستنەوەی زاراوەیەش کاتێک دەبێت، کە لە نێو زمانی ئامانجدا هەندێک چەمک و واتا زاراوەی گونجاو نەبێت توێژەران بۆ پێویستی توێژینەوەکەیان ناچار دەبن پەنا ببەنە بەر وەرگێڕانی زاراوە. (دەدلی فیتس)، لەبارەی وەرگێڕانێکی باشەوە دەڵێت: وەرگێڕانێکی باش ئەوەیە، پێش هەموو شتێک وەک وەرگێڕان نەچێت، بە وتەیەکی دیکە وەرگێڕ دەبێ لەوپەڕی زمان پاراویی و پارێزراویی چۆنایەتییەکانی دەقی سەرەکیدا، بابەتەکەی وەرگێڕابێتە سەر زمانی دووەم، نابێ لە دەق دوور بکەوینەوە بەڵکو دەبێ بۆ گەیاندنی واتا و چۆنایەتییەکەی لە هەوڵی دۆزینەوەی هاوتادا بین، زاراوە چەمکێکە لە بوارێکی زانستی دیارکراودا، واتە ناونان و چەمکە و گرنگترین تایبەتمەندیی ئەوەیە، پەیوەستە بە بوارێکەوە، جا زانستی یان تەکنیکی و کلتوری بێت، یان سیاسەت و یاسا بێت، سنوردار دەبێت بەپێی ئەو بوارەی بۆی دەگەڕێتەوە و بەکارهێنانی دیارکراوە بۆ مەبەستێکی تایبەتی. هەروەها زاراوەکان یارمەتی پسپۆڕان دەدەن بۆ گواستنەوەی ناوەرۆکی بابەتەکە بەشێوەیەکی

کاریگەرتر، چونکە زاراوەکان هەڵگری واتای تایبەتن و بارگاوین بە زانیاری لەبارەی چەمکە زانستییە تایبەتمەندەکان و هەڵگری ناوەرۆک و سەنگ و بەهای بابەتەکەن. لە کۆتاییدا، ئەوە دەخەینە ڕوو: یەکخستنی زاراوەی زانستی دوو لقی لێدەبێتەوە: بارێک پەیوەندی بە زمانەوە هەیە و بارێک پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە، بۆیە پێویستە کە زاراوە دادەندرێت، لەنێوان ڕێکخراو و کۆڕە زمانی و زانستییەکانەوە، بە بڕیارێکی سیاسی بسەپێندرێن و بڕیار لەسەر چەسپاندنیان بدرێت. لەگەڵ ئەوەی خاوەنی هەرێمێکی تا ڕادەیەک سەربەخۆین، بەڵام خاوەنی یەک بڕیاری سیاسی نین، تا بتوانین بە بڕیار کار بۆ پڕۆسەی وەرگێڕان بکەین و زاراوەکان یەکبخرێن و فشار بخرێتە سەر داموەدزگاکان و زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکان، بۆ بەکارهێنانی زاراوەی زانستی یەکگرتوو، بەبی جیاوازیکردن لەنێوان زۆنەکان، یان جیاوازی کردن لەنێوان زاری کوردی ناوەڕاست و زاری کوردی ژوروو، هەروەها پێویستە ئەو زاراوە و دەقانەی کە وەردەگێڕدرێن، کەلێنێک لە زمانی کوردیدا پڕبکەنەوە و بۆ وەرگێڕانی زاراوەیەکی بیانی بەرانبەر بە زاراوەیەکی زمانی کوردی، دەبێت زاراوەکان ڕێکبخرێنەوە، تەنیا لەکاتی پێویستدا نەبێت، پەنا نەبردرێتە بەر دیاردەی هاوواتایی، چونکە هەر زاراوەیەکی زانستی دەبێت بەرانبەر بە یەک واتای زانستی هاوتا بکرێت. وەرگێر پێش ئەوەی دەق، یان زاراوە وەربگێڕێت، پێویستە شارەزاییەکی باشی لە هەردوو زمانی سەرچاوە و ئامانجدا هەبێت، چەمک و واتای زاراوەکە باش تێبگات ئینجا وەریان بگێڕێت، هەروەها پێویستە چەندین لیژنەی زانستی لە بواری ئەکادیمی و لەسەر ئاستی زانکۆ و بەشەکانی زمانی کوردی لە گشت زانکۆکانی هەرێمی کوردستان هەبێت و هەوڵی دانانی فەرهەنگی یاسایی و ڕامیاری و زمانەوانی و زانستی بدرێت.

**ئەو سەرچاوانەی کە سودیان لێوەرگیراوە:**

- چەند نووسەرێک (٢٠٠٥)، بنچینەکانی وەرگێڕان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- سابیر، شادان شوکر (٢٠٢٣) ڕێگاکانی پێکهاتەی زاراوەی یاسایی لە زمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە.
- عەللاف، پەروین عوسمان مستەفا (٢٠٠٩) واتا و وەرگێڕان ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- مەعروف، کەمال (٢٠٠٣) ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژین، سلێمانی.
- وەسمان، محەمەد(٢٠٠٤) گیروگرفتەکانی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا، هەولێر.
- Jean-Paul Vinay ، Jean Darbelnet ،) 1995( Comparative Stylistics of French and English: A methodology for translation، John Benjamin’s Publishing Company - Amsterdam

**پ.ی.د. ڕۆژان نوری عەبدوڵلا:**
- لە(٢٠-٠٦-١٩٧٦) لە شارۆچکەی شەقلاوە لەدایکبووە،
- بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین لە سالّی خوێندنی(١٩٩٩-٢٠٠٠)دا بەدەستهێناوە،
- لـــە(٥-١٢-٢٠٠٦)دا بڕوانامەی ماستەری بەپلەی (زۆرباشـە)وەرگـرتـووە، نامەکەی بەناونیشانی(فەرهەنگی زمان و زاراوەسازیی کوردی)یە.
- لە سالّی(٢٠٠٦)دا وەکو(مامۆستای یاریدەدەر) لە کۆلێژی زمانی زانکۆی کۆیە بەشی کوردی دەستبەکاربووە،
- سالّی(٢٠٠٩) لەزانکۆی کۆیە کۆلێژی پەروەردە بەشی زمانی کوردی لە خوێندنی دکتۆرا وەرگیراوە،
- سالّی(٢٠١٤) بڕوانامەی دکتۆرای لەبواری(واتاسازی)دا پێدراوە و تێزی دکتۆراکەشی پلەی(نایاب)ی وەرگرتووە بەناونیشانی(ڕۆڵی میتافۆڕ لەدەوڵەمەندکردنی زمان)دا.
- مامۆستایە لە زانکۆی کۆیە کۆلێژی پەروەردە بەشی زمانی کوردی پلەی زانستیشی پرۆفیسۆری یاریدەدەرە. :

# ڕۆڵی وەرگێڕان و ئاریشەکانی

د. ڕەئوف عوسمان

وەرگێڕان بایەخی تایبەتی و فرە مەودای خۆی هەیە، چونکە دەرگا والا دەکات لەبەردەم بەدواداچوون و توێژینەوە و تاوتوێ کردنی نەک بە تەنیا بایەخە شارستانی و روناکبیرییەکانی نێو نەتەوەکان، بەڵکو گەڕانە بەدوای ئەو کێشە بابەتی و ئۆرگانی و هونەرییانەی کە دێنە بەردەم وەرگێڕان و سستی دەکەن و لە مەدارە ئاساییەکەی خۆی دووری دەخەنەوە. وەرگێڕان هۆکاری گەورە و کاریگەرە بۆ یەکتر ناسینی نەتەوەکان لەڕووی داب و نەریت و ئاستی سەرمایە فیکری و ئەدەبیەکانیان، هەروەها جۆری لێک تێگەیشتن و کارلێک لەنێو میللەتاندا بەرهەم دێنێت، وەرگێڕان بە تەنیا گواستنەوەی بیروڕا و بۆچوونە جیاوازەکان نییە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، بەڵکو لە خودی خۆیشیدا کارێکی داهێنانە و دەشێت دەربڕێکی ئەمینی شێواز و رۆحی بەرهەمەکەش بێت، جار بووە بابەتی وەرگێڕراو لە ئەسڵی دەقەکە نەوازەتر بووە، هەر بۆ نمونە وەرگێڕانەکەی ئەدۆنیس بۆ وێرانەخاکی ئەلیوت لەسەرو دەقە ئەسڵییەکەیەوە بووە، هەروەها وەرگێڕانەکەی ئەحمەد سافی نەجەفی بۆ چوارینەکانی خەیام لە چاو ئەسڵەکەدا ئێجگار درەوشاوەتر بووە لەڕووی داڕشتن و هونەری شیعرەوە، واتە وەرگێڕانی سەرکەوتوو داهێنانێکی ترە لە کەش و هەوا و بارێکی تردا، زۆربەی کارلێکە شارستانی و فیکری و رۆشنبیرییەکان لە وەرگێڕانەوە دێنە گۆڕێ، کایەکانی وەرگێڕان لە خۆرهەڵاتی ناوەندا ئەوە دەسەلمێنێت کە جووڵانەوەی مێژووی فکر و سیاسەت و کۆمەڵناسی ئەو سەروبەندە لەسەر بنەمای گواستنەوەی بەرهەمەکانی ئەرەستۆ و بەتلیمۆس و محاوەراتی ئەفلاتون و بیرمەندەکانی یۆنان بووە. حەنینی کوڕی ئیسحاق و ئەسکەندەری حرافی و یاقوبی کندی و مەتی کوڕی یونس و یوحنای ماسویە، رۆڵی کاریگەریان بینیوە لە وەرگێڕانی کەلتوری یۆنانی بۆ زمانی عەرەبی، حەنین شارەزای زمانەکانی فارسی و سریانی و یۆنانی و عەرەبی بووە، عەبدوڵلای کوڕی موقەفەع کلیل و دیمنەی لە هیندیەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. لاڤۆنینیش لەسەر هەمان رێچکەی عەبدوڵلای کوڕی موقەفەع چیرۆکەکانی مەر گیاندارانی داڕشتووە و هەردوو بابەتەکەش دەچنە خانەی ئەدەبی بەراورد و ئاراستەکراو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. ئەم پۆلە وەرگێڕە بابەتەکانی ئەنتروپولوجیا، بیرکاری، پزیشکی، زانستی، فەلسەفە و بابەتەکانی ئەخلاقیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، لە سەردەمەکانی خەلیفە مەنسور و هارونی ڕەشید و مەئموندا وەرگێڕان گەیشتە لوتکە و لە بەغداش (دار الحكمە) دانرا فەیلەسوفانی وەک ئیبن سینا و کندی و

فارابی و ئیبن هەیسەم هاتنە کایەوە و چالاکی زۆریان نواند. دەرهاویشتە ئەرێنیەکانی ئەم شەپۆلی وەرگێڕانە فرە مەودایە، دروست بوونی قوتابخانە فکرییەکانی موعتەزیلە و ئیخوان ئەلسەفا و ئەشعەری و مورجئە و قەدەری و جەبرییەکانی هێنایە گۆڕێ و لێرەشەوە جووڵە و راپەڕینەکانی قرمتی و زنجی و بابکی خورەمی هەڵگیرسا و کۆمەڵگایان بەرەو ئاستێکی هۆشیارتر و خاوەن دیدگای جیاوازتر برد. با ئەوەش لەبیر نەکەم کە وەرگێڕانی بابەتە فەلسەفییەکانی ئەرەستۆ و ئەفلاتون رۆڵی کارای بینی لە بەرهەم هێنانی زانستی عەقیدە و کەلام و مەنتیق و زانستە ئیسلامییەکان و تەفسیر و نحو و گەلێ بواری تر. لە سەدەکانی شازدە و تا هەژدەش بەدواوە، جارێکی دی جووڵانەوەی وەرگێڕان لە وڵاتە عەرەبییەکان سەری دەرهێنا و جۆرێک لە رینسانسیی لە بوارەکانی روناکبیری و زانستی و ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەرهەم هێنا و بوە هۆی چاوکردنەوەی گەلانی ناوچەکە بە روی ئەوروپادا. رفاعە طهطاوی لە میسر بەرهەمەکانی ڤولتێر و دیدرۆ و رۆسوی وەرگێڕا و ناوەندی (دار الرلسن)ی دامەزراند و نزیکەی (٣٠٠٠) سێ هەزار کتێب لە چاپخانەی بۆلاق بەچاپ گەیێنرا، لە سوریە و لبنانیش ناسیف یازەچی و بوتروس بوستانی و جورجی زەیدان گەلێ کتێبی ئەوروپاییان وەرگێڕا، سلیمان بوستانی ئەلیازەی هومیرۆسی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی لە چوارچێوەی شیعردا. بەدیهێنانی ئەم بابەتە فرە بوارە لە وەرگێڕاندا، کاری گەورەی کردە سەر کۆمەڵگا و جۆرێک لە چوونە پێشەوەی گەلانی ناوچەکەی بەرهەم هێنا و گیانی مرۆڤ دۆستی و پێشکەوتنخوازی و روناکبیری و چەپگەرایی و عەدالەت ویستی و کردنەوەی زانکۆ و دامەزراوە ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتییێکانی هێنایە ئاراوە و توێژێکی روناکبیری بەرهەم هێنا. هەر لە رێگای وەرگێڕانەوە زمانەکەمان دەوڵەمەند دەکرێت، زۆر وشە و دەستەواژە و ئیدۆمەی لەبیرکراو رۆحی دەکرێت بە بەردا و زیندوو دەکرێتەوە، خۆ هەندێک جاران پەنا دەبرێتە بەر داتاشینی وشە و مشت و ماڵ کردنی، دیارە لەم دۆخ و ئاووهەوایەدا وەرگێڕ تا بۆی بکرێت وشە و دەستەواژە رەسەنەکان زیندوو دەکاتەوە و لەم رێگایەوە زمانەکەمان نەک بە تەنیا دەوڵەمەندتر دەبێت بەڵکو رادەهێنرێت لەگەڵ بابەت و بواری نوێدا و دەست و پەنجە لەگەڵ بابەتی فەلسەفی و یاسایی و دەروونی و ئەدەبی و کۆمەڵناسیدا نەرم دەکرێتەوە. واتە بە تیرێک دوو نیشان دەپێکرێت، یەکێکیان دەوڵەمەند کردنی زمانە، ئەودیش تێکەڵ بوونە لەگەڵ دنیای مەعریفە و روناکبیریدا.

یەکێک لە دەرهاویشتە گرنگ و بایەخدارەکانی وەرگێڕان لەم وڵاتانەدا هێنانەکایە و فۆرمەڵە بوونی خۆرهەڵاتناسییە، ئەگەر خۆرهەڵاتناسیی لە سەرەتاکاندا ئامانجێکی داگیرکاری و مونوپۆڵی هەبووبێت، ئەوا لەهەمان کاتیشدا بایەخی ئەرێنی خۆی هەبووە لە چاوکردنەوەی میللەتان و هۆشیار بوونەوە و تێکەڵاوبوون لەگەڵ شارستانێتی خۆرئاوادا. وەرگێڕانی بەرهەمە بەپێز و زانستییەکانی خۆرهەڵات ناسانی وەک ڕرنست رینان و جوستاف لوبون و تیودۆر نولدکە و کارل بروکلمان و گوستاف گرنباوم و لیون کەتانی و نیکلسن و زۆری تریش، چاوی توێژەرەکانی کردەوە لەسەر لێکۆڵینەوەی زانستانە و پێڕەوکردنی پرۆگرامە بابەتی و مەنهەجیەکان. هاوکات و بەهەمان شێوە بەرهەمی خۆرهەڵات ناسە بیانیەکانی وەک فرایزەر و میجەرسون و ئەدمونز و میخائیلس و دیاکونوف، گارتسونی و ن. ی مار و پۆژولاو، مینورسکی، جەلیلی جەلیل، ریچ، ئەوەلیا چەلبی، فرامەرز، حسن ڕافع، ن. ڕ. خالفین و چەندانی تر، دەرگایەکی نوێیان والا کرد لەبەردەم مێژوونووس و روناکبیرانی کورددا، بۆ کوردناسیی و رامان لە بوارەکانی ئەنترپولوجیا و مێژوو و جوگرافیای کورد و رووداوە گرنگەکان و باری شارستانی کۆمەڵگای کوردی و داب و نەریتی میللەتەکەمان، تەنانەت تیشک خستنە سەر دڵ رەقی و پیلان و ناجوامێری داگیرکەرانی کوردستان بەرامبەر بە سادەترین داوا کە مرۆڤ بوونی ئینسانی کوردە. بەرهەمی ئەم خۆرهەڵاتناسانە دەرگای والا کرد بۆ روناکبیرانی کورد، بۆ مکوڕ بوون لەسەر ساخ کردنەوەی قەواڵە نەتەوەیەکانمان.

نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کە وەرگێڕان لقێکی ئەدەبی گرنگی تری هێنایە گۆڕێ، کە ئەویش ئەدەبی بەراوردکارییە، لەنێوان پەرەپێدان بەو لقەی ئەدەب، هزری پێشکەوتن خوازی و چەپگەرایی و بیری نوێ و گیانی دیموکراسی پەرەی سەند، وەرگێڕانی بەرهەمی نووسەرە گەورەکانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و روسیا و ئینگلتەرە و ..هتد بۆ زمانەکانی تر کەشێکی داهێنانی نوێی هێنایە گۆڕێ، گۆتەی ئەڵمانی هەندێک شیعری لەژێر کاریگەری حافزی شیرازی و سەعدی و جەلالەددینی رۆمیدا وتوە و ئێجگار پابەند بووە بە بەرهەمە تەسەوفییەکانیانەوە، بەتایبەتی لە کتێبی (دیوان الغرب والشرق). دانتی لە کۆمیدیای ئیلاهیدا لاسایی (رسالە الغفران)ی ڕبوالعلای معەری کردەوە، حیکایەتەکانی هەزارو یەک شەوە لێک دەچوێنرێت بە حیکایەتەکانی کانتربەری و دیکامیرون، چیرۆکی روبنسون کروز و لەژێر کاریگەری حیکایەتی سەندبادی بەحری

چێ دەکرێت. ڤۆلیتر و ستاندال و ئەناتول فرانس و مونتسکیو توێژینەوەیان لەسەر هەزار و یەک شەوە کردوە و بەرز نرخاندویانە و دەیان چیرۆکی تریان لێ بەرهەم هێناوە، هەر لەژێر باڵی وەرگێڕاندا ڕەخنەی ئەدەبی گەشەی کرد و کتێبەکانی رتشارد و ئەرنۆڵد و بیلسینکی و ئەلن تیت لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕراو جووڵانەوەیەکی ئەدەبی گەرم و گوڕی هێنایە ئاراوە، مامۆستا گۆرانیش زنجیرەیەک وتاری ڕەخنەیی لەسەر مەلا حەمدون و پیرەمێرد نووسی، هەروەها لەڕێی بابەتە وەرگێڕاوەکانەوە مەنهەجی ڕەخنەی ئەدەبی لە ئەرەستۆوە تا سەردەمی نوێ چێ کرد. ئەمە جگە لە سوود بینینی محەمەد تۆفیق وەهبی و گرامەرناسەکانی وەک عەبدولرەحمانی حاجی مارف و ئەمین باڵدار کە لە ڕێگای وەرگێڕانەوە بنەماکانی ڕێزمانی کوردیان چێ کرد، لەژێر باڵی سوودبینین لە بنەماکانی ڕێزمانی ئینگلیزی. بەهۆی پێگەی جیوسیاسی کوردستان و توندوتیژی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق بەرامبەر بە کورد و نەبوونی هەلومەرجی بابەتی، وەرگێڕان هەر لەسەرەتاوە هەنگاوی گورج و درێژی هەڵنەهێناوە، گۆڤاری گەلاوێژ ڕۆڵی سەرامەدی بینیوە لە وەرگێڕانی فرەمەودادا، ڕەفیق حیلمی و ئەمین زەکی بەگ و تۆفیق وەهبی و ساڵح قەفتان و ئیبراهیم ئەحمەد و پیرەمێرد و حامد فەرەج و مەحمود جەودەت و شێخ نوری شێخ سالح و عەلادین سەجادی و سالح حەیدەری و گەلێکی تر کە لەژێر ناسناودا بابەتیان وەرگێڕاوە، ئەم پۆلە دڵسۆز و سەرامەدە ڕۆڵی گەورەیان بینیوە لە بواری وەرگێڕاندا، هەروەها گۆڤاری بەیان و ڕۆشنبیری نوێ وشەفەق و هیوا و بانگی کورد و کاروان و گەلاوێژی نوێ و ژین و ژیان و پێشکەوتن و تێگەیشتنی ڕاستی و ڕۆژی نوێ و برایەتی و هاوکاری و ڕامان و خەبات و کوردستانی نوی ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە. لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ وە هەوڵ و تەقەللای فرە دراوە لە بواری وەرگێڕاندا و کتێب و نامیلکەی زۆر وەرگێڕاون و وەرگێڕی کارامە و لێهاتوو دەرکەوتون، چونکە لە ڕێگای وەرگێڕانەوە زمانەکەمان دەوڵەمەندتر دەبێت و مەودای دەربڕینی واتا جیاوازەکان قووڵ و فراوانتر دەردەکەوێ، ڕەئوف بێگەرد و ئازاد بەرزنجی و حەمە کەریم عارف و عەزیز گەردی و بایەزید حەسەن و شەفیقی حاجی خدر و مەحەمەد حەمە ساڵح و هەڵکەوت عەبدوڵڵا و سەباح ئیسماعیل. دەبوو دەسەڵاتی هەرێم، ناوەند و دەسگای مۆدێرن و گەورە و بایەخداری بکردایەتەوە و لەسەر بنەمای زانستانە و بە سیستماتیک و بەپێی پێویستی کۆمەڵگا ئەرکی وەرگێڕانی لەئەستۆ بگرتایە،

لەسەردەمی عەباسیەکاندا (دارالحکمە) بۆ وەرگێڕان هەبووە، لە سەدەی هەژدەدا لە میسر (دارالرلسن) هەبوە لە ئینگلستان ناوەندی (کمبردج) هەبووە، بەڵام لای ئێمە تائێستا دەزگایەکی هاوچەرخی سیستماتیکمان نیە، کە ئەمەشیان خەمێکی ترە وەبان خەمەکانەوە.

کردەی وەرگێڕان کارێکی هەروا سەرپێی و ئاسان نییە و هەرکەس بە خەیاڵیدا هات ئەسپی تیا تاودات، تیۆرناسەکانی وەرگێڕان دەڵێن وەرگێڕ خیانەت لە هەردوو زمانەکە دەکات، لێرەدا گرنگ کەمی چەندێتی و چۆنێتی ئەو خیانەتەیە. لە وەرگێڕە بەڕێزەکاندا تیایەتی زمانی دایک لای ئەو بەهێزترە لەو زمانەی کە بۆی وەردەگێڕێت و دیارە لە ئەنجامدا دووچاری ئاریشە دەبێت، لە زوانی عەرەبیدا هەندێک تایبەتمەندی هەیە کە بەسەر وەرگێڕدا تێپەڕ دەبێت وەک چەمکەکانی (الاطلاق والتقیید) (التقدیم والتاخیر) (الحذف والذکر) (الحقیقە والمجاز) (الرجمال والتفعیل، العموم والخصوص) و زۆری تریش، دەشێت وەرگێڕ (فقه اللغە)ی هەردوو زمان، واتە رۆحی مانا و میکانیزمی وشە و رستە و رۆڵی وشە لە میعماری تێکستدا و بەکار بردنی ئامرازی لکاندنەکان و تایبەتمەندی هەردو زمانەکە بە باشی ئەزم بکات. هەر گۆڕانکاریەک لە پەیکەری رستەدا روودبدات دەکاتە گۆڕانکاری لە واتادا. جارێک لەگەڵ مامۆستا عەبدولکەریمی موردەریسدا باسی بابەتی (مجاز) و حەزفمان کرد بۆ وەرگێڕان لە قورئاندا و ئەز بەستمەوە بە تەفسیری نامیەکەیەوە، مامۆستا فەرموی من ئەو تەفسیرەم بۆ رەشەخەڵک نووسیوە، د. ئیبراهیم شوانیش لە تەفسیرەکەیدا هەر وای وتوە. واتە بازیان داوە بەسەر لایەنە هونەریەکاندا، وەک تەفسیری کەشافی زەمەخشەری و قورتوبی و تەبەری.

خوالێخۆش بوو هەژاری موکریانی لەگەڵ ئەو هەموو توانا بەربڵاوەی و ئەو هەموو فەرهەنگ زانیەی، کوردیەکەی لە عەرەبیەکەی زۆر باشتر بوو، هەر بۆیە لە وەرگێڕانی قورئانەکەیدا دووچاری نەپێکانی مەبەست بوە، بەتایبەت لە رەچاونەکردن و پەی پآ نەبردنی لایەنە بەلاغیەکاندا، کە قورئان بەوە ناسراوە و رەنگی خەستی تیا داوەتەوە.  نەک هەر ئەو، بەڵکو زۆر وەرگێڕی تر حسابی وردیان بۆ ئەم ئامرازە گرنگانەی زوانی عەرەبی نەکردوە، هەر بۆ نمونە: (حتی) سآ جۆری هەیە واتە سآ واتای جیاواز، (لَو، ف، إژ) چەند جۆرێکن لە واتادا، لام التعلیل و لام الجحود و چەند لامێکی تر، کە وەک یەک رەسم دەکرێت بەڵام فرە واتای جیاجیان هەیە و رۆڵیان لە

واتای رستەدا چون یەک نیە. زۆر کەرەت وەرگێڕی کورد لەم بوارانەدا دووچاری مێملّی و فەرامۆش بوون دەبێت و ئەمەش کاری نەرێنی راستەوخۆ دەکاتە سەر بابەتەکەی. لای ئێمە تائێستا تایبەتمەندی لە بواری وەرگێڕاندا کزە، هەن لە یەک کاتدا بابەتی فەلسەفی و ئابوری و زانستی سوسیولوژی و ئەدەبی وەردەگێڕن، بەڵام لە واقیعدا هەر بابەتە، شێواز و ئەیدومە و دنیابینی جیاوازی خۆی هەیە و ناکرێت تێکەڵ کرێن.

**دنیابینی وەرگێڕ و کێشەکانی بەردەمی:**

١- زۆرجار واتای وشە بە تەنیا، ناکاتە ئەوەی کە لە ڕستەدا بەدی دەکرێت، واتە گۆڕانکاریی واتایی بەسەردا دێت، بە حوکمی پەیوەندی بە وشە و دەستەواژەی نوێوە لە ڕستەکەدا.

٢- تێکەڵ کردنی واتای وشە لە بەکارهێنانی حەقیقەت و مەجاز و بابەتە بەلاغییەکاندا. بۆ نموونە لە کنایەدا: (کثیر الرماد) (مهزوم الفصیل) (جبان الکلب فی جیبە عقرب) (عریض القفا)....هتد. ئەم واتایانە دەشێت هەر بەلایەنە حەقیقەتەکەشی لێک بدرێتەوە.

٣- مامەڵە نەکردنی هۆشیارانە لە بواری بەکارهێنانی حەرفی جەردا، بۆ نمونە واتای (الایقاع) بە جیا، جیاوازە لەگەڵ (الایقاع بە)، (یمیل إلیە) پڕ بە پڕ واتاکەی دژی (یمیل عنە)، جارێ یەکێک کتێبی (الکامل فی التاریخ)ی ابن الاثیری وا وەرگێڕاوە. (تەواوی مێژوو)، کەی ناوی کتێب وەردەگێڕێت؟! هەر باشە ابن الاثیر یشی بۆ (کوڕی فەزا وەرنەگێڕاوە)؟!. (الزا وعیون الزا) آراگون. هەر بۆ نمونە وەرگێڕێکی بەرێزی کورد واوەکەی بە واوی عەتف داناوە واتە (ئەلزا و چاوەکانی ئەلزا) بەڵام راستیەکەی (ئەلزا بە چاوەکانی ئەلزا) واتە واوەکە بۆ سوێند خواردنە. بەڕێزینە تێور دەکەن بە تەنیا لەسەر مانای پیتی (و) و شوێنەکەی لە ئایەتێکدا موفەسیرەکان رایان جیاواز بوو، وە بونە دوو بەش، ئایەتەکەش (لایعلم تاویلە إلا اللە والراسخون فی العلم یقولون آمنا)، بەشێک دەڵێن (و) عاتیفەیە، بەشێکی تریش دەڵێن (اسئناف)ە، دەرهاویشتەی ئەم دوو بۆچوونەش واتای جیاواز و هزری جیاوازی هێناوەتە گۆڕێ.

٤- واتای وشە لە فەرهەنگدا جیاوازە وەک ئەوەی کە لە رستەدا بێت و گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

٥- وەرگێڕ زۆرجار پەنا دەباتە بەر هاوواتا (ترادف)، بەڵام لە واقیعدا ترادف ئێجگار کەمە بۆ نموونە (رکض – هرب – فر، جری، عدا) هەریەکی بۆ بۆنەیەک بەکاردێت. ابراهیم ناجی دەڵێت (فعدونا فسبقنا فلنا) تەنانەت زیرەکی دەسکردیش لەم بوارەدا دەسەوسانە و پڕ بە پڕ نایپێکێ.

جارێک برادەرێک ئەم رستەیەی محمد ماغوتی وا وەرگێڕابوو (اعشق وجهک البهی) سەرسامی دەم و چاوی بەهێم!

٦- وەرگێڕانی ئەدەبی، بەتایبەتی شیعر ئێجگار سەختە، کاَ هەیە بە سەرکەوتویی میتافۆر و (توریە وجناس)ەکانی نالی بە باشی وەرگێڕێت؟! بە درێژایی تەمەن ئەز هەر شیعرێکم وەرگێڕابێت نوسیومە بە دەسکاریەوە! (مترجم بتێرف). جار هەیە وەرگێڕان لەناو وەرگێڕاندا دێتە بەردەم وەرگێڕ، بەتایبەتی لە هونەرە بەلاغیەکانی اقتباس، عقد – تعریچدا.

٧- جاری وا هەیە وشەیەک چەند واتایەکی هەیە وەک عبر – فتنە- خڵق – بر، دەبێت وەرگێڕ جیای کاتەوە، مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتە هەستیارانە، وەک رۆشتنە بە ناو کێڵگەی میندا وریایی و شارەزایی دەوێت.

جار هەبووە دوو وەرگێڕانی جیاجیای یەک دەقم بەراورد کردوە، سەیرەکە لەوەدایە کە جیاوازیان هەبوە لە دەرخستنی مەبەستە بنەڕەتیەکەدا، تەنیا هۆکاریش ئەزم نەکردنی دەقە عەرەبیەکە بوە. ئەمە جگە لە جیاوازی رێنوس، کە هەمومان بەدەستیەوە دەناڵێنین و ئەمەش لەم سەروبەندەدا روبەڕوی ئەکادیمیای کوردی دەکرێتەوە.

٨- هەندێک جار یەکێک لەو دوو زمانەی کە وەرگێڕانیان تیا دەکرێت، ئامرازی دەربڕینی یەکێکیان لەوی دی دەوڵەمەندترە، یان بە پێچەوانەوە، دیارە وەرگێڕ لەم حاڵەتەدا ئەرکەکەی قورستر دەبێت و کات و سەلیقەی زۆرتری دەوێت.ززززز

٩- هەندێک وەرگێڕ لەوە قارسن کە موفرەداتی زمانی عەرەبی زۆرە و کوردی کەمە و گوایە ئەمە لای ئەوان دەبێتە لاوازی و دەسکورتی زمانەکەمان، ئەمساڵ لە رۆژی زمانی عەرەبیدا دەسگا پەیوەندیدارەکان ئەم سەرژمێریەیان ئەنجام داوە. موفرەداتی زوانی عەرەبی زیاد لە ١٢ ملیۆنە، ئینگلیزی ٦٠٠,٠٠٠ وشە، فەڕەنسی نزیک ١٥٠,٠٠٠ وشە، روسی ١٣٠,٠٠٠ وشە، تورکی ١١١,٠٠٠ وشە، بەر لە هەر شت زۆربەی وشە عەرەبیەکان لە فەرهەنگەکانی (لسان العرب) و تاج العروس و (قاموس

المحيگ)دا بە هەڵپەسێرراوی ماونەتەوە و بەکار ناهێنرێن، سەدان هاوواتا بۆ وشتر و دەوار و شمشێر و گوریس و شێر و بیابان... هتد هەیە و هیچ بایەخێکیشیان نەماوە، لەگەڵ کەمی موفرەداتی نەتەوە غەیرە عەرەبەکان بە کوردیشەوە، داهێنانی نـاوازە و سەرتەڵ کراوە، ناسکترین هەست، گەرمترین سۆز، وردترین خەیاڵ و ختورەی دەرون، بەسۆزترین زایەڵەی رۆح، سەرتەڵترین وێنەی نەوازە و وروژێنەر لە ئەدەبی ئەم نەتەوانە بە کوردیشەوە بەدی دەکرێت، وەرگێڕان رۆڵێکی کارای بینی لە تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا لەسەر دەستی گۆران و شێخ نوری شێخ ساڵح و رەشید نەجیب، گۆران هەندێک شیعری خەیام و جەواهیری و ابو القاسمی لاهوتی و کیتس و شیللەر و نازم حیکمەتی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی، شێخ نووریش هۆنراوەی ایلیا ئەبو مازی و عەبدولحەق حامیدی کردە کوردی و سەرسام بوو بە بەرهەمی شوعەرای فەجری ئاتی تورکی، لێونان بە پلوسکی ئەدەب و شیعری بێگانە کاریگەری راستەوخۆی هەبو لەسەر تازەکردنەوەی شیعری کوردی. با ئەوەشم لەبیر نەچێت کە بەندە لەم ساڵدا داوای موحازەرەیەکم لێ کرا لە مەجمەعی عیلمی عێراقەوە بۆ رۆژی زمانی دایک بۆ زمانی کوردی لە ٢٠٢٤/٢/٢٢ دوای ئەوەی موحازەرەکەی پێشکەش کرد سەرۆکی مەجمەعی عیلمی عێراق، وتی زمانەکانی فارسی، تورکی، ئەفغانی، ئوردەوی لەسەدا پەنجایان وشەی عەرەبیە بەڵام زمانی کوردی بەرەنگاری عەجایبی کردوە و بە پاکی ماوەتەوە، ئێستاکە زمانە جیهانیەکان لە بەرامبەر خێرایی داهێنانی تەکنەلۆژیا و بەرهەمهێنانی فرەی ئامێرەکان، خەریکی خۆ گونجاندن و داهێنانی زاراوەن و پآ بەپآ کاری بۆ دەکەن و کەمی موفرەداتەکانیان هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نەکردون.

١٠- لەبەر ئەوەی بەندە ئەو شارەزاییەم لە زمانی فارسیدا نیە ئەم لایەنە بۆ ئێوەی بەڕێز بەجێدەهێڵم، بەڵام ئەوەندەی لەملاولا لە هاوڕێیانی ئەودیو دەبیستم ئەوانیش هەر نارازین و رەخنەی خۆیان هەیە لە بەشێک لەو وەرگێڕانانەی کە لە فارسیەوە دەکرێت بۆ کوردی.

١١- ئێمە لە سەدا نەوەدی وەرگێڕانەکانمان لە فارسی و عەرەبی و زمانەکانی ترەوەیە بۆ کوردی، دیارە ئەز دەست خۆشی دەکەم، بەڵام وەرگێڕان لە زمانی کوردیەوە بۆ ئەو زمانە جیاوازانە بەتایبەتی تورکی و عەرەبی و فارسی زۆر کەمە، ئەمە لە کاتێکدا کە لە دەوروبـەرەوە نەیارەکانمان ئینکاری کورد بونمان دەکەن،

دەشێت بە وەرگێڕانی بەرهەمە نەوازە و دلۆڤانەکانمان هێندەی تر بونمان وەک نەتەوەیەکی زیندو و دێرینە بسەلمێنین و کارلێکی شارستانی بە هەموو بەشەکانیەوە ئەنجام بدەین لەگەڵ نەتەوەکانی سەر زەویدا.

١٢- ژمارەی وشەکانی دەقێکی کوردی وەرگێڕاو لە عەرەبیەوە، زۆرترە لە ژمارەی وشە و دەستەواژە عەرەبیەکە، ئایا بۆ فارسیێکە و هەر زمانێکی تریش هەر وا دەکەوێتەوە؟! کورت بڕی و چڕبونەوەی وشەکانی نێو رستە لە زمانی عەرەبیدا پەیوەندی بە مێژویەکی دورودرێژی بەکارهێنانەوە هەیە، هەروەها کەمی پیتەکانی راناو و حەرفی جەر لە زمانی عەربیدا، هۆکارێکی ترن بۆ ئەو کورت بڕیە، هەروەها سستمی پێکهاتەی رستەی زمانی عەرەبی لەسەر بنەمای ئیعرابە، دیارە، نیشانەی ئیعراب بە هێما، واتا و رۆڵی وشە دەستنیشان دەکات لە رستەدا، جگە لەمانەش تیۆری کورت بڕی (الریجاز) داوایەکی پێداگرانەی زاناکانی بەلاغە بوە لە نووسەر. دیارە ئاستی هونەری و مەعریفی وەرگێڕیش رۆڵی کارا دەبینێت لە چڕکردنەوەی رستەدا.با ئەوەش لەبیر نەکەم کە شێوازی نوسینی عەرەبەکانی سەردەمی عەباسیەکانی وەک ابن المقفع وابن العمید و جاحیز و ئەبوحەیانی تەوحیدی و زۆری تریش کورت بڕ و چڕتر بوە لەوەی ئێستادا، چونکە کاریگەری راستەوخۆی قورئان و شیعری عەرەبیان گرتۆتەخۆ. دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە لە زمانی کوردیشدا، قاڵبی شیعر و بابەتە زانستیەکان پێکهاتەی وشە و دەستەواژەکانیان کورت و چڕترە لە شێوازی بابەتەکانی تر. وەرگێڕانی قورئانەکەی هەژار گەواهی ئەو کورت بڕیەیە.

بەر لە کۆتایی: حاڵی ڕێنووس و وەرگێڕانی فیلم و دراماکان و بەرنامەی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانمان جێگای رەخنە و گلەییە و ئیتر نازانم ئایا چاودێری زمانەوانیان نیە؟ یان هەیە و وا کەوتۆتەوە؟! بەو هیوایەی کە چاودێری زمان بۆ هەمو ئەو دەسگا هەستیارانە دابنرێت بۆ ئەوەی زمانەکەمان لە گرێژەنە دەرنەچێت و نەبێتە کێڵگەی درک و داڵ و هەمیشە هەر بە سەوز و جوانی بمێنێتەوە.

**د.ڕەئوف عوسمان**

لە ساڵی ١٩٤٥ لە سلێمانی لە دایک بووە.

– لە ساڵانی ١٩٥٢ تا ١٩٦٤ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە.

– لە بنەماڵەیەکی ئاینی و ڕۆشنبیری چاوی هەڵهێناوە.

– ساڵانی ١٩٦٤ – ١٩٦٨ لە زانکۆی بەغدا – کۆلێژی ئاداب، بەشی عەرەبی تەواو کردووە.

– ساڵی ٢٠٠٥ بڕوانامەی دکتۆرای هێناوە لە ئەدەبدا لە زانکۆی موستەنسریە.

– لە قوتابخانەکانی ئامادەیی سلێمانی کوڕان و هەڵکەوت و خانزاد و فریشتە وانەی عەرەبی وتۆتەوە.

– لە ساڵانی ١٩٩١ تا ١٩٩٣ سەرپەرشتیاری پسپۆڕی زمانی عەرەبی بووە.

– لە ساڵی ١٩٩٢ دوای ڕاپەڕین بووە بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری سلێمانی.

– خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لەسەر شێخ مارفی نۆدێ و بەلاغەی عەرەبی.

– ساڵی ١٩٩٧ تا ١٩٩٨ مامۆستای زمانی عەرەبی بووە لە کۆلێژی زمان، بەشی عەرەبی لە زانکۆی سلێمانی.

– سەرۆکی بەشی عەرەبی بووە لە کۆلێژی زمان لە زانکۆی سلێمانی.

– دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی بڵاوکردۆتەوە لە بواری ڕۆشنبیری و زمانی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبیدا. بە هەردوو زمان لە گۆڤاری: بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، ڕۆژی کوردستان، گەلاوێژیی نوێ، خەبات، العراق، کوردستانی نوێ، هەرێم، ئێستا، کەلتوور، المدی، الجمعیة الوطنیة الأتحاد، الطلیعة الأدبیة، کاروان، ئەکادیمیای کوردی سلێمانی، التأخي – برایەتی.

– ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری گەلاوێژی نوێی عەرەبی و گۆڤاری جریوەی منداڵان بووە.

– دوو خول سەرۆکی بنکەی ئەدەبی گەلاوێژ بووە بە هەڵبژاردن.

– دوو خول هەڵبژێرراوە بۆ ئەندامێتی پەرلەمانی عێراق و لەوێ سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری و پەروەردە و ئەندامی یەکێتی پەرلەمانتارانی عێراق و کوردستان بووە.

– ساڵی ١٩٧٥ ەوە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد بووە.

– ئەندامە لە یەکێتی نووسەرانی عێراق

– ئەندامە لە یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

– ئەندامە لە یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی ئەورووپا

تا ئێستا شانزه (١٦) کتێبی له بواری ئەدەب و ڕۆشنبیری و بیرەوەری و  ڕەخنە بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی بەجێ گەیاندووە.
– له سەرەتای حەفتاکان لە گۆڤاری بەیاندا بابەتی بڵاوکردۆتەوە.
– سەرەتای حەفتاکان لە ڕۆژنامەی ژینی کاکەی فەلاح یەکەم بەرهەمی .... بڵاوکردۆتەوە.
– بە نووسین و دیراسە هاوبەشی کردووە لە کۆمەڵێک کۆنگرە و کۆنفرانس لەم وڵاتانەدا: فەرەنسا، قاهرە، تاران، واشنتۆن، فلیپین، سنە، هەولێر، بەرلین، بەغداد.
– لە ساڵی ٢٠٢١ ەوە بەڕێوەبەری ناوەندی ڕۆشنبیری د. عیزەدین مصطفی ڕەسووڵە لە سلێمانی.

# ڕەوشی پرۆسەی وەرگێڕان و زاراوەسازکردن لە هەرێمی کوردستاندا

د.هیوا عەساف

هەمیشە کۆمەڵگاکان پێویستیان بە ئەزموونی یەکتر هەیە، چونکە مرۆڤ لە تەمەنێکی دیارکراو و لە ژینگەیەکی دیارکراودا ناتوانێت ئەزموونی هەموو شتێک بکات، بۆیە لە پرۆسەی پێشکەوتنی گەلاندا هەمیشە سوود وەرگرتن لە توانا و ئەزموونی ئەوانی تر باروبوویەکی گرنگە.

وەرگێڕان گواستنەوەی ئەزموون و زانیاری و بیروبۆچوونە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر. ئەمەش هونەری تایبەتی خۆی هەیە و پێویستە بە جۆرێک بێت، کە لە زمانی دووەمدا وەکو کەرەستەیەکی خۆماڵیی وا، کە نامۆ نەبێت بە زمان و کۆمەڵگا، سوودی لێ وەربگیرێت. بەگشتی ڕەوشی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستاندا لەم قۆناغەدا باش نییە، چونکە ڕەوشی زمانی کوردی بەگشتی باش نییە. زۆر لە وەرگێڕ و خوێندەواری ئێستا کەمتر شارەزای زمانی کوردین، کەمتر دەتوانن کوردانە قسەبکەن و بنووسن. یان ڕاستتر بڵێین، کەمتر بەگرنگییەوە سەیری دروست بەکارهێنانی زمانی خۆیان دەکەن. لە قۆناغەکانی پێشتردا خوێندەوار لە ژینگەیەکی خۆماڵیی سروشتیی لادێییەوە گەورەببوو، بۆیە زمانێکی پاراو و بێخەوشی هەبوو. ئەم زمانە توانایەکی باشتری بە نووسەر و وەرگێڕ دەدا. زۆر لە خوێندەوارانی ئێستا سەرچاوەی مەعریفەکەیان زمانی ترە، شارستانیەتی ترە، لەگەڵ ئەوەشدا لە قوتابخانە و ژینگەیەکی کوردانە زمانیان نەپژاوە و کەمتر لا لە زمانی دایک دەکەنەوە، بۆیە بە کوردی بیرناکەنەوە، ئەوەی دێتە سەر زار و نووکی قەڵەمەکەشیان هەر بیرکردنەوە و شێوازی زمانی یەکەم(سەرچاوە)یە، بەڵام لە قاوغی زمانی کوردیدایە. هەڵبەت وەرگێڕانی باش هەیە، بەڵام پرۆسەکە بەگشتی لە کێشەدایە. کاتێک بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی زانستی سروشتی، یان زانستی وەک کۆمەڵناسی، دەروونناسی، یاسایی دەخوێنینەوە، بەغەمگینییەوە سەر بۆ ئەو ڕاستییە دەلەقێنین. یان بەراوردی کتێبی فیزیا و کیمیا و زیندەزانیی پرۆگرامی خوێندنی ئێستا و (٢٥) ساڵ پێش ئێستا بکەین، دەزانین چ پاشەکشێیەکمان لەو بوارەدا کردووە.

کێشەکان زۆرن، جۆراوجۆرن، ئەگەر کێشەکان لە بواری زاراوە بە نموونەوە وەربگرین، دەبینین کێشەی وەک نەبوونی زاراوە، بوونی زیاتر لە زاراوەیەک بۆ چەمکێک، نەگونجاوی واتا و ڕۆنانی زاراوە ...هتد هەیە. ئەمەش کێشە لە نووسینەوەی زانستەکان و وەرگێڕانی بەرهەمە زانستییەکان دروستدەکات. لە ناو میللەتانی

زیندوودا ڕۆژانە زاراوە سازدەکرێت، بەجۆرێک هەندێک جار دەگاتە (٥٠) زاراوە لە ڕۆژێکدا، چونکە گۆڕانکارییەکان خێران، بەردەوام کەرەستە و بیرۆکەی نوێ دێنە ناو ژیانەوە. زمانی زیندوو ئەو زمانەیە بتوانێت بەردەوام ئەوەندە کەرەستە بخاتە بەردەم بەکارهێنەرانی، تا بتوانن کاری خۆیان پێ ڕایی بکەن.

لە زاراوەسازیدا پێویستمان بە پێناسەکردن و جێگیرکردنی چەمکی زاراوەکان هەیە، بۆ ئەمەش پێویستە ئەکادیمیا و دەسگا فەرمییەکان بە شێوەی دەستەجەمعی ئەو کارە بکەن و شەرعیەتیان هەبێت. کاتێک ئەو ناوەندانە لەو بوارە جۆراوجۆرانهدا ئەو کارە ناکەن، واتە ئێمە بە ڕێڕەوێکی ناتەندروستدا دەڕۆین. لە زاراوەسازکردندا ئەوەندەی پێناسەکردنی زاراوەکان و سنوردارکردنی چەمکەکان گرنگن، ئەوەندە فۆرمی وشەکان گرنگ نین. بە پێناسەکردنی زاراوە و دیارکردنی چەمکەکانیان دەتوانین بە کەرەستەی کەم و سنوردار بەپێی پێویست زاراوە سازبکەین، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا لە وشەی (واتا) و پاشگری جیاوازی تایبەت بە (زانست) زاراوەی جیاوازی وەک (واتاناسی- علم المعاني) و (واتاسازی- علم الدلالة)مان دروستکردووە، کە زاراوەی یەکەم بۆ بواری ئەدەبیاتناسی و، زاراوە دووەم بۆ بواری (زمانەوانی) بەکاردێت. کەواتە لێرەدا چۆنیەتیی پێناسەکردن و سنوردارکردنی چەمکی زاراوەکان لەلایەن ناوەندێکی ئەکادیمییەوە گرنگترە لە چەندێتی وشەکان و دەوڵەمەندیی زمان لە ڕووی فەرهەنگەوە. واتە بەپێی چالاکیی خۆمان دەتوانین لە زمانێکی هەژار ژمارەیەکی زۆری چەمک و زاراوەی جیاواز لە بواری جیاواز بسازێنین.

کاتێک زمانێک بوو بە زمانی دەوڵەتداری و شێوەیەکی فەرمیی وەرگرت، ئەرکێکی قورسی پێ جێبەجێ دەکرێت، بۆیە دەبێت بەردەوام بارگاوی بکرێتەوە و توانای ئەوەی پێ بدرێت، ئەرکەکە بەجێ بگەیەنێت. ئەوەی ئەو توانایە بە زمان دەدات، بوونی سیاسەت و پلانی زمانییە. واتە زمان بۆ پاراستن و گەشەپێدان و چاودێری کردنی بەکارهێنانی دروست و فراوانکردنی بوارەکانی بەکارهێنانی، هەوڵی بەردەوام و پاڵپشتیی ئەکادیمی و یاسایی دەوێت. نووسینەوەی زانستە جۆراوجۆرەکان، وەرگێڕانی بەرهەمی میللەتان، بەکارهێنانی زمان لە بواری تەکنەلۆجیا و دانەبڕان لە کاروانی پێشکەوتن پێویستی بە زمانێکی بەهێز هەیە، زمانی بەهێز پێویستی بە خزمەتە، خزمەت پێویستی بە پلان و پاڵپشتیی یاسایی و ئەکادیمی هەیە.

**پرۆفایل: پ.ی.د.هیوا ئەحمەد عەساف**

- لەدایکبووی ١٩٨٣- کەرکوک.
- ساڵی (٢٠٠٩) ماستەری لە زانکۆی سەلاحەدین لە بواری (دیالێکتۆلۆجیا) بەدەستهێناوە.
- ساڵی (٢٠٢٢) دکتۆرای لە بواری (پراگماتیک) لە هەمان زانکۆ بەدەستهێناوە.
- مامۆستایە لە زانکۆی سەلاحەدین.

# خوێندنەوەیەك بۆ پڕۆسەی وەرگێڕان لە هەرێمی كوردستان

فەتحی مەلا عەلی مودەریس

دوور لە بیردۆزی پیلانگێریی (Conspiracy Theory)، بە بەڵگەی مێژوویی و بەرجەستە و بەردەست ، زمانی کوردی بە مەبەستێک و پلانێکی دارێژراو و پیلانێکی گەورە و کۆن لە ڕوانگەی ڕووداوەکانی مێژووی مرۆڤدا وەک زمانێکی زیندووی نەتەوەیەک پەڕاوێزخراوە، هۆکاری پەڕاوێزخستنی میللەتێک و زمانێک لە هەر سەرچاوەیەکەوە بە ئامانج کرابێت، ئەوەی ئاشکرایە فرە چەشن و فرە جەمسەرن، ئەوجا هۆکارەکە سیاسی بێت یان حوکمڕانی و داگیرکاری یان ئایینی یان جیوسیاسی وەک حزوری نەتەوەی کورد لە مەیدانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا، کێشەکە زیاتر نەک تەنها لە پەڕاویزخستندایە، بەڵکو جینۆسایدکردن و هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەیان لەسەر شانۆی ڕووداوەکانی جیهان و زیاتریش لەوە بەرەنگاربوونەوە و کۆششی بەردەوام بۆ سڕینەوەی کورد لەسەر نەخشەی ناوچەکە بە بەکارهێنانی گشت تواناکان بۆ بە دیهێنانی ئەو پڕۆژەیە کۆن و گەورە و شەرمەزارییە کە تاکو ئێستا ئەو هەوڵە و پڕۆژەیە دژی کورد و زمانەکەی لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە جیهانییەکان و بگرە لە کامپینەکانی ڕاگەیاندنی وڵاتانی دراوسێی کوردستان بەردەوامی هەیە بەداخەوە هەرچەندە چەمکەکانی مافی مرۆڤ و تێگەیشتنەکان سەبارەت بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە سەدەی بیست و یەکدا، بەڵام ئەو هەوڵانە لەوانەیە تاکو ڕادەیەک سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە هاوکات ئیرادە و حەتمیەتی مانەوەی کورد و زمانی کوردی کۆتایی نایەت و فاکتەرەکانی مانەوەی هەتاهەتاییە .

لە نێو ئەو توانا و بەهرەیەی کورد خاوەنداریەتی دەکات زمانەکەیەتی کە فاکتەری مانەوەی وەک زمانێکی هەزاران ساڵی زیندوو و بەردەوام لە لایەک و وەک زمانێک کە توانای گەشەکردنی هەیە بە ڕادەیـەک کە خـۆی بگونجێنێت لەگەڵ پێشهاتە زانستییەکانی سەردەم بە تایبەت وەرگرتنی زاراوەی بیانی لە چوارچێوە فەرهەنگی و ئەدەبی و زمانی ڕاگەیاندن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندان ئالنگاری دووچاری زمانی کوردی دەبێتەوە کە لەوانەیە ببێتە مایەی لاواز بوون و سستی و لە دەستدانی توانای گەیشتن بە ئاستی داخوازییەکان.

پڕۆسەی وەرگێڕان بۆ یەکەم بڵێسەی سەرهەڵدانی هەر شارستانیەتێک گرنگیەکە ئەوتۆی هەیە بۆ ئـەوەی ئەزمونی وولاتـان ببێتە مایەی خێراکردنی پڕۆسەکە و لەلایەکی تر دووبارەنەکردنەوەی هەڵەکان، لێرەوە گرنگی وەرگێڕان بۆ نەتەوەی کورد بۆ ئێستا بەدەردەکەوێت، بەڵام چ وەرگێڕانێک؟

بێگومان پڕۆسەی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستان لە کاتی ئێستادا سەرەڕای ئاڵنگارییەکان دەتوانین ئاماژەی پێی بکەین، لە گەشەکردنێکی سستدایەن بەڵام خۆشبەختانە ئەو پڕۆسەیە لێرەو لەوێ چالاکی بەرچاو دەنوێنن .

ئەگەر بەراوردکردنێک بۆ پڕۆسەکە بکەین بۆ ئێستا و ڕابردوویەکی سی ساڵە، بە داخەوە پرۆسەی ئێستا کەمتر و لاوازتر و بێ نازترە هەرچەندە گشت پێداویستییەکان بەردەستن، هەڵبەتە هۆکارەکان لەو ئاڵنگارییانە بەرجەستە دەبن کە لە سەرووی هەموویانەوە سیما و شارستانیەتی ئینتەرنێت کە ژیان و ئەبجەدیەتی مرۆڤایەتی خستۆتە ژێر بەرپرسیاریەت و پرسیارەوە وەک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمپانیا جیهانییەکان کە وەرگێڕانیان (بە وتەی ئەوان زۆر ساناتر کردووە) واتە هەمان کات وشە یان ڕستەدەنووسێ بە دەنگەوە ئاخاوتنی پێدەکەین ئەو ئامێرە ڕاستەوخۆ وەرگێڕانی بۆ دەکات، بەڵام چ وەرگێڕانێک ؟

وەرگێڕانێک دوور لە دەقە ڕەسەنەکە و دوور لە گیانی ئەدەبی و دەربڕینی هەستە مرۆڤایەتییەکان و دوور لە گشت ماتا و مانا هەستیارەکان.

وەرگێڕان لە فەرهەنگە باوەڕ پێکراوەکان هەر لە کۆنەوە وەک خیانەتکاری پێناسە دەکرێ، بە واتای ئەوەی زمانی دەقە ڕەسەنەکە هەردەم ناتوانرێت وەرگێڕانی بۆ بکرێت بە تایبەت ئەگەر هاتوو دەقەکە تایبەتمەندی یاسایی بێت یاخود زانستی یان ئەدەبی.

لە زانستی وەرگێڕاندا وەک ئەزموون و پاڵپشت بەو ئەزموونە، تێڕوانینێکی تایبەتی خۆمان هەیە وەک هەڵسەنگاندن و هەروەها پێدانی ڕاوێژ و ڕاسپاردە سەبارەت بە پیشەی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستان و عیراق .

بە بڕوای من، دەقەکان بۆ هەر تایبەتمەندیەک بێت، ئەوجا یاسایی یاخود ئەدەبی یان زانستی ئەوا ڕێچکە و ستایل و مەرجی خۆیان هەیە بۆ ئەوەی بە جوانترین شێواز بیرۆکەی دەقە بنەڕەتییەکە بۆ زمانێکی تر بگوازرێتەوە. وەرگێڕان لە سەرەتادا:

– وەرگێڕ دەبێت شارەزایی لە هەردوو زمانەکە هەبێت واتە زمانی خۆی و زمانی وەرگێڕانەکە، شارەزاییەک بۆ کەلتور و بوارەکانی کۆمەڵایەتی و مێژوو و سیستەمەکانی ژیانیان، بە واتایەکی تر وەرگێڕ دەبێت ڕۆشنبیری گشتی لەسەر کەلتور و ڕەوشی زمانەکان هەبێت بە ئیعتباری ئەوەی زمان هۆکاری بونیادنانەوەی شارستانیەتە.

– له دەقە ئەدەبییەکاندا ، بە بڕوای ئێمە ، وەرگێڕان قورستر و سەخڵەترە لەبەر ئەوەی نەک تەنیا شارەزایی لە زمان هەبێت، بەڵکو ئاگاداری زاراوەسازی و ڕێزمان و ئەدەبیاتی هەردوو زمانەکە هەبێت، واتە لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی وەرگێڕانەکە و خوێندنەوە و بیرکردنەوەی بەو زمانە هەبێت کە بۆی وەردەگێڕێت.

بۆ نمونە هەندێک لایەنی ڕەوانبێژی و زاراوە سازی هەیە کە زۆر پێویستە وەرگێڕ بەدواداچوون و خوێندنەوەی بۆ بکات، پێش دەست کردن بە پرۆسەی وەرگێڕان :

**چەند زانیاری و ڕاستی و ئەدەبیاتی زمانەوانی :**

وەک نمونە : کاتێک وەرگێڕان بۆ ئەو دەربڕینە دەکەین: (to ask for the floor) ئەو دەربڕینە زاراوەیە بە مانای (داواکاری بۆ قسەکردن) دێت، واتە لەسەر ئەو شوێنەی بۆ قسەکردن لەسەر سەکۆیەکە تەرخان کراوە، لە کاتێکدا ئەگەر هاتوو وەرگێڕانی زارەکی بکرێت بە تەواوی هەڵە دەردەچێت.

بۆ مەبەستی ئاشنا بوون بە چەند زانیارییەک سەبارەت بە زمانی ئینگلیزی و ڕەوانبێژی کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە بواری سیاسەت و وتە پێشکەشکردن و دیبلۆماسیەت بەکاردێت، ئاماژە بە چەند نمونەیەک دەکەین کە ڕۆژانە بەکاردەهێنرێت و پێویستە وەرگێڕ تەواو ئاگادار بێت

لەوانە :

١- توانج پۆشی – توریە (The Irony)

٢- (لەیەک چوون The Simile)

٣- (درکە - کنایە The Metaphor)

٤- (درێژبڕی The Hyperbole)،

٥- (نواندنی کەسایەتی the personification)

٦- (وشەقوتدان the Euphony)

٧- (لەبەرخۆدواندن The Apostrophe)

ئەو بوارەی زمانەوانی کە قسەو وتوێژی مرۆڤ جوانتر دەکات و وشەکان ڕازاوەتر و ئاوازی دەربڕینەکان وەک میلۆدی نیشان بدرێت، پێیان دەڵێن ڕەوانبێژی و بەیان The Rhetoric کە لە دواندن و ئاخاوتنی ڕۆژانە بەکاردێت، بەڵام لە ڕوانگەی ئەدەبیات و ئاخاوتنەوە کاریگەری خۆی هەیە بۆ قەناعەت پێکردنی بەرامبەر.

**بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە هەریەک لەو حاڵەتانەدا بە نموونەوە تاوتۆی دەکەین:**

١- توانج پۆشی the Irony:

هێنانەوەی پێچەوانەی حاڵەتەکە بۆ مەبەستی ڕەخنە یان سوعبەت یان گاڵتە پێکردن:

He builds a Castle and damages a city

قەڵایەک دروست دەکات بە تێکشکاندنی شارێک

هاوشێوەی لە زوبانی عەرەبی: ( یبنی قصرا و یهدم مصرا )

لە لایەکی ترەوە بۆ ڕستەی ڕەمزی بەکاردێت:

He smelt a rat بۆنی بێگانە دەکا

٢- لەیەکچوون the Simile:

- هێنانەوەی مانا وشە بە وشەیەکی تری لەیەک چوون

He is as firm as Stone واتە : ئەو وەک پۆڵا بەهێزە

- هەروەها دەربڕین لەسەر تێکشکاندن و بەزین لە جەنگدا loosing the Ground

کە ناتوانرێت وەرگێڕانی وشە بە وشەی بۆ بکرێت

٣- درکە - مجازی The Metaphor:

دەلالەت هێنانەوە بە شتێکی تر و ڕوونتر

" By the snorting war steeds "

ئایەتی پیرۆزی قورئان سورەتی عادیات «و العادیات ضبحا» کە ئەسپ لەکاتی شەڕ چۆن دەنگی لێوە دێت.

وه لەحاڵەتێکی تر وەک مەجاز:
A broken hearted دڵێکی شکاو

٤- درێژبڕی The Hyperbole :
درێژکردنەوەی قسەو وتووێژ:
He was mad from sorrow لەبەر غەم و پەژارە وەختابوو شێت بێت
٥- نواندنی کەسایەتی The Personification:
بەراوردکردنی حاڵەتی عەقلی و وەسف کردن بە شتی بێ روح و گیان:
If the money talks the right keeps quite
بە واتای : کە پارەو پول زاڵ دەبێت ڕاستییەکان بێ دەنگ دەبن

٦- وشەقوتدان The Euphony:
قسەی ڕاستەوخۆ وە بەبێ ئاڵۆزی فەلسەفی.
To be or not to be that is the question
ئەو دەربڕینە بەناوبانگەی ولیام شکسپیر لە درامای هاملێت کە دەڵێت (ببێت یان نەبێت ئەویە پرسیارەکە)
٧- لەبەرخۆدواندن The Apostrophe:
دواندنی کەسێک کە وجودی نییە یان دواندنی شتێک کە ناتوانێت قسە بکات.
Oh، the sacred souls of Martyrs ، revolt to avenge
ئەی گیانە شەهیدە پیرۆزەکان هەڵسنەوە بۆ تۆڵەسەندنەوە
لایەکی تری شاردراوەی پرۆسەی وەرگێڕان لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی دایە کە هەر ئامرازێک بۆ حاڵەتی تایبەتی خۆی بەکار دێت و بە پێچەوانە واتاکان دەگۆڕێت و دەقەکە تێک دەچێت:
بەکارهێنانی ئامرازی پەیوەندی prepositions لە زبانی ئینگلیزی تایبەتمەندی خۆی هەیە بە ڕاددەیەک بە بەکارنەهێنانی هەر ئامرازێکی پەیوەندی لەگەڵ فەرمانی سەرەکی مانا و واتاکەی دەگۆڕێت، وەک ئەم وشانەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| وەڵامدانەوە بۆ | In response to |
| گونجاندن لەگەڵ | In conformity with |

| | |
|---|---|
| لە پشتگیری بۆ | In support of |
| خۆگرتن بە | At clutching |
| بە پێ ی | In accordance |
| To enact a charter | دارشتنی ڕێکەوتنامەیەیەک |
| To talk down | ئاخاوتن بە دەنگ بەرزی و بڕوا هینان |

بونیادنان لەسەر ئەو بەڵگانە و گەڕانەوە بۆ حەتمیەتی سروشتی گۆڕانکاریە خێراییەکان و ئاڵۆزی هاوکێشەکان کە گشت ئەمانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ڕەوشی زمان و پێکهاتە کۆمەلاتییەکان لە ڕوانگەی بەرپرسیاریەتی نیشتمانی و هاوخەمی بەرامبەر کێشەکان گرنگی هەنگاونان بە ئاڕاستەی پاراستنی شکۆی زمان بەرامبەر ئاڵنگارییەکان بە ئەرکی دەزانین کە لەکاتی وەرگێڕاندا، ئینجا بۆ هەر دەقێک یان کتێبێک یاخود بەرهەمێکی هونەری بێت، پێویستە :

-ڕێنمایی و هۆشداری بدرێت بە وەرگێڕەکان بۆ ئاگاداری و دڵسۆزی لە پڕۆسەی پڕۆژەکانیان

- بایەخدان بە بەرهەمەکان لە ڕوانگەی زمانەوانی

- پابەندبوون بە مۆڕالی کوردایەتی و زاڵ بوونی ئەو لایەنە لەسەر قازانج و بەرژەوەندی کەسی

- پەلە نەکردن لە کۆتایی هێنان بە پڕۆەی وەرگێڕان و چاپکردن

-پێویستە لایەنی پەیوەندیدار سیاسەتێکی ڕوون و دیاری هەبێت بۆ پاراستنی زمانی کوردی بۆ ئەو بەرهەمانەی کە وەرگێڕانی بۆ دەکرێت، واتە پێش بەخشینی ڕەزامەندی لیژنەیەکی تایبەتمەند پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆ بەرهەمەکە بکات و بە سانایی تێپەڕ نەبێت بۆ دەزگاکانی چاپەمەنی.

سەبارەت بە پاراستنی شکۆمەندی زمانی کوردی و دانانی سیاسەتێکی بەهێز بۆ ئەو مەبەستە و گەڕانەوە بۆ ئەزمونی خۆمان لەو بوارە و کاری حکومەت و ئاشنا بوون بە ڕێکارەکان لە ولاتانی دەرەوە، ئەو تێگەیشتنەمان بۆ دروست بووە کە دوو دەزگا توانای بەرپرسیاریەتیان هەیە و پێویستە ڕۆڵی سەرپەرشتیار ببینن بۆ بابەتەکە:

١-یەکەم دەزگا کە پێویستە لە ئاستی بەرپرسیاریەتی ڕاستەوخۆ بێت ئەکادیمیای زمانی کوردییە.

ئەو دەزگایە دەتوانێت ڕۆڵی سەرپەرشتیار بگێڕێت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ پاراستنی زمانی کوردی لە کاتی وەرگێڕان، ئەو ئەرکەش هەڵسەنگاندن و گفتوگۆی زۆری پێویستە و دەبێت هەماهەنگی بکات لەگەڵ زانکۆکان و یەکێتی نووسەران و ڕۆشنبیران.

٢-بە ئەرکێکی گرنگی دەزانین کە سەندیکایەکی تایبەتمەند هەبێت بۆ وەرگێڕان هاوشانی پیشەکانی تر بۆ ئەوەی پرۆسەی وەرگێڕان بە فەرمی بکرێت و ڕێکار و ڕێنمایی دەربکات بۆ کاری وەرگێڕان لە کۆتاییدا پێویستە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان و زانکۆکانی کوردستان لە کاتی دیارکراودا کۆڕبەندی تایبەت ئەنجام بدەن بۆ وەرگێڕان و توێژینەوە و ڕاسپاردە پێشکەش بکرێت بۆ پێشخستنی ئەو بوارە گرنگە کە بە داخەوە تاکو ڕادەیەکی زۆر پەراوێزخراوە و لە ئەنجامدا وەرگێڕان ناتوانێت ئەو پەیامە زانستی و ئەخلاقییە بگەێنێت بۆ ئەوەی شاکارەکانی مرۆڤایەتی وەرگێڕانی بۆ بکرێت بۆ نەوەکانی داهاتوو و کەرەستی گونجاویان بەردەست بێت بۆ ئەوەی زمانی کوردی بپارێزن و لە ئەزموونی سەرکەوتووی گەلان فێر بن.

**پرۆفایل: فەتحی مەلا عەلی مودەریس**

• ڕاوێژکار لە وەزارەتی بتزرگانی و پیشەسازی

• دانەری (فەرهەنگی ڕاوێژیار بۆ دیبلۆماسیەت و پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی ئینگلیزی-کوردی-عەرەبی)

• وەرگێڕ و شارەزا و خاوەن بڕوانامەی نێو دەوڵەتی لە زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فرەنسی.

• ئەزموونی زیاتر لە بیست ساڵ لە چەندان دامودەزگای جۆراوجۆر لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

# زمان و وشەسازی
# لە پرۆسەی وەرگێڕاندا

رێکار ئەحمەد

وەرگێڕان پرۆسەیەکی ژیاری و پێویستییە، گەرەکە نەتەوەکان لە ڕوانگە و ڕامانی نەتەوەکانی دیکە بەهرەمەند بن، بەو هۆیەوە ئێستا وەرگێڕان بە وێنەی زانست مێژە دەکرێت. ڕاستییەکەی وەرگێڕان خۆی لە گواستنەوەی ناوەڕۆکی نووسراوێک یان دەقێکی دیارکراو لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەبینێتەوە، زۆر گرنگە فۆرم و شێوازەکەیشی بگوازرێتەوە؛ وەرگێڕانی زارەکیش کردەی گوستنەوەی وشەیەک یان ڕستە و دەقێکی کورتە کە بە خێرایی ئەنجام دەدرێت. ئێستا جیهان بە وێنەی گوندێک بچووک بۆتەوە و وێکهاتۆتەوە، ئیدی گواستنەوەی زانست و تەکنەلۆژیا ئەرکی لە پێشینەیە و بەخێرایی دەگوازرێتەوە، کەواتە ناتوانرێت چاوپۆشی و خەمساردی لێ بکرێت، بەڵام پرۆسەی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستاندا، لە بازنەی نالەباری و پاشاگەردانیدا دەسووڕێتەوە. مخابن بەشێکی زۆر لەوانەی خۆیان بە وەرگێڕانەوە خەریک کردووە، شارەزایی پێویستیان لە زمانی کوردیدا نییە، یان دەستیان بەسەر وشە بیانییەکاندا ناشکێت و دەیانەوێت بە خشکەیی خۆیان بدزنەوە و خۆیان دەرباز بکەن، بۆیە وشەی بیانی پەلکێش دەکەن و دەرخواردی خوێنەرانیان دەدەن. هەنووکە ئەو کێشە و پاشەگەردانییەی بەربینگی لە زمانی کوردیی گرتووە، نەبوونی پلانڕێژی زمان و زمانەوانییە، بەو هۆیەوە زمانی کوردی بە هەژار و دەستکورت پیشان دەدرێت. ئێستا لە جیهانگیری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و داهێنانی نوێدا، وا دەخوازێت شێلگیرانە کار لەسەر وشەسازیدا بکرێت و پەنا بۆ شارەزا و زمانزانان ببرێت، ئەگەر بەم شێوەیە ڕەفتار نەکرێت، لە دوایین وێستگەدا زمانی دیتران بەسەر کۆمەڵی کوردەواری دەسەپێنرێت. ئێستا ئەگەر سەیری پرۆسەی وەرگێران بکەین، بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە لە وشەگەلی یاساییدا بەرەو پاشکۆیەتی زمانی عەرەبیمان دەبەن، لە بواری زانستی و سیاسی بەرەو زمانی ئینگلیزی پەلکێشمان دەکەن، لە بواری وێژەییدا دەیانەوێ بە زمانی فارسییەوە گرێمان بدەنەوە؛ هەروەها لە ڕەهەندەکانی بارزگانیشدا بە زمانەکانی دیکەوە دەمانبەستنەوە، ئەمانەش گورزگەلێکی بەهێزن و لە زمانی کوردی دەدرێن. واتە ئەو نووسەرانە خۆویستانە پلەی شایستەیی لە زمانەکەمان دەستێننەوە و بە زمانی دیترانی دەبەخشن.

گەرەکە وەرگێڕ پیشەیی کار بکات و لە مەبەستی وەرگێڕان تێبگات، زۆر گرنگە

بۆخۆی بە مەبەستی وەرگێران ئاشنا بێت و بزانێت کە دەقێک بۆ زمانی دایکی خۆی دەگوازێتەوە و خوێنەر ناچار ناکات تا فێری زمانێکی دیکە ببێت. ئەوانەی وشەی بیانی دەهێنن، سەریان لەم هاوکێشە و ئامانجە دەرناچێت، ئامانجیان پڕکردنەوەی لاپەڕە و خۆناساندن و خۆژیاندنە، دەنا دەتوانن خۆیان ماندووبکەن و بە پیشەیی پڕۆسەی وەرگێران بەڕێوەببەن. پێویستە وەرگێڕ بیر لەوە بکاتەوە، ئەو خوێنەرە کێیە و بۆچی دەقەکە دەخوێنێتەوە؟ ئایا مەبەست ئاگادارکردنەوەیە؟ ئەرێ وەرگێڕ مەبەستییەتی لەو ڕێگایەوە کاریگەری لەسەر خوێنەر دروست بکات؟ لە لایەکی دیکەوە گەرەکە وەرگێر ئەوەی لەبەر چاو بێت، کەسێک کە بەرهەمەکە دەخوێنێتەوە، دەستخۆشی لێ دەکات یان ڕەخنەی لێ دەگرێت؟

وەرگێڕی ڕاستین و دڵسۆز کەسێکە کە بایەخ بە وشەی هاوردەکراوی فەریکە ڕۆژنامەوان و نووسەرە لە خۆباییەکان نادات و لە خەمی ئەوەدایە گیانی دەقێکی سوودبەخش بۆ ئاخێوەرانی زمانەکەی خۆی بگوازێتەوە؛ مخابن ئەمە لە هەرێمی کوردستان زۆر دەگمەن و کەم وێنەیە، دەبێ بە چرا بۆی بگەڕێی.

هەندێک وەرگێڕ بە بیانوی ئەوەی کە گوایە زمانی کوردی هێشتا لە نێو تایبەتمەندیی کۆمەڵگای کۆنەپارێز و کشتوکاڵی نغرۆ بووە، واتە مۆرکی گوندایەتی پێوە دیارە، بۆیە لە پەلکێشکردنی وشەی بیانی ناسەنگرێنەوە، بەڵام ئەگەر وەرگێڕی کورد شارەزایی لە مێژووی زمان و زارەکانی کوردی هەبێت، هەرگیز ئەو شەکرە ناشکێنێت و بەو بیانوویەوە وشەی ڕەزاقورسی بیانی دەرخواردی خوێنەران نادات.

کۆمەڵی کوردەواری قۆناغی زۆری بڕیوە و بەشێکی زۆری واژە و دەستەواژەی تەرشداری(ئاژەڵداری) وکشتوکاڵی بێبەهرە کردووە، وەرگێڕ دەتوانێت بۆ بوارەکانی دیکە سوود لەو پەیڤانە وەربگرێت.

وەرگێڕی کورد بۆ خۆی لە نێو مێرگێکی پاوانکراودا پیاسە دەکات، کەچی بە دوای ڕەقەن و چەقەندا دەگەڕێت. ڕاستییەکەی وەرگێڕی کورد لە نێو گولستانی زمانی کوردی کە پڕاوپڕ لە گوڵی هەمە ڕەنگە ڕاکشاوە، بەڵام حەز بە باخچە بچووکەکەی دیتران دەکات، دەنا کامە زمان بە ئەندازەی کوردی دەوڵەمەندە؟ من لەوە دڵنیام ئەگەر وشەی هەموو زارەکان کۆ بکرێنەوە، دەردەکەوێت کە زمانی

کوردی زۆرترین وشەی هەیە، بەمەش ڕیزبەندی یەکەمی زمانە دەوڵەمەندەکان مسۆگەر دەکات. لەوانەیە زێدەڕۆیی نەبێت کە بڵێم زمانی کوردی دایکی زمانی نەتەوەکانی دیکەی جیهانە. زمانی کامە نەتەوە هەیە کە وشەی لە زمانی کوردی وێندە نەکردبێت؟ کیش زمان هەیە لە کانیاوی زمانی باپیرانی کورددا تێنوێتی خۆی نەشکاندبێت؟ کێهان زمان شک دەبەین کە لە سێبەری زمانی باپیرانماندا نەحەسابێتەوە؟ بێگومان زمانی کوردی یەکێک لە دەوڵەمەندترین زمانەکانی جیهانە، بە هۆی زۆری پێشگر، نێوەندگر و پاشگرەوە دەستێکی باڵای لە ئافراندن و وشەسازیدا هەیە، تەنیا ئەگەر باریکە ڕەگێکی بچووکیش هەبێت، دەتوانێت وشەیەکی واتادار و ڕامانداری لەسەردا دروست بکات.

پرۆسەی وەرگێڕان بەشێکی دانەبڕاوی سیاسەتی پێشخستنی زمانە، ئەگەر وەرگێڕە کوردەکان خاوەن ماچاک(سەلیقە) بن، دەتوانن بە هاوهەنگی لەگەڵ زمانزانان هەزار وشەی نوێ بە بەرگی کوردییەوە بئافرێنن. وەرگێڕی شارەزا کە بەرهەمێک هەڵدەبژێریت، هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری دەدات؛ پێش ئەوەی دەست بە وەرگێڕان بکات، هەموو لایەنەکان هەڵدەسەنگێنێت، لێکۆڵینەوەی گشتی لەسەر ڕووداوەکان دەکات، لێزانانە بە دوای کەرستەی پێویستی زمان و وشەکان دەگەڕێت. وەرگێڕی سەرکەوتوو ئەوە نییە هەر هەردوو زمانەکە بزانێت، بەڵکو گەرەکە مەیلداری بۆ هەردوو زمانەکە هەبێت و شارەزاییەکی باشیشی لە دابونەریتی هەردوو نەتەوەکەدا هەبێت، لە واتای پەند و مەتەڵۆکەکان تێبگات و بزانێت چۆنیان وەردەگێڕێت.

بە کوردییەکەی، ئەوەی زمانێکی دیکەی زانی، بەو واتایە نییە کە ئیدی دەتوانێت کاری وەرگێڕی بکات، بەڵکو کارامەیی و شارەزایی لە دابونەریت، یەکێک لە پێداویستییە سەرەتاییەکانی وەرگێڕە، لێهاتوویی و گەڕانی بەردەوامیش بۆ بە دەستهێنانی زانیاری زیاتر، کارامەیی و شارەزابوون پتەوتر دەکەن. هەروەها گەرەکە وەرگێڕ لە بەرامبەر زمان و خوێنەردا هەست بە بەرپرسیاریێتی ویژدانی بکات، بەو هۆیەوە ناچار دەبێت بە دوای ڕستەی گونجاو و جوانتر بگەڕێت، باشترین زاراوە و وشە بەکار بهێنیت، واتە تواناکانی وەرگێڕ لە میانەی وەرگێڕاندا بەرز دەبێتەوە وخۆیشی لە زانیاری پێویست سوودمەند دەبێت.

مخابن بە هۆی ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا، چاودێری بەسەر وەرگێڕاندا نییە، ئیدی ڕێژەی پەلکێشکردنی وشەی بیانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەڵدەکشێت، ئەمەش زیان بە بنەچەی زمانی کوردی دەگەیەنێت، لەم پێوەندەدا پێویستە ناوەندێکی باڵادەست هەبێت و چاودێری بەسەر پرۆسەی وەرگێڕاندا بکات، واتە گرنگە پێش چاپکردن، پێداچوونەوە بە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان بکرێت و ڕێ نەدرێت وەرگێڕ بە ئارەزووی خۆی وشەی قێزەوەن لە باخەڵی ڕستەی کوردیدا جێوار بکات.

***پرۆفایل: ڕێکار ئەحمەد:**

*ساڵی ١٩٦٤ چاوم بۆ ژیان کردۆتەوە.

*کۆلیژی ئەندازیاری بەشی کارەبای گشتی تەواو کردووە.

*ساڵی ١٩٧٧ دەستی بە نووسین کردووە و یەکەمین بەرهەمم کورتە چیرۆکێک بوو بەناوی ‹تامەزرۆی ماچێک›.

*یەکەمین بەرهەمی بە ناوی پەیامی دەشتێو لە ١٩٨٠ بە دەستنووس بڵاوکراوەتەوە.

*دوای تەواوکردنی زانکۆ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستان کردووە و تا ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ ڕاپەڕین گەڕاوەتەوە بۆ شاری هەولێر.

*لە ساڵی ١٩٨٩ وەک ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان هەڵبژێردراوە و تا کۆنگرەی ڕاپەڕین کە لە١٥-٧-١٩٩٢ لە شەقڵاوە بەسترا، بەردەوام بوو و لەوێ خۆی هەڵنەبژاردەوە.

*بڕوانامەی ماجستەری لە ڕاگەیاندن وەرگرتووە.

*تا ئێستا بیست و چوار بەرهەمی چاپکراون و هەشت بەرهەمی چاپ نەکراویشم هەن.

# کردەی وەرگێڕان

داستان شەریف

وەرگێڕان: بریتییە لە گۆڕینی دەقێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە؛ کە ئەم گۆڕانە، تەنیا لە گۆڕینێکی ساردوسڕی دەقەکەدا نامێنێتەوە، بەڵکوو دەبێت وەرگێڕ لەڕووی وشەسازی و زاراوەوە لە دەقەکەیدا خزمەتی زمانی کوردی بکات، جا ئەم بابەتەیش هەندێک وەرگێڕ لە چەند ژانرێکی تایبەتیدا جێبەجێی دەکەن، کە لەم ڕووەوە بەندە بە هەڵەی دەزانم، لەبەر ئەوەی کە وەرگێڕ دەقێکی چ ئەدەبی، چ زانستی، چ هزری، چ ئایینی تاد. وەربگێڕێت؛ لەبەر ئەوەی بڕیارە بۆ زمانی کوردی وەربگێڕین، کەواتە تا پێی بکرێت وەرگێڕ دەبێت ڕەچاوی باری زمانەوانی بکات، لەپێناو یەکخستنی زمانی کوردیدا، دەبێت بابای وەرگێڕ لە ڕووی وشە و دەستەواژەوە دەستکراوە بێت و بەکاریان بهێنێت.

وەرگـێـڕان واتــە ئاشناکردنی خوێنەر بـە فەرهـەنگی زمانێکی دیکـە و دەوڵەمەندکردنی ئەو زمانەی بۆی وەردەگێڕرێت. وەرگێڕی ئەم سەردەمە لە وشە و زاراوەی شارەکەی خۆی، گەڕەکەکەی خۆی و کۆڵانەکەی خۆی و بگرە هەندێک جار لەوەش بچووکتر دەبێتەوە بۆ خێزانەکەی خۆی بترازێت وشەی دیکەی کوردی بەکار ناهێنێت، بەو بیانووەی گوایە خوێنەری ئەم سەردەمە نایانزانێت. پێویستە وەرگێڕ و نووسەر دەستی خوێنەری خۆیان بگرن و بە کوچە و کۆڵانەکانی زمانیان بناسێنن.

پێویستە لەپێناو دەوڵەمەندکردن و زیندووکردنەوەی ئەو وشانەی لە دەمی ئاویلکەداندان، نووسەر و وەرگێڕەکان تێبکۆشن و هەتا پێیان دەکرێت وشەی کوردیی جوان و لەسەر زاران خۆش دەکار بهێنن، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئەم وشانە بۆ ئەم ژانرە ناشێن و بۆ ئەو ژانرە گونجاون، یان خوێنەری ئەم ژانرە پێویستی بەو وشانە نییە بیانزانێت، دەبێت بە هەموو ژانرەکان زمانی کوردی لە لەناوچوون بپارێزن و پەرەی پێ بدەن.

**ڕەوشی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستاندا:**

وەک لە سەرەوە وەرگێڕانمان ناساند؛ لێرەدا بە دیارکراوی باسی وەرگێڕان دەکەین لە هەرێمی کوردستاندا.

وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستان، ئێستا لە دۆخێکی باشدایە، چونکە ڕۆژانە بە دەیان کتێبی وەرگێڕراو بڵاو دەبنەوە. کە بێگومان زۆروبۆریی وەرگێڕانیشی تێ دەکەوێت.

وەرگێڕان پێویستیی بە پاشخانێک و ئەزموونێکی باشی خوێندنەوە و شارەزایی لە وشەسازیدا هەیە، هەر کەسێک زمانی دووەمی زانی ناکرێت پێی بگوترێت وەرگێڕ. لە کۆتاییدا وەرگێڕانی باش و سەرکەوتوو دەمێنێتەوە و وەرگێڕانە خراپەکانیش خوێنەر وازیان لێ دەهێنن.

لەم بابەتەدا پشکی شێر بەر ڕاگەیاندنەکان دەکەوێت، چونکە بمانەوێت و نەمانەوێت تەلەفیزیۆن لە هەموو ماڵێکدا هەن و زۆرترین خەڵک تەماشای ڕاگەیاندن دەکەن، ڕاگەیاندنەکان دەتوانن ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ کە بۆ هەر وشەیەک کە لەناو خەڵکدا خەریکە لەناو دەچێت، ئەوان بیهێننەوە ناو خەڵک، زیندووی بکەنەوە. ئێمە کاتێک وشەیەکی خۆمانەمان هەبێت، بۆ پەنا بەرینە بەر وشەیەکی بێگانە.

ڕاستە دنیا لە پێشکەوتندایە، زمانیش بە هەمانشێوە، بەڵام ناکاتە ئەوەی کە لەجیاتیی وشەیەکی خۆمانەی کوردی وشەی بێگانە بهێنینە ناو زمانەکە و بەوە زمانەکەمان هەژار بکەین و بە ناوی پێشکەوتنەوە زمانەکەمان بەرەو لەناوچوون ببەین.

لە هەرێمی کوردستاندا دوو زاری سەرەکی هەن، ئەوانیش: کرمانجیی ژووروو و ناوەندن، بەو پێیە بێت دەبێت زارەکانی دیکە پشتگوێ بخەین و تەنیا ئەو دوو زارە بەکار بهێنین، کە کارێکی ڕاست نییە. ڕاستەکەی ئەوەیە کە ئێمە زاراوەی شوێنێک بکەین بە بنەما و ماک، بەو مەرجەی وشە و زاراوەکانی دیکەی کوردیی تێکەڵ بەو زاراوەیە بکەین؛ بە جۆرێک دەکرێت وەرگێڕ لە ڕێی وەرگێڕانەوە ئەو وشانە بدات بە گوێی خوێنەرەکانیدا، بۆ نموونە وشەیەکی سلێمانەییانە هەیە گەرمیانییەک نایزانێت یان بە پێچەوانەوە، قەیدی چییە با وەرگێڕی سلێمانی ئەو وشەیەمان لەڕێی وەرگێڕانەوە بدات بە گوێدا، یان وشەیەکی هەورامی هەیە گەرمیانی نەیژنەفتووە، پێویستە بابای هەورامی ئەو وشانەمان بۆ بەیان بکات، بەو جۆرە دەتوانین زمانێکی پێوەر یان ستاندارد پێک بهێنین. وشەمان هەن جێگرەوەیان لە کرمانجی ژووروودا نین، بگرە لە جێیان وشەی بێگانە بەکار دێن، بە هەمانشێوە بۆ زارەکانی دیکەی کوردییش ڕاستە، ئاسایییە وشەی زارێکی دیکە بهێنین و جێی وشە بێگانەکەی پێ بگرینەوە. بەو جۆرە دەتوانین زمانێکی دەوڵەمەند و پڕ وشە پێک بهێنین.

گونجاو نییە کە وشەکانی زاری شوێنێک یان شارێک بکرێتە زاری پێوەر و زاڵ بکرێت بەسەر زارەکانی دیکەدا.

دەگوترێت کە عەرەب زمانێکی هەیە بەو زمانە دەنووسن و دەخوێننەوە، کە زمانی قورئانی پیرۆزە، خۆشبەختانە ئێمەیش ئەو کوردییەمان هەیە کە نالی و سالم و کوردی و هەژار و هێمن و تاد. بەکاریان هێناوە.

پێویستە زارەکی فەرمی دابنرێت بەڵام بە بوونی وشە و زاراوەی هەموو ناوچەکانی کوردستانی گەورە، بۆ نموونە ئەگەر وشەیەک لەو زارەدا نەبێت پەنا بەرینە بەر زارەکانی دیکە. نەک تەنیا لە چوارچێوەی زاری شارێکدا یان ناوچەیەکدا بچووک بکرێتەوە و بڵێین کە نابێت ئیدی وشە و دەستەواژە لە زارەکانی دیکە وەربگرین.

هەندێ وشە هەن کە خەریکە دەمرن بەهۆی ئەوەی نووسەر و وەرگێڕ و میدیا ناگەڕێن بەدوای ئەو وشە ماکە کوردییانەدا و بەڵکوو وشە ئامادەکەی زمانی دیکە بەکار دەهێنن.

ناکرێت هەر دەزگایەکی چاپ و پەخشی کتێب و ڕۆژنامە و تەلەفیزیۆنێک کۆمەڵێک وشە و دەستەواژە بەکار بهێنن و لەوە بترازێت وشەی دیکە بەکار بهێنن، وەک ئەوەی ئێستا هەندێک لە دەزگەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکانی هەرێم پێڕەوی دەکەن.

**وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا:**
- داستان شەریف، لە ١٩٩٢/٠٨/١٦ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە.
- پەیمانگەی زانستیی کۆمپیوتەر، بەشی داتابەیسی لە ساڵی ٢٠١٢-٢٠١٣دا تەواو کردووە.
- لە ساڵی ٢٠٢٠دا یەکەم کتێبی لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ کوردی، بە ناوی (بیرکردنەوەت بگۆڕە، ژیانت بگۆڕە)وە، لە نووسینی برایان ترەیسی، وەرگێڕا.
- تا ئێستا هەشت کتێبی دیکەی وەرگێڕراوی بڵاو بوونەتەوە لە ژانرەکانی: منداڵان، مێژوویی، گەشەپێدانی مرۆیی و مێردمنداڵان.

کتێبە بڵاوکراوەکانی:
* کتێبی بیرکردنەوەت بگۆڕە، ژیانت بگۆڕە. کتێبێکی گەشەپێدانی مرۆییە لە ساڵی ٢٠٢٠دا لەلایەن کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی بە هاوبەشیی ناوەندی ڕەها، چاپ و بڵاو کراوەتەوە.
* کتێبی ڕێویی سەرنجڕاکێش، یەکەم کتێبی زنجیرە چیرۆکی ڕۆد داڵی تایبەت بە مێرمنداڵان و منداڵان؛ بەرهەمی هاوێرگەیە و لە ساڵی ٢٠٢٠دا لەلایەن کتێبخانەی ڕۆمانەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.
* کتێبی مەهاتما گاندی، کتێبێکی مێژووییە. لە ساڵی ٢٠٢١دا لەلایەن کتێبخانەی هەژار موکریانییەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.
* کتێبی بیلیی گچکە و مینپینەکان. کتێبێکی دیکەی مێرمنداڵان و منداڵانە، لە زنجیرەی کتێبەکانی ڕۆد داڵە و لە ساڵی ٢٠٢٢دا لەلایەن کتێبخانەی ڕۆمانەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.
* کتێبی کیسەڵەکە. کتێبێکی دیکەی مێرمنداڵان و منداڵانە، لە زنجیرەی کتێبەکانی ڕۆد داڵە و لە ساڵی ٢٠٢٢دا لەلایەن کتێبخانەی ڕۆمانەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.
* کتێبی دانی، پاڵەوانی جیهانی؛ کتێبێکی دیکەی مێرمنداڵان و منداڵانە، لە زنجیرەی کتێبەکانی ڕۆد داڵە و لە ساڵی ٢٠٢٢دا لەلایەن کتێبخانەی ڕۆمانەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.
* کتێبی ژیانی بێسنوور؛ کتێبێکی دیکەی گەشەپێدانی مرۆییە و لە ساڵی ٢٠٢٣دا لەلایەن دەزگای ڕۆساوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە
* نامیلکەی چەپکێک چیرۆکی منداڵان. لە چوار چیرۆکی منداڵان پێک هاتووە. لە ساڵی ٢٠٢٣دا لەلایەن دەزگای چوارچراوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.
جگە لەوانەیش کۆمەڵێک کتێبی وەرگێڕاوی بڵاونەکراوەی هەن:
-جەیمس و قۆخە زەبەلاحەکە.
-چارلی و کارگەی شوکولاتە.
-مەتیلدا.

-پەنجەی سیحراوی.
-گێلەکان.
-دەرمانە سەرسوڕهێنەرەکەی جۆرج.
-چیرۆکەکانی سکۆتلاند.
بە دوو کتێبیشدا چوومەتەوە:
- هەنگاوە گرنگەکان بۆ ساڵێکی نوێ، نووسینی: مەبەست عەباس
- خانەقای میرزا، نووسینی: میران ئەبراهام.
- لە ساڵی ٢٠٢٢دا یەکەم بابەتی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕا بۆ کوردی و لە ژمارە ٨ گۆڤاری وانەردا بڵاو کردەوە.
- لە ساڵی ٢٠٢٢ بە بابەتێک، بە ناونیشانی (دەبێت وەرگێڕ لەڕووی وشەسازییەوە پیتۆڵ بێت) لە دۆسیەی وەرگێڕانی ژمارە ٤ گۆڤاری زمان و زاردا بەشدرایم کرد.
- لە ساڵی ٢٠٢٣دا لە ژمارە ٩ گۆڤاری زمان و زاردا توێژینەوەیەکم بە - ناونیشانی (ئەرکەکانی (ی) لە زمانی کوردیدا و چۆنیەتیی بەکاربردنیان) بڵاو بووەوە.

# پرۆسەی وەرگێڕان پرۆسەیەکی زیندووەو بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە

ئازاد هاشم عەبدوڵڵا

وەرگێڕان و ئاگا لێ بوون لە نووسین و ئەدەب و زانست و هونەر و داهێنانی میللەتانی دیکە، نیشانەی زیندووبوونی ئەو میللەتە دەردەخات، کە پرۆسەی وەرگێڕان لەزمانی دیکەوە ئەنجام دەدات....

ڕەوشــی ئێستای وەرگـێـڕان لـە هـەرێمی کوردسـتـانـدا تـا ڕادەیـەکـی باش لەگەشەسەندندایە و زیندووە بەتایبەتی لە بوارە جیاوازەکانی ئەدەبدا و تاڕادەیەکی زۆر وەرگێڕەکان لە خەمی ئەوەدان خوێنەری کورد ئاگاداری داهێنانی نووسەرانی بێگانە بن بەتایبەتی ناودارەکان و ئەوانەی براوەی خەڵاتە گەورەکانی وەکو نۆبل و پۆکەرن، جگە لەوەرگێڕانی یادەوەری سیاسەتمەدار و ئەدیب و بیرمەندە گەورەکان، کە ئەمڕۆ زیاتر خوێنەری ئەو بابەتانە هەیە بەتایبەتی بیرەوەرییەکان، بەڵام لێرەدا ڕاستییەکی تاڵ هەیە پێویستە نکوڵی لێ نەکەین، ئەویش جۆرە بێ سەرووبەری و نەبوونی دەزگایەکی نەتەوەیی کە سەرپەرشتی پرۆسەی وەرگێڕان بکات و وەکو میللەتانی دیکە کە خاوەنی دەزگایەکی نەتەوەیین بۆ وەرگێڕان و کەسانی پسپۆر لە زمانەکان تێیدا کار دەکەن و لەلایەن دەوڵەتەوە هەموو کارئاسانییەکی ماددی و مەعنەوی دەکرێن....

پرۆسەی وەرگێڕان پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە زمانەوە هەیە وەک چۆن زمان زیندووە و بەردەوام لە بەرەو پێش چووندایە و ڕۆژانە زاراوە و دەستەواژەی تازە دێتە کایەوە و تازە دەبێتەوە، وەرگێڕانیش دەبێ بەردەوام خۆی تازەبکاتەوە، ئەو زمانەی سالآنی حەفتا و هەشتاکان بابەتی پێ وەردەگـێـڕدرا ئەو زمانەی ئەوڕۆ نییە، بۆیە پێویستە وەرگێڕی بەتوانا و پرۆفیشناڵ بەردەوام بخوێنێتەوە و ئاگاداری دەستەواژە و زاراوەی نوێ بێت و لەخوێندنەوە دانەبڕێت...

وەرگێڕان هونەرە و وەرگێڕی بە تواناش هونەرمەندە، ئەوە ئەرکی وەرگێڕە ئەو بابەتەی وەریدەگێڕێت داهێنانی تێدا بکات و بەشێوەیەکی هونەرییانە بیگەیێنێتە خوێنەر و ماناو ناوەڕۆکی بابەتەکە بە جوانی بگات، ڕاستە وەرگێڕ تا ڕادەیەک ڕەنج بە خەسارە و دەکرێ بڵێین وەک سەربازی ون کاردەکات، چاکی وەرگێڕانەکەی دەبێتە مایەی ستایشی نووسەرەکە و خراپییەکەشی وەکو ماڵی قەڵپ بۆ وەرگێڕەکە دەگەڕێتەوە، بەڵام خوێندنەوەی بەردەوام و شارەزایی تەواوی لە هەردوو زمانەکە مەرجی سەرەکی وەرگێڕە، بەکورتی دەبێ وەرگێڕ بەر لەهەموو شتێک ڕۆشنبیر و خوێنەر بێت....

نەبوونی زمانی ستانداردی نووسین و نەبوونی دەزگایەکی نیشتمانی بۆ زمان و وەرگێڕان کە زیندوویی هەموو میللەتێک بە زمانەکەیەوە بەندە، وای کردووە زاراوەتاشین یان پەنا بردنە بەر زاراوەی بیانی بە ئاشکرا بە وەرگێڕانەکانمانەوە دیاربێت، بەتایبەتی لە بابەتە زانستییەکاندا، یان هەر دەزگایەکی وەرگێڕان زاراوە و سیاسەتی وەرگێڕانی تایبەت بە خۆی هەبێت، کە ئەوەش خەوشێکی گەورەیە بەرۆکی نووسین و وەرگێڕانەکانمانی گرتووە، پێویستە دەزگایەکی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئەکادیمیمان هەبێت لە چەشنی کۆڕی زانیاری کوردی سەدەی ڕابردوو لە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا پێکبێت و قۆڵی لێ هەڵماڵن و سیاسەتێکی زمانەوانی یەکگرتوو بۆ نووسین و وەرگێڕانی ئەمڕۆمان دابڕێژن، پێویستە کەسانی دڵسۆز و لەژێر سەرپەرشتی دەوڵەت ئەو کارە بکەن، چونکە ئەوە بە خەمخۆری تاکەکەس ناکرێت و لە ڕووی ماددیەوە پاڵپشتی حکومەت و خەمخۆری دەوێت.

**پرۆفایل: ئازاد هاشم عەبدوڵڵا:**

– ساڵی ١٩٦٦ لە گەڕەکی خانەقای هەولێر لەدایکبووە.

– قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دوواناوەندی هەر لەهەولێر تەواوکردووە.

– لە ساڵی ١٩٨٣ لە زانکۆی مووسڵ کۆلێژی پەروەردە بەشی مێژوو وەرگیراوە.

– ئەزموونی نووسینی ساڵی ١٩٩٨ بوو، دواتر لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی پێشوو کۆمەڵێک کورتە چیرۆکی لە عەرەبییەوە وەگێڕاوە بۆ کوردی لەوانە:

* ڕۆژنامەفرۆش- سەمیرە عەزام .
* هیرۆشیما – فەرەج مەکسیم
* تەرە پیاز – یەشار کەمال
* شانۆگەری تاوانبار – جەمال بەنورە

– لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣و سەرەتای ١٩٩٤ دەسبەکاربووە لە پاشکۆی ڕێگای کوردستان وەکو هەڵەچن و وەرگێڕ ...

– کۆمەڵە بابەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان بڵاوکردەوە،

– زۆربەی نووسین و وەرگێڕانەکانی لە ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان و خەبات و کوردستانی نوێ و گۆڤاری سینەماو شانۆ و مێرگ و کاروان هەیە.....

– وەکو کتێب هەشت بەرهەمی چاپکراوی هەیە کە لەعەرەبییەوە وەرمگێڕاون

– بیرەوەرییەکانی سەگێکی عێراقی «ڕۆمان» لە نووسینی عەبدولهادی سەعدوون

- کەرێک لەسەر چیادا «ڕۆمان» - عەبدولستار ناسر
- داری مرازان «ڕۆمان» -  عەبدولڕەحمان مونیف
- چاڵ «ڕۆمان» - گۆکهان هورزوم
- ژنێک لەبەرلین «یاداشت» لە نووسینی مارتا هیلەرس
- کچە زیندانییەکەی تاران»یاداشت» لە نووسینی مارینا نیعمەت
- بیرەوەرییەکانی سیخوڕێکی سۆڤێتی «یاداشت» لەنووسینی ئەلکسەندەر فلکیسۆڤ و سێرجی کۆستین.
- ئەو پیاوەی دووجار مرد» ڕۆمان»- جۆرج ئەمادۆ

# بایەخی وەرگێڕانی
# ئەدەبی کوردی بۆ زمانە ئەورووپاییەکان

رزگار شێخانی

مێژووی تەرجەمەکردنی ئەدەبی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات و ئەفریقا، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆلۆنیالیزم. دەستەڵاتە کۆلۆنیالەکان بە دەستێک بەرهەمی سروشتیی وڵاتە داگیرکراوەکانیان دەبرد و کۆمەڵگەی خۆیانیان پێ دروست دەکرد، بە دەستێکیش شاکارە ئەدەبییەکانیان تەرجەمە دەکرد و سرووشیان لە، گوێتە گوتەنی: (خاکی پاکی ڕۆژهەڵات)[١] وەردەگرت. بۆ نموونە، ساڵی ١٨٥٠ لە کەلاوەی کتێبخانە بەناوبانگەکەی ئاشووربانیپال، لە نەینەوا، شارستانناس و ئارکیۆلۆگەکان خشتەکانی «داستانی گلگامش»[٢] یان دۆزییەوە و کەسیان نەیاندەزانی بیانخوێننەوە. ناردیانە مۆزەخانەی بەریتانیایی لە لەندەن، بۆ ئەوەی لەوێ توێژەری زمانە کۆنەکان لێیان بکۆڵنەوە و تەرجەمەی ئینگلیزییان بکەن. ئێستایش ئەم خشتانە لەوێن.

وا لە خوارەوە ئاماژە بە چەند بەرهەمێکی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی دەکەم، کە هەندێکیان لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمدا تەرجەمە کراون. گرنگیشە هەر لە ئێستاوە ئەوە بڵێم، ئەمە بەرگری نییە لە دەستەڵاتە کۆلۆنیالەکان، بەڵکە ئاماژەیە بەو کارانەی کە لەو سەردەمدا کراون.

•ساڵی ١٨١٣، کە ڕێک دەکاتە ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر ‹هەمەر پورگستاڵ›، کە ڕۆژهەڵاتناسێکی نەمسایی بوو. تورکی، عەرەبی و فارسیی دەزانی و لێیانەوە تەرجەمەی دەکرد. شیعرەکانی ‹حافزی شیرازیی› لە دوو بەرگدا بە ئەڵمانی بڵاو کردەوە. ساڵی دواتر ‹گوێتە› شیعرەکانی حافزی خوێندەوە، زۆر پێیان سەرسام بوو و ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی ئەو شیعرانەی حافزدا، بەناوبانگترین دیوانی خۆی، ‹دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتی›ی نووسی.

ڕ. ئا. نیکلسۆن (١٨٦٨ – ١٩٤٥) Reynold A. Nicholson ڕۆژهەڵاتناس و ئیسلامناسێکی ئینگلیز بوو. ئەو بوو، لە سەرەتای سەدەی بیست، ‹ترجمان الاشواق›ی ئیبن عەرەبی، ‹مەسنەوی مەعنەوی›ی مەولەوی ڕۆمی و زۆر شاعیری تری تەرجەمەی ئینگلیزی کرد. ئەو تەرجەمانەی ئەو، کاریگەرییان لەسەر زۆر نووسەری ئەورووپایی کردووە.

•ناساندنی ڕۆمی و ئەدەبی کلاسیکی فارسی لە سوێد، چاکەی یەک تاکە کەسە: بارۆن ئێریک هێرمێلین[٣]. لە ڕێگای ئەوەوە پێشوازی لە ڕۆمی و ئەدەبی کلاسیکی فارسییەوە دەست پێ دەکات. ئەو گەنجێکی سەرگەردان بوو. لەگەڵ سوپای کۆلۆنیالی بریتانیا دەچێتە هیندستان، لەوێ فێری فارسی دەبێت و ئاشنای ئەدەبەکەیان دەبێ.

پاشان باری دەروونی تێک دەچێت و دەگەڕێتەوە سوێد. لە ماوەی ساڵانی ١٩٣٣ هەتا ١٩٣٩ دا، لە نەخۆشخانەی دەروونیی ‹سانت لارس› لە شاری لوند دەستبەسەر بوو و لەوێ هەموو ‹مەسنەوی›، بەرهەمێک بە شەش بەرگ و ٢٧٠٠٠ کۆپلەوە، تەرجەمە کرد. ئەو ٣٥ ساڵی لە ‹سانت لارس› گوزەراند و بەوە ڕاگەیشت، کە نەک تەنیا ‹مەسنەوی› و بژاردەیەک لە ‹دیوانی شەمسی تەبریزی›ی ڕۆمی تەرجەمە بکات، بەڵکە زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی فارسیشی تەرجەمە کرد، بۆ نموونە ‹عەتتار و عومەر خەیام›. ئەم شیعرانەی ڕۆمی و ئەدەبی کلاسیکی فارسی، کاریگەریی لەسەر کۆمەڵێک نووسەری ناوداری سوێدی دانا، لەوانە؛ ڤیلهێلم ئێکێلوند، گوننار ئێکێلۆف، کە من ‹سیانەی دیوان›ی ئەوم تەرجەمەی کوردی کردووە، ڤیللی شیرکلوند، ئێریک ڤون پۆست، ئینگمار لێکییۆس، توربیۆرن سێڤڤێ و زۆر نووسەری تریش.

•ئانماری شیمەڵ، (١٩٢٢ – ٢٠٠٣): پرۆفیسۆر بوو لە ئیسلامناسیی و تەسەووف و زمانی عەرەبی و فارسی و تورکیدا. نزیکەی سەت کتێب و لێکۆڵینەوەی لەبارەی ئیسلام و ئەدەبی تەسەووفی ئیسلامییەوە نووسیوە. ناودارترین ڕۆژهەڵاتناسی سەدەی ڕابردوو بوو. هەموو ژیانی خەریکی تەرجەمەکردنی ڕۆمی و نووسینی لێکۆڵینەوە بوو لەبارەی ئەدەبی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتییەوە. کتێبەکانی تەرجەمەی نزیکەی هەموو زمانە ئەورووپاییەکان کراون.

•بوو ئوتاس، (پرۆفیسۆرێکی خانەنیشینی سوێدییە لە زمانە ئێرانییەکان. پێش دوو ساڵ (٢٠١١) کتێبێکی دوو بەرگی بەناوی (ئەدەبی فارسی Den persiska litteraturen)[٤] بڵاو کردەوە. بەرگی یەکەمیان تەرجەمەی ئەدەبی کلاسیک و مودێرنی فارسییە و هیی دووەمیان لێکۆڵینەوەیە لەبارەی ئەدەبی کلاسیک و مودێرنی فارسییەوە.

ئەمانە بەشێکی زۆر بچووکن، لە تەرجەمەکردنی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی بۆ زمانە ئەورووپاییەکان. ئەم پرۆسەی وەرگێڕان و کارکردنەیش، ئێستایش بەردەوامیی هەیە و تەنانەت لە زۆر زانکۆی وڵاتاندا، بەشی سەربەخۆی ڕۆژهەڵاتناسیی و کولتووری ڕۆژهەڵاتەوە هەیە. (کاک فەرهاد شاکەلی، زانیاریی ورد و دروستی لەم بارەیەوە هەیە).

ئێستا هێندە زۆر کتێب بە زمانە ئەورووپاییەکان لەبارەی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتییەوە هەیە، کە ئەگەر خوێنەری ئەورووپایی بخوازێ، بە زمانی خۆی ئەدەبی فارسی و

عەرەبی، یان بەگشتی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی بخوێنێتەوە و بە هۆیەوە ئاشنای کولتووری کۆن و نوێی نەتەوەکانی ببێت، هیچ گرفتێکی نییە. چونکە وەک لە سەرەتاوە ئاماژەم پێ کردووە، دوو سەدە لەمەوبەرەوە ئەم لافاوی وەرگێڕانە سەری هەڵگرتووە و هەتا ئێستایش بەردەوامە.

بەڵام ئەگەر ئاوڕ بدەینەوە و پرۆسەی تەرجەمەی ئەم دوو سەدەیەی ڕابردوو ببینین، دەبینین ئەدەبی کوردی لێی بێبەشە و سەرنجی هیچ ئەدەبناسێکی ڕانەکێشاوە، کە خۆی بە تەرجەمەکردنیەوە خەریک بکات و لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە بنووسێ. دەمەوێ ئەوە بڵێم، کە لە دەرەوەی کوردستان، کەس ئاگا و شارەزای ئەدەبەکەمان نییە. ئایا ئەمە کارەساتێکی نەتەوەیی نییە، لە کاتێکدا ئەورووپاییەکان ئەدەب و فەرهەنگی ئێمەیان تەرجەمە نەکردووە، هاوکات خۆیشمان هیچمان نەکردووە؟ کە دەڵێم؛ خۆیشمان هیچمان نەکردووە، مەبەستم ئەوەیە، کە ئەو کارانەی تا ئێستا کراون، کەمن و نەبوونەتە هۆی ناساندن و ئاشنابوونی خوێنەری ئەورووپایی بە ئەدەبەکەمان.

وا بزانم، مەبەست لە کۆبوونەوەمان لەم کۆنفراسەدا، ئەوەیە، ستراتیژێک دەستنیشان بکەین و پلانی کارکردنی بۆ دابنێین، کە چۆن فەرهەنگی خۆمان بە گەلانی تر بناسێنین.

لەم بارەیەوە، دەمەوێ ڕاشکاوانە ئەوە بڵێم، کە من پێم وایە کارێکی وا دەبێ پرۆژەیەکی نەتەوەیی بێت و لە سیاسەتی کولتووریی حکوومەتی کوردستاندا، جێگەیەکی تایبەتی هەبێت، ئەگەرنا هەر لە کاری تاکەکەسی دەمێنێتەوە و گرنگییەکەی هێندە کاریگەر نابێ. دەبێ هەوڵ بدەین، پرۆژەی وەرگێڕان لە هەوڵی تاکەکەسییەوە بکەین بە پرۆژەیەکی نەتەوەیی و تێیدا حکوومەتی کوردستان، بە جیدی پشتگیریی بکات و بیکات بە لایەنێکی گرنگ لە سیاسەتیی کولتووریی خۆیدا. دەزانین، ئەگەر ئەو کارە نەکرێ، ئەو هەوڵە تاکەکەسییانە بڕ ناکەن لە ناساندن و ئاشنابوونی نەتەوەی تر بە ئەدەبەکەمان. ئەمەیش تیرێکی ژەهراوی دەبێ و ڕاستەوخۆ بە هەست و کەسایەتیی هەموو کوردێک دەکەوێ، کاتێک لێی دەپرسن کوا ئەدەبەکەت؟ یان کە لە ئەورووپا دەچێتە کتێبخانەیەک و دەبینێ هیچ کتێبێک بە زمانە ئەورووپاییەکان لەبارەی کولتووری ئەوی تێدا نییە. ئایا ئێمە هیچ کاتێک بیرمان لەوە کردووەتەوە، یان لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، کە لەو کاتانەدا مرۆڤی کورد هەستی بە چی کردووە؟

دەمەوێ دیسان جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە ئەمە دەبێ پرۆژەیەکی نەتەوەیی بێت و حکوومەتی کوردستان و ناوەندە کولتوورییەکان لێی بەرپرسیارن.

لە دونیای سیاسەتدا، زۆر جار گوێمان لە گوتە بەناوبانگەکەی جۆن. ف. کەنەدی دەبێ، کە وتویەتی: ‹مەپرسە وڵاتەکەت دەتوانێ چی بۆ تۆ بکات، بپرسە تۆ دەتوانی چی بۆ وڵاتەکەت بکەیت›. دەمەوێ سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم، کە ئێستا نەوەی دووەم و سێیەمی کورد لە ئەورووپادا هەن. ئەوان شارەزای زمان و کولتووری ئەوێن، یان ڕاستتر زمان و کولتووری ئەوێیان هەیە و هاوکات پێوەندییەکی ڕۆحییان لەگەڵ زێدی باوک و باپیرانیاندا هەیە. ئەوان سامانێکی زۆر گرنگی نەتەوەیین و دەبێ کۆمەڵگەی کوردستان سوودیان لێ وەربگرێ. ئەوان چاوەڕێی ئەوە نین وڵاتەکەیان شتێکیان بۆ بکەن، ئەوان دەتوانن هەموو شتێک بۆ وڵاتەکەیان بکەن، ئەگەر کوردستان بە نەوەی خۆیانی بزانێ و ئامادەی هاوکاریکردنیان بێت.

کۆمەڵگەی کوردستان بەرانبەر بە نەوەی دووەم و سێیەم و نەوەکانی داهاتوویش، بەرپرسیارییێتی نەتەوەیی، کولتووری و موراڵی لەسەرە، کە بە هۆی ئینستیتوتی زانستی و کولتوورییەوە، ئەم پێوەندییە دروست بکات. ئێمە ئەزموونی میللەتانمان لە بەردەستە لێیانەوە فێرببین. دەزانین دامەزراندنی ئینستیتوتی کولتووری بۆ بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی کوردی، کارێکی پێویستە و ئەمڕۆ بێت، یان سبەی دەبێ حووکومەتی کوردستان بیکات.

دێمەوە سەر ئەو بابەتەی، کە بۆ لە سەدەکانی ڕابـردوودا، ئەدەبی کوردی سەرنجی ڕۆژهەڵاتناس و ئەدەبناسە ئەورووپاییەکانی ڕانەکێشاوە و ئەدی بۆ ئێستا لە ئەورووپا ئەدەبێکی نەناسراوە؟ ئەمە پرسیارێکە دەبێ ئێمە لە خۆمانی بکەین و بە وردی لێی بکۆڵینەوە؛ ئایا ئەدەبی کلاسیکمان شایستەی ئەوە نەبووە کاری لەسەر بکرێ، یان پێیان وا بووە ئەو ئەدەبەمان هەمان فەزا و دونیابینیی ئەدەبی فارسی هەبووە و بە پێویست نەزانراوە ئەو کارە بکرێ؟ یان دەستەڵاتەکانی ئەو نەتەوانەی کورستانیان داگیر کردووە، ڕێگای گەشە و ناساندنی ئەدەبەکەی گرتووە؟

من ئەمە نازانم، هەر پرسیارە و پێویستی بە وەڵامی زانستی هەیە. ڕەنگە گرنگترین لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی لە دەستەڵاتی کۆلۆنیالی فرانسی و بەئاگاهێنانەوەی مرۆڤی سپی، لەو ستەمە زۆرەی لە مرۆڤی ڕەش و کولتوورەکەی کراوە، لێکۆڵینەوەکەی ‹ژان پۆل سارتر› بێت بە ناوی ‹ئۆرفیۆسی ڕەش›[٥]. سارتر لەم لێکۆڵینەوەیەدا،

باسی شیعری ڕەشی فرانکفونی دەکات و ڕوو لە ناوەندیی کولتووریی فرانسی و مرۆڤی سپی دەکات و بەم پرسیارانە دەست پێ دەکات:

هیواخوازی چی بوون، کاتێک ئەو دەمبەستەی، کە ئەم دەمە ڕەشانەی بێدەنگ کردبوو لادا؟ کە نزاتان بۆ بکەن؟ ئەو سەرانە، کە باپیرانمان بە زەبر بە زەوییەوەی نووساندبوون، واتان دەزانی کە بەرز دەبنەوە، پاڕانەوە لە چاوەکانیاندا دەخوێننەوە؟›

من لە کاتی خوێندنەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، نەمتوانی ڕەفتاری داگیرکەرانی کوردستان بەرانبەر بە ئەدەب و فەرهەنگمان فەرامۆش بکەم. لێکۆڵینەوەکە تا ئاستێک لەگەڵ دۆخی چەوساندنەوەی کورد و کولتوورکەی دەگونجێ، کە ئەگەر ناوی شوێن و کەسەکان بکەین بە کوردی، وەک ئەوە دەبێ کە سارتر لەبارەی چەوساندنەوەی کولتووری کوردەوە نووسیبێتی.

ئەوەی من بیری لێ دەکەمەوە و پێی نیگەرانم، کە ڕەنگە ئەمەیش هۆکارێک بووبێت، لە تەرجەمەنەکردن و نەناساندنی ئەدەبەکەمان، ئەویش؛ هەڵوێستی خراپی ناوەندە کولتووری و زانستییەکانی نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستانە. ئەوان قەت هەوڵیان نەداوە، یارمەتیی کۆمەڵگەکانی خۆیان بدەن و لە چاوی کوردەوە خۆیان ببینن. قەت نەیانویستوە هیچ شتێک لەبارەی فەرهەنگی کوردەوە بزانن. خۆ ئەگەر جاروبار کتێبێک تەرجەمەی ئەو زمانانە کرابێ، یان بەو زمانانە لەبارەی کورد و فەرهەنگەکەیەوە نووسرابێ، ئەوا لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، کورد خۆی ئەو کارانەی کردووە. بەڵام وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، دەبینین دەستەڵاتە کۆلۆنیالەکان، کە وڵاتێکیان داگیرکردووە، هەوڵیشیان داوە شارەزای فەرهەنگە دەوڵەمەندەکەی ببن و بە دونیای دەرەوەی بناسێنن.

ئێمە دەزانین، کە ناساندنی ئەدەبی کلاسیکمان، شیعر و گۆرانییە فۆلکلۆرەکان و بەشێک لە ئەدەبی مودێرنمان، شایستەی ئەوەن، تەرجەمەی زمانە ئەورووپاییەکان بکرێن و کۆڕ و کۆبوونەوەیان لەبارەوە بکرێ. بۆ ئەوەی ڕوویەکی تری نەتەوەکەمان نیشان بدەین، کە هەتا ئێستا کارمان لەسەری نەکردووە. وا نموونەیەک دەهێنمەوە، کە دەکرێ تێکستی ئەدەبی فۆلکلۆری، بێجگە لە بەهای کولتووری، بەهای سیاسی و مێژووییشی هەبێت، کە ئەمەیش بۆ ئێمە زۆر گرنگە.

هاوینی ساڵی ١٤٥٣، دوای نزیکەی ٥٠٠ ساڵ لە شەڕ و پەلاماردان، ‹قوستەنتین›ی یازدەم، کە دوا قەیسەری ئیمپراتۆری بێزەنتی بوو، لە شەڕی دژی تورکان، کە سوڵتان

مەحەمەدی دووەم سەرۆکیان بوو، کوژرا و شاری قوستەنتین ڕووخا. ئاسیای بچووک کەوتە ژێردەستی تورکان و گریکییەکان لە پەلوپۆ کەوتن. چۆن دەبێ کڵێسە پیرۆزەکە، ‹هاگیا سۆفیا› لەژێردەستی تورکان بێت؟ ئەم ژیرکەوتنە، لە چیرۆک و گۆرانیی فۆلکلۆری گریکیاندا، جێگەیەکی دیاری هەیە. گۆرانییەکان تژی خەم و هیوان. خەمی ڕووخانی شاری قوستەنتین و هیوای رزگارکردنەوەی. رەنگە لە هەموو ئەو شیعر و چیرۆکانەدا، شیعری ‹ناڵەی قوستەنتین›[٦]، خەمبارترین شیعر بێت لەبارەی رووخانی ‹قوستەنتین›ـەوە، کە نازانرێ کێ نووسیویەتی. تا ئەمڕۆش بۆ گریکییەکان قوستەنتین- شارەکەیە. کێشەی سیاسی و کولتووری ئێستای نەتەوەی گرێک و تورک، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەم.

ساڵی ١٨٦٨، کە دەکاتە ٤١٥ ساڵ دوای ڕووخانی ئیمپراتۆری بێزەنتی، لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا، لە دێرێکی شاری ترابزوون، دەسخەتێکی گریکی دۆزرایەوە. دەسخەتەکە داستانێکی شیعریی بێزەنتی بوو، بە زمانی میللیی گریکی نووسرابوو. شیعرێکی درێژ بوو لەبارەی جوامێرێک بەناوی باسیلیووس دیگێنیس ئەکریتاس. دیگێنیس واتە دووڕەگ و ئەکریتاسیش واتە سنووڕپارێز، یان بەرزایی نشین. کە نازناوی ئەو کەسانە بوو، لەسەر دوند و بەرزاییەکاندا دەژیان و پارێزەری سنوور بوون. لەو سەردەمدا میرە کوردەکانی ناوچەی گۆلی وان ئەو ئەرکەیان پێ سپێردرابوو و پێشیان دەوتن ئەکریت. واتە سنووڕپارێز

ئەمە تاکە داستانی شیعریی سەردەمی ئیمپراتۆری بێزەنتییە، کە باسی شەڕ و خۆشەویستی لە ناوچەی گۆلی وان و دەوروبەری ڕووباری فورات دەکات. ڕەنگە بۆ مێژووی سیاسی و کولتووریی کورد بایەخێکی گرنگی هەبێت. چونکە لە هەموو سنوورەکانی بێزەنتدا، سنووری ڕۆژهەڵات، کە دەکاتە ناوچەی وان و دەوروبەری ڕووباری فورات، لە هەمووان نائارامتر بوو. لەوێوە هێرشی کراوەتە سەر، سەرەتا هیی عەرەب و پاشانیش هیی تورک.

کە ئەم داستانە شیعرییە دۆزرایەوە، پەنجا ساڵێک دەبوو گریکییەکان لە ژێردەستی تورک ڕزگاریان بووبوو. ناسیونالیزمی گریکی بووژابووەوە و بڕوا هەبوون بە دەوڵەتێکی یەکگرتووی گەورەیش، بەهێز بووبوو. شانازییەکی نەتەوەیی بوو، کە ‹دگێنیس›ی ئەوان، بەر لە هەزار ساڵ دژی هێرشی عەرەب و تورک وەستاوەتەوە و چیرۆک و بەسەرهاتی زۆر بوێرانەی لێ دەگێڕنەوە. لە بارەی سامانی ئەدەبیشەوە،

شانازییەکی زۆر بوو بۆ گریکییەکان و توانرا بە هاوتای داستانی وڵات و زمانی تری ئەورووپای چاخەکانی ناوەڕاست بەراورد بکرێت. وەک ‹گۆرانیی ڕۆلاند›[٧]ی فرانسا و ‹ئێل سید›ی ئیسپانیا. کە ئەم دوو داستانەیش باسی ڕێگرتن لە هێرش و شەڕی دژی عەرەب دەکەن، کە نزیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەر نووسراون. بۆیە ئەم داستانە وەکو شاکارێکی نەتەوەیی گریکی نوێ ناسانرا و تەرجەمەی زمانە ئەورووپاییەکان کرا.

گرنگیی تەرجەمەکردنی ئەم داستانە لەوەدایە، ئێستا ئێمە بە هۆی ئەم داستانەوە دەتوانین شارەزای هەندێ لایەنی وردی سەردەمێکی مێژوویی گریکەکان ببین؛ چۆن شەڕ و خۆشەویستییان کردووە و بەرگرییان لە سنوورەکانی خۆیان کردووە. کە ڕەنگە ئەگەر ئەم تەرجەمانە نەبان، نەماندەتوانی شارەزای ئەو سەردەم ببین.

ئێمە دەزانین، بەشێکی ئەدەبەکەمان، پێوەندی بە ڕووداوە مێژووییەکانمانەوە هەیە، کە ڕۆشناییان نەکەوتووەتە سەر و هەر لەناو تێکستەکاندا ماونەتەوە. هەموومان ئەرکێکی نەتەوەیی و فەرهەنگیمان لەسەرە، ڕووداوە مێژووییە شاراوەکانی ناو تێکستە ئەدەبییەکان ئاشکرا بکەین. لێرە وەرگێڕانی تێکستە ئەدەبییە باشەکانمان، ئەو ئەرکە دەبینێ.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

(1) Johann Wolfgang Goethe، Väst-östlig divan، Översättning av Martin Tegen. Atlantis 2004.

گوێتە، لە یەکەم بەشی دیوانەکەیدا ‹گۆرانیبێژنامە›، بەم کۆپلەیە دەست پێ دەکات:

‹ڕۆژئاوا، باکوور و باشوور دەڕووخێن

تەختی پاشایەتی دەهەژێن، وڵاتان تاڵان دەکرێن.

بۆ خاکی پاکی ڕۆژهەڵات سەرهەڵبگرە

بۆنی پاتریارکەکان هەڵبمژە!

لەوێ، ئاشق بە، بنۆشە و گۆرانی بڵێ:

کانیی خزر گەنجت دەکاتەوە.›

(2) GILGAMESHEPOSET، Nytolkning av Lennart Warring och Tania Kantola، Natur och Kultur 2001

(3) Kärleken begär att detta tal skall fram. Jalal ud-din Rumis liv، lära och lyrik. Red. A. Dahlèn & Sorgenfrei. s.53. Molin & Sorgenfirei Förlag 2008.

(4) Den persiska litteraturen، Bo Utas. Molin & Sorgenfrej Förlag 2011.

(5) POESI، LYRIKSAMFUNDETS TIDSKRIFT. ÅRGÅNG 2، Häfte 4. 1949. JEAN-PAUL SARTRE، DEN SVARTE ORFEUS. S. 534-.

ئەم لێکۆڵینەوەی سارتر، لە Anthologie de la nouvelle poèsie et malgache وەرگیراوە، کە ساڵی ١٩٤٨ بڵاو کراوەتەوە.

(6) Inga och Iannis Ambatsis، GREKLANDS TREDJE ANSIKTE، Norstedts 1981.

ئەمە شیعرێکە، باسی ڕۆژکانی ڕووخانی شاری قوستەنتین و دڕندەیی تورک دەکات. شیعرەکە وا دەست پێ دەکات:

‹ناڵە و گریان، ئاخ و ژان،

خەمی بێدڵنەوایی یەخەی گریکیانی گرتووە،

ماڵیان، شارە پیرۆزەکەیان دۆڕاندووە،

کە هیوا و سەروەرییان بوو.›

(7) Rolandssången، (La Chanson de Roland). Tolkad av Leif Duprez och Gunnar Carlstedt، Albert Bonniers Förlag 2010.

ساڵی ٧٣٢ ‹کارل مارتێل› لە شاری ‹پویتێرس› لە ناوەڕاستی فرانسا، بەرەنگاری هێرشی مورەکان بووەوە، (موورەکا، ناوێکی ئەورووپایی بوو بۆ گەلانی ئیسلام، کە زۆربەیان عەرەب بوون.) کە لە ساڵەکانی ٧١٠ـەوە ئیسپانیایان داگیر کردبوو. ‹گۆرانیی ڕۆلاند› لەبارەی بەرەنگاربوونەوە و شەڕی فرانسییەکانە، دژی هێرشی ئیسلامەکان.

**٭بەرهەمە چاپکراوەکانی وەرگێر: ڕزگار شێخانی:**

- وەرگری خەڵاتی تەرجەمەی ئەدەبی سوێدی بۆ زمانی بێگانە/ ئەکادیمیای سوێدی، ٢٠١٨.

١- زەویتان بۆ دەژەنم، شیعر، ١٩٨٤ سوێد

٢- شەوبار، شیعر، ١٩٨٧ سوێد

٣- داستانی فاتیمە، شیعری گوننار ئێکێلۆف، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، ٢٠٠٥ سوێد

٤- دیوان لەسەر میر ئێمگیون، شیعری گوننار ئێکێلۆف، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، ٢٠٠٦

٥- ڕێنیشاندەر بۆ ناخی زەوی، شیعری گوننار ئێکێلۆف، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، ٢٠٠٧ سوێد

٦- دەڵێن مانگ ئاوا بووە، ژیان و ئەزموونی گوننار ئێکێلۆف، ڕەخنەی چاودێر ٢٠٠٩

٧- سیانەی دیوان. شیعری گوننار ئێکێلۆف، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس ٢٠١٠

٨- غەزەلی غەزەلان/ گۆرانیی گۆرانییان. وەرگێڕان لە سوێدییەوە، دەزگای ئاراس ٢٠١١

٩- نەناسراوە گەورەکە، وتاری ڕەخنەی ئەدەبی، بوو گوستاڤسۆن، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، ڕەخنەی چاودێر ٢٠١٣

١٠- نێوان دێڕەکان بخوێنەوە، شیعری توماس ترانسترۆمەر، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، ماڵی کتێب ٢٠١٣

١١- ئەنتۆلۆژیای شیعری سوێدی. بەرگی یەکەم، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، ٢٠١٥

١٢- ئەنتۆلۆژیای شیعری سوێدی، بەرگی دووەم، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، باڵندە ٢٠٢٠

١٣- پاول سێلان، شیعر، وەرگێڕان لە سوێدییەوە، ٢٠٢٠

بە سوێدی

1) Glöden i askan، Dikter av Karim Dashty، översättning från Kurdiska till Svenska av: Rizgar Shekani، förord av: John Swedenmark، APEC Tryck & Förlag، 2012.

2) Du، alltid du، Dikter i urval av Karim Dashty، översättning från Kurdiska till Svenska av: Rizgar Shekani، förord av: Bo Gustavsson، APEC Tryck & Förlag، 2013.

3) Nu är det Tid، att händerna blir solstråle، Dikter av Dilshad Abdulla، översättning från kurdiska av Rizgar Shekani، förord av John Swedenmark، 2023 Litera.

٭ ئەم گوتارە لە ‹دیداری وەرگێڕانی ئەدەبی›ی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە ٢٠١٣/١١/٢ خوێندرایەوە.

# پرۆسەی وەرگێڕان لە پاشەکشێ دایە

قەیس حوسین ڕەسووڵ

کە قسە دێتە سەر ڕەوشی وەرگێڕان لەم هەرێمەدا، دەتوانین بڵێین ڕەوشەکە هێشتا پڕ بە پێستی خۆی نییە، لە کاتێکدا خەڵکانێک هەن شارەزاییان لە زمانە بێگانەکاندا هەیە، بەڵام زمانزانییان و شارەزاییان بەرجەستە نەکردووە بۆ ئەوەی ئاستی ڕەوشەکە بەرز بکەنەوە و ئەو کتێبە ناوازانەی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هەن تەرجەمە بکرێن. ئەوەی جێی سەرنجە، وڵاتانی دەوروبەرمان هەوڵی جیددیان داوە و دەدەن بۆ ئەوەی نوێترین کتێب لە هەموو کایەکانی مەعریفەدا تەرجەمە بکەن بۆ زمانەکانی خۆیان، بەداخەوە لێرەدا هێندەی بایەخ دەدرێتە تەرجەمەکردنی ڕۆمان و شانۆگەریی و کورتەچیرۆک، ئەوەندە وەک پێویست بایەخ نادرێتە تەرجەمەی ژانری دیکە، هەرچەندە لەم لا و ئەولا دەزگا و کەس تاکلایەنانە هەن قۆڵی خۆیان لێ‌هەڵماڵیوە و زنجیرە کتێبی نایاب دەخەنە بەردەستی خوێنەران. بۆیە پێویستە هەوڵی جیددی بدرێت کە بایەخی زیاتر بدرێت بەو کتێبانەی لە وەشانخانەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا دەردەچن. ئەوە ئەگەر باسی تەرجەمەی زمانانی بێگانە بکەین بۆ زمانی کوردی. گەر باسی تەرجەمەی پێچەوانەیش بکەین، هەوڵی جیددی تاکەکەسی هەن، بەڵام هێشتا بەس نییە. لەبەرئەوەی هێشتا تەرجەمە وەک پێویست بایەخی خۆی پێنەدراوە و دامودەزگای زەبەلاح نەکەوتوونەتە کار و پارەی زۆری بۆ تەرخان نەکراوە، تەرجەمە لە ئاستی پێویستدا نییە و کەموکوڕیی و کەمتەرخەمیی هەیە. دواتر ئێمە چەندان کێشەمان هەن: خەڵکانێک زمانی بێگانە دەزانن، بەڵام بە داخەوە، هێندە شارەزایی زمانی دایکی خۆیان نین، واتا زمانی کوردی. بۆیە تەرجەمەکانیان پوخت و بەهێز و بەپێز دەرناچن. ئەم قسەیەم بۆ چینێکە قەڵەمی گرتۆتە دەست و ئەسپی خۆی لە تەرجەمەدا تاودەدا، بەڵام وەک پێویست زمانی دایکی خۆی ناخوێنێتەوە و بایەخی پێنادا و یەکەوڕاست دەست دەکات بە تەرجەمەکردن و دواتر تەرجەمەکەی ناداتە زمانزانێک بۆ ئەوەی بە دەقە وەرگێڕدراوەکەیدا بچێتەوە و هەڵە و پەڵەکانی دیار بکات و بۆی ڕاست بکاتەوە. دواتر کێشەی زاراوەمان هەیە بە تایبەتی لە بوارەکانی یاسا و زانست و ئەدەبدا. لەبەرئەوەی پێویستە هەماهەنگییەک و هاوکارییەک هەبێ لە نێوان خەڵکانێکی شارەزا لەو بوارانە و ئەوانەیش تەرجەمە دەکەن بۆ ئەوەی تەرجەمەکان ورد و ڕێک و قەشەنگ دەربچن و خوێنەران لە

دەقە وەرگێڕدراوەکان حاڵی بن. چونکە یەکێک لە سیفاتە هەرە باشەکانی دەقی وەرگێڕدراودا ئەوەیە خوێنەر وا بزانێ ئەو دەقە بەو زمانە نووسراوە کە بۆی وەرگێڕدراوە و لە خوێندنەوەیدا تاسەی بشکێنێ. بۆیە ئێمە تا ئێستایش بەدەم نەبوونی زاراوەی دروست و پەسندا دەناڵێنین. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە هەوڵی رژد بدرێت لە تەرخانکردنی کات و توانا و پارە و گەڕان بەدوای زاراوەی گونجاودا. ئەمەیش کارێکی ئاسان نییە و عومری نوحی گەرەکە. لەگەڵ ئەوەیشدا، دوای ساڵانێک لە هەوڵ و تێکۆشاندا، بەری ئەم ماندووبوونە دەخۆین و دەگەینە ئەو ئاستەی لە تەرجەمەکاندا ڕازی بین و خوێنەریش بای ئەوەندە دڵخۆش و خۆشنوود بێ ئەوەی دەقێکی وەرگێڕدراوی چاک دەخوێنێتەوە و لە وەرگێرەکەی ڕازییە. بۆ سەلماندنی ئەو قسانە دەکرێ چاوێک بخشێنین بە ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبانەی لە هەرێمەکەماندا دەردەچن سەرباری ئەو هەموو کەناڵە ئاسمانیی و تەلەفزیۆنانەی بەرنامەکانیان پەخش دەکەن. ئەو ساکە دەزانی کە ڕەشەبای چ پاشاگەردانییەک هەڵی کردووە و زمانی کوردیمانی لە ڕەگوڕیشەوە دەرهێناوە و دەردێنێ. سەرجەم بوارەکانی دیکەیش، ئەوەی لەسەرەوە گوترا، بەسەریاندا پیادە دەکرێ. لە هەموو دونیادا سیاسەتی زمان هەیە بۆ پاراستنی زمان خۆی. زمان ڕەمزی نەتەوە و مانەوەیەتی. ئەوانەی لە خەمی هەڵگرتنی زماندا هەن، شەووڕۆژ دەدەن بەیەکدا بۆ ئەوەی زمان بپارێزن. ئەویش لە ڕێی بەکارهێنان و بەهەند هەڵگرتنی زمانەکە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست. حەق وایە سیاسەتێکی تۆکمە و سزائامێز پیادە بکرێ لەحەق بەوانەی بە مەبەست خراپ زمان بەکاردێنن بە ڕادەیەک لە لای خوێنەرانەوە بێزراوی دەکەن و ئەوانیش لێی دەتەکنەوە بە تایبەتی ئەو خوێنەرانەی سەروکارێکی باشیان لەگەڵ زمانی دایکیاندا هەیە و خوێنەری چاکن. بۆ گرتنەبەری ئەو سیاسەتە و بایەخپێدانی دەبێتە دەروازەیەک بۆ بەکارهێنانی زمان بە وردیی و بەهەڵگرتنی خەمێکی قورس بۆ ئەوەی بەمەرەدی نەبەن. لەبەرئەوەی سیاسەتێکی توندوتۆڵی بەکارهێنانی زمان لەم هەرێمەدا پیادە ناکرێ، بۆیە جیاوازییەکی ڕوون و ئاشکرا دەبینین لە بەکارهێنانی زارەوەکان و ڕێنووسدا. لەوەیش غەریبتر ئەوەیە ئەوەی ئەمڕۆ ئەلفوبێیەکی زمان فێربوو دەست دەکات بە وەرگێڕان، بەڵام لە ئەگەری بوونی لێپرسینەوەیەک، دڵنیام

ژمارەیەکی زۆر لەوانەی لەگەڵ تەرجەمەدا دەست و پەنجە نەرم دەکەن، لە مەیدانەکە پاشەکشە دەکەن و جێ چۆڵ دەکەن بۆ خەڵکانێکی شارەزا و پسپۆڕ. گرینگ ئەوەیە هەتا زووە سیاسەتێکی زمانی بێتە وەشاندن و خەڵکی لەسەر موحاسەبە بکرێن، بە تایبەتی ئەو وەشانخانەی خەمی گەورەیان بڵاوکردنەوەی کتێبی وەرگێردراوە بێ ڕەچاوکردنی باشیی و خراپیی ئاستی وەرگێڕانەکانیان. ئەمەیش تەنیا بەناحەق گیرفانپڕکردنە. سەبارەت بە وەرگرتنی زاراوەی بیانیی، دەبێ لامان ڕوون بێ کە ئەم وەرگرتنە لە سەر چەندان بنەما و پێوەر بێ. واتا ئەم کارە بە هەڕەمەکی ناکرێ، خۆ دیارە دوو جۆر بوارمان هەن: یەکێکیان بواری زانستییە و ئەویدیکەیش ئەدەبییە. ئەم دوو بوارە لە یەکدی جیاوازن. بۆیە هەر یەکە و بەشێوەیەک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ. بە پێچەوانەوە گەر وامان نەکرد، کارەکەمان خراپ دەردەچێ. دەبێ دانبنێین بەوەی مەعریفەمان سەبارەت بە دانانی زاراوەی گونجاو و پەسند لە بواری زانستەکاندا زۆر کەمە، پێویستە هەوڵی زیاتر و زیاتر بدەین بۆ ئەوەی زاراوەگەلێک بکەینە کوردی کە لەگەڵ سروشتی زمانەکەماندا بگونجێ و تەیرێکی ناموبارەکییان لێدەرنەچێ. ئەمەیش بە شەووڕۆژێک ناکرێ.

گرینگ ئەوەیە هەنگاوی بلەز بدرێ. لێی دانەنیشین و پاڵ دەینەوە. ماندووبوون یەکێک لە بنەماکانی سەرکەوتن بۆ وەگیرگەوتنی وشە و زاراوەی گونجاو. گەڕان بە دوای کولتووری زمانییمان ڕەنگە هاوکار بێ بۆ ئەوەی زاراوە و وشەی گونجاو بدۆزینەوە: ئەمەیش تا ڕاددەیەک. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیی لە ڕۆئاواوە دەستی پێکردووە و چەندان وشە و زاراوە هاتوونەتە ناو هەموو مەیدانەکانی زانستدا. بۆیە ئاسان نییە، هەر کەسە و لەجێی خۆی وشەیەک یان زاراوەیەک دابتاشێ. زاراوە هەن بوونەتە زاراوەی جیهانیی لە هەموو زمانە زیندووەکاندا بەکاردێن. تۆ ناتوانی هەروا بە ئاسانیی دەستییان لێبەر بدەی و زاراوەگەلێک بتاشی کە تەواو دوور بن لە ماهییەت و ناوەڕۆکی زاراوە بیانییەکە. لەم بابەتەدا، وشە و زاراوەی زۆر هەن. پێویست ناکات وەک نموونە بیانهێنینەوە. چونکە لای هەموو خوێندەوارێکی زرت و زرینگ، وشە و زارەوەکان دیار و ئاشکران. دەمێنێتەوە ئەو وشە و زاراوانەی لە بواری ئەدەبدا بەکاردەهێنرێن، ئەمەیش بە

شێوەیەکی ڕەها مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێ. گەر وشە و زاراوەی گونجاو لە ئارادا هەبوون، دەکرێ بەکاریانبێنین. بەڵام لەبەرئەوەی شوێنی ئاستی بەرزبوونەوە و پێشکەوتنی ژانرەکانی ئەدەب هەر خۆی لە ڕۆژئاوادا دەبینێتەوە، بۆیە دەکرێ هەندێ لەو وشە و زاراوانە وەک خۆیان بەکاربێنین بە مەرجێک دەنگ و ئاواز و ڕەنگیکی کوردییان بدەینێ تا ئەو کاتە ئیشکردن لەسەر زمانەکەمان دەگاتە ئاستێک کە دەتوانین وشە و زاراوەی تایبەت بە خۆمان هەبێ لەم بوارەدا. ئەمەیش نابێ ببێتە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم تەرجەمەکردنی دەقە بیانییەکان بۆ زمانی کوردی: جێگەی ئاماژە پێکردنە کە لە هەردوو مەیداندا، لەملا و لەولا کتێب تەرجەمەکراون بۆ زمانی کوردی لە لایەن وەرگێڕی بەتوانا و سەلیقە و ناوەکانیان لە ئاسمانی تەرجەمەکردندا وەک ئەستێرە دەدرەوشێنەوە و خوێنەرانیش ڕازین لە ئاستی وەرگێرانەکان و عەودالی خوێندنەوەی وەرگێڕدراوەکانیان و چاوەڕێی دەرچوونی کتێبی تازەی ئەوانن و بە ئەڵها و تاسەوە دەیانخوێننەوە. لەبەرئەوەی دەبێ دووپات بکەینەوە کە ڕێگای دوورودرێژ بە یەک هەنگاو دەستپێدەکات.

* **قەیس حوسێن ڕەسوول**

- لەدایکبووی ١٩٦٤ هەولێر، دەرچووی زانکۆی موسڵ- کۆلێژی پەروەردە- بەشی زمانی ئینگلیزی ١٩٨٦-١٩٨٧.
- مامۆستای بنەڕەتییە و ئۆفیسی تایبەت بە تەرجەمەی هەیە لە شاری هەولێر
- چەندان دەقی شیعر و لێکۆڵینەوە و وتاری بڵاوکردوونەتەوە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بە زمانی کوردی و عارەبی
- دوو کتێبی وەرگێڕاون: بە ناوی ((کۆماری کوردستان)) -حامد گەوهەری لە زمانی کوردییڕا تەرجەمەی کردووە بۆ زمانی ئینگلیزی: دووەم کتێبی لە کوردیڕا تەرجەمەی کردووە بۆ زمانی عارەبی بە ((ناوی من و شێرپەنجەی باوکم- پێنج ساڵ ژیان لەگەڵ باوکێکی تووشبوو بە شێرپەنجە)) لە نووسینی دکتۆر شوان عوسمان ئەمین ٢٠٢٣

# رۆڵی دین له‌ وه‌رگێڕاندا؛
# لای ئه‌وان پاڵنه‌رانه‌، لای ئێمه‌ش پێچه‌وانه‌!

شه‌فیقی حاجی خدر

**زۆر جار ئەو پرسیارە لە وەرگێڕ دەکرێ، ئەرێ بەڕاست ڕەوشی پرۆسەی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستاندا چۆن دەبینی؟**

خۆی ئەگەر خوێنەر بەدوای وەڵامێکی ڕاست و دروستی ئەم پرسیارەدا بگەڕێ، ئەوا هەر نابێ ڕووی پرسیارەکە ئاراستەی وەرگێڕ بکات، بەڵکو دەبێ ئاراستەی ڕەخنەگرێکی ئەو بوارەی بکا، هەروەها ئاراستەی خۆیشی بکا، وەک خوێنەر، چونکە لە کۆتاییدا کردەی وەرگێڕان لە خزمەت ئەودایە و بۆ ئەوە، هەر ئەویش ئەو توانستەی هەیە کە حوکم لەسەر پرسەکە بدا.

لێ لەگەڵ ئەوەشدا، وەرگێڕ نابێ خۆی لە وەڵامی ئەو پرسیارە بدزێتەوە، چونکە هەر هیچ نەبێ خۆی لەنێو پێواژۆکەدایە. خۆی ئەوەش ڕاستە کە تەواوی ئاراستەکانی ئەم بابەتە لای ئەو ڕوون نییە، لەوانەیە ئەو لەبەر کارەکەی، نەپرژێتە سەر ئەوەی تەواوی ڕەهەندە جیاجیاکانی وەرگێڕان بە بوارە جیاجیاکانیەوە بخاتە ژێر کۆنترۆڵ یا بەتەواوی پەی پێ ببات. بەڵام ئەوەندە هەیە وەک کەسێکی ئەزمووندار، وەک ئەوەی هەر هیچ نەبێ ئاگای لە لایەنێکی بابەتەکە هەیە، دەکرێ ڕاوبۆچوونی خۆی لەسەر پرسێکی وەها گرنگ دەرببڕێ. دەکرێ لەو ڕشتەیەی ئەو تێدا ئەزموونی هەیە، وەڵامەکەشی بە هەند وەربگیرێ. منیش وەک وەرگێڕێکی ئارەزوومەند نەوەک پیشەمەند (پرۆفیشیۆناڵ)، لە گۆشەنیگای کاری ئارەزوومەندانەی خۆمەوە، هەقی ئەوەم هەیە لا لەم بابەتە بکەمەوە و بۆچوونی خۆمی لەسەر دەرببڕم. لێ گەلۆ، لەوانەیە هەر ئەو ڕاو بۆچوونەم، سەرنجی خوێنەریانەشمی تێبکەوێ، چونکە لەهەمان کاتدا، خوێنەریشم، تا ڕادەیەکیش خۆم بە خوێنەرێکی باش و جدی دادەنێم، بۆیە لەو لایەنەشەوە هەق بەخۆم دەدەم، هەندێ سەرەداو لەو بابەتە باس بکەم و بەدوای هەڵوێزنینەوەی سەرەداوەکانی پرسیارەکەدا بچم، بەڵکو وەڵامێک بەگوێرەی لێتێگەیشتنی خۆمەوە بخەمە بەردەست خوێنەرانی دیکەی ئەم گۆڤارە سەنگینە.

بەر لەوەی بچمە نێو ناواخنی ئەم بابەتە و وەڵامێک بخەمە بەردەست، هەقە دان بەو ڕاستییەدا بنێم، کە زۆر جار ئەو کەسەی پرسیارێک دەکا، چاوەڕێی وەڵام بکا، مەبەستم ئەوەیە کە هەر بەڕاستی وەڵامەکە پڕ بەپێستی پرسیارەکە بێ و تەلیسمەکە بشکێنێ و گرێکوێرەکە بکاتەوە، لێ خۆ هەموو جارێک وەها نایەتەوە، چونکە کێ دەڵێ ڕووی پرسیار کراوەتە کەسێک کە هەر بەڕاستی وەڵامی پێیە. ئاخر خۆ لەمێژە ئەوە گوتراوە، هەرچۆنێک بێ، پرسیار ڕەواو لۆژیکی تێدایە، بەڵام جاری وا هەیە وەڵامەکە نادروستە و

بێ لۆژیکە. ئیدی ئەم کورتهێنیەی باگۆی وەڵامدەریش لە کەمزانین و نەزانینەوە هاتبێ یان لە دەسەڵاتی وەڵامدانەوە. هەرچۆنێک بێ، ئەم شەنوکەوەش هەر دەکەوێتە سەر ئەستۆی بابای خوێنەر.

لە ڕۆژی ئێستاماندا، کە درێژەی ئەو سێ دەیەی دوایییە، دەکرێ لەڕووی چەندایەتی کردەی وەرگێڕان بە بەراورد بە سەردەمی پێش خۆیەوە بکەین، ئەوا ئەو ڕاستییە سادەیەمان بۆ دەردەکەوێ ، کە کردەکە لە وەسەرپێکەوتن دەرچووە، و تاڕاددەیەک ڕێچکەی خۆی وەرگرتووە. کاتێک سەیری ڕەفەکانی کتێبخانەی کوردی دەکەین، دەبینین وەرگێڕان ئەگەر لە نووسین زیاتر نەبێ، ئەوا کەمتر نییە، بەڵکو لە هەندێ بواردا، زۆریش پێی نووسی کەوتۆتەوە. کاتێک دەڵێم نووسی، واتە نووسین بۆ یەکەم جار بە زمانی کوردی نەوەک وەرگێڕان لە زمانێکی دیکەوە.

دەکرێ لەو دوو سێ دەیەی دواییدا ئەوە بگوترێ، کردەی وەرگێڕان وەها چووەتەپێش لەوانەیە یان دەکرێ بووبێتە دیاردە. ئیدی هەر شتێکیش بووبێتە دیارەدە قسەی زۆری تێدا دەکرێ و دەرووی زۆر بابەت لەسەر خۆی دەکاتەوە بە نیشانەی پرسیاری پڕ لە ڕەخنەشەوە. کاتێکیش هەر ئەو وەڵامە گەشبینە ورد بکەینەوە و بە نێو ڕشتە و بابەتەکانیدا شۆڕ ببینەوە و بەگوێرەی زانست و لقەکانی زانست و زانیاریدا پۆلینبەندی بکەین، ئەوا لە هەندێ شوێن وەڵامەکە هەر بە گەشبینی دەمێنێتەوە، کەچی لەزۆر شوێن، لە زۆر لقوپۆپی زانست و زانیاری دیکەدا، وەڵامەکەمان نەوەک هەر کز دەبێ و بەرەو ڕەشبینی دەڕوا، بەڵکو خۆزگەی ئەوە دەخوازین، وەرگێڕان ئەم لقوپۆپانەشی بگرتبایەوە. واتە ڕەفەکانی کتێبخانەی کوردی لە هەندێ بواری گرنگی زانست و زانیاریدا هەر زۆر هەژار و کڵۆڵە، بەداخەوە نووسینی خۆماڵیش لەو بوارە هەر باس ناکەم، شتەکەش ئەوەندە دیاردەیەکی زەقە، پێویست بە نموونە هێنانەوە هەر ناکا.

ئینجا ئەگەر لێرە، بێینەوە سەر ئەو لایەنە گەشبینییەی وەرگێڕانە چەندایەتییە لە بواری ئەدەب و کەم تا کورتێک بواری سیاسی و مێژوویی و یەک دوو بواری دیکە... بەناخیدا ڕۆبچین و بە وردەکاری و کنجۆڵییەوە لە پرسیاری دیکە سەبارەت بە زاراوەسازی لەبواری ئەدەبی، سیاسی، قانونی، سیاسی، فەلسەفی و سیاسی و هتد بکۆڵینەوە، دیسان تووشی هەمان دووڕیانی پرسی گەشبینی و ڕەشبینی دەبینەوە. واتە دەکرێ لەبواری ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی تاڕادەیەک گەشبین بین، بەڵام لە بواری قانونی و ئابوری و فەلسەفی دیسان بەرەو تونێلی ڕەشبینییەوە بڕۆین...

ئەم ڕاستییە، خۆلێبواردنی ناڕاستی و شاشییە... لێ دەبێ بەدوای هۆکارەکانی ئینجا لێکەوتەکانیدا بگەڕێین... لێ وەک چۆن کردەی وەرگێڕان تا ئێستا، لە مێژووی سەرهەڵدانی خۆیەوە لەنێو کایەی نووسین و چاپەمەنی ئێمەدا (بە هەموو کەموکورتییەکانی خۆیەوە) هەر لە بۆتەی هەوڵ و میزاجی تاکەکەسی تێنەپەڕیوە، بۆیە ئەو بۆچوونانەی لێرەدا سەبارەت بە هۆکار و لێکەوتەکانی پرس و خەمی وەرگێڕانەوە دەریدەبڕم، هەر هەوڵی تاکەکەسی و زادەی ئەزموونە و بێ ئەوەی سەرچاوە و توێژینەوەیەکی سەنگین لەوبارە لەبەردەستدا بێ.

جارێ با لۆژیکی ڕیزبەندی گەڕێم، بەوەی بەدوای سەرەداوی هۆکارەکاندا بڕۆم، لایی لە لێکەوتەیەکی زۆر گرنگ و دژوار بکەمەوە. ئەگەر هاتوو هیچ خەمێک، کاتێک دەڵێم دەڵم خەم، مەبەستم خەمی نەتەوەییە، لە پرسی وەگێڕان نەخورێ و دەزگای ئامانجداری ئاراستەکراوی بەرهەمداری بۆ ساز نەکرێ و هەر پشت بە هەوڵی تاکەکەسی و کەسادەبازاڕی کتێب و خوێندنەوەی ئێستا ببەسترێ و ڕەفەی لقوپۆپەکانی دیکەی زانست و زانیاری لە کتێبخانەی کوردی هەروا بە خاڵی بمێنێتەوە، ئەوا زۆری پێناچێ، ئەو بۆچوونە لەمێژینە دوژمنکارییە خۆی دێنێتەپێش و دەبێتە مۆتەکە، بەوەی گوایە زمانی کوردی دەرەقەتی وەرگێڕانی ئەو بوارانەی نابێ، بەمە و بەهۆی نەبوونی نووسینی خۆماڵیش لەو بوارە، ئیدی بۆ نەوەکانی داهاتوو زمانەکەم نسکۆیەکی بەزۆرسەپاوی بەسەردا دەبڕێ و خۆمان هەوڵی لەناوبردنی زمانەکەمان دەدەین. واتە خۆمان لەڕێی پەینەبردن بە بایەخی وەرگێڕان، کە پەیامی زمانی پێیە، زمانەکەمان بنکۆڵ دەکەین. هەرچەندە هەویری شیکردنەوەی ئەو پرسە بایەخدار و دژوارە ئاوی زۆر دەوێ، بەڵام بۆ خوێنەری هێژاو زیرەک ئەلفێک بەسە.

ئینجا بابێمەوەوە لۆژیکی دەسپێکی ڕیزبەندییەکەوە و هەندێ دەردەدڵ لەبارەی هۆکارەکانی ئەو ساردەخەمی و بێ خاوەنیی پرسی وەرگێڕانە بکەم.

جارێ لە پێشەوە سێ دەردی کوشندەی هاوبەش لەگەڵ نووسین هەن، گشتیین، ئەوانیش نەبوونی زمانێکی یەکگرتوو، ڕێنووسێکی یەکگرتوو و قاموسێکی یەکگرتوون. ئەم سێ کورتهێنیە لەمێژە هەن و هەرسێکیشیان پرسێگەلێکن لە توانای بابی نووسەر و وەرگێڕ دەرچوون و پرسێکی گشتی نەتەوەیی سیاسین، کە بەداخەوە پەرتەوازەیی و ناتەبایی بواری سیاسی بەرۆکی بواری نووسین و وەرگێڕانیشی گرتۆتەوە و یەکێکە لە ڕەخنە خەوشدارەکان کە بە پلەی یەکەم بڕیار بەدەستانی سیاسەتبازی وڵاتەکەمان

دەگرێتەوە و هیچیشیان لە دادگای داهاتووی مێژووی (ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان سازبدرێ) دەرناچن.

دوای ئەوە دیسان پرسێکی گەورەی بێبازاڕی کتێبی کوردی هەیە، کە بۆ گشتگیرنەبوونی خوێندنەوە دەگەڕێتەوە، واتە هێشتا خوێندنەوە بازنەیەکی تەسکی دەستەبژێری خۆی تێنەپەڕاندووە و دانەبەزیوەتە سەر گۆڕەپانی ئەو کەسانەی دەزانن بخوێننەوە، دیارە هۆکارەکەی بۆ پـەروەردەی ماڵ و قوتابخانە و مزگەوت دەگەڕێتەوە، ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆش هەر بەرۆکی بێ بەرنامەیی و ساردەخەمی دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگە و قەوارەکەمان دەگرێتەوە. ئینجا کە ئەو هۆکارانە مەودافرەوان و دژوارە گشتییانە هەبێ، ئیدی هۆکاری دیکەی تایبەت بە بواری وەرگێڕان دەبنە سەربار و بنبار، بەم جۆرە کردەی وەرگێڕان هەر ئەوەی لێدەدەرچێ کە ئێستا هەیە، بەداخەوە لە دۆخێکدایە لەگەڵ نەوەک هەر بە نەتەوە دەوڵەتەکانی جیهانی پێشکەوتوو، بەڵکو بە جیهانی سێ نەتەوە گەورەکانی دەوروبەریشمان (عەرەب و فارس و تورک) ڕووی بەراوردکردنی نییە.

با لێرە ئاماژە بە مێژووی وەرگێڕان، وەرگێڕانی نووسراو لای نەتەوە پێشکەوتووە و ناپێشکەوتووەکانی جیهان بکەم، ئینجا چۆنیەتی سەرهەڵدانەکەی ئەوان لەگەڵ مێژووی سەرهەڵدانی وەرگێڕان لای خۆمان بەراورد بکەم، جا لەوەدا کەلێنێکی زۆر قەبە و گەورۆنە لە پاشکەوتنی بواری وەرگێڕان دەردەکەوێ، لەوانەیە هەر خۆیشی تیشک بخاتە سەر زۆر شتی شاراوە، کە پاشخانی ئێمەی پێوە پابەند بووە و هەر بەهۆیەوەش گیرۆدە بووە.

دین، یان دەقاودەقتر بڵێن وەرگێڕانی دەقەی پیرۆزی و ڕێزلێگیراوی دین، بووەتە مێژووی دەستپێکی وەرگێڕان، لەهەمان کاتیشدا برەودان بە زمانی بۆ وەرگێڕداو. هەر بۆ نموونە تەوراتی عیبری لەسەدەی سێیەمی زاینییەوە بۆ زمانی گریکی وەرگێڕدراوە، پاشان هەر لەسەدەی سێیەمی زانییەوە، دوای ئەوەی جۆستنیان ئیمپراتۆری ڕۆمانی بۆ مەبەستی سیاسی و فراوانکردنی قەڵەمڕەوێتی خۆی، کریستیانێتی دەکاتە دینی فەرمی خۆی و ئیمپراتۆریەتەکەی، تەوجیل (واتە ئینجیل و تەوڕات) لە ئارامییەوە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی لاتینی و پاشان لە سەدەکانی دواتر لە لاتینییەوە بۆ زمانە خۆجێیەکانی ئەورووپا، هەروەها لە ڕۆژهەڵاتیش هەر ڕاسپاردە و ڕێنماییەکانی کۆنفۆشیوس و بودا لە زمانی یەکەمی خۆییانەوە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانە خۆجێیەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. ئیدی وەرگێڕان لەوکاتەوە بایەخ پەیدادەکا، نەوەک هەر بایەخ بەڵکو ڕەوایەتی و ڕەواج دەداتە زمانە خۆجێیەکان و زەقیان دەکاتەوە.

لێ کاتێ ئەم دۆخە لەگەڵ مێژووی وەرگێڕانی کوردی بەراورد بکەین، جیاوازییەکی ئاسمان و ڕێسمان بەدی دەکەین، کە هی وەرگێڕان نییە، چونکە قورئان تا پەنجا ساڵ بەر لەئێستا هەر بڤە و حەرام بوو بە کوردی تەفسیر بکرێ نەوەک خوانەخواستە وەربگێڕدرێ، ئەمەش بەو بەهانەیەی کە نەوەک هەر قورئان دەقێکی پیرۆزە، بەڵکو ئەو زمانەی پێشی نووسراوە پیرۆزە، هەروەها گوایە زمانی کوردی دەرەقەتی وەرگێڕانی ئەو دەقەی نییە. ئەمە لە کاتێکدا مەلاکان لە مێژوودا بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕۆڵی وەرگێڕیان بینی، بەڵام وەرگێڕی زارەکی، چونکە هەر هیچ نەبێ حەوت ڕۆژ جارێک لەسەر سەکۆی مزگەوتەکان، ئایەتەکانی قورئان و فەرمودەی پێغەمبەریان بۆ ئامادەبووانی مزگەوتێ لێکداوەتەوە، هەڵبەت تەفسیرەکەیان بە زمانی کوردی بووە، لێ داخەکەم زاتیان نەکردوە بیخەنە سەرکاغەز. ئاخر ژمارەیەکی زۆر لە زانایان لە ڕاڤەکار و شەڕعزان و فەقیهـ و تەنانەت زانایانی سەرف و نەحوش هەر کورد بوونە، بەڵام بەزمانی دەقە پیرۆزەکە نووسیویانە نەوەک زمانی زگماکی خۆیان، لەسەرێکی دیکەشەوە، زۆر جار تەفسیرە زارەکەشیان لە خزمەت زمانی کوردی نەبووە ئەوەندەی پێچەوانەکەی واتە لایەنی تەعریبکردنی بەشێکی زۆری زاراوە و وشە کوردییەکان. هەرچەندە مێژووی ئەدەبیاتی کوردی نەخاسمە وەرگێڕان، ئاماژە بە وەرگێڕانی تەوجیل بەتایبەتیش ئینجیل دەدەن لە سەدەی نۆزدەهەم بۆ زمانی کوردی، بەڵام لەبەرئەوەی زۆرینەی کورد موسڵمان بوون، بۆیە ئەم وەرگێڕانە هیچ ڕۆڵێکی کاریگەری پێشخستن و برەودان بە زمانی کوردی لێ نەکەوتۆتەوە، چونکە باندۆری ئەم وەرگێڕانە هەر لای چەند قەشەیەک تێنەپەڕیوە و لە چوارچێوەی سندوقی کتێبەکانی کڵێسا دەربازی نەبووە.

بەدەر لەوە، لەم بارەیەوە لایەنە فەرمییەکانی هەرێمەکەی خۆشمان کەم بێباک و ساردەخەم نەبوون و نین. ئاخر خۆ پەرلەمانی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندیەوە هەرچی قانون بووە هەر بەزمانی عەرەبی دەرکردووە، هەڵبەتە ئەمەش لەڕووی ڕەوایەتییەوە پێشێلکردنی ماددەی چوارەمی دەستورە بەهەر پێنج بڕگەکانییەوە؛ بەهانەی ڕایەدارانیش هەروەک مەلاکان وابوو، بەوەی زمانەکەمان دەرەقەتی و نووسینی دەقی قانونی نایەت! ئەمەو پشتگوێخستنی خەمی یەکخستننەوەی و یەکلاکردنەوەی دوو زارەکان، هەرهیچ نەبێ لە بواری نووسین و پەروەردەدا، هەروەها لەبواری بواردنی ماددەی زمانی کوردی لە خوێندن و بە قۆناخە هەرەمییەکانی خۆییەوە، نەخاسمە لە وانە زانستییەکان. واتە ئەو زمانەی چاکەی مانەوەی کوردبوونی هەموومانی لەئەستۆدایە،

بەدەستی خۆمان بەلاوەی دەنێین و بەهای نازانین.. ئیدی کاتێک ڕەوش بەو جۆرە بێ، چۆن بایەخ بە سیاسەتێکی ئاراستەکراوی ئامانجدار دەدەن بۆ ئەوەی وەرگێڕان شارێگەی خۆی وەربگرێ.

بۆیە هەقە لێرە دەستخۆشی لە هەرچی وەرگێڕ وەشانخانەیەک هەیە بکرێ، کە بەهەوڵی تاکەکەسیانە شانیان داوەتە بەو ئەرکە قورسە، کە هەندێ جار لە حاڵەتی نەکردەش نزیک بووەتەوە.

**پرۆفایل: شەفیقی حاجی خدر:**

– لە ١٩٦٨ لە گوندی گرتک، لە دۆڵی ڕوستێی دەڤەری باڵەکایەتی لەدایکبووە.

– لە ١٩٨٨دا بە کالۆریۆسی لە قانون لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.

– لە ١٩٩٧ـەوە ئاوارەی ئەوروپا (هۆڵەندا و بریتانیا) بووە.

– لە پاڵ زمانی زگماکیدا؛ زمانەکانی عەرەبی، هۆڵەندی و ئینگلیزیش دەزانێ.

– لە ١٩٨٦ـەوە هەوڵی نووسینی داوە. زیاتر لە بیست و پێنج کتێبی لە زمانەکانی هۆڵەندی و ئینگلیزی و عەرەبییەوە وەرگێڕاون. دەیان گوتار و لێکۆڵینەوەی قانونی و سیاسیشی بڵاوکردوونەتەوە.

**چاپکراوەکانی وەرگێڕ**

١ – نهێنییەکانی مۆساد، نووسینی گۆردۆن تۆماس، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، سێ جار چاپکراوەتەوە؛ چاپی یەکەم ٢٠٠٨ چاپخانەی هێڤی، هەولێر. چاپی دووهەم دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٤. چاپی سێهەم ڕۆژهەڵات ٢٠١٦.

٢ – مادلین ئۆلبرایت، سیاسەتی ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، سەنتەری نما ٢٠٠٩، هەولێر.

٣ – داود بنگۆریۆن، دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسرائیل، نووسینی ڕۆبەرت سەنت یۆهن، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی هێڤی ٢٠١١، هەولێر. چاپی دووەم ناوەندی ئاوێر ٢٠١٦ هەولێر.

٤ – کوردستان لە نێوان سیڤەر و سنوورە دەستکردەکاندا، نووسینی: هیسەر لێهر واگنەر. مێژوو. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە. چاپی یەکەم؛ لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی هەولێر ٢٠١٣. چاپی دووەم، ئاوێر ٢٠١٥.

٥ – وەرزێکی سپیی وشکوبرینگ، ئەندریێ برینک. ڕۆمان. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٣.

٦ – ژیانی من، چۆن ئیسرائیل دامەزرێنرا؟ گۆڵدا مایەر، یاداشت، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر. ٢٠١٤.

٧ - ئینفێرنۆ، دۆزەخ، دان بـراون، ڕۆمـان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٥.

٨ - شەرەف، ئەلیف شەفەق، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٥.

٩ - یاخیبوون، مناحیم بێگن، یـادەوەری، وەرگـێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٦.

١٠ - خانووەکەی مزگەوتێ، قادر عەبدوڵڵا، ڕۆمان، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٦.

١١ - کۆدەکەی داڤینشی، دان براون، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر ٢٠١٦.

١٢ - خەتی بزماری، ڕۆمان، قادر عەبدوڵڵا، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی ٢٠١٧.

١٣ - کردە هەرەگرنگەکانی مۆساد، میخائیل بار زۆهار و نەسیم میشال، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٨ سلێمانی.

١٤ - لە مەککە، قادر عەبدوڵڵا، ڕۆمان، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٨ سلێمانی

١٥ - ئەرێ کـورد بوونە بـەردەبـاز؟! ڕۆبـەرت براین گیبسن، مێژوو، لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی ٢٠١٩.

١٦- شەوە سپییەکان، مناحیم بێگن، یادەوەریی، لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٩.

١٧ - زۆربای ئێرانی، قادر عەبدوڵڵا، ڕۆمان، لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢٠.

١٨- ژیانی من، گۆلدا مایەر، یـادەوەری، لە ئینگلیزییەوە، چاپێکی نوێی چاککراو، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٠.

١٩- کچانی دووکەڵ و ئاگر، ئاڤا هوما، ڕۆمان، لە ئینگلیزییەوە، سلێمانی چاپخانەی کارۆ، ٢٠٢١.

٢٠ - هێڵێک بەنێو لمدا، جێمس بار، مێژوو، لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی جەمال عیرفان، سلێمانی ٢٠٢١.

٢١- شای ئێران؛ کوردی عێراق و شیعەی لوبنان، ئارەش ڕەئیسینەژاد، مێژوو، لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠٢٢

٢٢- پاشا، قادر عەبدوڵڵا، ڕۆمان، لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠٢٢

٢٣- لەبارەی شیعری جاهیلییەوە، د. تەها حوسێن، هزر و ئەدەب، لە عەرەبییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠٢٣.

٢٤- کتێبەکەی سەلاحەدین، تاریق عەلی، ڕۆمان، لە ئینگلیزییەوە، هەولێر ٢٠٢٣.

٢٥- نەوای نەی، مەولانا وەها ژیا، قادر عەبدوڵڵا، ڕۆمان، لە هۆڵەندییەوە، ئامادەی چاپە.

٢٦- کتێبی ئاوەز، ١١ وانە لە گاندی باپیرەمەوە، ئارون گاندی، لە ئینگلیزییەوە، ئامادەی چاپە.

# وەرگێران و وەرگەڕان و شتەکانی دیکە

غازی حەسەن

وەرگێڕان پرۆسەیەکی گرنگ و کاریگەرە، شارستانییەت و کەلتوور و هزی کۆمەڵگە جیاوازەکانی پێ دەگوازرێتەوە و کارتێکردن و کاریگەریی و کاردانەوە و دروستکردنی بزاڤی وەربەهێنانی نوێ دێنێتە ئاراوە. وەرگێران لە هەموو ئاست و بوار و پیشە و فکر و ڕۆشنبیریی و ئابووری و کۆمەڵائەتی و ئەخلاقی و نەریتیش کارتێکردن دروست دەکات. گومان لەوەدا نییە، میللەت لە هەر ئاستێکی بەرزی ئەپستمولوجیشدا بێت، هەمیشە پێویستی بەوەیە ئاگای لە بیرو بۆچوون و دەستکەوتە زانستی و ئەدەبی و هونەری و فەلسەفی و هزرییە جۆراوجۆرەکانی میللەتانی دیکە هەبێت.

ئەگەر نەتەوەیەک، یان زمان و کەلتوورێک تەنیا پشت بە ئەزموونە تایبەتییەکانی خۆی ببەستێت و هەوڵ نەدات سوود لە ئەزموونی هەموو نەتەوە جیاوازەکانی دونیا وەرگرێت، زۆر دەرفەتی لە دەست دەچێت. نابێت بیشارینەوە ڕۆشنبیریی ڕاستەقینە دەخوازێت، مرۆڤ ئاگای لە باشترین بەرهەمی فیکری و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەریی ئەوانی دیکە، ئەوانی پشت کیشوەرە دوورەکان و پشت دەریاکان هەبێت،

نابێت ئەوە پشتگوێ بخەین، ئەوەی کردەی پەیوەندی کردن و گواستنەوە و گەیاندن و وەرگێڕان ئەنجام دەدات زمانە، زمان کاراترین کەرەستە و ئامرازی پەرپێدان و گواستنەوەی کەلتوورە جیاوازەکانە. هەندیک گواستنەوە ئارەزوومەندانەیە، هەشیانە سەپێنراوە و بێ ئارەزووی لایەنی وەرگێڕ و وەرگر دەبێت، هەشیانە لە ڕێگای توانا و تێفکرین و بیرکردنەوەی تاکە کەسییەوە دەبێت. واتە وەرگێران پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، گەلێک جاران وەرگرانی کەلتوورە وەرگێرادراوەکان، بێ بیرکردنەوە لە ئامانج و شێواز و هۆکار و زمانی سەرچاوە وەرگێڕدراوەکان، سەرچاوە وەرگێڕدراوەکان بەکاردەهێنن، ئەمە دوور نییە لەهەندێک بواردا کارەساتی فکری و کەلتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووری دروست بکات، بە واتایەکی دیکە وەرگێرانەکە ئەنجام و کارتێکردنی نێگەتیڤ بەرهەم دەهێنێت.

## زاراوە و گێژاوە

ئەمە ڕەنگە لە بواری زاراوەسازیی بێت و لایەنی وەرگێڕ، لەجیاتی بەکارهێنانی زاراوەکانی نێو زمانە بۆ وەرگێردراوەکە، بە لێشاو زاراوەی دروستکراو، بۆ شێواندنی زمانی بۆ وەرگێردراو بخاتە نێو بەکارهێنەرانی زمانەکە. ئەمەش لە کردەوەدا

ناسنامەی تاک و زمانەکە، ئینتمای کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و فکری لاواز دەکات، چاولێکەرییەکی بێ بنەما پەرە پێ دەدات، لە ئاکامیشدا وەکو کردەیەکەی نەرینی شێواندن و تێکدان دێتە بەرچاو.

لە زمانی کوردیدا وەرگێران خەریکە گومان لای بەکارهێنەرانی ڕەسەن و زمانی پەتی کوردی دروست دەکات، دەیان زاراوەی بیناى لە زمانە جیاوازەکان بە تایبەتیش (عەرەبی و فارسی) و لەم سەردەمەشدا (ئینگلیزیی) بەشێکی زۆری زمانەکە داگیر دەکات، دەڵێم داگیر دەکات، چونکە بەشێکی زۆری ئەم زاراوە و دەستەواژانەی بەکاردەهێنرین دۆخێکی سروشتیان نییە، بەزۆر سەپێنراون، یان لە زمانی کوردیدا ڕەنگە هەمان زاراوەمان بە (واتا و مەبەست و هێزەوە) هەبێت، کەچی بۆ ئەوەی بەکارهێنەرانی ئەم زاراوە و دەستەواژانە نیشانی بدەن کەسانێکی زمانزانی بیانین و توانای بە کارهێنانی زمانی بینانیان هەیە، بێ هۆکار و زەمینەسازیی و هەنجەتێکی لۆژیکی ئەم دەستەواژانە بەکاردەهێنن و زاراوە کوردییەکە فڕی دەدەنە پەراوێزێکی گوماناویی و بۆگەن. ئەمەش لە کردەوەدا کردەیەکی خراپە. بەڕای من ئەوەی ڕوودەدات، گێژاوەخانەیەکی نەرێنیینە، من هیچ لاریم نییە زاراوەی باوی گشتی کە هەموو کۆمەڵگە و زمانە جیاوازەکانی دونیا بەکاری دەهێنن، ئێمەش بەکاری بهێنین وەکو (کۆمپیۆتەر، تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ) هەندێک کەرەستەی زانستی پزیشکی و ئەندازیاریی، بەڵام لە گفتوگۆی ئاسایی و باوی نێوان ئاخێوەرانی زمانەکەماندا، هیچ شیاو و گونجاو نییە، بڵێین زاراوەیەکەمان بەرانبەر (سۆری) ئینگلزیی نییە، یان کردەی پەیوەندی کردن بە (کەنەکشنی) ئینگلزیی بگۆڕینەوە. بۆیە من ئەم بوارە بە زاراوەسازیی نازانم، بەڵکو بە گێژاوی دەزانم.

لە بواری یاسایی و زانستی و پەروەردە و ئەدەب و هونەر و بوارەکانی دیکەشدا زمانی کوردی توانای بەرهەمهێنانی زاراوەی نوێ و گونجاوی بۆ بوارە زانستی و ئەدەبی و هونەری و ئەکادیمییەکان هەیە، زمانی کوردی توانای دروستکردنی زاراوەی لێکدراو و داڕێژراو و هاوواتا و هاوشێوە و تەمیا لەڕێگای لێکچواندنیش هەیە، ئەمەش ئاسانکاریی و هاوکاری بەکارهێنانەرانی زمانەکە دەکات، زەمینەسازی بۆ بەکارهێنانی زاراوەی ڕەسەن بکات، لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشەی و زاراوەی داڕێژراو و لێکدراو بۆ دروستکردنی زاراوەی گونجاو بۆ بوارە هەمە جۆرەکان.

## سیاسەتی زمان و وەرگێڕان

پرسیارێکی سادە، ئایا ئەو کەس و دامەزراوانەی دەست بۆ پرۆسەی وەرگێڕان دەبەن ، بیریان لە چ ئامانج و مەبەستێک کردۆتەوە؟ ئایا پرۆسەکە تاکەسییە و هیچ پەیوەندییەکی بە مەعریفە و کەلتوور و کۆمەڵگا و فکرەوە نییە، یان لە شێوەی بەرنامەیەکی ستراتیژی ئامانجدار کارەکە دەکرێت.

سیاسەتی زمان بڕیار لە وەرگێران و ئامانجەکانی دەدات، لای ئێمە بەهۆی لاوازیی و غیابی سیاسەتی زمان لەلایەن دامەزراوە یاسایی و ڕۆشنبیریی و پەروەردەیی و ڕاگەیاندنەکان ، پرۆسەی وەرگێران وەکو کارێکی (تاکەکەسی، هەڵچووانە و بێ بەرنامە و بازرگانی) سەیرکراوە. ئەمەش لە هەندێک بواردا زیانی بە زمانی کوردی گەیاندووە.

بۆ نموونە هەندێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە وەکو پرۆسەیەکی بازرگانی مامەڵە لەگەڵ وەرگێران دەکەن، ئەمەش وایکردووە زمانی کوردی تووشی شێوان و تێکدان ببێتەوە، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش بەهەمان شێوە دەیان (شێوازی نەشیاوی ئاخاوتن) و (نووسینی هەڵە) و (زاراوەی نە شیاو، یان بینای) بەکاربهێنن و لە ئاکامیشدا خەریکە خەڵکی ئاسایی ئەم شێوازە زمانە هەڵەیە لە ژیانی ڕۆژانەیان لەنێوان خۆیاندا بەکار بهێنن.

لەڕاستیدا ئێمە ناتوانین پێش لە تێکەڵبوون و کارتێکردن و گواستنەوە و گەشەکردنی زمان بگرین، بەڵام ئەمە پێویستی بە سیاسەتی زمان هەیە، بە واتایەکی دیکە پێویستی بە بەرنامەیەکی گونجاوی شیاو هەیە، تا زمانەکە لە شێواندن و لەڕبوون و داڕزین بپارێزێت.

## سیاسەتی وەرگێران

لە ئاکامی وەرگێڕاندا بەرهەمی هەمجۆری جیاواز دەردەکەوێت، ئەمانەش لە زمانی جیاوازەوە بەرهەمدێن، دیارە تەمەنی مرۆڤ لەوە کورتترە بەشی فێربوونی ئەو هەموو زمانە بکات، بۆیە ناچارە پەنا بەرێتە بەر وەرگێڕان.

ئەم دۆخەش کردەی وەرگێرانی باش و خراپ، یان گونجاو و نەگونجاو دروست دەکات و وەرگێران دەخاتە بەردەم ژمارەیەک ئەگەر و پرسیار و هەتا گومانیشەوە. ئەوەی ئەمڕۆ لە نێو پرۆسەی وەرگێرانی کوردی دەبینرێت، لە هەندێک وەرگێراندا گومان و هەتا ناڕازیبوونیش دروست بووە. بۆ؟

**یەکەم:** وەرگێڕانەکان بێ چاودێریی و پێداچوونەوە لەلایەن دەزگایەکی تایبەتی شارەزا لە زمانە بیانییەکان و هەتا شارەزا لە زمانی کوردیش چاپ و بڵاوبوونەوەتەوە.

**دووەم:** وەرگێرانەکان بەپێی مەزاج و توانا و خواست و بژاردەی تاکە کەسییەوە ئەنجام دراون.

**سێیەم:** نەبوونی ستراتیژی نەتەوەیی و نیشتیمانی سیاسەتی وەرگێران. نەتەوە چالاکەکان سیاسەتی تایبەت سالانەی بۆ وەرگێران هەیە و دەزانن چ جۆرە بەرهەمێک و سەرچاوەیەک لەچ زمانێک وەردەگێڕن و ئەوانەی بەرهەمەکان وەردەگێڕن کێن.

وەرگێڕان خێرایيەکی بەرچاو بە پێشەوەچوونی بزاڤی ڕۆشنبیریی دەبەخشێت و بەرهەمهێنانی دۆخی نوێ دروست دەکات، کە ئەمەش پەیوەستە بە پێویستی و کاری بەرنامەدار و کارامەیی وەرگێڕ.

هیچ نەتەوە و وڵاتێک لەم سەردەمە جەنجاڵ و تێکڕژاو و پەیوەست بە خێرایی کردەی پەیوەندیکردنەوە، ناتوانێت بە تەنیا هەموو کایە ئەپستمولۆژییەکانی بەرهەم بهێنێت. بۆیە دەبێت لەڕێگەی وەرگێڕانەوە، ڕێگا درێژەکان کورت بکرێتەوە و وەرگێڕانی باش لێرەدا دەکاتە پردی نێوان کەلتوورە جیاوازەکان، ئەمەش دەبێتە سەرتایەک بۆ لێکتێگەیشتن و خوێندەنەوەی یەکتر و گوازستنەوەی ئەزموون و ئاشکراکردن و ئاشنابوون بە فکری ئەوانی دیکە بێتە ئاراوە. بێگومان ئەگەر ئەمە لە دەرەوەی ستراتیکی سیاسەتی وەرگێران بکرێت، کارەکە و ئامانجەکەی بەرەو تاکرەویی و خودویستی و کۆششی تاکەکەسی مل دەنێت، ئەمەش جۆرێک لە گێژاو و ڕەخنە و گلەیی بەرهەم دەهێنێت.

### بازرگانی لە وەرگێڕان

وەرگێڕان هەر تەنیا هەڵبژاردنێکی باش نییە، بەڵکو بەرپرسیاریەتییەکی گەورەیە. ئەوانەی وەرگێڕان دەکەن پێویستە زمانەوان و شارەزای بواری ڕۆشنبیریی بن و هەڵبژاردنی بابەت گرنگە، ئایا چەند لەگەڵ پێکهاتەی دەروونی و فکری کۆمەڵگە دەگونجێت، بە چی شێوازێک وەرگێرانەکە دەکرێت و کات و شێواز و زمانی وەرگێرانەکە گرنگە و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی بکەن هێجی لە توانای زمانەکە کەمتر نییە. بیرکردنەوە لە بازاڕ و پێداویستییەکانی بازاڕ بێ و بەرهەمی کاڵ و کرچ و شێواو بخاتە بازاڕەوە، دەقێک وەرگرن، کە زمانەکەی لە شێوە کوردییە، بەڵام گەلێک گوزارشت

ناکوردیی، زاراوەی بیانی، شێوە ئاخاوتنی سەقەت و تەنیا رستەکانیش هەندێک جار فۆرمە کوردییەکەیان شێوێندراوە. دیاریش نییە ئایا دەقەکە کتومت لە رووی واتا و مەبەست و وێنە و نێوەڕۆکەوە وەکو خۆی وەرگێڕدراوە، یان وەرگێڕەکە کوردەکە بەپێی مەزاج و تێگەیشتنی خۆی کارەکەی کردووە. ئەمانەت و دڵسۆزیی و ئەخلاق وا لە وەرگێڕ دەکات، بەشێوەیەک ئیلتیزام دەکات، کە وەکو ئەوە وایە دەقەکە بە زمانی کوردی نووسرابێت، بێ ئەوەی دەستکاری نێوەڕۆک و واتا و مەبەستەکان بکات.

لەبیر نەکەین وەرگێران پەیوەندیی بە تازە بوونەوە و نوێخوازیی و بوژانەوە هەیە و یەکێکە بنەما و بوارە دیارەکانی ڕێنیسانس. سەرباری ململانێ و ناکۆکی لەنێوان کۆن و نوێ ، پێشکەوتن و دواکەوتن، گەشەکردنی تەکنەلۆژیا و کۆمەڵگەی سادەی کشتوکاڵی و نەخوێندەوار. بەو واتایەکی وەرگێڕان پرۆسەیەکی مەعریفی و بوژێنەرەوە و گەشەپێدانی عەقڵ و فکر و بنەما ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیشە. یۆنانییەکان لەڕێگەی وەرگێرانەوە دەستیان گەیشتە کەلتوور و فکری ئەوانی دیکە، ئەوانی دیکەش لەڕێگەی وەرگێرانەوە نهێنی و کاریگەریی و ڕێگاکانی بیرکردنەوە و گەشەکردن و بژواندنەوەیان لە شارستانیەت و فکری یۆنانییەکان وەرگرت.

واتە وەرگێڕان و سیاسەتی وەرگێران ئەو رەوتە دیاری دەکات، کە کۆمەڵگە نوێ بکاتەوە، عەقڵ و مەعریفەی مرۆڤ بەرەو نوێخوازیی و گەشەکردن ببات. ئەگەر پرۆسەکە بەم شێوەیە نەبوو، واتە خەمساردیی، یان تێنەگەیشتن لە وەرگێران و بەرنامەی بوژاندنەوە هەیە.

بۆچی لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا فکر و بیرکردنەوە و کردەی نوێخوازیی و ڕێنیسانس سستە، یان شێواوە و لەهەندێک کاتیشدا وەکو کردەیەکی گاڵتەجاڕیی و عەقڵ قوندەیی سەیر دەکرێت. مرۆڤایەتی قەرزاری وەرگێڕانە، وەگێڕان بەردەوام کەلتوورە جیاوازەکان دەگوازێتەوە، مرۆڤ لەڕێگەی وەرگێرانەوە ئاشنای فکر و کەلتوور و نەریت و بیرکردنەوەی ئەوانی دیکەی دەرەوەی سنوورە نەتەوەیی و ناسنامە جیاوازەکان و جۆری ئینتما و گەشەکردن دەبێت.

### وەرگێران لە هەرێمی کوردستاندا

لە هەرێمی کوردستاندا سەرباری ئەو پاشاگەردانییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و مەعریفییەی هەیە، کە بەشێوازی هەمەجۆر زۆربەی بوارە مادی و مەعنەوییەکانی

شێوەی ژیانی کۆمەڵگەی گرتووەتەوە، وەکو هەندێک کەس ئاماژەی پێ دەکەن لەتەک ئەوەشدا بزاڤێکی نادیار هەیە، کە پەیوەندی بە وەرگێرانەوە هەیە، ئەم کردەیەش لە کردەوەدا تووشی پاشاگەردانی و بێ بەرنامەیی کراوە. ڕەنگە هەندێکی سروشتی بێت، بەڵام کاتێک سەیری ئاکامو ئەنجام دەکەین، تووشی نیگەرانی دەبین و ناچار دەبین لەڕوانگەیەکی جیاوازی ڕەخنەگرانەوە هەڵسەنگاندن بۆ خودی وەرگێڕان بکەن، کە وەکو پرۆسەیەکی بێ بەرنامەی هەڵچووانەی تاکەکەسی و خودخواستی خۆی دەنوێنێت. گومانم نییە هیچ سەرەتایەک بێ کەموکورتی و ڕەخنە نابێت، بەڵام دەکرێت لەرێگەی خودی وەرگێرانەوە سوود لە ئەزموونی ئەوانی دیکە وەرگرین و وەرگێرانێکی بێ وەرگەڕان و بە کەمترین کەموکورتی و سادەییەوە ئەنجام بدرێت.

ئێمە بەپێی خواستی کەسی و تێگەیشتن و ئامادەیی تاکەسی سەرچاوەکان، هەندێکی سەرچاوە نین و پەیوەندیان بەپێویستی بە بازاڕکردنەوە هەیە، بابەت هەڵدەبژێردرێت، واتە لە سیاسەتی وەرگێرانەوە سەرچاوەی نەگرتووە. زمانەکەی خراپە، پێداچوونەوەی جددی و دروستی بۆ نەکراوە. نە وەرگێرانەکە و نە پێداچووەنەوە و نە هەڵەچینی و نە چاکسازیی زمانەکەش پێیانەوە دیار نییە، کارێکی بنبڕ و ڕەگ ڕۆچوویان بۆ کرابێت. ئەمەش لایەنە خراپەکەی وەرگێڕان نیشان دەدات.

لە وەرگێڕاندا کورد و خوێنەری کورد و دامەزاوە ئەکادیمی و سیاسییەکان پێویستیان بە وەرگێڕان و گەیاندنی مەعریفە و سەرچاوە مرۆییە مێژوویی و فکری و کەلتووری و گرنگەکان هەیە، کە گۆڕانکاریان لە شارستانیەتی مرۆڤایەتی دروست کردووە، نەک ئەو دەقانەی بازاڕکرن و فکربڕن.

کێشەیەکی دیکەی وەرگێڕان زمانە، زمانی لێ وەرگیراو و زمانی بۆ گوزراراوەی دەقەکان. وەرگێڕ پێویستە لەهەردوو زماندا شارەزا بێت، هەندێک پێیان وایە دەبێت لەهەردوو زماندا وەکویەک شارەزا بێت و بەکاریان بهێنێت. ئەوەی ئێمە دەبینین، وەرگێرانەکە ئەوەمان نیشان دەدات، کە وەرگێڕ نەک لەزمانە بیانییەکە، لە زمانە کوردییەکەش لاواز دیارە و هەندێکیان هەندە هەژار وەرگێڕن، جێگە بەزەیەن.

خەریکە لەبەر لەڕێی وەرگێرانەوە ڕقم لە زمان و کەلتووری بیانیش ببێتەوە، زمانە کوردییەکەش هێندە ناشیرن و دڕکاوییە لە گوتن و دەربڕین و شێوازە گەیاندن، مرۆڤ دەزانێت گاڵتەجاڕییەکی نەشیاو لە پێشوازیمانە. لە جیاتی ئاشناکردن بە کەلتوور و فکر و نەریت و ژینگەی زمانە لێوەرگیراوەکە، ڕقامن لە زمانی کوردیش

بێتەوە. ئەمە لە کردەوەدا دوورکەوتنەوەی لە سیاسەتی زمان و وەرگێران، ئەمە نەترسانە لە مێژوو، ئەمە نەبوونی سزا و چاودێریی و پێداچوونەوەیە. ئەوەی لە رەخنە نەترسێت، لە مێژووش ناترسێت، من پێم وایە نەترسان لە ڕەخنە وەرگێرانی بەم دەردە بردووە، کە باران بە پشیلەی تەڕبووی نەکردبێت.

قسە زۆرە، با لێرەدا بیبڕینەوە، برایان بەکارهێنانی زاراوەی زانستی باو، ئاساییە، ئەوانەی هەموو زمانە جیهانییەکان لەسەری ڕێککەوتوون، ئاساییە ئێمەش بەکاری بهێنین، بەڵام زاراوەی دەستکردی نەشیاو، کارێکی لەبار نییە. پێویستمان بە بەکارهێنانی زمانی پەتی و سروشتی کوردییە، ئەوەی دایکان پێی دەئاخڤێت، نەک زمانێکی دەستکرد بەناوی پێشکەوتن و نوێخوازی شرەخۆری لەنگە ئاسا. نابێت بەناوی مۆدێرنە و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و هۆکارەکانی پەیوەندیکردن و ئەنتەرنێت زمان و ناسنامە و ئینتما بکەینە پەڕۆیەکی بێ بەها و لەبیرمان بچێت بە چ زمانێک دەئاخڤین.

**پرۆفایل: غازی حەسەن**

- لە هەولێر لە ساڵی ١٩٦٥ لەدایک بووە و ئێستا لەئەمەریکا دەژیت.
- خاوەنی ماستەرە لە زمانی کوردی و بەتایبەتی شیکردنەوەی گوتار
- پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ زیندانی سیاسی بووە و کاری لە ڕۆژنامەگەریی شاخ کردووە و سەرنووسەری ئاڵای ئازادی و دەنگی میللەت و بارزانیوز و کوردیش گلۆب بە ئینگلیزی بووە.
- شانزدە کتێبی لەبارەی ڕۆژنامەگەریی و شیکردنەوەی زمانەوانی دەق و گوتار لەبارەی ڕۆمان و شیعر و هەواڵ و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ناوونیشانی کورتیلە چیرۆک هەیە.
- گوتاری سیاسی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا.
- گوتاری ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا.
- گوتاری فکری لە دەقی پیاوێکی زمان شکاودا.
- سیمیۆلۆجیای گوتاری ناوونیشانی کورتیلە چیرۆک «ئاوێنە» و «بۆنی ئەشکەوت»
- سیمیۆلۆجیای گوتار لە نۆڤلێتی ئەستێرەی ژەنیاری دڵزار حەسەن.
- گوتاری کۆمەلایەتی لە ڕۆمانی تامەزرۆی ئەشقی ئاسۆ حەسەن.
- شیکردنەوەی دەروونی لە کوێرەی چاوساخی سابیر ڕەشید.
- گوتاری چێژی سێکسیی لە ڕۆمانەکانی کەمال سەعدی دا.
- دامەزرێنەر و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی بەرێوەبرندی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد بووە.
- لەبواری مافی مرۆڤ لە کوردستان کاری کردووە.

# ڕەوشی پرۆسەی وەرگێڕان لەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا

محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

پێش هەموو شتێک وەرگێڕانی بابەتە جۆراوجۆرەکانی مەعریفەی مرۆڤ بۆ زمانی هەر گەل و نەتەوەیەک بە مانای دەوڵەمەندکردنی کەلتوور و فەرهەنگی ئەو گەلەیە و ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی نێوان گەلان لە ڕێگای ورگێڕانەوە خزمەتی بەرەوپێشبردنی ڕەوشی ژیار و شارستانییەت دەکات و بریتییە لە ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموونی مرۆڤایەتی بە ئاڕاستەی باشترکردنی ئەڵقە لیکگرێدراوەکانی ژیانی مرۆڤ لە سەر ئەم هەسارەیە.

لە جیهانی ئەمڕۆدا وەرگێڕانی مەعریفەی مرۆڤایەتی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر مەسەلەیەکی هێند گرنگە کە بێ ئەم بوارە ڕەوتی ژیان و شارستانییەت بە ئاسایی بەڕێوەناچێت و مێژوویەکی دێرینیشی هەیە لە سەردەمی شارستانییەتە کۆنەکانەوە بۆ ئێستا. بۆ نموونە، گواستنەوەی ئەدەب و فەلسەفەی گریکی کۆن بۆ زمانەکانی تر گوژمێکی باشی داوە بە بەرەوپێشچوونی مەعریفە لە جیهاندا.

گەلانی پێشکەوتووی دنیا بایەخێکی باشیان داوە بە بواری وەرگێڕانی ئەدەب و زانست و سەرجەم بوارەکانی مەعریفە بۆ سەر زمانەکانی خۆیان و بەپێچەوانەشەوە. لەم سۆنگەیەشەوە کتێبخانەکانیان دەوڵەمەندە بە کتێب و بەرهەمی وەرگێڕدراوی دنیا. ئێستا لە سەردەمی تەکنۆلۆجیای ئەلیکترۆنیدا ئەم بواری وەرگێڕانە پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووە و چالاکییەکانی مرۆڤی زیاتر لێکترەوە نزیککردووەتەوە.

پەیوەست بە هەرێمی کوردستانیشەوە، لەمڕۆدا وەرگێڕان پانتاییەکی باشی بواری کولتوور و فەرهەنگمانی داگیرکردووە و بایەخێکی بەرچاوی پێدەدرێت و بەتایبەتی لەم بیست سی ساڵەی دواییدا چەندان جارانی پێشوو کتێب و بەرهەمی نووسینی زمانەکانی تر کراون بە کوردی، بە تایبەتی لە عەرەبی و فارسییەوە و پانتاییەکی گەورەی کتێبخانەی کوردیی گرتووە. ئەمە لە سەرێکەوە دیاردەیەکی ئەرێنییە بۆ ئاشناکردنی خوێنەری کورد بە بەرهەمی نووسین و مەعریفەی جیهانی دەرەوەی خۆمان و هۆکارێکیشە بۆ ئەوەی بکەوێنە سەر ڕێچکەی پێشخستنی بوارەکانی مەعریفە لە کەلتوور و فەرهەنگی کوردیدا، بەڵام لێرەدا دەبێ جەخت بکرێتەوە لەسەر ڕێچکەی دروست و سوودبەخش، چونکە ئەم سیاسەتی وەرگێڕانەی ئێستا لە ئارادایە لەپاڵ ئەوەدا کە لە سوود و خزمەت بەدەر نییە، بەڵام گەلێ ڕەهەندی نەرێنی و زیانبەخشی لەخۆگرتووە و من هەوڵ دەدەم بە پێی تێگەیشتنی خۆم لە چەند خاڵێکدا کۆیان بکەمەوە، هەرچەندە ئەم بار و دیاردەیە بەدەر نییە لەو ڕەوشەی کە هەرێمی کوردستانی پێدا تێپەڕ دەبێت و قەیرانی جۆراوجۆر و بێسەروبەریی هەموو کایەکانی

ژیانی گرتووەتەوە و لە نێویشیاندا کاریگەریی بەسەر بواری کەلتوور و فەرهەنگ زەق و بەرچاوە و بەتایبەتتریش لە بواری وەرگێڕاندا:

-لە ساڵانی ١٩٩٠کانەوە تا ئێستا و لە ئەنجامی نەمانی فشار و دژایەتیی ڕژێمی پێشووی عێراق لە سەر بەشێکی زۆری کوردستان لەلایەکەوە گەشەکردنی دەزگاکانی چاپەمەنی و نەمانی سانسۆری ڕژێم لە سەر ئەمان و نووسەر و وەرگێڕیش، بە لێشاو چاپەمەنی کەوتە بازاڕەوە. ئەمە لەپاڵ باسە و ئەرێنیی خۆیدا، بەڵام دیاردەیەکی نەرێنیی لەگەڵ خۆیدا هێنایە ئاراوە، کە هەر کەسە و بە ئەقل و مەزاجی خۆی چی دەنووسێت و وەردەگێڕێت ئازادە، لە سایەی نەبوونی پلانێکدا بۆ وەرگێڕانی چی پێویستە بۆ ئەمڕۆی فەرهەنگی کوردی و چی بە پلەی خوارتر دێت. ئەمە تا ئێستاش فەوزایەکی نەخوازراوی دروست کردووە و لە ئەنجامی کەمیی خوێنەر و کەمیی یان لاوازیی ڕەخنە لە بەرهەمی وەرگێڕانی ئاست نزم و نەشیاو مەسەلەکە لە گرێژەنە چووە.

-کەمیی وەرگێڕان لە سەرچاوەی یەکەمەوە و بەتایبەتیی لە زمانە ئەوروپییەکانی وەک ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و .. تاد. کە بمانەوێ و نەمانەوێ گەل و وڵاتانی ئەوروپی بە هەر هۆیەکی مێژووییەوە بێت پێشکەوتووترن و سەرچاوەیەکی پێشەنگن لە شارستانییەت و بەرهەمهێنانی کایەکانی مەعریفە و زانستدا. لەبریی ئەوەش پەنابردنە بەر وەرگێڕان لە فارسی و عەرەبییەوە، کە بێجگە لە ژمارەیەکی سنوورداری وەرگێڕی بەتوانا لەو دوو زمانەوە، کەوا کەس لاریی نییە لە توانا و داهێنانیان بۆ دەسەڵات شکانیان بەسەر ئەو دوو زمانەدا و زمانپاراویشیان لە کوردیدا، بەڵام لەپاڵ ئەم ژمارە کەمەی وەرگێڕی بەتوانا و سەلیقەدا، ژمارەیەکی زۆری خەڵک دەستیان داوەتە وەرگێڕان لەو دوو زمانەوە کە بێ دوودڵی دەکرێ بڵێین توانایەکی ئەوتۆیان بەسەر ئەو دوو زمانەدا نییە و بەر مەبنای گەلێ هۆکار بە زۆر و زۆرداری سواری سەری بوون و بێجگە لەوە کوردییەکەی زۆریشیان لەنگ و ناتەواوە. ئەم دیاردەیەش وایکردووە کە متمانە لاواز بێت بە وەرگێڕانی کوردی و چاک و خراپ تێکەڵ بووە. لەبەر ئەوە چی وەردەگێڕیت و چۆنی وەردەگێڕیت چاپ دەکرێت و بڵاودەبێتەوە و کەس هەقی بەسەرەوە نییە.

-دەردێکی دیکەی وەرگێڕان بۆ کوردی ئەوەیە کە زۆرێک لە وەرگێڕەکان زمانە کوردییەکەیان لاوازە و لە پاڵ سەقامگیر نەبوونی زمانێکی ستانداردی کوردیدا

بەشێکیان زمانی ناوچەیی زاڵ دەکەن بەسەر کارەکانیاندا، بێ ئەوەی فەرنگۆکێکی بۆ بکەن. من پێموایە زمانی کوردی لە موفرەدات و شێوەزار و بنزارەکانیدا دەوڵەمەندە و ئەگەر وەرگێڕ ئەو زمانە کوردییە ستانداردە گشتییە بەکاربێنێت، کە زۆرینە لەسەری کۆکن و وشە و دەستەواژەی زارەکانی تری بخاتە خزمەتەوە مەسەلەیەکی نامۆ نابێت بۆ زیاتر پاراوکردنی زمانە ستانداردەکە، ئەگەر هات و فەرهەنگۆکێکت بۆکرد. بەڵام کە وەرگێڕ تەنها پەنای بردە بەر زمانی شار و ناوچە و گوندەکەی خۆی ئەمەیان دەرژێتە خانەی پاشاگەردانییەکەوە.

–دیاردەی کەم خوێندنەوە و زۆر وەرگێڕان لەمڕۆی کوردستاندا زۆر باوە. بێگومان تا کەسی وەرگێڕ خوێندنەوە و بەدواداچوونی کولتووریی زیاتر و قووڵتر بێت ئەوەندە مامەڵەکردنی لەگەڵ وەرگێڕاندا تۆکمەتر دەبێت. بۆ نموونە کە تۆ کتێبێکی مێژووی، جوگرافی یان سیاسی لەبارەی کوردستانەوە، لە ئینگلیزی یان هەر زمانێکی ترەوە دەکەیتە کوردی و ناوی چەندین شار و گوند و کەسایەتی و .. تاد. بە هەڵە نووسراون تۆ ئەگەر پاشخانێکی ڕۆشنبیریت لە سەر وڵاتەکەی خۆت نەبێت هەمان ئەو هەڵە و پەڵەیە دووبارە دەکەیتەوە و کاری وەرگێڕانەکەی خۆت بێ بەها دەکەیت. هەڵبەت هەر یەکەمان چەندان نموونەی لەم چەشنە کارانەمان لایە.

–پێموایە هەڵەترین و پڕ کەموکوڕترین کار لە بواری وەرگێڕاندا ئەوەیە کە وەزارەت و دەزگاکانی پەروەردە لە کوردستاندا زۆر لەمێژە پەیڕەویی دەکەن، چ لە سەردەمی ڕژێمەکانی پێشووی عێراقەوە و چ لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە و تا ئێستای هەرێمی کوردستانیش، وەرگێڕانی کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندنی قوتابییە لە قۆناخە جیاجیاکاندا، کە بۆ وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبییەوە بۆ کوردی لیژنەیەک یان دەستەیەک لە دەزگا و دامەزراوەی پەروەردە پێکدەهات و بە ئێستاشەوە ئەو جۆرە دەستانە، لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا کە مامۆستا بوون، بەڵام کەمترین شایستەیی ئەوەیان تێدابوو کە ئەو ئەرکە ناسک و هەستەوەرەی وەرگێڕان بە بەرپرسیارێتییەوە ئەنجام بدەن و فرەجار مەسەلەکە وا دەکەوتە کە بۆ چەردەیەکی پاداشت بێت، لە بەرانبەر وەرگێڕانێکی لاوازی پڕ هەڵە و پەڵەی ئەو کتێبانەی پرۆگرامی خوێندندا. ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی، بێگومان لەگەڵ گەلێ هۆکاری تردا، کەوا زمانێکی کوردیی ستانداردی جێگیر فەراهەم نەبێت و نەوە لە دوای نەوە بەم زمانە کوردییە نادروستەی «دەستە و لیجنەکانی وەزارەتی پەروەردەی» عێراق و دواتریش هەرێمی کوردستان ڕابێن و وەرگێڕی وەک ئەوانەی لە پێشەوە باسکران بەرهەم بێت.

-لەو دەرد و نەخۆشییانەی کە ئەمڕۆی زمانی کوردی پێوە گرفتارە و ئەمەش تا ڕادەیەک کاری کردووەتە سەر ڕێکوڕەوانیی ئەو زمانە کوردییەیە کە باڵی کێشاوە بەسەر جیهانی وەرگێڕانماندا، ئەوەیە کە زۆرێک لە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی هەر یەکەیان «زمانێکی کوردیی» تایبەتی خۆیی هەیە و بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ بنەماکانی زماندا یەک ناگرێتەوە و بە ئاشکرا مەزاجێکی بێسەلیقەیی یان بێبەهاکردنی زمانی کوردیی تاکەکەس یان ئەو دەزگایەی سەرەوکاریی ئەو ڕۆژنامە و ماڵپەڕە دەکات ڕۆڵی نەرێنیی دەگێڕێت، ئەمە ئەگەر ئەجێندای تێکدەرانەشی لە پشتەوە نەبێت!

- بە سیاسی کردن و حیزبی کردنی زمانی کوردی لە چەندان سەرەوە ڕۆڵێکی ترسناک دەبینێت لە مەسەلەی پەرەپێدانی زمانی هاوبەشی یەکگرتووی کوردی (لینگوا فرانکا Lingua franca) و ئەمەش بە زەقی ڕەنگیداوەتەوە لە شێوەی بەکارهێنانی زمان و وشەسازیی کوردیدا لە سەرجەمی دەزگا و دامەزراوەکانی ئیدارەی هەرێمی کوردستاندا و ڕێککەوتن لەسەر زاراوەیەکی یەکگرتوو نەبوو، ئیتر گەڵاڵەکردنی زمانی یەکگرتووی کوردی چ مانەیەک دەبەخشن.

-وەرگێڕانی ئێستای کوردی زیاتر ئەدەب و مێژوو و سیاسەت و کۆمەڵناسی و هەندێ بواری لەم چەشنەی گرتووەتەوە و بابەتەکانی فەلسەفە و ئابووری و یاسا و بابەتەکانی زانست کەمترن لە وەرگێڕانی کوردیدا و پێموایە پەرەسەندنی زمانی کوردی هێشتا بۆ ئەم بوارانە قورس و پڕ ئاستەنگ بێت بۆ بەکارهێنانی زاراوە پەیوەندیدارەکانی ئەو بابەتانە.

-بێئاگاییەکی تەواو لەو کتێبانەی کە وا کەسانی وەرگێڕ یان دەزگا و دامەزراوەکانی پەیوەندیدار بەم بوارەوە هەڵیدەبژێرن، لە وەرگێڕانی پێشتری هەمان کتێب کە ماوەی نێوانیان زۆر نییە. جاری وا هەیە دوو کەس یان زیاتر لە یەک کاتدا یەک کتێب لە هەمان زمانەوە وەردەگێڕن، بێئەوەی نە ئەوان و نە ئەو دەزگایەش کە چاپ و بڵاوی دەکاتەوە ئاگایان لێ بێت. ڕاستە ئەم دیاردەیە لای فارسی و عەرەبی زمانیش بەدی دەکرێت و ئەو کارە پاش تێپەڕینی ساڵانێکە بەسەر وەرگێڕانی یەکەم، یان ئەو وەرگێڕانە بەر نەشتەری ڕەخنە دراوە و پێویستی کردووە کەسێکی کارامەتر وەریبگێڕێت و سەرلەنوێ بڵاوی بکاتەوە. بەڵام ئەمە لای ئێمە وا نییە و بێئاگاییە لە دۆخی وەرگێڕانمان. خۆ گریمان ئەو دوو وەرگێڕانە (یان زیاتریش) هەردووک

باشن و ئامانجی خۆیان پێکاوە، بەڵام بە فیرۆچوونی کاتی یەکێکیانە یان دەزگایەکی بڵاوکردنەوەیە و دەبوو کتێب یان بابەتێکی تری هەڵبژاردایە.

–لە سیاسەتی وەرگێڕاندا، ئێمە تازە فریای گواستنەوەی تەواوی بواری مەعریفەی جیهانی ئەمڕۆ ناکەوین بۆ سەر زمانی کوردی، بەم لێشاوی تەکنۆلۆجیای پێشکەوتنی دنیای چاپ و بڵاوکردنەوەوە کە لە دنیای ئەمڕۆدا دەگوزەرێت، بەڵکو ئەوەی پێویستە بیکەین گواستنەوەی پوختەی کاری مەعریفیی نەوعیی جیهانە بۆ سەر زمانی کوردی. پێویستە دەزگایەکی یەکگرتووی وەرگێڕان هەبێت لەم هەرێمەدا بۆ ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتێکی باڵای بواری وەرگێڕان و دەسنیشانکردنی ئەو ژانرانەی پێویستن. ئەوەی ئەمڕۆ هەیە بە زۆری کەڵەکەکردنی ژمارەی کتێب و بڵاوکراوەی جۆراوجۆرە، بێئەوەی فرەجار ڕەچاوی پێویستیی کتێبخانەی کوردی و خوێنەری کورد بکرێت، کە خودی هەردووکیان لە قەیراندان بە هۆکاری زۆرەوە.

–پێویستە مافی ماددی و مەعنەویی وەرگێڕی کارامە بپارێزرێت، نەک وەک ئەمڕۆ کە مامەڵەی کەسی پلە دوو یان نزمتری لەگەڵ زۆرێکیاندا دەکرێت و بازاڕێکی بێسەروبەر دروستبووە بۆ کاری وەرگێڕان و ڕەچاو نەکردنی مافی وەرگێڕی بەتوانا و داهێنەر. ئەنجامی ئەمەش بێبەهاکردن و بێئەرزش کردنی وەرگێڕانی کوالیتی بەرزە و وای لێهاتووە خەڵکانێکی ئاست لاواز وەک پیشەیەکی بێ ئەرک و مەسرەف بڕواننە مەسەلەکە و بەرهەمەکەشی ئەوەیە کەوا تا کارێکی وەرگێڕانی باش دەبینی دەیان کاری خراپ و ئاست نزم و ناپێویست کەوتوونەتە کتێبخانە و بازاڕی چاپەمەنیی کوردییەوە. کلۆڵیی دۆخەکەش لەوەدایە کە بە دەگمەن نەبێت، لەم بازاڕە سەیر و سەمەرەیەدا چاک و خراپ لێکتر جیا ناکرێنەوە.

ئەم بارەش زیاتر بەوە دەچێت کە چۆن هونەری بەندبێژی و گۆرانیی کوردی نارەسەن و ئاست نزم و پۆپۆلیست زەوق و مەزاجی گوێگر و بینەری کوردی شێواندووە و خەریکە خەڵک بێنێتە ئەو ئاستەی خۆی و وابزانن بێجگە لەمە شتێکی باشتر نییە، ئاوهاش ئەم زۆر و بۆرییەی وەرگێڕانی کوردییە گەلێ خەڵکی هێناوەتە ئەو ئاستەی وابزانن دەبێ ئەم کارە هەروابێت (بێگومان لە هەردوو دیاردەکەدا ڕیزپەڕ هەیە، بەڵام بە نووزەیەکی نزم و بێ کاریگەرەوە).

–کوشندەترین دەردیش بۆ ئەم سەردەمەی زمانی کوردی، یەکەمیان ئەوەیە لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەی بەم زمانە ستاندارده باوە دەنووسێت یان وەردەگێڕدرێت،

واتە کوردیی ناوەڕاست کە بە هەڵە سۆرانیی پێدەگوترێت، لە دهۆک و ناوچەی بادینان و بەشێکی کوردانی تاراوگە زۆر کەم نەبێت ناخوێنرێتەوە، ئەوەی ئەوانیش بە زاری کرمانجی دەینووسن و وەریدەگێڕن دیسان لە ناوچەکانی «سۆرانی ئاخێوەردا» ناخوێنرێتەوە مەگەر بەدەگمەن. ئەمە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش، هەر بەم ڕەنگەیە بۆ باکوور و باشوورەکەی. دووەم کوشندەتری دەرد، ئەو ئەلفبێیەیە (ئەلفابێت) کە لە باکوور و ڕۆژاوای کوردستان و بەشێکی زۆری کوردانی تاراوگە (دیاسپۆرا) بە پیتی لاتینییە و لای ئێمەش بە «سۆرانی و کرمانجییەکەشیەوە» بە پیتی ئارامی یان عەرەبییە. ئەوەش ئاشکرایە کە هەردوولا تا ڕادەیەکی زۆر ئاگامان لە بەرهەم و نووسینی یەکتر نییە و ئەم بارەش دنیایەک ئاستەنگ لە بەردەم خەون و خولیای نەتەوەییماندا دروست دەکات.

**پرۆفایل: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق**

– لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٣/ کفری، دەرچووی زانکۆی سلیمانی ١٩٧٦، مامۆستای خانەنشینە.
– ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد و ڕێکخراوی جینۆسایدی جیهانی IAGS
– دەیان سیمینار و چاوپێکەوتن لە میدیای جۆراوجۆردا لەسەر جینۆسایدی کورد و بەشداری کردن لە چەندان کۆنفرانسی ناوخۆ و دەرەوەدا، دیسان پەیوەست بە جینۆسایدی کوردەوە.
– بەرهەمی نووسین و وەرگێڕان:
زیاد لە چل کتێبی چاپکراو لە بواری جینۆساید، ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی، مێژوو، ناسیۆنالیزم .. تاد. لە کۆتایی ١٩٧٠کانەوە تا ئێستا دەیان وتار و بابەتی نووسین و وەرگێڕانی بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردووەتەوە.
– وەرگێڕانەکانی بە زۆری لە ئینگلیزییەوەن. ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لە کتێبە چاپکراوەکانم:
– جینۆساید لە عێراقدا .. پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد (هیومان ڕایتس وۆچ/ میدڵ ئیست وۆچ)، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، لە ساڵی ١٩٩٩وە تا ئێستا چوار جار چاپکراوە.
– ڕۆمانی کیژی کاپیتان، نووسینی: ئەلێکساندەر پووشکین، لە ئینگلیزییەوە، دوو جار چاپکراوە.
– خوریی زێڕین .. ئەفسانەکانی گەلانی قەوقاز، لە ئینگلیزییەوە.
– هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکلۆریی کوردەواری،( کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە).
– گۆڕینی ڕژێم .. کۆمەڵە وتار و باسێکی سیاسییە لە سەر عێراق، نووسینی کریستۆفەر هیچنس، لە ئینگلیزییەوە.
– قبور غير هادئة .. البحث عن المفقودين فی كردستان العراق / تقرير منظمة مراقبة حقوق الإنسان (هیومان ڕایتس وۆچ)، عن الإنگليزية. (٢ جار چاپکراوە)
– ڕۆمانی دۆنی ئارام، میخائیل شۆلۆخۆڤ، لە عەرەبییەوە.

– ئەمەیە ئەمەریکا.. یادەوەریی کوردێک لە ئەمەریکادا (یادەوەریی خودی نووسەر) تەرجەمەی عەرەبییش کراوە.
– کارێکی ژەهراوی .. ئەمەریکا و عێراق و گازبارانی هەڵەبجە، یوست هیڵتەرمان، لە ئینگلیزییەوە، (٢ جار چاپکراوە).
– چیرۆکی فۆلکلۆریی کوردی، Kurdish Folktales، بە ئینگلیزی لە ئەمریکا و کوردستان چاپکراوە. وەرگێڕانێکی ڕووسیشی لە لایەن د. سوارە شاکەلییەوە لە کوردستان چاپکراوە.
– ڕێبازی سۆفیگەریی نەقشبەندیی– خالیدی، لە بڵاوکراوەکانی دیداری جیهانیی مەولانا خالید، نووسینی: کۆمەڵێک توێژەر، لە ئینگلیزییەوە، (٢ جار چاپکراوە).
– گەلە بەشخوراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دێڤید ئەندروس، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، (٢ جار چاپکراوە).
– أوجه الشبه بين جينوسايد الكورد والهنود الحمر والهولوكوست النازى وفق نموذج راول هلبرغ – لێکۆڵینەوە. (٣ جار چاپکراوە)
– A brief Study on: Anfal as Kurdish Genocide. Margaret Publication Center, Sulaimaniya, ٢٠١٤, ٩٠ pages.
کورتە باسێک لە سەر ئەنفال وەک جینۆسایدی کورد (بە ئینگلیزی)، ئەم باسە لە ١٨ / ٣ / ٢٠١١ دا لە کۆنگرەیەکی جینۆسایددا لە جنێڤ، بە هۆی ئامادە نەبوونمەوە لەجیاتیدا خوێندراوەتەوە، لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٣ لە کۆڕێکدا لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا و لە تەمووزی ٢٠١٤ لە کۆنفرانسی لێکۆڵەرەوانی جینۆساید لە شاری وینیپیگی کەنەدا و لە مارتی ٢٠١٥دا لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی زانکۆی یاگیلۆنیا لە شاری کراکۆڤی پۆڵەندا بە وردەکارییەوە پێشکەشم کردووە.
– کورد لە نامەکانی میس بێڵ دا، لە ئینگلیزییەوە.
– جینۆسایدی ئەرمەن و ڕۆڵی کورد تێیدا، نووسین و لێکۆڵینەوە. (٢ جار چاپکراوە).
– بژاردەی دووەم .. بەرەنگاربوونەوەی لێقەومان، بنیاتنانی خۆگونجاندن، دۆزینەوەی دڵخۆشی، نووسینی: شێریل ساندبێرگ و ئادەم گرانت، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە.
– باسوخواسی کورد لە ڕاپۆرتێکی ساڵی ١٩١٩ – ١٩٢٠ی بەریتانیادا، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە.
– ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕوانگەی کۆمەڵێک توێژەرەوە، لە ئینگلیزییەوە، دوو بەرگ، ٩٩٢ لاپەڕە.
– لە گەرمیانەوە بۆ کوێستان (چەند بابەتێکی نووسین و وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە).
– زانکۆی کامبریج: مێژووی کورد، نووسینی: کۆمەڵێک توێژەر، لە ئینگلیزییەوە، دوو بەرگ.
– باسێک بە ئینگلیزی لەسەر جینۆسایدی ئەرمەن و ڕۆڵی کورد تێیدا بە ناونیشانی: Role of the Kurds in the Armenian Genocide، لە چەند ماڵپەڕێک بڵاوبووەتەوە و وا نیازە وەک کتێبێک چاپ و بڵاوبکرێتەوە.
– مەولانا خالید و دەسەڵاتی میراتی ئایینی لە کوردستان و ئیندۆنیسیا، نووسینی: مارتن ڤان بروونەسن، لە ئینگلیزییەوە.
– چڵی زێڕین .. لێکۆڵینەوەیەک لە جادووگەری و ئایین، نووسینی: سێر جەیمس فرەیزەر، لە ئینگلیزییەوە، لە ژێر چاپدایە، دوو بەرگ، ١٢٠٠ لاپەڕە.

# ئەزموون لە وەرگێڕاندا

ئەنوەر ئەڵمان

له كن هەمووان ئاشكرایە كە نووسەران، هەڵبەستوانان، بە گشتی ڕۆشنبیران، بە شێوەیەكی جیاوزتر لە گشت، دەنووسن و یاخود دەپەیڤن. واتا، بڕێك جیاوازتر وەك لە زمانی ڕۆژەڤدا. ئەوان هەوڵدەدەن، وێنە وماناپەكی دی بە پەیڤەكان بدەن. بۆیە كە دەگووترێت : وەرگێڕان هونەرە ! ناشێت، هیچ گومانێك لەو دەربڕینەدا هەبێت!

هەتا كەسی وەرگێڕ لە زۆر ڕووكارەوە، بنەمای ڕۆشبیرییەكەی دەوڵەمەند و یانیش دەوڵەمەنتر بێت، ئەوا توانای هەیە كە بە ئەرخەیانیەوە، مامەڵە لەتەك دەقێكی وەرگێڕاندا بكات. لێرەدا جەغت لەسەر ڕاستەیەك لە پڕۆسەی وەرگێڕاندا بكەینەوە، كە وەرگێڕانی دەقێكی ( شیعریی)، هەڵبەست، بە ڕەچاوكردنی، لانەدان لە مانا و وێنا و مەبست و پەیامی ناخی نووسەرەكەی و ئەوجا ڕەچاوكردنی تا ڕادەی ئیمكان لە وەزن و قافیە، پڕۆسەكە دژووارتر دەكات.

ئەوجا وەرگێڕی دەقێك ، بێ لەوەی كە لەتەك كولتوورێكی تر، یانیش نامۆیتردا ڕووبەڕووە، دەبێت بە ئاگایشەوە مامەڵە لەتەك دەستواژەگەلی وەك : {وێنە، وەسف . بەراوورد، وەك : سوور هەر وەك خوێن . دژبەیەك ، وەك : تاڵێكی شیرین. هاوتەریبی، وەك : وەك بەفر سپی و وەك خەڵوز ڕەش. وێناكردن، وەك : خۆرئاوابوونی ژیان. توانجئامێز، جەفەنگئامێز ، وەك : چ شەكرێكت شكاند! زیادەڕۆیی، وەك،: هەزار جارم پێوتیت! بە جوانكردن، وەك : خەولێكەوتن لە بریتی مردن. بە كەسكردن، وەك : دارستانەكە بێدەنگە. وێرگوڵ، كۆما* كە گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە لە تێگەیشتنتی تەواوەتی ڕستەیەك} و زۆریتری وەك پەندی پێشینان و قسەی نەستەق ، دەستەواژە نموونەیەكان و ئامۆژگاری و ...هتد بكات. بەتایبەت گەر دەقێكی كەلتوورێكی جیاوازتر و نامۆتر وەربگێڕدرێت. نموونە، وەك دەقێكی ئەوروپی سیخنان بە ئاوەزە و كولتووری ئەورووپییەوە بۆ كوردی ، فارسی، عارەبی و هتد.. لە خۆڕا نییە كە دەگویترێت : زانینی زمانێكی بیانی بە مانای تێگەیشتن لە كولتوورە بیانیەكە دی نییە. هەروەها كولتوور لێكنێزیكەكانی، بۆ نموونە، وەك زمانە سلافیەكان یانیش لاتینەكان، یانیش عارەب، تورك، فارس و كورد بە مانای تێگەیشتن لە بەرفراوانی زمان و كولتووری ئەویتر نییە.، چونكە ئەگەر زمان بە ڕەچاوكردنی كاریگەریی زاراوەكاندا، یەكگرتوویش بێت، وەك ئەڵمانی، هۆڵاندی، فەڕەنسی ...هتد ئەوا كەلتوورەكە دەشێت ئۆتۆنۆم بێت و لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەكی دی هەمان زمان، جیاوازی دەربڕین و لێتێگەیشتن هەبن.

هەمان نموونەیش بۆ کوردستان ڕاست و ڕەوایە. چونکە کەلتوور لەناو گشتدا، ئۆتۆنۆمە.›

ئەم تیئۆرییە بۆ پرۆسەی وەرگێڕان هێجگار گرنگە. بۆیە ئەگەر ڕەچاو بکرێت، دەبێتە زامنی وەرگێڕانێکی ئەرخەیان و باش.

نموونەی وەرگێڕان لە ئەڵمانیەوە بۆ کوردی : وشەی Kamm کە توخمەکەی نێرە، واتا ( شانە ـ شانەی قژداهێنان). وشەی لێکدراوی Hahnenkamm یشمان هەیە کە مەبەست لە کەڵەباب ـ کەڵەشێرە. جا ئایا دەشێت شانە و کەڵەشێر پێکەوە بلکێنین و لە وەرگێڕاندا بنووسین : شانەی کەڵەشێر..؟! بێشک نەخێر. بەڵکوم لێرەدا و لە کوردیدا مەبەست لە ( پۆپنەی کەڵەشێر) ە. یان وشەی ـ شوپن ـ ی Schuppen ی ئەڵمانی کە سێ مانای زۆر لێکجیاوازیان هەیە، وەک (کرێش ـ کرێشی سەر یان پێست. پوولەکەی ماسی. کرێش و پوولەکە دوو مانای زۆر جیاواز دەدەن یان : کۆخت، ماڵۆچکەی ناو باخ و یانیش کۆڵیت. بێشک بە پێی باکارهێنانی پەیڤەکە لە ڕستەدا، مەبەستەکەی دەگۆڕدرێت.

بۆ نموونە : چۆن مامەڵە لەتەک وەها دەربڕینێکی دەستەواژەی توانج ئامێزی باوی ئەڵمانیدا دەکرێت بۆ کوردی کە دەڵێت : ئایا هێشتا هەموو کوپەکان لە دۆڵابەکەتدان؟

?Hast du noch alle Tassen im Schrank

گەر دوور لە هزر و مانابەخشینی کەلتووری، ئەم ڕستەیە وشە بە وشە وەربگێڕدرێت، وەهای لێدێت :

ئایا هێشتاکە هەموو کوپەکان لە دۆلابەکەتدان؟ ئەم وەرگێڕانە بۆ زمانی کوردی جگە لە سەرسووڕمان و سەرلێشێواوی و بێمانیی لە تێگەیشتن ، هیچ مانایەکی دی نابەخشێت. لێرەدا وەرگێڕانی بۆ هزر و تێگەیشتنی کوردی مەبەست لەوەیە کە ئایا ( هۆشت لە جێی خۆیدایە؟ مێشکت تێکنەچووە؟ هەموو شتێک لە کن تۆ تەواوە.. تۆ شێتیت؟)، ئیدی لە وەرگێڕاندا بۆ کوردی هیچێک لە پەیڤەکانی وەک ( کوپ و دۆڵاب) ئامادەگیان نابێت.

Ich drücke die Daumen? یانیش نموونەیەکی دی وەک : کەڵە پەنجەت بۆ دەنوقێنم لە کولتوورو ئاوەزی ئەڵمانیدا، لێرەدا تەنیا مەبەست لە ( هیوا و خواستی سەرکەوتن دەربڕینە بۆ کەسێک کە نیازی بەئەنجامگەیاندنی پرۆژەیەک، نەشتەرگەرییەک و یانیش هیوا و خواستێک هەبێت. یاخود دەرچوون لە تاقیکردنەوەیەکدا).

با سەرنج بدەینە ئاڵوگۆڕی پەیڤێک لە ڕووی کولتوورییەوە، بێشک جیاوازیی هزر و تێگەیشتنەکان.

پەڕتووکی بەناوو دەنگی هێژا، سامۆئیل، پ، هونگتینگتۆن ، لە کوردیدا وەک ئینگلزیەکە وەرگێڕدراوە کە ( پێکداکێشانی کولتوورەکان*) ە. بەڵام بە ئەڵمانیەکەی بۆتە Kampf der Kulturen

گەر ئێمە سەرناوە ئەڵمانیەکە وەربگێڕینەوە سەر کوردی، بە تێگەیشتنی کولتووری ئێمە دەبێتە: خەباتی کولتوورەکان. بەڵام لە تێگەیشتنی ئێمەدا وشەی خەبات مانایەکی دی پێدراوە، جیا لە شەڕ و یاخود جەنگ. ئێمە بە خۆمان ناڵێین : شەڕکەر و شەڕخواز و شەڕانگێز، جەنگکەر و جەنگخوازو یان جەنگگێڕ، ئەم پەیڤانە لە تێگەیشتنی ئێمەدا نەرێنین،بەڵکوم وشەی خەباتگێڕ بە مانایەکی ترەوە لە هزر و تێگەیشتنی ئێمەی کورددا جێی خۆی گرتووە بۆ نموونە: خەبات بۆ ئازادی. ژیان پڕیەتی لە خەبات. با بڵیین تێکۆشان.

بەندە کەلتوورو تێگەیشتن لە کەلتوور لە پڕۆسەی وەرگێڕاندا، زۆر بە گرنگ دەزانم، وەک قووڵبوونەوە و بەکردارکردنی لە دەستەواژەکانی وەک : کەلتووری گەلی، ناوچەیی، شار و گوند و گەڕەک و ماڵبات و تا دەگاتە کەلتووری تاک و تەکاکانیش!. کولتووری خواردن، سیاسەت، پەیڤین، هەڵس وکەوت و سیکس و ...هتد. چونکە کەلتووری گشتگیر و کەمگیرمان هەیە، واتا کەلتوور ئۆتۆنۆمەکان لە گشتدا. کە بەئاگابوون لەم خەسڵەتانە ،ڕۆڵیکی هێجگار گرنگیان لە پڕۆسەی وەرگێڕاندا هەیە. گەلێک وەرگێڕ لە وڵاتانی وەک کن مە، زۆر بێئاگان لە کولتووی گەلانی دی، کەچی بە شەقەزمانێک وبە هۆکاری نەبوونی سانسۆرە دەستگای چاپ و یاساییەکان ( نەک حکومی!) کاری وەرگێڕان ئەنجام دەدەن!

جا دەپرسین : ئایا تەنیا زانینی زمان ( گەر بە باشیش بێت ) مەرجە بۆ ئەرخەیانی و توانای وەرگێڕانی دەقێکی زمان و کەلتورێکی نامۆ؟ بێشک نەخێر. تەنانەت یەکزمانی و یەک کەلتووریش مەرج و ئەرخەیانی پڕۆسەی وەرگێڕان نابن و نین. وەرگێڕ لە پڕۆسەی وەرگێڕاندا، تووشی کوولتوور و یاساو ڕێسای نووسین و ڕێزمانیی و ئاوەزەی دەربڕینێکی دی دەبێتەوە. بۆیە: ئەوکەسە دەتوانێت باش لە کەلتوور تێبگات و نرخی خۆی پێبدات، کە خۆی لە کەلتوور بەرخوردارو بەئاگا بێت. ئەڵمان دەڵێن :

Lass das bloß die Kultur nicht in der Hand der Kulturlosen fallen.

واتا : مەهێڵن کەلتوور بکەوێتە دەستی بێکولتوورەکانەوە.

خاڵێکی دی بۆ ئەرخەیانی وەرگێڕان گرنگی هەبوونی سانسۆرە. بێشک نەک ئەو سانسۆرە سیاسی و ئاینیەی کە هێشتاکەیش لە کن مە باوێتی. لە وڵاتانی پێشکەتوودا کە لکەکانی بابەتە جیاوازەکانی وەک وێژەیی، لە وێژەییشدا کورتەچیرۆک، ڕۆمان یانیش هەڵبەست. بابەتی زانستی، کریمی، ئایینی، ئیزۆتێریک و ..هتد لێک جویێ کراونەتەوە. دەستگای چاپ و بڵاوکردنەوەکان، پێداچوونەوە و بەدواداچوونی تایبەتی خۆیان هەیە لە دەقێکی نووسراو یانیش وەرگێڕدراو. یانیش بەشداریی خاوەن پەڕتووک لە چاپ و بڵاوکردنەوەدا.

لە وەرگێڕاندا، دەستگاکان هەمان دەقی پێشکەشکراو لەتەک ئەسڵەکە دەنێرن بۆ چەند کەسێک تا پێیدا بچنەوە و بەراوردێکی هەردووکیان بکەن. پاشان هەڵسەنگاندێک بنووسن. ئەمەیش بۆ ئەرخەیانی وەرگێرانەکەیە کە تا چ ڕادەیەک پرۆسەی وەرگێڕان، لەگەڵ ڕەچاوکردنی کەلتوورەکاندا، زوڵاڵی و ڕەوانی خۆی پاراستووە.

گەر خوێنەرێک وەرگێرانی ڕۆمانەکانی یەشارکەمال، نیکۆ کازانتساکیز و یانیش دۆنکیشۆتی ئیسپانی بۆ ئەڵمانی بخوێنێتەوە، هەستێکی ئەرخەیانی وەرگێڕانی لا دروست دەبێت، چونکە ڕەوان و زوڵاڵن. گەر لێتێنەگەیشتنێکی کولتووریش ، دەستەواژە، پەندێک،لە گۆڕیدا بێت، بە تێبینی ئاماژەی پێکراوە و ڕوونکراوەتەوە.

بێشک یەکێک لە نیشانەکانی وەرگێرانێکی سەرکەوتوو، ڕاگرتنی هاوسەنگی دەقە ئەسڵەکە و وەرگێڕانەکەیە لە ساتی خوێندنەوەدا. هەتا بێگرێ و گۆڵتر، لە خوێندنەوەدا، ڕەوان و زەڵاڵتربێت، باشتر.

دەبا بپرسین : دەشێت پرۆسەی وەرگێران لەو وڵات و کۆمەڵگایانەی وەک کوردستاندا، چۆن بێت ؟ چ ئەرخەیانیەکی ئەرێنی بە خوێنەر دەبەخشێت کە هیچ چاودێرییەکی دەستگای پەخش و بڵاوکراوە، یانیش فەرمی و ئەوجا ویژدانی لە گۆڕیدا نەبێت؟ هەرسانسۆرە ویژدانیەکە، بە تەنیا، دەتوانێت ڕێگر بێت لە نەبوون و نەکردنی وەرگێڕانێکی نائەرخەیان و نازانستی.

مادام سانسۆری دەستگا و دەوڵەتییەکان نین، دەبا ویژدانی خۆ، قازیی بڕیاردانی کارێکی باش یانیش خراپ بێت : وەک پەندەکە دەڵێت : ویژدان دادگایەکە، پێویستی بە دادوەر نییە !*

**ژێرده‌ره‌کان :**

{ ⁕} Bild, Vergleich, Oxymoron, Parallelismus, Metapher, Ironie, Hyperbel, Euphemismus, Apostrophe, Personifikation.

(⁕) The Clash of Civilizations. ١٩٩٦

**سه‌رچاوه‌ی ئه‌و چه‌ند په‌یڤه ڕه‌وانبێژیه به ئه‌ڵمانی, بۆ مێژوو :**

.Verlag an der Ruhr. Ohne Datum .Arbeitsblätter Literatur, Teil١

(⁕) له دێرۆکی ٢٠.١٠.٢٠٢٣ دا و له به‌شی پێشانگای کوردیدا، له پێشانگای ساڵانه‌ی شاری فرانکفۆرتی ئه‌ڵمانیدا، پوخته‌ی ئه‌م وتاره‌م پێشکه‌شکرد.

**پرۆفایل: ئه‌نوه‌ر ئه‌ڵمان**

– ئه‌ڵمانێکی به‌ڕه‌گه‌ز کورد. ئه‌ندامی ( پێنی نێونه‌ته‌وه‌یی کورد و یانه‌ی نووسه‌رانی ئه‌ڵمان )

– چه‌ندان په‌ڕتووک به کوردی، وه‌رگێرانی چه‌ندین ڕۆمان و درامایه‌ک و کۆمه‌ڵه هۆنراوه‌یه‌ک له ئه‌ڵمانیه‌وه بۆ کوردی.

– (هه‌نگ و کۆتر )۔ کۆمه‌ڵه چیرۆک بۆ منداڵان. ساڵی ١٩٨٩/ سوئید.

– (ئه‌فریقیه‌ک له کۆڵن )۔ کۆچیرۆک، ساڵی ٢٠٠٧، بڵاوکراوه‌ی ده‌ستگای ئاراس/هه‌ولێر.

– (له‌به‌رده‌رگای ده‌ره‌وه) ۔ دراما، بڵاوکراوه‌ی ده‌ستگای ئاراس، ساڵی ٢٠٠٨ ، هه‌ولێر.

– ڕۆمانی( ئیسکه‌نده‌ر) و ڕۆمانی( ته‌می خۆر) ۔ ساڵی ٢٠٠٨ ده‌ستگای ئاراس ۔ هه‌ولێر.

– ڕۆمانی( له نێوان به‌غدا و هیچ جێیه‌کی تر) ۔ ساڵی ٢٠٠٩ ، بڵاوکراوی ده‌ستگای ئاراس، هه‌ولێر. – ڕۆمانی ( به به‌رچاوی خواوه )۔ ده‌ستگای ئه‌ندێشه، ساڵی ٢٠١٦ ۔ سلێمانی .

– په‌ڕتووکی ۔ ( تێزی مێژوویی تورک و دۆزی کورد )۔ ئیسماعێل بێشکچی ۔ چاپخانه‌ی یاد، ساڵی ٢٠١٣ ۔ سلێمانی.

– نۆڤێلی ( بێده‌نگی شه‌وی بۆندار) به ئه‌ڵمانی و کوردی، ساڵی ٢٠٢١

– به‌شداری له ٢١ ئه‌نتۆلۆگیدا پڕانیی به زمانه‌کانی ئه‌ڵمانی و زێربی ، ئینجا کوردی و ڕوسی. دوو ڕۆمانی ئاماده ( په‌سه‌ند ) و ( دیالۆ) به زمانه‌کانی کوردی و ئه‌ڵمانی . کۆمه‌ڵێک هه‌ڵبه‌ست و په‌خشان و کورته‌چیرۆک به ئه‌ڵمانی و به‌شداری له گه‌لێک کۆڕ ی وێژه‌ییدا.

**بەشێك لە وەرگێڕەكان نەك زمانی كوردی باش نازانن، بەڵكوو شارەزایی پێویستیشیان لەو بەرهەمانەدا نییە كە وەریاندەگێڕن**

**خەبات عارف**

وەرگێڕان لە ڕووی چەندێتییەوە، بە تایبەت لەو بیست و بیستوپێنج ساڵانەی دواییدا و تایبەتتریش لە باشووری کوردستان، تەواو گۆڕاوە و لە هەموو بوارەکاندا و بە تایبەت لە بوارەکانی هزر و ئەدەبیاتدا بەرهەمێکی زۆری زمانە جیاوازەکان بۆ کوردی وەردەگێڕدرێن، بەڵام زۆربەیان لە ڕووی چۆنێتییەوە بەرهەمی خراپ و بێکەڵکن و هیچ کاریگەرییەکی ئەرێنییان لە بەرەوپێشچوون و باڵاتربردنی بیر و زمانی کوردیدا نییە، کە ڕاستییەکەی دەبێت یەک لە خێروبێرەکانی وەرگێڕان بۆ کوردی، ئەمە بێت. هۆی سەرەکییش ئەوەیە کە بەشێک لە وەرگێڕەکان نەک زمانی کوردی باش نازانن، بەڵکوو شارەزایی پێویستیشیان لەو بەرهەمانەدا نییە کە وەریاندەگێڕن. هەرکەس، ئەگەر تەنانەت سەرپێییش، چاوێک بەو وەرگێڕانانە و بە تایبەت ئەو وەرگێڕانانەی لە بوارەکانی ڕاگەیاندندا هەن بگێڕێت، دروستیی ئەمەی بۆ ڕوونتر دەبێتەوە. زۆرجاران کوردییەک بە کار دەهێنرێت کە لە قوتووی هیچ عەتارێکی کورددا نییە! دیارە ئەمەیش لە بەردەوام بوونیدا کاریگەریی خراپی لەسەر ئەوانە دەبێت کە ئەو بەرهەمانە دەبینن و دەخوێننەوە و لەگەڵ زمانێک ئاشنا دەکرێن کە تەواو دروستکراو و وەرگیراو و خواستراوە لە زمانەکانی ترەوە و هەرچی بێت کوردی نییە. خراپترینیش ئەوەیە کە ئەوانە ئەم زمانە کوردییە نادروست و خوار و خێچ و چەوت و لارەیان لێ دەبێت بە کوردییەکی (بەڵگەنەویست) و بێ بیرلێکردنەوە و لێوردبوونەوە بە کاری دەهێنن و بەوەیش خۆیان و نەوەکانی دوای خۆیان داغان دەکەن و تووشی دەردێکی کارییان دەکەن کە لەوەیە پاشان ئەگەر لە کۆڵیشیان بێتەوە، زۆر بە زەحمەت لە کۆڵیان ببێتەوە. ئەم ڕەوشەی ئێستا زمانی کوردی بە دەستیەوە دەناڵێنێت، درەنگ یا زوو، ڕووبەڕووی کارەساتێکی گەورەی دەکاتەوە و لەوەیە ئەنجام زمانەکە لە بەر یەک هەڵبوەشێت و تێکوپێک بشکێت و بکرێت (نەک ببێت!) بە زمانگەلێک کە لە زار و بنزاری زمانەکە پێک دەهێنرێن و کەسیش خۆی لێ بە خاوەن نازانێت، بە تایبەت دەستەڵاتدارانی سیاسیی باشووری کوردستان کە دەبوو و دەبێت، ئەوان لە هەر کەس زیاتر خۆیان بە بەرپرسیار زانیبا و بزانن بەرانبەری. بە کوردییەکەی و کورتییەکەی: ‹خوم شێواوە› و زمانی کوردی پێویستی بە فریاکەوتن، ئەویش فریاکەوتنی پەلە، هەیە؛ چونکی پێم وا بێت هەرگیز زمانی کوردی ئەوەی پێ نەکراوە کە ئێستا پێی دەکرێت و لەمەیشدا وەرگێڕانی خراپ، وەک زۆر شتی دیکە، ڕۆڵێکی گەلێک خراپ دەلەیزێت.

کێشەکانی بواری زاراوەسازی، بواری یاسایی، بواری زانست، بواری زمانی ئەدەبی و سەرجەم بوارەکانی تر چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

خەبات: ئەو کێشانە گەلێکن و هیچ کێشەیەکیش لە هیچ بوارێکی ژیاندا هیی ئەوە نییە چار نەکرێت، یا چاری بۆ نەدۆزرێتەوە، بەڵام بۆ دۆزینەوەی چاری ئەو کێشانە، پێش هەر شتێکی تر، دەبێت لێزانان و شارەزایان و کەسانی گونجاو لە شوێنی گونجاوی خۆیاندا بدۆزرێنەوە و ئەرک و مافی دۆزینەوەی چارەیان پێ بسپێردرێت. ئەمە بە هیچ یەک لەوانە ناکرێت کە لە زمانەکانی ترەوە وەردەگێڕن بۆ کوردی، بە وەرگێڕگەلیش ناکرێت با نیازپاکییشیان تا ئەوپەڕی بێت و بە نیازی ئەوە بن بەم جۆر یا بەو جۆریان چاری ئەو کێشانە بدۆزنەوە. ئەی بە کێ دەکرێت؟ بێ چەند و چۆن، بە دەستەڵاتدارانی سیاسیی کوردستان دەکرێت و تا ئەوان وەک ئێستا خەمسارد بن و خۆیانی لێ نەبان بکەن، ئەنجامیان لەوە خراپتریش دەبێت کە ئێستا هەیە. لە سەرلەبەری دنیادا ئەوە دەستەڵاتدارانی سیاسی بوون و هەن، کە دوابڕیار لەسەر کێشەکانی زمان دەدەن و هەنگاو بەرەو داڕێشتنی زمانێکی یەکگرتووی نەتەوەیی هەڵدەگرن و پاشان بە لێزانان و شارەزایان و کەسانی گونجاوی دەسپێرن بۆ جێبەجێکردنیان. ئەگەر ئەمە لە کوردستان هێشتا نەکراوە، تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ئەو دەستەڵاتدارانە، هیچ سیاسەتێکی فەرهەنگیان نە هەبووە و نە هەیە و خەمی ئەوان، خەمی تێتراندنی زگ و بنزگ بووە تا ئێستا و کورد و زمانەکەی و داهاتووەکەی دراوەتە دەست (قەزا و قەدەر) و نەک تەنیا زمانە کوردییەکە، بەڵکو تەواوی بوارەکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و یاسایی و زانست و زاراوەسازی و... چی و چییان لە (ئاشی نەزانان)دا فڕێ داوە و چاوەڕێی ئەوەن (خودا) بۆیان بگێڕێت. تا ئەمەیش بەردەوام بێت، بێ لە کوردوێرانی و کوردیوێرانی و کوردستانوێرانی شتێکی دیکەی لێ چاوەڕوان ناکرێت.

وەرگێڕان و سیاسەتی زمانی، بایەخی سیاسەتی زمانی بۆ پاراستنی زمانی کوردی، بایەخی داڕشتنی سیاسەتێکی دروست بۆ وەرگێڕان، ڕێژەی وەرگرتنی زاراوە بیانییەکان.

خەبات: پێش هەر شت با ئاوڕێک لە سیاسەتی زمان، کە بەشێکە لە سیاسەتی فەرهەنگی، بدەینەوە. ‹سیاسەتی فەرهەنگی، تەواوی ئەو دەستپێشخەرییە سیاسییانە و ئەو ڕێچارە و یاسا و ڕێسایانە لە خۆ دەگرێت کە چالاکیی تایبەت لە بوارەکانی

هونەری و داهێناندا دەپارێزێت و دنەیان دەدات بۆ بەرەوپێشچوون و باڵاترهەڵکشان؛ وەک چالاکیی هونەری شێوەکاری، هونەری شانۆ و فیلم و مۆسیقا و ئەدەبیات و کولتووریش کە چالاکییەکانی سەر بە زمان و میراتی کولتووری و فرەکولتووری لە خۆ دەگرێت. نیازیش لە سیاسەتی فەرهەنگی بە شێوەیەکی ئاسایی کارایی سیاسەتە لە تەواوی ئەو بوارانەدا کە سەر بە دەوڵەت، نەتەوە و بەشە پێکهێنەرەکانی نەتەوەن و ڕەگوڕیشەن بۆ سیاسەتی فەرهەنگی.› ئەمجا با لە خۆمان بپرسین: ئایا ئەمە لە کوردستان هەبووە، یا ئێستا هەیە؟ بێ هیچ دوودڵییەک نەخێر نە هەبووە و نە ئێستایش هەیە. کە جاران نەبووە، بۆ داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان دەگەڕێتەوە لە لایەن داگیرکەر و دابەشکەرەکانی کوردستانەوە و کورد خۆی نەخشێکی دیاری تێدا نەبووە بەڵام، ئێستا، هەر نەبێت لە سەرەتای دووهەزارەوە، لە باشووری کوردستان دەستەڵات، هەموو جۆرەکانی دەستەڵات، لە ژێر دەستی سیاسییانی کورد خۆیاندایە و کەچی هیچ هەوڵێکی بەرچاو و گرنگ و بنجبڕیان نەداوە بۆ پێڕۆکردنی سیاسەتێکی فەرهەنگی. ئەمەیش کاری هیچ کەسێک و لایەنێک نییە و ئەرک و کار و بەرپرسێتیی ئەوانە. بەمە نامەوێت بڵێم کە هیچ نەکراوە و هیچ هەوڵێک نەدراوە، بەڵام ئەوەی کراوە و دراوە بە هیچ جۆرێک ناچێتە نێو چوارچێوەی سیاسەتی فەرهەنگییەوە. کەواتە: هیچمان لە هیچ! هەر لەبەر ئەمەیش، ئەمانەی ئێمە بە: [وەرگێڕان و سیاسەتی زمانی، بایەخی سیاسەتی زمانی بۆ پاراستنی زمانی کوردی، بایەخی داڕشتنی سیاسەتێکی دروست بۆ وەرگێڕان، ڕێژەی وەرگرتنی زاراوە بیانییەکان و...] ناویان دەبەین، تا ئێستا لە چوارچێوەی هەوڵی تاکەکەسی و کۆکەسیدا گیریان خواردووە و ئەویش، چەندێ نیاز و ئامانجیش پاک بن و بووبن، ناچنە نێو چوارچێوەی سیاسەتی فەرهەنگییەوە و تەنیا سیاسەتێکی فەرهەنگیی دروستە کە دەتوانێت ئەو بوارانە بە جێی ڕوون و ڕەوای خۆیان بگەیەنێت.

**خەبات عارف:**

لە نێوەڕاستی حەفتاکانی چەرخی پێشووترەوە، بە تایبەت شیعر، بڵاو دەکەمەوە و تا ئێستایش.

– لە زۆربەی گۆڤار و هەفتەنامەکانی ئەو ڕۆژگارەدا و تا ڕاکردنم لە عیراق و لە ١٩٨١دا، لە هەفتەنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا، چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەی کوردستان، ئێستایش دەمنادەمێک، بەرهەمەکانم بڵاو کردوونەوە و دەکەمەوە.

– لە ١٩٨٢/٥/١٦ەوە لە سوێد دەژیم.

– لە ١٩٩١ەوە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی سوێد بووم تا ساڵانێکی زۆر دوای ئەوە و دوایی ئەندامەتیم تازە نەکردووەتەوە.

– لە زۆربەی بڵاوکراوە و گۆڤارە کوردییەکانی ئەورووپادا، بە شێوەیەک لە شێوەکان، بەشدار بووم و بەرهەمم تێیاندا بڵاو کردووەتەوە.

– تا ئێستا و بە ئەرکی خۆم ئەم کۆمەڵەشیعرانەم لە تاراوگە، لە سوێد، بڵاو کردوونەتەوە: (١) گەڵا کەوتووەکان، ١٩٨٤. (٢) دەست، ١٩٨٦. (٣) گوڵەکانی پاییز، ١٩٩٣. (٤) گەڕانەوەی ئەستێرەکان، ١٩٩٧ و ساڵی ٢٠١٦یش، لە کوردستان و لەسەر ئەرکی هاوڕێی خۆشەویستم کامەران محەمەد ئەحمەد دارتاش کۆی شیعرەکانم، کە لێرەولەوێ وردەدەستکارییەکی شیعرەکانم کردووە، بە ناوی (سەوزێکی کاڵ بوو دەباری) بڵاو کردەوە.

– ساڵی ٢٠٠٧ فەرهەنگی کوردی–سوێدیم بڵاو کردووەتەوە.

– بەشێک لەو بەرهەمانەی کە لە سوێدییەوە کردوومن بە کوردی: (١) کەڵک، ئۆگۆست ستریندبێرگ، شانۆنامە، ١٩٩٢. (٢) لیگەڕێن مرۆڤ بژی، پییێر لاگەرکڤیست، شانۆنامە، ١٩٩٦. (٣) گوێ بگرە، پیاوی بچووک، ویلهێلم ڕایش، ١٩٩٤. (٤) پاپالانگی، پیاوە سپییەکە، ئێریش شیورمان، ١٩٩٥. (٥) میۆ، میۆکەی من، ئەسترید لیندگرێن، بە هاوکاریی لەگەڵ ئەنوەر قادر محەمەد، ساڵی بڵاوکردنەوەم لە یاد نییە و کتێبەکەیش خۆی ئێستا لە بەردەستمدا نییە. (٦) پیپیی گۆرەویدرێژ، ئەسترید لیندگرێن، بە هاوکاریی لەگەڵ ئەنوەر قادر محەمەد، ٢٠٠٤. (٧) شێرێکیان کوشتووە، مارییا ڤینە، ٢٠٠٤. (٨) ڕەگەزپەرستی چییە؟ گفتوگۆ لەگەڵ کچەکەمدا، تاهر بن جەلیون، ٢٠٠٦. (٩) جەژنی هەڵسانەوە، ئۆگوست ستریندبێرگ، شانۆنامە، ٢٠٠٩. (١٠) بەرەو دیمەشق، ئۆگوست ستریندبێرگ، شانۆنامە، ٢٠١٢. (١١) ئۆرێستییا، ئایسخیلۆس، ٢٠١٢. (١٢) گرگن، پییێر لاگەرکڤیست، ڕۆمان، ٢٠١٢. (١٣) سەمای مەرگ، ئۆگوست ستریندبێرگ، شانۆنامە، ٢٠١٤. (١٤) ئێوارستان، پییێر لاگەرکڤیست، کۆمەڵەشیعر، ٢٠١٤. (١٥) ئینسایکلۆپیدیای مندالان، لەگەڵ ئاسۆس شەفیق، ٢٠٠٨، لەگەڵ وەرگێڕانی بە دەیان و زیاتریش کتێبی تایبەت بۆ مندالان لە سوێدییەوە بۆ کوردی. (١٦) ئەنتیگۆنە،

سۆفۆكليس، شانۆنامە، ٢٠١٧. (١٧) نيگەرانی، پییر لاگەرکڤیست، کۆمەڵەشیعر، ٢٠٢١. (١٨) یادەکان، تۆرگنی لیندگرێن، ڕۆمان، ٢٠٢١. (١٩) هەڵبژاردەیەکی شیعری ئێدیت سوێدەرگران، ٢٠٢١. (٢٠) ڕووناکی، تۆرگنی لێندگرێن، ڕۆمان، ٢٠٢١. (٢١) سیبیولا، پییر لاگەرکڤیست، ڕۆمان، ٢٠٢٣. (٢٢) پیانۆی خەمگین، هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی توماس ترانستروێمەر، ٢٠٢٢. (٢٣) دۆکتۆر گلاس، یاڵمار سوێدەربێری، ٢٠٢٤ و هیی تریش کە ئێستا لە یادمدا نین.

– ئەم بەرهەمانەیشم کردوون بە سوێدی. (١) کۆچ، شێرکۆ بێکەس، ١٩٩٥. (٢) لە ئەنتۆلۆگیای چیرۆکی کوردیدا بۆ سوێدی، بە وەرگێڕانی چەند چیرۆکی لەتیف حامید و چیرۆکێکی حەمەکەریم عارف بەشداریم کردووە.

– چەردەیەکی تریش لە بەرهەمی وەرگێڕدراو و بڵاوکراوە لە گۆڤارە و هەفتەنامە کوردییەکانی تر.

– لە ١٩٨٢/٥/١٦ەوەوە لە سوێدم و تا ئێستایش هەر لەوێ دەژیم.

# عەبدولخالق یەعقووبی:
# کاری وەرگێڕی ئێمە پتر پاراستنی زمانی کوردی بووە تا گەشەپێدانی

ئا: قاسم تاباك

**کاک عەبدولخالیق یەعقوبی ناسراو بە شاهۆی پیرۆز ڕەخنەکاری ئەدەبی و وەرگێڕ و نووسەری ناسراوی رۆژهەڵاتی کوردستان لەم وتووێژەدا لەسەر پرسی ۆورگێڕان ڕووبەڕووی ئەم وتووێژەمان کردەوە**

• **لە کەنگێوە وەرگێڕان هاتە زمانی کوردییە و ئێستای وەرگێڕانی کوردی چۆنە و داهاتووی چۆن دەبینی؟**

– عەبدولخالق یەعقووبی: ئەزموونی وەرگێڕان، کە زۆر کەم تەمەنە، لە کوردستان تا ئێستا ئەزموونێکی زۆر سەرکەوتوو نەبووە. ژمارەیەکی کەمی وەرگێڕ توانیویانە خزمەتی زمانی کوردی و ئەو ئاڵوگۆڕە مەعریفیانە بکەن، کە هەمیشە لە بزاوتی کاری وەرگێڕاندا هەیە. ئەو بشێوی و بێبەرنامەیی و بێ پلانی و خواستە تاکەکەسییانەی کە زاڵە بەسەر ئەزموونی وەرگێڕان لە کوردستاندا، وای کردووە لە سەر سێ ئاست زیانی گەورە بە بزاوت و بواری وەرگێڕان بگات.

**ئاستی یەکەم:** ئەو هەڵانەی کە لە بواری ماناناسیی و مەعریفییەوە دەکرێ و زۆر جار ئەو ماناگەلەی کە لە دەقی سەرەکییدا هەیە بە شێوەیەکی هەڵە و دوور لە بابەتە ئەسڵییەکە دەرخواردی خوێنەری کورد دەدرێ. ئەو هەڵە مەعریفییانە بێگومان خوێنەری کورد تووشی سەر لێشێواوی دەکا. بۆ وێنە، لە دەقێکی گۆڤاری «ئایندە»ی ژمارە (٧) دا کە کەسێک بە ناوی خوازراوی «پێوەند فایەق» بابەتەکەی وەرگێڕابووە سەر زمانی کوردی، دەقەکە باس لە چەمکێکی «ماتیۆ ئارنۆڵد» دەکا لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا. دەقە ئەسڵییەکە کە من دواتر بەدوایدا چووم باسی ئەوە دەکا و دەڵێ:» Concept of disinterestedness of critic« ئەمە بە مانایەکی زۆر سادە واتە «چەمکی بێلایەنێتیی ڕەخنەکار» لە بواری رەخنەدا، ئەو هاوڕێیە هاتبوو ئەم دەستەواژەیە بەم شێوەیە وەرگێڕابووەوە «چەمکی بێ بایەخێتیی ڕەخنە. Disinterestedness لە زمانی ئینگلیزیدا دوو مانای هەیە کە یەکیان «بێ بایەخبوون»ە و ئەوی دیکەشیان «بێلایەنبوون»- لە لایەکی دیکەشەوە لە مانای وشەی «Critic» تێ نەگەیشتبوو کە بە واتای «ڕەخنەکار» دێ، نەک «ڕەخنە». لێرەدا خوێنەری کورد تووشی سەرلێشێواوی دەبێ و لە بنەڕەتدا زانیاری هەڵەی پێدەدرێ، کە ئایا «ماتیۆ ئارنولد» باوەڕی بە بێبایەخیی ڕەخنە هەیە، یان نا، ئەمە

شتێکی دیکەیە؟ ئەم جۆرە هەڵە مەعریفییانە کە بە بڕوای من پانتایەکی زۆری لە بواری ئەو جۆرە وەرگێڕانانەدا داگیر کردووە و ڕۆژانە دەڕژێنە ناو بازاڕی کتێبەوە، خوێنەری کورد لە ڕووی مەعریفییەوە تووشی شکستی گەورە دەکەن، وەک ئەوەی تا ئێستا وایە و لە ژیانی ئادکایمی و ڕۆشنبیریی کوردیدا نەمانتوانیوە بەرهەمە گەورەکان بە دروستی بخوێنینەوە و لێیان تێبگەین و بە باشی چێژیان لێ وەربگرین. ئەمەش بەشێکی بەرچاوی دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو هەڵە گەورانەی کە ئەزموونی وەرگێڕان لە کوردستان هەیەتی.

**ئاستی دووەم**: ئەو هەڵانەی کە لە ڕووی زمانناسییەوە دەکرێن. بەداخەوە زۆربەی وەرگێڕەکانی ئێمە کوردییەکەیان باش نییە. دەزانن کوردی بخوێننەوە و کوردی بنووسن، بەڵام کوردییەکەیان لەو ئاستەدا نییە ببێتە بنەمایەک بۆ تێگەیاندنی خوێنەری زمانی کوردی لە دەقێک کە لە بنەڕەتدا کوردی نەبووە. بەداخەوە، ئێمە لەمەشدا زۆر سەرکەتوو نەبووینە. بۆ وێنە: لە وتارێکی «ڕۆلان بارت»دا لە دەقە ئینگلیزییەکەیدا «Writerly text» هاتووە، واتە «دەقی نووسەرانە». ئەگەر لە مانا و باکگراوەندی ئەو دەستەواژەیە بڕوانی، ئەوجا لە ماناکەی تێدەگەی و دەتوانی وەری بگێڕیتەوە سەر زمانەکەی خۆت. هەر دەستەواژەیەکی هزری بێگومان مێژوویەکی لە پشتە و ئەو مێژووە ماناکەی دیار دەکا. بۆیە کەسێک ئەگەر لە فارسییەوە ئەم دەستەواژەیە وەربگێڕێتەوە تووشی هەڵە دەبێ. چونکە فارسەکان بۆ ئەم دەستەواژەیە «متن نوشتنی» بەکار دێنن و ئەگەر ئەمە بکەیتە کوردی دەبێتە «دەقێکی شیاوی نووسین». ئەمە لە کاتێکدایە مەبەستی ڕۆلان بارت لەم دەستەواژەیە ئەو دەقەیە کە خوێنەر لەوێدا دەبێتە نووسەر و ڕۆڵی نووسەر دەگێڕێ و خۆیشی لە بەرهەم هێنانیدا بەشداری دەکا. نموونەیەکی دیکە، یەکێک لە شارەزاکانی یەک لە دەزگاکانی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، خۆی لە وەرگێڕانی کتێبێکدا کە لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی، ئەم ڕستە فارسییەی «در قرون وسطا کلیسا محلی بود برای حفظ کتب»ی تەرجەمە کردووە بە « لە سەدەکانی ناوەڕاست دا کلێسا شوێنێک بووە بۆ لەبەرکردنی کتێب». ئەم هاوڕێیە پاراستن و ڕاگرتنی کتێب و ئەوەی کە لەو سەردەمەدا کلێسا شوێنێک بووە بۆ پاراستنی کتێب، هاتووە کردوویەتە پۆل و شوێنی وانەوتنەوە و لەبەرکردنی کتێب.

ئاستی سێیەم: هەڵەی جوانیناسانەیە کە بە تایبەتی لە دەقە ئەدەبییەکاندا (لەچەشنی ژانری شیعر) ڕوو دەدەن. بە دەیان نموونە هەیە کە شیعری شاملوو، سۆهراب و...

کراونەتە کوردی کە بە هیچ شێوەیەک ئاستی جوانیناسییان لە زمانی کوردیدا ناگاتە یەک لە سەدی ئەو ئاستەی کە لە زمانی سەرچاوەدا هەیبووە. وەرگێڕی ئێمە تەنانەت لەم ڕووەشەوە زەوق و گوێچکەی خوێنەری کوردی کوشتووە. بۆ وێنە، ئەو ڕیتم و مۆسیقا و وشە نەرمونیانانەی کە لە شیعری «سۆهرابی سپێهری»دا هەیە، کاتێک دەکرێتە کوردی و وەرگێڕانەکەی دەخوێنیتەوە، پێتوایە ئەوە پارچە پەخشانێکە کە نووسەرێکی ئاسایی نووسیویەتی.

**• یەکێک لە ئەرکەکانی وەرگێڕان دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردییە؛ وەرگێر چۆن دەتوانێ ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنێت؟**

– عەبدولخالق یەعقووبی: وەرگێڕان تەنیا مەسەلەیەکی هزری و تەکنیکی و هونەری و ئەدەبی نییە، بەڵکوو هەروەتر پرسێکە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پێوەندی بە چارەنووسی نەتەوەییمانەوە هەیە. ناکرێ ئێمە هەتاسەر لە نووسین و وەرگێڕان و هزر و ئەدەبیاتدا نەتەوەیەکی پەراوێزنشین بین. ئەگەر چاو لێ بکەین، دەبینین ئەدەبی فارسی ئەمڕۆکە خەریکە خۆی بە دونیا دەناسێنێ، ئەدەبی تورکی خەریکە لە دونیادا دەنگ دەداتەوە و خەڵاتی گەورەی جیهانی وەردەگرێ، ئەمانە بەشێکی زۆری لە سەر شانی وەرگێڕان بووە. وەرگێڕی باش ئەو کەسانەن کە بەڕاستی خەمی چارەنووسی داهاتووی نەتەوەکەیان دەخۆن، بەڵام ئەمە ئەرکی تاکەکەسیی وەرگێڕ نییە بە تەنیا. دەزگا و دامەزراوەکانیش دەور دەگێڕن و ئەوانیش دەشێ خەمی چارەنووسی نەوەی دواڕۆژی ئەم وڵاتە بخۆن. دامودەزگای تایبەت بە وەرگێڕانیش دەبێ بۆ پڕوپاراوکردنی مەعریفەی ئەو وڵاتە کار بکا. ئێمە ئێستا ئەو شتە نابینین و هاواریشمان وەکوو تاک بە هیچ شوێنێک ناگات.

دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی لەڕێگای وەرگێڕ و وەرگێڕانەوە ئەو کاتە مەیسەر دەبێت، کە وەرگێڕان ببێتە بزاڤێک و لە سەر ڕەوتی ژیانی هزریی کۆمەڵگە کاریگەر بێت. بەداخەوە، ئەمە تا هەنووکە ڕووی نەداوە، و کاری وەرگێڕی ئێمە پتر پاراستنی زمانی کوردی بووە تا گەشەپێدانی. جگە لەوە تا ئێستاش لە کوردستان زەحمەتە بڵێین وەرگێڕان ببێتە مایەی بژێوی وەرگێڕ بۆ ئەوەی وەرگێڕیش بتوانێت ژیانی خۆیی بۆ تەرخان بکات و لەم سۆنگەیەوە بەڕاستی زمانی کوردیی پێ دەوڵەمەند بکات. بەڵام جگە لەم بۆشاییە پێکهاتەییانە، هەموو وەرگێڕێکی ژیر و لێهاتوو، وەکوو لە

سەرەوە ئاماژەم پێ دا، لە ڕێی وەرگێڕانی باشەوە دەتوانێت لە سێ ئاستی مەعریفی، زمانناسی، و جوانیناسی زمانی کوردی لە هەڵە و پەڵە بپارێزێت و دەوڵەمەندی بکات.

*** ئەو چەمکانەی وەرگێڕی کورد دەستیان بۆ دەبا خوێنەری کورد بە هەر سێ زمانی کوردی تورکی و عەرەبی زۆر بە ڕەوانی و هاسانی و فراوانی دەستی پێ ڕادەگا؛ وەرگێڕی کورد خۆی بە چییەوە ماندوو دەکا؟**

– عەبدولخالق یەعقووبی: وەرگێڕان تەنیا دەستبردن بۆ چەمکەکان نییە بۆ ئەوەی بڵێین مادام ئەو چەمکانە لەو زمانە بیانیانەشدا هەیە کە ئێمە پێیان دەخوێنینەوە ئیتر شایانی وەرگەڕاندن نین. ئەرکی گرینگی وەرگێڕان جگە لە هەڵگەڕاندنەوەی چەمکەکان گوتارسازییە. واتە ئەوەی لە ڕێی وەرگێڕانەوە زمانی خۆمان پڕ لەو چەمکانە دەکەین کە ئەگەر تەنیا لە ڕێی زمانی ترەوە بیانخوێنینەوە گوتاری پەیوەندیدار بەو چەمکانە لە زمانی ئێمەدا دروست نابێت. نموونەی زۆر دیار ئەو بوارەیە کە من خۆم کاری تێدا دەکەم، واتە تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبی. ئەگەر تۆ دەقی تیۆری یان ڕەخنەی ئەدەبی یان ئەو چەمکانەی لەم بوارانەدا هەن تەنیا لە ڕێگەی زمانی فارسی یان عارەبییەوە بخوێنیتەوە، ئەوە تەنیا کۆمەڵێک زانیاری لەم بوارانە وەردەگریت، بەڵام ئەگەر بێت و دەقی تیۆری و ڕەخنەیی بۆ سەر زمانی کوردی وەربگێڕیت، ئەوە لە بواری تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبی لە نێو زمانی کوردیدا گوتارسازی دەکەی، واتە زمان و جیهانی تیۆری و ڕەخنە دەهێنیتە نێو زمانی کوردییەوە و بە زمانی کوردی چەمکە پەیوەندیدارەکانی ئەم بوارانە تاوتوێ دەکەی. کە واتە، لێرەدا چی تر تەنیا زانیاری بە خوێنەری کورد نادەی، بەڵکوو دەیکەی بە خاوەنی گوتاری تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبیش. ئەو شتەی من ساڵانێکە مەبەستمە لەوەی بەردەوام لە پەنا کاری ڕەخنەیی، کۆمەڵێک کتێبی بواری تیۆری و ڕەخنەییشم وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی هەر دروستکردنی ئەو گوتارە بووە لە نێو پانتایی زمانی کوردیدا. بڕوانە ئێستا لە نێو زمانی کوردی و ئەدەبی کوردیدا چەمک و دەستەواژە ڕەخنەییەکان زۆر باون و تەنانەت لە بوارەکانی دیکەشدا وەکوو کۆمەڵناسی و دەروونناسی و هتد بە کاری دەهێنن؛ چەمک و دەستەواژەی وەکوو پێکهاتەخوازی (structuralism)، دوانەلێکدژ (binary opposition)، دەقی خوێنەرانە (readerly text)، و هتد. کورت و کورمانجی، بوونی ئەم چەمکانە بە زمانی کوردی لەڕێگەی وەرگێڕانەوە جگە لەوەی زانیاری بەخشن گوتارسازیشن.

*** هەڵسوکەوتی وەرگێری کورد بۆ هێنانی وشەی لاوەکی بۆ نێو زمانی کوردی دەبێ چۆن بێ؟**

-عەبدولخالق یەعقووبی: وەرگێڕ وشەساز نییە، بەڵام دەتوانێ بە سەلیقەی جوان و ورد بۆ نوێکردنەوەی زمانی خۆی هەوڵ بدات، جا چ لە ئاستی وشەسازیدا بێت، چ لە ئاستی دەستەواژە و تێرمەکاندا. نموونەی هەرە دیاری وەرگێڕی سەرکەوتوومان لەم بوارەدا مامۆستا هەژار بوو لە وەرگێڕانی قورئاندا. هەژار لەم وەرگێڕانەدا، «بسم الله الرحمن الرحيم» کردووەتە «وە ناو خودا، کە دەهندە و دلۆڤانە». سەلیقە و وردبینییەکی سەرسووڕهێنەر لەم وەرگێڕانەدا هەیە. هەژار لەم شاکارەیدا، لە هەموو زاراوە کوردییەکان وشەی خواستووە و لە هەمان کاتدا لە یەک ڕستەدا وشەگەلی ئەو زاراوە جۆراوجۆرانەی لە تەنیشت یەک ڕیز کرددوە بێ ئەوەی سریشتی زمانی کوردی بریندار بکات. بە وتەیەکی تر، هەژار بەم کارەی پێی سەلماندین زمانی کوردی لە سۆنگەی ئەوەی زاری جۆراوجۆری هەیە هێزی ئەوەی تێدایە بۆ هیچ وشە و دەستەوشەیەک دانەمێنێ، و کۆڵکەزێڕینەیەی زارەکان دیمەنێکی جوانی زمانی کوردی دەنەخشێنێت. با خوێنەر بڕوانیتە ئەم نموونەیە (سوورەتی ١٠٨، کەوسەر) و خۆی بۆ پشتڕاسکردنەوەی ئەم قسەیەی من سەرپشک بێت:

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

١. ئێمە زۆر شتمان دا بە تۆ.

٢ . سا تۆ بۆ پەروەرندەی خۆت نمێژ و قوربانی بکە.

٣ . ئەوی لێت بەناتۆرەیە، بۆخۆی وەجاخی کۆرەیە.

کەواتە، وەرگێڕ مافی خۆیەتی وشەی نوێ بهێنێتە نێو زمانی خۆیەوە، بەڵام ئەم کارە، لە ڕوانگەی منەوە، دوو مەرجی سەرەکیی هەیە. یەکەم، لە سریشتی زمانی خۆی لا نەدات. دووهەم، لە واتای سەرەکیی دەقی سەرچاوە دوور نەکەوێتەوە. بۆ نموونە، وەختی خۆی من لە بری وشەی «گزین گویە»ی فارسی، واتە کۆمەڵێک قسەی نەستەق، وشەی «بژاردەبێژی»م بە کارهێنا. ئەم وشەیە پێشتر لە زمانی کوردیدا نەبووە، بەڵام وەکوو دەبینین، نە لە ڕێسا و سریشتی زمانی کوردی لای داوە، نە لە واتای سەرەکیی فارسییەکەی بەدوورە. هەر وەتر لە وەرگێڕانی کتێبی «ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی»ی چارلز برێسلێر، کە چاپی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٢ لە دەزگای ئاراس/هەولێر بوو، وشەی «پێکهاتە»م لە بری structure، یان ئەوەی فارسەکان پێی دەڵێن ساختار، بە کارهێنا و لە پێشەکیی کتێبەکەش بە وردی ڕوونم

کردووەتەوە بۆچی ئەم وشەیەم لە جیاتی «داڕشت»، «بونیاد»، یان «بنەما» پێ باشتر و درووستتر بووە.

بە کورتی، وەرگێڕ ناچارەکی زماننناس نییە، بەڵام دەشێت زمان باش بناسێت و بۆ بەهێزکردنی زمانی زگماک هەوڵ بدات. هەڵبەت ئەوە کاتێک ڕاستە وەرگێڕ لە زمانی بیانییەوە بۆ سەر زمانی خۆی دەق وەربگێڕێت؛ ئەگەر بێت و لە زمانی زگماکی خۆیەوە بابەت بکاتە زمانی بیانی، ئیتر پێویست ناکات چاوەڕوانیی ئەوەی لێ بکەین بە وەرگێڕانی خۆی زمانە بیانییەکە بەهێز و زەنگین بکات، ئەوەندە نەبێت دەشێت وەرگێڕانەکەی پاراو و دروست و پشت ئەستوور بە واتا و فۆڕمی دەقی زمانی سەرچاوە بێت.

لێرەدا، وەکوو نموونە، سەرنجی خوێنەر بۆ ئەم شیعرە بەناوبانگەی شەفیعی کەدکەنی، شاعیری هاوچەرخی فارس، دوو دەقی وەرگێڕدراوی بۆ کوردی ڕادەکێشم و بانگهێشتی دەکەم بۆ بەروارکردنی نێوانیان:

**حسرت نبرم به خواب آن مرداب / کارام درون دشت شب خفته‌ست**
**دریایم و نیست باکم از توفان / دریا همه عمر خوابش آشفته‌ست.**

**قەت خۆزگە نەخوازم بە خەوی زۆنگاوێ / وا کڕ خەوی لێ کەوتووە لەو دەشتی شەوە**
**زەریام و چ نیمە باکی تۆف و باهۆز / زەریا هەموو ژینی پڕی ئاڵۆزە خەوە.**
وەرگێڕ: عەبدولخالق یەعقووبی

**ئێرەیی نابەم بە ئەو زەلکاوەی/ لە کۆشی خەودا کش و مات ماوە /**
**زەریام و باکم لە تۆفان نییە / زەریا عومرێکە خەوی شێواوە/**
وەرگێڕ: جەلال مەلەکشا

**• نیازی سەرەکی شەقامی کوردی چییە کە دەبێ وەرگێڕی کورد خۆی پێوە ماندوو بکا؟**

- عەبدولخالق یەعقووبی: وەرگێڕان پتر ئاراستەیەکی کولتوورییە، واتە دەوری دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان کولتووری گەلاندا دەگێڕێت. ئێمە ئەگەر بخوازین ئاگاداری بارودۆخی ئەدەبیاتی، بۆ نموونە، ڕۆژاوا بین، ناچارین ئەو ئەدەبە وەربگێڕین، چونکی زۆرینەی شەقامی کوردی، وەک تۆ دەڵێی، ناتوانێت بە زمانی

یەکەم بیانخوێنێتەوە. بەڵام دەستنیشانکردنی ئەو نیازە کارێکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی پلان دانەر و سیاسەت داڕێژی فەرهەنگیی وڵاتێکن، کە دیارە ئێمە نیمانە.

بەڵام من، وەکوو وەرگێڕێکی کورد، بەش بە حاڵی خۆم، لەمێژە هەستم بەوە کردووە کۆمەڵگەی کوردی لە بواری ڕەخنە و تیۆری بەگشتی و ڕەخنەی ئەدەبیدا بەتایبەتی پێویستی بە سەرچاوەی وەرگێڕدراوی زۆر و باش هەیە. بۆیە لە کۆی ٢٢ کتێبی چاپکراوم، ٥ کتێبم وەرگێران لە بواری ڕەخنە و تیۆریی ئەدەبیدا بوونە. هۆیەکەیشی دەگەڕێنمەوە بۆ سەر سێ خاڵ: یەکەم، عەقڵانییەتی ڕەخنە بۆ هەموو کۆمەڵگایەک هۆکارێکی بنەڕەتییە بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتنی ئەو کۆمەڵگایە، بەتایبەت لە بواری پەیوەندیی مرۆیی و پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەدا، ئەو دوو ئەسڵەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی لە غیابێکی کوشندە دان.

**دووهەم:** تیۆری و ڕەخنە لە نێو گوتاری ئەدەبیدا ئامێرێکی بەهێز و بەکەڵک بۆ شرۆڤەکردنی دەقی ئەدەبین. ئەدەبی کوردی پێویستی بەو ئامێرە هەیە بۆ ئەوەی ڕەخنە لە کۆمەڵگەی کوردی وەکوو هەوێنی ڕووناکبیری و لێکتێگەیشتن پتر جێی خۆی بکاتەوە.

**سێهەم:** ئەو زمانەی لە تیۆری و ڕەخنەدا پێی دەنووسرێت یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی زمانی نووسینی کوردی لە دۆخی پەخشانلاوی بوون بێتە دەرەوە، واتە زمانێک بێت پشت ئەستوور بە چەمکی مەعریفی و هزری بۆ شیکردنەوە و خوێندنەوەی وردی دەق.

هەڵبەت ئەو بۆچوونە تاکەکەسییەی من واتای ئەوە نییە ئێمە پێویستمان بە وەرگێڕانی ژانرەکانی تر نییە یان کەم هەیە. وەرگێڕان لە بواری ڕۆمان و کورتەچیرۆک و شانۆنامە و هتدیش بێگومان کولتوور و ئەدەب و زمانی کوردی زەنگینتر دەکات. بەڵام مەرجی سەرەکی ئەوەیە ئەو وەرگێڕانانە شارەزایانە و وردبینانە بن، ئەگینا لێکەوتەی پێچەوانەی بە دوادا دێت. لە ڕوانگەی منەوە، ئەدەبیاتی کوردی بە بزاڤێکی بەهێز و بەردەوامی وەرگێڕان دەتوانێت پتر و زووتر خۆی نۆژەن بکاتەوە و لە سەر دۆخی کولتووری و عەقڵانیی کۆمەڵگەی کوردی کاریگەرتر بێت. هەڵبەت با ئەوەشمان لە بیر بێت ئەو کاریگەرییە پێویستی بە کاتە، بەڵام دڵنیام سەدەیەک کاری وەرگێڕانی باش دەتوانێت بۆ دوو سەدە هزر و مەعریفەی کوردی بەرەو پێش ببات. پێچەوانەکەیشی ڕاستە؛ واتە، سەدەیەک کارنەکردن یان کاری شیاو نەکردن لە بواری وەرگێڕاندا دووسەدە فیکر و عەقڵانییەتی کۆمەڵگاکەمان بەرەو دواوە دەبات.

**پرۆفایل: عەبدولخالق یەعقووبی:**

- ساڵی ١٩٩٧ بەکالۆریۆسی لە زمانی ئینگلیزی بەشی ئادابی زانکۆی تەوریز لە ئێران تەواو کردووە.

- ساڵی ٢٠١٠ ماستەری کۆمەڵناسیی (بەزمانی ئینگلیزی) زانکۆی کوردستان-هەولێر بە باڵاترین پلە لە بەشی کۆمەڵناسیی وەدەست هێناوە.

- لە ساڵی ٢٠٠٨-وە مامۆستای یارمەتیدەر بووە لە زانکۆی جیهان، زانکۆی ئیشق، و زانکۆی سابیس، زانکۆی نۆلج، و زانکۆی نێودەوڵەتیی هەولێر و وانەی میتۆدۆلۆژیی زانستی، کوردۆلۆجی، و ڕەخنەی مۆدێرنی گوتووەتەوە.

- تا ئێستا خاوەنی ١٨ کتێبی چاپکراو و دەیان وتاری بڵاوکراوەیە و لە دەیان کۆنفرانسی نێوخۆیی و نیزیکەی پێنج کۆنفرانسی نێودەولەتی بە پێشکەشکردنی وتار بە زمانی کوردی و ئینگلیزی بەشداریم کردووە.

- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان و ئەندامی ڕێکخراوی پێنی جیهانیی.

- بوارەکانی کاری زانستی بریتی بوونە لە: ڕەخنەی ئەدەبی، تیۆریی وەرگێڕان، ئەدەبیاتی پۆست کۆلۆنیالیزم، کولتوور، دیموکراسی، ناسیونالیزم، و کۆمەڵی مەدەنی.

- کتێبە چاپکراوەکان:

- بەرهەمە چاپکراوەکانی عەبدولخالق یەعقووبی، ڕەخنەکاری ئەدەبی و وەرگێڕ:

- یەعقووبی، عەبدولخالق. (٢٠٢٤). چشتێک لەچەشنی شیعر (بەرگی یەکەم)، کۆمەڵەوتاری ڕەخنەیی لەسەر شیعری هاوچەرخی کوردی. سلێمانی: ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ.

- یەعقووبی، عەبدولخالق. (٢٠٢٣). نیشتمانی شێرکۆ بێکەس و دەربەندی خۆشەویستی. سلێمانی: ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ.

- پاسمۆر، کەڤن. (٢٠٢٣). فاشیزم، پێشەکییەکی زۆر کورت. وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. سلێمانی: دەزگای جەمال عیرفان.

- دیکسۆن، تۆماس. (٢٠٢٢). زانست و دین، پێشەکییەکی زۆر کورت. وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. سلێمانی: دەزگای جەمال عیرفان.

-.بەهرام بەگی، لەیلا. (٢٠٢١). دونیای ئاڵا (شیعر بۆ منداڵان). وەرگێڕ بۆ ئینگلیزی: عەبدولخالق یەعقووبی. سنە: چاپخانەی مادیار.

- کالر، جاناتان. (٢٠٢١). تیۆریی ئەدەبی، پێشەکییەکی زۆر کورت. وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. سلێمانی: دەزگای جەمال عیرفان.

- یەعقووبی، عەبدولخالق. (٢٠٢١). نالی: ئاشنای سیرڕی قەڵەم. سلێمانی: ناوەندی ڕەهەند و ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ.

- بلەیک، ویلیام. (٢٠١٩). سیپارەی سترانە ئاشقانەکانی ویلیام بلەیک. وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

- شێخولئیسلامی، جەعفەر. (٢٠١٨). زمانی کوردی لە ئێران: دانپێدانانی سنووردار و چاوەدێریکراو.

تۆژینەوەی زانستی. وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. هەولێر: ئەکادیمیای کوردی.
– بێرتێنز، هانز. (٢٠١٥). بنەماکانی تیۆریی ئەدەبی. وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. سلێمانی: دەزگای سەردەم.
– ئیگڵتن، تێری. چاپی یەکەم (٢٠١٥)، چاپی دووهەم (٢٠٢١). واتای ژیان. پێشەکییەکی زۆر کورت. وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. چاپی یەکەم: هەولێر: ماڵی وەفایی. چاپی دووهەم: سلێمانی: دەزگای جەمال عیرفان.
– شێکسپیر، ویلیام. (٢٠١٤). چلچرای غەزەلە ئاشقانەکانی شێکسپیر. شیعری جیهان. وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. تاران: چاپەمەنیی مانگ.
– ماریۆ ڤارگاس، یۆسا. (٢٠١٢). کێ پالۆمینۆ مۆلرۆی کوشت؟ ڕۆمان. وەرگێڕ لە فارسییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکوریانی.
– یەعقووبی، عەبدولخالق. (٢٠١٠). دیالۆگ و داهێنان. کۆمەڵە وتوێژی ئەدەبی و هزری. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکوریانی.
– ئێلخانیزادە، سوارە. (٢٠٠٨). زەمزەمەی زوڵاڵ. سەرجەمی بەرهەمەکانی سوارە. کۆکردنەوە و ڕێکخستنیی: عەبدولخالق یەعقووبی. هەولێر: دەزگای ئاراس.
– یەعقووبی، عەبدولخالق. (٢٠٠٨). لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبیات. کۆمەڵەوتاری ئەدەبی و ڕەخنەیی. هەولێر: دەزگای ئاراس.
– ئیگلتن، تێڕی. (٢٠٠٨). مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی. وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. هەولێر: دەزگای ئاراس.
–. برێسلێر، چارلز. چاپی یەکەم (٢٠٠٢)، چاپی دووهەم (٢٠٠٧). ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی. وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. هەولێر: دەزگای ئاراس.
– شێکسپیر، ویلیام. چاپی یەکەم (٢٠٠٦)، چاپی دووهەم (٢٠٠٧). مەکبێس. شانۆنامە. وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. هەولێر: دەزگای ئاراس.
– وێبێستر، ڕاجێر. (٢٠٠٦). تۆژینەوەی تیۆریی ئەدەبی: پێناسەیەکی پوخت. وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکوریانی.
– ئینیاتسیۆ، سیلۆنێ. چاپی یەکەم (٢٠٠٥)، چاپی دووهەم (٢٠١٧). ڕێبازی دیکتاتۆرەکان. ڕۆمان–شانۆ. وەرگێڕ لە فارسییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی. سلێمانی: دەزگای سەردەم.
– یەعقووبی، عەبدولخالق. (٢٠٠٥). دەنگی بلوورینی دەق. کۆمەڵەوتاری ڕەخنەیی. سلێمانی: چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی.

# وەرگێڕان و بەرپرسیارێتی

جەبار عوسمان

بەرپرسیارێتی وەرگێڕان لەوەدایە، وەرگێڕ بتوانێت ناوەڕۆکی ئەوە دەقە وەک خۆی بگەیەنێت و بەمتمانەوە هەموو لایەنەکانی لەپڕوسەی وەرگێڕاندا بەرجەستە بکات، هەروەک چۆن زمان بە پێی بەکارهێنانی لە بوارەکاندا جیاوازە، ئاواش پرۆسەی وەرگێڕان  بە پێی جۆرو بابەتی دەقەکان جودایە و هاوشێوەی ئەو پۆلینکارییەی زمانە لە ڕووی بەکارهێنانی لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا.

ئەگەر زمان  بۆ خۆی وەک ئەو پیناسە سادەیەی کە دەڵێت: (زمان هۆیەکە بۆ گواستنەوەی بیرو هەست و نەست و پەیامی مرۆڤەکان بەیەکدی) ئەوا ئەستەمە بتوانین هەموو بەکارهێنانەکانی زمان،  لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا لەم پێناسەیەدا کۆبکەینەوە، ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی تەواو و گشتگیر بۆ زمان بکەین ئەستەمە بتوانین هەموو بەکار هێنانەکانی زمان، لەپێناسەیەکی گشتگیردا کۆبکەینەوە، چونکە زمانیش سیستەمێکی ئاڵۆزە و بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی دیارکراودا دەناسرێتەوە و مەحکومە بە سروشتی عەقڵ و مێشک،  دواتر ئەم زمانە چەندان دیاردەی گریمانکراو دەستنیشان دەکات، پاشان بونیادی دەربڕینە زمانییە هەمەجۆرەکان دیاردەکات. کە لەودیو هەموو ئەزموونێکەوەیە، هەروەها زمان بە پێی چۆنییەتی بەکارهێنانی لە بوارە جیاوازەکانی مرۆڤایەتیدا دەتوانێت پێناسەی خۆی بکات و پێویستی خۆی دیار بکات،  ئەگەرنا، بە پێچەوانەی ئەمەوە لە بەکارهێنانی ئاساییدا کاتێک لەبارەی زمانەوە قسە دەکەین، پێمانوایە زمان هیچ نییە، جگەلە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، واتە خاسیەتێکە کە ئەندامانی کۆمەڵێک تێیدا هاوبەشن،  بەڵام زۆرێک لە سەرچاوە زانستییەکان هەوڵیانداوە کە چەندان پێناسەی جودا بۆ زمان بکەن بە ئومێدی ئەوەی بتوانن لە پێناسەیەکی گشتگیردا کۆی بکەنەوە، لەبەر ئەوە پێناسەی زمان بەپێی سەرچاوە زانستییەکان چەندان ڕەهەندی جیاوازی  لەخۆ گرتووە، هەربۆیە وەرگێڕان هاوشێوەی جۆری ئەو زمانەیە کە بەپێی بەکارهێنانی لەبوارەکاندا بەکار دەبرێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر شیکارێکی کورت بۆبەکارهێنانی زمان بکەین ئەوا باشتر لەوە تێدەگەین کە

چۆن لە کاری وەرگێڕاندا بتوانین زمان ڕۆڵی گەیاندنی پەیام و خواستی ئەو دەقە بگەیەنێت کە لەدەقی سەرەکی یان خودی نووسەرەکەوە سەرچاوەی هەیە .

بەکارهێنانەکانی زمان بەپێی جۆرو ژینگەو ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەگۆڕێت و لە ڕووی بەکارهێنانییەوە بەپێی پێویستی گەشەی خۆی دەکات، هەتا بتوانێت وەک پێویست خواست و پەیامە فرەڕەهەندەکان وەک خۆی بگەیەنێت، هەر بۆیە ئەو زمانە سادەیەی کە ڕۆژانە مرۆڤ لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاری دەهێنرێت، تەواو جیاوازە لە بوارەکانی تر، بۆ نموونە زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا لە ئاستێکی تەواو سادە و ساکاردایەو مەبەست لێی تەنها گەیاندنی پەیامی کەسەکانە بەیەکتر بۆ تێگەیشتن و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان، بەڵام لەپرۆسەی وەرگێڕاندا تەنها ئەوە بەس نییە پەیامەکان وەک خۆی بگات، بەڵکو زمان بۆخۆی پێکهاتەیە لە ئیدیۆم بەپێی خەسڵەت و جۆری پێکهاتەی زمانە جیاوازەکان گوزارشت لە مەبەست و ئەزمونێک دەکات، هەڵبەت گەیاندنی ئیدۆم لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر تەواو جودایە، هەربۆیە پێویستە کەسی وەرگێڕ ئەزموون و شارەزاییەکی تەواوی لە هەردوو ئەو زمانەدا هەبێت کە کاری وەرگێڕانی تێدا دەکات، هەروەها ئەزموونی تەواوی لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو دوو زمانەدا هەبێت، کە کاری وەرگێرانی تێدا دەکات لێرەوە دەمەوێت نموونەیەک بهێنمەوە کە پەیوەندی بە ئیدۆمەوە هەیە و هەندێکجار بۆتە گرفتێکی زۆر گەورە لەلایەن ئەو کەسانەی ئەزموونی تەواویان لە هەردوو زمانەکەدا نییەو وەرگێڕانی هەڵە بۆ ئیدیۆمەکان دەکەن ، بۆنموونە: ئەگەر لە زمانی کوردیدا بۆ گەیاندنی مەبەستێک بمانەوێت بڵێین: (بۆ ڕیش چووم سمێڵیشم دایە بانی) ئەم ئیدیۆمە لە زمانی کوردیدا تەواو مانادارە و هەموو کەسێک لێی تێدەگات، خۆ ئەگەر هەمان ئیدیۆم لەوەک خۆی وەربگێرینە سەرزمانێکی وەک زمانی ئەڵمانی بەدڵنیاییەوە ناتەوانرێت ئەو مانایە ببەخشێت و لای خوێنەرێکی ئەڵمانی ئاشنا نییە و هیچ مانایەکی تەواوی وەک خۆی نابەخشێت، هەربۆیە ئەوان لە ناو زمانی خۆیاندا شێوازێکی ئیدیۆمی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە هەمان مانا لە ئیدۆمێکدا دەگەیەنێت بۆ نموونە دەکرێت لەبری ئیدۆمە کوردییەکە بڵێین:

(لەترسی بارانەکە ڕامکرد کەوتمە ناو قوڕاوەکەوە) . ئەم دێڕە بەسە بوو بۆ ئەوەی مانای تەواو لە زمانەکی تردا بەرجەستە بکات، هەر بۆیە وەرگێڕان کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە کە هەموو کەسێک بە ئەزموونێکی کەمەوە بتوانێت کاری تێدا بکات .

بەدەر لەوەرگێڕانی بواری کۆمەڵایەتی  و یاسایی و بوارەکانی تر، ئەوەی جێگەی گرنگی و بایەخ پێدانە وەرگێڕانە لە بواری ئەدەبیدا، کە بۆ خۆی تایبەتمەندی خۆی هەیە بەهۆی ئەو زمانە ئەدەبییەی کە دەکرێت بەتەواوی جودای بکەینەوە لە هەموو بوارەکانی تر، هەڵبەت زمانی ئەدەبی بۆ خۆی خاوەنی خەسڵەتگەلێکی تایبەت و فرەڕەهەندە، کە دەکرێت بە تەواوی گوزارشت لەناخ و ڕۆحی مرۆڤدا بکات، بەهۆی ئەوەی ئەدەب زادەی بیرو خەیاڵە و لە ڕووی ئەنتۆلۆجییەوە پێویستە زمان بەرجەستەی بوونی هەست و خەیاڵ و ڕۆحی مرۆڤ بکات ، ئەستەمە وەرگێڕێک ئەگەر ئەزموونێکی فراوانی لەبواری ئەدەبدا نەبێت، بتوانێت لە بواری وەرگێڕانی ئەدەبیدا سەرکەوتوو بێت. هەر بۆیە ئەدەب ئەو بوارە گرنگەیە، کە ناکرێت هەموو کەسێک لە بواری وەرگێڕاندا خۆی لە قەرەی بدات، ئەگەر کەمێک لەزمانی ئەدەبی ورد ببینەوە ئەوا تێدەگەین کە وەرگێڕان لەو بوارەدا چەند ئەرکێکی گرنگ و بەرپرسیارێتییە، بەتایبەت وەرگێڕانی دەقی شیعری کە بۆخۆی خاوەنی زمانێکی چڕو فرەڕەهەندە و لەناو وێنەی شیعریدا هاوشێوەی زمانی فەلسەفە بە چەندان ڕەهەندی مەعریفی جودا بارگاوییە و ماناداره و دەکرێت لە چەندان گۆشەنیگاوە مانای پێبدەین، ناکرێت بە شێوازێکی ڕووکەشییانە وەرگێڕان بکرێت بۆ سەر زمانێکی تر، ئەگەر وەرگێڕ بە ئەزموون نەبێت لەبواری زمانی شیعریدا، هەرگیز ناتوانێت تایبەتمەندی و ڕەهەند و ماناجیاوازەکانی ئەو دەقە وەک خۆی بگەیەنێت یان چۆن دەتوانێت لە ڕووی وێنەی شیعری و شیعرییەتەوە هەمان هەست و نەستی شاعیر لەوەرگێڕاندا بەرجەستە بکات.

بە بڕوای من زۆر کەمن ئەو وەرگێڕانەی کە بتوانن دەقی شیعری لەناو فۆڕمێکی شیعری وەک و خۆی بۆ زمانێکی دی وەرگێڕن بەپێی ئەوەی

شیعر لەناو ڕۆح و هەست و نەستی ئەو شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێت و خۆی لەو زمانەدا بەرجەستە دەکات، کە زمانی دایکە و بە تەواوی ئاوێتەی ڕۆحی نووسەرەکەیەتی، لێرەدا دەمەوێت لەسەر زمانی دایک کەمێک بوەستم، هەڵبەت زمانی دایک هەر لەمنداڵییەوە ئاشنایە بە ڕۆح و هەست و نەستی مرۆڤ و هەموو وشەیەک بۆ خۆی ئاشانایە بە ڕەهەندە هەستەکییەکانی، لەگەڵ ئەوەی کەسێک جگە لە زمانی دایک ئەگەر چەندان زمانی دیکەی تر بزانێت ئەوا هەموو زمانەکانی تر بە هێندەی زمانی دایک ناتوانێت کاریگەری لە هەست و نەستی مرۆڤ بکات، هەر بۆیە وەرگێڕان لە بواری ئەدەبیدا پێویستە هەموو ڕەهەندە هەستەکییەکان بەرجەستە بکات، هەتا بتوانێت هاوشێوەی زمانی دایک، دەق کاریگەری و خەسڵەتەکانی خۆی لە دەست نەدات. بەدەر لە شیعر ژانرەکانی تری وەک (چیرۆک و ڕۆمان) بۆ خۆی هەمان ئەو خەسڵەتانەی تیا دەبینرێت کە لە زمانی شیعریدا بوونی هەیە، زمانی ئەدەب بۆ خۆی تەواو جودایە لە هەموو بوارەکانی تر بەپێی ئەوەی ئەدەب تەواو گوزارشت کردنە لە خەیاڵی مرۆڤ و هاوشێوەی خەیاڵ دەکشێت و دەوڵەمەندترە لە هەموو ئەو زمانانەی کە لە بوارەکانی تردا بەکار دەبرێت .

ئەوەی جێگەی باسە، وەرگێڕان لە باشوری کوردوستاندا وەک پێویست نەیتوانیوە سەرکەوتوانە کاری خۆی بکات، بەتایبەت لە بوارەکانی ئەدەبدا، هەندێک وەرگێڕ بەهۆی ئەوەی لە ڕێگای جوداوە فێری زمانێک بوون و هیچ ئەزموون شارەزاییەکیان لە بواری ئەدەبدا نییە، وەک کاری بازرگانی کاری وەرگێڕان بۆ دەقە ئەدەبییەکان دەکەن و پابەند نین بە خەسڵەت و ڕەهەندە جیاوازەکانی دەقی بیگانەکانەوە، بوونەتە هۆکارێک بۆ شێواندن و تێکدانی دەقە ئەدەبی و فەلسەفییەکان، ئەمەش بۆ خۆی بەرپرسیارییەتێکی گەورەیە لە ئەستۆی وەرگێڕاندا .

**پرۆفایل: جەبار عوسمان**

- ساڵی ١٩٧٠ لەشاری سلێمانی لەدایک بووە،
- پسپۆری لە سایکۆلۆجیای گشتی و پاراسایکۆلۆجیدا هەیە و شارەزای بواری فەلسەفە و ڕەخنەی ئەدەبییە.
- بەرهەمە چاپکراوەکانی بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. هێزە لە ڕادەبەدەرەکان چوارکتێب لەبەرگێکدا .. سلیکۆلۆجیاو پاراسایکۆلۆجی
٢. گەڕانەوە بۆ هەسارەی زەوی .. ڕۆمانی ئەندێشەی زانستی
٣. سیسەمی خوێناوی .. ڕۆما
٤. پیاوە قامچی بەدەستەکە .. ڕۆمان
٥. سەمای یەسنا لەئاگردا .. ڕۆمان .
٦. بەفرو خوێن .. ڕۆمان
٧. بکوژەکەی سەرۆک .. ڕۆمان
٨. تارین .. ڕۆمان
٩. زمانی جادوویی .. لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

# له بواری هونەری وەرگێڕاندا
# مخابن ئەوە لێرە نییەو پاشاگەردانییە

خالید فاتیحی

هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەدەبی کوردی، وەرگێڕانیش وەک پرۆسەیەکی کاریگەر و سوود وەرگرتن لە ئەدەب و زانست و... گەلان ئاوڕ لە وەرگێڕانیش دراوەتەوە. ئاخر بەهۆی وەرگێڕانەوە دەتوانین سوود لە زمان و کولتوورو ژانرەکانی دیکەش وەربگیردرێ. بەڵام قۆناغی مێژووی کوردی کە پڕ بووە لە چەوسانەوە و ئاستەنگ و دژایەتی زمانی کوردی، ئەویش بەهۆی نەبوونی کیانی سەربەخۆیی خۆیەوە نەیتوانیوە وەکو پێویست نە بەرهەمی نووسەرانی خۆی بۆ زمانەکانی دونیای وەربگێڕێ و نە وەکو پێویستیش سوود لە ئەزموون و شاکاری جیهانی وەربگرێ. دەکرێ بڵێین لە ساڵانی حەفتاکان و بەتایبەتیش لە ساڵانی هەشتاکانەوە نووسەرانی کورد دەستییان کرد بە وەرگێڕانی بەرهەمی نووسەرانی ناوداری جیهانی و چەندان شاکاری ئەدەبی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدران.

بەڵام لەدوای راپەڕینەمەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ و هاتنەکایەی فەزایەکی ئازادتر و گەشانەوەی ژیانی ئابووری خەڵک، دەریچەیەکی گەورە بە ڕووی دنیای نووسین و وەرگێڕانیشدا کرایەوە، دەیان و سەدان نووسین لە هەموو بوارەکاندا وەرگێڕدرانە سەر زمانی کوردی بێگومان ئەوە جێگەی دڵخۆشی بوو، وەلێ مخابن لەو سۆنگەیەشەوە کۆمەڵێک بابەتی کرچ و کاڵ هاتنە ناو کتێبخانەی کوردییەوە.

خۆم گەورەترین ئاستەنگ لەو بوارەدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری دەبینم، بۆ؟ لەبەرئەوەی وەزارەتی رۆشنبیری تەنیا کاری ئەوە بووە ژمارەی سپاردن بدات، بێ ئەوەی بابەتەکە بخوێنێتەوە و لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی هەڵی بسەنگێنێ ژمارەی سپاردن دەدات بە نووسەر. ئاخر لە هەموو دنیادا جێگەیەک هەیە بۆ بەراورد کردن و هەڵسەنگاندن دەبێ لیژنەیەکی پسپۆڕ هەبێ بۆ تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتەی وەرگێڕدراوە، هەم لە بواری هونەری وەرگێڕان و هەم لە بواری ئەوەی ئەو کتێبە چ خزمەتێک بە خوێنەرو کتێبخانەی کوردی دەکات، مخابن ئەوە لێرە نییەو پاشاگەردانییە. لێرەدا مەبەستم لە سانسۆر، سانسۆر لەسەر زمان و هونەری وەرگێڕانە، دەنا بە هەموو شێوەیەک دژی ئەوەم سانسۆر لەسەر بیری و ئایدایای نووسەر هەبێت.

بەخۆشحاڵییەوە دەکرێ بڵێین کۆمەڵێک وەرگێڕی زۆر باشمان هەن کە لە هەموو زمانەکانەوە بابەت وەردەگێڕن، لێرەشدا دەکرێ بڵێین هەماهەنگییەک

لە نێوان وەرگێڕەکاندا هەیە ئەوەش ڕێگا بۆ ئەوە خۆش دەکات کە بنەمایەکی هاوبەش و لێکتێگەیشتنیک هەبێ لە وەرگێڕاندا. بەداخەوە هەندێک وەرگێڕ پەندو ئیدیۆم وەردەگێڕن، کە ئەوە هیچ ڕاست نییە، چونکە کاتێک پەندێک یان ئیدیۆمێک وەربگێڕی شتێکی سەیروسەمەرەی لێدەردەچێ، بەڵکو دەبێ بەرامبەرە کوردییەکەی بۆ وەبینی. بۆ نموونە لە زمانی فارسییدا (مرد حسابی) هەیە کابرا کردوویەتی بە پیاوی ژمێریاری، ڕاستییەکەی کوڕی باش یان پیاوی باش. چونکە کابرا (مرد)ە کەی کردووە بە پیاو (حسابی)یەکەشی کردۆتەوە ژمێریاری ڕێک وەرگێڕانی وشە بە وشە.

زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەندە وەلی مخابن وەکو پێویست خزمەتی نەکراوە، گەلێکی وەکو فارس هەزاران ساڵە خاوەن کیانە و خزمەت دەکرێ، کەچی دەبینین زمانەکە پڕیەتی لە وشەی بێگانە، خۆ ئەگەر وشە بێگانەکان دەربهێنین زمانی فارسی ڕەق و ڕووت دەمێنێتەوە. بۆیە دەبینین زمانی کوردی لە چاو زمانی فارسی گەلێک دەوڵەمەندترە بە تایبەت لە ڕوویی کشتوکاڵی ئاژەڵدارییەوە. کورد بۆ هەموو نێر و مێیەک لە ئاژەڵ و پەلەوەردا ناوی تایەتی خۆی هەیە بۆ نێر و مێ، بەڵام لە فارسیدا وانییە، لە فارسیدا تەنیا بە (نر) و (مادە) جیا کراونەوە. (مەڕ) مێ (بەران) نێر. بێچووەکانی: بەرخ، کاوڕ، شەک. بەپێی قۆناغەکانی گەشەکردنی ناوەکانیان دەگۆڕێن. جا ئەوە بۆ ئاژەڵەکانی دیکەش هەروایە.

ئەوەی جێگەی نیگەرانییە هەندێک دامودەزگا و ناوەندی ڕاگەیاندن لە خۆیانەوە وشە دادەنێن و وشە دادەتاشن، لە کاتێکدا بۆ ئەو مەبەستە ئەوە کاری ئەکادیمیای زمانە ئەو کارە بکات.

**پرۆفایل: خالید فاتیحی**

- لە ساڵی ١٩٦٤ی زاینی لە گوندی چەکۆی سەر بە شارستانی سەردەشت لە دایک بووە.
- بەهۆی بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەم کە باوکم مەلا عەبدولڕەحمانی فاتیحی کاری سیاسی دەکرد لە ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ماوەیەک لەلایەن رژێمی پاشایەتی زیندانی دەکرێ و دوای ماوەیەک ئازاد دەکرێ, بەڵام هەر لە ژێر چاودێری و هەڕەشەدا دەبێ, بۆیە بە ناچاری سنوورە دەستکردەکە دەبڕێ و دێتە گوندی زێوکەی دەڤەری پشدەر لە کوردستانی باشوور. بەردەوام ماڵ بەکۆڵ بووین و گەرمێن کوێستانمان کردووە. تا پۆلی دووەمی ناوەندیم خوێندەوە هەروەها لەلای باوکم دەرسی قورئان و گولستانی سەعدیم خوێندووە.

– لەسەرەتای هەشتاکانەوە دەستی کردووە بە نووسین و زۆربەی شیعرو نووسینەکانی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردونەوە.
– لەساڵی ١٩٩٥وە دەستی کردووە بە کاری وەرگێڕان و تا ئێستا بیست و نۆ کتێبی بڵاوکراوەم هەیە. سیَ کتێبیشم ئامادەی چاپن.
– سەرەڕای بڵاوکردنەوەی سەدان بابەتی ئەدەبی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا. تا ئێستاش خەریکی کاری وەرگێڕانە.

# لە ڕوانگەی جیهانییەوە بەراوردی وەرگێڕان بکەین لەگەڵ میللەتان ئەوە زۆر لە دواوەین

باهۆز مستەفا

پرۆسەی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستاندا هەنووکە گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، لە هەردوو بەشی بابەتە زانستییەکان و بابەتی ئەدەبی و مرۆڤاتییەکان، کۆمەڵێک بەرهەمی جۆراوجۆر کراونەتە کوردی، ئەم کارانەش پرۆژەی تاکەکەسی و دەزگایی سەربەخۆن، کەمتر حکومی و دامودەزگای فەرمین، چونکە وەرگێڕان هونەر و زانستە، واتە وەرگێڕان کارێکی تا ڕادەیەک پەیوەندی بە چێژی تایبەتی و گشتی و مۆرالی سەردەمەکەوە هەیە.

خۆزگە ئەو شەپۆلە هەر زوو لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١وە دەستی پێدەکرد، چونکە ئەو کات کەشوهەوایەکی تازە دروست ببوو، ئازادیی جێگای دیکتاتۆریەتی گرتببووە، چاپکردن و بڵاوکردنەوە سانسۆری لەسەر نەمابوو، بەڵام بەهۆی ئامادە نەبوونی عەقلیەتی خۆدروست کردنەوە، خۆپەروەردە کردن لەڕێگای وەرگێڕانی ئەزموونی سەرکەوتووی میللەتانەوە، نەبوونی کەسانی شارەزا (بە مانا تەواوەکەی) لەو سەردەمەدا نەتوانرا ئەو کارە بکرێت، هەرچەندە کاری وەرگێڕان کراوە وانەبێ نەکرابێ، کە دواتر دێمە سەری، بەڵام وەک دوای دوو هەزارەکان نەبووە، هەروەها هۆکاری شەڕی نەگریسی ناوەخۆ دووبارە تاریکی و نەزانی باڵی بەسەر ئەدەب بەگشتی و وەرگێڕان بەتایبەتی کێشایەوە.

وەک کورد لە ڕوانگەی پێگەیشتن و پەرەسەندنی کۆمەڵی کوردەواری پرۆسەی وەرگێڕان زۆر بە گرنگ و باش دەبینم، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی جیهانییەوە سەیری بکەیت و لەگەڵ میللەتان بەراوردی بکەیت ئەوە زۆر لە دواوەین، چونکە هیچ بەرنامە و سیستمێکی ڕێکوپێک نییە بۆ ئەم پرۆسەیە، هیچ لیژنە و فیلتەرێک نییە بۆ چاودێری کردنی بەرهەمی وەرگێڕدراو، کە ئایا ئەو بەرهەمە لە ڕووی زمانەوەنییەوە، لە ڕووی فکر و فەلسەفەوە ....هتد چەند لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی یەک دەگرێتەوە، ئەمە لەناو هەموو وڵات و نەتەوەکانی دیکەدا هەیە پەیوەندی بە سنووردارکردنی ئازادییەوە نییە، بۆ نموونە لە ئەڵمانیا هەر نووسراو و کتێبێک بۆنی نازیەتی لێ بێت قەدەغەیە و سزای خۆی هەیە. هیچ کتێبێک بەبێ ئیدیتەر تێناپەڕێت دەبێ لەڕووی ڕێنووس و زمانەوانیەوە پاراو بێ هەڵە و ئەو ستاندەرە بێت کە دەوڵەت پەسندی کردووە.

هەروەها زۆرجار بەرهەمێک دووجار و سێجار دەکرێتە کوردی، ئەگەر سیاسەتێکی دیارکراو هەبووایە، یان هەبێ بۆ پرۆسەی وەرگێڕان، ئەو کات ئامارێک لەبەردەستدا دەبوو بۆ ئەو بەرهەم و کتێبانەی کراونەتە کوردی، پێویستی نەدەکرد چەندان جار یەک بەرهەم بکرێتە کوردی، جگە لەمە دەکرا لیستێک دروست بکرێ لەو کتێبانەی کە زۆر پێویستن بۆ وەرگێڕان بۆ هەر بوارێک بۆ نموونە ئەگەر باسی بەشی ئەدەبی بکەین دەبێ لە کتێبە تیۆری و میتۆدە ڕەخنەییەکانەوە دەست پێبکەین، چونکە بەبێ تێگەیشتن لە بنەما تیۆرییەکان داهێنان ناکرێت و نابینە خاوەن ڕوئیا و تێڕوانینی خۆمان.

زۆری بەرهەمە تیۆرییەکان کە کراونەتە کوردی کەمێکیان لێوەرگیراوە، واتە تەواوی بەرهەمەکە وەرنەگێڕدراوە ئەویش لە زمانی دووەمەوە، ئێمە نازانین لە زمانە ڕەسەنەکە بە تەواوەتی چۆنە و چی لێوەرگیراوە. چونکە عەرەب و فارس کە زۆربەی وەرگێڕدراوەکانمان لەو دوو زمانەن، ئەوانەش بەوە ناسراون کە دەستکاری ناوەڕۆکی بەرهەمە ئەوروپی و ڕۆژئاواییەکان دەکەن و لەگەڵ فکر و بیروباوەڕی خۆیان دەیگونجێنن. هەروەها زۆر لە بابەتە مێژووییەکان بە زمانی سەردەمەکەی خۆیان نووسراون، زمانیش گۆڕانی بەسەردادێ و هێما و دەلالەت و نیشانەکانیش دەگۆڕێن وەک زانای زمان (دێ سوسێر ١٨٥٧-١٩١٣) لە تێڕوانینەکانی (سایکرینی و دیاکرۆنی) باسی کردووە. هەروەها شارەزایی لە زار و بنزارە جۆراوجۆرەکان کارێکی زۆر پێویستە و دەبێ وەرگێڕ ئاگاداری بێ.

مێژووی وەرگێڕان زۆر کۆنە و مرۆڤ پێویستی پێ بووە، یەکەم وەرگێڕان لە مێژوودا تەوڕات، یان کتێبی کۆنی یەهوودیی بووە، کە لە عیبرییەوە بۆ زمانی گریکی- هێلینی ٢٤٧ ساڵ پێش زایین وەرگێڕدراوە و ٧٢ وەرگێڕ لە ماوەی ٧٢ ڕۆژ تەواویان کردووە، کە لە ساڵی ١٩٦ی پێش زاییندا لەسەر بەردی ڕۆزێتا (حجر الرشید) بە دوو زمان و سێ ڕێنووس نووسرایەوە: میسری (ئیگیپت)، هیرۆگلۆفین، گریک. ئەو دۆکیومێنتە بووە هۆی ئەوەی ڕێنووسی هیرۆگلۆفین ئاشکرا بکرێت. بەڵام پێش ئەمەش سۆمەرییەکانن کە لەسەر پارچە قوڕ وشەکانیان بە سۆمەری نووسیوە و بەرانبەریشی بە زمانی ئەکەدی نووسراوە(وەیس ٢٨-١٩٨٣) ئینجا ئاشووری و بابلییەکان.

بۆیە وەرگێڕان ڕۆڵێکی گرنگی لە گواستنەوەی زانست و کولتوور لە نێوان نەتەوە جیاوازەکاندا بینیوە. ئەدەبی نووسراو هەر لە سەردەمی ڕۆمەکانەوە گرنگی زۆری پێ دراوە لە گواستنەوەی ئەدەبی گریکییەوە بۆ لاتینی. بەناوبانگترین وەرگێڕی مێژوو: سۆفرۆنیۆس یوسبیۆس جیرۆم (٣٤٧ – ٣٠ی سپتێبەری ٤٢٠ لە بێت لەحمی فەڵەستین کۆچی دوایی کردووە)، کە ئێستا بووەتە ڕۆژی وەرگێڕانی جیهانی. ئەو لەسەر داواکاریی پاپا داماسوس ئینجلی لە گریکی و تەوراتی لە عیبرییەوە کردووەتە لاتینی.

دووبارەی دەکەمەوە وەرگێڕان وەک بوارێک، یان ژانرێکی دیکە پێویست و گرنگە، لە هەموو ڕۆژگارەکان وەرگێڕان پێوستییەکی سەردەمەکەبووە، ڕۆمەکان تەواوی بەرهەمە ئەدەبی و فەلسەفییەکانی گریکییان وەرگێڕایە سەر زمانی لاتینی، لەناو عەرەب لەسەردەمی (خالد بن یزید بن مغاویە) بووە چەند کتێبێکی کیمیاوی و پزیشکی و فەلەکناسییان لە گریکی کرانە غەرەبی، عەباسییەکانیش لەسەردەمی خەلیفە (مەنسور) دەستی پێکرد لەسەردەمی خەلیفە (مائموون) گەیشتە لوتکە بە وەرگێڕان بەغدایان کردە ناوەندێکی گرنگی ڕۆشنبیری، لەگەڵ دامەزراندنی (بیت الحکمە) بەغدا بووە سەنتەری وەرگێڕان و زۆربەی کارە زانستییەکان لە گریکییەوە کرانە عەرەبی، دواتر جارێکی تر لە سەدەی ١٢ و ١٣ لە عەرەبییەوە بۆ لاتینی و ئیسپانی وەرگێڕدرانەوە.

مێژووی وەرگێران بۆ سەر زمانی کوردی دابەش دەبێتە سەر چوار قۆناغ، قۆناغی یەکەم لە (خانەی قوبادی ١٧٠٤-١٧٧٤)وە دەست پێدەکات، کە بە یەکەم وەرگێڕی کورد دادەنرێت بەرهەمەکانی نیزامی (ئەسکەندەر نامە و لەیلە و مەجنون) ی کردووەتە کوردی، ئینجا داهێنانی خۆی کردووە بە زمانی کوردی کە ئەو کات باوی زمانی کوردی نەبووە زۆرتر بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی ئەدەبی کوردی دەنووسران، بۆیە خانای قوبادی شانازی بە خۆی کردووە دەڵێ:

**راستەن مواچان فارسی شەکەرەن، کوردی جەفارسی بەڵ شیرینتەرەن**
**بە لەفز کوردی کورستان تەمام، پێشبوان مەحضوض، باقی (والسلام)**

**قۆناغی دووەم** لە گۆڤاری (هاوار-١٩٣٢) و گۆڤاری (گەلاوێژ ١٩٣٩- ١٩٤٩) کە کۆمەڵێک بابەتی وەرگێڕدراویان تێدا بڵاوکردەوە لە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی و تورکی.

**قۆناغی سێیەم:** لە دوای بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ وە بوو، دوای دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا.

**قۆناغی چوارەم:** دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ وە دەستی پێکرد و تا ئێستا بەردەوامە. بەڵام وەک باسم کرد پێویستمان بە (بیت الحکمە) هەیە تا باشترین و زۆرترین بەرهەم بکرێتە کوردی، ئەوەش بەوە دەکرێت پشتگیری وەرگێڕە شارەزا و بە تواناکان بکرێت و بە دابینکردنی پێویستییەکانی ژیان تا ئەوانیش بتوانن تەواوی کاتەکانیان بۆ وەرگێڕان تەرخان بکەن، نەک دوای تەواوبوونی کاری سەرەکیان، یان هەر بۆ خۆشی حەزیان لە چی بێ و کەی ئارەزوویان لێیبوو دەست بکەن بە وەرگێڕان ، بەڵکوو بەپێچەوانەوە دەبێ وەرگێڕان کاری سەرەکیان بێ و داهاتێکی باشایان دەست بکەوێت بۆ ئەوەی بە سەلیقە و چێژەوە کار بکەن، ئەگینا وەکوو ئێشتا دەبێ لە بیست کتێبخانە پرسیاری کتێبێک بکەیت کەس نازانێت لە کوێ هەیە و کێ کردوویەتی، کەچی لە وڵاتان هەموو کتێبخانەیەک داتایی تایبەتی هەیە و دەزانێ کتێبەکە لە کوێ هەیە و بەردەستە، ئەمە سەرەڕایی ئەوەی ئێستا هەموو ناونیشانێک لە ئینتەرنێت هەیە جا بە پارەبێ، یان بە خۆڕایی.

باشترین ڕێگا بۆ بە سیستمکردنی وەرگێڕان ئەوەیە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ چەند دەزگایەک گرێبەست بکات و پاڵپشتی داراییان بکات، ئەوانیش لەگەڵ وەرگێڕەکان گرێبەست بکەن، تاوەکوو مافی وەرگێڕ مسۆگەر بکرێت، هەروەها بابەتەکان لە ڕووی ڕێنووس و هەڵەگرییەوە ئیدیت بکرێت، لەم حاڵەتەدا حکومەت بەبێ هیچ کێشەیەک دەتوانێ وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی بکات، هەروەها بەرهەمە کوردییەکان بە هەمان ڕێوشوێن وەربگێڕدرێتە سەر زمانەکانی دیکە، هەموو بەرپرسیارەتییەکیش دەکەوێتە سەر ئەو دەزگایەی بەرهەمەکەی بڵاوکردۆتەوە لەڕووی کوالیتی و گەیاندنەوە.

بۆ ئێمەی کورد وەرگێڕان کارێکی زۆر گرنگ و پێویستە، چونکە ئێستاش و پێشتریش ساڵانە هەزاران کتێب وەردەگێڕدرێن، زمانە زیندووەکان، نەتەوە پێشکەوتووەکان بەردەوام بەرهەمی نووسەرانی دیکە وەردەگێڕنە سەر زمانی خۆیان، ئەگەر نموونەیەکی ئاسان وەربگرین زۆرجار ڕۆمانێک لە ڕۆمانەکان دەبینین لەسەری نووسراوە بۆ سەد و پەنجا زمان وەرگێڕدراوە.

کاری وەرگێڕان لە هەموو بەش و کایەکانی دیکەدا دەکرێت بە تایبەتی زانست. بەڵام چۆن؟

وەرگێڕان کارێک نییە تۆ لە شەو و ڕۆژێکدا بڵێیت دەی با خۆم بکەم بە وەرگێڕ، یان بڵێت ئەو ماوەیە بێ کارم با تۆزێ وەرگێڕان بکەم. وەرگێڕان وەک هەر زانستێکی دیکە پێویستی بە زانیاری و ڕۆشنبیری هەیە و هەروەها پێویستی بە زانینی زمان هەیە، جا هەر زمانێک بێت جگە لە زمانی دایک کە دەبێ بە شێوەیەکی ئەکادیمی فێری بووبێ، بۆ ئەوەی زمانێکی دیکە واتە بیانی بە باشی فێربیت، ئەوە دەبێ ماوەیەکی باش خەریکی ئەو زمانە بیت، کە ڕەنگە پێچ بۆ دە ساڵی زیاتریشی پێویست بێت تا بتوانێ خۆت لە قەرەی وەرگێڕانی بابەتی ئەدەبی بە تایبەتی تیۆری ئەدەبی و شیعر بدەیت. هەر وەرگێڕێک چەندین ساڵ لە نێو زمان کاری کردووە، ئینجا گەیشتۆتە ئەوەی بوێرێ خۆی لە قەرەی وەرگێڕان بدات، واتە وەرگێڕ پێشوەختە هێزێکی ئەدەبی و زمانەوانی تێدایە ئەو کاتە دێتە مەیدانەکە.

وەرگێڕان لە دەرەوە بۆتە پیشە وەک هەر پیشەیەکیتر، وەرگێڕی زارەکی و ڕاستەخۆ هەیە لەگەڵ وەرگێڕی تێکست ئەوەش بۆ هەموو بەش و زانستەکان وەک یەکە. دروست بوونی وەرگێڕی باش لە هەموو شوێن و وڵاتێک پەیوەندی بە خودی قوتابییەکە، یان ئەو کەسەوە هەیە، کە لەو بەشە دەخوێنێت، چەندە هەوڵی بۆ دەدات و خۆی بۆ ئامادە دەکات، هەروەتر لە کامە بوار دەیەوەت کاری وەرگێڕان بکات، دەبێ فەرهەنگێکی دەوڵەمەند لەو بوارە و بوارەکانی پەیوەست بەوە لە مێشکیدا دروست بکات.

لە وڵاتاندا بە تایبەتی ڕۆژئاوا، وەرگێڕان کارێکە زۆر گرنگی پێ دەدرێت، هەرکەسێک وەرگێڕان بکات پاداشتێکی باشی هەیە، بۆ هەر جۆرە وەرگێڕانێک بێ زارەکی، یان تێکست و دۆبلاژ، بۆ ناو زمانەکە، یان بە پێچەوانەوە، گرنگییەکەی بۆ

خودی وەرگێڕەکە و بۆ دەزگاکەشە، کە دواجار بە قازانجی نەتەوەکە دەشکێتەوە و بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە.

وەرگێڕ لە دونیادا لە باشترین حاڵەتی ئابووریدایە بە تایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کەمتر تووشی بێ کاریی دەبن، کە لای خۆمان بەرچاومان دەکەوێت. پاشان لەوێ بەهۆی زۆری بەشەکان و بوونی کۆمەڵێک دەمەزراوە و کۆمپانیا دەرفەتی کارکردن زۆرە بۆ وەرگێڕی ڕاستەوخۆ و تێکست، بۆ نموونە دونیایەک دامودەزگای ڕاگەیاندنیان و پەخش و چاپ و بڵاوکردنەوە هەیە، چەندان کۆمپانیای جۆراوجۆر هەن کار لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەی خۆیان دەکەن، ئەوە سەرەڕای پۆلیس و بەشی مانەوەی بێگانە و نەخۆشخانە و هوتێل و فڕۆکەخانە و وێستگەی شەمەندەفەر و ناوەندە ئەکادیمی و وەرزشی و شوێنە تایبەتییەکان کە جیهانی دەرەوە ڕوویان تێدەکات...هتد. بۆیە هەر کەسێک لە هەر بوارێک خاوەن توانابێ زۆر بە ئاسانی دەتوانێ شوێنی کار بۆ خۆی بدۆزێتەوە و کاری تێدا بکات. ئەمە بۆ هەموو بوارەکان گونجاوە.

بۆیە دەبێ پرۆسەی وەرگێڕان کاری لەسەر بکرێ و لیژنەی ئەکادیمی و کەسانی شارەزا و ڕۆشنبیر چاودێری ڕەوشەکە بکەن، ڕێگا لە بەرهەمی کرچوکاڵ و بێ بایەخ بگیرێت و پشتگیری بەرهەمی دانسقە و وەرگێڕی خاوەن ئەزموون بکرێت.

ئەگەر نموونەیەکی سادە وەربگرین وەک (ئینستوتی گۆتە) لە هەولێر و پرسیاری ئەوە لە خۆمان بکەین ئەو سەنتەر بۆچی هاتووە و کاری چییە؟ ئەی قونسلییەی ئەڵمانی لێرە نییە ئەوان چی دەکەن؟ وەڵام: وڵاتی ئەڵمانیا بۆ خزمەتکردنی کولتوری خۆی بە تایبەتی زمان و ئەدەبەکەی جگە لە بوونی ئینستوتی گۆتە لە ١٢٨ دەوڵەت، هاتوونەتە هەرێمی کوردستان کە سێ پارێزگارە، پێنج شەش ملیۆن کەس قسەی پێدەکات، زمانێکی جیهانی و زیندوو نییە لە چاو زمانەکانی دیکە، خوێنەری کەمە، خاوەنی شارستانەیەتێکی دیار و سەردەمیانە نییە، لەڕووی بازرگانی و پیشەسازییەوە پێگەیەکی وای نییە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە زمان و ئەدەبیات لە خۆوە پێش ناکەوێت ئەگەر خزمەت نەکرێت، ئەگەر کاری بۆ نەکەیت.

**پرۆفایل: باهۆز مستەفا**

– ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە.
– ئەندامی یەکیتی رۆژنامەنووسان کوردستان.
– نووسینەکانی لە گۆڤارەکانی ڕامان، گۆڤاری ٢+ ٥، نەوشەفەق، شێوەکاری، دیوان، وانەر، رۆژنامەی خەبات و هەولێر و تاراوگە بڵاوکردۆتەوە.
– سەرۆکی گروپی کولتوری و هونەری هاڤی بۆ چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکانە.
– بەڕێوەبردنی پەنێل لە پێشانگای نێودەوڵەتی فرانکفۆرت، چەندان کۆڕ و سیمنار و چالاکی دیکەی ئەدەبی و هونەری.
بەرهەم و چاپکراوەکان:
– داستانی سەفەر، نۆڤلێت، چاپی دووەم، ٢٠٠٥ چاپی یەکەم ٢٠٢٠
– ئێرە ڕۆمانە، کتێبی گیرفان، کۆمەڵە چیرۆک ٢٠٠٩
٢٠٠٩ – ئەلمانیا_مێژوو_کولتوور _جوگرافیا، هەڵبژاردن و وەرگێڕان لە ئەلمانییەوە.
– ناوی گوڵ، ناوێکی رووتە، لێکۆڵینەوە. ٢٠١٠
– هونەر و ژیان، بابەتی هونەری، وەرگێڕان لەئەڵمانییەوە. ٢٠١٣
– هەڵبژاردەیەک لە شیعری شاعیرانی هەولێر. ٢٠١٧
– رۆمانی پۆست مۆدێرن، لێکۆڵینەوە.٢٠١٨
– وێستگەی میترۆ و بیست و دوو ساڵ چاوەڕوانی، کۆمەڵە چیرۆک. ٢٠٢٠
– فریشتەی دۆزەخ، ڕۆمان. ٢٠٢١
– ئەنتۆلۆژیایی شیعری ئەڵمانی، وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە. ٢٠٢٢
– دروشمی شار، کۆمەڵە چیرۆکی ئەڵمانی، وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە ٢٠٢٣
– فریشتەی دۆزەخ، ڕۆمان، چاپی دووەم– ٢٠٢٤
دەستنووس: ڕۆمان – ژیانی من، کۆمەڵە چیرۆک – خۆشەویشتی لە زمانی فەیلەسوفانەوە، بە سێ زمان کوردی، ئەڵمانی، ئینگلیزی– ئەنتۆلۆژیایی – شیعر و چیرۆکی بیانی _داستانی سەفەری، ڕۆمان بە زمانی ئەڵمانی.

# وەرگێڕان نەبووەتە کاری کەسانی پسپۆڕ و تایبەتمەند

■ فەرهاد چۆمانی

پرۆسەی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستاندا چەند ڕەهەندێکی هەیە و دەکرێ لە هەموو ڕەهەندەکانەوە سەیر بکرێت، بۆ ئەوەی دیوە باش و خراپەکانی بێنینە بەرچاو.

بەوەدا کە وەرگێڕان پێویستییەکی ژیاریی و فەرهەنگسازیی هەموو کەلتوورێکە، مایەی دڵخۆشییە هەنگاو بە هەنگاو ئاسۆی وەرگێڕان فراوانتر دەبێت و ژمارەی ئەو زمانانەی لێیانەوە وەردەگێڕدرێت زیاتر دەبێت، هاوکات ئەو ژانر و بوارانەی کتێبخانەی کوردی لێیان بێبەشە، کەم کەمە پڕ دەکرێنەوە. بەڵام بەو مانایە نییە ئەم پرۆسەیە بێ خەوش و پەڵە بێت. لای ئێمە وەرگێڕان نەبووەتە کاری کەسانی پسپۆڕ و تایبەتمەند بەو بوارە، بەشێکی زۆری ئەوانەی وەردەگێڕن وەرگێڕان وەک کارێکی لاوەکی و «هەر لەگەڵ دەستی خۆی» لەپاڵ کاری تر، کتێبیش وەردەگێڕێت. بە مانایەکی تر هەڵپەیەک هەیە بۆ ئەوەی وەرگێڕان ئامرازێک بێت بۆ خۆدانەناسینی وەرگێڕ. لە ڕاستیدا تاسەی پێویستیی هەبوونی ئەو بەرهەمەی وەریدەگێڕێت یاخود هونەری وەرگێڕان بوونەتە ئامانجە لاوەکییەکان. ئەمەش زیانێکی زۆری لە زمان داوە و زۆر شاکار هەن ئەوەندە خراپ بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراون، هاتباو نووسەرەکەی زمانی کوردی بزانیبوایە خۆی لەوە دەپاراست جارێکی تر ڕێگە بدات بەرهەمەکانی بە کوردی وەربیگێڕن.

لەگەڵ ئەوەشدا وەرگێڕی زۆر باشمان هەن و زوو زوو شاکار و بەرهەمی تازەمان پێشکەش دەکەن و مایەی دڵخۆشین، پرسێکی گرنگ و ژیانی بۆ زمان پرسی زاراوەسازییە، کە کەمترین بایەخی پێ دراوە. زمان بووێکی زیندووە و داینامیکیەتی نێو زمان و کاریگەری سەردەمەکان و نوێبوونەوە و پێویستی مشتومالکردن و هەموارکردنی زمان لەگەڵ پێدراو و داهێنراوەکانی سەردەم و هاوتاکردنی زاراوەسازی لەگەڵ ئەو زمانانەی ئەو کێشانەیان تێپەڕاندوە لێمان دەخوازێت ناوەندێک هەبێت بەو کارە هەستێت و بتوانێت لە هەناوی داینامیکیەتی زمانی کوردی و سروشتی زمانەکەوە زاراوە دابهێنێت و بیگشتێنێت، بەڵام ئێمە ناوەندێکی وەهامان نییە. حکومەتێکمان نییە تا پێی بڵێین ناوەندێکی وەهامان نییە و پێویستە هەبێت. هێشتا لەڕووی هۆشیاری نەتەوەییەوە بەو ئاستە نەگەیشتووین لە سیاسەتی کولتووری و زمانیی تێبگەین. لە دۆخێکداین کەس لێپرسینەوە لەوە ناکات دەشێ هاتنی لێشاوی ئەو هەموو زاراوە و چەمک و گوزارە تازانە وەک چۆن لە زمانی تردا بەکاردەبرێن بۆ نێو فەرهەنگی زمانی کوردی چۆن دەبنە بنەتەقەی هەڵتەکاندنی سێنتاکس و شێوازی ڕستەسازی

و زاراوەسازیی زمانەکەمان. ئەو هۆشیارییە زۆر لەمێژە گەیشتووەتە وڵاتانی دراوسێشمان، بەڵام ئێمە لاف بە زاراوەی بێگانان لێدەدەین، بێئاگا لەوەی لۆژیکە ڕێزمانییەکەی زمانی کوردیمان شێواندووە. ئەگەر چەند کەسێک، بە هەوڵی کەسی و تاکوتەرا هەوڵی کورداندنی زاراوەکان دەدەن و سازیان دەکەن، ئەمە نەک هەر نابێتە هەوڵێکی سەرتاپاگیر، بگرە زیانی گەورەتر لە پرۆسەکە دەدات، ئەوکاتە هەر کەس لە ڕاستی خۆیەوە زاراوەیەک دادەتاشێت و بە دروستی دەزانێت. ئەمە زیانی گەورە لە مانا، نەپێکانی دروستی مانا، دروستبوونی خۆفەرهەنگی و پەرتکردنی فەرهەنگە گشتییەکەی زمان دەدات. وا لە پرسی زاراوەسازی دەڕوانرێت هەر کەس بە خواستی خۆی، بەبێ ئەوەی هیچ بنەمایەکی زانستیی زمانی لە بەرچاو گرتبێت زاراوەیەک دابڕێژێت، وەک داهێنان سەیری بکات. داهێنان لە پرسی زاراوەسازیدا لە ئاستی کەسیدا ناکرێت. ئەمە هەڵەیە. دەبێ دامەزراوەیەکی فەرمی و پسپۆڕ، جێمتمانە و خەمخۆر هەبێت بۆ زمان و فەرهەنگی کوردی. دامەزراوەیەک ئەندامانی لە دڵسۆزترین کوردانی ئاخێوەری هەموو شێوەزار و ناوچە و بنزارەکان پێکهاتبێت. جۆرێک بێت لە پەرلەمانیی زمانی کوردی. بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە زاراوەسازیی و بەردەوامیدان بە سەربارکردنی وشەی تازە بۆ فەرهەنگیی زمانی کوردی سوود لە فەرهەنگی هەموو زار و بنزارەکان وەربگیردرێت و هیچ پێکدژییەک لەگەڵ هیچ کامیاندا دروست نەکات. بەمە دەتوانرێت زاراوەسازی دروست و زانستیانە ڕەوا بێت و مایەی هیوا لەسەر هەڵچنین بێت. ئەمە نەک هەر سوود بە ڕەوتی زاراوەسازی دەگەیەنێت، خۆکارانە وادەکات کاری دروستبوونی زمانی ستاندارتی نێوان شێوەزارەکانیش ئاسانتر بێت.

دواجار دەبێ بگەڕێینەوە سەر سیاسەتی زمانی کە ئێمە نیمانە. نەک هەر سیاسەتی زمانیمان نییە، درکی پێویستی سیاسەتی زمانیشمان نەڕسکاوە. کاتێک تورک دەوڵەتەکەی خۆیان لەنێو وێرانەی ئیمپراتۆریەتە داڕووخاوەکەیان ئاوا دەکەن، سەرلەبەری هەناوی زمانەکەشیان هەڵدەتەکێنن و بە سیاسەتێکی زمانیی گونجاو بۆ خۆیان دایدەڕێژنەوە. ئێمە پێچەوانەکەیمان گرتووەتەبەر؛ زمانی دەوڵەمەندی خۆمان هەڵدەتەکێنین و باکمان نییە بەوەی جووتستاندارتیمان هەیە. سیاسییەکان لە هەولێر بە شێوەزارێک و لە بادینان بەشێوەزارێکی تر قسە دەکەن. میدیا بەم جووتستاندارتییە هێندەی تر درێژە بەم کێشەیە دەدات. جیاکردنەوەی کۆبەندی هەواڵەکان بۆ شێوەزارەکان هەرگیز نامانگەیەنێتە سیاسەتێکی زمانیی دروست. تا خەمی یەکەممان

زمان نەبێت ناتوانین دەوڵەت دروست بکەین، ئەم بۆچوونەم مەیدانخوازییە لەگەڵ زۆر بنەمای زانستی دەوڵەتسازی، بەڵام هاوتا و کۆکە لەگەڵ ئەو دۆخەی ئێمەی کورد تێیداین. تایبەتمەندی ئەو دەوڵەتەی کورد خەونی پێوە دەبینێت خەوتنی کەمە، کە زمانە. بێ زمان هەموو هەوڵێک زیندەخەوێکی بێ بنەما و بەتاڵە. سیاسەتی زمانی، زمانی سیاسەتکردنیش بەهێز دەکات و بیرۆکراسییەتی دەوڵەتداریش پتەو دەکات. سیستمی پەروەردە و فێرکردنیش بەهێز دەکات و پاشخانی نووسین و کولتووریشمان تۆکمە دەکات. خەرمانێکی دەوڵەمەند و ئامادەش بۆ نەوەکانی داهاتوو بەجێدەهێڵین و پوختە و پاڵاوتەیشی دەکەین. ئەم بۆچوونانەم بە مانای داخراویی زمانی کوردی نییە بەسەر زمانەکانی تردا، بگەڕێمەوە سەر ئەو بۆچوونەی کە «زمان بووێکی زیندووە» بووێکی زیندوو لەم سەردەمی جیهانگەرابییەدا بەبێ تێکهەڵکێشبوون لەگەڵ دنیای تازە پەکی دەکەوێت، بەڵام زمان بە زاراوەی بێگانان دەوڵەمەند نابێت. هەر زمانێک بۆیە بەهێزە، چونکە بە تایبەتمەندی خۆیەوە زاراوەی بۆ هەموو شتێک هەیە. هەوڵ دەدات بە پەیڤی خۆی گوزارشت لە هەموو شتەکان بکات، دەمێکە کورد گوتوویەتی: «شێوی بەتەمای ماڵە دراوسێ هەر ساردە.» یان «تێکشوشەی بەتەمای ماڵە دراوسێ هەر هیشکە.» ئێمە پشتمان بە زاراوەسازیی زمانانی تر گەرم نابێت. زمانی کوردی خۆی وزەی داهێنانی زاراوە و چەمک و گوزارەی زۆری تێدایە. لام سەیرە زمانێک لە ڕیزی دەوڵەمەندترین زمانانی دنیا بێت، دەروەستی ئەوە نەیەت زاراوەی دابتاشێت و دابهێنێت. ئەوە خۆمانین لەغەر و دەستەپاچەین، نەک زمانەکەمان. زمانیشمان کردووەتە داردەستی کێبڕکێی حیزبایەتی و بەرژەوەندیخوازیی تەسکی ناوچەگەرایی.

دواجار دەبێ ئەوە بڵێم، کە زۆریش گوتراوە؛ تا مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی نەڕەوێنەوە و زمان نەچێتە سەر ڕێڕەوێکی دروست، ناتوانین دڵنیابین لەوەی ئەم زمانەمان تا چەند سەدەیەکی تر بڕ بکات.

# شیعر لە هاوکێشەی ئاڵۆز و پاڵۆزی وەرگێڕانی ئەدەبیدا

فازیل شەورۆ – دوبلن

**سەرتوێژی بابەت** Preface:

هەرچییەکی لەبارەی زمان لە چاخە دوور و تاریکەکاندا، گوتراوە و دەگوترێ، دەچێتە خانەی ڕمڵ لێدان و ئەستێرە گرتنەوە، چونکە هیچ ئاخەوەرێک ئەمڕۆ نییە، بە هەمان ئەو زمانە قسە بکات کە هەزاران ساڵ پێش ئێستا بەکار هاتووە، هیچ تۆمارکراوێکی دەنگی ئەو ڕۆژگارە دوور و تاریکانەشمان لەبەر دەستدا نییە، تا زانستییانە چەکووشکارییان تێدا بکەین. بۆیە کە قسە لەسەر مێژووی زمان دەکەین، هەرچەند بنچ و بناخەکەی زارەکی بووە، هەر دەبێ بگەڕێینەوە سەر بەردنووسەکانی مێژووی دێرینی مرۆڤ. بێگومان ئەمەش ڕادەستی بەردنووسەکانی سەردەمی سۆمەرییەکانمان دەکات، چونکە ئەوان یەکەم داهێنەری نووسین بوون لە مێژوودا.

کە لە نێو ئەو بەردنووسانەشدا بە دوای دەقی شیعریدا دەگەڕێین، ئەوا سەرەتاییترین شیعری سۆمەرییەکانمان وەدەست دەکەوێ کە تایبەت بوون بە سروود و تەراتیل و سرووتە ئایینی و کەلتوورییەکانی کۆمەڵگای خۆیان.

دێرینترین دەقە غەزەلیش لە مێژوودا هەر هی سۆمەرییەکانە، کە شاعیرەکەی بزرە و بە ناونیشانی 'شوو – سین Shu-Sin" ناسراوە و تایبەتی بە تقووسەکانی ژنهێنان. داستانی گێلگامێشیش، بە کۆنترین دەقی وەرەگێڕدراوی مێژوویی مەزەندە دەکرێت، کە زمانە ڕەسەنەکەی سۆمەری بێت.[١]

دەقی «سروودی سیدمۆن» بە کۆنترین دەقی وەرگێڕدراوی ئینگلیزی دەخەملێندرێت کە سەرچاوەکەی لاتینییە. دەقەکە لەسەر زاری گاوانێکی بێسەواد- بە ناوی سیدمۆن، گوتراوە، لە ستایشی ‹خودای پەروەردەگار»دا؛ ئەو دەقە لە ٢١ دەستنووسدا لەبەر دەستەدایە.[٢]

کە قسە و باس دێتە سەر مێژووی دێرینی وەرگێڕانی شیعر، دەبێ ئەم دوو، واقعییە لەبەرچاو بگرین:

**یەک:** مرۆڤەکان لە دێرزەماندا زۆنی جۆگرافیایی هاتووچۆ و ژیان و گوزەرانیان زۆر بەرتەسک و سنووردار بووە، پتر لە بازنەی چەند دێهات و شارێکی دەوروبەر، دەرنەچووە. ڕێی دووریان کاروانە بازرگانییەکان بووە لەگەڵ شارە دوورەکاندا – بە پێوەری ئەو سەردەم.

**دوو:** داگیرکردن و شەڕ و شۆڕ ؛ کۆچکردن بەدوای لەوەڕگە و زەوی بە پیت و

سەرچاوی ئاو، باعیزی دووەمی تێکەڵ بوونی کۆمەڵگا دێرینەکان بووە، کە لاڕێیانە، یارمەتیدەری سەرهەڵدان و گەشەکردنی وەرگێڕان بوو بن.

جا لە هەردوو بارەکەدا، شیعر، بە گشتی، دوایین شت بووە لە بایەخ پێدان لە وەرگێڕان کردنیاندا. ڕشتەی ئەفسانە و حیکایەت و سرووتە ئاینییەکان لە پێشی پێشەوەی وەرگێڕاندا بوون. هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە ئەزەلەوە، وەرگێڕانی شیعر قورس و زەحمەت و کارێکی ئاڵۆز بووە.

لێرەدا، پووختەی هەوڵەکان لەبارەی وەرگێڕانی شیعر، بە ڕێباز و میتۆد و گرفتەکانییەوە، چڕدەکەینەوە و لە دوایین تەوەرەشدا، پێگەی وەرگێڕانکردنی شیعر لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا، شەنوکەو دەکەین.

### هەڵسەنگاندنی چەند وتەیەک Evaluation of Some Statements:

با بە خوێندنەوەی وتەی ژمارەیەک لە ئەدیب و بیرمەند و شارەزایانی بوارەکەوە، دەروازەی چوونە ژوورەوەی بابەتەکە بخەینە سەرپشت، ئەمە تەمومژ و لێڵییەکی زۆر لەسەر کردەی وەرگێڕانی شیعر دەڕەوێنێتەوە و ڕێگەی گەیشتن بە مەبەستی بابەتەکە، خۆشتر و کورتبڕتر دەکات:

"جۆن دۆن John Donne ١٥٧٤ – ١٦٣١" شاعیری بەناوبانگی ئینگلیز، دەڵێ:

"سەردەمی زێڕیین و درەوشاوەی ئەدەب، ڕەنگە هەمیشە سەردەمی زێڕیین و درەوشانەوەی وەرگێڕان بێ."[٣]

دەکرێ، بە تەراوزووی ئەم وتەیە، پێگەی شیعر و ئەدەبی هاوچەرخی کوردی خۆمان هەڵبسەنگێنین، پرسیار لە خۆمان بکەین، لەو شەش حەوت کتێبەی نوێیە چاپکراوەی کە ڕۆژانە لە چاپخانەکان دەردەچن، چەندیان تایبەتن بە وەرگێڕانی شیعری کوردی، لە زمانی کوردییەوە یان لە زمانی بێگانەوە بۆ زمانی کوردی؟

– ئەم ژمارەیە، ئاماری کتێبی چاپکراوی کوردییە، لە بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانە گشتییەکانە لە هەولێر، ٢٠٢٣.

ڕۆماننووس و نووسەری ئینگلیز» جۆرج بۆرۆ George Borrow ١٨٠٣ – ١٨٨١" دەنووسێ:

"وەرگێڕان، لە باشترین حاڵەتیدا، هەر سەدایە، جا ئەگەر شنە و شەماڵ هەبێ، ئەوا ئەو دەنگدانەوەیە خۆشتر دێتە بەرگوێ."[٤]

ڕەنگبێ ئێمە کورد باشتر لەم وتەیە حاڵی بین، لە چاو ئەو دەشتەکییانەی لە سارا و بیاباناندا ژیاون، ئێمە بەو سەدایە ئاشناین و دەزانیین تا دۆڵ و گەروو و شیوەکان درێژتر ببنەوە، دەنگدانەوەکە کاڵتر دەبێ، تا وای لێ دێت بە زەحمەت بۆڕەی مانگا لە هاوار هاواری گاوان و ئۆحە ئۆحی جووتگێڕ جیادەکەیتەوە. لێرەیش عیبرەتەکە لەوەدایە، تا دەقە ڕەسەنەکان، ببنە دەستی دوو، وەرگێڕانەکانیان کاڵتر دەبنەوە. شنە و شەماڵەکەش، دەستڕەنگینی و ئارایشتی تەرجومەکارە.

فرانسیس جۆرج شتاینەرFrancis George Steiner ١٩٢٩ - ٢٠٢٠، ڕەخنەگاری ئەدەبی فەرەنسی-ئەمریکی، وتارنووس، فەیلەسوف، ڕۆماننووس و پەروەردەکار ، دەبێژێ: "وەرگێڕان نەبووایە، وەک ئەوە وا بوو لە چۆڵی قوڵفەدا ژیان بەسەر بەرین."[5]

کەواتە با ڕۆژانە شەست حەفتا کتێبی کوردی چاپ بکەین، لە جیاتی شەش حەوتێک، ئەگەر کار لەسەر وەرگێڕانی بژاردەکانیان نەکەین، بۆ سەر زمانەکانی بێگانە، یان وەرگێڕان غیرە زمان بۆ سەر زمانی کوردی نەبێ، وەک ئەوە وایە، لە گوندێکی بچووک بۆ خۆمان، نووسراوەکانم بۆ یەکتری بخوێنینەوە، لە دەرەوەی دێدا هیچ حزوور و بوونیکمان نەبێت و ئەوەی بەرهەمیشی دەهێنین، هەر کاوێژکردن و جوینەوەی، بابەتە، سوواو و کۆنەکانە، خاڵین لە ئیزافەکردن و داهێنان.

ژول ڤالێر Jules Valéry١٨٧١ – ١٩٤٥، شاعیر و وتارنووس و فەیلەسوفی فەرەنسی، لەبارەی کاری وەرگێڕانی ئەدەبی دەڵێ:" دڵسۆزیی بۆ مانا، لە پێناو مانای وشەدا، لە وەرگێڕاندا، دەچیتە خانەی خیانەتکاری."[6]

عیبرەت، لەم وتە بەنرخە ئەوەیە، وەستایەتی و داهێنانی وەرگێڕ لە کارەکەیدا، لەوەدا نییە، کە کتومت هاوتای وشە بە وشە بدۆزێتەوە و بەکاربێنێ، بەڵکوو، هونەری کارەکە لەوەدایە، مانای دەقەکە، بە وشەی زمانەکەی دیکە داڕێژێتەوە، وا نەکات، خیانەت لە کارەکەی دەکات. بۆچی؟ چونکە دەقە ڕەسەنەکە یان ئەتک دەکا یان ڕۆحی دەردەچووینێت و دەیکوژێت.

ئەم تەوەرەیە بە وتەیەکی پرۆفیسۆری ناودار، ئەڤرام نوام چۆمسکی Avram Noam Chomsky ١٩٢٨ – قوفڵ دەدەم، کە دەڵێ:" زمان، بۆ خۆی پرۆسەیەکە بۆ داهێنان و ئەفراندنی ئازاد، یاسا و بنەماکانی جێگیرن؛ بەڵام شێوازی بەکارهێنانی بنەماکانی لە لایەن نەوەکانەوە، کارێکی ئازادانە و سنوورشکێنە."[7]

نوام چۆمسکی، وەک شارەزایەکی بە توانا لە زمانەوانی، تێدەگا لە جولەی زمان لەگەڵ زەمەندا چۆن گۆڕانکاریی بەسەر دادێ، جا لە کاری وەرگێڕان، دەبێ وەرگێڕ، بە کەش و هەوای ئەو سەردەمە نوێیە ئاشنا بێ، کە دەقەکەی تێدا وەردەگێڕێت. بە واتایەکی دیکە، ئەو وەرگێڕانەی بۆ شانۆگەری «هەملێت»ی شەیکسپیر ئەمڕۆ دەکرێ، دەبێ جیاواز بێ لەگەڵ وەرگێڕانی هەمان دەق، کە پێش سەدەیەک ئەنجامدراوە. لێرەدا، وەرگێڕ، دەرس وەردەگرێ لە چۆنیەتیی وەرگێڕانی دەقە ئەدەبییە کلاسیک و دێرینەکان، بۆ نەوەکانی ئیمڕۆ. بێگومان، وەرگێڕانەکان، هەمیشە کارکردنە لەسەر زمان.

لەم تەوەرەی سەرەوەدا ئەوە هەڵدەهێنجین کە. چەندە نووسین و داهێنانی ئەدەبی جوان و شاکار و باڵا، پیرۆز و پێویستە بۆ نەتەوە و مرۆڤایەتی و خزمەتکردنی زمان، وەرگێڕان ، لە هەمان بواردا، بایەخەکەی لە داهێنانەی دەقە ڕەسەنەکەدا کەمتر نییە. جگە لەمە، درک بەو دەکەین کە وەرگێڕان، کارێکی ئەدەبی زۆر قورس و پڕ زەحمەتە، گەر داهێنەریش نەبێت، هەوێنی داهێنانی بۆ کاری دیکە تێدایە، ڕەنگبێ، نووسەران دیکە، ئەو داهێنانە بخولقێنن. خاڵی سێیەم، پابەند بوون بە یاساکانی ڕێزمان و دەستکراوەی لە ئەفراندنی مانا، تا ئەو ڕادەیە- وەک بینیمان، خۆ ڕادەستکردنی وەرگێڕ بە مانای وشە تا سەر ئیسقان، دەچێتە خانەی خیانەتکردنی ئەدەبی، بەوە بەرهەمە ئەدەبییە ڕەسەنەکە کوێر دەکا، لە جیاتی ئەوەی کلڕێژی بکات.

**وەرگێڕانی شیعر لە نێوان مومکین و مەحاڵدا:**

:Translating of Poetry Between Possibility and impossibility

هەرچی شتێک، بەرهەمی زمان بێت، چ زارەکی ، چ نووسراو، جا سەر بە هەر ژانرێکی ئەدەبی یان زانستی بێ، قابیلی وەرگێڕانە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، بە کتێبە پیرۆزەکانیشەوە. ئەمەیش وای کردوە کە هەم کردەی وەرگێڕان ببێتە زانست، بە ناوی "زانستی وەرگێڕان Science of Translation Translatol- ogy / "هەم ببێتە سەرچاوەیەکی پڕ خێروبێر بۆ داهاتی کەس و کۆمپانیاکان و سەرمایەی دەوڵەتان. "، لقێکی ئەم زانستەش پێی دەگوترێ " توێژینەوەکانی وەرگێڕان Translationese" کە گوزارشت و ئاماژەیە بۆ تایبەتمەندییە پێکهاتەییە ناوازەکانی دەقی وەرگێڕدراو، بە بەراورد بەو دەقانەی کە لە بنەڕەتدا بە زمانێکی

دیارکراو نووسراون، بۆ نرخاندنی بابەتە وەرگێڕانکراوەکان لە بارەی ئەمانەتی ئەدەبی و ئیدیۆم و ڕێزمان و وشەسازی و فەرهەنگەوە.[٨]

جا لەوەتەی مرۆڤ خوی داوتە کاری وەرگێڕان و فەنوفنوونی تێدا دەکات ، قەت هیچ ڕشتەیەکی پڕ زەحمەت و ئاڵۆز و گرێکوێراوی وەک ژانری شیعری نەدیوە و لێی عاسێ نەبووە.

ئەم گرێکوێری و ئاڵۆزییەوە لە چییەوە سەرچاوی گرتووە؟

بۆ ئەم وەڵامە دەبێ بپرسین: شیعر چییە و زانستی وەگێران چییە؟

هەرچەندە لە دێرزەمانەوە، لە ئەدەبی گریک و یۆنانی کۆندا، فەیلەسوفەکانیان چەمک و مەبەستی شیعرییان پێناسە و دیارکردووە و لەوە بوونەتەوە کە ژێنگە دایکی شیعرە و توانای ئاراستەکردنی مرۆڤەکانی هەیە بەرەو چاکە و خراپە، تا ئەم ساتەوەختە بە سەدان پێناسەی نوێ بۆ شیعر دارێژراون و کاروانەکەش بەردەوامە. بەڵام کە کاتێک لە بنج و بنەوانی ئەو ژانرە دەکوڵیینەوە و دەبینین سرووشتە زاڵەکەی لەسەر بنەمای خەیاڵە، هەرچەندە دەربڕی واقیعیش بێت و لەوە تێدەگەین کە سرووش و هەست و نەست و توانست و هۆشیاری و قامتێک بنەمای دیکە زمانێک بە شاعیر دەبەخشن بۆ داڕشتنی خەیاڵ و پەیامەکەی، پێی دەگوترێ "زمانی شیعریی" جا ئەم زمانە: یەک: تایبەتە بە شاعیر، دوو: هەر شاعیرێک خاوەن بە زمانی شیعریی تایبەت بە خۆیەتی. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا، زمانی شیعری لە دەرەوەی زمانی ناو فەرهەنگەکانە [٩] ، کەواتە لێرەدا گرفت و کۆسپ بۆ وەرگێڕ دێتە پێشەوە، ئەو دەبێ لە ناو زمانێک کار بکات، کە نە زمانی ئەوە و نە پێی ئاشنایە.

با بێنە سەر زانستی وەرگێڕان، بزانین ئەو چیمان دەخاتە بەر دەست. بە سادەیی، «وەرگێڕان پرۆسەی گواستنەوەی مانایە لە دەقێکەوە کە بە زمانی سەرچاوە نووسراوە بۆ زمانی مەبەست. نزیکەی هەموو پێناسەیەکی وەرگێڕانیش لەناو بوارەکەدا، سێ بەشی گرنگ لە خۆدەگرێت: زمانی سەرچاوە، زمانی مەبەست و گواستنەوەی مانا.» [١٠]

لێرەدا، وەرگێڕ، کە خەریکی وەرگێڕانی دەقێکی شیعری دەبێ، خۆی لە نێو گێژەنێک گرفت و سەرلێشیواوی دەبینێتەوە، جا تا دەقە شیعرەکە باڵاتر و مەزنتر و داهێنەرانەتر بێ، گێژەنەکە قوڵتر و ترسناکتر دەبێ، چونکە وەگێڕانی دەقی شیعری لاواز و کرچ و کاڵ و هەرزەکارانەی فەریک و پێنەگەیشتوو هێندە پڕ زەحمەت نییە.

گەر جارێکی دیکە پێناسەکەی وەرەگێڕان بخوێنینەوە ، دەبێنین، چغزی هەموو کارەکە لەسەر «زمانە»، بەڵام ئایا بنەما و پێکهاتەکانی شیعر قابیلی وەرگێڕانن؟ تا ئێستا ئەدەب و زانست دەستە وەستانن لە وەرگێڕانی «خەیاڵ». «زمانی مەجازی شیعر» لە دەرەوەی «زمانی فەرهەنگە»؛ شیعر واتا مۆزیک و ئاواز و ڕیتم و دەنگدانەوەی وشە و بڕگە و پیت، ئایا مۆزێک وەرگێڕانی بۆ دەکرێ؟ هەموو دەقە شیعرێک زادەی کەلتوورێکی تایبەتە بە مێژوو و بە جوگرافیا و بە دەروونناسی و سۆسیۆلۆژییەوە، ئایا دەکرێ کەلتوور وەرگێڕێن؟


**پرسیارەکان زۆرن و ڕیزبەندیان درێژە.**

بڕوانن، «جۆن ڕوسکین John Ruskin ١٨١٨ – ١٩٠٠ « لە کتێبی (وانەکانی هونەر ١٨٧٠) داهاتووە،»شیعر پێشنیارکردنی بناخە بەرزەکانە بە خەیاڵ، بۆ هەستە بەرزەکانی مرۆڤ» . « تی. س. ئێلیۆت T. S. Eliot ١٨٨٨ – ١٩٦٥»دەڵێت: شیعر هەڵڕشتنی سۆز نییە، بەڵکو دەربازبوونە لە سۆز؛ دەربڕینی کەسایەتی نییە، بەڵکو دەربازبوونە لە کەسایەتی.» . پێرسی بیش شێلی Bysshe Shelly – Percy ١٧٩٢ – ١٨٢٢» دەڵێت:» شیعر حەقیقەتێکی ئەبەدییە.» [١١] شیعر بە ڕاستیی ئەبەدی وەسف دەکات. واتە: شیعر وێنەیەکە لە خودی ژیان، کە لە حەقیقەتیی ئەبەدیی خۆیدا دەربڕدراوە.

لە سۆنگەی ئەم پێناسە قورسانەی شیعرەوە، شاعیری ئەمەریکایی ڕۆبەرت فرۆست Robert Frost " ١٨٧٤ – ١٩٦٣ «، لەبارەی وەرگێڕانی شیعر دەڵێت: «وەرگێڕانی شیعر هونەرە، لێ هۆنەرێک کە دەبێتە باعیزی ونکردنی دەقە شیعرەکە.» [٢١] واتا کاری وەرگێڕی شیعر ئەوەیە شیعر لە شیعرییەت بخات و بیکاتە پەخشان، یان جۆرێک لە پەخشان.

ئەم دژواری و سەختی و ئاڵۆزییەی زمانی شیعری، بووەتە هاندەر بۆ چەندان داهێنان لە ڕێباز و میتۆد و تیۆرییەکانی پێوەست بە وەرگێڕانی شیعر. ئێستا، پسپۆڕانی بواری وەگێرانی شیعر بوون بە دوو بەرە و سەنگەریان لێک گرتووە: بەرەیەک پێوایە کە شیعر ژانرێکی ئەدەبی هێندە باڵایە کە وەرگێڕانردنی ئەستم و مەحاڵە. بەرەی دووەم، پێیان وایە دەکرێ لەڕێ هونەری دیکەوە، شیعر لە زمانێکەوە، بگوازینەوە بۆ سەر زمانێکی دیکە، ئەمەش داینەمۆی داهێنانی ئەو هەموو تیۆرییەیە

که تایبەتن بە وەرگێڕانی شیعر – لە بڕگەی دادێ قسەیان لەسەر دەکەین.
بە سایەی ئەم هێڵکارییەی خوارەوە، زەحمەتیی وەرگێڕانی شیعر ڕوون دەکەینەوە، کە لە توێژینەوەی ئاست بەرزی زانکۆکان هەڵێنجراوە:




**هێڵکاریی ژمارە 1**

لێرەدا هێڵی X دەقە شیعرەکەیە بە زمانی ڕەسەنی شاعیر، هێڵی Y مەبەستی وەرگێڕەکەیە، هەرچی هێڵی a یە بەرهەمە وەرگێڕاوەکەیە. واتا هەرچەند وەرگێڕ بە توانا و زمانزان و شارەزا بێ، هەر دەتوانی لە %)٥٠( مەبەستەکە بپێکی، دیارە گۆشەی ٩٠ پلە، دابەش بووە بەسەر دوو ٤٥ پلەدا، واتا هێشتا ٤٥ پلە ماوە وەرگێڕ کاری لەسەر بکات. ژمارەی ١ ئاماژەیە کە بە باشی خاڵێکی پێکاوە، ژمارە ٢ ئاماژەیە بە پێکانی نیشانەی دووەم، بەڵام تا هێڵەکان درێژتر دەبنەوە، پتر پێکانی مەبەستەکان زەحمەت دەبێ و دوورتر دەکەوێتەوە لە دەقە ڕەسەنەکە. [٣١]

ڕەنگدانەوەی زەحمەتیی و قورسیی کاری وەرگێڕانی دەقی شیعری، چەند ئاکامێکی خراپ و نەرێنی، لە نێو هەموو نەتەوەکاندا، لێکەوتووەتەوە، وەک:

**یەک:** کەمی بەرهەم و چاپکردنی کتێبی شیعری وەرگێڕدراو:

داتاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی وەرگێڕانکراو لە جیهاندا، ئاماژە بەوە دەکەن، کە زۆربەی کتێبی شیعری وەرگێڕدراو لە لایەن وەرگێڕەکان، یان زانکۆکان،

یان کۆمپانیای بچوک بچوکی چاپ و وەشاندن دەردەچن. لە کۆی ئەو هەموو دەزگا و کۆمپانیا زەبەلاحانەی جیهان، تەنها ناوی ٨ دەزگا هاتووە کە کتێبی شیعری وەردەگێڕن و  چاپ و بڵاو دەکەنەوە، ئەوەیش بە ڕێژەی لە %)٢٥( و تیراژی هەر ١٠٠٠ دانەیەک. تەنها ٥ دەزگاش هەنە بەردوام ئەم جۆرە کتێبە چاپ دەکەن. [٤١]

لە ساڵی ٢٠٠٩ لە ئەمریکا لە نێوان ٢٢٠٠ ناونیشانی کتێبی وەرگێڕدراوە، تەنها ١١٥ کتێبی وەرگێڕانی شیعر بوون، واتا کەمتر لە %)٦(. پشکی شێر بۆ ڕۆمان و نوڤڵی بووە. لە وڵاتێکی وەکو سلۆڤێنیا لە ساڵی ٢٠١٠ دا، ٣٠٠ کتێبی شیعر چاپ کراوە، تەنها ٣٣ یان وەرگێڕانی شیعر بوون، واتا لە %)١١( ، لە وڵاتی ئیتالیێشدا لە ساڵی ٢٠٠٩ دا، ٣٧٦٩ کتێبی شیعر چاپ کراوە هەر ٥٢٠ یان وەرگێڕانی شیعر بوون، نزیکەی %)١٤(.[٥١]

هیچ ئامار و داتایەکی چاپ و وەشاندنی کتێبی شیعری وەرگێڕدراومان لە هەرێمی کوردستانی باشوور یان لە کوردستان لەبەردەستدا نییە، کە بێگومانە ڕێژەکەی زۆر نزمە.

**دوو:** ستەمێکی ناراستەوخۆ لە شیعر و لە شاعیران:

وەرگێڕان، تاکە ئامراز و زمان و بڵندگۆیە بۆ گەیاندن و ناساندن و وەشاندنی شیعری نەتەوەیەک بە نەتەوە و میللەتانی غەیرە زمانی دیکە، کە ڕەنگبێ بەرهەمەکانیان بەرز و مەزن و شاکاری جیهانی بن، بەڵام خەفەکردن و خنکاندنی ئەو بەرهەمە لە نێو قۆزاغەی زۆنی جوگرافیایەکی بەرتەسک، وا دەکات بەرهەمەکە بە جیهانی نەکرێت و نەناسرێت. زۆرجار دەبیستن کە خەڵات وەکو خەڵاتی نۆبل دەبەخشرێتە هێندێ بەرهەم کە ئاستەکەیان جێگەی گومانە و هەراشی ناوەتەوە. بۆچی؟ چونکە ڕەنگبێ، بەرهەمە شاکارەکان وەرگێڕانی سەر زمانە زیندووەکانی جیهانی نەکرابن و ئەسڵەن کەس نەشزانێ کە ئەو شاعیرە یان شیعرە وجوودیشی هەیە.

### تیۆرییەکانی پەیوەست بە وەرگێڕانی شیعر:

:Theories Related to Poetry Translation

کردەی وەرگێڕانی شیعریش، وەک هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە، بە چەندان قۆناغی مێژوویيدا تێپەڕیوە و چەندان تیۆری و ڕێبازی کۆن و نوێی بەخۆیەوە بینیووە. لێرەدا پووختەی هێندێ لە تیۆرییەکانی وەرگێڕانی شیعر بەیان دەکەین، دەڵێین هێندێ، چونکە

ڕیزبەندەکەی درێژە، هەوڵیش دەدەین پتر ڕۆشنایی بخەینە سەر ئەوانەی هاوچەرخن؛ نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین، پتر ئەم تیۆرییانە، وەک لە زاراوەی تیۆرییەکەڕا دیارە، پتر بابەتی ئەکادیماییین، دەنا بە دەگمەن لالۆی وەرگێڕ، پابەندی ئەو جۆرە زاراوانە دەبێ، ئەسڵەن، هەشە هەر ناویشی نەبیستوون. هەموو تیۆرییەکانیش تایبەتن بە وەرگێڕانی ئەدەبیی دەقە شیعرەکان، نەک وەرگێڕانی ڕەمەکی و سەرپێی بێ بنەما و دەستوور.

"ئەندرێ لیفیڤێر Andre Lefevere ١٩٤٥ – ١٩٩٦" کە پسپۆڕی لێکۆڵینەوەیە لە وەرگێڕاندا، کەتەلۆکێکی ئامادەکردوە، بۆ چۆنیەتی کاردن لە وەرگێڕان و وەرگێڕانی شیعر بە تایبەتی. تیۆرییەکانی خۆی بەسەر ئەم ناونیشانەدا دابەشکردووە:[٦١]

**وەرگێڕانی فۆنیمی** Phonemic Translation :

فۆنیم، لە زانستی دەنگسازیدا، بە هەریەکێک لە یەکە جیاوازەکانی دەنگ لە زمانێکی دیارکراودا دەگوترێت کە کە وشەیەک لە وشەیەکی دیکە جیا دەکەنەوە، وەک "زار/ مار»، وەرگێڕ هەوڵدەدات لە زمانی مەبەست ئەو وشەنەدا بەکاربێنی کە زۆرترین فۆنیم لە خۆ دەگرن، بە مەبەستی هاوتەریب بوون یان نزیک بوونەوە لە زمانی سەرەکی دەقە شیعرەکە «سەرچاوەکە».

**وەرگێڕانی وشەیی** : Literal Translation

ئەم تیۆرییە سەر بە قوتابخانە هەرە دێرینەکانە، کە لەسەر هیچ وشەیەک بازنادات، وەک لە ناوەکەیڕا دیارە. ئەم تەرزە وەرگێڕانە بە ئاڵۆزکەری دەق ناسراوە.

**وەرگێڕانی کێشیی**Metrical Translation :

لێرەدا ڕۆشنایی دەخرێتە سەر عروزی یان ژمارەی بڕگەی دەقە سەرەکییەکە. وەرگێڕ، هەوڵ دەدا لاسایی کێش بکاتەوە کە دەقە ڕەسەنەکەی پێ داڕشتراوە. ئەمڕۆ ئەمە لە وەرگێڕانی دەقی هایکۆییدا، تاڕادەیەکی باش، پەیڕەو دەکرێ.

**وەرگێڕانی پەخشانە شیعری**: Poetry into Prose Translation

هەوڵێکە بۆ گۆڕینی توخمی دەقەکە لە شیعرە و بۆ پەخشانە شیعر، بێگومان ئەمەش فێڵێکی هونەرییە، کە وەرگێڕ بە دەقە ڕەسەنەکە ناوێرێت و دەرەقەتی نایە.

**وەرگێڕانی سەروادار** Rhymed Translation :

وەرگێڕ کاردەکات بە قەستی دووبارە سەروادارکردنەوەی دەقی مەبەست، بە سەروای خۆش و شیاوی فەرهەنگی ئەو زمانەکەی دووەم. لە ئەدەبی کوردیدا، بۆ نموونە، وەرگێڕانەکانی چوارینەکانی خەییام، ئەم تیۆرییە پەیرەوکراوە.

**وەرگێڕانی به شیعری ئازاد** Blank Verse Translation:

شاعیر و شانۆنووسی ئینگلیز "فرا لیپۆ لیپی' 'Fra Lippo Lippi، به باوکی شیعری ئازاد دەناسرێت، که له سەدەی شانزدەمەوه شیعری ئازادی نووسیووه. ڕێبازی تەوزیفکردنی شیعری ئازد له وەرگێڕانی شیعری کلاسیک، ئەمڕۆ، زۆر بایەخی پێدەدرێ و زۆرێک له شاعیرانی ڕۆژاوا به پەسندی دەزانن. واتا دەکرێ بلێین، بۆ وەرگێڕانی دەقێکی مەحوی، پەنا بەرینه بەر شیعری ئازاد. دەقه ڕەسەنەکە، له زمانی مەبەستدا، به دەستووری شیعری ئازاد داڕیژینەوه. کێش و ڕیتم و ئاوازی هەبێ، بەڵام سەروادار نەبێ.

**وەرگێڕانی ڕاڤەیی** Interpretation Translation:

دەقێکی شیعری به شێوازی پەخشان لێکدانەوه و ڕاڤەی بۆ دەکرێت، لێرەدا واتا و پەیام و ناوەڕۆکی دەقەکە پارێزراو دەبێت، بەڵام کەرەسته و بنەماکانی دیکەی زمانی شیعری ئاتاری لەسەر پاتاریدا نامینێ. دەکرێ به نموونه، هێندێ له ڕاڤەکانی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس بۆ شیعرەکانی نالی، بخرێته ژێر ئەم ناونیشانه.

**وەرگێڕانی زیندووکردنەوەی دەق** Translation Literary Resurrection:

شاعیری ئەمەریکی ئەزرا پاوند Ezra Pound ١٨٨٥- ١٩٧٢ به بونیاتنەری ئەم تیۆرییه دادەندرێت، ئەو زۆر کاری لەسەر پرۆسەی وەرگێڕانی شیعر کردووه و پێوابووه که "شیعر قابیلی وەرگێڕان نییه. دەڵی شیعر که نووسرا دەمرێت و هیچی لەگەڵ ناکرێ، جا گەر بمانەوەی ئەو دەقه شیعره وەرگێڕین بۆ زمانێکی دیکه ئەوا، وەرگێڕ دەبێ ڕۆڵی شاعیر ببینێ، به توانا و لێزانی خۆی ئەو شیعره مردووه زیندوو بکاتەوه، به داڕشتینی دەقه شیعرێکی خۆی، هەڵگری هەمان ناوەڕۆک و پەیامی دەقه ڕەسەنەکە بێت.

**وەرگێڕانی ئیمیژیی** Imagical Translation:

ئێزرا پاوند، ئەم تیۆرییەشی بەلاوه پەسند بوو. شیعر بریتییه له ملوانکەیەک له وێنەی هونەری، تێدا ئیمیژیزم باڵا دەسته. جا له وەرگێڕانی دەقێکدا، قەت لەوه باشتر نییه، وێنه هونەرییەکان یەکە یەکە وەربگریت و وەریانگێڕیت، بەم شێوەیه دەقی شیعرەکە دەگەێنییته خوێنەری زمانی مەبەست.

**وەگێڕانی کۆدیی** Encoded Translation:

شوێنکەوتوانی ئەم تیۆرییه دەڵێن، شیعر بریتییه له قامیتیک کۆدی شاراوه، جا

بۆ تەرجەمکردنی لەوە باشتر نییە ئەو کۆدانە بدۆزیتەوە و پاشان وەریانگێریتە سەر زمانی مەبەست. لێردەدا، ڕۆشنایی تەنها دەخریتە سەر ناوەڕۆکی دەق، هەموو کەرەستە و بنەماکانی دیکەی شیعر وەلاوە دەنرێت. ڕەنگ بێ ئەم تەرزە وەرگێڕان، شیعر ئالۆزتر بکات، چونکە کۆدەکانی دەقی شیعری، بە پێی تێگەیشتن و شارەزای خوێنەر دەگۆڕێت. ئەوان پێیان وایە شیعر بەرزترین شێوازی دەربڕینی هزری مرۆڤە، بۆیە هانا بۆ ئەم شێوازە دەبەین، بەڵکوو بتوانین پێی پێ ببەین.

**وەرگێڕانی دووبارە ئەفراندنەوە** Re-creative Translating:

شیعری ڕەسەن و شاکار بریتییە لە داهێنان، جا ئەم داهێنانە لە هەر قالب و شێواز و ڕەنگ و ڕوخسارێکدا بێ، گەر بمانەوەی ئەم تەرحە شیعرە وەرگێڕین بۆ سەر زمانێکی دیکە، دەبێ لە نهێنیی داهێنانەکانی بگەین، ئەوکات، کاکی وەرگێڕ با هەوڵی خۆی بدا، هەمان داهێنان بە زمان و شێوازی خۆی دووبارە بکاتەوە. – لێرەدا، مەرجەکە وەرگێڕ شاعیر بێ.

**وەرگێڕان بە ئیلهامەوە:**

"وەرگێڕ بەجارێ خۆی نابەستێتەوە بە دەقەکەوە، بەڵکوو تەنێ ڕاستە هزرەکە لە نووسەرەکە وەردەگرێ، ئەوسا هەمووی بە شێوازی خۆی دەنووسێ، بێ ئەوەی گوێ بداتە وشە و ڕستە و پاش و پێشخستنی واتەکان. بە جۆرێک وا لە پارچەکە دەکات، کە یەکێک خوێندییەوە وابزانێ زادەی بیرێکی بێگانە نییە. بەڵکوو لە قالبێکی کوردیی خۆماڵییەوە هاتووەتە دەرێ."[71]

وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، تیۆرییەکانی وەرگێڕانی شیعر زۆرن، بەڵام، ئێستاش زۆر دەقە شیعر هەیە کە بەهیچ کام لەو تیۆرییانە وەرگێڕانی بۆ ناکرێ، یان گەر بشکرێ حەلەق مەلەق دەردەچێ، بۆ نموونە بڕوانە ئەم دەقە شیعرەی شاعیری ئەمەریکی «بێرنشتاین Bernstein ١٩٧٧ – " هۆنیویەتەوە بە ناونیشانی " I and the"، کە وەرگێڕانی مەحاڵە:[81]

I and the
To that you
It of a
Know was uh
In but is

**گرفتەکان له وەرگێڕانی دەقی شیعردا** Problems in Translating Poetry Texts:

پێشتر لە چەند سەرەقەڵەمێکدا، ئاماژەمان بە هێندێ کۆسپ و تەگەرەی سەر ڕێی وەرگێڕانی دەقی شیعر کرد، کە ڕەنگبێ وەرگێڕ ساتمەی تێیدا بکا، لێرەدا ڕۆشنای پتر دەخەینە سەر گرفتە سەرەکییەکانی ئەم کارە قورسە.

**یەک: کێشە زمانەوانییەکان:**

زمانزانان هاوڕان کە هێندێ وشەی وەک زەوی، دەریا، باران، درەخت، منداڵ... لە هەموو زمانەکاندا هاوتای هەیە و هیچ گرفتێکیان نییە، لێ کاتێک وشە لە شێوەی هێشوو یان ئیدیۆم بەکار دێ، ڕەنگبێ ماناکەی بە ئاسانی لە زمانەکەی دیکەدا بەردەست نەبێ و وشەسازیی فێڵمان لێبکات. وشەی "ئاو" دەبێتە "water" لە زمانی ئینگلیزیدا، بەڵام ناکرێ لە وشە ئینگلیزییەکەوە وشەی "ئاوەدانی / ئاو + ە دانی" درووست بکەین. لە زمانی ئینگلیزیدا فەرمانی "take" ٣٦ مانا، بە ئیدیۆمەکانییەوە، دەخاتە بەردەست، لە فەرهەنگی کوردیشدا دوو پیتی وەک 'بـا" ١٢ واتا و ئاماژەی زمانەوانی هەیە، جا دەبێ وەرگێڕ لە بژاردەکانیدا شارەزا و لێزان بێ. ئێمەی کورد، ئەو فەرهەنگەی بۆ شاخ و داخ هەمانە، لە فەرهەنگی عەرەبیدا زەحمەت هاوتای هەبێ، هەروەک، فەرهەنگی ئێمەش، لە وشە و زاراوەی دەریا و دەریاوانیدا، لە چاوی فەرهەنگی ئینگلیزی هەژارە. زۆر ناوی دار و درەخت و گیاندار و شتوومەک و کەرەستە هەیە، یەکێک لە دوو زمانەکەی نییەتی، ئەمە گرفت بۆ وەرگێڕ درووست دەکات، بۆ پێکانی نیشانەی دیارکراوی نێو دەقەکە.

لە وەرگێڕانی ئیدیۆم و پەندیشینان و وشەی سەر زاری عەوام و بازاڕیی دەبێ، وەرگێڕ دەسەڵاتی باڵای بەسەر هەردوو زمانەکەدا هەبێ. خۆ قورسترین گرفتی وەرگێڕانی شیعر، چونییەتیی مامەڵەکردنە لەگەڵ زمانی مەجازی شیعر، کە ڕۆحی دەقە، ئەمە چۆن چارەدەکرێ؟

**دوو: کێشەی جوانناسیی ئەدەبیی:**

ڕوخسارێکی دیاری شیعر، کە لەگەڵ زۆر ژانری ئەدەبی دیکەدا جیاوازە، جوانناسیی ئەدەبییە، کە پتر دەرهاویشتەی زمانی شیعرییە لە مێتافۆر و دەنگ. لە شیعری ڕەسەندا هاوسەنگیی دەنگ هەستی پێدەکرێ و مێتافۆر پەیوەندی بە وێنە بینراوەکانەوە هەیە کە بە تێکەڵکردنی وشەکان دروست دەکرێن، کە ڕەنگە دەنگ و

دەست لێدان و بۆن و تامیش ورووژێنن. لە کاتێکدا دەنگ هەر شتێکە کە پەیوەستە بە چاندنی دەنگەوە لە ناو ئاوازی ناوەوە و دەرەوەی وشە، ڕیتم، ئاوازە، هێز، نەغمە، ئەوانە قابیلی وەرگێڕانکردن نین. وەک چۆن جوانی ژنێک هەر جوانی چاو و برۆ نییە، بەڵکوو هەموو دەمووچاویەتی و شتی دیکەش، شیعریش هەر وەرگێڕانی وشەکان نییە.

**سێ: بونیاتی هەیکەلی شیعریی:**

بەردی بناخەی شیعر بونیاتەکەیەتی، واتا پێکهاتەکانی، کە دەبێتە نەخشەی داڕشتن و هەڵێنانی کوشک و باڵاخانەی دەقەکە. بونیاتیی شیعری هەر دەقێک سەربەخۆیی خۆی هەیە و هەر شاعرێکیش دەستڕەنگینی و وەستایەتیی خۆی هەیە لە بونیاتنانی دەقدا. تۆی خوێنەری کورد، زۆر بە ئاسانی، بە خوێندەوەی یەکەمی دەقەکانیان، دەزانی کامیان هی 'هێمن" و کامیان هی 'گۆران" و کامیان هی 'شێرکۆ بێکەس"ە. لێرەدا بونیات دەبێتە قیبلەنمای ناسینەوەکان. ئاخۆ لالۆی وەرگێڕ دەتوانی ئەم بونیاتانە لێک جیابکاتەوە و پاشان وەریانگێڕی بۆ زمانی مەبەست؟ یان ئەمە مەحاڵە؟

**چوار: دەربڕینە مێتافۆریکییەکان:**

دەکرێ ئەمە لە دوو گۆشەوە سەیر بکرێت، میتافۆرە تەقلیدییەکانی بە وشەی "وەک؛ وەکو؛ چەشنی..." بەراوردی ڕاستەوخۆ دەکرێن لە بونیاتی وێنەی بینراو، دەنگ، دەست لێدان و تام و چێژ ... تاد، گرفتیان نییە لە وەرگێڕاندا، بەڵام، ڕاگواستنەوەی مانا و پەیامی میتافۆرە مەجازییەکان زەحمەتە. ئاخۆ بۆ خوێنەرێکی ئینگلیز، ئەم کۆپلە شیعرەی قوبادی جەلیزادە، دەبێ چ واتا و پەیامێکی هەبێ؟ ئەسڵەن، دوورنییە بە بیرۆکەیەکی بێمانای تێبگەن، بەڵام بۆ خوێنەری کوردی، ئەوا دیمەنی کارەساتبار و مەرگەستان و ستەم و نامرۆڤایەتیی نیشاندەدا و تێدەگا شاعیر مەبەستی چییە:

**پڕاوپڕ لە خوێنی کۆڵبەر؛**

**جێ سمی بارگیرەکان.** [٩١]

لەو نموونەی سەروەردا، میتافۆڕەکە، قالبە تەقلیدییەکەی شکاندوە و لە شێوەی مێتۆنیمی (Metonymy) دا خۆی دەنوێنی، کە ئەمەش بریتییە لە قسەکردن لەبارەی شتێک، کە تێیدا وشەیەک جێگرەوەی وشەیەکی دیکەیە کە پەیوەندییەکی نزیکی پێوەیە. "گۆڕستانی چراکان"، بەکارهێنانێکی مێتۆنیمییە، نە "گۆڕستان" گۆڕستانە و نە "چراکان" چران، خوێنەری کورد ڕاستەوخۆ، زەینی بۆ قەستی شاعیر دەچێ،

بەڵام بۆ خوێنەرێکی فەرەنسی ئەمە پەراوێزی گەرەکە، دەنا دەقە بەرزەکەی ’شێرکۆ بێکەس“ بۆ ئەو هیچ ناگەیێنێ.

**پێنج: گرفتی گواستنەوەی دەنگ:**

پێشتر ئاماژەمان بە بایەخی دەنگ دا لە وەرگێڕانی دەقی شیعریدا، بەداخەوە لە سێ بنەما سەرەکییەکەی دەقدا: بونیات؛ میتافۆر؛ دەنگ، زۆرجار لە وەرگێڕاندی دەقدا، دەنگ دەبێتە قوربانی. دەبێ چۆن ئەم دەقە شیعرە ئینگلیزییە، بە هەمان دەنگ و ئاوازەوە ماناوە وەرگێڕانی کوردی بکرێ؟

?Are you the bubble-bubble gum
?Are you the jumble-jumble hum
?Are you the rumble-rumble drum [20]

یاخود بە چ شێوەیەک ” گۆرانی کەو“ی ’گۆران“ وەرگێڕانی بۆ دەکرێ بۆ زمانێکی وەکو عەرەبی یان ئیتالی... تاد؟

**قەقبە، قەقبە، قەقبە، قەق**
**شاخی بەرز و بەردی ڕەق**
**جێگای چێڵە و جێگای بەق**
**قەقبە، قەقبە، قەقبە، قەق** [١٢]

ئاخۆ چەندە وەرگێڕ دەسەڵاتی بەسەر زمانی مەبەستدا هەیە، کە بتوانی ئەو جوانی و ئاواز و ڕێکخستن و ڕەوانبێژییەی لە دەقێکی ناسکی وەک ئەمەی «هێمن»دا هەیە وەستانە بگوازێتەوە؟

**لەو دەمەی ڕا دڵم لێی داوە بۆ ژووان**
**من دێوانەی چاوی جوانم، چاوی جوان**
**گەرچی خەڵکی وڵاتی چاو جوانانم**
**چاوی جوانم نەدی تێر بەچاوانم** [٢٢]

**شەش: گرفتی جیاوازیی کەلتووریی:**

لە بڕگەیەکی پێشتر گوتمان دەقی شیعری دەرهاویشتی خەیاڵ و هزری شاعیرە لە پێگەیەکی جۆگرافیایی کە خاوەن کەلتوور و ژینگە و داب و نەریتی خۆیەتی. جا دەبێ وەرگێڕ چەندە بە ژینگەی کەلتووری ئەم دوو زمانە: زمانی سەرچاوە و زمانی

مەبەست، شارەزا بێ. چونکێ لە ڕاستیدا وەرگێڕان کارێکە بە مەبەستی تێکەڵکردن و ئاوێتەکردنی دوو کەلتوور لە پێناو گەیاندنی ناوەڕۆکی دەقێک، دەبێ ڕێگایەک یان ئامرازێک بدۆزینەوەی بۆ ڕاگواستەنەوەی ئەم کەلتوور لە ڕێی وەرگێرانی وشەیی، گواستنەوە، بە سروشتی کردن، هاوتای کولتووری، هاوتای کارایی، هاوتای وەسفکردن، پۆلێنکردن، شیکاریی پێکهاتەیی، قرتاندن، زیادکردن، کەمکردنەوە و هاووات‌ا.[٣٢]

بۆ نموونە ناو هێنانی» کەوش» لە دەقە شیعرێکی کوردیدا، بۆ سووکایەتی پێکردن و شکاندنەوەی کەسێک، لە لای خوێنەرێکی فەرنسی یان ژاپۆنی، هیچ مانایەک نادات، چونکە «پێڵاو» لە کەلتووری کوردیدا، چەندان واتا و ڕەمز و کۆد هەڵدەگرێ، کە ڕەنگە لە کەلتووری هێندێ نەتەوەی دیکەدا، بە جۆرێکی دیکە بێ. ڕەنگبێ» پێڵاوەکە» دەبێ بکرێت بە ‹کڵاو و شەبقە». ژنی تازیەدار لە ڕۆژهەڵات، پۆشاکی ڕەش دەپۆشی و ڕەشپۆش دەبێ، بەڵام لە کەلتووری هیندستان ژنی پرسەدار سپی دەپۆشی و سپییپۆش دەبێ... زۆر نموونەی دیکەش هەن.

بۆیە لە زانستەکانی وەرگێڕاندا، وەرگێڕانی فەرهەنگی یان کولتووری چەمکێکە کە لە زانستە کلتورییەکان دا بەکار دەهێنرێت و بە واتا یانێ پرۆسەی گۆڕانی زمانیی یان بە هەر بیچمێکی دیکە لە نێو فەرهەنگدا. ئەم چەمکە وەرگێڕانی زمانیی وەکوو ئامێرێک یان میتافۆرێک بەکار دەهێنێت لە شیکردنەوەی سروشتی گۆڕان لە فەرهەنگەکاندا .[24]

**ئەزموونی نەتەوەکان لە وەرگێڕانی شیعردا :**

:Experiences of Nations in Poetry Translation

شیعر لە سەردەمی کۆنەوە، لە سەرانسەری جیهاندا وەرگێڕدراوە. لە چین، وەرگێڕانی دەقی شیعر دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی پێش زایین یان پێشتر. لە ئەوروپا، لانیکەم تا سەدەی یەکەمی زایینی، شیعری یۆنانی دەکرایە سەر زمانی لاتینی. شیعری پەرستش لە نێوان زمانەکانی هیندستان لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی زایینیدا وەرگێڕدرابوون. باسی بنەماکانی وەرگێڕانی شیعر، لە ئەوروپا، لە سەردەمی ڕۆمانییەوە ماونەتەوە – بۆ نموونە. ئارس پۆیتیکای هۆراس (١٩-١٧ پێش زایین). لەگەڵ سەرهەڵدانی وەرگێڕان بۆ ناو زمانە ڕەسەنەکانی ئەورووپی و لە نێوان زمانە ڕەسەنەکانی ئەورووپی لە سەردەمی ڕێنێسانسدا، هەروەها سەرهەڵدانی

مشتومڕی نووسراو سەبارەت بە بنەماکانی وەرگێڕانی شیعر هەبوو، بە شێوەیەکی سەرەکی لە پێشەکییەکانی وەرگێڕاندا – مشتومڕێک کە تا ئێستا لە سەرانسەری جیهاندا بەردەوامە. لەگەڵ وەرگرتنی دیسیپلینی ئەکادیمیی, توێژینەوەکانی وەرگێڕان لە ماوەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا، بنەما و مشتومڕ و مۆدێلەکانی ئێستا لە وەرگێڕانی شیعردا، کاریگەرییان لەسەر بنەمای تیۆری دیسیپلینەکە هەبوو. [٥٢]

عەرەبەکانیش لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلامەتیدا بە گەرمییەوە دەستیان دایە وەرگێڕانی کتێبەکانی یۆنان و ڕۆمان و سریان و هیند و فارس بۆ سەر زمانی عەرەبی. ئەوروپاییەکانیش لە سەتەکانی نێوەڕاستدا بەشێک لە میراتی نەتەوایەتی عەرەب و ئێرانییەکانیان وەرگێڕایە سەر زمانەکانی خۆیان، بەوە مەشخەڵی هزریان بەرەوە پێشەوە برد.[٦٢]

بێگومان لەگەڵ داهێنانی ئامێری چاپکردن، وەرگێڕان بەگشتی لە هەموو جیهاندا گەشەی سەند، سەرەتای سەدەی نۆزدە و بیست، دواتریش داهێنانی تەکنەلۆژیایی دیجیتەڵی و کۆمپیوتەر، سەر لەبەری هۆنەر و بەرهەم و وەشاندنی وەرگێڕانی بە تیژڕەوویەکی خێرا بەرە پێشەوە برد.

سەرەتا وەرگێڕانەکانی دەقە شیعرەکان، بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوونی کەسی بوون، دواتر هێندێ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی زەبەلاح ئەو ئەرکەیان گرتە ئەستۆ، لێ هەوڵە تاکە کەسییەکانیش هەر بەردەوامن.

بەگشتی، نەتەوەکانی ئەوروپایی چالاکتر و زیندووتر بوون لە کاری وەرگێڕانی شێعردا، بۆیە ئەوان خاوەن ئەزموون کارامەیی و شارەزاییەکی باشن.

ئیمڕۆ شیعری وەرگێڕدراو بە شێوازی جۆراوجۆر ئامادە دەکرێ؛ لە کۆڕ و سیمینار و فێستیڤاڵەکاندا، لە ئێوارەکانی شیعری یان نمایشکردنی کتێب، چونکە زۆربەی شیعرە سەرچاوەییەکان لەلایەن شاعیرانی زیندوون، زۆرجار شاعیری سەرچاوە و وەرگێڕ بە یەکەوە دەخوێننەوە، ئەو جگە لەو دەقانەی لە گۆڤاری شیعر یان گۆڤاری ئەدەبی، یان ئەنتۆلۆژیادا بڵاودەکرێنەوە. بڵاوکراوە نافەرمییەکانیش، وێب و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە کە هەم وەرگێڕ و هەم خوێنەری زۆریان هەیە.

زۆرجار، بەرهەمە شاکارەکان چەندان جار وەردەگێڕدرێن، بۆ نموونە شیعرەکانی "پابلۆ نیرۆدا Pablo Neruda ١٩٠٤ ١٩٧٣" تاوەکو ئێستا ٣٧ جار وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. دەستبردنی ئەو هەموو وەرگێڕە بۆ یەک بەرهەم، نیشانەی

ناڕازی و نا بەدڵیٕ وانە لەو وەرگێڕانانەی کە کراون، هەر یەکێکیان هەوڵ دەدەات، وەرگێڕانەکەی خۆی شاکار بێت. ئەمە بووە هاندەر بۆ دروستکردنی ’گرووپی وەرگێڕان“ واتا چەند وەرگێڕێک بەیەکەوە بەرهەمێکی شیعری وەردەگێرنە سەر زمانێکی مەبەست. ئێستا یەکێک لە وەرگێڕانەکانی بۆ شیعرەکانی پابلوو نیرۆدا ئەنجامدراوە، کاری دەستەجەمعییە، پێنج وەرگێڕ بەیەکەوە سەریان پێکەوە ناوە و کارەکەیان ئەنجامداوە.

لە کتێبی“ شیکاریی گرووپی چارەسەری“ بەم شێوەیە قسە لەسەر گرووپی وەرگێڕان دەکـات:“ بەشدارکردنی گرووپێک لە وەرگێڕ لە کارێکی لەم جۆرەدا، یارمەتیدەرە، توانستیی تێگەیشتن و دەربڕین و گوزارشتکردن، پتر لە قالبی لۆژیکی و عەقڵانیدا دابرێژێت. تیۆری شیکاریی گروپی وەرگێڕان وەک بەشێک لە پرۆسەی پەیوەندی کردنی هزری دەناسێتەوە“ ٧٢

لەمەش پتر، هەر لە پێناو گەیشتن بە جوانترین و باشترتین وەرگێڕان، کتێبخانەی گۆنگریسی ئەمەریکی کە نزیکەی ٣٨ ملیۆن ناونیشانی کتێب لە خۆدەگریٕ، بەشێکی تایبەتی دامەزراندەوە بۆ هاوکاریی سەرتاسەری جیهانی لە کاری وەرگێڕاندا. لە ساڵی ٢٠٠٦وە، دەستی بە پرۆژەی WDL ” کتێبخانەی دیجیتاڵی جیهانی World Digital Library“ کـردووە و پێشنیاری کـردووە بۆ کۆمیسیۆنی نیشتمانی ئەمریکا، بۆ یونسکۆ. چەمکی پشت پرۆژەکە بریتییە لە دابینکردنی دەستڕاگەیشتن بە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە سەرانسەری جیهانەوە بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیارییە کولتوورییە گرنگەکانی وڵاتانی جیاواز، بەمەش هۆشیاریی نێوان کولتوورییەکان بەرەوپێش دەچێت. یونسکۆ پێشوازی لە پرۆژەی“ WDL ” کرد و بۆ ڕای گشتی خرایە بـازاڕەوە، ماڵپەڕەکە بە حەوت زمان بڵاودەکرێتەوە، کە بریتین لە شەش زمانی فەرمی نەتەوە یەکگرتووەکان: عەرەبی، چینی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ڕووسی و ئیسپانی، هەروەها زمانی پورتوگالی. ”WDL“ بەخۆڕاییە و بەڵگەنامە کولتوورییە گرنگەکانی کولتوور و نەتەوەکانی سەرانسەری جیهان دەخاتە بەردەست.٨٢

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەندا، بەیروت و قاهیرە، ناویان هەبوو لە وەرگێڕاندا بە گشتی و وەرگێڕانی شیعریش، ئێرانیش لەم دوو دەیەی دواییدا، هەنگاوی مەزنی ناوە و بە هەزاران ناونیشانی جیهانی، وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و کتێبخانەکانی خۆی پیٕ دەوڵەمەند کردووە.

**کام شیعر بژاردەی وەرگێڕانە:**

?Which Poem is the Translation Option:

چەند کارامەیی و شارەزایی و ئەزموونی وەرگێڕ لە کاری وەرگێڕاندا بایەخدار و پێویستە، هێندەش دیاریکردن و هەڵبژاردنی دەقی شیعر، بۆ وەرگێڕانەکە بایەخدار و بەرهەمدارە.

لێرەدا، قسە و باس، لەسەر ئەدەبی کوردییە. وەرگێڕ، دەبێ یان کورد بێ و لە زمانەکەی 'مەبەست" دەزانێ و لێی شارەزایە، یان غەیرە کوردە، زمانی خۆی دەزانێ و لە زمانی کوردیش شارەزایە و دەیزانێت. بۆ هەردووکیان زۆر گرنگە بزانن کە چ دەقێکی شیعری هەڵدەبژێرن و وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:

- دەقەکە لە زمانی سەرچاوەدا چەند داهێنەرانە و شاکارانەیە و شاعیر وەستایەتی تێدا کردووە.
- بۆ زمانی مەبەست، چەندە جێی بایەخە و خوێنەرانی بەرز دەینرخێنن و پێی شاگەشە دەبن و داهێنانی نوێ ئیزافەی ئەدەبی زمانەکەی "مەبەست" دەکا.

من بۆ خۆم، لە دیوانێکی ٧٠٠ لاپەڕەیی شاعیرێکدا، هەرچەندی کردم و کراندم دوو دێرە شیعرم پێ دەست نیشان نەکرا کە شیاوی ئەوە بێت وەریگێڕمە سەر زمانی ئینگلیزی، لە کاتێکدا دەقەکان، بۆ خوێنەری کورد بەجێ و جوان و پەسند بوون. چونکە کەلتووری ئینگلیز، ناوەڕۆکی دەقەکانی ئەم دیوانە شیعرەی پێ هەرس ناکرێ و لێی حاڵی نابێ.

کەواتە، باشترتین و کورترین ڕێگا بۆ دەستنیشانکردنی بژاردەی شیعر، بۆ وەرگێڕان، چ لە زمانی کوردی بۆ زمانەکانی غەیرە کوردی، چ لە زمانی بێگانەوە بۆ سەر زمانی کوردی؛ ئەوەیە دەقی شیعری گەردوونی هەڵبژێرین.

چەمکی ئەدەبیی ناوچەگەرایی، دەوارێکە کۆبەرهەمی هەرچی قەڵەم هەیە، بەدەر لە زمان و شێواز و ئاست و بیرۆکە و خەیاڵ، لە ژێر ئەستوونگی خۆیدا کۆ دەکاتەوە. بە واتایەکی دیکە، کۆبەرهەمی ئەدەبی، بە شیعریشەوە، زادەی کانیاو و گرکان و شەپۆل و کێڵگە و کازیوەی دەڤەر و ناوچە و هەرێمێکی دیارکراون لەم گەردوونە بێسنوورەدا. ئەوەی سنووربەند و شوورەی ئەو لۆکاڵییە دەشکێنێت و دەیگەێنێتە دوورترین خاڵ کە مرۆڤ پێی لەسەر دانابێ، نە ئامرازە پێشکەوتووەکانی میدیا و نە ئامێرە تەکنەلۆژیا سەردەمییەکانن، بەڵکوو ئەدەبییەتی ئەو ئەدەب و شیعرییەتی

ئەو شیعرەیە. ناوچەگەرایی لە ئەدەبدا، شیعریش وەک پەریزادی ئەو ئەدەبە، چەمکێکی پیرۆز و مەزن و داهێنەرانەیە، نەک هەڵگری خەوش و کەمایەسی و گرێ و پاشاگەردانی.[29]

دیارە، ئەدەبیی ناوچەگەرایش، بەبێ هزر و خەیاڵ و داهێنانی ئەدیبی ئەو ناوچەیە مەیسەر نابێ. گەشترین خاڵی درەوشاوە لە شیعردا لەوەدایە، کە هەڵگری ڕۆح و پەیامی مرۆڤدۆستی و مرۆڤبینی بێت و گەردوونییەت لە خۆیدا بگرێ. لەم حاڵەتەدا دەکرێ دەقە شیعرێکی لۆکاڵی، وەک شاکار، بۆ شاکارێکی گەردوونی وەرگێڕدرێ بۆ زمانەکانی دیکە. ئەمە لە وەرگێڕانی دەقی شیعری شاعیرە غەیرە کوردەکانیش هەر وایە، کاتێک دەقێک وەردەگێڕدێت بۆ سەر زمانی کوردی، دەبێ ژینگە و کەلتوور و ئاستیی ڕۆشنبیری و مەعریفی و ئەدەبی کومەڵگای کوردی حیسابی بۆ بکرێ. چەند دەقی شیعری شاکار هەیە لە ئەدەبی نەتەوەکاندا، بەڵام ڕەنگبێ، پتر شاکارییەکەیان لە بازنەی نەتەوایەتیی خۆیان دابێ.

جوانترین و باڵاترەین شاکاری شیعریی، کە بۆ ڕۆحی بەرزەفڕی قازی محەممەدی پێشەوا نووسرا بێ، بۆ خوێنەرێکی ئەڵمان، یان بەرازیلی، بایەخێکی هێندە مەزنی نییە، وەک ئەو بڵێسە و حەماسەتەی لە دڵ و دەروونی خوێنەرێکی کورددا دایدەگیرسێنێت.

لەم سەردەمەدا، ئەدیبانی هزرمەند و بلیمەت و بەهرەمەند، کوشتەی داهێنانی بەرهەمی نوێن و هەمیشە فکر و خەیاڵیان ئەوە دان چۆن کلیلی دەرگای داهێنانە دانەهێنراوەکان وەدست بێنن. ئەم پێشکەوتنە لەخەیاڵ بەدەرەی تەکنەلۆژیای سەردەمیش، تەواو ڕێخۆشکەرە و یاریدەدەرە بۆ دۆزینەوە و دەستهێنانی ئەو کلیلانە. جیهان گوندێکی بچووکە و مرۆڤەکان هەمووی دروایسێی یەک کوچە وکۆڵانن، شتێک نەماوە نهێنی و پەنهان بێ لە نێوانمان. بۆیە ئەمرۆ بەرهەمی ئەدەبی گەردوونی، لە هەموو چەشە ئەدەبییەکاندا ـ بەتایبەتی لە جیهانیی شیعردا، جوان جوان خۆی دەنوێنی.

(Timothy Brennan)، پرۆفیسۆری ئەدەبی بەراوردکاری لە زانکۆی (Minnesota)، بە وردی زاراوەی ئەدەبی گەردوونی (Cosmopolitanism) پێناسە دەکات و لە ئەدەبی جیهانی (Literature World) جیای دەکاتەوە. لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی زۆر لە نووسەر و ڕەخنەکارانی کورد، زاراوەی ئەدەبی جیهانی بە شێواوی پراکتیزە دەکرێ. وەک ئاماژەکردن بە بەرهەمی شاعیرێک و پێناسەکردنی وەک دەقێکی جیهانی. لە کاتێکدا ئەدەبی جیهانی "گوزارشت لەو ئەدەبە لۆکاڵە خۆجێیە

دەکات، کە بەبێ ڕەچاوکردنی بوونی بەها مەزنەکان و ئەزموون و جوانناسی و مرۆڤدۆستی لە بەرهەمێکدا، بۆ دەرەوەی سنووری جوگرافیی خۆی هەناردە دەکرێت و بڵاودەبێتەوە. بە واتایەکی وردتر، وەک مارکەیەکی بازرگانی، ئەو بەرهەمە دەخرێتە کتێبخانەکانی جیهان، ئەمەیش لەگەڵ کۆلۆنیزمی ئەورووپی سەری هەڵدا کە لە دەوری سەدەی حەڤدەمەوە ئینگلیز و ئیسپان و پورتگال و فەرەنسا، دواتریش ئیتالیا و ئەڵمانیا، پەلکێشیان کردە سەر وڵاتانی ئەمەریکای لاتین و ئەفریقیا و بەشێکی ئاسیا. جا کە ئەم وڵاتانە زمانی خۆیان کردە زمانی فەرمی زۆر لە کۆلۆنێلەکانی خۆیان، لە سەدەی هەژدەمدا دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی خۆیان وەک بەرهەمێکی ئەدەبی جیهانی. هەرچی ئەدەبی گەردوونییە، گوزارشت لەو بەرهەمە ئەدەبییە دەکات کە هەڵگری قامتێک خەسڵەتی تایبەتە، بە بێ ئەوەی بپرسی خاوەنەکەکەی کێیە و سەر بە چ نەتەوەیەکە و لە کوێ نووسراوە. بە واتایە، ئەدیب و شاعیر، هەڵگری ناسنامەی جیهانین، ئەوان تۆمارکەی ژان و خەم و نەهامەتی و کۆست و برسییەتی و خۆشی و جوانی و خۆشەویستیی هەموو خەڵکی سەر ئەم زەمینەن، بەبێ فەرق و جودایی لە زمان و ئایین و ڕەگەز و ڕەنگ و نەتەوە...تاد. کە دەقە ئەدەبییەکە وەرگێڕانیەکی جوان دەکرێ، خوێنەر، ئەگەر بەڕازیلی، ژاپۆنی، فەرەنسی، فارس، یان قۆقازی بێ، وا هەست دەکات، ئەو دەقە ڕێک بۆ ئەو نووسراوە.»

ئەمڕۆ، ئەدەبی کوردی، تۆمارگەی پەخشان و شیعرەکانی، بەرهەمی ئەدەبی گەردوونی تێدایە، لێ لەبەر خاوی و لاوازی و بەهەند وەرنەگرتنی وەرگێرانیان بۆ سەر زمانەکانی غەیرە، تا ڕادەیەک وەلاوە نراون و شاردراونەتەوە. نەبوونی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەکادیمیانەی تۆکمە و هاوچەرخ و داهێنەرانە، کۆسپێکی دیکەیە لەبەردەم ناساندن و سنوورشکاندنی ئەو بەرهەمە گەردوونییە کوردییانە.[30]

دووبارە، جەغت دەکەینەوە، کە وەرگێڕ دەبێ چەندان بار پرسیار لە خۆی بکات، ئایا ئەو دەقەی هەڵیدەبژێرێت بۆ وەرگێڕان، شایستەی وەرگێڕان و بەرهەمەکەیە؟ قازانج و زیانی، چی دەبێ؟

**شیعری کوردی لە ڕەوتی وەرگێڕانی هاوچەرخدا:**

Kurdish Poetry in the Process of Contemporary Translation:

بە ویژدانەوە، دەڵێین، کە ڕەوتی وەرگێڕانی شیعر، لەسەر ئاستی جیهانی،

تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەکو ڕۆژاواشدا، کز و لاواز و کەم بەرهەم بێ، ئەوا گلەیی زۆر لە ئەدەبی کوردی هاوچەرخ ناکرێ.

چاپ و چاپخانە، هێندە لەمێژ نییە گەیشتووەتە کوردستان؛ کوردی زمانزانی زمانی بێگانەش، ژمارەکەیان زۆر کەم بووە، غەیرە کوردیش، کە شتێکی وەرگێڕابێتە سەر زمانی کوردی، یان بە پێچەوانەوە، ئەوا هەر ئەو چەند گەریدە و ڕۆژهەڵاتناسانەن، کە ناوەکانیان زانراوە.

ئەوەشمان لە بیر نەچێ، کە ئەگەر وەرگێڕیش لە مەیدانەکە حزووری هەبووبێ، بەرهەمی کوردیی  زۆر باڵا، بۆ زمانی بێگانە، هێندە زۆر نەبوون. کەم خوێنەری بێگانە هەیە، سەرسام بێ بە شیعری وەفایی یان قانیع، یان هەژار... .

زانیارییم لە بەردەستدا نییە، کە یەکەم دەقی شیعری وەرگێڕدراوی کوردی بۆ زمانی بێگانە کامیانە، بەڵام دەزانم کە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانمان زۆر کەمن، لە چاو خۆیان.

دەکرێ ئەم دوو دەویەی دوایی، ئەم سەدەیە، بە چاخی زێڕینی وەرگێڕانی شیعری کوردی بناسێنین- هەرچەند وەرگێڕانی ژانری ڕۆمان سەرتۆپە.

کۆچ و ئاوارەیی و بڵاوبوونەوەی ڕەوەندی کوردی لە هەر چوار ئیقلیمی جیهان، لە لایەک و، زۆری کۆلێژ و پەیمانگەی زمانەوانی و بەشی وەرگێڕان لە کوردستانی باشوور  و تێکەڵبوونی بێگانە بە کورد، چ لە دەرەوە و چ لە ناوەوە، ڕێخۆشکەر بوون، بۆ گەشانەوەی ڕەوتی وەرگێڕانی کوردی – لە ناویشیدا وەرگێڕانی شیعر.

بەڵام، بۆ مێژوو، دەبێ ددان بە چەند حەقیقەتێکدا بنێن، گەر تفت و تاڵیش بن:

- ئەو وەرگێڕانەی کورد، کە شیعر وەردەگێڕن، چ بۆ زمانی کوردی، چ لە زمانی کوردییەوە بۆ بێگانە، ژمارەیان کەمە.
- لە زۆری بەرهەمە وەرگێڕداروەکان کرچ و کاڵی و لاوازی زمانەوانی و ئەدەبی بە زەقی دەبینرێت.
- ڕەخنەی ئەدەبی لە وەرگێڕانی شیعر و ڕەخنەکاری وەرگێڕی شیعر، لە ناو کوردان، یان نییە، یان زۆر دەگمەنە.
- هیچ ئامار و سەرچاوەیەکمان لەبەر دەست نییە، تا بزانین، خوێنەری غێرە کورد، چۆن شیعری وەرگێڕدراوی کوردی بۆ زمانەکەی ئەو، هەڵدەسەنگێین و دەنرخێنن.

○ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، لە سەر شیعری وەرگێڕدار و لە خودی وەرگێڕ، زۆر کەمە.

○ کتێب و گۆڤار، لەبارەی وەرگێڕان بە گشتی، بە زمانی کوردی کەمە، جا لەبارەی وەرگێڕانی شێعری کوردی – من ، هیچم نەکەوتووەتە بەرچاو.

○ شیعری کوردی بە نمرەی یەک، لە باشووری کوردستان، وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی ئەوجا فارسی، لە ڕۆژهەڵاتیشدا، بۆ سەر زمانی فارسی. وەرگێڕان بۆ سەر زمانی ئەوروپایی، بە تایبەتی بۆ زمانی ئینگلیزی، بە پلەی سێیەم دێ.

○ بەرهەمی غەیرە کوردی، بە قەڵەمی وەرگێڕی غەیرە کورد، بە دەگمەن دەبینرێن، بەرهەم بکەنە کوردی.

○ ڕۆڵی کۆلێژ و پەیمانگەکان، کە بەشی وەرگێڕانیان هەیە، زۆر کز و خامۆشە لە ڕەوتی وەرگێڕانی شیعری کوردی بە تایبەتی و ئەدەبی کوردی بە گشتی.

○ وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردە و دەزگا ئەکادیمییە زمانەوانییەکان، سارد و سووڕن، لە گەشاندنەوەی ڕەوتی وەرگێڕان. نەمبیستووە، دەزگایەک، حەقدەست و مزەی وەرگێڕانی کتێبێکی بەخشیبێتە وەرگێڕێک، وەک لە وڵاتاندا هەیە.

○ ئەو چاپخانە و دەزگای پەخش و بڵاوکردنەوە و کتێبخانە ئەهلییانەی لە هەرێم هەنە، پتر، بە قەستی بازرگانی و قازانجی ماددی خۆیان بایەخ بەوەرگێڕان دەدەن.

○ ئەگەر لە دەزگایەکی حکوومی، پشتیوانیی وەرگێڕ بکرێت و بەرهەمیشی بۆ چاپ بکرێ، خزم خزمێنە و شارچییەتی و حیزبایەتی و واستەکردنی، دەستی خۆی تێدا دەبینێ.

○ تاکو ئێستا هیچ، کۆنفرانس و فێستڤاڵی نێودەوڵەتی، لە سەر" پرۆژە و بەرنامەی وەرگێڕانی شیعر، لە کوردستاندا ساز نەکراوە، گەرچی نزیکەی ٣٥ زانکۆمان هەیە، جگە لە دەزگا ئەکادیمی و وەزارەتە بەرپرسەکانی ئەم بوارە.

○ وەرگێڕانی بەرهەمی شیعری، لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان، تا ئەم ساتەوەختەم پتر ڕەنج و ماندووبوون و شەونخوونی تاکە کەسییە، وەرگێڕ،

بۆ خۆی بەرهەم هەڵدەبژێت و هەر بۆ خۆشی وەریدەگێڕێ و هەر خۆشی خەرجی چاپکردنی دەگرێتە ئەستوو – بە گشتی.

○ تاکو ئێستا، نە توانراوە، فەزایەکی گەش و کراوە بۆ خوێنەری کورد ساز بکرێت، تا خوو بداتە خوێندنەوە و گەڕان بەدوای بەرهەمی شیعری وەرگێڕدراودا.

**باشترە وەرگێڕی کورد چی بکات؟** What Should a Kurdish Translator Do?

نووسەر و زمانناس و ڕۆشنبیر، دیاکۆی هاشمی، لەم لینەکەی ئینتەرنێتدا" بڕوانە سەرچاوەکان"[١٣]، زۆر لێزانانە، هەموو مەرج و خەسڵەت و کارامەییەکانی ئەو کەسەی دەستنیشان کردوە، کە خوو دەداتە وەرگێڕان و دەیەوێت ببێت بە وەرگێڕ، با لێرە، ئەو ڕیزبەندە دووبارە نەکەینەوە، کە هەموو خاڵەکان شیاو و بەجێ و پەسند و پێویستن... .

لێرەدا، من چەند خاڵێک، بۆ ئەو وەرگێڕە ئیزافە دەکەم کە مەیلی وەرگێڕانی دەقی شیعری هەیە، لە زمانی کوردییەوە یان بۆ زمانی کوردی.

**یەک:** من هاوڕام لەگەڵ وتەکەی شاعیر و وەرگێڕی ئەمەریکی ئێزرا پاوند، کە دەڵێ: مەرجە، وەرگێڕی دەقی شیعری، بۆ خۆی شاعیر بێ». چونکە وەرگێڕانی دەقی شیعری وەکو ژانرەکانی دیکەی ئەدەب نییە. بڕوانە چەند جوانی ئەم خاڵە ڕوون کراوەتەوە:

«ساموێل جۆنسۆن Samuel Johnson١٧٠٩ – ١٧٨٤" نووسەری ئینگلیز دەڵێ:" شیعر قابیلی وەرگێڕان نییە، ئەگەر وابووایە، بۆ خۆمان ماندوو دەکرد، تا فێرە زمان بین. تەنها شاعیرە خولقێنەری زمانی شیعر و کەسی دیکەی ئەوەی پێناکرێ."[٢٣]

**دوو:** وەرگێڕی کورد باشترە، دەقە وەرگێڕدراوەکەی خۆی نیشانی وەرگێڕێکی دیکەش بدات و بەراوردیان بکەن. ئەوجا کەسێک، شارەزا لە زمانی مەبەست پێداچوونەوەی بۆ بکات. واتا من ئەوە دەقەی تەرجەمەی دەکەم بۆ ئینگلیزی، باشترە نیشانی وەرگێڕێکی دیکەشی بدەم کە کورد بێ، پاشان با ئینگلیزێک، یان ئینگلیزیی زانێک، پێداچوونەوە بۆ دەقەکانمان بکات.

**سێ:** خاڵی سەرەوە، بۆ ئەو وەرگێڕەشە، کە دەقی شیعری بیانی دەکاتە کوردی.

**چوار:** باشترین. دەستۆر و میتۆد بۆ وەرگێڕانی شیعر، وەرگێڕانی دەستەجمعییە.» باشترە وەرگێڕی شیعر، ڕاوێژپێکراوی خۆی هەبێ، وەک تیمێک کار بکەن، جا

دەکرێ ئەو تیمە لە وەرگێڕ، پێی بگوترێ – هاووەرگێڕ، بەرهەمەکەش هەر بە ناوی ئەو تیمە بڵاوبکرێتەوە.»[٣٣]

**پێنج**: دەبێ وەرگێڕ ئەم دوو خاڵە لەبەر چاو بگرێ. لە لایەک ئەو مامەڵە لەگەڵ زمانێک دەکات کە بەرزترین ئاستی هاوواتایە لە هەموو ئاستەکاندا، بۆیە کەشفکردنی کۆدەکانی ئەو زمانای شاعیر پێویستە. هەروەها دەبێ بە جۆرێک پەیوەندییەکی هاوسۆزی لەگەڵ شاعیرەکەدا هەبێ، واتا هەم هەست و هەمان حاڵەتە دەروونییەکەی ئەو ئەزموون بکات.

دەبێ وەرگێڕ ئەوە لەبەر چاو بگرێ کە ڕەخنەکاری بەرهەمەکەی ئەو خوێنەرە؛ ئەو نمرە بۆ کارەکەی ئەو دادەنێ، نە خۆی.

ئێستا بە بە چاوێکی ڕەخنەکارانە سەرنج لەم چوار وەرگێڕانەی یەکێک لە چوارینەکانی «خەییام ١٠٤٨ – ١١٣١» بدەەین کە هەر چوار وەرگێڕەکە شاعیری کوردن.[٤٣]

**ئەمە دەقی چوارینەکەی خەییامە:**

**گویند بهشت و حورعین خواهد بود**
**آنجا می و شیر و انگبین خواهد بود**
**گر ما می و معشوق گزیدیم چه باک**
**چون عاقبت کار چنین خواهد بود**

**«گۆران» بەم شێوەیە دەیکاتە کوردی:**

**ئەڵێن لە بەهەشت حۆری جوان هەیە**
**مەی و هەنگوینی سپی شان هەیە**
**بۆچ یار پەرستی و مەی نۆشی نەکەم**
**مادام ئەنجامی کار هەر هەمان هەیە**

**«ئەحمەد شاڵی» وای داڕشتووەتەوە:**

**ئەڵێن بەهەشتەو حۆری چاوکەژاڵ**
**شیرە و هەنگوینە و شەرابێکی ئاڵ**
**من باکم چی بێ کە لێرە هەم بێ**
**مەی و یارێکی تەڕی چواردەساڵ**

**«سەلام» لەم قالبەدا جێی کردووەتەوە:**

**ئەڵێن لە بەهەشت حۆری و غیلمانە**
**شەرابی ئاڵ و هەنگوینی شانە**
**نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لە خوانە**
**بۆ خۆم هەڵگرم بۆ ئەو زەمانە؟**

**هەرچی «هەژار»ە بەم تەرزە کوردانددوویەتی و دەڵێ:**

**لێم بۆتە مەتەڵ: بەهەشتە، جێگەی حوورە**
**هەنگوێن و کەرە و شیر و مەی و کافوورە**
**با ئێمە بە مەی لێرە بەهەشتێ ساز دەین**
**تا پیاوی هەژار دەگاتە بەغدا، دوورە**

ئەگەر. شیتەڵکارییەکی ئەم ٥ دەقە شیعرە بکەین دەبینین، خەییام، لە چوارینەکەیدا ئەم کۆدانەی خستووەتە ڕوو:

بهشت: حورعين
نجامی: شير و انگبين
معشوق: گزيديم
عاقبت كار: خواهد بود

بەڵام چوار شاعیرەکە، کۆدەکانیان، بە گوێرەی تێڕاونین و دەسەڵاتی زمانەوانیی خۆیان دەستکاری کردووە:

| خەیام | گۆران | ئەحمەد شاڵی | سەلام | هەژار |
|---|---|---|---|---|
| بهشت : حورعين | بەهەشت: حۆری | بەهەشتە: حۆری چاوکەژاڵ | بەهەشت: حۆر: غیلمان | مەتەڵ: بەهەشتە: حوورە |
| نجامی: شير و انگبين | مەی : هەنگوینی سپی | شیر: هەنگوین : شەراب | شەراب : هەنگوین | هەنگوێن :کەرە: شیر : مەی: کافوور |
| معشوق: گزيديم | یار پەرستی : مەینۆشی | بێ باکی: لێرە | پەندی کوردی | مەی لێرە : بەهەشت |
| عاقبت كار: خواهد بود | ئەنجامی کار: هەمان | مەی : یاری چواردەساڵ | پرسیار؟ | پەندی کوردی |

**خشەی ژمارە 2**

ئێستا، تۆی خوێنەر، حوکمی خۆت دەدەیت و نمرە بۆ هەر یەکێک لەم چوار وەرگێڕانە دادەنێت. جا ئەگەر وەرگێڕانەکانی عوسمان عەونی و کاکەی فەلاح و

خسروو جافیش بخەیە سەر ئەم چوار وەرگێڕانە، ڕەنگبێ، کۆدی دیش بێنە پێشەوە.

پرسیارەکە ئەوەیە بۆ چی ٧ شاعیر و ئەدیبی کورد چوارینەکانی خەییامیان لە فارسییەوە کردووەتە کوردی؟ و بۆچی ٣٧ جار شیعرەکانی باپلۆ نیرۆدا لە ئیسپانییەوە وەرگێڕدراون بۆ زمانی ئینگلیزی؟ یەک وەرگێڕان بەس نەبوو؟

وەڵامەکە، ئاسانە، هەر یەکێک لەم وەرگێڕانە، خوێنەری دەقی سەرچاوە و دەقی مەبەستن، دیار ئەوان پێ یان وایە، دەکرێ وەرگێڕانی جوانتر بۆ دەقەکەی سەرچاوە بکرێ.

**پووختەی بابەت** Article Summary:

**لەم لێکۆڵینەوە، دەکرێ ئەم خاڵانە هەڵێنجین:**

- وەرگێڕان ژانرێکی ئەدەربی باڵایەوە نیشانەی ئەدەبی پێشکەوتوو و باڵایە، ئەو نەتەوەی کەمترین وەرگێڕانی هەیە، هەژارترین نەتەوەیە، لە ئەدەب و کەلتووری فەرهەنگی.
- تۆرییەکانی وەرگێڕانی شیعر زۆرن و بەردوام لە زیاد بوون دان.
- وەرگێڕ، زۆر کەم پەیڕەوی تیۆریی وەرگێڕان دەکات، ئەو ڕێباز و شێوازی خۆی هەیە.
- وەرگێڕانی دەقی شیعر، قورسترین جۆری وەرگێڕانە.
- گرفتەکانی وەرگێڕانی شیعر بۆ هەموو نەتەوەکان وەک یەکە و زۆرن.
- وەرگێڕانی دەقی شیعری لە ئەدەبی کوردی هاوچەرخدا، هەژارە.
- زۆر کەم لە وەرگێڕی بێگانە زمان، کاری بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەدبی کوردی دەکات، یان وەک سەرچاوە سوودی لێ دەبینێ.
- ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی هەمانە لە وەرگێڕانی دەقی شیعر، زۆریان لاوازی و کرج و کاڵیان پێوە دیارە.
- لێکۆڵینەوە و کتێب و گۆڤار و چالاکیی سیمینار و کۆنفرانس و فیستڤاڵ، بۆ خزمەت کردنی وەرگێڕانی شیعر، لە کوردستانی باشوور زۆر کزە.
- وەزارەت و دەزگا ئەدەبی و ئەکادیمییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە وەرگێڕانی دەقی شیعر، زۆر سارد و بێ خەم و بێ بەرنامەن.
- کاری دەستەجەمعی لە وەرگێڕانی دەقی شیعردا، باشترین ڕێگەیە بۆ بەرهەمهێنانی وەرگێڕانی جوان و سەرکەوتوو.

Refferences: **سەرچاوەکان**

**(پەراوێزەکان)**

1 - https://radhakap.medium.com/6-oldest-poems-of-history-44d91137193d

2 - Mitchell, Bruce (1985). “Cædmon’s Hymn”, L. University of Leeds, P.190.

3 - https://www.goodreads.com/quotes/tag/translation

٤ - سەرچاوەی پێشوو

٥ - سەرچاوەی پێشوو

٦ - سەرچاوەی پێشوو

٧ - سەرچاوەی پێشوو

8 -https://anganaborah.medium.com/translationese-a-brief-introduction-db4575c0ee69

٩ - فازیل شەورۆ، ڕەنگرێژی ژینگە لە شیعری منداڵاندا، چاپخانەی پاندا، سلێمانی، ٢٠٢٣، ل. ١٩

10 - https://www.lexika-translations.com/

11 -https://sc.upt.ro/images/cwattachments/113_86e8b51399d8007606d14eaa41
d8cad4.pdf

12 - See 11

13 -- See 11

14 -https://www.lit-across-frontiers.org/wp-content/uploads/2013/03/Publishing-Translations- in-Europe-a-survey-of-publishers-2012.pdf

15 - https://www.tandfonline.com/doi/full/10.1080/14781700.2011.560014

16 - Gentzler, Edwin, Contemporary Translation Theories, Routledge, London and New
York,1993 - Book.

١٧ - جەمال نەبەرز، وەرگێڕان هونەر، چ ٤، دەزگای ڕاگەیاندن – گۆنگرەی نیشتمانی کوردستان، سوید، ٢٠٠٨، ل. ١٥

18 - Bassnet, S. & Lefevere, A. (1990). Translation, History and Culture. London: Printer Publishers, p. 517 - Book.

١٩ - قوبادی جەلیزادە، جیی سمی بارگیرەکان، ، سلێمانی . چاپخانەی ؟ ، ٢٠٢٣

20 - https://www.researchgate.net/publication/322735211_Problems_in_Translating_Poetry

٢١ - محەمەدی مەلا کەریمی، دیوانی گۆران، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٨٢، ل. ٤٢٤

٢٢ - هێمن، بارگەی یاران (سەرجەمی شیعری هێمن)''، هەولێر: دەزگای ئاراس، ٢٠٠٣.

23 - Said, Mashadi. 1994. Socio-cultural Problems in the Translation of Indonesian Poems into English . Unpublished Thesis. IKIP Malang, p. 6

24 - Zeta Series in Translation Studies.

25 - https://www.researchgate.net/publication/271640678_History_of_Translation

٢٦ - بڕوانە سەرچاوی ١٨. ل. ٩

27 - https://groupanalyticsociety.co.uk/about-gasi/group-analysis/

28 - https://www.loc.gov/catworkshop/lcc/PDFs%20of%20slides/10-2%20handout.pdf

٢٩ - بڕوانە ژمارە ١٩

٣٠ - گۆڤاری (پەیڤ)، ژمارە ٨٤. فازیل شەوڕۆ، شیعری گەردوونی، ل. ٥٩ - ٧٢

31 - https://www.kurdipedia.org/files/books/2022/407766.PDF?ver=132913128480000000

32 - https://altalang.com/beyond-words/10-translation-quotesgreat-writers-on-the-art-of- translation/

33 -https://www.neh.gov/humanities/2009/septemberoctober/feature/what-samuel-johnson-really-did

34 - https://www.kurdipedia.org/files/books/2017/102660.PDF?ver=133250634375922595

**تێبینی:**

لە ساڵی ٢٠١٥ یەکێتی نووسەرانی کورد – لقی هەولێر، کتێبێکیان چاپ کرد بە ناوی 'گوڵبژێرێک لە شیعری کوردی"، کە وەرگێرانی شیعری چەندان شاعیری کورد بوو بۆ زمانی ئینگلیزی. من لە کتێبی" ٢ کتێب لە ١ کتێبدا" ڕەخنەی ئەکادیمیانەم، لە زۆربەی شیعرە وەرگێردراوەکان هەبوو کە کرابوون بە ئینگلیزی. لە چاپخانەی حاجی هاشم کتێبەکەی من چاپ کرابوو.

"An Anthology of Kurdish Poetry" Selected with an Introduction By: prof. Dr. Hemdad Huseen

# پرۆسەی وەرگێران
# لە هەریمی کوردستان

هەیاس مەحمود کاکەیی

وەرگیران پرۆسەیەکە  تیدا واتا لە زمانیکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ زمانیکی تر (گ. زمان وزار ژ٩ لا٥٤٢) ، وەرگیران زانستە  و هونەرە ، هۆکاریکی بتەوە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نیوان کلتوور و شارستانییەتی مرۆڤایەتی ( الجواهری لا٥٢) .

کورد لە کوردستانی گە ورە ، زمانەکەی  بە هەموو شێوەزارەکانییەوە، لە نێو چوارچێوەی سنوورە داخراوەکانی وڵاتانی دەسەڵاتدار، کەوتووتە ژێر ئاستەنگیکی گەورە، لە بواری خویندن و نووسین و وەرگیرانەوە، تەنانەت ئاخاوتنیش کە نەیتوانیوە هەنگاو بنیت تا رادەیـەک بۆ پیشکەوتن و پەرەسەندن نەخاسمە بۆ وەرگیران، کورد بێبەشبوون لە بەکارهینانی زمانی دایک، نووسەر و زاناکان لە نووسین و بەرهەمەکانیان پەنایان بردووتە سەر زمانەکانی تر وەک زمانی عەرەبی و زمانی فارسی، ( فەلەکەددین کاکەیی لا٥٢).

لە کوردستانی باشور  پاش راپەرینی ساڵی ١٩٩١ز .، بوارەکانی زمانەوانی و وەرگیران دەرفەتی هەناسەوەرگرتنیان بینیوە تا رادەیەک ، بەڵام وەکو بە ریز سودادرەسول دەڵیت : تا ئیستا حکومەتی هەریم سیاسەت و پلانیکی روونی  بۆ ئاراستەکردن و بەریوە بردنی زمان لە هەریم دا نەبووە ( رەسول لا٩) ،

جا ئەگەر بێنەوە سەر وەرگیران ، هەرچەندە رۆشنبیرو روناکبیران ئەرکی خۆیان بەگڕ خستووە لەو بوارەدا لە هەریمی کوردستان ، بەڵام هیشتا بە پیی پیویست و ئاوات نییە ، چونکە ئەو نواندنی ئەرکانە ی وەرگیران تاکە کەسیی بۆ ، ڕیسا و یاسایەکی گشتگیری نییە بۆ هاندان و پشتگیریان و ئاراستەکردنیان ، کە هەموو هۆزو ناوچەکانی زاراوە کوردییەکان بگریتەوە و لە یەک قاڵبدا داریژراو بیت ، ئەوە سەرەرای نەبوونیکی زمانە ستاندارد و فەرهەنگێکی گشتی کوردی ، بەڵام جەواهری دەڵیت کەڵینیکی کتیبخانەی وەرگیرانی پڕکردووتەوە ( جەواهری لا٦٢)، بۆ ئەو مەبەستە دەبیت لیژنەیەکی دانان و وەرگیران و بڵاوکردنەوەمان هەبیت لە هەریم سەر بە وەزارەتی پەروەردە یان کۆری زانیاری کورد تاکو ئەرکی سەرەکی  خۆیان بنوێنن لەو بوارانەدا ، هەروەها وەرگیر جگە لە شارازایی هەردوو زمانەکە و کولتوورەکانیان هەبیت ، پیویستە ئەو بابەتەی کە وەری دەگیریت لە بواری پسپوری خۆیدا بیت و توانای بشکێتەوە بەسەر دارشتنی زمانی بۆ وەرگیراودا ( گ. زمان وزار ژ٩ لا٥٤٢).

هەر وەرگیریک کاریگەری شێوەزاری ناوچەی زاڵە لە سەر بەرهەمەکانی ، بیجگە لە کاریگەری قوناغەکانی خویندنی بە زمانی بیانی ، یان کاریگەری دەوروبـەر  و

تیکەڵاوی و دزە کردنی وشەگەلی بیانی لە نیو بەرهەمەکانیان ، ئەمەش وای کردووە کە زمان رووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵیک ئالنکاری و کیشەی زمانی بووتەوە ( رەسول لا٩١)واتە وەرگیران هاوبەشە لەو بوارانە .

**کیشەکانی بواری زاراوەسازی : -**

کیشەکان زۆر و هەمەچەشنن ، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازن ، بە هۆی دابران و سیاسەتی گوشاری دەسەڵاتداران لە رابردووی ژیانی کوردەواریدا ، جگە لە بواری ئابوری و کۆمەڵایەتی و شارەزایی وەرگیر لە زاراوە و وشەسازیدا ، وەک د. بیستون دەڵیت : دابرانی جوگرافی وسیاسی و جیاوازی کۆمەڵایەتی و کولتووری و رۆشنبیری و ئابوری و بایولوجی دەبیتە هۆی دروستبوونی زاری جیاواز ( گ. زمان وزار ژ٠١ لا٧٢)، زۆر جار زاری نیو زمانیک بە هۆی هەندی هۆکارەوە خۆی پیگەیاندووە و بووە بە دەمراست و نوینەری گشت زارەکان ( گ. زمان و زار ژ٥ لا٢٣)

هەرچەندە لە هەریمی کوردستاندا کەش و هەوا رەخساوە تا رادەیەک بۆ کەم کردنەوەی ئەو کیشانە ، بەڵام ئاساواری ئەو هۆکارانەی پیشوو بۆ دەرکەوتنی کیشەکان هەر ماوە لە سەر زارەکان ، بە هۆی ترس و دڵەڕاوکی ، تیکەڵاوبوون ، ئاڵوگوری باری ئابوری ، قوناغەکانی خویندن و فیربوون بە زمانی بیانی ، نەبوونی یان کەم بوونی پاراوگە و رۆژنامە و کتیب و خویندن بە زمانی کوردی یان چاپەمەنییەکانی تر ، هەروەها نەبوونی یاسا لە هەریم بۆ زاراوە سازی کە تەوەریکی کەی کیشەیە لە بواری زاراوەسازیدا . ئەم کاریگەرانە بە زەقی دەبینریت لە ناوچە دەشتاییەکاندا، کە بە ریەککەوتن راستەو خۆ هەیە لەگەل نەتەوەکانی تر لە ناوچە دابراوەکان یان دوورتر وەک ناوچە دوورە شاخاوییەکان کە زاراوەکانیان پاراوتر و خاوینترە ، بۆیە هەست دەکریت لە نیو یەک شیوەزاری کوردیدا لە ناوچەیەکەوە یان دیهاتیکەوە بۆ دیهات و ناوچەیەکی تر گۆرانکاری دروست بووە لە ئاخاوتن و وشەسازیدا ، بۆ نمونە زاراوەی گوران ( ماچۆ = هەورامی ) لە خواروی هەریم بە هۆی کاریگەری ناوچەیی جیاوازی هەیە لەگەل هەورامان وە هەروەها لەگەل هەورامانی لەهون ، ئەم بابەتە زاراوەی کرمانجی و سۆرانی و لوریش دەگریتەوە ، زاراوەکانی ناو زمانیک بە پیی زەمان و هەروەها هۆکارگەلی وەک باری ئابوری

و سیاسی و فەرهەنگی و مەزهەبی بەرز و نزمی بە خۆیەوە دەبینی ، زۆر جار زاراوەکان یەکتر لە نیو خۆیاندا تواندووتەوە ( گ.زمان وزار لا٣٣).

**کیشەکانی زاراوەسازی لە بواری زانستی : -**

زاراوە کلیلی زانستە ، بە گوتەی خەوارزمی باس لەوە کراوە کە تیگەیشتن لە زاراوە نیوەی زانستە ، هیچ زانستیک بی زاراوە نییە ( بەرزۆ محمود لا٤٨١) ، هەڵبەتە لە پیش راپەرین و بەدی هینانی فیدرالی کوردستان، خویندن بۆ هەموو قوناغەکانی لە زۆربـەی ناوچەکاندا بە زمانی عەرەبی بـووە لە ژیر دەسەڵتی رژیمە رەگەز پەرستەکانی یەک لە دوای یەکی عیراق ، هەست بە هیچ کیشەیەکی زاراوە سازی لە نیو زمانی کوردیدا ناکریت بە تایبەت لە بواری زانستیدا ، تەنها ئەگەر ناوچەیی نەبیت ، هەمان شت لە بەشەکانی تری کوردستان ،کە نووسەرە کوردەکان لە تورکیا و ئیران تووشی گرفت بوون وەک ئەوانی عیراق ، لە دەربرین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان بە زمانی دایک قەدەغە کرابوو ، ناچار بوون پەنا بەرنە سەر زمانی ئەو گەلانەی دەسەلاتدار ( فەلەکەدین کاکەیی لا١٢) . بەڵام لە کەش و هەوای ئازادی هەریم ، بایەخ دراوە بە خویندنی کوردی لە هەموو قۆناغەکانی خویندندا ، جگە لە زانکۆکان و خویندنی باڵا ، کە هیشتا خویندن و تویژینەوەکان بە زمانی بیانی پەیرەو دەکریت ، کە خوینکارانی زانکۆ تووشی گرفتی زمانەوانی دەبن .

وەرگیرانی کتیبەکان بۆ هەموو قۆناغەکانی خویندن لە لایەن وەرگیرەکانەوە زۆر تا کەم کیشەی زاراوەی بەدی دەکریت ، چونکە بۆ پاریزگاری لە وردبینی ناوەرۆکی بابەتی زانست و نەبوونی هەڵە دەبیت کەسی شارەزا لە زمانزان و پسپور لە بواری زانستناسی زاراوەسازی بیت ، لە هەمان کاتدا کەسانی لیهاتوو لە وەرگیران ( بەرزو محمود لا١٩١) ، ئەوەش دەوەستیتە سەر کەس یان لیژنەی وەرگیر لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر کە ئەو وەرگیرانە کاریگەری زاراوەی ناوچەییان لە سەرە ، ئەوە جگە لەوەی بە کارهینانی وشەی بیانی کە کورد خۆی دەوڵەمەندە لە ووشەی بەرامبەر ، کەچی بەکار ناهینریت ، یان بە بۆچوونی وەرگیر باو نییە یان رەسەنی کوردی نییە واتە بی بایەخیکردنی زاراوە و زمانی کوردی .

نەمانی ئەم کیشەو و گرفتانەش لای کوری زانیاری کوردە ، بۆ بە دەس هینانی فەرهەنگیکی گشتکیری زمانی کوردی ، و بەدی هینانی زمانی ئەستاندەرد بە پاڵپشتی

حکومەتی هەریم ، و گەرانی مەیدانی لە پانتایی کوردستان لە لایەن لیژنەیەکی پسپوری زمانەوانی بۆ ئەو مەبەستە ، وە زاراوەکان هەر یەکەو پاراستنی لە بوونی خۆی بکات .

**کیشەکانی زاراوەسازی لە بواری ئەدەبیدا : -**

زاراوە و زمانی ئەدەبی کوردی میژوویەکی دیرینی هەیە ، دەگەریتەوە بۆ بیروباوەرە ئایینیە کوردییەکانی دیرین ، لە نیو کتیبی ئاڤیستا و دوعا و نزاکانی ئایینەکانی پیش زەردەشتیش و پاشیش کە بەشیکی گرنگی ئەدەبی کوردی دەژمیردرین ، بەڵام بە داخەوە کورد و رۆشنبیرانی کورد تا ئیستا بایەخیکی ئەو تۆیان نەداوە یان پشت گویان خستووە ، کە زەخیرەیەکی هەرە دەوڵەمەندن لە نیو ئەدەبی کوردیداو لە بواری وشەسازیی و زاراوەسازیدا. نووسەرو زانا کوردەکان وریا بوونەوە بۆ زیندوو کردنەوەی زمانی دایک و بڵاوکردنەوە ، کە لە سەدەی دووی کۆچی دەستیان پیداوە ، بەڵگەی بە هیزیش هەیە کە نووسینیان کردووە بە زمانی کوردی پیش ئیسلام ، بە خەتی تایبەت بە خۆیان نووسینیان هەبووە نزیک لە شیوەی پیتە ئارامییەکان (فەلەکەدین کاکەیی ل٥٢).

بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەدیبان و ئەدەب دۆستانی کورد لە ژیر کاریگەری زاراوە ناوچەییەکان چاویان هەڵهیناوە ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کیشەیەکی زاراوە سازییە لە نیو بواری زمانی کوردیدا ، بە هۆی دروست بوونی گرفتی لیک گەیشتن لە نیوان ئاخیوەرانی زاراوەکان ، ترسناکترین شت لە زمانی کوردی ئەوەیە کە بە سەر دوو شیوە زاردا دابەشکراوە و تاڵتریش ئەوەیە کە بە دوو ئەلفەبیی جیاواز نووسراوە یەکیکیان لە راستەوە دەست پیدەکات ئەوی دیکە لە چەپەوە ، بەدبەختیەکەش ئەوەیە کە نایانەویت سروشتی کولتووری نووسراوی نیوان ئەو دوو شیوەزاریە بزانیت ( بەرزو محمود ل١٢٠ ).

ئەگەر ورد بینەوە لە سەر زەمانیک کە شیوەزاری کوردی گوران ( ماچو =هەورامی ) شیوەزاری باڵأبوو لە بواری شیعرو هونەری کوردی ، هەروەها لە باکور شیوەزاری کرمانجی هەمان روڵی هەبوو لەو بوارانەدا ، بە لام بە تیپەر بوونی کات و زەمان وردە وردە شیوەزاری گوران لەو بوارانەدا رووی لە کزی کرد ، شیوەزاری سۆرانی پەرەی سەند تا رادەیەک بوەتە زمانی ستانداردی ئەدەب و

هونەر و دەزگا حکومییەکان و لیک تیگەیشتنی نیوان زاراوەکان لە ئاخاوتندا ، کە ئەم بارەش پاش ئازادی کوردستان بەدی دەکریت . شیوەزاری کرمانجی لە باکور بوەتە بواری خویندن و دەزگا فەرمییەکانی حکومەتەوە ، ئەوە جگە لە بواری ئەدەبی و هونەری ، کە بەئەلف بیی لاتینی لە چەپەوە بۆ راست دەنووسریت ، ئەو گرفتەی لیرەدا بە دی دەکریت بە زەحمەت لیک تیگەیشتن لە نیوان ئەو زاراوانەدا ، یان تا رادەیەک بیٔ ئاگابوون لە رەوشی ئەدەب وهونەری یەکتر یان تیگەیشتن لە کولتووری یەکتر ، ئەم کیشەو گرفتانەش هۆکاری دەگەریتەوە بۆ نەبوونی زمانی ستاندەرد و بی غەمی شارەزایان و بەر پرسان لەو بوارەدا .

زاراوەکان هەر یەک چەندین زاری دیکەیان لە ئامیزی خویدا پەروەردە کردووە ، کە دەتوانین جوریک جیاوازی لە نیوان ئەو وردە زارانە و زاری دیکە دا بە دی بکەین ( گ. زمان و زار ل٨٣) .

**کیشەکانی تر لە بوارە جیاجیاکاندا :-**

زمان و زار لە هەموو بوارەکاندا رۆڵی تایبەتی هەیە لە بەکارهینان لە نیو کومەڵگادا ، وەک تەوەریکی سەرەکی نەتەوایەتی و بنەما کولتووریەکاندا ، ئەگەر کۆمەڵگایەک زمان وەک ناسنامەی نەتەوەیی سەیر بکات ، ئەوا زمان دەبی خزمەت بە نەتەوە بکات ( رەسول ل٧١) ، هەروەها هارولد شیفمان پییوایە سیاسەتی زمان بە پلەی یەکەم بنەمایەکی کۆمەڵایەتی هەیە و هەلقولاوی کولتووری ئەو کۆمەڵگایە کە بەو زمانە قسە دەکات ( رەسول ل٦١) .

بە پیی ئەم بۆچوونانە زاراوەکان رۆڵیکی سەرەکی دەبینن لە بەشداری کردنیان لەو بوارانەدا ، چ لە خزمەتی نەتەوەیی بیت یان بنەما کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان ، هەروەها لە بواری ئابوری و هونەری و میژوویی و رۆشنبیری و کەلەپوریشدا .

لیک تیگەیشتن لە نیو زاراوە کوردییەکاندا روڵیکی ئاسانکاری دەبینیت لە بەرەوپیش چوون لەو بوارانەی سەرەوە ، واتە بەربەست و جیاکاری و دوورکەوتنەوە و لیک ترازان ناهیلیت ، کۆمەڵگە و ناوچە زاراوەییەکان پیکەوە پەیوەن دەکات لە هەموو بوارەکاندا و یەک ریزی کۆمەڵگا و نەتەوەیی دروست دەکات ، کە هەموو پیکەوە یەک چارەنووس سازیان هەیە . لە رووی زارو شیوەزاریش زمانی کوردی لە باشوری کوردستان دریژ بوونەوەی چوار زاری سەرەکی کوردی لە هەر یمەکە دا هەیە ،

سیاسەت و پلان بۆ ئەم هەریمە فرە زمان و زارە پیویستە رەنگدانەوەی کولتووری هەریمەکە بیت کە زمانی نەتەوەیەکی فرەزارە ( رەسول ل٧٢) ، لە لایەکی کەوە وەرگیر دەبیت وردبینیەکی زۆر بکات لە وەرگیرانەکەی کە بە شیوەیەک ئارەزوو و سرنجی خوینەر و لیکۆلەر زیاتر رابکیشیت ( جەواهری ل٦٢).

**وەرگیران و سیاسەتی زمان :-**

وەرگیران زانستە و هونەرە ، وەرگیر دەبیت شارەزاییەکی تەواوی هەبیت لەو بوارەدا ، جگە لە شارەزایی پسپوریتی لە زمانەکان ، کە وەرگیران لە زمانیکەوە بۆ زمانیکی تر دەکات ، نابیت وەرگیر لە وەرگیرانی بابەتیک پابەند بیت بە رستە و دەقی بابەتەکە ، چونکە توشی کاریکی وەرگیرانی کاڵ و چرچ و ناریک دەبیت ، خوینەر بیزار دەکات و سارد دەکاتەوە لە خویندنەوە ، هەر بابەتیکی وەرگیران دەبیت سرنجی خوینەر راکیشیت و ئارەزووی پیبدات لە خویندنی ئەو بابەتە ، هەروەها وەرگیر وشەسازی و دارشتنی پوخت ساز بکات لە نیو ئەو دەقانەی وەریدەگیریت بەشیوەیەک هەمان مانا و مەبەست بپیکیت و رستە سازی رەوان بەکاربهینیت ، کە ئاسانکاری تیگەیشتنی خوینەر رەها بکات لە بابەت و دەقەکەدا .

هەلبەتە کورد بە هۆی ئەو بارو دۆخەی تیکەوتووە لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم ، لە ژیر سایەی ئەو دەوڵەتە نوییانەی سنورداری پاش جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا و زاڵ بوونی دەسەڵاتیان هەر یەک لە چوارچیوەی سنوری خۆیان ، زمانی کوردی پەرەسەندنی بەخۆوە نەبینیوە ، بەڵکو بەرەنگاری یان قەدەغە یان هەوڵی لە ناوبردن و چەواشەکاری کراوە ، بواری خویندن بە زمانی زکماکی ، نووسین و ڕۆژنامەوانی و میدیکاری نەچووتە بواری کەشەکردنەوە ، بە هۆی سیاسەتی ڕەگەز پەرستی و داگیرکەرانەوە .

لە هیچ ناوچەیەک یان پارچەیەکی گوی ئەم زەویەدا سیاسەت وپلانی زمان دەستە بەر ناکریت بە بی بوونی دەسەڵات ، هەروەها لە بواری وەرگیرانی زمان ، ئەگەر زمان ئاراستەیەکی تەواوی خۆی وەرنەگریت وە دەست تیوەردانی دەرەکی تیدا کرابیت ، ئەوا وەرگیران لەو زمانەدا یان هەر زمانیکی تر بۆ سەر ئەویان ، شاگەردانی زۆری تیدا دەردەکەوی ، بە پیی ئارەزومەندانەی وەرگیر ، کە لە ژیر کاریگەری چ کەش و هەوایەکی سیاسی و زارەکی ناوچەیی بیت .

سیاسەت و پلانی زمان لە هەر وڵاتیک یان ناوچەیەکی تایبەتدا ، پیویستەبۆ پاراستنی زمان و گەشەکردنی زمان و پاریزگاری تایبەتمەندی زاراوەکـان بیت ، هەڵبەتە بەریوەبردنی زمان تەنیا زمانەوان و دەسەلاَت زمان ئاراستە ناکەن ، بەڵکو خیزان ، دین ، شوینی کار ، قوتابخانە ، فـەزای گشتی ، دەزگـای تەندروستی ، یاساییەکان ، بواری سەربازی ، ئاستی ناوخویی حکومی ، نەتەویی ، ....تاد ، هەر یەک لە مانە رۆڵیکی کاریگەری لە ئاراستەکردن و پیشخستنی زمان هەیە ( رەسول لا٧١).

ئەگەر بمانەویت لە کرداری وەرگیراندا ئاراستەیەکی ڕاست و دروست وەربگریت، دەبیت سیستەمیکی تایبەتمەند دابمەزریت یاساو ڕیسای داریژراوی هەبیت کە وەرگیر پابەند بیت پیوە ، بۆ دوورکەوتنەوە لە ناریکی و هەڵەو شاگەردانی لە نیو بابەت و دەقە وەرگیراوەکاندا .

وەرگیری دڵسۆز بە زمانەکەی ، دەبیت دوور بکەویتەوە لە بەکارهینانی ووشەو زاراوە بیانییەکان ، چونکە زمانی کوردی دەوڵەمەندە لە ووشەو زاراوەکان بەتایبەت لە بواری زانست نە خاسمە ئەدەبیەکان ، بۆ پاک و خاوین راگرتنی زمانەکە ، بە تایبەت لەم سەردەمانەدا ، زمانی کوردی لە ریزبەندی هەشتەمی زمانە جیهانییەکاندا دانراوە ، بە هۆی دەوڵەمەندی لە ووشە و ووشەسازی و زاراوەکان ، لە کۆمەڵگەیەک کە زمانەکەی چەن زاراوەیەکی هەبیت ، لەم زاراوانە یەکیکیان بە ستاندەر دەکری و پلەو پایەی پیدەدری ( رەسول لا٢٢) .

لە هەمان کاتدا دەبیت زاراوەکان موتوربە بکرین لەگەل ئەو زاراوەیە بەشیوەی زمانیکی ستاندنر بۆ میللەت بیت ، لەگەل ئـەوەی هەر زاراوەیـەک پاریزگاری لە تایبەتمەندی خۆی بکات لە ناوچەکەیدا ، ئەوە دەبیتە هۆکاریک کە هەموو زاراوەکان کۆ بکاتەوە لە ژیر زمانیکی نەتەویدا .

**سەرچاوەکان :-**

١) چەند بابەتیکی کوردناسی ، کۆمەڵیک نووسەر ، ٣٢٠٢ز ، چ. زانکوی سەلاحە دین ، هەولێر .
٢) قەزایا فکریە وسیاسیە ، د. عماد الجواهری ، ٢٢٠٢م ، م. جامعە سلاح الدین ، اربیل .
٣) گ. زمان و زار ژ.٤، ٩ ، ٠١.
٤)الاعمال الکاملە ، فلک الدین کاکەیی ، ٥١٠٢م ، م. رۆژهەلات ، اربیل .

# زمانی کوردی، لەنێوان بێئاگایی ڕۆژهەڵاتناسان و کەمتەرخەمیی خۆماندا

پ.ی.د. فازل حەمەسەعید

**پوختە:**

زمانەوان و ڕۆژهەڵاتناسان بەردەوام لە هەوڵی ناسینی کورد و زمانی کوردیدا بوون، چەندان کتێب و بابەتیان لەسەر زمانی کوردی و زارەکانی نووسیوە، لە ڕێنووسیەوە تا خێزانەکەی. دیارکردنی خێزان و زارەکانی کوردی بەردەوام جێی مشتومڕ بووە و بە وردی یەکلایی نەکراوەتەوە. بۆ نموونە: لە کاتێکدا ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی مینۆرسکی (١٩٣٨) کوردی پاڵ دەداتە لای گروپی باکوری ڕۆژئاوای زمانە ئێرانییەکان، یەکێکی وەکو مەکەنزی (١٩٦١) دەیداتە پاڵ گروپی باشوری ڕۆژئاوا.

لەبارەی زارەکانیش، لە دوای شەرەفخانەوە چەندان پۆلێنکارییان بۆ کراوە، هەر چەندە زۆربەیان لە هێڵە گشتییەکاندا هاوڕان، بەڵام لە وردەکاریدا جیاوازن، هەمووشیان لە دیارنەکردنی ئەو زمانی دایکەی زارەکانی لێ جیا دەبێتەوە لە یەکتر دەچن. ئەمەش بۆشاییەکی دروستکردووە و هەندێکی گەیاندووتە ئەو ئاستەی بپرسن: لە دیارنەبوونی زمانی دایکدا، چۆن دەبێت باس لە زار بکرێت؟ یان گەیشتونەتە ئەو ئاستەی مۆرکی جیاوازی و سەربەخۆیی بدەن لەم زارانە، یان یەکێک لە زارەکان. هەر ئەم بۆشاییە بیانووی داوە بە هەندێک نەیار بڵێن: کورد یەک نەتەوە نین، جیاوازن و لەیەکدی تێناگەن.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لێکۆڵینەوەکان لەم بوارەدا کەم و کورتن و وەڵامی پێویستیان نەداوە بە دەستەوە. خوالێخۆشبوو مەسعود موحەممەد لە کتێبی (هەندێ بابەتی زمان و ڕێنووسی کوردی)دا دەڵێت: زمانەکەمان زۆر و کەم سەرگوزەشتی نیو مەعلومیشی نییە، کەس ناتوانێ بڵێ بەر لە هەزار ساڵ زمانی کوردی چۆن بووە و زارەکانی لە ج بارێکدا بوون..... چەند لەهجە بووە، لەهجەکانی لە چییەوە پەیدا بوون و چۆن لە یەکتر دورکەوتنەوە، بۆچی دوور کەوتنەوە؟

زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان زانیارییەکی ئەوتۆیان لەسەر زمانی کوردی نەبووە، بەشێکیشیان هیچیان لێنەزانیوە، یان ئەگەر زانیبێتیشیان تەنیا زارێکیان زانیوە، کەچی بڕیاری گەورەیان لەسەر داوە. ئێمەی کوردیش زۆرجار بێ لێکۆڵینەوە بە دوای قسە و زانیارییەکانی ئەوان کەوتووین. جگە لەمەش، هەوڵێکی وامان نەداوە سۆراخی زمانەکەمان بکەین، بۆیە زمانی کوردی لە نێوان بێئاگایی ڕۆژهەڵاتناسان و کەمتەرخەمی خۆماندا، سەربردەیەکی زۆر ڕوونی نییە.

**وشە کلیلیەکان: زمانی کوردی، زارە کوردییەکان، ڕۆژهەڵاتناسیی، کوردناسیی.**

**پێشەکی:**

زمان وەک بەشیک لە ناسنامەی نەتەوەیی و کۆڵەگەیەکی بەهێزی دەوڵەت؛ هەمیشە پێویستی بە خزمەت و ئاوڕلێدانەوە هەیە، ئەمە بۆ هەموو زمانێک و هەموو نەتەوەیەک ڕاستە، بەڵام بۆ هەندێک زمان و نەتەوە گرنگییەکی زیاتری هەیە.

ئێمەی کورد، لە هەمووان زیاتر پێویستمان بە خزمەتکردن و زیندوو ڕاگرتنی زمانەکەمان و ساغکردنەوەی مێژوو و زارەکانی هەیە، لەبەر ئەو مەترسییانەی لەسەر بوونمان هەن. بەڵام بەداخەوە ئەم ئەرکە وەک پێویست بەجێ نەگەیێنراوە، ئەگەر چی هەوڵی زۆر باش و دڵسۆزانەش دراون.

لەم سۆنگەیەوە، ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(زمانی کوردی، لەنێوان بێئاگایی ڕۆژهەڵاتناسان و کەمتەرخەمی خۆماندا) تیشک دەخاتە سەر بابەتی ساغ نەکردنەوە و یەکلایی نەکردنەوەی زمانی کوردی و زارەکانی، چ لەلایەن خۆمانەوە، چ لەلایەن ڕۆژهەڵاتنسانەوە، ئەمەش لە چەند تەوەرێکدا:

- ڕۆژهەڵاتناسی و ئامانجەکانی
- زمان وەک مەتەڵێکی ئاڵۆز
- هەوڵەکانی کورد تایبەت بە زمانی کوردی
- لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسان لەبارەی زمانی کوردی لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەکان خراونەتە ڕوو.

**ڕۆژهەڵاتناسیی و ئامانجەکانی:**

ڕۆژهەڵاتناسیی بریتییە لە پرۆژەیەکی ئەکادیمی، بایەخ دەدات بە لێکۆڵینەوە و نووسین لە بابەتە تایبەتەکان بە ڕۆژهەڵاتەوە، وەک: مێژوو، کۆمەڵایەتی، ئابووری، زمان، یان هەر لایەنێکی تر. کەواتە ڕۆژهەڵاتناسیش ئەو کەسەیە کە ئەو جۆرە نووسین و لێکۆڵینەوانە ئەنجام دەدات[١]. ڕۆژهەڵاتناسان بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٧٣ یەکەم کۆبوونەوەی خۆیان لە پاریس ئەنجامدا، ئەگەرچی پێش ئەو مێژووەش ڕۆژهەڵاتناسیی کاری لەسەر کراوە[٢].

---

١ الاستشراق، مفاهيم غربية للشرق: ٤٤
٢ الاستشراق والمستشرقون: ١٨-١٩

ڕۆژهەڵاتناسیی لە ڕواڵەتدا پرۆژەیەکی ئەکادیمی مەعریفییە، بەڵام بە سەرنجدان و وردبوونەوە؛ دەردەکەوێت لە زۆر باردا پڕۆژەیەکی مەعریفی خاوێن نییە، بەڵکو سیاسییە[٣]، بگرە هەنگاوێکە لە هەنگاوەکانی داگیرکردنی ڕۆژهەڵات، ڕاستتر بڵێین، هەنگاوی یەکەمی ئەو پەلهاوێژییەیە کە بە داگیرکاری سەربازی کۆتایی هاتووە، واتە داگیرکاری ئەوروپا و ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات، نەک ئەوەی گوتارێکی زانستیی ڕاستگۆ بێت[٤].

بە جۆرێکی تر دەتوانین بڵێین کە ڕۆژهەڵاتناسی خوێندنەوەی ڕۆژهەڵاتە بە عەقڵی ڕۆژئاوایی، خوێندنەوەیەکی ئامانجدار و سیاسی، نەک زانستی و بێ لایەن، ئەگەر بێ لایەنیشی پێوە دیار بێت، ئەوە هەر لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە گشتییەکانی ڕۆژئاوادا دەبێت و نابێت لە ئامانجە چاوەڕوانکراوەکان لا بدات[٥]. بگرە لادانێکی لەو جۆرە هێڵی سوورە و قەدەغەیە[٦].

دەبێت ئـەوەش بوترێت، کە ڕۆژهەڵاتناسیی پاشخانێکی هـزری و مەعریفی ڕۆژئاوایی هەیە، خۆی لە باڵایی ڕۆژئاوا و نزمیی ڕۆژهەڵاتدا دەنوێنێت. بە جۆرێکی تر، دیدگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەوەیە کە ڕۆژئاوا و تاکی ڕۆژئاوایی خاوەنی فەرهەنگ و ژیار و پێشکەوتنە، لە بەرامبەر دواکەوتوویی ڕۆژهەڵاتدا، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ بە بەرزتر سەیرکردنی ڕەچەڵەکی ڕۆژئاوایی، بە بەراورد بە ڕەچەڵەکی ڕۆژهەڵاتی[٧].

ئەم بە کەم سەیرکردنەی ڕۆژهەڵات لە لایەن ڕۆژئاواوە؛ پاڵنەری داگیرکارییە، چ داگیرکاری سەربازی، چ داگیرکاری کلتووری و فەرهەنگی، چونکە زانیویانە بۆ مانەوە و بەردەوامیی داگیرکاری سەربازیی، پێویستییان بە تێکشکاندن و داگیرکردنی دەروونی تاکی ڕۆژهەڵاتی دەبێت، ئەمەش لە ڕێگای زمان و کلتورەوە ئەبێت، ئەم جۆرە داگیرکردنەش لە لایـەن (Pierre Foncin) ی فەرەنسییەوە بە (غـەزوی ئەخلاقی) ناوبراوە[٨].

ئەم جۆرە داگیرکارییە، یان خۆیان ئەنجامیانداوە لە ڕێگای ئەو لێکۆڵینانەوە کە دەچنە بواری ڕۆژهەڵاتناسییەوە، یان بە تاکی ڕۆژهەڵاتیی گۆشکراو و دەستەمۆکراو،

٣ الاستشراق، مفاهيم غربية للشرق: ٥٤–٦٢
٤ الاستشراق، مفاهيم غربية للشرق: ٥٠
٥ الاستشراق، قراءة نقدية: ٩
٦ الاستشراق، مفاهيم غربية للشرق: ٤٦ و ٦٠
٧ الاستشراق، قراءة نقدية: ١٠
8 L›impérialisme linguistique de Pierre Foncin en Méditerranée : p.3

وەک سارتەر بە توانج و لاقرتێوە دەڵێت: «وڵاتە ئەوروپییەکان دەیانویست لای دانیشتوانی وڵاتە داگیرکراوەکان خۆشەویست بن، نوخبەیەکیان لە خەڵکی ئەو وڵاتانە هەڵبژارد، ماوەیەک لە پایتەختە ئەوروپیەکان مانەوە، هەندێک شتیان فێرکردن. دوای مانەوەیەکی کەم، وەک نوخبەیەکی ساختە ڕەوانەی وڵاتانی خۆیان کرانەوە. هیچیان پێنەبوو بە هاونیشتمانیانی خۆیانی بڵێن، بۆیە هەرشتێک لە ئەوروپا بوترایە ئەوان لە وڵاتانی خۆیان دووبارەیان دەکردەوە. هێندە سەرسامی بنەماکانی ئەوروپا بوون وایان لێهات ڕەخنەیان لە ناپابەندی ئەوروپیەکانیش دەگرت. ئەوروپییەکانیش لەلایەکەوە پێیان سەیر بوو لە خۆیانەوە قسە دەکەن، لە لایەکیشەوە دڵنیابوون کە ئەوانە وابەستەن، بۆیە لە نێوان خۆیاندا دەیانوت: لێیان گەڕێن هاوار بکەن، ئەوە هێوریان دەکاتەوە، سەگێک بوەڕێت گاز ناگرێت[٩]».

لەوانەیە لێرەوە تێبگەین بۆچی تەها حوسێن دوای گەڕانەوەی لە فەرەنساوە دەستی گومانی برد بۆ زۆر لایەنی دینی و ئەدەبی و ژیاریی عەرەب و موسڵمانان، وەک دەستبردنی بۆ شیعر کە گەورەترین شانازیی عەرەبە، وەک خۆیان دەڵێن :» الشعر ديوان العرب، وخزانة حكمتها، ومستنبط آدابها، ومستودع علومها[١٠]»، کەچی ناوبراو بێ سڵەمینەوە وتی شیعری سەردەمی جاهلی هەڵبەستراوە و هی ئەو قۆناغە نییە[١١]، ئەمەش خۆی لە خۆیدا داماڵینی بەدووی عەرەبە لە بابەتێک کە بە مایەی شانازی خۆیانی دەزانن. لەوەش زیاتر وەک ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی هاملتون جیب (Gibbe) دەیوت قورئان دانراوی موحەمەددە (درودی خوای لەسەر بێت)، کاریگەرە بەو کات و شوێن و بارودۆخەی لێی ژیاوە[١٢]. بۆیە زۆرێک بە مەترسی و تێکدەری بەها دینی و هزری و ئەدەبی عەرەبیان دەزانی[١٣]. جگە لە مانەش، هەر بەسەنجدانێکی خێرای کتێبەکەی (في الأدب الجاهلي) دەردەکەوێت چەند لەژێر کاریگەری ڕۆژهەڵاتناساندایە.

بۆیە  بۆ ئەوەی وەک پێویست لە کوردناسیی بگەین، دەبێت بیخەینەوە چوارچێوە گشتییەکەی کە ڕۆژهەڵاتناسییە، و پێویستیشە لە مەبەستەکانی ڕۆژهەڵاتناسی تێبگەین تا بزانین چۆن لە ئەنجامەکانی کوردناسی بڕوانین.

9 Les damnés de la terre, p.17

١٠ الصناعتين، الكتابة والشعر: ١٣٨
١١ في الأدب الجاهلي: ٦٣
١٢ الفكر الإسلامي الحديث وصلته بالاستعمار الغربي: ٢٠٤ و ٢١١
١٣ تلقي الفكر الاستشراقي عند طه حسين، بين هيمنة الثقافة وسلطة المنهج: ٢٩٩

**چەند هۆكارێكی جیاواز لە پشت ڕۆژهەڵاتناسییەوە دەبینرێن[١٤]:**

١- **هـۆكـاری ئایینی:** گومانی تێدا نییە هـۆكـاری ئایینی پاڵنەرێكی بەهێزی ڕۆژهـەڵاتـنـاسـیـیـە، ویستی تەبشیری بـەڕوونـی لەپشت بەشیک لـە كـارەكـانـی ڕۆژهەڵاتناسانەوەیە.

ڕۆمانی بەناوبانگی (Things fall apart/أشـيـاء تتداعى)،شاكاری نوسەری كۆچكردوی نێجیری ( Chinua Achebe/چینۆ ئەچیبی) كە ساڵی ١٩٥٨ بڵاو بۆتەوە، وێنەیەكی جوانی قۆناغی كۆلۆنیالیزم دەكێشێت، بە تیشك خستنە سەر ڕووداوەكانی هۆزی ئۆمۆفیا، پێش و پاش هاتنی ئینگلیز و ڕێخۆشكردن بۆ داگیركاری لە ڕێگای تەبشیر و بڵاوكردنەوەی مەسیحیەتەوە. ئیتر لەو كاتەوە شتەكان لەبەر یەک هەڵدەوەشێنەوە و دادەڕمێن.

ڕاستە ئـەم ڕۆمـانـە بـاس لە قۆناغیكی مێژوویی لە ناوچەیەكی دیـاركـراودا دەكات، بەڵام ئەوە چیرۆكی زۆر شوێنی تریش بووە كە بەر شەپۆلی داگیركاری كەوتووە، هەروەها وەک دەوترێت: مێژو خۆی دووبارە دەكاتەوە. كاتێک دەچیتە ناو ڕووداوەكـان، هەست دەكەیت ئەندامێكی ئۆمۆفیایت، نووسەر بە توانای خۆی پەلكێشت دەكات، تا بە چاوی خۆت ببینیت چۆن داگیركەر- ئەو بە پیاوی سپی ناوی ئەبات- بە دەمامكی جیاواز و ڕووكەشی جوانەوە دێتە ناوتانەوە، بەگژ یەكتراندا دەدات، هەستی خۆ بە كەمزانی لە ناختاندا دەڕوێنێت، هەموو ئەو شتانە سووک دەكات كە كۆتان دەكاتەوە، وەک دین و داب و نەریت، تا سەرەنجام داگیرتان دەكات، وەک داگیركردنی نێجیریا لەلایەن ئینگلیزەوە ساڵی ١٩٠٦. بەو جۆرە نووسەر ڕووی ناشیرینی داگیركەر دەردەخات.

ئەم ڕۆمانە بۆ زیاد لە پەنجا زمان وەرگێڕاوە، بەوەش نووسەر بۆتە یەكێک لەوانەی زۆرترین وەرگێڕان بۆ كارەكانیان كراوە بە درێژایی مێژوو.

ڕۆمانەكە وانەی زۆری تێدایە، بەركەوتەكانی ئەو دارمانەی نووسەر باسی دەكات بە جوانی لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەردەكەون.

٢- **هۆكاری داگیركاری:** ڕۆژهەڵاتناسی هەم ڕێخۆشكەر بووە بۆ داگیركاری، هەم هۆكارێک بووە بۆ بەردەوامی و تەمەندرێژی ئەو داگیركارییە.

---

١٤ الاستشراق والمستشرقون: ٢٠-٢٥

لەبەر ئەو هۆکارەیە دەبینین جۆرج هاردی (George HARDY) بەڕێوەبەری سیاسەتی فێرکاری لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی فەرەنسادا، زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێت: " هێز دەتوانێت ئیمپراتۆریەت دروست بکات، بەڵام ناتوانێت بەردەوامیی بۆ مسۆگەر بکات، دەکرێت سەرەکان بەرامبەر لولەی تۆپەکان دانەوێنرێن، بەڵام دڵەکان بەردەوام ئاگری ڕق و تووڕەیی و تۆڵەیان تێدایە، بۆیە پێویستە دوای داگیرکاری جەستە؛ دەروونیش داگیر بکرێت[١٥]».

٣- **هۆکاری بازرگانی**: ڕۆژئاواییەکان چاویان لەخێر و بێری ڕۆژهەلات بووە، هەروەها ویستوویانە کاڵاکانی خۆیان ساغ بکەنەوە، بۆیە ئەمەش بووەتە هۆکارێکی داگیرکاری و کاری ڕۆژهەڵاتناسیی.

ماوەیەک پێش شەڕی دووەمی جیهان و لەکاتی شەڕیشدا، ئەڵمانیا چاوی بڕیبووە نەوتەکەی کوردستان، بۆیە کەوتە لێکۆڵینەوە لەبارەی کورد و کوردستان، تا کورد بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و بیدا بە گژ ئینگلیزدا، ئەم کارەش بە گۆتفرید یوهاتیس میولەر سپێردرا، ئەویش ساڵی ١٩٣٧ نامیلکەیەکی بەناوی ( خۆکوتانە ناو کوردستانی داخراو) بڵاوکردەوە، ساڵی ١٩٥٩ ش کتێبێکی بەناونیشانی (لە ڕۆژهەلاتی گڕتێبەربوودا) بڵاو کردەوە[١٦].

٤- **هۆکاری سیاسی**: ئەمەش یەکێکی ترە لە هۆکار و پاڵنەرەکانی ڕۆژهەڵاتناسیی، چونکە بەشێکی ڕۆژهەڵاتناسان بۆ مەبەستێکی سیاسی هاتوونەتە ناوچەکە. لەوانەیە لۆرەنسی عەرەب نمونەیەکی دیار بێت بۆ پیاوێکی دەوڵەت کە لەژێر بەرگی شوێنەوارناسدا خۆی شاردووەتەوە. ئەم سیاسییە شوێنەوارناسە، بە جوڵە و کارە سیاسی و سەربازییەکانی بووە هۆی گۆڕینی نەخشەی ناوچەکە.

٥- **هۆکاری زانستی**: دەکرێت دوور لەو هۆکارانەی سەرەوە، ڕۆژهەڵاتناسان تەنها مەبەستی زانستییان هەبووبێت.

کتێبی (گرامەری کوردی، دیالێکتی کرمانجی) ی میر جەلادەت بەدرخان و غۆژێ لێسکۆ بەرهەمێکی زانستی دانسقەیە.

ئەم کتێبە بەرهەمی هاوبەشی میر جەلادەت بەدرخان و غۆژێ لێسکۆ یە (Roger Lescot)، ساڵی ١٩٧٠ لە پاریس، لە دوتوێی ٣٩٩ لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

١٥ أضواء على مشكل التعليم بالمغرب: ١٨

١٦ بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئوروپا: ٤٠-٤١

ئەم کتێبە جگە لە پێشەکییەک، سێ بەش لە خۆدا دەگرێت: بەشی یەکەم تایبەتە بە ئەلفابێت و دەنگسازی. بەشی دووەم لە لاپەڕە ٦٢ ەوە دەست پێ دەکات و تایبەتە بە وشەسازی (مۆرفۆلۆجی).بەشی سێیەم لە لاپەڕە ٢٩٩ ەوە دەست پێ دەکات و تەرخانکراوە بۆ سینتاکس.

غۆژێ لێسکۆ ڕۆژهەڵاتناس و دیبلۆماتکارێکی فەرەنسی بووە، ساڵی ١٩١٤ لە دایک بووە و ساڵی ١٩٧٤ لە پاریس کۆچی دوایی کردوە.

لە سالانی ١٩٤٢-١٩٤٤ بەڕێوەبەری پەیمانگای فەرەنسی دەبێت لە دیمەشق.

غۆژێ دەڵێت: ئەم کتێبە بەرهەمی ئەو توێژینانەیە کە بە درێژایی بیست ساڵ لەلایەن میر جەلادەت بەدرخانەوە ئەنجامدراون. ئەو پێی وایە فەزلی نووسینی گرامەری ئەم دیالێکتە بۆ میر جەلادەت دەگەڕێتەوە، چونکە پێش ئەو؛ توێژینەوەکان لەم دیالێکتە ناتەواو بوون.

پاش ئەو گۆڕانکارییەی کەمال ئەتاتورک بەسەر ڕێنووسی تورکیدا دەیکات لە ساڵی ١٩٢٨؛ ئیتر میرجەلادەت ئەرکی دیارکردنی ڕێنووسی کوردی بە شێوەی لاتینی لە ئەستۆ دەگرێت.

ئەم ڕێنووسە بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری هاواردا بەکارهاتووە، کە لە لایەن خودی میرەوە بڵاو دەکرایەوە.ژمارەی یەکەمی مانگی پێنجی ساڵی ١٩٣٢ بڵاو کراوەتەوە، کۆتا ژمارەی کە پەنجا و حەوتە مانگی هەشتی ساڵی ١٩٤٣ بڵاوکراوەتەوە.

لێکۆلینەوەکانی میر جەلادەت لە بواری وشەسازیدا، بە هەمان شێوە لە گۆڤاری هاواردا، بە کوردی و فەرەنسی بڵاو دەکرانەوە.

سەرجەم ئەم توێژینەوانە؛ دواتر لەم کتێبەدا بڵاو کراونەتەوە.

لەبەشی یەکەم و دووەمدا غۆژێ لێسکۆ هاوکار بووە لەگەڵ میردا، بەڵام بەشی سێیەم بەرهەمی خۆیەتی و دوو بەشەکەی تری پێ دەوڵەمەند کردووە.

لە سەرجەم بەشەکاندا، وشەو دەستەواژە کوردییەکان کراون بە فەرەنسی. واتە ئەم کتێبە دەکرێت وەک فەرهەنگێکیش سەیر بکرێت.

ئەم کتێبە لە پێشەکییەکەیدا ئاماژە بە دیالێکتە کوردییەکان دەکات. پێی وایە کرمانجی و سۆرانی سەرەکین و لە پاڵ ئەوانیشدا زازایی و گۆران هەن.

**زمان وەک مەتەڵێکی ئاڵۆز:**

زۆر لەبارەی زمان وتراوە، بە دەیان شێواز و دەربڕین پێناسە کراوە، چەندان بیردۆزە و دیدی جیاواز گەنگەشەیان کردووە، کەچی ئەو هەر خۆی بەدەستەوە نەداوە، ئەگەر جارێک گۆشەیەکی دەرخستبێت، ئەوا سەدان جار سەدان گۆشەی شاردوەتەوە، بۆیە تا ئێستا سی پرسیاری سەرەکی هەر بێ وەڵام ماونەتەوە:

١- زمان چۆن دروست بووە؟
٢- یەکەم زمان کامەیە؟
٣- زمانەکان چۆن و کەی زۆر بوون و جیابوونەتەوە؟

ئەم سێ پرسیارە بێ وەڵامی بڕواپێهێنەر ماونەتەوە، بوونەتە سەرچاوەی تەمومژ و ئاڵۆزییەکی زۆر، لەهەمان کاتدا بوونەتە هۆکاری هەوڵ و تێڕوانینی جۆراوجۆر، لە کۆن و نوێدا، لەسەرجەم قوتابخانە فەلسەفی و هزری و ئایینی و زمانەوانییەکاندا. هەموان هەوڵیانداوە مەتەڵی زمان هەڵبهێنن، ئەگەرچی هەنگاوی باشیشیان نابێت، بەڵام نەیانتوانیوە باوەڕ بە ئەوانی تریش بهێنن.

لەبەر ئەم هۆکارەیە دەبینین کۆمەڵەی زانستی زمان لە پاریس (Société de linguistique de Paris) دەرگای ئەم بابەتە ئاڵۆزەی لە ١٩٦٦ ەوە بەیەکجاری داخست، چونکە بڕوای وابوو هەر هەوڵێک لەم بوارەدا سوڕانەوەیە لە بازنەیەکی داخراودا و ڕێکردنە لە شەقامێکدا بە دڵنیاییەوە بە بنبەست گەیشتووە[١٧].

ئەگەر ئەم ئاڵۆزی و ناڕوونییە بەرۆکی تەواوی زمانەکانی دنیای گرتبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە بە ڕێژەیەکی زۆر چڕوپڕ لە زمانی کوردیش ئاڵاوە، هەر ئەوەندە نا، بەڵکو گەورەترین کەلێنی دروستکردووە، بەوەندەش نەوەستاوە، بەڵکو پرسیارێکی تایبەت و بێ وەڵامیشی خستوەتە ڕوو:

زمانی کوردی کامەیە؟

ئەم پرسیارە بابەتێکی سادە نییە، بگرە ئاڵۆز و پڕ سەرئێشەیە، چونکە بەدوای خۆیدا پرسیاری تریش دەکاتەوە، لە چەشنی:

- ئایا زمانی کوردیمان هەیە، یان زمانە کوردییەکان؟
- ئەمانەی ئێستا هەن، زارن، یان زمانن؟
- ئەگەر زارن، زاری چ زمانێکن؟

---

17 https://www.slp-paris.com/statuts1866.html

- ئەگەر زمانن، ئایا هەموان زمانی یەک نەتەوەن؟

لەڕاستیدا ئەو هەوڵانەی بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە دراون وەک پێویست نین، هیچکام لەو کێشانەیان یەکلایی نەکردووەتەوە، بۆیە تا ئێستاش چ لەناوخۆ و چ لەدەرەوەش ئامادەییان هەیە و بوونەتە مایەی سەرئێشە. لەناوخۆ، وەک ئەوەی لێرە و لەوێ گوێمان لە ئاخێوەرانی بەشێک لەو زارانە دەبێت کە پێیان وایە زمانیان هەیە نەک زار، لەدەرەوەش هەم مایەی تانە و تەشەرە، هەم قسەی جۆراوجۆر، لەچەشنی جیاکردنەوەی یەکێک یان زیاتر لەو زارانە لە زمانی کوردی.

دەبێت ئەوەش بگوترێت کە نابێت ئەم بابەتە بە سادە و لاوەکی سەیربکرێت، و ناشبێت بە زمانی سۆز و لاواندنەوە باس بکرێت، وەک ئەوەی بگوترێت ئێمە هەموو کوردین، هەموو یەک نەتەوەین، و ئەمانە زارن و سەر بەیەک زمانن. ئەم سۆز و خۆشەویستییە وەک هێورکەرەوە وایە، لەوانەیە ئازارەکە بۆ ماوەیەکی کاتی بسرەوێنێت، بەڵام چارەسەری ناکات.

**هەوڵەکانی کورد تایبەت بە زمانی کوردی:**

ئەگەر وەک پێویستیش نەبووبێت، بەڵام کورد هەوڵیداوە قسە لەسەر زمانەکەی خۆی بکات. شەرەفخانی بەدلیسی (١٥٤٣-١٦٠٣) وەک یەکەم کەس، لە کتێبی شەرەفنامەدا، زارەکانی کوردی پۆلێنکردوون بۆ[١٨]:

١- کرمانج

٢- گۆران

٣- لوڕ

٤- کەلهوڕ.

لە سەر ئەم بنەمایەی شەرەفخان، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، تۆفیق وەهبی زارەکان دابەش دەکات بۆ[١٩]:

١- کرمانجی

– کرمانجی ژووروو

---

١٨ د.مارف خەزنەدار:مێژوی ئەدەبی کوردی:١/٣٧-٣٨

١٩: سەردەمانی زمانی کوردی و کۆمەڵە زمانانی ئێرانی: ١١٣

-کرمانجی خواروو

٢- لوڕی

٣- گۆرانی

٤- زازایی

بەشیوەیەکی گشتی ئەمانە زاری کوردین. هەرچەندە بەردەوام پۆلێنکارییەکان بەتەواوی لە یەک ناچن و شێوازی تریش وەردەگرن، وەک ئەوەی زارەکان دابەش دەکرێن بۆ: کرمانجی سەروو، کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی خواروو، کرمانجی ناوچەیی[20].

شێخ محەمەدی خاڵیش قسە و پۆلێنکاری خۆی هەیە بۆ زارە کوردییەکان، بەم شێوەیە[21]:

١- زازایی

٢- کرمانجیی ژووروو

٣- کرمانجی ناوەڕاست

٤- لوڕی

جگە لەمانەش، پۆلێنکاری تریش هەیە، وەک[22]:

١- کرمانجیی ژووروو

٢- کرمانجیی ناوەڕاست

٣- کرمانجی خواروو، کە هەورامی و لوڕی و باجەلانی و زازایی دەگرێتەوە.

ئەگەر سەرنجێکی ئەو پۆلێنکارییانە بدەین، بە ڕوونی دەبینین کە جیاواز و ناتەبان، بە تایبەت سەبارەت بە هەورامی و زازایی، هەم لە یەکیان جیا دەکەنەوە، هەم بەیەکەوەش دایان دەنێن. کە ڕاستیدا ئەمە کەمتەرخەمییە، بە هەر هۆکارێک بێت. هەمان ئەو ڕاجیاییە لە بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسانیشدا هەیە، جیاوازییەکە هەر لەوەدا نییە لە کوێی زمانە کوردییەکاندا دایان بنێن، بەڵکوو لەوەدایە کوردین یان نا؟ بۆیە هەندێکیان بە کوردییان نازانن.

---

٢٠: سەردەمانی زمانی کوردی و کۆمەڵە زمانانی ئێرانی: ١١٣

٢١ فەرهەنگی خاڵ: حەڤدە

٢٢ چەند وتارێکی کوردناسیی: ٢٥١

لە ڕاستیدا هەوڵەکانی کورد خۆی وەک پێویست نەبوون، تینوێتی خوێنەرانیان نەشکاندووە، ئەمە لەلایەک، لە لایەکی تریشەوە شتێکی ئەوتۆیان بەجێ نەهێشتووە.
ئەمە وایکرد بە بایەخەوە لە هەر هەوڵێک بڕوانرێت کە تیشک بخاتە سەر زمانی کوردی، بەتایبەت هەوڵی ڕۆژهەڵاتناسان.

**لێکۆڵینەوکانی ڕۆژهەڵاتناسان لەبارەی زمانی کوردی:**

ڕۆژهەڵاتناسان بە مەبەستی جیاوازەوە سەدان لێکۆڵینەوەیان لەسەر کورد و کوردستان کردوە، لە نێوانیشیاندا چەندان لێکۆڵینەوە تایبەت بە زارە کوردییەکان بەرچاو دەکەون.
دەبێت ئەوە بگوترێت کە ئەو لێکۆڵینەوانە بەهەر مەبەستێک نووسرابن، هەر بایەخی خۆیان هەیە، و سوودیان بۆ کورد هەبووە، و خزمەتیان بە مێژوو و زمانەکەی کردوە. هەروەها تیشکیان خستوەتە سەر چەندان لایەن کە لەوانە بوو بێ ئەو نووسینانە هەر بە تاریکی بمێننەوە. سەرەڕای ئەوەش، چەندین دەق و دەستنووسیان پاراستووە، لەوانەیە لای خۆمان بوونایە وەک هەزاران دەستنووسی تر تیابچوونایە، کەچی خۆشبەختانە لە کتێبخانە و دەستووسخانە ئەورووپییەکاندا هەزاران دەق و نامە و دەستنووسی جۆراوجۆر بەرچاو دەکەون.
لەگەڵ ئەو ڕاستییەی سەرەوە، نابێت ئێمە خۆمان لە دید و بۆچوونی ئەوانەوە بناسین، ناکرێت ئەوەی ئەوان وتوویانە بیکەینە بناخەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچونەکانمان، چونکە بەنەزانی بێت، یان زۆرزانی؛ بۆچوون و قسەی نابەجێی زۆریان هەیە لەبارەی کورد و زمان و مێژووەکەی. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە ناکرێت ئەوان لە خۆمان شارەزاتر بن، وەک عەرەب دەڵێت: (أهل مكة أدرى بشعابها).
لەبارەی تێکەوتن و بەهەڵەداچوونی ڕۆژهەڵاتناسان، لێرخ دەڵێت: « من زانیبووم گەلەک لێگەڕ، یان لە زروفی خراپدا بوون، یان ژی چاکتر حازر نەبوون کە زانیارییەکان باش کۆبکەنەوە. جا بە هۆی ئەمە، گەلێک شتی نادروست، چەوت و چەڵەمەیان لە بابەت کوردانەوە نووسیوە و کوردناسییان خاڵفاندووە[٢٣]»
کەسێکی وەک د.هێرتزفیلد ی ئەڵمانی، کە ساڵی ١٩١٤ چوە بۆ ناوچەی (زەردی ئاوا) بۆ پشکنینی ئەو خەتی پەهلەویەی ساسانییەکان کە لە گوندی (پەیکوڵی) دا

٢٣ بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئوروپا:١٣٨

بەجێ ماوە، ئەم نمەکحەرامە لە بەرامبەر ئەوەی خانەخوێیەکی کورد دەستکاری شتومەکەکانی دەکات، ئیتر تورە دەبێت و تەڕ و وشک پێکەوە دەسوتێنێت، سەرەڕای ئەوەی دان بە میوانداریەکەدا دەنێت، کەچی دەڵێت: « تەنانەت ئەم میوانداریيە گیان ئازاردانێکی تەواو بوو»، ئینجا دەنووسێت: ئەو پەندە پێشینانە هاتە دی کە دەڵێت: ثلاثة في الدنيا من الفساد: الكردي والجريدي والجراد[٢٤].

د. جەمال نەبەز دەڵێت: هەندێک لە گەشتنامەکان لە لایەن خاوەنە ئەڵمانییەکانیانەوە بە گیانێکی دوژمنانەوە بڵاوکراونەتەوە، چونکە پێش ئەوەی بچنە کوردستان هەندێک باسی خراپیان لەبارەی کوردەوە بیستووە، ئیتر ئەگەر باشە و میوانداریێتی و ڕووخۆشیشیان لێ نینیبن ئەوە بازیان بەسەریاندا داوە و هەر بەدوای شتی خراپدا گەڕاون، بۆیە هەندێکیان کورد بە جەردە و پیاوکوژ و خوێنڕێژ دەدەنە قەڵەم[٢٥].

لەوانەیە بەئەنقەست هەڵەیان نەکردبێت[٢٦]،بەڵام دەکرێت ئەنقەستیشیان هەبوبێت، بۆیە دیکارت دەڵێت دەبێت توێژەر بە گومانەوە لە هەموو شتێک بڕوانێت، تا ئەو کاتەی ڕاستیی بۆ دەردەکەوێت[٢٧]. بە واتایەکی تر، گرنگە توێژەری کورد وریا بێت، ئەوەی بە ناوی زانیاری دروستەوە بڵاودەکرێتەوە ڕاستەوخۆ وەری نەگرێت، چونکە لەوانەیە وەهم بێت و بە حەقیقەت ناسێنرا بێت، لە بەرئەوەیە بەیکۆن (Francis BACON) داوا دەکات عەقڵ پاک بکرێتەوە لەو وەهمانەی دەبنە ڕێگر لە گەیشتن بە ڕاستییەکان[٢٨].

ڕۆژهەڵاتناسان نەک هەر زارەکان، بگرە لە ڕەچەڵەکی کوردیش هاوڕا نەبوون، بۆ نمونە مینۆڕسکی دەڵێت: کوردەکان نەوەی مادەکانن، کەچی مەکەنزی ئەم بۆچوونە بە هەڵە دەزانێت[٢٩]، نەک هەر بە هەڵەی دەزانێت، بەڵکو پێی وایە کە کورد دەیەوێت سودی خراب لە مێژوو وەربگرێت، بە مەبستی خۆ بەهێزکردن و هەڵسانەوە، بە کەمێک ڕاستی و زۆرێک خەیاڵەوە خۆی پاڵدەداتە لای مادەکان[٣٠]. ئەمە سەرەڕای

---

٢٤ بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئوروپا: ٤٣
٢٥ بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئوروپا: ١٥- ٢٠
٢٦ بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئوروپا: ز
٢٧ مقال عن المنهج:١٤٢
٢٨ الأورجانون الجديد: ٢٨-٢٩
٢٩ توفيق وهبي، الأعمال الكاملة: ١٤
٣٠ توفيق وهبي، الأعمال الكاملة: ١٥

ئەوەی کە پێی وایە زمانی کوردی کاریگەرە بە زمانی فارسی ناوەڕاست، لە باشوری ڕۆژئـاوای ئێران، بۆیە گومانی لەو بۆچوونەی مینۆرسکیش هەبوو کە پێی وایە کوردی دەگەڕێتەوە بۆ زمانە ڕۆژئاواییە ئێرانییەکان[٣١].

ڕاجیایی و کورتبینی ڕۆژهەڵاتناسان لە بواری زمانەوانیدا زۆر بەرچاوە، بۆ نمونە ئۆسکارمان لوڕەکان بە کورد هەژمار ناکات، ئیتر بە دوای ئەودا زۆرێک زمانەوان و مێژونووسی ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵات و کوردیش هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە لوڕ کورد نەبن. بۆیە دەبینین د. کەمال فوئاد لە دکتۆرانامەکەیدا بە ناونیشانی (دەستنووسی کوردی) کە ساڵی ١٩٧٠ پێشکەش بە زانکۆی هۆمبۆڵی بەرلینی ڕۆژهەڵاتی کردووە؛ هەمان بۆچوونی ئۆسکارمانی هەیە[٣٢].

هەریەک لە مینۆرسکی و مەکەنزی[٣٣]، زازایی و هەورامی بە کوردی نازانن، هاوشێوەی ئەوان زمانەوانی ئینگلیز چ. ڕیۆ گۆرانی بە شێوەیەکی فارسی دەناسێنێت[٣٤]. لەوەش خراپتر، کەسێکی وەک (Hans F. K. Guenther) ی ئەڵمانی، تەواوی زمانی کوردیی بە جۆرێکی فارسی داوەتە قەڵەم[٣٥].

لە ڕاستیدا، هەوڵ و نووسینی ئەو کەسانە، پێویستی بە هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە هەیە، چونکە لەوانەیە بە ئەنقەست ویستبێتیان سنووری زارەکانی زمانی کوردی و لە ئەنجامیشدا هی کوردستان خۆی لەتلەت بکەن[٣٦].

لەوانەشە هۆکاری نەپێکان و بە هەڵەداچوونی ڕۆژهەڵاتناسان ئەوە بێت کە ئەوان بە پێی بنەماکانی زانستی زمانەوانیی لێکۆڵینەوەیان کردووە، نەک زانیاریی تەواویان لەسەر زمانی کوردی هەبووبێت، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە لێکۆڵینەوەیان لە زۆر زار و بنزار کردووە، کە ئەمە نەک بۆ ئەوان، بگرە بۆ کوردیش خۆی زەحمەتە. مەگەر ئەم کارە بە کۆمەڵ بکرێت، یان کەسێک کە شارەزایی لە هەموو ئەو زار و بنزارانەدا هەبێت کە ئیشیان لەسەر ئەکات.

هەر تایبەت بەو خاڵەی سەرەوە، دەبینین بەشێک لەو ڕۆژهەڵاتناسانە تەنها کەسێکیان دواندوە، ئیتر پاڵپشت بە زانیارییە زمانەوانییەکانیان و ئەو دواندنە، کاری

٣١ توفيق وهبي، الأعمال الكاملة: ١٤
٣٢ بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئوروپا: ٢٦-٢٧
٣٣ چەند وتارێکی کوردناسی: ٣٩
٣٤ چەند وتارێکی کوردناسی: ٢٥١
٣٥ بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئوروپا: ٤٣
٣٦ چەند وتارێکی کوردناسی: ٢٥

خۆیان دەستپێکردووە. بۆ نموونە خۆدزکۆ بە دواندن و هاوکاری ئەحمەد پاشای بابان لێکۆڵینەوە فیلۆلۆژییەکەی خۆی بڵاوکردەوە[٣٧]، بە ناونیشانی: چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆژی لەسەر زمانی کوردی/ دیالێلتی سلێمانی». ئەم زمانەوانە ساڵی ١٨٥٣ لەشاری پاریس چاوی بە ئەحمەد پاشای بابان ئەکەوێت، چەند دەقێکی بە شێوەی زارەکی لێ وەردەگرێت و بە میتۆدێکی وەسفی (Descriptive) وێنەیەکی زمانی کوردیمان لەو سەردەمەدا بۆ دەکێشێت، چەندان زانیاری گرنگ لەبارەی ڕێزمان و شێوازی ئاخاوتنی سلێمانی دەخاتە ڕوو.

ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لەم زانیارییانە شتی تریشی لەخۆگرتووە، بۆ نموونە: پێشتر بۆچوون وا بوو کە نالی ساڵی ١٨٥٥ کۆچیدوایی کردوە، بەڵام مەسعود مەحەمەد لە کتێبی (چەپکێک لە گوڵزاری نالی[٣٨])دا؛ گومان لەم مێژووە دەکات و پێی وایە نالی درەنگتر کۆچی کردووە. بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی پشت بە زانیارییێکی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەبەستێت. لەم لێکۆڵینەوەیدا خۆدزکۆ دەڵێت کە ساڵی ١٨٥٣ لە پاریس چاوی بە ئەحمەد خان (ئەحمەد پاشا) کەوتووە و لەوی بیستوە کە نالی لە شامە. دواتر ڕاستی ئەم بۆچوونەی مەسعود موحەممەد دەرکەوت، کاتێک بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە عوسمانییەکان دەرکەوت کە ساڵی مردنی نالی ١٨٧٧ ە نەک ١٨٥٥[٣٩].

هاوشێوەی خۆدزکۆ، مەکەنزیش تەنها گفتوگۆ لەگەڵ پیاوێکی هەورامیدا دەکات، کە لە ساڵی ١٩٥٧ لە لەندەن پێی دەگات، بە ناوی تەحسین موحەمەد ئەمین سان، جەعفەر سان، حەمەسەعید سان[٤٠]. ناوبراو خەڵکی گوندی نەوسودە، مەکەنزی چەندان دانیشتنی لەگەڵ ئەنجام دەدات و زانیارییەکانی دەبنە سەرچاوەی کتێبێک بەناونیشانی: (دیالێکی هەورامی، هەورامانی لهۆن).

پێ دەچێت ئەم هەوڵەی مەکەنزی لەو سۆنگەیەوە بو بێت کە ناوچەکانی باشوری کوردستان کەوتبونە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەوە، بۆیە کاری لێکۆڵینەوەش لە زمانەکانی ئەو ناوچانە، لە ئەستۆی زانا ئینگلیزەکاندا بووە.

مەکەنزی (David Neil Mackenzie) ساڵی ١٩٢٦ لە لەندەن لە دایک بووە. کەسێکی شارەزا بووە لە زمانە ئێرانیەکاندا، بەکالۆریۆسی لە فارسی نوێ و

37 Études Filologiques sur la langue Kurde ; Dialecte de Soléimanié, p.

٣٨ چەپکێک لەگوڵزاری نالی: ١٦

٣٩ نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا:٤٢

40 The dialect of Awroman, Hawraman-i Lhon, p.3

ماجستێری لە فارسی کۆن و ناوەنددا لە زانکۆی لەندەن بە دەست هێناوە. دوای بڵاوبوونەوەی تێزەکەی، زیاتر پێگەی خۆی وەک زمانەوانێک و فارسیناسێک چەسپاند، بەڵام وەک کوردناسێک مەرج نییە ورد و شارەزا بووبێت، بۆیە تۆفیق وەهبی نووسینیکیدا بە ناونیشانی (أصل الأكراد ولغتهم) بە وردی ڕەخنە لە زۆرێک لە شیکارە زمانەوانییەکانی مەکەنزی دەگرێت.

ئەوەی گرنگە بوترێت هێندە زانیارییەکە لە یەک کەسەوە وەربگیرێن بەس نین بۆ ئەوەی مەکەنزی شارەزا بکەن لە هەورامیدا، بەس نین بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی مەکەنزی بێ سڵەمینەوە وەربگیرێن.

خودی خۆی ڕەخنە لە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکانی ئۆسکارمان دەگرێت و بە کەم و کورت ناویان دەبات، لەبەر ئەوەی دوای مردنی نووسەر سەرنجەکانی بڵاو کراونەتەوە، بۆیە گومانی لە وردی و دروستی زنیارییەکانی هەیە.

وەک خۆی دەڵێت لێکۆڵینەوەکەی ئۆسکارمان لەسەر هەورامی (زارەکانی گۆران، بەتایبەتی کەندالۆئی و هەورامی و باجەلان) کەم و کورتی تێدایە و جۆرێک لە یەکنەگیری لە نێوان سەرنجەکانی و زاری ڕاستی هەورامیدا هەیە، بە هۆی کەم و کورتی ئەو کەسەوە کە وەک سەرچاوە بە کاری هێناوە. دەکرێت هەمان کەم و کورتی لەم لێکۆڵینەوەیەشدا هەبێت، بەتایبەتی مەکەنزی خۆی دەڵێت لەوانەیە سۆرانی کاری کردبێتە سەر هەورامییەکەی تەحسین.

دەشکرێت ئەم بۆچوونانەیان لە کەم ئەزموونییانەوە سەرچاوەی گرتبێت، چونکە بەشێک یان زۆرێک لەم ڕۆژهەڵاتناسانە کاتێکی کەمیان لە کوردستان و بگرە ئێرانیش بەسەربردووە، کەسێکی وەک ئۆسکارمان تەنها لە ساڵانی ١٩٠١-١٩٠٣ و لە ١٩٠٦-١٩٠٧ هاتووەتە کوردستان و وڵاتی فارس[٤١].

هەیانە تەنها چەند مانگێک لە کوردستان بووە، کوردیشی نەزانیوە، کەچی قسەی زۆر نابەجێشی کردوون، وەک ئاژمیێر، خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت[٤٢]:

لە ساڵانی ١٩٠٠-١٩٠٢ گەشتێکم بۆ ئێران ئەنجامدا، بەمەبەستی شارەزابوون، لەو ماوەیەدا چەند مانگێکم لە هاوین و پاییزی ساڵی ١٩٠١ لە ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە بەسەربرد. مەبەستی سەرەکیم بریتی بوو لە هەڵسەنگاندنی باری هۆزە کوردییەکان و کۆکردنەوەی چەند دەقێک بە شێوەزارەکانیان. بە درێژایی مانەوەم لە شاری سنە

٤١ بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئۆروپا: ٢٨

42 Les Dialects D'Awroman et de Pawa, p. 1-6

کە ناوەندی پارێزگای فارسیی کوردستانی عەجەمە؛ بۆم دەرکەوت کە دانیشتوانی هەورامان -کە ناوچەیەکی شاخاوییە و دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوا، ماوەی دوو ڕۆژ لە سنەوە دوورە- بە شێوەزارێکی تایبەت قسە دەکەن، نە فارسەکان و نە کوردەکان لێی تێناگەن، و پێشتریش بەربڵاوتر بووە. هێشتا خەڵکانێک لە سنە هەبوون -وەک دەوترا- دەیانزانی بە ( ماچۆ) قسە بکەن، کە ئەوە ناوە بڵاو و ناسراوەکەی زاری هەورامی بوو، لە وشەی (ماچۆ)ی هەورامییەوە وەرگیراوە، بە واتای (ئەو دەڵێت)[٤٣].

بەبێ ماندووبوون، مەلایەکی گەنجم دۆزییەوە کە دەیتوانی نهێنییەکانی ئەو زمانەم فێر بکات، ناوی عبدولغەفوور بوو. ئەو خۆی هەورامی بوو، خەڵکی گوندی (ڕوار) بوو. بە درێژایی ئەو پێنج حەفتەیەی لە سنە مامەوە لەگەڵ ئەو ئیشم کرد، کۆمەڵێک دەقی هەورامی بۆ خوێندمەوە، منیش دەمنوسینەوە، بڕگە قورسەکانی بۆ وەردەگێڕام و شیی دەکردنەوە. چەند تێبینییێکم لە سەر ڕێزمانی هەورامی نووسین، بە تایبەتی لەسەر وشەسازی. عبدولغەفوور هاوڕێی کار بوو،بەشێوەیەکی گشتی هاوکار بوو، بەڵام هەندێک جار ئارامی لێ دەبڕا و ئەو شتەی دەیوت دووبارەی نەدەکردەوە.

لە سەرەتای مانگی هەشتدا گەشتێکم هەر لە هەورامان ئەنجامدا، چەند ڕۆژێک لە گوندی نەوسود مامەوە، شوێنی مانەوەی خانی لهۆن بوو، کە بەشێوەیەکی گشتی بە سوڵتانی لهۆن بانگ دەکرێت. لە ژێر چاوە گوماناوییەکانی خاندا چەند چیرۆکێکی میللیم نووسینەوە، پێ دەچوو خەڵکەکە چیرۆکی زۆر بزانن. بەڵام نەمتوانی گۆرانیی میلليی هەورامی بدۆزمەوە، هەموو گۆرانییەکانیان بە کوردی بوون.

ئیشەکەم لە ناوچەی هەورامان لە بارودۆخێکی نالەباردا بەڕێوەچوو، سوڵتان لە خولیا زمانەوانییەکانم تێنەدەگەیشت، بۆیە بە گومانێکی زۆرەوە سەیری دەکردم. بەردەوام دابڕانێکیان لەگەڵ کارەکەمدا هەبوو، ئەوەش نیمچە هەڕەشەیەک بوو، لە کۆتاییشدا دوژمنایەتییەکی ئاشکرا بوو، دەیانویست بە زووترین کات بڕۆم. جارێک سوڵتان پێی وتم: دەتەوێت چی فێر ببیت؟ گوێرەکە وای پێدەوترێت، چەک وای پێدەوترێت، ئەسپ وای پێدەوترێت، زۆر ناخایەنێت ئەوانە دەنووسیت و دەگەڕێیتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت ئیشەڵا. گومانیی خان کاریگەری لەسەر خەڵکەکە هەبوو، هەندێک جار شەرمیان دەکرد، هەندێک جاریش خراپ بوون، ئەمەش وایکرد زوو بڕۆم، بە

٤٣ نووسەر وشەی (ماچۆ) بە Je dis)) ئەکاتە فەڕەنسی، واتە (من ئەڵێم)، ئەمەش ڕاست نیە، (ماچۆ) بە واتای (Il dit) دێت، واتە (ئەو ئەڵێت).

پێچەوانەی ویستی خۆمەوە، هەندێک لە گوندەکانیش ئامادەنەبوون هیچم بدەنێ[٤٤]، ئەمەش وای دەکرد بڕۆم.

بەو پێیەی کە شارەزاییەکم لە هەورامی پەیدا کردبوو؛ هەستم کرد لە ڕووی دەنگ و وشەوە لێکچوونێکی باش هەیە لە نێوان شێوەزاری هەورامی و زمانێکی تردا کە لە شوێنێکی دوور لێرە قسەی پێدەکرێت، لە سنووری تورکیا، بە تایبەت لە ناوچەی دەرسیم، کە ئەویش زمانی زازاییەکانە. هەستی ئەوەم لا درووست بوو کە هەورامی و زازایی پاشماوەی دابڕاوی لقێکی شێوازارە ئێرانییەکانن، ئەو لقە پێشتر هەبووە و بەربڵاو بووە، دواتر لەبەریەکتر هەڵوەشاوەتەوە، بەهۆی پەلاماری گەلەکانی ترەوە، بەتایبەتیش بەهۆی بزوتنەوەی بەرفراوانی کوردەوە.

بەهۆی چەند هۆکارێکی جیاوازەوە، ئەو بابەتانەی لە سنە و هەورامان کۆم کردبوونەوە؛ بەداخەوە تا چەند ساڵێک کەوتنە لاوە، شایەنی باسە دوای ئەو ماوە زۆرە جارێکی تر گەڕامەوە لایان، بەڵام دەقەکان چیتر زۆر ئاشنا نەبوون بۆم، لە زۆرێک لە بڕگەکانیش تێنەدەگەیشتم. لە سایەی ڕۆشنگەری و پەرۆشیی بەردەوامی ئارسەر کرەستنسنەوە سەرلەنوێ دەقەکانم خوێندنەوە و لێیان کۆڵیمەوە، دواجار دەکرێت ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەم بخرێنە بەردەستی جەماوەر.

ئارسەر کرەستنسن، هەڵساوە بە شیکردنەوە و تێبینی نووسین لەسەر ئەو دەقانەی ئاژمێر کۆیکردوونەتەوە، دەڵێت[٤٥]:

بەڕێز دو مۆرگان (Jacques de Morgan[٤٦])، هەورامیی لە ڕیزی زارە کوردییەکاندا پۆلێنکردووە، بەڕێز ئێج مایا بێنێدیکتسن زۆر بەڕاستی سەرنجی داوە کە سەرەتا هەورامی پەیوەندی لەگەڵ زمانی زازاییەکاندا هەیە، هەرچەند ئەوان زۆر دوورن لە هەورامانەوە و دەکەونە ناوچەی دەرسیم لە تورکیا، ئەم زمانە لێرچ و دوای ئەویش ژوستی بە یەکێک لە زارە کوردییەکان هەژماریان کردووە، پاشان نە هەورامی و نە زازایی ناگەڕێنەوە بۆ ناوچەی زمانە کوردییەکان، بەڵکو بۆ گروپێکی تری شێوەزارە ئێرانییەکان. بەڵام لە ڕاستیدا، زازایی و هەورامیش لە لایەکەوە

---

٤٤ لە فەرەنسیەکەدا ئەڵێت: ئامادەنەبوون ئاو و ئاگرم بدەنێ.

45 Les Dialects D'Awroman et de Pawa, p. 7-16

٤٦ مێژووناس و شوێنەوارناس و ڕۆژهەڵاتناسێکی فەرەنسییە، ١٨٥٧/٦/١٣ لە دایک بوە، ١٩٢٤/٦/١٢ کۆچی دوایی کردوە.

دەچنەوە سەر چەند کۆمەڵەیەکی جیابووەوە لە زمانی کوردی، و سەر زمانی فارسیش لەلایەکی ترەوە. لە ناوەڕاست و باکوری ڕۆژئاوای ئێران چەند شێوەزارێک هەن کە بە ڕوونی جیاوازن لە شێوەزارە فارسی و کوردییەکان، هەندێکیشیان ناتوانین بە وردی پۆلێنیان بکەین: سامنانی، شێوەزارەکانی کۆهرود لە ڤۆنیشۆن، لە کەشە، لە زەفرە و سۆ، گۆرانی، زەنگەنە، ریجابی، کە شێوەزارێکی نزیکە لە هەورامییەوە، بەپێی ئەو ئەو وشانەی بەڕێز دو مۆرگان بڵاوی کردوونەتەوە، شێوە زارە قەوقازییەکان: مازندەرانی، گیلەکی هتد، زازایی.

ئەگەر سەرنج بدەین لە قسەکانی ئاژمییر چەند ڕاستییەکمان بۆ دەردەکەون، لەوانە:

- ناوبراو بۆ لێکۆڵینەوە لە هەورامی نەهاتووە.
- بە ڕێککەوت گوێی لەوە دەبێت کە لەو ناوچەیەدا جۆرە قسەکردنێکی جیاواز هەیە.
- ناوبراو هەورامی نەزانیوە، تەنها چەند مانگێک لەوێ بووە.
- کە گەڕاوەتەوە لەو دەقانە تێنەگەیشتووە کە کۆی کردوونەتەوە، بۆیە بۆ شیکردنەوەیان پشتی بە کەسی تر بەستووە.
- لەگەڵ ئەو بێئاگاییەشدا، قسەی نابەجێ لەبارەی کورد دەکات و قسە لەسەر زارەکانیش دەکات.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بە دوو تێبینی بکەین[٤٧]:

١- ئەم بێئاگاییە لای ڕۆژهەڵاتناسان دیاردەیە، بۆ نموونە: ئەلبەرت فۆن لکۆکش، ئەڵمانییە، لەساڵی ١٩٠١دێتە ناوچەی (زەنجیرلی) لە باکوری کوردستان، بە مەبەستی شوێنەوارناسی، لەوێ لای مامۆستایەک بەناوی (وێسفە فەندی) کوردی دەخوێنێت، دواتر چەند دەقێکی جۆراوجۆری ناوچەکانی کرمانج و زازا و بابان کۆ دەکاتەوە، بەڵام بۆ خوێندنەوە و شیکردنەوەیان پشت بە چەند کوردیزانێک دەبەستێت لە دیمەشق.

٢- ڕۆژهەڵاتناسیش هەیە کە قسەی باشی لەبارەی کورد کردووە، بۆ نموونە: مارتین هارتمان، کە ئەویش هەر ئەڵمانییە، دەڵێت: " ئەگەر من کورد

---

٤٧ بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئوروپا: ٢٩-٣١

وەک نەتەوەیەک بدەمە قەڵەم، کە بەئاسانی کلتوری ڕۆژئاوایی وەردەگرێت، دیارە لام ڕوونە کە ئەو حەلە ئەم بیروڕایە تووشی هەندێ بەرهەڵست دەبێ. بەڵام لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەنگ و باسەی ئەوانە دەیگێڕنەوە کە بەم وڵاتەدا گەڕاون، پیاو دەتوانێ بڵێ: لەژێر پێستی خاوی ئەم گەلەدا جیهانێکی پڕ لە بیری قوڵ و هەستی نازک شاراوەتەوە. گەلێک بەڵگە هەیە کە ئەم کوردانە زیرەکییەکی خواکردی تێکەڵ بە زوو لە شت گەیشتن و بەستراو بە خوڕەوشتێکی ڕەپوڕاستی مەردانەیان هەیە“.

گرنگە ئەوە بوترێت کە ئێمەی کورد پێویستە خۆمان قسە لەسەر زمان و ڕەچەڵەکی خۆمان بکەین، ئەوەی پێمان دەکرێت بیکەین، ئەگەرنا جگە لەخۆمان خەڵکی تر قسە دەکات، ئەو قسەکردنەش بەردەوام دەبێت، جیاواز لەوەی پێشتر باسکرا؛ ڕۆژهەڵاتناسێکی تر بەناوی (P. RONDOT) قسەی خۆی هەیە و زمانی کوردی پۆلێن دەکات بۆ کوردی باکور و کوردی باشوور[٤٨]. ئەمە جگە لە دەیان بەرهەمی تریش کە ڕیشە و لقوپۆپی زمانەکەمان تاوتوێ ئەکەن، جا پێکابێتیان یان نا ئەوە بابەتێکی ترە، وەک وتمان دەبێت خۆمان ساغی بکەینەوە.

یەکێک لەو بەرهەمە بایەخدارانە بریتییە لەو کتێبەی کە کۆمەڵەی زانستی زمان لە پاریس (Société de linguistique de Paris) ساڵی ١٩٢٤ لە دوتوێی ٨١١ لاپەڕدا بڵاوی کردەوە، بەناونیشانی زمانەکانی جیهان(Les langues du Monde) بەسەرپەرشتی (A.Millet) و (Marcel Cohen).

بە پێی ئەم سەرچاوەیە، زمانی کوردی خۆی لە گروپی زمانەکانی ڕۆژئاوای ئێراندا دەبینێتەوە و سێ دیالێکت لە خۆ دەگرێت. لە لاپەرە ٣٩ و ٤٠ ی ئەم سەرچاوەیەدا بە کورتی باس لە زمانی کوردی و ناوچە و دیالێکتەکانی کراوە، بەم جۆرە:

(ئاسان نییە سنوری زمانی کوردی دیار بکرێت، چونکە ئەم زمانە لە لایەن چەند هۆزێکی گوندنشینەوە قسەی پێ دەکرێت، گواستویانەتەوە بەرەو باکور تا سنوری ئێریڤان و قارس لە ئەرمینیای ڕوسیا[٤٩]،بەرەو ڕۆژئاوا تا سیلسی[٥٠]، تەنانەت لە سوریاش، بەرەو ڕۆژهەڵات تا ناوچەی ناوەڕاستی فارس (ئێران)، ناوچەی خۆراسان

48 Le Problème de l’unification de la Langue Kurde, p.298

٤٩ ئەرمینیای روسیا،بریتیە لە ئەرمینیای ڕۆژهەلات کە لە سالی ١٨٢٨ ەوە تا ١٩١٧ لة ژێر دەسەلاتی روسیادا بو.

٥٠ سیلیسی لە ئێستادا ئەکەوێتە سنوری شاری ئەدەنە لە تورکیا»هاوسنورە لەگەڵ سوریا.

و تا ئەفغانستان. چەقی سنوری زمانی کوردی بریتییە لەو ناوچە شاخاویانەی کە فارس (ئیران) و تورکیا لە یەک جیا دەکاتەوە(چیاکانی زاگرۆس)، بەشێوەیەکی تایبەت کوردستانی ناو تورکیا دەگرێتەوە. دەتوانین زمانی کوردی دابەش بکەین بۆ سێ دیالێکت:

١- کوردیی ڕۆژئاوا یان کرمانجی: کە لەناوچەی دیاربەکر، ماردین، سێرت و جولەمێرک قسەی پێ دەکرێت. بەڵام زۆر دوورتریش بەرەو ڕۆژئاوا دەبیسترێت.

٢- کوردیی ڕۆژهەڵات:لە ناوچەی سلێمانی و سنە قسەی پێ ئەکرێت.

٣- کوردیی باشور: لە ناوچەی کرماشان قسەی پێ دەکرێت"زیاتریش بەرەو باشور تا وڵاتی بەختیارییەکان و لوڕەکان.

ئەم سێ زارەش چەند شێوە ئاخاوتن و (بن زاری) ێکی تاڕادەیەک جیاواز لە خۆ دەگرن. زمانی کوردی بەشێکە لە زمانە ئێرانییە ڕۆژئاواییەکان، بەڵام چەند خاڵێکی هاوبەشی لەگەڵ زمانە ئێرانییە باکورییەکاندا هەیە. ئەدەبی کوردی خەریکە تەنها زارەکی بێت»داستان و چیرۆک و گۆرانی میللی لە خۆ دەگرێت[٥١]).

بۆ ئەوەی زیاتر لە بێئاگایی ڕۆژهەڵاتناسان تێبگەین بەرامبەر کورد و کوردستان و زمانی کوردی؛ سەرنج لەو ڕاستییە بدەین کە هەندێکجار بایەخدانیان بە زمانی کوردی، وەک پاشکۆی گرنگیدان بە زانی فارسی دەردەکەوێت. ئاشکرایە لە مێژە زمانی فارسی جێی بایەخی زمانەوانان و ڕۆژهەڵاتناسان بووە، بە تایبەت دوای دۆزینەوەی زمانی سەنسکریتی، هەروەها ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان لاتینی و سەنسکرێتی و فارسی لە لایەن ولیەم جۆنزەوە (Sir W. Jones) لە ساڵی ١٧٨٦. ئیتر لێکۆڵینەوە بەراوەردکارییەکان دەستییان پێکرد، فرانز پۆپ (Franz Popp) ساڵی ١٨١٦ کتێبێکی گرنگی بڵاوکردەوە بەناونیشانی (لەبارەی ڕۆنانی وشە لە زمانی سەنسکریتیدا، بە بەراورد بە یۆنانی و لاتینی و فارسی و ئەڵمانی) [٥٢]. بۆیە دەبینین فارسی لە پێشترە لە ڕووی ئاوڕلێدانەوەوە، کەواتە کاتێک مەبەستی یەکەمیان فارسی بووبێت؛ ئەوا چاوەڕوانکراوە شارەزایی باشیان لە کوردیدا نەبووبێت و بە هەڵەداچووبن.

---

51 Les langues du Monde, p. 39-40

٥٢ فقه اللغة في الكتب العربية: ١٣-١٤

**ئەنجام:**

- تا ئێستاش زمان وەک مەتەڵێکی ئاڵۆز ماوەتەوە، چەندین پرسیاری تایبەت بە زمانیش بێ وەڵامی باوەڕپێکەر ماونەتەوە، لەبارەی یەکەم زمان، و چۆنیەتی دروستبوون و فراوانبوونی.

- زمانی کوردی لە چەند لایەکەوە بە تەمومژ داپۆشراوە، بە هۆی نەبوونی بەڵگەی پێویستەوە نەتوانراوە تەم و مژ و گومانەکان برەوێندرێنەوە.

- لە مێژەوە تا ئێستاش کەمتەرخەمییەک لە لایەن کوردانەوە هەبووە و هەیە، نەیانتوانیوە سەربردەی زمانەکەیان بە ڕوونی و پاکی بخەنە ڕوو، ئیتر بە هۆی بارودۆخ و ناچارییەوە بووبێت، یان بەگەڕنەخستنی هەوڵی پێویست.

- ئەو کەمتەرخەمییەی کـوردان کەلێنی دروسـتـکـردووە، بۆیە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسانەوە بە خراپی پڕکراوەتەوە، ئیتر بە مەبەست بووبێت، یان بێ مەبەست.

- بەشێک لە ڕۆژهەڵاتناسان شارەزاییان لە کوردیدا نەبووە، یان وەک پێویست شارەزا نەبوون، کەسی قسەی زۆر گەورە، هەندێکجار نابەجێشییان کردووە.

- تا ئێستاش زمانی کوردی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد و بەدواداچوونی قوڵ هەیە، کە لەوانەیە بە کاری تاکەکەسی نەکرێت و پێویستی بە کاری بە کۆمەڵ و پشتیوانی گەورە هەبێت.

- بابەتی ڕەچەڵەکی کورد و مێژووی زمانی کوردی نابێت بە سادە و لاوەکی سەیربکرێت، و ناشبێت بە زمانی سۆز و خۆشەویستی و لاواندنەوە باس بکرێت، ئەم سۆز و خۆشەویستییە وەک هێورکەرەوە وایە، لەوانەیە ئازارەکە بۆ ماوەیەکی کاتی بسرەوێنێت، بەڵام چارەسەری ناکات.

## سەرچاوەکان:

– أبو هلال الحسن بن عبد الله بن سهل بن سعيد بن يحيى بن مهران العسكري، (١٤١٩ هـ)، الصناعتين: الكتابة والشعر، المحقق: علي محمد البجاوي ومحمد أبو الفضل إبراهيم، بيروت، المكتبة العصرية.

– إدوارد سعيد، (١٩٩٥)، الاستشراق، مفاهيم غربية للشرق، ترجمة: محمد عناني، القاهرة، رؤية للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦.

– ئەنوەر قادر محەمەد، (٢٠٠٨)، چەند وتارێکی کوردناسی، سلێمانی، بنکەی ژین.

– توفيق وهبي، الآثار الكاملة، (٢٠٠٦)، إعداد: رفيق صالح، السليمانية، بنكەی ژين.

– رينيه ديكارت، (١٩٨٥)، مقال عن المنهج، ترجمة: محمود محمد الخضيري، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للترجمة.

– شێخ محەمەدی خاڵ، (٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

– صلاح الجابري، (٢٠٠٩)، الاستشراق، قراءة نقدية، دمشق، دار الأوائل للنشر والتوزيع.

– طه حسين، (١٩٣٣)، في الأدب الجاهلي، القاهرة، مطبعة فاروق.

– عبده الراجحي، فقه اللغة في الكتب العربية، جامعة الأسكندرية.

– فرنسيس بيكون، (٢٠١٣)، الأورجانون الجديد إرشادات صادقة في تفسير الطبيعة، ترجمة: عادل مصطفى، القاهرة، رؤية للنشر والتوزيع.

– کوردستان موکریانی، (٢٠٠٨)، سەردەمانی زمانی کوردی و کۆمەڵە زمانانی ئێرانی، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

– مارف خەزنەدار، (٢٠٠١)، مێژووی ئەدەبی کوردی ١، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

– محمد البهي، (١٩٦٤)، الفكر الإسلامي الحديث وصلته بالاستعمار الغربي، القاهرة، مكتبة وهبة.

– محمد عابد الجابري، أضواء على مشكل التعليم بالمغرب، الدار البيضاء، دار النشر المغربية.

– مصطفى السباعي، الاستشراق والمستشرقون ما لهم وما عليهم، دار الوراق للنشر والتوزيع.

– مەسعود محەمەد و ئەوانی تر، (١٩٧٤)، بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئوروپا، بەغداد، کۆڕی زانیاری کورد.

– مەسعود محەمەد، (١٩٧٦)، چەپکێک لەگوڵزاری نالی، بەغداد، کۆڕی زانیاری کورد.

– نوال قرين، (٢٠٢٠)، تلقي الفكر الاستشراقي عند طه حسين، بين هيمنة الثقافة وسلطة المنهج، مجلة المدونة، العدد ٢.

– هێمن عومەر خۆشناو، (٢٠١٧)، نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران.

– A. Millet et Marcel Cohen, (1924), Les langues du Monde, Paris, Libraire Ancienne Edouard Champion.
– Age Meier, (1921), Les Dialects D'Awroman et de Pawa, Kobnhaven.
– Alexandre Chodzko, (1857), Études Philologiques sur la langue Kurde ; Dialecte de Soléimanié, Journal Asiatique, Cinquième Série, Tome IX.
– D.N. MacKENZIE, (1966), The dialect of Awroman, Hawraman-i Luhon, Kobnhaven.
– Frantz Fanon, (2002), Les damnés de la terre, Paris, Poche.
– P. Rondot, (1936), Le Problème de l'unification de la Langue Kurde, Paris, Extrait de la revue des Etudes Islamiques, Année 1936, Cahier III.
– Noriyuki Nishiyama, (2001), L›impérialisme linguistique de Pierre Foncin en Méditerranée, Documents pour l'histoire du français langue étrangère ou seconde Volume 1, 27.
– https://www.slp-paris.com/statuts1866.html

– ئەم لێکۆڵینەوەیە لەلایەن توێژەرە لەکۆنفرانسی زانستیی زارو بنزارە کوردییەکان لە ڕێکەوتی ٩-٣-٢٠٢٤ پێشکەشکرا.

# فەرهەنگنووسیی کوردی؛ ڕەوتی مێژوویی و سەرچەشنەکان، بەراورد و پێکگرتن، هەڵسەنگاندن و ڕەخنە

د.ئەحمەد ئەحمەدیان*

«١»

لەو کاتەوە کە ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٦) شاعیری پایەبەرزی کورد و بنیاتنەری بیری نەتەوەخوازی و ویژەی دلداری و حەماسەیی کورد، هەوەڵین وشەدانی کوردی دانا سێسەد و چل ساڵ تێدەپەڕێ. ئەم وشەدانەی ئەحمەدی خانی فەرهەنگۆکێکی «عەرەبی-کوردی»ـیە بە ناوی «نەوبەهارا بچووکان» کە بە هۆنراوەی کوردی دانراوە.

لە واقیعدا ئەحمەدی خانی هاوکات بنیاتنەری شیعری دلداری و حەماسی و نەتەوەخوازانەی کوردی و بنیاتنەری فەرهەنگنووسیی کوردی بووە. کەوابوو خاڵی دەستپێکی فەرهەنگنووسیی کوردی بەرهەمەکەی ئەحمەدی خانییە کە لە ساڵی ١٦٨٢دا واتە سێسەد و چل ساڵ لەمەوبەر دانراوە. ئەم فەرهەنگە تا ئێستا زۆر جار چاپکراوەتەوە.

لە ماوەی ئەم ٣٤٠ ساڵەدا ٢٢١ وشەدانی کوردی چاپ کراون و بڵاوکراونەتەوە کە تاقمێک لەم وشەدانانە لە دوو یان سێ یان چوار و ... بەرگدا بڵاوکرانەتهوە. ٦٦ لە سەدی وشەدانانەکانی کوردی لە سەدەی بیستەمدا چاپ و بڵاو کراونەتەوە و ٣٠ لە سەدی وشەدانانەکانی کوردی لە سەدەی بیست و یەکدا. ٤٠ لە سەدی وشەدانانەکانی کوردیش لە سەدهکانی حەڤدە و هەژدە و نۆزدەی زایینیدا چاپ و بڵاوکراونەتەوە. بەپێی ئەوەی تا ئێستا تەنیا ٢١ ساڵ لە سەدەی بیست و یەک تێپەڕیوە، وێدەچێ زۆرترین ئاسەواری زمانەوانی لە چەشنی وشەدان لەم سەدەیەدا چێ بکرێ و بڵاوبکرێتەوە، بەڵگەش بۆ ئەم بەراوردە ئەم ڕاستییەیە کە سی لە سەدی وشەدانەکانی کوردی واتە ٦٦ وشەدانی کوردی لە ماوەی ئەم ٢١ ساڵەی وا لە سەدەی بیست و یەک تپەڕیوە چاپ و بڵاوبوونهتەوە. کەوابوو ڕەوتی فەرهەنگنووسیی کوردی بەگشتی بەرەو پێش چووە و لە باری چەندایەتی و چۆنیەتییەوە گەشەیەکی بەرچاوی تێدا دەبینرێ. ٦٦ ساڵ لە سەدەی وشەدانەکانی کوردی لە کوردی ڕا بۆ زمانەکانی تر نووسراون و ٣٣ لە سەدی وشەدانانەکان لە زمانەکانی تر ڕا بۆ کوردی.

٨٠ لە سەدی دانەر و نووسەری وشەدانەکان کوردن و ١٥ لە سەدی دانەرەکان غەیرە کوردن و ٥ لە سەدی دانەرەکان "کورد و غەیرە کورد"ن.

٦٦ لە سەدی وشەدانە کوردییەکان لەناوەوەی کوردستان چاپکراون و ٣٣ لە سەدی وشەدانە کوردییەکان لە دەرەوەی کوردستان چاپ کراون.

٤٢ لە سەدی وشەدانە کوردییەکان لە عێراق، ١٩ لە سەدی لە ئێران، ٧ لە سەد لە ڕووسیە، ٦ لە سەد لە فەرانسە، ٦ لە سەد لە سۆئید، ٥ لە سەد لە تورکیە، ٤ لە سەد لە ئەرمەنستان، ٣ لە سەد لە ئینگلستان، ٢ لە سەد لە ئەمریکا، ٢ لە سەد لە گورجستان، ١ لە سەد لە ئوتریش (نەمسا)، ١ لە سەد لە سووریە، ٠,٥ لە سەد لە ئوردون، ٠,٥ لە سە دلە دانمارک، ٠,٥ لە سەد لە ئیتالیا و لە ٠,٥ لە سەدیش لە لوبنان چاپ و بڵاو کراونەتەوە.

لە ئاکامدا دەکرێ بڵێین لانیکەم لە ڕووی چەندایەتی و چۆنیەتیەوە ڕەوتی فەرهەنگنووسیی کوردی لە درێژایی مێژووی ٣٤٠ ساڵەی خۆی دا قۆناغ بە قۆناغ و وارگە بە وارگە گەشەوەرتر و پەرەسەندووتر بووە.

«٢»

بێتو زۆر بە کورتی باس لە پێناسە و تایبەتمەندیی «فەرهەنگ» بکەم، دەبێ بڵێم: وشەدان (lexicon) چەمکێکی گشتییە و بە هەموو چەشنە بەرهەمێکی زمانەوانی دەگوترێ کە لە خۆگری وشەکان و مانای وشەکان یان هاوتا و هەمبەری وشەکان بێ. "وشەدان" لە سەرەتاییترین دابەشبووندا دابەش دەبێ بە دوو جۆری: ١-فەرهەنگ (Dictionary) و ؛ ٢-وشەنامە (Thesaurus). «فەرهەنگ" و "وشەنامە" بەوە لێکتر جیاوازی پەیدا دەکەن کە "وشەنامە" تەنیا لە خۆگری "سەروشە» (Entry) و هەمبەر و "هاوواتا» (Equavelent and Synonym) ی سەروشەکانە. جاری واشە جیا لەم دوو "ماکە" زمانییە، ماکەیەکی تریشی پێوەیە زیاد دەکرێ وەک: ١- "هاوواتا"ی سەروشە لە زمانێکی تردا (جیا لەو زمانەی "سەروشە" و "هاوواتا" سەرەکییەکانی پێ نووسراوە )، یان: ٢- ناوچەی بەکارهێنانی "سەروشە"کان. بەڵام "فەرهەنگ" دەبێ لە خۆگری زۆربەی (یان باشتر وایە بڵێین "سەرجەم") ئەم تایبەتمەندیانەی ژێرەوە بێ و خاوەنی ئەم پاژ و بەشانە بێ:

١- سەروشە؛ ٢- وتەزا (Part of Speech)؛ ٣- ڕەچەڵەکناسی (Etymol-ogy)؛ ٤- شاهید و وێنە و نموونە لە ڕووی بەکارهێنانەوە (Pragmatics)؛ ٥- وێنە و عەکس و نیگارکێشیی ڕینوێنیکەر؛ ٦- جیاوازی بەکارهێنان (Usage)؛ ٧-

لێکدراوەکان (Compound Words)؛ ٨- زاراوە و ئیدیۆمەکان (Idioms and Expressions)؛ ٩-دەڤەر و ساحەی بەکارهێنانی ”سەروشە“ بۆ وێنە: پزیشکی، مێژوو، کشتوکاڵ، فەلسەفە و ...؛ ١٠- هاوواتای جۆراوجۆر و جیاواز بۆ سەروشە ”فرەمانا“کان (Polysemous)؛ ١١- دەنگناسی و فۆنەتیکی سەروشەکان (Phonetics)؛ ١٢-دژواتا (Antonym) و هاوواتا (Synonym) ی سەروشەکان؛ ١٣- شێوازی بەکارهێنان وەک: فەرمی؛ نافەرمی؛ زارەکی؛ تابۆ، زانستی؛ ئەدەبی و ...؛ ١٤- وشەزا (Category) یان ”جۆرەکانی وشە“ وەک: کات، ژمارە، کەس، تێپەڕ و تێنەپەڕ (Transitive and Intransitive)؛ بژاردە و نەبژاردە (Countable and Uncountable)؛ ١٥- جیاکردنەوەی وشە ”هاوبێژ“ەکان (Homonymous) و تۆمارکردنی ئەوان لە ژێر دوو یان چەند سەروشەی جیاواز.

بۆ تۆمارکردن و شێوە و شوێنی نووسینی هەرکام لەم پازدە بەش و پاژانەش یاسا و ڕێسای گونجاو و تایبەتی و سەلمێنراو هەیە کە لە زانستی ”فەرهەنگنووسی» (Dictionary Making) و هەروەها ”وشەنووسی» (Lexicography) کە دوو لقن لە لقەکانی زانستی زمانناسیی پراکتیک (Applied Linguistics) باسیان لێ دەکرێ و شرۆڤە و شی دەکرێنەوە کە لێرەدا جێی باس و شی کردنەوە نین.

تێبینی: لە فەرهەنگە پسپۆڕییە تایبەتمەندەکاندا، ڕێژەی ئەو پاژ و بەشە پێوسیتانەی سەرەوە تا یەک لە سێی ئەم ١٥ پاژ و بەشانەدا دەبەزێ.

«٣»

ڕەوتی فەرهەنگنووسیی کوردی لە قۆناغی ئێستادا و لە ڕووی چەندایەتی و کەمی «کمی» یەوە لە بەراورد لەگەڵ دەسکەوتەکانی مێژوویی بواری فەرهەنگنووسیی کوردی بەرەوپێش چووە و گەشەی کردووە و پەرەی سەندووە؛ بەڵام لە ڕووی چۆنایەتی و «کیفیت» ـەوە هەروەها لە ڕووی مێتۆدۆلۆژی و شێوەناسی فەرهەنگنووسییەوە هیچ چەشنە گەشە و نەشە و پێشکەوت و پەرەگرتووییەکی مانادار و واتاداری پێوە دیار نییە. تەنانەت لە ڕووی چەندایەتی و «کم- یشەوە بێتو دەگەڵ دەسکەوتەکان و پێشکەوتەکانی وڵاتانی دراوسێ و هەروەها دەگەڵ ڕەوتی فەرهەنگنووسیی فارسەکان بەراورد بکرێ، بەو ئاکامە دەگەین کە لە ڕووی چەندایەتیشە تەنیا لە بەراورد دەگەڵ مێژووی فەرهەنگنووسیی خۆمان پێشکەوت و

گەشەمان هەبووە بە وتەیەکی تر پێشکەوت و گەشەی فەرهەنگنووسیی کوردی لە ڕووی چەندایەتییەوە بووە نەک لە ڕووی چۆنییەتیەوە؛ تەنانەت ئەم پێشکەوتەشی ڕێژەیییە و زۆر دڵخۆشکەر نییە. هۆکارەکانی ئەم بارودۆخە «قەیراناوی»یەش، بە کورتی بریتین لە:

١- نەبوونی نەریتی ئیشی بە کۆمەڵ لە ناو گەلی کورد بەگشتی و لە ناو فەرهەنگنووس و وشەنامەنووسانی کورد بەتایبەتی؛

٢- پشتیوانی نەکردنی هیچ جۆرە دام و دەزگایەکی ڕۆشنبیری حکوومەتی لە پرۆژەکانی فەرهەنگنووسیی کوردی؛

٣- نەبوونی پسپۆڕی لێهاتوو و زانا لە بواری فەرهەنگنووسیی زانستی؛

٤- نەبوونی گوتارو بارودۆخی ڕەخنەتەوەری گونجاو لەمەڕ هەڵسەنگاندن و نرخاندنی فەرهەنگ و وشەنامە دانراوەکانی کوردی و پێکنەهاتنی گوتاری ڕەخنەیی؛ تەنانەت لە ئاستەکی زۆر نزمیشدا ئەم گوتارە ڕەخنەییە بوونی نییە؛

٥-نەبوونی نەریت و ترادیسیونێکی بەهێز و تەنانەت نیمچە بەهێزی فەرهەنگنووسیی کوردی؛

٦- زاڵبوونی گوتاری کۆپینووسی و ڕوونووسی و کۆپی لێ هەڵگرتنەوە و تەنانەت تا ڕادەیەکیش "جەردەیی فەرهەنگی و جەردەیی ویژەیی" بە سەرکەش و هەوای فەرهەنگنووسیی کوردی بە هۆی ئەوەی کە فەرهەنگنووسی ئیشێکی بەردەوام و بەکۆمەڵ و درێژخایەن و تاقەت پڕووکێن و حەستەمە و جگە لەوەش پێویستی بە زانستی قووڵی زمانەوانی و فەرهەنگنووسی (lexicography)یەوە هەیە و تاکی کوردیش لە ڕووی "دەروونناسیی کۆمەڵایەتی" و "دەروونناسیی مێژوویی"یەوە ئارای دەگەڵ ئیشی بەکۆمەڵ و بەردەوام و درێژخایەن و تاقەتپڕووکێن نەبووە.

٧- تاقمێکی یەگجار کەم پسپۆڕی بواری زمانەوانی و فەرهەنگنووسی لە ناو کوردزمانانداا هەڵکەوتوون کە زۆربەی هەرەزۆری ئەم پسپۆڕانەش یان لەبەر هۆکارەکانی سەرەوە نەیانتوانیوە و نەیانپەرژاوەتەوە سەر ئیشی فەرهەنگنووسیی کوردی یان بەبۆنەی ئەوەی زمانزان نەبوون و لە زمانی زگماکیی خۆیان لێهاتوویی و پسپۆڕی و شارەزایی پێویست و گونجاویان نەبووە لە بنەڕەتدا ئەم ئیشەیان بۆ مەیەسەر نەبووە یان پتر سەرقاڵی خزمەت بە زمان و وێژەی دراوسێیەکانیان بوون

و پتر دەروەستی پەیداکردنی پارە و پارووە نانێک بۆ ماڵ و منداڵیان بوون نەک سەرقاڵی ڕاژەی شوناس (Identity) و پێناسەی نەتەوەیی گەلە چەوساوە و ئاتاجەی خۆیان.

٨- بەرتەسک بوون و لاوازبوونی دەسەڵاتی ئابووری و زانستی ”کۆڕی زانیاری کورد“ی پێشوو و ”ئاکادیمیای کوردی“ی ئێستا وەک تاقەدەزگای ”ڕۆشنبیریی-حوکومی“ پێوەندیدار بە کێشەی فەرهەنگ و فەرهەنگنووسی (هەڵبەت ”ئاکادیمیای کوردی“ بڕیار و بەڵێنی نووسینی چەند فەرهەنگ و وشەنامەی کوردی لە داهاتوودا داوە و چەند فەرهەنگ و وشەنامەی کوردیشی لەم ساڵەی ڕابردوودا واتە لە ٢٠٠٢ تا ٢٠٢١ چاپ و بڵاو کردۆتەوە، بەڵام چاوەڕوانی خاوەن ڕایان و پسپۆڕان و ئۆگرانی فەرهەنگ و فەرهەنگنووسی بە تایبەتی و هەروەها چاوەڕوانی سەرجەم چین و توێژەکانی خوێندەواری کورد بە گشتی لەم ناوەندە زۆر زۆر زیاترە.)

«٤»

فەرهەنگنووسیی کوردی لە بەراورد دەگەڵ فەرهەنگنووسیی فارسی بەپێی بارستایی و ڕێژەوە لاواز و هەژارە و ئەم لاوازی و هەژارییە لە هەردووک بواری ”چەندایەتی» و «چۆنییەتی» یەوە بە تەواوی بەرچاوە. بۆ وێنە لە مەڕ چەندایەتییەوە تەنیا ئاماژە بەم ڕاستییە دەکەین کە تەنیا لە ماوەی زەمەنی نێوان ساڵەکانی ١٣٧٤ هەتا ١٣٨٠ پتر لە پێنجسەد وشەنامەی بابەتی و پسپۆڕی فارسی (جیا لە فەرهەنگە گشتییەکان) چاپ و بڵاوکراونەتەوە کە پتر لە دووسەد وشەنامە لەم پێنجسەد وشەنامەیە بۆ یەکەمجار چاپ و بڵاو بوونەتەوە، کە ئەم ڕادەیە بە تەنیا بەرابەرە دەگەڵ تەواوی وشەنامە و فەرهەنگەکانی بڵاوکراوە لە سەرجەم مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردی.

لەمەڕ چۆنیەتییەوەش تەنیا ئاماژە بەوە دەکەین کە جیا لە ”بورهانی قاتیع“ و ”دائیرەتولمەعاریفی موساحیب“ و ”لۆغەتنامەی دیهخودا“ و ”فەرهەنگی نەفیسی“ و ”فەرهەنگی موعین“ و زۆر وشەنامەی بابەتیی پسپۆڕی تر وەک ”واژگان فلسفه و علوم اجتماعی“ لە نووسینی داریووشی ئاشووری و زۆر بەرهەمی تر کە هەمووی ئەوانە بەرهەمی قۆناغ و وارگەی مێژوویی بەر لە شۆڕشی ٥٧ ـن، دوای ئەم قۆناغ و وارگە مێژووییەش گەلێک شاکاری فەرهەنگنووسی وەک ”فەرهەنگی ٩

بەرگی سوخەن"، "فەرهەنگی جامیعی فارسی بە فارسی فەرهەنگستان لە پتر لە ٢٥ بەرگدا" داهاتووی نزیک گوایە ئامادەی چاپ و بڵاو کردنەوەیە و هەروەها "فەرهەنگی ئینگلیزی-فارسی هێزارە"ی دوکتۆر حەقشناس، فەرهەنگگەلی جۆراوجۆری دوکتۆر باتینی و فەرهەنگی موعاسیری ئیمروز و زۆر فەرهەنگی بابەتی و پسپۆڕی کە لە لایەن "ئینتیشاراتی فەرهەنگی موعاسیر" و "ئینتیشاراتی مەرکەزی نەشری دانیشگاهی" و "ئینتیشاراتی پەژوهیشگای عولومی ئینسانی و موتالەعاتی فەرهەنگی" و "ئینتیشاراتی ئاستانی قودسی ڕەزەوی" و زۆر ناوەندی تر بڵاو بوونەتەوە. هەروەها جێی خۆیەتی کە دوو شاکاری بواری فەرهەنگنووسیی ئاپۆرەیی و کەلتووری ناو بەرین کە بریتین لە: "فەرهەنگی جامیع و گەورەی "کوچە"ی ئەحمەدی شاملوو کە تا ئێستا پتر لە ١٣ بەرگی بڵاو بۆتەوە و ئەم ڕادەیە تەنیا ٢٠ لە سەدەی ئەم پرۆژەیە لە ئەژمار دێ؛ هەروەها فەرهەنگی عامیانەی دکتۆر ئەبولحەسەن نەجەفی لە دوو بەرگدا. ئەم بەرهەمانەی ناومان بردن تەنیا یەک لە سەدی ئەو هەمووە شاکارە بایبدارەیە وا لە بواری فەرهەنگنووسی فارسیدا بەرهەم هاتووە و بڵاوبۆتەوە. هەروەها جێی خۆیەتی ئاماژەیەک بە چەند ئینسایکلوپیدیا بکەین وەک:

دانیشنامەی جیهانگوستەر" لە ١٨ بەرگ دا، "دائیرەتولمەعارفی بوزورگی ئیسلامی" کە تا ئێستا ٢٣ بەرگی لێ بڵاو بۆتەوە و ئەم ڕادەیە تەنیا ٣٠ لە سەدی سەرجەم ئەم پرۆژەیەیە و "دانیشنامەی ئەدەبی فارسی" لە ٨ بەرگی گەورەدا و "فەرهەنگی جامیعی ئیستیلاحاتی کهشاوەرزی" لە ١٥ بەرگدا لە بڵاوکراوەکانی ئینتیشاراتی زانستگای تاران و فەرهەنگستانی علووم؛ هەروەها "فەرهەنگی ناموەرانی ئێران" لە پتر لە یەکسەد بەرگدا تا ئێستا ١٠ بەرگی لێ بڵاو بۆتەوە بە سەرپەرشتی دوکتۆر یەعقووب ئاژەند.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە هەتا ئێستا تەنانەت تاقە یەک فەرهەنگی گشتیی کوردی-کوردی تەواو زانستی و وڵامدەر و دڵخۆشکەر نەنووسراوە و بەرهەم نەهاتووە و تەنانەت تاقە یەک وشەنامەی تایبەتی و پسپۆڕیی تەواو زانستی و وەڵامدەر و دڵخۆشکەر لە بواری وشەنامەنووسیی کوردی لە هیچکام لە لقە جۆراوجۆرەکانی زانست و پیشە و تەکنیک بەرهەم نەهاتووە (یان ئەمن نەمدیوە!!)؛ دائیرەتولمەعاریف و ئینسایکلوپیدیا و دانیشنامەی کوردیش هەر باسی نەکەین باشترە، چونکە تەنیا

یەک شەقاوی شەقاو ئاسایی بەرەو بەرهەم هێنانی ئینسایکلوپێدیای کوردی لە هیچ بوارێکدا هەڵنەهێنراوەتەوە.

لە بواری مێتود و شێوازی نووسینی فەرهەنگ و وشەنامەش دەبێ بڵێین:

بێتو بۆ ئاسانکاری و حاڵی بوونی زیاتر و زووتر و بۆ ئاماژە بە قۆناغەکانی جیاوازی گەشە و پەرەسەندنی "مێتود و شێوازی نووسینی فەرهەنگ و وشەنامە" لە پێنج مێتافۆری: ١-زارۆک؛ ٢-منداڵ؛ ٣-مێرمنداڵ؛ ٤-لاو؛ ٥-بەساڵاچوو؛ کەڵک وەرگرین، ئەوکات دەتوانین بە ڕاشکاوی بڕیار بدەین کە فەرهەنگنووسیی کوردی لەم ڕوانگەوە لە قۆناغ و دۆخی سێهەم واتە قۆناغی" مێرمنداڵی"دایە.

بەڵام جێگە و پێگەی فەرهەنگنووسیی فارسی لە قۆناغی سێهەم واتە "لاوی"دایە. تایبەتمەندی هەرکام لەم قۆناغانە بریتین لە:

١-زارۆک: گاگۆڵکە کردن و بێخەبەری؛ ئاتاج و موحتاجی یارمەتی دەوروبەر و خەڵکی تر؛ گەمە و ڕابواردن

٢- منداڵ: ئەزموونێکی پڕاوپڕ لە لاسایی کردنەوە و بە بێزانست و بە بێتوانست؛ تەقەلایەکی کەم بۆ سەربەخۆیی؛ تاقمێکی یەگجار کەم سەرکەوتنی بەڕێکەوت یان "تاکی».

٣- مێرمنداڵ: تاقیکاری و هەرزەکاری و زانستی کەم و توانستی کەم، بەڵام تەقەللای زۆر بۆ سەربەخۆیی و لە ئاکامدا تاقمێکی زۆر سەرکەوتنی "تاکی" و "بەکۆمەڵ».

٤- لاو: بۆشناغی و گەشەوەربوون و سەربەخۆیی و ئەزموونێکی زۆر و هەروەها زانستی زۆر و توانستی زۆر؛ تاقمێکی یەکجار زۆر سەرکەوتنی بەڵگەمەند و یاسامەند لە ڕووی گەڵاڵە و ئیشی بەکۆمەڵدا.

٥- بەساڵاچوو: پێگەیوی و پێشڕەو بوون و ئافراندن و هەروەها سەرچاوەی زانست و توانست بوون و خاوەن مەکتەب و قوتابخانەی تایبەتی بوون؛ ژێدەر و سەرچاوە و پارادایمی سەرکەوت و پێشکەوتی یاسامەند بوون.

«٥»

بە ڕاشکاوی دەتوانم بڕیار بدەم کە فەرهەنگە گشتییە سەرکەوتووەکانی کوردی لە سەرجەم مێژووی ٣٤٠ ساڵەی فەرهەنگنووسیی کوردی بریتین لەم هەشت بەرهەمە:

١- فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردی، عەلینانەوازادە (کوردی؛ کوردی-کوردی؛ ناتەواو)؛
٢- قامووسی زەبێحی (کوردی-کوردی "سۆرانی"؛ ناتەواو)؛
٣-فەرهەنگی کوردی "کرمانجی"-ڕووسیی پڕۆفیسۆر قەناتی کوردۆ؛
٤- فەرهەنگی کوردی "سۆرانی"-ڕووسیی پڕۆفیسۆر قەناتی کوردۆ؛
٥- فەرهەنگی کوردی "کرمانجی"-ئینگلیزی پڕۆفیسۆر باکایاف؛
٦- فەرهەنگی کوردی "کرمانجی"-ئینگلیزی پڕۆفیسۆر مایکل چایت؛
٧- فەرهەنگی میدیا، پڕۆفیسۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف (کوردی-کوردی-سۆرانی ناتەواو)؛
٨- فەرهەنگی زارەکی موکریان، سەلاح پایانیانی (فەرهەنگی کەلتووری-زمانەوانی؛ بەرگەکانی ١ هەتا ١٠ بڵاو بۆتەوە کە بریتین لە پیتەکانی "ئ"، "ب"، "پ"، "ت"، .... "ش"، "ع"، "غ"، "ف" و بەردەوامە لە نووسین و بڵاو بوونەوە لە داهاتوودا).

هەروەها وشەنامە گشتییە سەرکەوتووەکانی سەرکەوتووی کوردی بریتین لەم سێ وشەنامەیە: ١- هەنبانە بۆرینە؛ ٢- "کوردستان"ی گیوی موکریانی؛ ٣- فەرهەنگی خاڵ [وشەنامەی خاڵ]، کە هەوەڵین و سەرکەوتووترین وشەنامەی کوردی-کوردییە و ژێدەر و سەرچاوەی سەرەکی هەردووک وشەنامەکانی تر بووە. (کەوابوو وەدەر دەکەوێ لە مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردیدا ئێمە پتر دانەر و نووسەری لە چەشنی "فەرهەنگساز» (Dictionary Maker) مان هەبوە نەک "فەرهەنگنووس» (Lexicographer).

ئەم هەشت فەرهەنگە و ئەم سێ وشەنامەیە خاوەنی چەندین تایبەتمەندی هاوبەشی بنەڕەتی و گشتین کە ئەم ئاسەوارانە لە شوێنەوارگەلی بەناو فەرهەنگ و وشەنامە هەڵدەهاوێرێ و جیایان دەکاتەوە:

ئەم چەند خاڵە هاوبەشە بنەڕەتی و گشتییە کە بوونەتە هۆی هەرماوی و تۆکمە بوون و جیاوازیی ئەم ئاسەوارانە بریتین لە:

١- هەرکام لەم ئاسەوارانە نەریتێکی نوێیان لە گۆڕەپانی فەرهەنگنووسیی کوردی ڕۆناوە و بوونەتە پێشڕەو و مەشخەڵداری ڕێچکە و ڕێبازێکی نوێ و شێوازێکی "نوێباو" لە هەرێمی هەراوی فەرهەنگنووسیدا.

٢- هەرکام لەم ئاسەوارانە لە ڕوانگە و گۆشەنیگای بەردەنگ و خوێنەری شارەزا و پسپۆڕ و خاوەن ڕا و بۆچووندا، خاوەنی ئاوا بایەخ و پێگە و جێگە و ئاستێکن کە بە تایبەتی لەسەریاندا نووسراوە و هەڵسەنگێندراون و دەگەڵ بەرهەمگەلی تر

بەراورد کراون هەر بەبۆنەی ئەو ئیعتیبارەشەوە کە لە لایەن ئۆتۆریتەکانی ئەم دەڤەرە پێیان بەخشراوە، بوونەتە سەرچاوە و ژێدەر و مەرجەعێکی باوەڕپێکراوی گشتگیر و هەرماو.

٣- ئیشی بەردەوامی ڕاوێژکارانە و مەیدانی نووسەرانی ئەم ئاسەوارانە (جیا لە توێژینەوەی کتێبخانەیی) بەتەواوی بەرچاوە و بە ڕوونی لە ئاسەوارەکانیاندا هەست پێ دەکرێ. ئیشی ڕاوێژکارانە لێرەدا بریتییە لەوە کە دانەری ئەم فەرهەنگانە زۆربەی هەرە زۆری باژێڕ و شار و ناوچە و دەڤەر و شارۆچکە و گوند و دێهات و، تەنانەت تاقمێک لەوان، هەوار و کوێستانی ئەم بەشەی پێوەندیدارە بە فەرهەنگەکەیان تەقاندبێتەوە و تەگبیر و ڕاوێژی و گوتوبێژ و دەمەتەقەی تایبەتییان دەگەڵ چین و توێژ و پیشە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگا وەک: ڕەنگرێژ، خمگەر، هەوڕگەر، تەوەنکەر، بگێڕ، لێفەدروو، زیندروو، کورتاندروو، سەڕڕاج، ئاسنگەر، جۆلا، کەلاشکەر، نالبەند، باغەوان، وەرزێر، ئاژەڵدار، عەللاف، خەڕڕاج، هەللاج، چێودار، شایەر، حەکایەتخوان، شوان، گاوان، شۆفیر، میرزا، تاجر، قوتابی، مەلا، دەروێش، کووتاڵفرۆش، کووتاڵدروو، وەستا و بەننا و میعمارو ... کردبێ. ئەمە خۆی لە خۆیدا ڕادە و ڕێژەی "سوودبەخش بوون و وەڵامدەر بوون» (Practi-cality & Efficiency) و "بەوەج بوون» (Validity) و "جێمتمانە بوون» (Reli-ability) و "یەکترگرتنەوە"ی (Relevance) ئەم بەرهەمانە تا ئاستێکی یەکجار زۆر بەرز دەکاتەوە و بەڵگەمەندیان دەکا.

٤- خۆ پاراستنی بەرچاو و بەرهەست لە "کۆپینووسی" و "کۆپیلێهەڵگرتن" و "ڕوونووسی" لە فەرهەنگەکانی تری هاوشێوە. بە پێچەوانەی ئەم ئاسەوارە بایەخدار و سەرکەوتووانە کە تەژییە لە ئافراندن و خوڵقاندن و سەربەخۆیی، بە ڕاشکاوی و بە متمانەوە دەکرێ ئەم ڕاستییە بدرکێنین کە سەرجەم ئەم بەرهەمانەی تر کە تا ئێستا "بەناو فەرهەنگ!!" بڵاو بووەنەتەوە و لەبەر دەستی خوێنەری کورد دان، کەم یا زۆر تووشی ئەم چەواشە کاری و ئەم پەتایە هاتوون.

٥- سەرجەم دانەرانی ئەم ئاسەوارە بەپێزە هەرماو و زانستی یان نە، لانیکەم:

#١ «زمانزان" و "هۆگر و دواکەوتووی تاقمێکی زۆر لە بڕیارەکان و ڕێساکانی زانستی زمانناسیی لەمەڕ فەرهەنگنووسی" بوون، یان: #٢ "زمانناس" و "هۆگری دواکەوتووی بێتەک و لۆی سەرجەم بڕیارەکان و ڕێساکانی زانستی زمانناسی لەمەڕ

فەرهەنگنووسی" بوون؛ وە لانیزۆر، هاوکات: ١# "زمانزان" و ٢#"زمانناس" بوون، واتە لە لایەکەوە خاوەن توانایی و لێهاتوویی و شارەزایی و چێشکەیەکی هەستیار (Sensitive intuition) بوون، لە لایەکی تریشەوە "مامۆستا و پسپۆڕی زانستی زمانناسی" -بەتایبەت بەشی وشەنووسی- بوون.

بەڵام خاڵی لاوازی هەرە بەرچاوی سەرجەم ئەم بەرهەمانە ئەمەیە کە هیچ کامیان بەرهەم و ئاکامی ئیشێکی بەکۆمەڵ و گرووپی و لیژنەیی ڕاوێژکارانە نییە و سەرجەم ئەم بەرهەمانە لە ئاکامی ئیش و چالاکی و تەقەللا و شەونخوونی تاکەکەسییەوە بەرهەم هاتووە. خاڵێکی تری لاوازیی سەرجەم ئەم بەرهەمانە ئەمەیە کە ئیشی بژارچنی و هەڵچنی و ئیدیت، تەنانەت یەکجاریش لەمەڕ هیچ کام لەم ئاسەوارانە بە دوای چاپی هەوەڵیاندا بە ئەنجام نەگەیشتووە.

بەڵام لەمەڕ وشەنامە بابەتی و پسپۆڕییەکانەوە بڕوام ئەوەیە کە تاکوو ئێستا -ئەوەندەی ئەمن ئاگادار بم- تەنانەت تاقە یەک وشەنامەی تەواو سەرکەوتوو و زانستی و دڵخۆشکەرمان لەم چەشنە لە پانتایی مێژووی ٣٤٠ ساڵەی فەرهەنگنووسیی کوردی بەرهەم نەهێناوە، هەرچەند لە ڕووی چەندایەتییەوە گەلێک هەوڵدراوە و گەلێک بەرهەم بە چاپ گەیشتووە و بڵاو بۆتەوە.

لەمەڕ فەرهەنگ و وشەنامە فارسییە سەرکەوتووەکانی سەردەم دەکرێ بڵێین ڕادەیەکی یەگجار زۆر فەرهەنگ و وشەنامەی فارسیی سەرکەوتووی سەردەم بەرهەم هاتووە کە بەشێکی کەممان نێو بردن کە سەرجەم ئەم بەرهەمانەی ناومان بردن بەشێکی یەگجار کەمن لە کۆی ئەو بەرهەمانەی بواری فەرهەنگنووسیی فارسی کە خاوەنی هەر پێنج تایبەتمەندی باسکراو لەمەڕ فەرهەنگە سەرکەتووەکانی کوردین.

ڕادەیەکی یەگجار زۆر فەرهەنگ و وشەنامەی "فارسی"ش بەرهەم هاتووە کە نە تەنیا خاوەنی ئەم ٥ خاڵ تایبەتمەندی بەهێزن کە پێشتر لەمەڕ فەرهەنگە کوردییە سەرکەوتوەکان باسکرا، بەڵکوو ئەم دوو خاڵە لاوازەی کە لە سەرجەم فەرهەنگە سەرکەوتووەکانی کوردیدا دەبیندرێ و پێشتر باسمان کرد (واتە: ١-بژارچنی و هەڵەچنی و ئیدیت نەکردن ٢-بەرهەم نەهاتن لە ئاکامی ئیشی بە کۆمەڵ و گرووپی)، هیچکام لەم دوو خاڵە لاوازەش لەم چەشنە فەرهەنگ و وشەنامە فارسییە سەرکەوتووانەدا نابیندرێ بۆ وێنە:

١- «فەرهەنگی هێزارە“، دوو بەرگ؛ ئینگلیزی-فارسی؛ بە سەرپەرشتی دکتۆر عەلی موحەممەد حەقشناس ٢-فەرهەنگی ٩ بەرگی سوخەن؛ فارسی-فارسی؛ بە سەرپەرشتی دکتۆر حەسەن ئەنوەری؛ لەمەڕ فەرهەنگە دائیرتولمەعاریفییەکانیشەوە (Encyclopedic dictionary) دەکرێ بۆ وێنە ئەمانە ناو بەرین:

١- «دانیشنامەی جیهانی ئیسلام“ ٢_“ دانیشنامەی بوزورگی ئیسلامی“ ٣- ” دانیشنامەی دانیشگوستەر“ ٤-“ دائیرەتولمەعاریفی موساحیب“ ٥-“ دانیشنامەی ئەدەبی فارسی“ . لەمەڕ وشەنامە تایبەتی و پسپۆڕییەکانی لەم چەشنەش دەکرێ ئاماژە بە: ”زۆربەی هەرە زۆری“ وشەنامە تایبەتی و پسپۆڕییەکانی بڵاو کراوە لە لایەن ئەم ئینتیشاراتییانە بکەین: ”ئینتیشاراتی فەرهەنگی موعاسیر“، ”ئینتیشاراتی مەرکەزی نەشری دانیشگاهی“، ”ئینتیشاراتی پەژوهیشگای عولومی ئینسانی و موتالەعاتی فەرهەنگی“ ؛ سەرجەم ئەو وشەنامە سەرکەوتووانەی لە لایەن ئەم ناوەندانەوە بڵاو بوونەتەوە،پتر لە ”دووسەد“ وشەنامە دەبن. دووبارە جەخت لەسەر ئەم دیاردە نادیارە لە پانتایی مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردی واتە نەبوونی کاری لێژنەیی و بەکۆمەڵ و هەروەها ئێدیت نەکردن و هەڵهچنی و بژار نەکردنی فەرهەنگ و وشەنامە کوردییەکان دەکەم و بە ڕاشکاوییەوە دەڵێم ئەم دیاردە نادیارە، لە پانتایی مێژووی فەرهەنگنووسیی سەردەمی فارسی زۆر زۆر دیار و بەرچاو و بەرهەستە.

«٦»

بەپێی ئەوەی باروذۆخ و هەل و مەرج، چ لە ڕووی هەبوونی دام و دەزگای پێوەندیداری وەک «کۆڕی زانیاری کورد» و «ئاکادیمیای کورد» و چ لە ڕووی ئاسانکاری تری پێوەندیدار بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی و ئەم جۆرە دام و دەزگایە و هەروەها پێشینەی کوردینووسی و چاپ و بڵاو بوونەوەی کتێب، کە لە کوردستانی باشوور گەلێک گونجاوتر و ڕەخساوترە، دەبوو کارنامەی فەرهەنگنووسی لە کوردستانی باشوور گەلێک دەوڵەمەندتر بایە، بەڵام ئەم چاوەڕوانییە ئەگەر نەڵێین بە پێچەوانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هاتۆتە دی، لانیکەم دەبێ ئەوەی بسەلمێنین کە کارنامەی فەرهەنگنووسیی ڕۆژهەڵات و باشوور (دوای ئەو هەموو جیاوازیی هەڵ و مەرج و ... تەنانەت جیاوازی مێژووی رامیاریی سەردەم) هاوسەنگ و هاوڕادەن.

هەڵبەت تێبینییەک لێرەدا پێویستە ئەویش بریتییە لەوە کە:

لە ڕووی چەندایەتی و "کمّی»یەوە بێگومان کارنامەی فەرهەنگنووسیی باشوور گەلێک قورستر و «پڕبەرگترە» بەڵام لە ڕووی چۆنییەتی و «کیفی»یەوە دەتوانین بڵێین کارنامەی فەرهەنگنووسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات قورسایی و سەنگێکی پتری هەیە. بەڵگەش ئەوەیە کە لەم ٨ فەرهەنگە سەرکەوتوانەی ئاماژە پێکراوی پێشوو، ٣ فەرهەنگ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هاتۆتە بەرهەم، بەڵام تاقە ١ فەرهەنگ لە کوردستانی باشوور هاتۆتە بەرهەم؛ هەروەها لەم سێ وشەنامەی سەرکەوتووەی ئاماژەی پێکرا، ٢ وشەنامەیان نووسەرەکانیان ڕۆژهەڵاتین و یەکێکیان باشوورین. بەڵام ئێستا نزیکەی ٢٠ ساڵە» ئاکادیمیای کورد» گەڵاڵەی فەرهەنگێکی گشتگیر و قەوارە گەورە و چەند بەرگی و درێژخایەنی داڕشتوە بەناوی فەرهەنگی نەتەوەیی، هیوای گشت لایەک ئەوەیە سەرکەون، هەرچەند تا ئێستا بەرکوڵێکی هەرە بچووکیش لەو خەرمانە وەدیار نەکەوتووە!

«٧»

بەداخەوە هەر وەکوو پێشوو باسم کرد هیچکام لە وشەنامە تایبەتی و پسپۆڕییەکانی کوردی (یان بە گوتەیەک: فەرهەنگی زاراوەکانی کوردی) کە تا ئێستا بڵاوبوونەوە زانستی و یاسامەند و دڵخۆشکەر و سەرکەوتوو نین و لە ڕوانگەی وشەنووسی (Lexicography) و وشەناسی (Lexicology) و هەروەها لە ڕووی فەرهەنگنووسیهیەوە (Dictionary Making) خاوەنی خاڵی لاواز و سەلبی یەگجار زەقن و پتر بە ئیشێکی سەلیقەیی و ئاماتۆڕ دەژمێردرێن.

ئەم وشەنامانە لە دووتەوەرەدا هەڵگری ڕەخنەن:

١- لەبارەی فۆرم و شکڵ و وێنەی ڕواڵەتیی نووسین و دانان و داڕشتن و تۆمار کردنی سەروشەکان و چەشنی نووسین و دانان و تۆمار کردنی ڕواڵەتیی ماناکان و هاوتاکانیان.

٢- لە باری سەنگ و سووکی و چەند و چۆنی و ڕاست و چەوتی و گونجاوی و نەگونجاوی و شیاوی و ناشیاویی هاوتا و هەمبەری مانایی سەروشەکان.

هەموومان کەم تا زۆر ئاگادارین لە ڕووی تەوەری ژمارە ٢ وشەنامەکانی تایبەتی و پسپۆڕیی کوردی چەندە چەواشە و نەگونجاون و بە زەمانێکی تەواو نامۆ و

غەوارە و میکانیکی و بێگەشە و مردوو و بێکەڵک و بەکارنەهاتوو  نووسراون و نیشاندەری ئەوەن کە نووسەرانیان بپڕاوبپڕا "زمانزان" نەبوون.

کەوابوو لەسەر ئەم تەوەرە زۆرتر لەوە نادوێین و هەر بەوەندە کورتی دەبڕێتەوە. بەڵام لەمەڕ تەوەرەی ژمارە ١ دا دەبێ بڵێین کە:

١- لە وشەنامە تایبەتی و پسپۆڕییەکاندا نابێ وشەگەلی گشتی (General Vo-cabulary) تۆمار بکرێ و بنووسرێ، کەچی لە سەرجەم وشەنامە کوردییەکانی ئەم چەشنەدا، ڕادەیەکی زۆر وشەی گشتی دەبینین.

٢- لە وشەنامەی تایبەتی و پسپۆڕی نابێ وشەگەلی هاوڕەچەڵەک دەگەڵ زاراوەکان تۆمار بکرێ؛ مانای وشەگەلی هاوڕەچەڵەک بەپێی بەراورد کردنیان دەگەڵ مانای "زانست وشە» (term) ی سەرەکی، زۆر بە سانایی دەدۆزرێتەوە؛ تەنیا کاتێک دەتوانین ئەم وشە هاوڕەچەڵەکانە (هاوڕەچەڵەک دەگەڵ "زانست وشەی" سەرکی) تۆمار بکەین کە خۆیان زاراوەیەکی جیاواز بن و خاوەنی مانایەکی جیاواز دەگەڵ زاراوەی سەرەکی بن. بەڵام لە سەرجەم وشەنامەکانی ژێرباس دۆخێکی چەواشە و ئاوەژووی ئەم تێبینییە ڕەچاو کراوە.

٣- لە وشەنامەی تایبەتی و پسپۆڕیدا نابێ ئەم دەستە وشەیانەی کە ماناکانیان بە هۆی لە پەنا یەکتردانانی مانای یەکەیەکەی وشەکانی پێکهێنەری ئەم "دەستە وشە"یانەوە پێک دێ تۆمار بکرێن چونکە ئەم "دەستە وشە"یانە زاراوە بە حیساب نایەن. بەڵگە و هۆی سەرەکی ئەم بۆچوونەش ئەمەیە کە لە ڕاستیدا زاراوە بە یەک یان دوو یان چەند وشە کە سەرجەم و پێکەوە پێکهێنەری مانایەکی تایبەتی و جیاواز لە مانای یەکەیەکی ئەم وشە یان وشەگەلە پەیدا ئەکەن، دەگوترێ و ئەگەر بێتو مانای ئەم سەروشەیە هەمان مانای یەکەیەکەی وشەگەلی پێکهێنەری سەروشەکە بن، ئیتر ئەمە نابێتە زاراوە بەڵکوو ئەو سەروشەیە، "وشەی گشتی" لە ئەژمار دێ و هەر وەکوو پێشتر باسمان کرد وشەگەلی گشتی نابێ و ناکرێ لەم چەشنە وشەدانانەدا تۆمار بکردرێ. کەچی دەبینین لە هیچکام لە وشەنامە کوردییەکانی لەم چەشنە ئەم ڕێسا و یاسایە ڕەچاو نەکراوە.

٤- لەم چەشنە وشەدانانەدا دەبێ یان: A- تەنیا یەک هەمبەر و هاوتای مانایی بۆ هەر سەروشەیەک تۆمار بکردرێ کە ئەم هەمبەر و هاوتایە ناسراوترین و شیاوترین و گونجاوترین هاوواتایەکە کە لە لایەن خاوەن ڕایان و شارەزایان و

پسپۆڕانی سەر بە ئەم دەڤەرە تایبەتییە زانستییە پەسەند کراوە و بەردەوام کەڵکی لێ وەردەگیرێ و ڕادەی بەکارهێنانی لە هاوواتاکانی تر پترە؛ یان: B- بێتو چەند هاواتا و هەمبەری مانایی بۆ هەر سەروشەیەک تۆمار بکردرێ دەبێ لەسەر هەر هاوواتایەک ژمارەیەک بنووسرێ ئەم ژمارانە نیشاندەری شوێنی بەکار هێنانی ئەم هاوواتایانەن لە هەوەڵین جاردا کە بەکار هێنراون. لە ڕاستیدا ئەم ژمارانە بە خوێنەر دەڵێ کە کێ و لە کوێ و لە کام ئاسەوار و بهرهەم و نوسراوەدا و لە چ کات دا ئەم هاوواتایەی بۆ ئەم سەروشەیە داناوە و بەکاری هێناوە. ڕوون و ئاشکرایە کە دەکرێ لەسەر تاقمێک لە هاوواتاکان لە جیاتی تاقە ژمارەیەک، دوو، سێ یان چەند ژمارە تۆمار بکردرێ بە نیشانەی ئەوەی کە ئەم هاوواتا ماناییە لە لایەن چەن کەسایەتی جیاوازدا بەکار هێنراوە؛ بەڵام بە داخێکی زۆرەوە لە هیچکام لە وشەدانەکانی تایبەتی و پسپۆڕی کوردی دا هیچکام لەم ڕێسا و یاسایانە لەبەرچاو نەگیراوە.

ئەم چوار خاڵەی سەر بە تەوەرەی ١ کە باسمان لێکرد و گوتمان لە هیچکام لە وشەدانەکانی باسکراوی کوردی دا ڕەچاو نەکراوە و پیادە نەکراوە، نیشاندەری ئەوەیە کە وشەنامە نووسەکانی ئێمە ”زماناس“یش نین و لە یاسا و ڕێسا و ”دیسیپلین“ەکانی زانستی زماناسیش ئاگادار نین (هەروەکوو پێشتر و لە ژێر تەوەرەی ژمارە ١ دا ئاماژەمان کرد کە هیچکام لەم وشەنامەنووسانە ”زمانزان“یش نەبوون).

لەمەڕ ”زمانوێنە“ی پێوەر (ستاندارد)دا هەروەکوو لە ژێر تەوەرەی ژمارە یەکدا باسمان کرد، یەکێک لەم خاڵە هەرەزەق و کز و لاوازانەی وشەنامە تایبەتی و پسپۆڕییەکانی کوردی ئەوەیە کە وشەنامە نووسەکان ”زمانزان“ نین و شارەزا بە ”زمانیپێوەر“ و دەوری یەگجار هەستیاری ئەو لە فەرهەنگنووسیدا نین.

هەر ئەوەی کە ئهوان،”زمانزان“ نەبوون و شارەزا نەبوون بە جێگە و پێگە و بایەخ و مرخی و ”زمانی پێوەر“ لە نووسینی ئەم وشەنامانەدا،ئهمە خۆی بووەتە هۆی ئەوە بە ڕاشکاوی بڕیار بدەین کە تاقە یەک وشەنامەی تایبەتی و پسپۆڕیی سەرکەوتوو و دڵخۆشکەری کوردیمان نییە؛ هەر ئەم ڕاستییە بەسە بۆ سەلماندن و چەسپاندن و جەخت کردن لەسەر دەور و نەخشی لە ڕادەبەدەری ”زمانیپێوەر“ لە نووسینی فەرهەنگ و وشەنامەکان.

«٨»

مامۆستای زانا و پسپۆڕی ناوداری زمان و وێژە و مێژووی کورد «مەسعوود محەمەد» لە وتارێکیدا دەڵێ: «ئەوسا کە ئەو نووسەرانە [کوردناس و فەرهەنگنووسە غەیرە کوردەکان چ ئوروپی، چ ڕووسی، چ ئەمریکی] خەریکی توێژینەوە لەباری زمانی کوردییەوە بوون هێشتا تاکێک لە گەلی کورد پیتێکی نەنووسیبوو لەبارەی زمانی کوردی و ئەسڵ و ڕەچەڵەکییەوە. لەو دواییانەشدا کە زمانزانانی کورد گەیشتنە پایەی تۆژینەوە و پشکنینەوەی فیلۆلۆجی، سودێکی باشیان وەرگرت لە دیراسەی ئەو مامۆستایانەی غەیرە کورد.»

مامۆستا مەسعوود محەمەد لە جێیەکی تردا دەڵێ (هەر لەم وتارەدا):

حەیفە، ئەگەر نەڵێم عەیبە، بێگانە بە مێژوو و زمانەوە خەریک بێت و خۆمان لە خۆمان غافڵ بین. گەلانیش هەر لە تەمەنی منداڵی و هەرزەکاریدا نووستنی ناوکۆش و باوەشی خەڵقی لێ بە عەیب ناگیرێ و پارووی دەستی خێرەومەندانی پێ ڕەوایە، کە هەستی بە خۆی کرد و چەپ و ڕاستی خۆی زانی و گەیشتە پایەی ڕەخنە گرتن و لێ ڕازی بوون بە ڕاست گێڕان و بە درۆ خستنەوە،زۆر لێی ناشیرینە چاو چڕکاتەوە لە دەست وخامەی بێگانە، ئاخۆ کەی و چەند و چۆن و چی دەڵێ دەربارەی مێژوو و زمان و ئەدەب و هەمووشتێکی.»

تێبینێکی زۆر پێویست لەمەڕ بەراورد و نرخاندنی کارنامەی فەرهەنگنووسیی کوردناسانی بێگانە و غەیرە کورد ئەوەیە کە لە ڕووی هەڵسەنگاندنی "چەندایەتی" و "چۆنییەتی" بەرهەمەکانی ئەم فەرهەنگنووسانە ناکرێ و ناگونجێ و شیاو و پەسەند نییە کە بە هەمان بەرد و تەرازوو و سەنگ و پێوانە و محەکێک کە فەرهەنگ و وشەنامەی نووسراوی کوردزمانەکان هەڵدەسەنگێنین، بە هەمان پێوەر و پێوانەش بەرهەمەکانی ئەوان هەڵسەنگێنین، چونکە لە لایەکەوە پێشینیان وتوویانە: "ئەسپی پێشکەشی ددانەکانی ناژمێرن" ژماردنی ددانەکانی ئاوا ئەسپانێک و هەروەها ڕەخنە لێ گرتن و نرخادنی بێ بەزەییانەی ئاوا فەرهەنگ و وشەنامەگەلێک، گەلێک لە جوامێری و پیاوەتی و پێزانین و ئەمەگناسی بەدوورە و لەگەڵ پێوەر و پێوانەکانی "عەقڵی سەلیم» (Common sense) بە هیچ چەشنێک ڕێک ناکەوێ. لا لایەکی ترەوە مێژووی سەردەمی کەلتوور و ڕۆشنبیری و بەتایبەتی مێژووی سەردەمی فەرهەنگنووسیی کوردی ئەم ڕاستییەی بۆ تۆمار کردووین کە دامەرزێنەری "دیاردەی

فەرهەنگنووسیی سەردەمی کوردی" غەیرە کوردەکان و بێگانەکان بوون نەک خودی کوردەکان.

بۆ وێنە زانای ناوداری ڕووس "یو. ئەبگارەڤیچ ئۆربیلی" نەتەنیا دامەرزێنەری زانستی کوردناسی سەردەم بووە لە ڕووسیا، هەروەها "بنکە و ئامۆژگای زۆر گەورە و نێوبەدەرەوی بەشی کوردناسی لینینگراد"، ئەو دایمەرزاندووە و سەرپەرشتی کردووە و یەکەمین مامۆستای زمان و زاراوە و وێژە و مێژووی کوردی لەو زانستگایە هەر بۆ خۆی بووە. ئۆربیلی (١٨٨٧-١٩٦١) لە ساڵی ١٩١١ەوە دەستی داوەتە کوردناسی و چووەتە "وان" و "موکس" و فێری زمانی کوردی بووە و دوای ساڵێک هەر لە "وان" و "موکس" گەلێک تیکسیتی کوردی نووسیوەتەوە و لەسەر بناغەیان فەرهەنگێکی گەورەی کوردی-ڕووسی داناوە. ئەم فەرهەنگە بە دیالێکتی ژووررووی ڕۆژئاوای زمانی کوردی "کورمانجی"یە و نزیک ٤٠٠ لاپەڕەیە. ئۆربیلی شیکردنەوەی فرمان (فیعل)ـە کوردیەکانیشی کردۆتە پاشکۆی ئەم فەرهەنگە.

ئەم فەرهەنگە، فەرهەنگێکی ناوچەییە و لە کەرەسەی دیالێکتی مۆکس، لە ڕووی زاراوە و فونەتیک و ڕێزمانەوە دەکۆڵێتەوە و بە شێوەی "وەسفی « (Descrip-tive) تۆماری کردوون. هەندێ لە بەشەکانی ئەم فەرهەنگە بۆ ئەتنۆگرافی کوردی تەرخان کراوە. ئەوەی جێی سەرنج و ڕامان و تێفکرینە ئەم ڕاستییەیە کە دوو سێ ساڵ دوای تۆمار کردنی ئەم بابەتانە و نووسینی ئەم فەرهەنگە لە لایەن ئۆربیلی، لە ئەنجامی کوشت و بڕەکەی ساڵ ١٩١٥دا، دانیشتوانی مۆکس سەرجەمیان لەناو چوون و بوونە دەستەچیلەی شەڕی داسەپاو لە لایان نەیاران و بێگانەوە و بوونەتە سەرمایەی مێژوو.

ئۆربیلی لە ١٩١٤ەوە مامۆستای زمان و وێژە و زاراوە و مێژووی کورد بووە لە کۆلێجی ڕۆژهەڵاتناسیی زانستگای لینینگراد و هەر لەم زانستگایە ماوەی چەندین ساڵ مامۆستای کۆمەڵێک لەو کەسانە بووە کە دوایە بوونەتە گەورەترین کوردناسانی مێژوو، وەک پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ، تسۆکەرمان، شاڤالیانی و لە ڕاستیدا ئۆربیلی ڕاستەوخۆ فەرهەنگێکی نووسیوە کە باسمان کرد و ناڕاستەوخۆش بۆتە هۆی پێکهاتنی دوو فەرهەنگی سەرکەوتوو و هەرماو لە لایەن قوتابییە بە ئەمەگ و پێزانەکەی واتە قەناتی کوردۆ.

ئوربیلی بەرلە کۆچی دوایی و لە سەرەتای دەیەی شەست بە حەول و تەقەللای زۆر و بە مشورخۆری و لە خۆبوردوویی و هەروەها بەبۆبەی پێگەیاندنی کادێری زانستی زۆر و زەوەند و سەردەرچوو و پسپۆڕ، بوو بە هۆی ئەوە کە گەورەترین و لە مێژینەترین ئاواتی ژیانی واتە سەربەخۆ کردنی بەشی کوردی لە کولیجی ڕۆژهەڵاتناسیی لێنینگراد ، بێتە دی و کاو لە ژیانی زانستی و کەلتووری خۆی ببینێ و ناوی پیرۆزی لە مێژووی هەرماوی خزمەتگوزارانی گەلی کورد و کەلتووری کورد و زمانی کوردی هەتاهەتایە بدرەوشێتەوە و تین و گوڕم باوێتە ناو شادەماری کوردناسی و فەرهەنگنووسیی کوردییەوە. جێی ئاماژەی تایبەتییە کە تەنانەت دواترین فەرهەنگی سەرکەوتوو و هەرماوی "کوردی"ش کە فەرهەنگی "میدیا"ی پڕۆفیسۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارفە لە لایەن قوتابیی قوتابی ئۆربیلییەوە نووسراوە واتە پڕۆفیسۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف قوتابی پڕۆفیسۆر قەناتی کوردۆ بووە و قەناتی کوردۆیش قوتابی ئۆربیلی بووە. کەواتە ئۆربیلی بنیاتنەری مەکتەب و قوتابخانەیەکی سەربەخۆ و سەرکەوتوو بووە لە بواری فەرهەنگنووسیی کوردی؛ ئەمە جیا لە جێگە و پێگەی تایبەتی و دیار و هەرماوی ئۆربیلییە لە بواری کوردناسی بەگشتی کە بنیاتنەر و ڕێبەر و دامەرزێنەری کوردناسی لە ڕووسیا (تەنانەت لە سەراسەری دونیا) لە ڕووی زانستی و ئاکادیمیک و سیستەماتیکەوە، بێگومان هەر ئۆربیلی بووە. ئەوە نموونە و وێنەیەک بوو لە کوردناسانی ڕووسی کە لە فەرهەنگنووسیی کوردیشدا دەورێکی مێژوویی و هەرماوی هەبووە.

لە کوردناسانی ئەمریکی کەوا دەوری بەرچاو و هەرماویان لە مێژووی فەرهەنگنووسیی کورددا هەبوە دەکرێ وەک وێنە و نموونەیەک ئاماژە بکەین بە کەسایەتی زۆردیار و هەڵسوڕاو و زانا و تێکۆشەر، کوردیزانی بێوێنە لەناو کوردناساندا، پڕۆفیسۆر مایکل چایت کە یەکێک لە کارە هەرە بەرچاو و تەواو زانستییەکانی دانانی فەرهەنگی گەورەی کوردی "کرمانجی"–ئینگلیزییە کە وەک یەکێک لە هەشت فەرهەنگی کوردی سەرەکەوتوو لە پانایی و بەرینایی سەرجەم مێژووی دوور و درێژی فەرهەنگنووسیی کوردی ئاماژەمان پێکرد.

پڕۆفیسۆر مایکل چایت هەروەها تێز و ڕیساڵەی دوکتۆراکەشی لەسەر "مەم و زین" ی خانی نووسیوە کە هەر وەک فەرهەنگەکەی بەرهەمێکی تۆکمە و دانسقە و هەرماو لە ئەژمار دێت. هەروا ئەم زانا کوردناس و کوردخۆشەویست و خاوەن

ڕا و پسپۆڕە زۆر وتاری زانستی و بەکەڵک و ڕەخنە ئامێزی لەمەڕ فەرهەنگە کوردییە کرمانجییەکان و هەروەها سەرجەم مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردی (بە زاراوەی کرمانجی) نووسیوە و بڵاوی کردۆتەوە. پرۆفیسۆر مایکل چایت شارهزایی و پسپۆڕی و ئاگاداری یەکی بێوێنەی لەمەڕ سەرجەم مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردی (بە زاراوەی کرمانجی) هەیە و هەر بەو بۆنەشەوە گەورەترین ڕەخنەگری خاوەن ڕای ئەم بوارە لە ئەژمار دێت. ئەم کەسایەتییە هێژا و زانایەش نموونە و وێنەیەک بوو لە کوردناسانی ئەمریکی کە دەوری بەرچاو و کارا و هەرماویان هەبووە لە پانتایی فەرهەنگنووسیی کوردیدا.

لە کوردناسان و زانایانی "ئوروپی"ش دەکرێ ئاماژە بە "ئەگۆست ژابا و پرۆفیسۆر فێردیناندیوستی" بکەین کە بە دوو قۆڵی یەکێک لە هەرە لە مێژینەترین و دێرینترین و سەرکەوتووترین فەرهەنگە کوردی یەکانیان داناوە. ئەم فەرهەنگە فەرهەنگێکی کوردی-فەرانسەیە و هاوواتا و مانا و ڕاڤەی سەروشەکانی (Entry)، یەکجار ڕاست و دروست و بێهەڵە و پەلەیە.

هەروەها دەکرێ ئاماژە بە پرۆفیسۆر "جۆیس بەلۆ" بکەین کە فەرهەنگێکی کوردی-فەرانسە-ئینگلیزی لە زانستگای سۆربۆن داناوە و چاپی کردووە. پێویستە بگوترێ کە هەر دووک فەرهەنگی گۆرین بە زاراوەی کوردی کرمانجی نووسراون.

یەکێکی تر لەو کوردناسانەی ئوروپی کە لە بواری فەرهەنگنووسی دا چالاکی نواندووە "سی.جەی.ئەندمۆندز"ە کە کتێبی "کورد، تورک، عەرەب"ی ئەو نووسەرە زۆر ناسراوە و بە زۆر زمانان وەرگێڕدراوە و ڕێزدار "برایمی یوونسی بانەیی"ش کردوویەتی فارسی. ئەم کوردناسە ئینگلیزییە هەروەها لە ساڵەکانی (١٩٥١-١٩٦٧) دەرس وێژ و مامۆستای زمان و وێژە و مێژووی هاوچەرخی کورد بووە لە ئەنیستیتۆی لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی زانکۆی لەندەن. "ئەدمۆندز" بە هاریکاری پرۆفیسۆر "تۆفیق وەهبی بەگ" فەرهەنگێکی ناوچەیی زاراوەی سلێمانییان داناوە و لە ساڵی ١٩٦٦دا لە ژێر ناوی "فەرهەنگی کوردی-ئینگلیزی" بڵاو بووەتەوە و بە فەرهەنگێکی ناوچەیی تۆکمە و سەرکەوتوو و بە هێزو بە پێز دێتە ئەژمار. ئەم کوردناس و فەرهەنگنووسە تێکۆشەرە لە ساڵی ١٩٧٩ کۆچی دوایی کرد.

ئەوە ئاوڕدانەوەیەکی زۆر کورت و خێرا و بە پەلە و ڕێگوزەر و بەتاڵووکە بوو بەسەر بەرهەم و تێکۆشانی چەند کوردناسی ڕووسی و ئەمریکی ئوروپی کە لە بواری فەرهەنگنووسیی کوردیشدا چالاکی و حەولی دیار و بەرچاویان لە خۆ نیشان داوە. ئەم بەرهەمانە وەک وێنە و نموونەیەک باسیان لێ کرا و بەداخەوە لێرەدا مەودای ئەوە نییە بە چەشنێکی بەربڵاو باس لە حەول و تەقەللا و چالاکی کوردناسانی ڕووسی و ئەمریکی و ئوروپی (تەنانەت کوردناسانی عەرەبزمان) بکەین کەوابوو ناچار بووین قەترەیەک لەم دەریایە وەک موتورفەیەکی پیرۆز هەڵێنجین.

«٩»

دەوری ڕەخنە و هەڵسەنگاندن لە سەرکەوت و پێشکەوتی دیاردەی فەرهەنگووسی لە کۆمەڵگایەکدا یەگجار زۆر گرینگە و نرخ وبایەخێکی زۆر باڵا و واڵای هەیە چونکە فەرهەنگنووسی وەک ئامراز و کەرەسە و تەنانەت مێکانیزمێک وایە کە دەبێتە هۆی گەشە و پەرەی زمانی پێوەر و هەر وەها مێعیارسازی و ستانداردسازیی (Stan-darization) زمانی ئەو کۆمەڵگایە؛ واتە فەرهەنگنووسی بەردی بناغەی ستاندارد سازی و زمانی پێوەر لە ئەژمار دێ. جیا لەو جێگە و پێگە تایبەتی و بێوێنەیەی، فەرهەنگەکان هەروەها بەهێزترین و تواناترین و کەموێنەترین یاریدەدەر و هاوکار و هاریکاری ڕەوتی وەرگێڕان و تەرجەمە دەژمێردرێن (بەتایبەتی فەرهەنگی دوو زمانە «bilingual»کان)، لە کۆمەڵگایەکی بەرە و پێشکەوت و گەشە و نەشهی کەلتووری و ڕۆشنبیری دا. کەوابوو ڕەخنە و هەڵسەنگاندن و نرخاندن و سەنگ و سووکیی فەرهەنگەکان و وشەنامەکان لە ئیشە هەرە پێویستەکانی کۆمەڵگایەکی بەرە و پێشکەوت و گەشەوەری وەک کۆمەڵگای کوردەوارییە و دەبێ سەرجەم ڕۆشنبیران و خوێندەواران و نووسەران و وەرگێڕانی کۆمەڵگای کوردەواری بە گشتی و هەروەها سەرجەم پسپۆڕان و مامۆستایان و خاوەن ڕایانی بواری زمانەوانی بەتایبەتی، گرنگێکی تایبەت بەم ئەرکە پیرۆزە بدەن و ئەگەر لە توانا و زانست و بڕشتی ئەوان دەوەشێتەوە بۆ ئەنجامی ئەم ئەرکە پیرۆزە درێغی نەکەن و لە ڕادەی زانست و توانستی خۆیان بەم ئەرکەوە خۆ ماندوو کەن. لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا وەک ئەمریکا و ئینگلیس و فەرانسە و هولەند و ئاڵمان و ژاپۆن و تەنانەت

هیندووستان، دوو وەرزنامەی تایبەت بە ڕەخنەی فەرهەنگ و فەرهەنگنووسی هەر شەش مانگ یەکجار بە چەشنێکی بەردەوام لە لایەن فەرهەنگستان و ئاکادیمی ئەو وڵاتە بڵاو دەبێتەوە و وەک گۆڤارێکی زانستی و لێکۆڵینەوەیی لە لایەن خاوەنڕایان پسپۆڕان و ڕۆشنبیران و هۆگران دەقۆزرێتەوە.

لە ئێران و میسر و تونس و پاکستان و تورکیە و زۆر وڵاتی دیکە، ئاوا گۆڤارێک لە لایەن فەرهەنگستان و ئاکادیمی ئەو وڵاتانە وە و بە چەشنی ساڵنامە، ساڵێ جارێ بڵاو دەبێتەوە و دەبێتە هۆی گەشە و نەشەی دیاردەی فەرهەنگنووسی لەو وڵاتانەدا.

بەڵام سەد داخ و هەزاران مەخابن لە کۆمەڵگای کوردەواری پێموانییە ساڵێ جارێک تەنانەت تاقە وتارێکی مام ناوەندی و ئاسایی و نیمچە زانستیش لە بڵاڤۆکەکاندا لەمەڕ، ڕەخنەی فەرهەنگنووسی و نرخاندنی فەرهەنگەکان و وشەنامەکان بنووسرێ و بڵاو کرێتەوە.

ئەوەندەی ئەمن زانیاریم هەیە و ئاگاداری ئەم بەستێنەم و موتالای بەردەوامم کردووە بەم ئاکامە گەیشتووم کە: لە کوردستانی باشوور تەنیا یەک کەسایەتی ئەم ئەرکە پێویست و پیرۆزەی وە ئەستۆ گرتووە، بە باشی و بە سەرکەوتووییەکی تەواوەوە لە عۆدەی هاتۆتە دەر و لە پانتا و دەگەرەدا خزمەتێکی زۆری کردووە ئەویش مامۆستا ناودار و هێژا،خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر "ئەوڕەحمانی حاجی مارف"ە کە زۆرێک لە فەرهەنگە کوردییەکانی وەک: "فەرهەنگی خاڵ"، "زنجیرە فەرهەنگەکانی گیوی موکریانی"، "فەرهەنگی جگەر خوێن"، "فەرهەنگەکانی پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ"، "فەرهەنگی زاراوەی سلێمانی"، "فەرهەنگی ئەستێرە گەشە"، "فەرهەنگی ئیدیۆمی کوردی-ڕووسی پرۆفیسۆر مەکسیمی خەمۆ" و زۆر فەرهەنگی تری کوردی هەڵسەنگاندووە و ڕەخنەی لێ گرتوون و بە تەرازووی زانستی فەرهەنگنووسی لێکیداونەوە و شی کردوونەتەوە و لە بوارەشدا هەر وەک زۆر بواری تر خزمەتی بایبدار و هەرماو و بێوێنەی بە زمانی کوردی و بە دیاردەی فەرهەنگنووسیی کوردی کردووە. جێی ئاماژەیە کە پرۆفیسۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف دوکتۆراکەی لە زانستی "فەرهەنگنووسی» (Lexi-cography)دا وەرگرتووە و لەو بوارەدا بەڕاستی زۆر کاری نایاب و بێوێنە و تۆکمەی پێشکەشی مێژووی ڕۆشنبیری و زمانەوانی و کەلتووری کوردەواری کردووە.

هەروەها لەناو کوردەکانی ئەرمەنستان و ڕووسیا و سۆڤیەتی پێشوو تەنیا پرۆفیسۆر قەنانی کوردۆ و لە بواری ڕەخنەی فەرهەنگ و فەرهەنگنووسی گەلێک ڕەخنە و نرخاندن و هەڵسەنگاندنی لە بابەت چەندین فەرهەنگی کوردی -کرمانجی نووسیوە و بڵاوی کردۆتەوە کە یەگجار زۆر گرینگ و نایاب و پڕ بایەخن. هەروەکوو پێشتر باس کرا پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ نووسەر و دانەری دوو فەرهەنگی هەرماو و سەرکەوتووی کوردییە کە هەردووک بەرهەم لە هەشت فەرهەنگە سەرکەوتووکانی مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردی لە ئەژمار دێن کە ئەمە خۆی لە خۆی دا شانازییەکی بێوێنەیە کە لە سەرجەم مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردیدا تەنیا بە نەسیب یەک کەسایەتی بووە ئەویش پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆیە.

لەناو کوردناسانی غەیرە کوردیشدا تەنیا یەک کەسایەتی لەم بوارەدا واتە ڕەخنە و نرخاندن و هەڵسەنگاندنی فەرهەنگەکان چالاکی نواندووە و ئەویش پرۆفیسۆر "مایکل چایت"ی ئەمریکییە کە پێشتر باسمان کرد و خۆی دانەری فەرهەنگێکی نایاب و تۆکمە و هەرماوی کوردی-ئینگلیزییە و کوردناس و زمانەوان و فەرهەنگنووسێکی زۆر ناودار و سەردەرچوو و خاوەن ڕا و پسپۆڕە.

لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش (ئەگەر بەخۆدا هەڵگوتن و شایی بە خۆ بوون و لە خۆ بایی بوون لە ئەژمار نەیە) خاوەن ڕایان و پسپۆڕان و هۆگرانی ئەم دەڤەرە باش دەزانن بەپێی کارنامە و چالاکی بەردەوام لەم بەستێنەدا و ئاسەواری بڵاو بووە لەم بوارەدا، بە ئهو پهڕی خاکهڕاییە وە، ئەمن خۆم دەوری بەرچاوترم لە باقی چالاکانی ئەم بوارەدا هەبووە و پتر لە ٢٠ بابەتی تێر و تەسەل و پتر لە ٢٠ وتاری ڕەخنە ئامیزی زانستی و لێکۆڵینەوەییم پێشکەش کردووە و بڵاوم کردۆتەوە و ئەم فەرهەنگانەم نرخاندووە و هەڵمسەنگاندوون و بە خوێنەران و هۆگران و خاوەن ڕایانم ناساندووە:

١-هەنبانە بۆرینە؛ ٢- فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی دوکتۆر سەججادی؛ ٣- فەرهەنگی فارسی-کوردیی زانستگای کوردستان؛ ٤-فەرهەنگی زارەکیی موکریان؛ ٥- فەرهەنگی خاڵ ؛ ٦_ فەرهەنگی کوردستان؛ ٧- فەرهەنگی ئینگلیزی-کوردیی ئازادی؛ ٨- فەرهەنگی زمانەوانیی دوکتۆر مودەڕڕیسی؛ ٩- فەرهەنگی بۆرکەیی؛ ١٠- قامووسی زەبیحی؛ ١١- فەرهەنگی میدیا.

لەسەر تاقمێک لەم فەرهەنگانە دوو وتارم پێشکەش کردووە و بڵاوم کردۆتەوە وەک هەنبانە بۆرینە و فەرهەنگی زارەکی موکریان و فەرهەنگی زانستگای کوردستان.

هەروەها دوکتۆر ئەمیر حەسەنپوور -زمانناسی ناوداری کورد- بێجگە لەو پێشەکییە تێر و تەسەل و بەپێز و زانستییەی لەسەر بەرگی هەوەڵی فەرهەنگی زارەکیی موکریان نووسیویە، هەروەها لە کتێبە بەنرخ و پڕبایەخ و تۆکمەکەی خۆی دا، واتە:

Sanfrancisco: ,(١٩٩٢) Nationalism and language in Kurdistan .Mellen research University Press

لە فەسڵی هەشەمی ئەم کتێبەدا مێژوویەکی بیست لاپەڕەیی فەرهەنگنووسی لە ئێران و عێراق و تورکیە و ڕووسیا و دەرەوەی ئەم وڵاتانە باس کردووە کە هەرچەند سووکە ئاوڕێکی کورت و تێپەڕە، بەڵام گەلێک وردبینانە و لێزانانە و زانستی و بەکەڵکە تا ڕادەیەکیش ڕەخنە ئامێزە.

«١٠»

یەکێک لەو فەرهەنگە تەکووز و تۆکمە و جیاوازانەی وا لەم دوایانەدا بەرهەم هاتووە و ئێستا ئەوە خەریکە چاپ و بڵاو ببێتەوە «فەرهەنگی ڕەنگەکان»ە کە خاتوو سەحەر موعێزی، شاعیر و لێکۆڵەرهوهی کۆڵنەدەر و بە مشوور و دڵسۆز و نیشتمان پەروەری سنەیی ١٣ ساڵی ڕەبەق سەرقاڵی نووسین و کۆکردنەوە و تەتەڵەک... لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە و هەڵوەژاردن و هەڵهچنیی ئەم ئاسەوارە تەرز و بەرز و بەهێز و بەپێزە بووە. هەروەها ماوەیەکی زۆر لەو ١٣ اڵە سەرقاڵی هاوتا دۆزینەوەوە بۆ سەروشەکانی ئەم فەرهەنگە بووە لە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی و فەڕانسەییدا. نووسین و بەرهەم هێنانی ئەم فەرهەنگە و هەروەها چاپ و بڵاو بوونەوەی بەبێشک دەسپێکی قۆناغێکی نوێیە لە مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردیدا و خاڵێ وەرچەرخان لە ئەژمار دێت لە بابەت نووسینی فەرهەنگی تایبەتمەندی پسپۆڕانەی کوردی. نەتەنیا لە پانتایی مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردیدا، بەڵکوو هەروەها لە درێژایی فەرهەنگنووسیی فارسی و عەرەبی و تورکی و زۆربەی هەرە زۆری زمانەکانی سەر بە جوغڕافیای ڕۆژهەڵاتی ناویندا، ئەوە بۆ هەوەڵین جارە کە فەرهەنگێکی تایبەتمەندی پسپۆڕانە ی ئاوا بەربڵاو و گشتگیر و گەورە و دەوڵەمەند

و جیاواز لە بابەت ڕەنگەکانەوە دەنووسرێ. بڵاو بوونەوەی ئەم فەرهەنگە، زۆر بە ڕاشکاوی و بەبێپێچ و پەنا، ڕوون کەرەوە و دەرخەری ئەم ڕاستەقینانەیە:

١. خاتوو سەحەر موعێزی وەک پێنجەمین فەرهەنگنووسی کورد لە پانتایی مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردی بەگشتی و دوابەدوای خاتوونان دوکتۆر نەسرین فەخری و موژدە خەلیل ڕەشید و ناهیدە تاڵەبانی و ڕۆشنا ئەحمەد دەناسرێ و هەروەها وەک یەکەم خاتوونی کورد لە بواری نووسینی فەرهەنگی کوردیی گشتگیری تایبەتمەندی پسپۆڕانەی، پشت بەستوو بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی و جەستەی زمانیی زارەکیی جمبوورەی جەماوەری ئاخێوەران، پێناسە دەکرێ. هەروەها خاتوو سەحەر موعێزی، بە ڕاشکاوی و بە دڵنیاییەوە وەک هەوەڵ خاتوونی ڕۆژهەڵاتی دەناسرێ کە لە بواری فەرهەنگنووسیدا هەنگاوی هەڵێناوەتەوە و فەرهەنگی نووسیوە و چاپ و بڵاوی کردۆتەوە؛ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشتر لەم خاتوونە تێکۆشەر و دڵسۆز و کۆڵنەدەرە، هیچ خاتوونێکی تر لەم گۆڕەپانەدا هەنگاوی هەڵنەهێناوەتەوە و فەرهەنگی نەنووسیوە و ئاسەواری لەم چەشنەی چاپ و بڵاو نەکردووەتەوە. بە واتایەکی تر خاتوو سەحەر موعێزی لە بواری فەرهەنگنووسی لە نێوان ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، پێشڕەو و پێشەنگ و ڕچەشکێنە.

٢. نووسین و بڵاوبوونەوەی ئاوا فەرهەنگێکی گشتگیری تایبەتمەندی پسپۆڕانە لە بابەت ڕەنگەکان لە زمانی کوردی دا، خۆی لە خۆیدا دەرخەری ئەم ڕاستەقینەیەیە کە زمانی کوردی زمانێکی لە ڕادە بەدەر دەوڵەمەند و بەربڵاوە و بەگشتی لە بابەت باریستایی وشە و ڕادە و ڕێژەی سەروشەی پێوەندیدار بە چەمکە سرووشتییەکان و واتا پاستۆڕاڵییەکان و ، بەتایبەتی لە بابەت سەروشەی پێوەندیدار بە ڕەنگەکان، لانیکەم لەناو تێکرای زمانەکانی سەر بە جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی ناویندا، تاقانە و بێوێنە و بێمیناکە و هاوتای نییە.

٣. بە نووسین و چاپ و بڵاو بوونەوەی ئەم فەرهەنگە، لەمەوبەدوا، کۆی ماکەی خاوی زمانەوانی و کەرەسەی هەرە پێویستی فەرهەنگنووسی و هەروەها جەستەی زمانیی پشت بهستوو بە ئیشی کردەیی و مەیدانی، لە بابەت چەمکی ڕەنگەکان، ڕادەستی زمانەوانان و زانایانی چالاکی بواری فەرهەنگنووسی گشتیی کوردی دەکرێ، تا بۆ بەرهەم هێنانی فەرهەنگی گشتیی کوردی گشتگیر و هەمەلایانە، لەو چۆمە خوڕێنە و لەو کانیاوە زوڵاڵە، بە ئیشتیای دڵی خۆیان هەڵبێنجن و بیقۆزنەوە

و بیگۆزنەوە ناو زەریای فەرهەنگنووسیی گشتیی کوردی و تێکەڵی ئوقیانووسی فەرهەنگنووسیی کوردی بکەن، بەگشتی.

٤. هەر وەک ئەحمەدی خانی پێشەنگ و ڕچەشکین و دامەرزێنەر و بناخەداری کۆشکی فەرهەنگنووسیی کوردی بووە و مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردی بە ئهوپەڕی شانازییەوە ناو و یادی بۆ هەتاهەتایە تۆمار دەکا، هەروەها مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردی وەک پێشەنگ و ڕچەشکین و دامەرزێنەری ڕەوت و پڕۆژەی فەرهەنگنووسیی ژنانی کورد لە ڕۆژهەلات و هەروەها وەک هەوەڵ خاتوونی کوردی نووسەری فەرهەنگێکی تایبەتمەندی پسپۆڕانەی گشتگیری هەڵقوڵیو لەناو جەرگەی ئیشی مەیدانی و کردەیی و لێکۆڵینەوەییدا، ناو یادی خاتوو سەحەر موعێزی هە تا هە تایە بە هەرمانی و شکۆوە دە هێڵێتهوە. ئهوهی کە خاتوو سهحهر موعێزی هەر وەک سەیدا ئەحمەدی خانی، جیا لە مرخ و لێهاتوویی فەرهەنگنووسی، خاوەن بەهرە و ئاسەواری بەپێز و بەهێزی شێعر و هۆنراوەی کوردیشە، خۆی لە خۆیدا جێی تێڕامانە و گەلێک سەرنج ڕاکێشە.

٥. دەکرێ و دەلوێ و دەگونجێ کە لەمەوبەدوا و دوابەدوای بڵاو بوونەوەی فەرهەنگی ڕەنگەکان، چاوەڕوانی ڕەوتێکی زیندووی پێشکهوتووی فەرهەنگنووسی بین لە لایەن ژنانی زانا و زمانزان و زمانەوانی کورد. دەسپێکی ئەم ڕەوتە و سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە، بەبێشک و گومان و هەدان، دەگەڕێتەوە بۆ ڕیکەوتی چاپ و بڵاو بوونەوەی فەرهەنگی ڕەنگەکانی خاتوو سەحەر موعێزی؛ واتە دەکرێ و دەلوێ و دەگونجێ کە ئەم فەرهەنگە خالێ وەرچەرخان بێت لە مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردیدا لە بابەت سەرهەڵدانی ڕەوتێکی زیندوو و بەهێزی فەرهەنگنووسیی ژنانی کورد.

٦. بە ئەوپەڕی بەختەوەری خۆمی دەزانم و گەلێک شانازی بەوە دەکەم کە لە مەودای دوور و درێژی بەرهەم هاتنی ئەم فەرهەنگە بەهێز و بەپێز و تەرز و بەرزەدا، توانیم لە چەند قۆناغدا وەک هاریکار و ڕاوێژکاری ئەم پڕۆژەیە، دەور و نەخشێکم هەبێ و لە نزیک کردنەوەی ئەم فەرهەنگە لەسەرچەشنەکانی داگری پێوانەکان و پێوەرەکانی فەرهەنگنووسیی پێشکەوتوو و پێگەشتوودا، چەند هەنگاوێکی دڵسۆزانە و زانستیانەی گەورە و بە گوڕ هەڵێنمەوە.

* **زماناس و توێژەر_ مەهاباد**

# هۆکارەکانی
# گۆڕان لە زماندا

دلۆڤان کەلهوڕی

## چەمکی گۆڕان Term of change

زمان تەنێکی زیندووە لەسەر زاری قسەپێکەرانی دەژی، بۆیە بەردەوام لە گەشە و گۆڕاندایەو بە هۆکاری کات وەکو مرۆڤەکان ملکەچی گۆڕان دەبێت، ئەم دیاردەیەش (گۆڕانی زمان) لەناو کۆمەڵگاوە سەرهەڵدەدات و بوونی خۆی لەوێوە وەردەگرێت. هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤ بەردەوام لە گۆڕان و نوێبوونەوەدان، کایەی(ئابوری، پەروەردە، ڕامیاری، ڕۆشنبیری. .) لەکاتی ئەم گۆڕانە کۆمەڵایەتییانەی ژیانی مرۆڤدا، زمان دێت ناو و پێناسە بۆ گۆڕانەکان دابین دەکات و لە ئەنجامدا وشەی نوێ و دەربڕینی تازە دێنێتە ئاراوە، لە سەرەتادا دیاردەی گۆڕانی زمان بە دیاردەیەکی نەزانراو دەبینرا، واتا گۆڕانەکە لە ئارادابوو، هەستی پێدەکرا، بەڵام زانیاری لەبارەی میکانیزم و شێوازی گۆڕانەکە لە ئارادا نەبوو، وەکو ئەوەی ئێستا کە دەزانرێت هۆکاری گۆڕان و جۆر و ئاستەکانی گۆڕانی زمان ڕوون نەبوو. (تاکو لەکۆتایی سەدەی هەژدەدا زمانەوانە بەراوردکارەکان ئەم دیاردەیان خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە. هەروەها بۆ یەکەمجار کۆمەڵناسێکی ئەمریکی بەناوی(ولیام لباو) هەڵسا بە لێکۆڵینەوە و باسکردنی چۆنیەتی گۆڕانی زمان لەناو خەڵکدا). (١)هەموو زمانێک بەگوێرەی پێویستییەکانی گۆڕانی بەسەردا دێت. گۆڕانی زمانیش هەموو ئاستەکان دەگرێتەوە، بەڵام لە هەندێک ئاستدا گۆڕانەکە زیاترە و لە هەندێک کەمترە، بۆ نمونە گۆڕانی وشە زۆر زیاتر و خێراترە وەک لە گۆڕانی سینتاکسی .

## پێناسەی گۆڕانDeffinition of change))

((گۆڕان لە زماندا گۆڕانە لە ڕێزمان و ئەو و وشانەی کە خەڵک بەو زمانە قسەی پێ دەکەن و لەلایەن نەوەی نوێوە بەردەوام دەبێ و ئەو زمانە گۆڕاوە بەکاردێنن)). (٢)

((مەبەست لە گۆڕان ئاماژەیە بۆ ئەو گۆڕانەی کە لەناو زمان بەدرێژایی سەردەمێک دروست دەبێت، ئەمەش پرۆسەیەکی نەوەستاوە و جیهانییە))(٣)

ئۆڵمان دەڵێت : ((واتا بریتییە لەو پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەی کە لەنێوان (ناو) و (ناولێنراو)ە کە پەیدادەبێت. بەم پێیە هەر گۆڕانێک لەو پەیوەندییەدا ڕوودبدات بە گۆڕانی واتا لە قەڵەم دەدرێت)). (٤)

زمانەوانێکی تر بەناوی (کوین): بەم جۆرە لە گۆڕانی زمان دەدوێت و دەڵێت: ((وشەکانی زمان بەهۆی تێپەڕبوونی کات و نەشو نمای زمانەکەوە واتایەکی تر بەخۆوە دەگرن و ڕاڤەی بیرێکی نوێ دەکەن)).(٥)

دەتوانین بڵێین مەبەست لە گۆڕانی زمان ئەو گۆڕانەیە کە بەسەر دەنگ و واتای وشە و یاساڕێزمانییەکاندا دێت، ئەم کردەیەش زۆر بەهێواشی و لەسەرخۆیی ڕوودەدات، پێویستی بەکات و سەردەمە. کەواتە گۆڕانی زمان شتێکی حەتمییە و هەردەبێت ڕووبدات، چونکە زمانەکە خۆی پێویستی پێیەتی، زمان بۆ ئەوەی بمێنێتەوە و تەمەنی درێژبێت، دەبێت گۆڕان تێیدا ڕووبدات، هیچ کەس و هێزێکیش ناتوانێت ئەم گۆڕانە ڕابگرێت. گۆڕانی زمان هەرلەخۆوە ڕوونادات بەڵکو بەپێی هۆکاری تایبەت و یاساو ڕێسای زمانی ڕوودەدات.

**تیۆرەکانی گۆڕانی زمان**

لە بابەتی گۆڕانی زماندا چەند تیۆر و بیردۆزەیەک لە ئارادان بۆ نموونە تیۆرەکانی(سووککردنی ئەرک و وزە پاراستن، تیۆری چینکاری زمان، تیۆری دووبارە کردنەوە، تیۆری مارتنێت، تیۆری زمانی دایک. . . هتد) ئێمە لێرەدا باس لە هەندێکیان دەکەین .

**١ ـــ تیۆری سووککردنی ئەرک و وزەپاراستن :**

مرۆڤ بە سروشتی خۆی حەزدەکات بە کەمترین ئەرک و وزە کارەکانی جێبەجێ بکات و دەستی بە ئامانجەکانی ڕابگات، ئەم تیۆرەش لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە، کە باوەڕی وایە ئەو گۆڕانانەی کە لە زماندا ڕوودەدەن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئارەزووەی کە لە مرۆڤدا هەیە بۆ ئاسانکردنی ئەرکەکانی ئاخاوتن لەکاتی قسە کردن و دەربڕیندا، هەروەها مرۆڤ حەزدەکات لەکاتی ئاخاوتندا کەمترین وزە خەرج بکات، بۆ ئەمەش هەوڵ دەدات گۆڕان لە ئاستەکانی زمان ئەنجام بدات، بۆ نموونە لە ئاستی دەنگسازی هەوڵی گۆڕان دەدات لە فۆڕمی وشەکاندا ئەویش بە کرتان و لەناوبردنی چەند دەنگێکی وشەکان. هەندێک لە زانایانی وەک(ویتنی، کیورس، زۆف) پاڵپشتی ئەو بیردۆزە دەکەن و باوەڕیان بەڕاستی و لۆژیکی ئەم بیردۆزە هەیە، ئەوان هەموو گۆڕانەکانی زمان بۆ سووککردنی ئەرکی

ئەندامەکانی ئاخاوتن دەگەڕێننەوە، بەڵگەی پاڵپشتیشیان بۆ ئەم بیردۆزە بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێننەوە :

١ – زمانەکانی ئەمڕۆ لە قۆناغەکانی پێشتریان ئاسانترن بۆ قسەپێکردن.

٢ – هەندێک لە گۆڕانەکانی زمان لەگەڵ ئەم بیردۆزەدا دێنەوە و دەتوانرێت لەگەڵ ناوەڕۆک و دەقی بیردۆزەکە شرۆڤەیان بۆ بکرێت. بۆ نموونە لەزمانی کوردیدا بەگوێرەی ئەم بیردۆزە دەبینین کە جیاوازی دەنگداری و کپی زۆر بڵاوترە لەزماندا وەک لە جیاوازی لێوخڕکردن و لێو پانکردنەوە بەپێی ئەوەی کە بنەمای هەڵبژاردن کاریگەری هەیە لەسەر ئەم جیاوازییە. (٦)

**٢ ـ تیۆری ڕووداوی مێژوویی و کۆمەڵایەتی**

ئەم تیۆرە گۆڕانی زمان دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕووداوە مێژووی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ نموونە زمانی کوردی بەهۆی ڕووداوە مێژووییە داگیرکارییەکانی لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە(عەرەب، تورک، فارس) چەندان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، یان بەهۆکاری کۆچ و تێکەڵبوون لەگەڵ میللەتانی تر گۆڕانی زمانی ڕوویداوە، هەروەها هۆکاری ئایینی و سیاسی و ڕۆشنبیری. . . کاریگەرییان هەبووە لەسەر گۆڕانی زماندا. هەروەها ئەم بیردۆزە ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە هۆکاری گۆڕانی زمان دادەنێت بۆنموونە : بەهۆی شەڕێکی بەردەوامەوە زمانی ڕۆمانی کۆن جێگای چەند زمانێکی ئەوروپی گرت و زاڵبوو بەسەریاندا، هەروەها بەهۆی ململانێی بەردەوام لەنێوان زمانی ئینگلیزی ساکسۆنی و دانیشتووانی دوورگەکانی بەریتانیا ڕوویداوە، کە هەردوو ڕووداوەکە بۆتە هۆی گۆڕانی زمان)(٧). کەواتە بەگوێرەی ئەم بیردۆزە گۆڕانی زمان دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە نازمانییەکان.

**٣ ـ تیۆری چینکاری زمان :**

مەبەست لەم بیردۆزە ئەوەیە کە وەکو چۆن زەوی لە چین لەسەر چین پێکهاتووە، زمانیش بە هەمان شێوەی زەوی لە چین لەسەر چین پێکهاتووە، واتە ئەو زمانەی ئێستا دەیبینین سەرەتا بەو جۆرە نەبووە، بەڵکو بە جۆرێکیتربووە، بەڵام زمانەکانیتر کاریگەرییان لەسەر هەبووە و بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانیان بە سەردا هێناوە و بووە بەو زمانەی ئێستا. پاڵپشتکەرانی ئەم بیردۆزە بۆ بە هێزکردنی بۆچوونەکەیان نموونە

بە زمانی ڕۆمانی دەهێننەوە کە پاش ئەوەی لە فەڕەنسای کۆن بڵاو بووەوە کەوتە ژێر کاریگەری زمانی(کێلتی)کە پێش زمانی ڕۆمانی (کێلتی)زمانی ئەوکاتی ناوچەکە بووە، کارتێکردنەکانی زمانی کێلتی بۆ سەر زمانی ڕۆمانی لە ئێستادا بە باشی لە دەنگەکانی زماندا دەردەکەوێت، بۆ نموونە ئەگەر ئێستاش زمانی فەڕەنسی لەگەڵ گرووپە زمانیەکانیتری خۆی (ئیتاڵی و ئیسپانی) لەڕووی دەنگەوە بەراورد بکەین هەست بە جیاوازی دەنگەکانی زمانی فەڕەنسی دەکەین کە چۆن کاری تێکراوە لەلایەن زمانی کێلی ئەوساوە. (٨)

**٤ ـ تیۆری زمانی دایک**

ئەم تیۆرە گۆڕانی زمان دەگەڕێنێتەوە بۆ زمانی دایک کاتێک یەکێک لەگەڵ زمانی دایک فێری زمانێکیتریش دەبێت، لەوکاتەدا یان زمانە بێگانەکە بەتەواوی فێرنەبووە، یان زمانەکەی خۆی دەگۆڕێت، لە هەردوو باردا گۆڕان ڕوودەدات وەکو ئەو گۆڕانەی کە بەسەر زمانی ئینگلیزیدا هاتووە لە هندستان، چونکە زمانی ئینگلیزی لە هیندستاندا بەهۆی بەریەککەوتنی لەگەڵ زاراوە جیاوازەکانی هیندیدا گۆڕانێکی تەواوی بەسەردا هاتووە لە هەموو ئاستەکانیدا (ئاستی دەنگسازی، ئاستی ڕێزمان، ئاستی واتا)(٩).

ئەم تیۆرانەی کە لەسەرەوە باسمانکردن لەگەڵ ئەوەی هەندێک لە زمانەوانان پاڵپشتیان دەکەن و باوەڕیان بەم تیۆرانە هەیە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەندێکیتر لە زمانەوانان ڕەخنە و سەرنجیان لەسەر ئەم تیۆرییانە هەیە، لەبەر ئەوەی دیاردەی گۆڕان لە زماندا دیاردەیەکی ئاڵۆز و فراوانە، بۆیە بیروڕای جیاوازی لە بارەوە دەگوترێت. هەر بۆیە زمانەوانان لەگەڵ باسکردنی ئەم تیۆرییانە باسی چەند هۆکارێکیش دەکەن کە بە هۆکارەکانی گۆڕانی زمان ناسراون .

**هۆکارەکانی گۆڕان لە زماندا**

ڕوودانی گۆڕان لە زماندا هەر لەخۆوەو بێ هۆکار نییە، بەڵکو بەهۆی چەند هۆکارێکەوە ئەم گۆڕانە ڕوودەدات. هەرچەندە زمانەوانان هۆکارەکانی گۆڕانی زمان بەسەر دووجۆر دابەش دەکەن، کە ئەوانیش هۆکارە ناوەکییەکان (هۆکاری زمانی) کە بریتین لەو هۆکارانەی کە پەیوەندییان بە خوودی زمانەوە هەیە لەگەڵ هۆکارە دەرەکییەکان(هۆکاری نازمانی) کە ئەوانیش ئەو هۆکارانە دەگرێتەوە کە

پەیوەندییان بە هۆکارەکانی دەرەوەی زمانەوە هەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا هۆکارە زمانی و نازمانییەکان بە جیا باس ناکەین بەڵکو بە تێکەڵی و بەگشتی هەندێک لە هۆکارە گرنگەکان باس دەکەین کە بریتین لەمانەی خوارەوە :

**١- هاتنە ناوەوەی وشەی بیانی**

سەرەتا با ئەوە زانراو بێت لاتان، کە هەموو زمانەکانی دونیا سوود لەیەکتر وەردەگرن و بە وشەی بیانی پێداویستی خۆیان پڕدەکەنەوە، کەواتە هەبوونی وشەی بیانی لە ناو زماندا پێویستییەکی سروشتی زمانە، هیچ نەنگییەک نییە بۆ زمانەکە. هاتنە ناوەوەی وشەی بیانی بە گەورەترین هۆکار دادەنرێت بۆ گۆڕانی زمان، هاتنی وشەی بێگانە بە چەندان هۆکار دەبێت. وەکو کۆچکردنی خەڵک بۆ ناوچەیەک لەکاتی گەڕانەوەیاندا چەندان وشەی بێگانە بەکاردێنن، ئیتر ئەم وشانە دەگوێزرێتەوە بۆ منداڵەکانیان و خەڵکانی دی کە ئەمەش لە ئەنجامدا گۆڕان لە زماندا دروست دەکات. (١٠)یان بەپێچەوانەوە خەڵکی بیانی ڕوو لەوڵاتەکەت بکەن لەگەڵ ئەوەی ئەوان وشە وەردەگرن هەروەها بەپێچەوانەوەش وشەی ئەوانیش دێتە ناو زمانی خانەخوێ و تێکەڵ بە زمانەکە دەبێت. هەروەکو لە ئێستادا بەهۆی ئەو کرانەوەیەی هەرێمی کوردستان بەڕووی دەرەوە و هاتنی خەڵکی بیانی بۆ کوردستان، ئەوا وشەیەکی زۆری بیانی دێتە ناو زمانەکەمان، کە ئەمەش لە داهاتوودا دەبێتە هۆکاری گۆڕانیی زمانی کوردی.

**٢- هۆکاری سیاسی** (Political factors)

ئەم هۆکارە بەهۆی کارتێکەری سیاسییەوە دەبێت، بەو مانایەی هەر گۆڕانێکی سیاسی لە وڵاتێکدا ڕوویدات، ئەوە گۆڕانکاری بەسەر زماندا دێت. وەکو شەڕ و داگیرکردنی سەربازی و گۆڕانی سنوری ڕامیاری و هاتنەکایەی دەوڵەتی نوێ و باری نائاسایی . . . هتد. (١١)هەروەها لە ڕوانگەیەکی ترەوە بەهۆی وتە و دەربڕینەکانی کاراکتەرە سیاسییەکانەوە لەکاتی وتاردان و کۆبوونەوە و پەیوەندی بەستن هەوڵ دەدەن زمانێکی پاراوو پوخت بەکاربێنن، وشەی پەتی و نزیک لە زمانی خوێندن و نووسین و زمانی ستاندارد هەڵ دەبژێرن، کە ئەمەش هۆکارە بۆ گەشەکردن و گۆڕانی زمان هەروەها بە هۆکاری ڕووداوە سیاسییەکان ساڵانە چەندین وشە

و زاراوەی نویَ دروست دەبن یان واتاکانیان گۆڕانیان بەسەردا دیَت، بۆنموونە وشەکانی (زۆنی زەرد، زۆنی سەوز، سازانی نیشتمانی، . . . هتد). کە ئەم وشانە بە هۆکاری سیاسییەوە هاتوونەتە ئارا بۆ ناو زمانەکەمان.

**٣-هۆکاری کۆمەڵایەتی** (Social factors)

هەر گۆڕانێک لە بارو دۆخی کۆمەڵایەتی و داب و نەریت و بیر و باوەڕی خەڵکەکە و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ڕوودەدات ئەوا لە دەربڕیندا ڕەنگ دەداتەوە. زمان بەپێی باری کۆمەڵایەتی خەڵکی ڕوودەدات بەم شێوانەی لای خوارەوە :

**ئـ - تەمەن/** یەکێک لەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕانی زمان بریتییە لە تەمەن، زمان بە تێپەڕبوونی تەمەن دەگۆڕێت، چونکە مرۆڤ تاکو بچێتە تەمەنەوە زانست و زانیاری زیاتر دەبێت بیرکردنەوەی فراوان دەبێت لەئەنجامدا پێویستی بە دەربڕین و وشەی نویَ دەبێت. هەروەکو بەئاشکرا دەبینین پیرێک وەکو گەنجێک قسە ناکات بەتایبەت لە هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکاندا شێوازی قسەی بچوک بۆ گەورە، یان بە پێچەوانەوە جیاوازە. بۆیە هەرتەمەنێک لەویتر جیاوازە، هەلومەرجی زمانی خۆی هەیە.

**ب- ڕەگەز(جنس)** : پیاو و ئافرەت لە ڕووی جەستەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتی. . . لەیەکتر جیاوازن، ئەم جیاوازییانەی پیاو و ئافرەت بواری زمان و قسەکردنیش لێی بێبەری نییە. قسەی ئافرەت و پیاو لە هەڵبژاردنی وشە و زاراوەدا جیاوازە، هەروەک لە لێکۆڵینەوەکانی (لابۆڤ) دا دەریخستووە کە فەرهەنگی وشەی ئافرەت لەگەڵ هی پیاودا زۆر جیاوازە بۆ نمونە هەندێک وشە لە فەرهەنگی پیاودا نییە وەک (بەساقە، دایکت بمریَ، جەرگت نەسوتیَ، . . . هتد). (١٢)هەروەها هەندێک وشە لە فەرهەنگی ئافرەتدا بوونی نییە تەنها پیاو بەکاری دێنێت وەک(بەشەڕەفم، کەلام شەڕەف. . . ). لە ئەنجامدا ئەم جیاوازییەی زمانی (پیاو و ئافرەت) بووەتە هۆی ئەوەی فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند بێت، زمان گۆڕانی بەسەر دابێت.

**پ ــ کار و پیشە** : بەگوێرەی کار و پیشەکان دەربڕینەکان گۆڕانییان بەسەردادێت بەتایبەت دەربڕینی دەنگەکان، جۆری کارکردنی خەڵکی ناوچەیەک تایبەتمەندییەک بە ئەندامانی ئاخاوتنی ئەو ناوچەیە دەبەخشێت بەتایبەتی شوێنی درکاندنی دەنگەکان و ئاوازی دەربڕینی وشەکان. بەڵیَ کارو پیشەش زمان دەگۆڕێت، چونکە ئەو

زاراوانەی کە لەلای کاسبکار، فیتەر، دارتاش . . . . هتد بەکاردەهێنرێت جیاوازە لەو زاراوانەی کە لای مامۆستا، ئەندازیار، دکتۆر. . . بەکار دەهێنرێت .

**ج ـ پلەوپایەی کۆمەڵایەتی** : پلەوپایەی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر شێوازی ئاخاوتنی کەسەکان هەیە بۆنموونە کاتێک کەسێک لەفەرمانبەرێکی ئاساییەوە دەبێت بە وەزیر لەگەڵ ئەوەی کاروباری ژیان و گوزەرانی دەگۆڕێت، ئەوە گۆڕانکاری لەدەربڕینەکانیشی ڕوودەدات. هەروەها ئەگەر سەیری دەربڕین و وشەکانی پزیشکێک و کرێکارێک بکەین، ئەوە دەربڕینەکانییان جیاوازە، ئەمەش بەهۆی پلەوپایەی کۆمەڵایەتییانەوەیە.

**د ـ فراوان بوونی شارستانییەت** : هەرچەندە شارستانییەتی نەتەوە فراوانتربێت، زمان زیاتر گۆڕانی بەسەر دادێت و گەشە دەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کایەکانی ژیان فراوان دەبن، بیر و زانستی نوێ دێتە ئاراوە، لەم دۆخەشدا بۆئەوەی بتوانن بیرو بۆچوونی نوێ دەربڕن پێویستیان بە چەمک و زارەوە نوێ دەبێت و پێویست دەکات ناوی تازە داب‌هێنن، واتای وشە کۆنەکان وردتر دەبێت و وشەی دیکەشی دێتەناوەوە ئەویش بەڕێگای داڕشتن و وەرگرتنەوە ئەنجام دەدرێت.

### ٤- هۆکاری ڕۆشنبیری (Cultural factors)

لەگەڵ گۆڕانی کلتووری و دونیابینی مرۆڤەکان دەربڕینەزمانییەکانیش گۆڕانییان بەسەر دادێت بۆنموونە بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری ئەوانەی بڕوانامەیان بەدەستهێناوە ئەو دەربڕینانە بەکار ناهێنن کە پاشخانێکی بازاڕی و نائەکادیمی پێوەدیارە. هەروەها تایبەتمەندی هەر نەتەوەیەک لەڕووی هۆش و ئاستی ڕۆشنبیری و ئاستی بیرکردنەوەیان لەزمانەکەیاندا ڕەنگ دەداتـەوە، لەلای ئەو نەتەوانەی کەکورت بینن و بیرکردنەوەیان سنووردارە وشەکانییان ئەو وشانەن کە ئاماژە بۆ شتەمادییەکان دەکات وشەکانییان زۆر ورد و پڕبەپێستی شتەکان نییە، ئاستی درکاندنییان نزمە، بۆیە هەڵە و لێڵییان زۆرە. ئەمەش وادەکات زمان فراوان نەبێت و گەشەنەکات، بە پێچەوانەوەش ئەو نەتەوانەی بیرکردنەوە و تێڕامانییان فراوانە، زمانی ئەو جۆرە نەتەوانە، ئەو وشانەی تێدایە کە واتای گشتی دەبەخشن. وشەکانیان قوڵ و پڕ بەپێستی شتەکانە ئاستی دەربڕینییان بەرزە، ئەمەش وادەکات زمان گەشەبکات و فراوان بێت. هەروەهائاستی ڕۆشنبیری میللەتێک وەکو پێشکەوتنیان لەبواری ژیان

و زانستدا (ئـەدەب، فەلسـەفە، هونـەرە جوانەکان، . . . هتد) ئـەوەی پەیوەندی بە زمانەوە هەبێت بەتایبەتی کاری نووسین و وەرگێڕان لە زمانانی ترەوە هەروەها پەیوەندی ڕۆشنبیری دوو نەتەوەی جیاواز دەبێتە هۆی خواستنی وشـەو زاراوە لەیەکتر، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر گۆڕانی زمان. (١٣)

**٥- هۆکاری ئابووری و بازرگانی** (Comercial and economical factors): -

چالاکییە ئابوورییەکان ڕوویێکی تایبەت بەزمان دەبەخشن لە وشە و واتاکان و شێوازی پێکهاتنییان دەردەکەوێت. هەروەها بەگوێرەی جۆری بەرهەم و سیستەمی ئابووری و کـاروبـاری ژیانی مـاددی پیشەباوەکان زمانیش بە شێوەی جیاواز دەردەکـەوێت. ئابووری و بازرگانی هۆکارێکی گرنگە بۆ گۆڕانی زمـان، چونکە لەنێوان میللەتانی زمان جیاواز ئاڵوگۆڕی ئابووری و بازرگانی دەکرێت لەگەڵیشیدا ئاڵوگۆڕی وشە و زاراوەش دەکرێت، ئەو کەل و پەلانەی لە وڵاتێکەوە دەچێت بۆ وڵاتێکی تر ناوی تایبەتی خۆی هەیە، یان ناوی کەل و پەلە بیانیەکان بەکاردەهێنرێن یان ناوی بۆ دروست دەکرێت، کە لە هەردوو باردا گۆڕان و نەشو نمای زمان ڕوودەدات، وەکو وشـەکانی گەرمکەرەوە، ساردکەرەوە، سپلیت، ئوتو، سۆبە. . . ئەو وشـە و ناوانە دەچێتە ناو زمانەکەیان، تاکو بازرگانی و کاڵا گۆڕینەوە زیاتربێت گۆڕانی زمان زیاتر دەبێت. یان وشەکانی(بازاڕی ئازاد، سیستەمی ئابوری، بزنس . . . ) کۆمەڵێک وشـەیترن بەهۆکاری ئابوورییەوە وەرگیراون، یان داڕێژراون، کەبوونەتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکەمان. (١٤)

**٦- هۆکاری ئایینی** (Religious factors)

زمانی ئایین (مەبەست ئەو زمانە کە ڕێنماییە ئاینییەکانی پێ نوسراوەتەوە)، کاریگەری دەبێت لەسەر زمانی میللەتان. دەبێتە هۆی گۆڕانی زمان، بۆ نموونە زمانی ئاینی ئیسلام کە زمانی عەرەبییە کاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سەر زمانی نەتەوە موسڵمانەکان. بۆ نموونە زمانی کوردی دەیەها وشە و زاراوەی لە ڕێگەی ئاینەوە لە زمانی عەرەبی وەرگرتووە لەوانە (زەکات، جیهاد، حەج، عومرە . . . هتد). (١٥)هەروەها بۆ وەرگێڕان و شیکردنەوە و باسکردنی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د. خ)بەزمانی کوردی پێویستی بە وشە و زاراوەی زۆر هەبوو، هەندێ

وشەی نوێ دارێـژراون، یان وشە عەرەبییەکان بەکاردەهێنرانەوە وەکو خۆیان، بەتێپەڕبوونی کات ئەم وشە عەرەبییانە بوونەتە وشەی کوردی و ئاخێوەر بەکاری دێنێت. ئەمەش وایکردووە فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی دەوڵەمەندتر بێت.

**٧- هۆکاری دەروونی** (Psychological factors)

باری دەروونی خەڵک کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕانی زمان، ئەویش بەوەی کە ئایا خەڵک هەستییان بەرانبەر زمانەکەی خۆیان و زمانەکانی دیکە، یان هەستیان بەرانبەر ئەو زارانەی بەکاردێنین و زارەکانی دی، یان هەستیان بەرانبەر پایەی کۆمەڵایەتی قسەپێکەرانی زمانەکەیان و زمانەکانی دی چۆنە.

کەواتە ئەگەر دەروونمان بەرانبەر زمانێک ئاسوودەبێ تێکەڵی دەبین و لە بەکارهێنانی سڵ ناکەینەوە. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر بەهۆی هەر هۆکارێک هەڵوێست لە نەتەوەیەک وەربگرین و ڕقمان لێی بێت، ئەوا حەز لە زمانەکەشیان ناکەین و ئارەزوو دەکەین کەرەسەکانی زمانەکەیان لەناو زمانەکەمان بەکار نەهێنین و زمانەکەمان دەپارێزین لە تێکەڵبوون و نزیکبوونەوە لێی. (١٦)بۆ نموونە لەسەردەمی ئێستادا نەتەوەی کورد هێندەی کەرەسە و زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنێت. وە لەبەرانبەریشدا هەوڵ دەدات لەزمانی عەرەبی و تورکی و فارسی دوور بکەوێتەوە.

**٨ ـ هۆکاری ئەدەبی**(literary factors)

زمانی ئەدەبی زمانێکی جیاواز و تایبەتە، نوسەرە ئەدەبییەکان(شاعیر، ڕۆماننووس، پەخشاننووس. . . )زمانی تایبەت بەخۆیان هەیە، لەنووسینەکانیاندا شێوازی تایبەت و وشە و زاراوەی تایبەت بەکاردەهێنن، ئەم وشە و زاراوە تایبەتیانە دەچنە ناو گفتوگۆی ئاخێوەرانەوە ئەوانیش لە گفتوگۆی ڕۆژانەیان بەکاریان دەهێنن، لەئەنجامدا دەبێتە هۆی دەوڵەمەند بوون و گۆڕانی زمان.

**٩. میدیا** (Media)

میدیا بە بیستراوو بینراویەوە خودان زمانی تایبەتن، زمانێکە نزیکە لە تێگەیشتنی خەڵکەوە، ئەو زمانە زمانێکی مامناوەندە، هەم نزیکە لەزمانی بازاڕی، نزیکیشە لە زمانی باڵا. زمانی میدیا پێویستە وشەی سادە و پەتی بێت، زۆرترین وشەی ڕەسەن

بەکاربێنێت بۆئەوەی هەموو کەسێک تێی بگات. میدیای کوردی لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کاریگەرییەکی باشی هەیە بۆ بەرەوپێشچوونی زمانەکەمان، چەندین وشەی نوێی هێناوەتە ناو زمانەکەمانەوە. وەکو(چاکسازی، دیمانە، چەکی کۆمەڵ کوژ. . . ). (١٧)

### ١٠ . زانست و داهێنانی نوێ(تەکنەلۆژیا)(Technological factors)

لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بواری زانست و داهێنان لەگەشەیەکی خێرادایە، بەردەوام داهێنان و زانستی نوێ دێتە ئاراوە. بێ گوومان هەر زانست و داهێنانێکی نوێش کە دێتە ئاراوە، پێویستی بە ناولێنان و زاراوەی نوێ هەیە، ئەم زاراوە نوێیانەش دەچنە ناو فەرهەنگی زمانەوە و دەبنە هۆکاری گۆڕان و دەوڵەمەندبوونی زمان. بۆنمونە (لاپتۆپ، ئینتەرنێت، مۆبایل. . . ) کۆمەڵێک داهێنانی سەردەمن، بەهۆیانەوە وشە و زاراوەی نوێ بۆ زمانەکان دروست بووە. (١٨)

### ١١ . هۆکاری جوگرافی(Geographical factors)

جۆر و هەڵکەوتەی تۆپۆگرافیای ناوچەکان کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕانی زماندا، ئەمەش لە ئاخاوتنی ناوچە جیاوازەکاندا دەبینرێت، بەگوێرەی شوێنی جوگرافی ناوچەکان گۆڕانی فۆنەتیکی و ڕیزمانی و واتایی هەستی پێدەکرێت. هەروەها شوێنی جوگرافی زمانەکان هۆکارە بۆ ئەوەی وشەی زمانە دراوسێکان ئاڵوگۆڕبێت لە نێوانیان. زمانی کوردی بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیاکەی نزیکە لە زمانەکانی ئێرانی، عەرەبی، تورکی، چەندین وشەی لێیان وەرگرتووە و پێیداون. (١٩)

### سەرچاوەکان:

١ـ تابان محمد سەعید حەسەن، گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی٢٠٠٨ل١٤

٢- د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، زمانەوانی کارەکی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٦، ل١٥٤.

٣- د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، زمانەوانی کارەکی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٦، ل١٥٥.

٤-عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد، گۆرانی واتای وشە لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٠، ل٦١.

٥-عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد، گۆرانی واتای وشە لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٠، ل٦١.
٦ – عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد، گۆرانی واتای وشە لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٠، ل١٣.
٧- ئازاد عەزیز سلێمان، ململانێی زمان، زمانی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە نموونە، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین. ٢٠١٤ل٢٦.
٨ – عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد، گۆرانی واتای وشە لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٠، ل١٤.
٩ – ئازاد عەزیز سلێمان، ململانێی زمان، زمانی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە نموونە، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین. ٢٠١٤ل٢٥.
١٠- د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، زمانەوانی کارەکی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٦، ل١٦١.
١١- د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، زمانەوانی کارەکی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٦، ل١٦٣.
١٢- عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد، گۆرانی واتای وشە لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٠، ل٧٠.
١٣- عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد، گۆرانی واتای وشە لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٠، ل٧١.
١٤- د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، زمانەوانی کارەکی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٦، ل١٦٦.
١٥- د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، زمانەوانی کارەکی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٦، ل١٦٧.
١٦- د.عەبدوڵڵا حوسێن رەسول، چەند باسێکی وردی زمانەوانی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٥، ل٣٤١.
١٧ ـ تابان محمد سەعید حەسەن، گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی٢٠٠٨ل٣٦.
١٨ـ تابان محمد سەعید حەسەن، گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی٢٠٠٨ل٣١
١٩ـ تابان محمد سەعید حەسەن، گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی٢٠٠٨ل٣٥

# کامیان دروستە؟
# چەند ڕوونکردنەوەی لێکۆڵەرانە و ڕەخنەگرانە بۆ: دروست نووسین

جەماڵەددین ئەحمەدیان

**«ئەرێنی» ـ «نەرێنی» یان «ئەرێتی» ـ «نەرێتی»؟**

لەو ساڵانەی دواییدا، لەجیاتی دوو وشەی فارسی، عەرەبیی «ایجابی» و «سلبی» (و «موسبەت» و «مەنفی»)، دوو وشەی «ئەرێنی» و «نەرێنی» لە نووسراوەکاندا زۆر لەکاردەکرێ.

پرسیار ئەوەیە کە: ئاخۆ ئەو دوو هاوتایە، مانا بەدەستەوە دەدەن؟ ئەگەر لە پێکهاتەی ئەو دوو وشەیە وردبینەوە، وەڵامی ئەو پرسیارە ئاشکرا دەبێ:

ئەو دوو وشەیە هەر کامەیان وشەیەکی داڕێژراون و پێکهاتوون لە ناوی «ئەرێ» و «نەرێ» و پاشگری «ێنی». لە «هەنبانەبۆرینە»دا، دوو وشەی «ئەرێ» و «نەرێ» هاتوون: «ئەرێ: با؛ بەڵێ»؛ «نەرێ: نە؛ نەخێر؛ پێچەوانەی ئادی» (هەنبانە بۆرینە). پاشگری «ێنی» دوای لکان بە ناوەوە، مانای «خاوەنێتی» و «ملّکایەتیی تایبەت» دەردەخا. بەپێی ئەو وشە فەرهەنگییانەی تێیاندا پاشگری «ێنی» بە ناوەوە لکاوە، ئەو بابەتە جوانتر ڕوون دەبێتەوە. لە «بووکێنی»دا، پاشگری «ێنی» ئاماژەیە لەسەر «ملّکایەتیی تایبەت» بە بووک و لەسەریەک «بووکێنی» واتا: «١ـ جلوبەرگ یا هەر شتێک کە بۆ بووک کڕدرابێ (فەرهەنگی زارەکیی موکریان، بەرگی دوو)؛ ٢ـ ئەو ماوەیەی کە کچی تازە شووکردوو لە ماڵێک بە بووک حیسابدەکرێ (فەرهەنگی هەرمان، بەرگی١)». لە «کچێنی»شدا، پاشگری «ێنی» دەرخەری «ملّکایەتیی تایبەت»ە و لەسەریەک «کچێنی» واتا: «١ـ سەردەمی پێش شووکردنی کچ ٢ـ ئەندامێکی تایبەت بە کچ». بەوپێیە دوو وشەی «ئەرێنی» و «نەرێنی» ناکرێ هەڵگری مانای «سلبی» و «ایجابی» بن و مانای ئەو دوو وشەیە بەدەستەوە نادەن.

ئەو دوو وشەیە، بە شێوەی هەڵە، تەنانەت لە نووسراوەی نووسەرانی زۆر کوردیزانیشدا لەکارکراوە و لەکار دەکرێ. بۆ نموونە: ڕەحمەتیی «شوکور مستەفا» لە وەرگێڕانی کتێبی «ئیدریسی بدلیسی»دا، لە دوو شوێن ئەو دوو وشەیەی بە چەشنی هەڵە لەکارکردووە: «هێندێ ئەم هاوبەشییە بەڕواڵەتەیان پتر بە کارێکی نەرێنی (سلبی) نرخاندووە» (ئیدریسی بدلیسی، محەمەد بایراقدار، وەرگێڕانی: شوکور مستەفا، لاپەڕە ٧٨ و ٧٩). «ناکرێ بە پیاوێکی زانای سەرکەوتوو یان بە زانایەکی ئەرێنی (ایجابی) لەقەڵەمبدرێ» (سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٨٣)

هاوتای دروستی ئەو دوو وشەیە، لە ڕاستیدا «ئەرێتی» و «نەرێتی»ن کە پێکهاتوون لە ناوی «ئەرێ» و «نەرێ» و پاشگری «ێتی». ئەو دوو وشەیە هەڵگری

مانای «سلبی» و «ایجابی» هەن و وێدەچێ ئەو دوو وشەیە (واتا: «ئەرێتی» و «نەرێتی») دوای بەهەڵەخوێندنەوە یان بەهەڵە چاپبوون، بە شێوەی هەڵە بەردەوام و بەردەوام دووپاتەکرابێتەوە و لەجیات شێوەی دروستی ئەو دوو وشەیە، شێوەی هەڵەی ئەو دوو وشەیە بەو چەشنە وەباوکەوتبێ کە لە هەموو نووسراواندا هەر بەو شێوە هەڵەیە وەبەرچاودەکەوێ.

**بەڵگە (ی نووسراو)، نموونە یان شاهید:**

لە نووسراوەی دوو زمانناسی هەرەگەورەدا (مەسعوود محەممەد و ئەورەحمانی حاجی مارف)، ئەو دوو وشەیە، بە شێوەی «ئەرێتی» و «نەرێتی» هاتوون:

- «دوو پریپۆزیشنی «بە، بێ» لە داهێنانی هەندێ وشە دەور دەبینن: یەکەمیان بۆ ئەرێتییە و دووەمیان بۆ نەرێتییە؛ دەگوترێ: بەدین، بەسام... دەشگوترێ: بێدین، بێپارە» (مەسعوود محەممەد، زاراوەسازیی پێوانە، لاپەڕە ٣٠)
- «ئەرێتی و نەرێتی کەلێنی بۆ گرتووین. خۆ ئەگەر «ئایەتی» و «نایەتی» بوونایە، لەبارتر بوون، ئەوسا ئایاندن و نایاندن بۆ «ایجاب» و «نفی» لە گەرداندا سوودیان لێوەردەگیرا» (سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٣)
- «کردار لە زمانی کوردیدا خاوەن تایبەتێتی حاڵەتی کەس (یەکەم، دووەم، سێیەم)، ژمارە (تاک، کۆ)... ئەرێتی و نەرێتی، تێپەڕی و تێ نەپەڕێتی [یە]» (د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم: وشەسازی، بەشی پێنجەم: کردار، لاپەڕە ٤)

**تێبینی:**

ئەو دوو وشەیە (چ چەشنە دروستەکانی و چ چەشنە نادروستەکانی) وشەی نوێباو و باشترە بڵێین تازە ڕۆندراون و ئەوپەڕەکەی چل ساڵێک دەبێ ڕۆندراون و وێدەچێ «کۆڕی زانیاریی کورد» لە ناوەڕاستی حەفتاکان یان سەرەتای هەشتاکانی زایینی دایهێنابێ؛ هەر بۆیە سروشتییە کە لە ناو واژەنامە و فەرهەنگەکاندا بوونی نەبێ. ئەو چوار وشەیە، لە «قاموسی زەبیحی» و وشەنامەکانی خوارووودا نەهاتوون: هەنبانەبۆرینە (و «گوڵچنینەوە...»)، فەرهەنگی خاڵ، فەرهەنگی مەهاباد، فەرهەنگی کوردستان، فەرهەنگی مەردووخ. لە «فەرهەنگی ڕێژگە»دا تەنیا وشەی «ئەرێنی» هاتووە: «ئەرێنی: پۆزەتیڤ؛ موسبەت» (فەرهەنگی ڕێژگە، ئەمین گەردیگلانی)

**«قەتڵ و عام» یان «قەتڵی عام»؟**

ئەو وشەیە لە لایەن زۆرینەی نووسەران (تەنانەت نووسەرانی بەئەزموون و زمانزانان و زماناسانیش) بەهەڵە لەکارکراوە و بەهەڵە لەکار دەکرێ.

ئەو وشەیە پێکهاتوو لە دوو بەشی «قەتڵ» و «عام»ە و «قەتڵی عام» واتا «کۆمەڵکوژی» و «قەتڵی گشتی». لە کاتێکدا، «قەتڵوعام» واتا «قەتڵ و کۆمەڵ»! کەوابوو: وشەی «قەتڵی عام» وشەیەکی دروست و واتادار و هەڵگری مانایە و وشەی «قەتڵوعام» وشەیەکی بێمانا و غەڵەتە.

لێرەدا شێوەی بەهەڵە لەکارکردن و شێوەی بەدروست لەکارکردنی ئەو وشەیە، لە کۆیەک نموونەدا دەخەمە بەر چاو.

نموونەکانی بەهەڵە لەکارکردنی ئەو وشەیە:

- «لە ساڵی ١٢٣٧ قەتلوعامێکی دوو بنەماڵەی غەفووری و عیساغا لە کۆیێ دەکرێت. واسیق بیللا لەو ساڵەدا لە کۆیێ بووە، بەڵام نازانین ئایا قەتلوعامەکە بەر لە تاڵانکردنی ماڵەکەی بووە یان دوای گەڕانەوەی بۆ کۆیێ» (مەسعوود محەممەد، گەشتی ژیانم، لاپەڕە ١٠ و ١١)

- «ساڵدات ڕژانە نێو شار. چەند ڕۆژ فەرمانی قەتڵوعامیان دا» (هێمن، توحفەی موزەففەرییە، پێشەکی، لاپەڕە ١٧)

- «زۆرتر لە حەوت هەزار کەس لە شاری ئێمەدا قەتڵوعام کران» (ئەحمەد قازی، کارەساتێکی مێژوویی، لاپەڕە ٨٣)

- «تورکەکان دەستیان بە قەتڵ و عامی ئاسووری و یۆنانەکان کرد» (کوردۆ عەلی، وەرگێڕدراوی «کوردستان و شۆڕشەکەی ـ جەماڵ نەبەز»، لاپەڕە ٧١)

- «ئەو ئاسووریانەی پاش قەتڵ و عام لە دەستی تورکەکان خەلەسین» (سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٠٩)

- «نزیکەی تەواوی دانیشتوانی شارەکە قەتڵوعام کراون» (عەبدوڵڵا سەمەدی، کارەساتێکی مێژوویی، لاپەڕەکانی ١٠٤ و ١٠٥)

نموونەکانی بەدروست لەکارکردنی ئەو وشەیە:

- «بابەتێکی سەبارەت بە قەتڵی عامی کوردەکان لە سابڵاغ و دەوروبەری لەژێر سەرنووسی «کوردەکانی گیرۆدەی شەڕ» بڵاوکردووەتەوە» (حەسەن قازی، کارەساتێکی مێژوویی، لاپەڕە ٤٨)

- «سێ حەوتوو لە دوای ئەو قەتڵی عامە مەیتێکی زۆر هێشتا نەنێژرابوون» (حەسەن قازی، کارەساتێکی مێژوویی، لاپەڕە ٧٦)

- «مەبەستی ئەو بەڵگانە تالان و وێرانی و قەتڵی عامی خەڵکی سابڵاغ (مەهاباد) لە لایەن قشوونی ڕووسی تزارییەوەیە» (عەزیز وەلیانی، کارەساتێکی مێژوویی، لاپەڕە ١١٣)

**تێبینی:**

وشەی «قەتڵی عام» و «قەتڵوعام» لە هیچکام لە واژەنامە بەناوبانگەکاندا نەهاتووە (بڕواننە: هەنبانەبۆرینە ـ و «فەرهەنگی ڕێژگە» و «گوڵچنینەوە...» ، فەرهەنگی خاڵ، فەرهەنگی مەردووخ، فەرهەنگی کوردستان، فەرهەنگی مەهاباد). وشەی «قەتڵ»یش تەنیا لە «هەنبانەبۆرینە» و «فەرهەنگی مەردووخ»دا هاتووە.

«بەرامبەر» یان «بەرانبەر»؟

وشەی «بەرانبەر» (بەر+ان+بەر) هەڵگری مانایە (هەر وەک: سەرانسەر و دەوراندەور)، بەڵام «بەرامبەر» هەڵگری هیچ مانایەک نییە و نووسینی هەڵەیە. بەپێی وتەی مامۆستا مەسعوود محەممەد، بەنووسین «بەرانبەر» دروستە و بەخوێندنەوە «بەرامبەر» دروستە:

«زۆر لە نووسەران دەنووسن «بەرامبەر»، نازانن دەنگی نوونی وەستاو لە بەرایی «ب»دا بە «م» دەخوێندرێتەوە، وەک لە ئاخافتندا دەڵێن: عەمبەر، عەمبار، کەمبۆسک، سەمبەر... ئەمانە هەموویان دەنگی نوونیان کەوتووەتە بەرایی «ب»ەوە، دەبێ لە نووسیندا ڕاستبکرێنەوە و ببنە: عەنبەر، عەنبار (ئەنبار ڕاستە)، کەنبۆسک، سەنبەر» (زاراوەسازیی پێوانە، لاپەڕە ٢٥٩)

مامۆستا هەژار لە «چێشتی مجێور»دا، زۆربەی جاران، ئەو ڕێسایەی لەبەرچاوگرتووە. بڕواننە چوار وشەی «بەرامبەر» و «تەنبەڵی» و «تەنبێ» و «بەرانبەر» لە چوار ڕستەی خوارەوەدا:

- «لە بەرامبەر ئەو چاکەیەدا، بە بابمی گوت عەبدوڕەحمان بدە دەست من پێی بخوێنم» (چێشتی مجێور، لاپەڕە ٢٢)

- «تەنبەڵی لە خوێندندا کراسێک بوو بە بەژنم بڕابوو» (سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٦)

- «ئیتر تۆبەیەکی وای پێکردم کە بۆ هەمیشە تەنبێ بم» (سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣١)

- «هەموویان بەرانبەر بە شێخان بەدبین و بێباقیدەن» (سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٢)

**تێبینی:**

دوو وشەی «بەرانبەر» و «بەرامبەر» لە کام فەرهەنگەکان و واژەنامەکاندا هاتوون یان نەهاتوون؟

لە «قامووسی زەبیحی»دا، وشەی «بەرانبەر» نەهاتووە، بەڵکوو وشەی «بەرامبەر» هاتووە. لە «فەرهەنگی مەردووخ»دا، وشەی «بەرامبەر» نەهاتووە، بەڵام وشەی «بەرانبەر» وێڕای وشەی «بەرابەر» هاتوون و بە یەک مانای هاوبەش هاتوون. لە «فەرهەنگی زارەکیی موکریان»دا هیچکام لەو وشانە نەهاتوون. لە «فەرهەنگی هەرمان» و «فەرهەنگی کوردستان» و «فەرهەنگی مەهاباد» و «هەنبانەبۆرینە» و «فەرهەنگی خاڵ»دا، هەم «بەرانبەر» و هەم «بەرامبەر» و هەم «بەرابەر» هاتوون و لە هەر کام لەو سەرچاوە بەرباسانەشدا، هەر سێیان بە مانایەکی هاوبەش هاتوون.

**«جیاواز(ی)» یان «جوداواز(ی)»؟**

وێدەچێ ئەو دوو وشەیە هاومانا و هاوتا بن و لەکارکردنیان بە مانایەکی هاوبەش دروست بێ و هەڵبژاردنی یەکێک لەو دوو وشەیە لە نووسیندا پەیوەندیی بە سەلیقەوە هەبێ. تا ئەو جێیەی سرنجم داوەتێ، لە ناو نووسراوەکانی مامۆستا مەسعوود محەممەددا، تەنیا «جوداواز» و «جوداوازی» هاتووە، بەڵام لە نووسراوەکانی «دوکتور ئەورەحمانی حاجی مارف»دا هەر دوو چەشن هاتوون و بە یەک مانای هاوبەشیش لەکارکراون؛ بەڵام زۆرتر وشەی «جیاواز(ی)» لە نووسراوەکانی ئەورەحمانی حاجی مارفدا بەرچاودەکەوێت. لێرەدا چەند نموونەیەک بۆ باشتر فامکردنی ئەو بابەتە بەدەستەوە دەدەم:

- «لە سیستەمی ناودا، ئەو جیاوازییە وەک جیاوازییەکی سەربەخۆ دەردەکەوێ لە نێوان ئەو مەبەستانەدا کە ناونراون» (د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، وشەسازی - بەشی دووهەم: جێناو، لاپەڕە ١٢)
- «کە بێین هەڵبەست بە پەخشان بگرین، هەندێ جوداوازی لە نێوانیان دێنە بەرچاو» (مەسعوود محەممەد، چەپکێک لە گوڵزاری نالی، لاپەڕە ٦)
- «جوداوازیی نێوان «دەروو» و «گەروو» ئەوەیە، «دەروو» مەودای کورتە، «گەروو»ش مەودای درێژە» (مەسعوود محەممەد، زاراوەسازیی پێوانە، لاپەڕە ٣٩)

لە پاڕاگڕافی خوارەوەدا، «ئەورەحمانی حاجی مارف» هەر دوو چەشنی بە یەک مانای هاوبەش لەکارکردووە:

- «لە زمانی کوردیدا، ناو و کردار بە چەندێتی و هەروەها لە دەور و چالاکیدا دوو بەشی هەرە گرینگی ئاخاوتنن، لەگەڵ ئەوەشدا ناو و کردار لە زۆر ڕووەوە لەیەک جوداوازن: لە ڕووی دەنگەوە، لە ڕووی وشەڕۆنانەوە، لە ڕووی وشەسازییەوە، لە ڕووی ڕستەسازییەوە. جیاوازیی دەنگ لەوەدایە کە لە حاڵەتی گەردانی کرداردا توانەوە بەدیدەکرێ... بەڵام لە کاتی دۆخی جیاوازی ناودا، ئەو جۆرە دەنگانە ناکەونە پاڵ یەک، لەبەر ئەوە تواندنەوە ڕوونادات» (ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەشی یەکەم، وشەسازی - بەشی پێنجەم: کردار، لاپەڕە ٣)

**تێبینی:**

- لە زمانی فارسیدا، سێ وشەی «فرق» و «تفاوت» و «تمایز» بوونیان هەیە کە هاومانا و هاوتا نین. دیارە هەر سێیان لە باری ماناییەوە، ئەگەر لێک جیاوازن، بەڵام خزمامەتیی نزیکیان هەیە و دەشێ بڵێین لە بنەماڵەیەکن. هاوتای ئەو وشانە لە زمانی کوردیدا چین و «جیاوازی/ جوداوازی» هاوتای کام لەو سێ وشەیەیە؟ وێدەچێ هەر دوویان هاوتای «تفاوت» بن.

- وشەکانی «جیاواز(ی)» و «جوداواز(ی) لە کام فەرهەنگەکان و واژەنامەکاندا هاتوون یان نەهاتوون؟

لە «هەنبانەبۆرینە» و «فەرهەنگی مەردووخ»دا، تەنیا وشەی «جیاواز» هاتووە و لە «فەرهەنگی ڕێژگە»دا تەنیا وشەی «جیاوازی» هاتووە. لە «فەرهەنگی کوردستان» و «فەرهەنگی مەهاباد» و«فەرهەنگی خاڵ»دا، هەر دوو وشەی «جیاواز» و «جیاوازی» هاتوون و لە «گوڵچنینەوە...» و «فەرهەنگی زارەکیی موکریان»دا، هیچکام لە دوو وشەی «جیاواز» و «جیاوازی» نەهاتوون. لە هیچکام لەو فەرهەنگ و واژەنامانەی بەرباسدا، وشەی «جوداواز(ی)» نەهاتووە.

- سەبارەت بە دوو وشەی «جوایەز(ی)» و «جودایەز(ی): ئەو دوو وشەیە لە کام فەرهەنگەکان و واژەنامەکاندا هاتوون و بە چ مانایەک هاتوون؟ ئەو دوو وشەیە (و باشترە بڵێین: ئەو چوار وشەیە)، لە هیچکام لە فەرهەنگەکان و واژەنامەکانی خوارەوەدا نەهاتوون: «فەرهەنگی مەردووخ»، «فەرهەنگی کوردستان»، «فەرهەنگی مەهاباد»، «هەنبانەبۆرینە (و «گوڵچنینەوە...»)، «فەرهەنگی زارەکیی موکریان» (دیارە «قامووسی زەبیحی» و «فەرهەنگی هەرمان»یش نەگەیشتوونەتە پیتی

«ج»). لە «فەرهەنگی کوردستان»دا، «جووایەز» و «جووایەزی» هاتوون. لە «فەرهەنگی مەهاباد»یشدا، «جوایەزی» هاتووە و لە «فەرهەنگی ڕێژگە»شدا، دوو وشەی «جودایەز» و «جودایەزی» هاتوون. سەرجەمی ئەو وشانە لەو واژەنامانەی بەرباسدا، هەر بە مانای «جیاواز(ی)» هاتوون.

**دوا وتە:**

لە کۆتاییدا، پێمخۆشە بابەتێک بێنمە بەر باس. چونکە نووسراوەی بەردەست بۆنی ئەوەی لێ-دێ کە نووسەر لووتبەرزانە ڕوانیوییەتە خۆی و ئاست نزمانە ڕوانیوییەتە گەورەنووسەران و بیرمەندان و پسپۆڕان، وای بەباش دەزانم ئەو بابەتە ڕوون بکەمەوە کە بەڕاستی ئامانجی من لە نووسینی ئەو نووسراوەیە خوای نەخواستە شکاندنەوەی هیچ کەسێک نەبووە. هەڵەکردن لە لەکارکردنی وشە لە نووسین یان قسەکردندا، زۆرزۆر بابەتێکی ئاساییە بۆ هەر کەسێک لە هەر ئاستێکی زانینی زماندا بێ، تەنانەت ئەگەر زمانزان یان زمانناسیش بێت. هەر بۆیە بەڕاستی ئاماژە بە هەڵەی هەر نووسەرێکی کەم زان یان زۆرزان قەت ئەوەی لێناکەوێتەوە کە وەها نووسەرێک ئاستی نووسین و نووسراوەی دابەزێ. هەر چەند ئەوەی دەیڵێم لە ڕاستگۆییەوەیە نەک لە تەعاروف و خۆبەکەم گرتن، بەڵام بەڕاستی من خۆم زۆر لەوە بە چووکتر دەزانم کە خۆم بەراورد بکەم لەگەڵ ئەو نووسەرانە، چ جای ئەوەی بە لووتبەرزییەوە، بە شکاندنیان مەبەستم خۆبەرزکردنەوە بێت. لێرەدا بە بیرەوەرییەکی پەیوەندیدار بە باسی بەردەست، کۆتایی بەو نووسراوەیە دەهێنم کە پەیوەندیی بە بابەتی بەرباسەوە هەیە و هاوسەنگییەک پێکدێنێ کە بەپێویستی دەزانم. ساڵانی سەرەتای نووسینم، وەک هەر لاوێکی ئەو سەردەمە، گیرۆدەی نەخۆشییەک بووم کە بەختەوەرانە زۆری نەخایاند و بە دوو ـ سێ ساڵ بەری دام: نەخۆشیی دەسەڵاتخوازی و دەسەڵاتکاری لە ڕێگەی داسەپاندنی باتۆمی وشەی بیانی بەسەر خوێنەراندا. ئەوکات ئەو نەخۆشییە هەمەلایەنە بوو و هەموولایەک تووشی بوون و ئێستاش نەک لە ئاستی ئەوان ساڵان، بەڵام لە ڕێژەیەکی زۆردا هەر لە گۆڕەپانی نووسیندا بوونی هەیە. وەک کوتم من زوو لەو نەخۆشییە ڕزگاریم بوو؛ بەڵام زۆر کەسان بە دە ساڵ و بیست ساڵ بەری نەدان و سروشتییە هی واش کەم نین کە هەتا دوادێڕی نووسینیان هەر لەو نەخۆشییە ڕزگارییان نابێ. زۆری درێژ نەکەمەوە؛ شتێکم نووسیبوو و لە بڵاوکراوەیەکدا، بڵاوم

کردبووەوە. لەو نووسراوەیەدا، وشەی «جوانیناسی»م لە نووسراوەکەدا هێنابوو. بۆ ئەوەش کە دەری بخەم کە «زۆری لێ حاڵیم!»، بە پیتی لاتینییش لە ناو کەوانەدا وشەکەم بە زمانی خاریجە! نووسیبوو. بەڵام ئەو حیماسە و پاڵەوانبازییە، لە بەختی ڕەشم ببووە تراژێدی و کۆمێدی! سروشتییە کە ئەوکات خوداخودام بوو زۆر کەس ببینن. ساڵەوەختێکی لێتێنپەڕی، ئەوجار بریابریا و خوداخودام بوو کەس نەیدیبێ! بەپێی ئەوە کە ئاگاداری ئەوە هەبووم کە زۆرێک لە وشە ئینگلیسییەکان هەن کە فارسەکان بە هۆی تایبەتمەندیی زار و لاشەویلاکە و گەروو و زمانیان ناتوانن بەدروستی بیژیان بکەن و زار و زمانیان وەها هەڵناسووڕێ کە دوو سوکوون لە سەرەتای وشە بیژبکەن، هەر بۆیە ئەلفێکی ژێردار (مکسور) دەخەنە سەرەتای ئەو وشانە؛ بۆ وێنە بە «سپۆرت» دەڵێن «ئیسپۆرت». ڕادەی ئەو وشانەش دیارە زۆرن. ئێمەش بە هۆی دۆخی تایبەتمان، لە باری زمانییەوە، لانی کەم بەرانبەر وشە بیانییەکان، لە ژێر کارگەریی زمانی فارسی داین و وشە بیانییەکان زۆرتر لە زمانی فارسی یان لە فارس زمانان وەردەگرین. لە ڕێی قیاسکردن، لام وابوو ئەو «جوانی-ناسی»یە کە گوایا پێی دەڵێن «ئیستاتیک»، هەر هەمان شتە و هەر سەر بەو ڕێسایەیە و لەڕاستیدا، وشەکە بەڕەسەنی، بریتییە لە «ستاتیک». ئیدی مەزانە کە «ستاتیک» خۆی وشەیەکی جیاوازی دیکەیە و وشەیەکی تایبەت بە زانستی فیزیکە و بە مانا «وەستاو» و «ڕاوەستاوی»یە! «ئیستاتیک» (جوانیناسی)یش بەدەر لەو ڕێسایەیە و بەڕەسەنی هەر بەو چەشنە بیژدەکرێ. حەیهوو! لە کوێت هەڵداشتووە! من ژێستی ڕامبۆ و برۆسلیم گرتبوو، کەچی ببوومە لۆرێل و هاردی! بەڵام دیسانیش هەر باش بوو؛ لەگەڵ ئەوە کە نووسراوەکەم لە بڵاوکراوەیەکدا بڵاوکرابووەوە کە خوێنەران و نووسەران و هەڵسووڕێنەرانی ناسراو بە «خوێنەری چالاک» بوون، بەڵام لە بەختی چاکم کەس پێی نەزانیبوو! تەنانەت لەوانەیە وەک لادانێکی هونەری و ئەدەبییش سەیریان کردبێ!

کەسێک لەو نزیکانە خەریکی بۆڵەبۆڵە. دەڵێ: «دیسان تێکی داااا! بۆ خۆت ناحەز دەکەی؟! خەڵکی دی لێیان لەهەڵلا دەدەن، حاشای لێدەکەن،، کەچی ئەوە کەس باسی نەکردووە، بۆخۆی لە خۆی لەهەڵلادەدا! ئەو وتارە «جوان» و «بەهێز»ەی بۆ وا لێکرد؟! ئەو ژێستە زانستییەی بۆ وا شێواند؟! لە کەللەی داوە! شا ئەو کابرایە! هاتووەتە بەر ئاوێنە، زمان لە خۆی دەردێنێ!

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم؛ کتێبەکان (جیا لە فەرهەنگەکان و واژەنامەکان)**

- ئیدریسی بدلیسی، محەمەد بایراقدار، وەرگێڕانی: شکور مستەفا، هەولێر: ئاراس، چاپی دووەم: ٢٠٠٩
- توحفەی موزەففەرییە، گرداری: ئۆسکارمان، پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی: هێمن موکریانی، هەولێر: ئاراس، چاپی دووەم: ٢٠٠٦
- چەپکێک لە گوڵزاری نالی، مەسعوود محەممەد، هەولێر: ئاراس، چاپی دووەم: ٢٠٠٧
- چێشتی مجێور، هەژار، ئامادەکردنی: خانی شەڕەفکەندی، پاریس، چاپی یەکەم: ١٩٩٧
- ڕێزمانی کوردی، ئەوڕەحمانی حاجی¬مارف، بەرگی یەکەم: وشەسازی (بەشی پێنجەم: کردار)، سلێمانی: سەردەم، چاپی یەکەم: ٢٠٠٠
- ڕێزمانی کوردی، ئەوڕەحمانی حاجی¬مارف، بەرگی یەکەم: وشەسازی (بەشی دووهەم: جێناو)، بەغدا: دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، [چاپی یەکەم] ١٩٨٧
- زاراوەسازیی پێوانە، مەسعوود محەممەد، هەولێر: ئاراس، چاپی دووەم: ٢٠١١
- کارەساتێکی مێژووی (کوشتاری خەڵکی کورد بە دەست سپای ڕووسی تزاری)، عەزیز وەلیانی و نووسەرانی تر، سەقز: گوتار، [چاپی یەکەم] ١٣٩٦
- کوردستان و شۆڕشەکەی، جەماڵ نەبەز، کۆبەرهەم (١)، وەرگێڕانی لە ئاڵمانییەوە: کوردۆ [کوردۆ عەلی]، [چاپی یەکەم: ١٩٧٢]
- گەشتی ژیانم، مەسعوود محەممەد، هەولێر: ئاوێز، [چاپی یەکەم: ٢٠١٦]

**دووهەم؛ فەرهەنگەکان و واژەنامەکان**

- فەرهەنگی خاڵ، شێخ محەمەدی خاڵ، هەولێر: ئاراس، چاپی دووەم: ٢٠٠٥
- فەرهەنگی ڕێژگە (ئەو وشانەی لە هەنبانەبۆرینەدا نەهاتوون)، ئەمین گەردیگلانی، هەولێر: موکریانی، چاپی یەکەم: ٢٠٠٩
- فەرهەنگی زارەکیی موکریان، سەلاح پایانیانی، مەهاباد: نووسەر، بەرگی ٢و٥ (ب، ج ـ چ)، چاپی یەکەم: ١٣٨٧، ١٣٩٣
- فەرهەنگی کوردستان، گیوی موکریانی، هەولێر: ئاراس، چاپی یەکەم: ١٩٩٩
- فەرهەنگی مەردۆخ، ئایەتوڵڵا موحەممەد مەردۆخی کوردستانی، لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی: ڕەئووف ڕەهنموون، بەرگی ١و٢، سنە: پرتەوبەیان، چاپی یەکەم: ١٣٨٨
- فەرهەنگی مەهاباد، گیوی موکریانی، هەولێر: ئاراس، چاپی دووەم: ٢٠١٢
- فەرهەنگی هەرمان، عەلی نانەوازادە، بەرگی یەکەم (ئا ـ ب)، هەولێر: موکریانی، چاپی دووەم: ٢٠٠٥
- قامووسی زبانی کوردی، عەبدوڕڕەحمانی زەبیحی، ورمێ: ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی ـ ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەییووبی، [چاپی یەکەم] ١٣٦٧
- گوڵچنینەوە لە خەرمانی هەنبانەبۆرینەی هەژار، عەبدوڵڵا حەسەن¬زادە، ستۆکهۆڵم [بڵاوکراوە: نادیار]، چاپی یەکەم: ١٩٩٥
- هەنبانەبۆرینە، هەژار، تهران: سروش، چاپ اول: ١٣٦٩

# خوێندنەوەی بڕگەو دەرخستنی بنەماکان لەرێنووسی کوردیدا

کازم عەباس زەندی

پەیڕەوکردنی شێوە نووسینەک و بەکارهێنانی ئەلفبێیەک بۆ نووسینی هەر زمانەک، لەسەرەتاوە بەپێی کاریگەری ئەو ڕێڕەوە مێژووییە بووە، کە زمانی نەتەوەیەک پێیدا تێپەڕیوە، ئینجا لەپاشاندا لەم ڕێڕەوەدا، تایبەتمەندییەکانی نووسین و بنەماکانی ڕێنووس پەیدابووە، تایبەتمەندییەکانی نووسینیش لەپلەی یەکەمدا بریتییە لەو شێوە نووسینەی کە دەست ڕاهاتنی نووسەرانی لەسەر دروستبووە، ئەوجا لەپلەی دووەمدا دەرخستنی ئەو بنەمایانە بووە کە لەڕێنووسدا دەرکەوتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەدەستپێکدا، نووسینی هەر زمانەک تەنیا بە ئاوێنەی ئاخاوتن زانراوە، بۆیە دەرخستنی بنەماکان و ئەو جیاوازییانەی کە لە نێوان شێوە نووسینەکانی وەک فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجی و بڕگەیی ....تاد هەبووە بەهەند وەرنەگیراوە، ئەمەش وایکرد دەست ڕاهاتن پێشبەندی لە نووسیندا هەبێت و نووسینی هەموو زمانەکان بە تێکەڵی و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دەست پێ بکات، بەڵام لە دواتردا، کە هەوڵی ڕێکخستن و یەکخستنی نووسین درا، کە پێشکەوت و زیاتر قووڵبوونەوەی تێدا کرا، ئەوجا هەست بەوەکرا، کە هەر شێوە نووسینەک تایبەتمەندی خۆی هەیە لە دەرخستنی بنەماکان و گونجاندنی لەگەڵ سروشتی ئەلفبێیەکدا .

هەروەک دەزانین لە ئەنجامی ژێردەستەیی و دابەشکردنی خاکەکەمان بەسەر چەند وڵاتەکی جیاوازدا، لە ئێستادا نووسینی کوردی بە هەردوو ئەلفبێی(عارەبی– لاتینی) دەکرێت، چونکە هەر داگیرکەرەک ئەلفبێیەک بەتایبەتمەندی خۆی بەکاردەهێنێت، لەم حاڵەتەشدا نووسەران و خوێندەوارانی کورد بەناچاری لاسایی ئەلفبێی داگیرکەرانیان کردۆتەوە، چونکە هیچ دەرفەتەکی باشتریان لەبەردەستدا نەبووە تا بەتایبەتمەندی زمانی کوردی ئەلفبێیەکی تر هەڵبژێرن و بەکاری بهێنن، ئەمەش وایکرد شارەزایان و زمانەوانان و نووسەرانی کورد، تایبەتمەندی و بنەمایەکانی ڕێنووسی کوردی لەگەڵ ئەو ئەلفبێیەدا بگونجێنن، کە نەتەوە سەردەستەکان بەکاریان دەهێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیویانە ڕێنووسی کوردی لە ڕێنووسی زمانە زاڵەکان جیابکەنەوە، چونکە گۆڕانکارییان تێداکردووە و هەوڵیانداوە بەڕێچکەیەکی تایبەت ئەلفبێیەکان لەگەڵ ڕێنووسی کوردیدا بگونجێنن، بەم هۆیەوەش لە ئێستادا دەتوانین ئەوە بڵێین کە نووسینی کوردی بەتایبەتمەندی خۆی دەکرێت و ڕێنووسەکەی لە ڕێنووسی زمانە زاڵەکان ناچێت .

ئاشکرایە کە هەردوو شێوە نووسینی فۆنەتیکی فۆنیمی و بڕگەیی لە ڕێنووسی کوردیدا، تێکەڵی یەکتر دەکرێت، چونکە هیچیان بە بێ ئەوی دیکە ڕێنووسەکی

یاسایی و تەواوی لێ دروست نابێت، کە نووسین بە ئەلفبیی عارەبی دەکرێت، شێوە نووسینی فۆنەتیکی فۆنیمی زاڵ دەبێت، چونکە ئەو دەنگانەی تێدا پیشان دەدرێت کە فۆنیمی لێ دروست دەبێت، ئینجا لەبڕگەکردنی وشەکاندا بنەماکان دەستنیشان دەکرێن، بەڵام کە بە ئەلفبێی لاتینی دەکرێت، شێوە نووسینی فۆنەتیکی بڕگەیی تێدا زاڵ دەبێت، چونکە وشەکان بڕگە دەکرێن، ئەوجا فۆنیم و بنەماکان پیشان دەدرێن، لەمەشدا ئەو ڕاستییە دەەسەلمێت کە ئەو جۆرە نووسینەی ئەمڕۆ لە نووسینی کوردیدا کاری پێ دەکرێت، بە زۆری تێکەڵەیەکە لەئەلفبێی بڕگەیی و ئەلفبێیی، کەمەکی فۆنیمییە و کەمەکیشی فۆنەتیکییە، لەگەڵ ئەوەشدا نووسینی بڕگەیی بەسەریدا زالە (پ،د محەممەدی مەحوی- مەنامە(بەستانداردکردنی زمانی کوردی و دروستنوسین) لا٥٣٦)

لە شێوەنووسینی فۆنەتیکی فۆنیمیدا، بە پێی ئالوگۆڕبوونی ئەو دەنگانەی کە واتای وشە دەگۆڕن، فۆنیمەکان دروست دەکرێن، ئەوجا نیگاری پیتیان بۆ دادەنرێت، لە شێوە نووسینی فۆنەتیکی بڕگەییدا، بەهەمان شێوە فۆنیمەکان دروست دەکرێن، بەڵام لەبڕگەکردنی وشەکاندا بنەماکان دەردەخرێن و پێگەی پلەبزوێنی کورت و درێژی (و ، ی) لەگەڵ جیاکردنەوەی بزوێن و نەبزوێنی (و ، ی) دیاردەکرێت، لەمەشدا نووسین و ڕێنووسی کوردی ئەم تایبەتمەندییانەی بۆ دروست دەبێت .

١- کورتە دەنگی بزرۆکە لە ئەلفبێی عارەبیدا، ون دەکرێت، چونکە پلەی فۆنیم وەرناگرێت، بەڵام لەئەلفبێی لاتینیدا، دەردەخرێت بەبێ ئەوەی بە فۆنیمەکی سەربەخۆ بزانرێت، پێگەی ئەم دەرخستنەش لە ڕێی بڕگەکردنەوە دەردەکەوێت .

٢- لە هەردوو ئەلفبێدا، سەرەو ژێرەو بۆرەی عارەبی، کە بە کورتە دەنگ دادەنرێن، بە(ی ، و ، ە) پیشان دەدرێن و بەهاوتای ئەو دەنگانە دەزانرێن، کە بە فۆنیم هەژمار دەکرێن .

٣- دەنگی هەمزە لە ئەلفبێی عارەبیدا، وەک فۆنیم خۆی دەنوێنێت و بەنیگاری (ئـ) دەنووسرێت، بەڵام لە ئەلفبێی لاتینیدا، وەک دەنگەکی بێ فۆنیم تێکەڵ بە بزوێنەکان دەکرێت.

٤- لە هەردوو ئەلفبێدا، دەنگە ئەلۆفۆنەکانی(ک ، گ ، ل) تەنیا لە ئاخاوتندا دەردەخرێن و بەفۆنیم هەژمار ناکرێن، چونکە بە ئالوگۆڕکردنیان بە فۆنیمەکانیان واتا ناگۆڕن .

٥- لە هەردوو ئەلفبێدا، دیفتۆنگە دوو دەنگەکانی(وی ، وێ) بەدوو فۆنیم پیشان دەدرێن، چونکە لە دوو دەنگ، فۆنیمەک دروست ناکرێت .

٦- لە ئەلفبێی عارەبیدا، پلە بزوێنی درێژی (و) بەجووت (وو) دەردەخرێت، بەڵام پلە بزوێنی درێژی (ی) هەر بەتاک دەنووسرێت، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەدایە، چونکە پلە بزوێنی درێژ لە یەکگرتنی بزوێنەکی تەواوو بزرۆکە دروست دەبێت، هەروەک ئاشکراشە بزرۆکە تەنیا بە کورتە ژێرەی دەنگی (ی) دەزانرێت، بۆیە پلە بزوێنی درێژی (ی) لە ئەلفبێی عارەبی هەردەم بەتاک دەنووسرێت، کەچی پلەبزوێنی درێژی (و) بەجووت دەنووسرێت، بەڵام لەئەلفبێی لاتینیدا هەردووکیان بەشێوە ڕاستییەکەی دەردەخرێن، چونکە بۆ هەردوو پلە بزوێنی درێژ، هێمای کلاوەی (^) لەسەر (I u) دادەنرێت .

٧- لە ئەلفبێی عارەبیدا، بزوێن و نەبزوێنی (و ، ی) بەنیگاری جیاواز پیشان نادرێت، بەڵام لە لاتینیدا بۆ هەریەکەیان نیگارە جیاوازی (iy , uw) بەکار دەهێنرێت ، پیشان دەدرێت کە کامەیان بزوێنەو کامەیان ڕۆڵی نەبزوێنی دەبینێت، ئەم جیاکردنەوەیەش بەهۆی بڕگەکردنەوە دەردەکەوێت .

بڕگەکردنی وشەکان

بڕگە بێژەیەکە، کە بەیەکجار لە دەمدا دێتە دەرێ، بە پێی هەبوونی بزوێنیش لە وشەدا ژمارەی بڕگە دەردەکەوێت، چونکە چەند بزوێن لە وشەدا هەبێت، ئەم وشەیە بە ئەوەندە بڕگە هەژمار دەکرێت، بەڵام هەروەک دەزانین لەبەر ئەوەی زمانی کوردی زمانەکی لێکدراوە، بۆیە زۆر لە وشەکانی بە ناسادەیی دروست دەبێت، ئەمەش وادەکات بڕگەکردنی وشەکان بەشێوەیەک نەکرێت و جیاوازی لە دەستنیشانکردنی کورتترین و درێژترین بڕگەو لەژمارەی بڕگە دروست ببێت، بۆ چارەسەری ئەم گرفتەش، ئێمە وای بەپەسند دەزانین، کە ژمارەی بڕگەکان لەوشە سادەکان دەستنیشان بکرێن، ئینجا درێژترین و کورتترین بڕگەیان تێدا دیاربکرێت، بەواتای ئەوەی وشە ناسادەکان بکرێنەوە سادە، ئینجا بڕگە بکرێن، بەسەرنجگرتن لە بڕگەکردنی وشە سادەکانیش لە زمانی کوردیدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە درێژترین وشەی سادە لەچوار بڕگە دروست دەبێت وەک (جال / جا / لۆ / کە ..... قوڕ/قوو / ڕا / گە ......تاد، بەڵام لە ڕووی دروستبوونەوە بەشی هەرە زۆریان لە دوو بڕگەو سێ بڕگە دروست دەبن، ئینجا بەشێوەیەکی کەمتر یەک بڕگەیی و چوار بڕگەیی .

**یەکەم / درێژترین بڕگە لەوشە سادەکاندا**

ا- لەسێ نەبزوێن و بزوێنەکی تەواو بەزنجیرەی (CvCC) دروست دەبێت وەک لە :

- کورد Kurd ... گوند Gund ... سینگ sing ... دەنگ deng ... ماست Mast ... گۆشت goŝt... شێست ŝêst ... دەست Dest... پەند pend ... تەشت teŝt ... لینگ Ling ... دۆست Dost ... نوست Nust ... س/روشت SI / ruŝt ... ب/نیشت BI / niŝt... د/روست DI / rust ... ت /فەنگ TI/feng ... گۆ/ڤەند Go / vend ... تە/نیشت Te / niŝt .......تاد

ب – لەسێ نەبزوێن و بزرۆکە بەزنجیرەی (CC + بزرۆکە + C)دروست دەبێت، وەک لە :

- ورد WIrd ... پرد PIrd ... قنج QInc ... پند PInd ..... سنگ SIng ... خشت XIŝt ... ب /رنج BI/rInc ... س/رنج SI /rInc ... گ/رنگ GI / rIng ... د/ رشت DI / rIŝt... گ/رفت GI/rIft.......تاد

**دووەم / کورتترین بڕگە لەوشە سادەکاندا .**

ا- لەبزوێنەک و نەبزوێنەک (Cv) دروست دەبێت وەک لە :

-ڤالا Va /La ......ڕازاوە a / za / weȒ ... پەپوولە Pe / pû / Le

ب- لەبزرۆکەو نەبزوێنەک (بزرۆکە + C) دروست دەبێت وەک لە :

- م + بزرۆکە / رۆڤ MI / rov ... گ+بزرۆکە/ یا GI / ya ... ج + بزرۆکە / وان CI/wan

**یاسایەکانی خوێندنەوەی بڕگە**

ئاشکرایە کە هەندی لە وشە سادەکان بەیەک شێوە خوێندنەوەی بڕگەیان بۆ دەکرێت و کەسیش لاری لە شێوەی بڕگەکردنیان نییە، وەک (ناز – تیپ – کێو - کا / وە – هێل /کە – ما / سی – ئا/ وا /رە ......تاد بۆیە ئەم وشانە لەکاتی خوێندنەوەی بڕگەکانیاندا پێویستییان به دارِشتنی یاسا نییە، بەڵام هەندێ وشەی ترمان هەیە بە دوو شێوەو زیاتر خوێندنەوەی بڕگەیان بۆ دەکرێت، بۆیە پێویستە بۆ ئەم حاڵەتانە یاسای بەڵگەدارو سەلمێنراوو یەکلاکەرەوە دابنرێت، تاوەکو شێوەیەک لە شێوەکانی

خوێندنەوەی بڕگەکانی ئەم وشانە بە لای هەموانەوە بەڕاستتر بزانرێت و جیاوازی بیرورِا لە خوێندنەوەو ژمارەی بڕگەکانیاندا نەمێنێت، بە باوەڕی ئێمەش وا پەسندترە، یاسا بۆ ئەم جۆرە وشانە بە پێوەری هێز لە ئالوگۆڕو کاریگەری پیتە بزوێن و نەبزوێنەکان لەسەر یەکتر دابڕێژرێن .

**لە وشە سادەکاندا**

**حاڵەتی یەکەم /** ئەگەر لە وشەیەکی سادەدا دەنگی سێیەم بزوێن بێت و پیتە (و ، ی)یان لەپێشدا بێت، لە شێوەیەک زیاتر خوێندنەوەی بڕگەیان بۆ دەکرێت وەک لە :

* شوان – (ش / وان) – (شوو/ وان)
* ڕوەک – (ڕ/ وەک) – (ڕوو / وەک)
* دوین – (د / وین) – (دوو / وین)
* شوێن – (ش / وێن) – (شوو / وێن)
* خوێندن – ( خ / وێن / دن) – (خوو / وێن / دن) – (خوێن / دن)
* خواردن – (خ/ وار/ دن) – (خوو/ وار/ دن) – (خوار / دن)
* گیان – (گ/یان) – (گیی/یان)
* چیا – (چ / یا) – (چیی / یا)
* پیاو – (پ / یاو ) – (پیی / یاو).......تاد

بۆ سەلماندنی ڕاستی یەکەک لەم شێوە بڕگەکردنانە، دەتوانین بەڵگەی ڕاستی لە ئالوگۆڕی بزوێنەکان و هەر دوو دەنگی (و ، ی) بە نەبزوێنەکی دیکە وەربگرین، چونکە (و ، ی) لەم حاڵەتەدا ڕۆڵی نەبزوێنی دەبینن بۆ نموونە :

١- ئەگەر (شوان) یان (شیان) بکەینە (شڤان ، شکان) دەبینین یەک شێوە خوێندنەوەو بڕگەکردن بۆ (ش/ ڤان ŜI /van )– (ش / کان ŜI /kan ) دەکرێت، لەمەشدا دەتوانین پێوەر بۆ هەموو ئەو دەستەواژانەی، کە هەمان زنجیرەی پیتە بەدواداهاتووەکانی( نەبزوێن + (و ، ی) نەبزوێن + بزوێن .....(CCVC) هەیە وەربگرین، وەک (ژ/ وان ... چ/ وان ... د/ وان ... گ/ وان ... ل/ وان ... ڕ/ وان ... ت/ وان ... ن/ وان ... س/ وان ... خ/ وار ... س/ وار ...س/ وال ... ش/ کار... خ/ راپ .. گ/ ران .. د/ ڕان .. م/ زاش .. ب / ڕوش......تاد چونکە لەمەدا ئەو ڕاستییە دەسەلمێت کە ئەم شێوە بڕگەکردنە لەشێوەکانی دیکە ڕاستترە کە (بزرۆکە لەگەل نەبزوێنی سەرەتا بڕگە دروست دەکات ئینجا بڕگەی تری بەدوادا دێت) .

بەهەمانشێوە :

* ئەگەر (ڕوەک) بکەینە ڕ / مەک Ȓ l/mek (ڕ/ قەک ... ش/ تەک ... ج/ لەک ... ق/ لەک....تاد

* ئەگەر)دوین) بکەینە)د/لین Dl/ Lîn)) (س/ وین ... د/ زین ... د/ ڕین ... خ/ زین ... م/ ژین، گ/ رین ... س / ڤیل...تاد

* ئەگەر (خوێن) بکەینە (ش / کێن Ŝl / kên ) (ش/ لێر... د/ لێر ... ک / نێر ... ب/ وێر ...تاد

* ئەگەر (گیان) بکەینە (گ / لانGl / Lan) (گ / ران ... ق / ڕان ... ب / ران ... م/ ران ... د/ ڕان......تاد

* )ئەگەر (چیا( بکەینە( چ / راĈ l / ra) (ب/ را... د / ڕا ... خ/ وا ... س / زا ... ن / زا.....تاد

* ئەگەر (پیاو) بکەینە (پ / لاو Pl / Law (س/ لاو ... ک/ لاو ... خ/ راو ... د/ راو......تاد

لەمانەشدا دەبینین هەموو ئەو وشانەی کە (و ، ی)یان تێدا بەنەبزوێنەکانی تر دەگۆڕدرێت، بەیەک شێوە بڕگە دەکرێن، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە بڕگەکردنی ئەم وشانەش بە هەمانشێوە بە ڕاست بزانرێن، هەروەها بەڵگەیەکی تر بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم شێوە بڕگەکردنە لە جێگۆڕکێی بزوێن بە نەبزوێنەکانیش دەردەکەوێت، چونکە لەو کاتەی کە جێگۆڕکێ بە بزوێنەکە دەکرێت، دەبینین وشەیەکی یەک بڕگەیی بۆ دوو بڕگەیی دەگۆڕێت، لەمەشدا ئەو ڕاستییە دەسەلمێت، کە ئەگەر پێگەی بزوێن لە سێیەم دەنگی وشەدا بێت، نەبزوێنی سەرەتا بەبزرۆکە بڕگە دروست دەکات، ئینجا بڕگەی تری بەدوادا دێت ، وەک لەم وشانەدا دەردەکەوێت :

- (ڕاو awȒ) یەک بڕگەیە دەبێتە (ڕ + بزرۆکە/ وا Ȓ l/wa)ی دوو بڕگەیی
- (چار arĈ) یەک بڕگەیە دەبێتە (چ + بزرۆکە/ را l/raĈ) ی دوو بڕگەیی

ئەمانەی خوارەوەش بەهەمان شێوە :

- (پەلPeL )دەبێتە پلە (پ + بزرۆکە/ لەPl / Le )
- (سێوSêw ) دەبێتە سوێ (س + بزرۆکە / وێSl/ wê )
- (چایay Ĉ) دەبێتە چیا (چ + بزرۆکە/ یاl/ya Ĉ)
- (نازNaz ) دەبێتە نزا (ن + بزرۆکە/ زاNl/za )

- (خێوXêw ) دەبێتە خوێ (خ + بزرۆکە / وێwê / XI )
- (تێرTêr ) دەبێتە ترێ (ت +بزرۆکە / رێrê /TI )
- (تیژ Tî Ẑ) دەبێتە تژی (ت + بزرۆکە / ژیẐî /TI )........تاد

**حاڵەتی دووەم /** ئەگەر لەوشەیەکی سادەدا، دەنگی (و) بکەوێتە سەرەتای وشەو نەبزوێنەکی تری بەدوادا بێت، لە شێوەیەک زیاتر خوێندنەوەی بڕگەی بۆ دەکرێت وەک لە :

* وزە ... (و / زە ) – (وو / زە ) – (وز / زە)
* وچان ... (و / چان) – (وو/ چان) – (وچ / چان)
* وڕێنە ... (و / ڕێ / نە) – (وڕێ / نە).......تاد

بۆ سەلماندنی ڕاستی یەکەک لەم شێوە بڕگەکردنانەش پێویستمان بەئالوگۆڕکردنی (و) بە نەبزوێنەکانی ترە، چونکە وشەکان بەیەک شێوە خوێندنەوەی بڕگەکانیان بۆ دەکرێت، لەمەشدا دەتوانین پێوەرو شێوە خوێندنەوەی ڕاستی لێ لاسایی بکەینەوە بۆنموونە .

- ئەگەر (وزە) بکەینە (قسە)(ق/ سە QI / se) ... م/ شە ... ف/ شە ... د/ زە ... ف/ سە ... م/ زە....تاد
- ئەگەر (وچان) بکەینە(کچان) (ک / چان KI / Ĉan )... ڕ/شان ... د/لان ... پ/ لان ....تاد
–ئەگەر (وڕێنە) بکەینە (خرێنە)(خ / رێ / نە XI/rê/ne) ...گ/ لێ/ نە ... ش/ لێ/ وە ... ک/ ڕێ/ وە.....تاد

دەبینین یەک شێوە خوێندنەوە بۆ وشە گۆڕاوەکان دەکرێت، بۆیە وا ڕاستترە ئەو وشانەی، کە بە(و) دەست پێ دەکەن و هەمان زنجیرەیان هەیە، بەهەمان شێوە بڕگە بکرێن، چونکە (و)ی سەرەتا لەگەڵ بزرۆکە بڕگە دروست دەکات، بۆیە ( و/ زە WI / ze ... و/ چان WI / Ĉan ... و / ڕێ/ نە WI / r̂ê / ne......تاد لە شێوەکانی تر ڕاستترن.....هەروەها بۆ دەنگی (ی)ش کە دەکەوێتە هەمان پێگەی سەرەتاوە، هەمان خوێندنەوەو بڕگەکردن بەڕاستتر دەزانرێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا لەم جۆرە وشەیەمان کەمە، کە سەرەتای وشە نەبزوێنی (ی) بێت و نەبزوێنەکی تری بەدوادابێت، بەڵکو زیاتر بزوێنیان بەدوادادێت، بۆیە تەنیا وشەی (یخ، یخە)مان کەوتە

بەرچاو، کە بۆ پاڵکەوتنی حوشترو دەرکردنی کارو بزن بەکاردێت، کە ئەمیش بەهەمان شێوە بڕگە دەکرێت .

- یخYlx
- یخە YI /xe)  ... بەڵام لەم وشەیەدا پیتە(خ) لەت دەبێت و بەدوباد دەردەکەوێت ((Ylx /xe

**حاڵەتی سێیەم /** ئەگەر دوو نەبزوێن لە سەرەتای وشەدا بەدوای یەکتردا بێن و دەنگی سێیەم (ی) یان (و)ی بزوێن بێت، لەشێوەیەک زیاتر بڕگەدەکرێن وەک لە :

- پڕوشک ... (پ / ڕو/ شک) – (پڕو/ شک)
- بروسک ...(ب /رو / سک) – (برو / سک)
- تروسکە... (ت / روس / کە) – (تروس / کە)
- چلورە ...(چ / لو/ رە) - (چلو / رە)
- مریشک... (م / ری / شک)  - (مری / شک)
- پزیشک ...(پ /زی /شک) – (پزی / شک)
- قلیشان ...(ق / لی / شان) – (قلی / شان )
- تریسکە ... (ت / ریس / کە ) - (تریس / کە)
- فریشتە ...، (ف /ریش / تە) – (فریش / تە) ......تاد

بۆ یەکلاییکردنەوەی ڕاستی یەکەک لەم دوو شێوە خوێندنەوەیەش، دەتوانین پێوەر لە حاڵەتی یەکەم و دووەم وەربگرین، چونکە کە(و ، ی) ڕۆڵی بزوێن دەبینن، هەمان زنجیرەی (CCv)یان بۆ دروست دەبێت، بۆیە بە هەمان شێوەی حاڵەتی یەکەم و دووەم نەبزوێنی سەرەتا لەگەڵ بزرۆکە بڕگە دروست دەکات، ئینجا بزوێنی (ی ، و) لەگەڵ نەبزوێنی دووەم بڕگەی دوایی دروست دەکەن، لەم حاڵەتەشدا ئەم شێوە بڕگەکردنە بۆ ئەم جۆرە وشەو زنجیرەیە بەڕاست دەزانرێت :

- پ/ ڕو/ شک PI /řû / ŝlk
- ب / رو / سکBI / rû / slk
- ت / روس / کە  TI        / rûs / ke
- چ / لو / رە ĈI / Lû / re
- م / ری / شک  ŝlk MI / rî /

- پ /زی / شک / ŝlk PI / zî
- ق / لی / شا ŝa / Lî / QI
- ت / ریس / که ke / rîs / TI
- ف/ ریش / ته rîŝ / FI / te

کەواتە هەر کاتەک ئەگەر زنجیرەی پیتەکان لە وشەدا (ccv.......)بو، نەبزوێنی سەرەتا لەگەڵ بزرۆکە بڕگە دروست دەکات، ئینجا بڕگەی تری بەدوادا دێت .

حاڵەتی چوارەم / لەو کاتەی کە پیتەکی نەبزوێن لە بڕگەکردنی وشەیەکی سادەدا، لەت دەبێت، جیاوازی بڕگەکردنی لێ دەردەکەوێت، چونکە هەندێ کەس لەتبوونەکە دەردەخات و هەندەکی تر بە هەندی وەرناگرێت .

*شەق / قاو...... ŝeq / qaw
* کوپ / پە ....... Kup / pe
* ماد / دە ...... Mad / de
* گەز / زە ....... Gez / ze
*کەت / تان ...... Ket / tan
*کەل / لۆس ...... KeL/Los
* میل/ لەت ....... MîL / Let
* بە / ڕەل/ لا...... Be / r̂eL / La
* پەل / لار ....... PeL/ Lar
* کەل / لە ...... KeL / Le
* گول/ لە ....... GuL / Le
* مەک / کە ....... Mek / ke
* شەم/ مە ....... ŝem / me
* کول / لە ...... KuL / Le
* قول / لە ..... QuL /Le..... تاد

لەتبوونی دەنگ ئەو کردارەیە کە دەنگەک بکەوێتە کۆتایی و سەرەتای بڕگەیەک، ئەمەش بە(دووباد– مشدد ) لە ڕێنووسدا ناودەبرێت، لەتبوونی پیتیش دەتوانرێت لە نووسینی هەندێ وشەدا ڕەچاو بکرێت و لە هەندەکی دیکەدا ڕەچاو نەکرێت، چونکە لە هەندێ حاڵەتدا کاریگەری لەسەر گۆڕانی واتا دەبێت وەک (مەک /کە ...مەکە)( گول

/ لە ...گولە) لەهەندەکی تردا نابێت وەک (ماد/دە، مادە – گەز / زە ، گەزە – کەل / لۆس ، کەلۆس – کەتان، بۆ یەکخستن و نەهێشتنی جیاوازی ئەم حاڵەتانەش، ئێمە وای بەپەسند دەزانین، لەئەلفبێی لاتینیدا هەردەم وشەکان بەدووباد بنووسرێن، چونکە شێوە نووسینی برگەیی تێدا پەیرەو دەکرێت، بەڵام لە ئەلفبێی عارەبیدا، ڕەچاوی گۆڕانی واتای وشەکان بکرێت، بەواتای ئەوەی ئەگەر واتای وشەیەک بەدووباد گۆڕا ئەوا هەربەدووباد بنووسرێت، بەڵام ئەگەر واتاکەی نەگۆڕا بەدووباد نەنووسرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت ڕێککەوتن بکرێت بۆ ئەوەی ڕایەکی یەکلاکەرەوە هەڵبژێردرێت .

**لەوشە ناسادەکاندا**

وشە ناسادەکان بکرێنەوە سادە ئینجا خوێندنەوەی برگەیان بۆ بکرێت، چونکە بەم شێوەیە بنەماکان بەشێوەیەکی ڕاست و تەواوتر دەردەکەوێت .

حاڵەتی یەکەم / ئەگەر دوو وشەی لێکدراو بوو، لەیەکتر جیابکرێنەوە ئینجا برگەبکرێن .

– ڕێزمان ... (ڕێ/ ز/ مان Ȓê/zl/man) نەوەکو (ڕێز/ مان Ȓêz/man)

– گێلەپیاو ... (گێ/ لە/ پ/ یاو Gê/Le/Pl/yaw ) نەوەکو (گێ/ لەپ/ یاو Gê/LeP/yaw)

– شێرەسوار... (شێ / رە / س/ وار Ŝê/re/sl/war) نەوەکو (شێ/ رەس/ وار Ŝê/res/war)

حاڵەتی دووەم / ئەگەر نیشانەو پێشگرەکان بەکار بهێنرێن، بەسەربەخۆیی برگە بکرێن .

– (دە / ب / ڕم De / bl /ȓlm ) نەوەکو (دەب / ڕم Deb /ȓlm)

–(هەل / دە / ب / ڕین HeL/ De / bl /ȓîn ) نەوەکو (هەل / دەب / ڕین HeL/ Deb /ȓîn)

– (دە / ف / ڕێت De / fl /ȓêt ) نەوەکو (دەف / ڕێت Def/ȓêt )

– (دە / ف/ ڕێ/ نیت De / fl/ȓê /nît ) نەوەکو (دەف / ڕێ/ نیت Def/ȓê /nît )

– (نا / ک / ڕی Na/kl/ȓi ) نەوەکو (ناک / ڕی Nak/ȓi )

– (مە / ف / ڕۆ / شە Me/fl/ro/ŝe ) نەوەکو (مەف/ ڕۆ / شە Mef/ro/ŝe )

- (پێ / ف/ ڕۆش / تن Pê/fl/roŝ/tln ) (پێف / ڕۆش / تن Pêf/roŝ/tln )
- (ب / ڕ/ ژێ/ نه Bl/ȓl/ Žê / ne ) نەوەکو ( بڕ / ژێ / نه Blȓ/ Žê / ne )
- (ده / گ / ڕێت De/gl/rêt ) نەوەکو (دەگ / ڕێت Deg/rêt ) .....تاد

**سەرنج**

بەسەرنجگرتن لە بەکارهێنانی نیشانەو پێشگرەکان لە گەردانکردنی کارەکاندا، دەبینین دوو شێوە خوێندنەوە بۆ بڕگەکردنی ئەو چاوگ و کارانە دەکرێت کە زنجیرەی پیتەکانی یەکەم و دووەمی ڕەگەکانیان نەبزوێنە (CC)یە وەک (بڕین ، گرتن ، کڕین ، فرۆشتن ، ڕژاندن.....تاد ، چونکە دەتوانرێت نیشانەو پێشگرەکە تێکەڵی بڕگەی کارەکان بکرێت وەک لە :

-(بڕین) ... دەب / ڕم ...ناب / ڕێت ....مەب / ڕە

(گرتن) ... دەگ / ڕێت ... ناگ / رم ... مەگ / رە ......تاد لەهەمان کاتدا دەتوانرێت هەریەکەشیان بەجیا بڕگەبکرێت

-(دە / ب / ڕم ... نا / ب / ڕێت ... مە / ب / ڕە)

-( دە / گ / ڕێت ... نا / گ / رم ... مە /گ / رە)، بەڵام لەو چاوگانەی کە زنجیرەی پیتەکانی یەکەمیان نەبزوێنەو دووەمیان بزوێنە(CV) وەک (گیران ، کوشتن ، بارین ، نووسین ، نووستن ، بەخشین ، هانین ، بەزین ، سووتان ، ڕێسین.....تاد ئەم گرفتە دروست نابێت، چونکە بەیەک شێوە بڕگەدەکرێن وەک لە :

- گیران ... دە / گی / ڕێت ... نا / گی / ڕێت
- کوشتن ... دە / کو/ ژم .... مە / کوو / ژە ... نا / کوو / ژم
- بارین ... دە/ با/ ڕێت .... نا / با /ریت
- نووسین ... دە / نوو / سێت / مە / نوو / سە .... ب /نوو / سە .........تاد

بۆ نەهێشتنی ئەم جیاوازییەش، دەتوانین پێوەر لەم چاوگ و کارانە وەربگرین، کە ڕەگەکانیان بە زنجیرەی (Cv)دروست دەبێت، چونکە بەشی هەرە زۆری چاوگە کوردییەکان بەم زنجیرەیە دەست پێ دەکات، بۆیە دەکرێت لە هەموو حاڵەتەکدا ئەم شێوە خوێندنەوەو بڕگەکردنە بەڕاست بزانرێت و یاسای زۆرینە بۆ کەمینە بەکار بهێنرێت (بۆزانیاری زیاتر بڕوانە : ڕابەری ڕێنوسی کوردی چ١ لا١٤٩)

# ل باكورێ كوردستانێ
# رەوشا دملی (زازاكی) و كورمانجی

بلال زيلان

**کورتە:**

ل باکورێ کوردستانێ دوو زارێن کوردییێن سەرەکە تێن قسە کرن: کورمانجی و دملی (زازاکی). قەدەخەکرنا کوردییا کو پشتی دامەزراندنا دەولەتا ترکیا دەست پێ کر، ب قانوونێ ئەساسی، قانوون و رێزکنامەیان هاتیە سیستەماتیزە کرن و هەم ژی ب ئاستەنگییێن پراکتیکی بەردەوامن. هەر چەند ئیرۆ هن قەدەخەیێن زمانی هاتنە سستکرن ژی، کوردی ستاتویەکی فەرمی نینە و مەسەلا هین دبستانەکە سەرەتاییا کو پەروەردەهیا ب کوردی بدە، تونەیە. ل گۆر لێکۆلینێن جودا و ب تەجروبەیێن شەخسی ئەم کارن بێژن کو وەندابوون یان ئاسیمیلەبوونا زمان ئێدی گەهیشتیە ئاستا خەتەرەیێ. چمکی ڤەگوهەستنا زمان بۆ نفشێن نوو داکەتیە ژ ٪ ٦٠ی. ئەڤ رەوش نیسبەت ب کورمانجی ژ بۆ زاراڤایا دملی (دمبلی) خرابترە. هەلبەت وندابوونا زمان ل ناڤەندێن باژاران ژ دەڤەرێن گوندەوار زێدەترە. پڕانیا زارۆکێن کورد نها ب دووزمانی (کوردی و ترکی) ئان ژی تەنێ ب ترکی مەزن دبن. د مالباتێن دووزمانی دە ژی ترکی ل سەر کوردی زال دبە و کوردی د ناڤ مالباتێ دە دمینە و دهەلە.

مرۆڤ دکارە ل گۆری قادێن بکارانینا زمانەکی تێبگەهێ کو ئەو زمان د بن خەتەرەیێ دەیە یان نا. ژ بلی بکارانینا فەرمییا زمانەکی؛ ژ بۆ مە گرینگە کو ئەم ئاستا مەترسییێ فام بکن کو گەلۆ زمان د دەڤەرێن سڤیل دە چقاس تێ قسەکرن. ئەم دەما کو رەوشا کوردی ل گۆر وارێن وەک دانووستەندنا مالباتێ، کارێ ڕۆژانەیێن ل دەرڤایی مالێ، پەروەردە، بازرگانی، تێکلی و دانوستاندنا رۆژانە، وەرزیش (سپۆر)، شاهی و داوەت، چالاکیێن چاندی و هونەری، وارێ تەندورستییێ و ئیبادەتێ دنرخینن، د ناڤ کاتەگۆریا زمانێن د خەتەرەیێ دە ئان ژی نە ئەولەدار دە جهـ دگرە. هەر چەندی د راپۆرێن ئونەسجۆیێن سالا ٢٠١٠ان دە ئەڤ تەسبیت تەنێ ژ بۆ زازاکی هاتیە کرن ژی هەمان ڕەوش ژ بۆ کورمانجی ژی وسایە.

د ڤێ گۆتارێ دە ل باکورێ کوردستانێ تەسپیتکرنا رەوشا زمانێ کوردی دگەل سەدەم و چارەسەرییێن وێ دێ وەرە نیقاشکرن.

وشەیێن سەرەکە: دملی، دمبلی، کوردی، کورمانجی، زازاکی، زمان.

**١. دەستپێک**

هەر چەند زمان د ناڤبەرا مرۆڤان دە پێوەندیا بنگەهین پەیدا دکە؛ هەر وها هلگرێ چاندێیە و د پێکهاتنا ناسنامەیا نەتەوەیی دە خوەدی رۆلەکە گرینگە. ب ڤی ئاوایی، هشمەندیا ئایدیەتا جڤاکی و هلبەراندن و بەردەوامیا پەرگالا چاندی پێک تێ. ئەگەر زمان وندا ببە، بەردەوامیا ملەتێ دژوار دبە. (فسچەر، ٢٠١٣، ر. ١٨٤).

سەدسالا داوی ژ بۆ زمانێن دنیایێ نە ئەولە بوویە. ب تایبەتی ژی ب ئاڤابوونا نەتەو-دەولەتان رە، گەلەک زمان ژ قادا فەرمیبوونێ هاتنە دوورخستن و ل قادەکە تەنگ هاتنە سینۆردارکرن. ب تایبەتی زمانێن کو نە خوەدیێ چاندەکە نڤیسکییا کەڤنن یان ژی نە زمانێ فەرمییێ دەولەتەکی نە و هەبوونا خوەیا جڤاکی ب پرانی ل سەر چاندا دەڤکی دپارێزن، زێدەتر ب خەتەرەیان رە روو ب روو نە.

گەلەک سەدەمێن جهێ رەنگ هەنە کو چما ئاخێڤەرێن زمان دەڤ ژ زمانێ خوە بەردد‌ن. ئەڤ سەدەم ب گشتی وانداکرنا ڕێڤەبەریا دەولەتێ، کۆچبەری، کێم نەتەوە بوون، ئەرۆزیا چاندی، پرسگرێکێن سۆسیۆ-ئابۆری، بێاقلی و هود. دەما کو زمانێ زکماکی ژ بەر سەدەمێن ب ڤی ڕەنگی جهـ ڤەدکە، د مالێ دە ئاسێ دبە و د داویێ دە وندا دبە. (جریستال، ٢٠٠٧، ر. ٩٠-٩٧)

سەدەمێن خوەزاییێن کو دبن سەدەما وانداکرنا زمانی ممکوونن، لێ سەدەمێن وەکی ئاسیمیلاسیۆنا ب زۆرێ و ئاسیمیلاسیۆنا دلخوازی ژی هەنە. (نەتتلە & رۆمانە، ٢٠٠١، ر. ١٥٤) ل گۆر ڕەوشا کوردی، ئاسیمیلاسیۆنا ب دلخوازی د ڤان سالێن داوین دە ل ترکیەیێ وەک پارچەیەک ل ئاسیمیلاسیۆنا ب زۆرێ هاتیە زێدەکرن. د راستیێ دە ئاسیمیلاسیۆن چڤاسی دلخوازییە جهێ نیقاشێیە. پر جاران، کەسێن کو زمانێن وان هاتنە قەدەخەکرن ئان ئاستەنگ کرن، دەست ب وانداکرنا زمانێن خوە دکن. ژ بەر کو باوەر دکن کو ئەو ب ئاخافتنا زمانێ نوو دێ د پەرگالا جڤاکییا دەولەتێ دە چێتر بژین و ژ دەرفەتێن ئابۆری فایدە ببینن. (ئالداتماز، ٢٠٢٠، ر. ٤).

ل باکورێ کوردستانێ دو زاراڤایێن کوردییێن سەرەکە تێن قسە کرن: کورمانجی و دملی (زازاکی). زاراڤەیەکی دن ژی شێخبزنییە کو ل ئانادۆلییێ بەربەلاڤە. زاراڤەیێ هەری زێدە تێ قسە کرن کورمانجییە.

د ڤی واری دە دەولەتا ترکیە ب قانوون و پۆلیتیکایێن فەرمی قەدەخەیێن توند ل سەر زمانێ کوردی فەرز کریە. ترکیە، ژ قانونا ئەساسییا ١٩٢٤عان هەتا ئیرۆ، زمانێ

ترکی تەنێ وەک زمانێ فەرمی قەبوول کریە، پەروەردەیا ب زمانێن دن قەدەخە کریە و هن جاران جەزا دایە ل کەسێن کو ب زمانێن جودا داخڤن ئان وەشانێ دکن. د ڤان بیست-سی سالێن داوی دە هن قەدەخە هاتن راکرن یان ژی سڤککرن؛ لێ گەلەکی وان ژی هێ بەردەوامن. وەک نموونە، کورد هینا نە خوەدی دبستانەکە سەرەتایی نە کو ب زمانێ خوە پەروەردەهیێ ببینن.

ل گۆری ئونەسجۆ ئاتلاسا زمانێن د تەهلوکەیێ دە (٢٠٠٩)، ل ترکیەیێ ١٨ زمان د کاتەگۆریا "زمانێن د خەتەرەیێ دە" نە. سێ ژ ڤان زمانان مرنە و ١٥ زمانێن مایی ژی د ئاستێن جوربەجور دە د بن خەتەرەیا وندابوونێ دە نە (مۆسەلەی، ٢٠١٠، ر. ٤٠). دملی (زازاکی) ژی وەکی زمانەکی نە ئەولە هاتیە نیشانکرن. هەرچقاس ئەڤ تەسبیت ژ بۆ کورمانجی نەهاتبە کرن ژی، لێ هن لێکۆلینێن مەیدانییێن ڤێ داویێ کو ئەم بەحسێ وان بکن، ئەو نیشان ددن کو هەژمارا ئاخێڤەرێن هەر دو زاراڤایان کێم بوویە.

یێن کو زمانێ خوەیێ داییکێ وندا دکن، پر جاران ناسنامەیا خوەیا نەتەوی و ئەتنیکی ژی وندا دکن. ب ڤی ئاوایی چاندا دەڤکی و کەڤنەشۆپی و ئەدەت ژی وندا دبن. د ڤێ ڕەوشێ دە، جڤاکێن کێم نەتەوە تێک دچن و زمانێ نوو گەلەک جاران نکارە ڤێ ڤالاهیێ تژە بکە. ژ بەر ڤێ یەکێ، نفشێن وندا دەردکەڤن هۆلێ کو ئەو ژ وە رە ناسنامەیا نوو دگەرن یان ژی د ناڤ چاندا سەردەست دە وندا دبن. (فسچەر، ٢٠١٣، ر. ٢٠١). چاوا کو پاراستنا جهێرەنگیا ئەکۆلۆژیک گرینگە و ل سەرانسەرێ جیهانێ گەلەک تەدبیر تێنە گرتن، پاراستنا زمانان ژی گرینگە. دڤێ جهێرەنگیا بیۆلۆژیک و چاندی وەکی دو ئالیێن کو ژ هەڤ نایێن ڤەقەتاندن ژ ژینگەها کو مرۆڤ پێک تینە وەرە دیتن. ژ بەر کو ئەنجامێن ونداکرنا زمانێ زکماکی گرانن، ئەڤ مژار هێژایی ئانالیزێ و دیتنا چارەیانە.

### ٢. پۆلیتیکایا زمانا ترکیەیێ و حقووقا زمانێ کوردی

پشتی کو نەتەوە دەولەت دەرکەتن هۆلێ، پرسگرێکا زمان گرانتر بوو. دەولەتێن فەدەرال پۆلیتیکایێن "پرزمانیا فەرمی" دپەژرینن، ستاتوویا فەرمی ددن زمانێن کو د ناڤ سینۆرێن سیاسییێن دەولەتەکێ دە تێنە بکار ئانین، و رێ ددن کو ئەو زمان د پەروەردە، کارسازی و هن فۆنکسیۆنێن دەولەتێ دە وەرن بکار ئانین. ئیراق و بەلچیکایا کو نێزیکاتیا دەولەتا فەدەرال دپەژرینن، دکارن وەکە میناک بێن دایین.

یا کو پرانی ژ ئالیێ نەتەوە-دەولەتێن ئونیتەر ڤە تێ تەرجیح کرن "یەکزمانیا فەرمی"یە. ئەڤ پۆلیتیکا ژ بۆ لاوازکرن و ژ هۆلێ ڕاکرنا زمانێن دنێن کو ژ ئالیێ پرانیێ ڤە نایێن بکارانین بێهتر ستراتەژیێن "ئاسیمیلاسیۆنیست" پێک تینە. ئەڤ ستراتەژیێن هانێ ژ بۆ زمانێن ئەقالییەتان جارنا قەدەخە و جەزاکەرن، لێ ژ بۆ زمانێ سەردەستان ژی تەشویق دکن و خەلات دکن. ترکیە میناکا وەلاتەکییە کو تێگەها "یەکزمانیا فەرمی" قەبوول دکە.

پشتی کو د سالا ١٩٢٣ان دە ل کۆمارا ترکیە هات ئاڤاکرن و پەیمانا لۆزانێ هات ئیمزا کرن، هەبوون و زمانێ کوردان هات ئینکارکرن. هەر چقاس کورد خوەدی وەلاتەکی جودا و زمانەکی جودا بوون ژی کەمالیستان کوردان وەک نەتەوەکی جودا نەدیتن و خوەستن کو ناسنامەیا کوردی ژ هۆلێ راکن. ل گۆری فکرا وان هەتا کو بنناسنامە زندی بن، ناسنامەیا نەتەوەیی نایێ بەلاڤکرن؛ مادەم زمانێن هەرێمی ژ بۆ پاراستنا ناسنامەیان ب باندۆرن، رێیا ئاڤاکرنا "نەتەوەیا ترک" ب تەڤاهی ژبیرکرنا زمانێن دن بوو. د ڕاستیێ دە هەموو پۆلیتیکایێن زمانیێ ترکیە ل سەر ئەساسێ قەدەخەکرنێ بوون.

قانونا ئەساسییا ١٩٢١ ان دە ل سەر زمانێ فەرمی تشتەک تونە بوو. لێ ب ئیلانکرنا کۆمارێ دەملبەست ب گوهەرینا قانونا ئەساسییا ٢٩.١٠.١٩٢٣ان، ترکی وەک زمانێ فەرمی هات ئیلان کرن. پشتی فەسهکرنا مەجلیسا یەکەم، ب دەستێ مەجلیسا دوویەم قانونا ئەساسییا ١٩٢٤ان دە ئێدی هەمی هەموەلاتی وەک ترک هاتن پێناسە کرن. لێ ب تو ئاوایی ناسنامە و زمانێ کوردان نەهات ناس کرن. د هەمان سالێ دە قانوونا یەککرنا پەروەردەهیێ (تەڤهد-ئ تەدرسات کانونو) سازیێن پەروەردەهیێ و زمانێ پەروەردەهیێ هاتنە ناڤەندیکرن. ب ڤێ قانوونێ ل گەل گرتنا تەکیا و دەرگاهان تەڤاهیا دبستانێن کوردان ژی هاتنە گرتن.

ل گۆری خالا ١٣ انا راپۆرا ئسلاحاتیا رۆژهلات کو د ٢٥ێ ئیلۆنا ١٩٢٥ان دە هاتبوو ئامادەکرن، ئاخافتنا ب کوردی ژی هاتبوو قەدەخە کرن. ب تایبەتی ناڤێ باژارێن وەک مەلەتی، ئەلعەزیز (خارپێت)، دیاربەکر، بدلیس، وان، مووش، رها (ئورفا)، ئەرخەنی، دێرسم، خەلات، پالو، چەمیشکەزەک، پولور (ئۆڤاجاک، چەرمووگ) هاتبوو هەژمارتن و هەم د مەرکەزێن فەرمی دە و هەم ژی د مەکتەب، چارشی ڤە بازاران دە کوردی هاتبوو قەدەخەکرن. کەسێن کو ل ڤان پارێزگەهان ژ بلی ترکی زمانێن دن بکار ئانینە دێ بێن جەزاکرن. (بایراک، ١٩٩٣، ر. ٤٨٥)

د سالا ١٩٢٨ان ده حەرفێن نوویێن لاتینی هاتن قەبوولکرن، ژ بلی ڤێ ئالفابەیا نوویا ترکی تیپێن دن هاتن قەدەخەکرن. وەک نموونە، ل گۆر ڤێ قانوونێ گەلەک کەس ژ بەر کو تیپێن خ، ق و ویێن کوردی کو د ترکی دە نینن ب کار ئانینە هاتن جەزاکرن. دیسا ل گر مەوزواتا ترکییە هەتا سالێن ٢٠٠٠ان موساعەدە تونە بوو کو کەس ناڤێن کوردی ل زارۆکێن وە بکن. نها ژیبێن کو لێ دکن دیسا ل گۆر ڤێ قانوونێ دڤێ ب تیپێن لاتینییێن ترکی بکار بینن. وەک نموونە وەلات دڤێ وەک ڤەلات وەرە نڤیسین. ژ ئالیێ دن، ب کامپانیایا وەک "هەموەلاتی، ترکی باخڤە" و تەشویقان هاتیە خوەستن کو ترکی ببە زمانێ سەردەستیا جڤاکێ. (سالح پاشائۆغلۆ، ٢٠٠٧، ر. ١٠٣٩) رەژیما نوویا ترکییێ د ترکپەرەستییا مەنفی دە ئەو قاس پێش ڤە چووبوو کو سالا ١٩٣٢ان و هەتا ١٩٥٠یان بانگا عەرەبی ژی کربوو ترکی کو د ناڤ ترکان دە ژی بووبوو سەدەمێن موخالەفەتێ. (ئۆرهان، ٢٠١٢، ر.١١٨)

گاڤەکە دنا کو ب ئارمانجا بەربەلاڤکرنا ترکی هاتیە ئاڤێتن ژی، قانوونا ئیسکانێیا کو د سالا ١٩٣٤ ان دە هاتیە دەرخستن. ب ڤێ قانوونێ گەلێن ل ترکیەیێ وەک (ا) یێن کو ب ترکی داخڤن و ب ئەسلێ خوە ترکن، (ب)یێن کو ب ترکی نائاخڤن لێ ژ چاندا ترکی تێن حەسباندن و (ج)یێن کو ب ترکی نائاخڤن و نە ژ چاندا ترکی نە، ل سێ کۆمان هاتنە دابەشکرن. ب تایبەتی کۆما سێیەمینا کو، بەحسا کورد و عەرەبان دکە، وەک پێویستیا قانوونی ب هەنجەتا ئەولەهیێ وەک قادا کو ژ هەموو جورەیێن نشتەجهـ بوونا سیڤیل رە گرتییە، هاتیە پێناسەکرن. د ڤێ دابەشکرنا مژارا گۆتنێ دە پۆلیتیکا و سەپانێن کۆچبەرکرنێ و ئاسیمیلاسیۆنییێن وەک ل ڤان هەرێمێن کو ژ نشتەجهـ بوونێ رە هاتنە گرتن، بجهـ کرنا ترکان، بجهـ کرنا کوردانا ل هەرێمێن کو دێ ب ترکان رە بژین، هەبوون. یەک ژ سەپانێن گرینگێن کو هەتا سالێن ١٩٥٠یی ژی هاتنە پێکانین ژی قانوونا پاشناڤان بوویە. د ڤێ قانوونێ دە دهات دیارکرنێێن کو ناڤ و پاشناڤێن وان نە ب ترکیا رەسەن بن، دڤێ ژ خوە رە ناڤ و پاشناڤەکی ب ترکیا رەسەن هلبژێرن. (جۆشکون ٢٠١٠ و ئەرگن ٢٠٢١).

قەدەخەکرنا زمان ل ترکیێ دەمەکێ گەهیشتبوو وێ ئاستێ کو ژ بلی ترکی زمانێن دن و ب تایبەتی کوردی ب قانوونا ئەساسی (دەستوورا بنگەهین) و ب قانوونێن دن هاتن قەدەخەکرن. پشتی جونتایا لەشکەرییا ١٢ێ ئیلۆنا ١٩٨٠ان قانوونا ئەساسییا ١٩٨٢ هات قەبولکرن. ل ڤر ژی زمانێ ترکی وەک زمانێ فەرمی هاتیە دەستنیشانکرن؛

لێ د دەستووریٚ دە هاتیە گۆتن  کو ئەڤ حکوم نکارە بێ گوهەرتن. دیسا د ڤێ دەستووریٚ دە جارا ئەول تەرمیٚ "زمانێن کو ب قانوونیٚ هاتیە قەدەخەکرن" هاتیە ئیجاد کرن. ل گۆر مادەیا ٢٦انا دەستوورا بنگەهینا ١٩٨٢ان دە هاتبوو دیارکرن کو د گۆتن و بەلاڤکرنا رامانان دە "زمانێن کو ب قانوونیٚ هاتیە قەدەخەکرن" نایێن بکارانین و د خالا ٢٨ان دە ژی هاتبوو گۆتن کو ب زمانەکی قەدەخەکری وەشان نایێ کرن.

ژ بۆ تەتبیق کرنا هەڤۆکا "زمانێن کو ب قانوونیٚ قەدەخە نە"یا دەستوورا بنگەهین، "قانوونا وەشانا ب زمانێن ژ بلی ترکی هات دەرخستن " (تاریخ: ١٩.١٠.١٩٨٣، هەژمار: ٢٩٣٢). د خالا ٢.یا قانوونیٚ دە وها تێ گۆتن: "راڤەکرن، بەلاڤکرن و وەشاندنا رامانان ب زمانەکی دن ژ بلی زمانێن فەرمییێن یەکەمێن دەولەتێن کو ژ ئالییێ دەولەتا ترک ڤە هاتنە ناسکرن، قەدەخەیە." پێشنیار ژ بۆ کوردی هاتبوو کرن. د دەما ڤێ قانوونیٚ دە، زمانیٚ کوردی نە یەکەمین زمانیٚ فەرمییێ دەولەتەکی بوو؛ لێ ل گۆری دەستوورا ئراقێیا سالا ١٩٧٠ان هەر چەند زمانیٚ فەرمییێ دەولەتێ عەرەبییە ژی، لێ هاتە گۆتن کو ل هەرێمێن کو کورد لێ دژین، زمانیٚ کوردی ل کێلەکا عەرەبی وەکە زمانیٚ فەرمی هاتیە قەبوولکرن. ژ بەر ڤێ سەدەمێ ژ بەر کو زمانیٚ کوردی دویەمین زمانیٚ فەرمی بوو، ب تایبەتی گۆتنا "ژ بلی زمانێن یەکەمێن فەرمی" ل قانوونیٚ هاتبوو زێدەکرن. ل گەل ڤێ قانوونیٚ قەدەخەیێن ب ڤی رەنگی ل قانوونا پارتیێن سیاسی و قانوونا چاپەمەنییێ هاتن زێدەکرن.

دیسا، مادەیا ٤٢یەمینا دەستوورا بنگەهینا ١٩٨٢یان دە تێ گۆتن "ژ دەرڤەیی ترکی تو زمانەکی دن د سازیێن پەروەردەهی و هیندەکاریێ دە نکارە وەک زمانیٚ داییکێیێ هەموەلاتییێن ترک بێ هینکرن و خوەندن."

لێ بەلێ، ئەڤ ستراتەژیێن دەولەتا نەتەوە ب پەیمانێن ناڤنەتەوەییێن کو ب گلۆبالبوونیٚ رە پاراڵەل دەرکەتنە هۆلێ، هەول دانە کو نەرم بن. یەک ژ پەیمانێن هەری بالکێشێن د ڤێ واتەیێ دە "پەیمانا ئەورۆپییا زمانێن هەرێمی و ئەقالییەتان"ە، کو د سالا ١٩٩٢ دە ژ بۆ ئیمزاکرنیٚ هات ڤەکرن. د رێزکنامەیا ناڤبۆری دە، کو زمانێن هەرێمی و کێمنەتەوەیان وەک ئیفادەیا دەولەمەندیا چاندی قەبوول دکە، ژ دەولەتان تێ خوەستن کو دەڤ ژ پۆلیتیکایێن خوەیێن زمانییێن "ئاسیمیلاسیۆنیست" بەردن و ژ بۆ پێشڤەبرن و پێشڤەبرنا زمانێن هەرێمی هەلوەستەک ئاکتیف نیشان بدن. ڤێ یەکێ ل هن وەلاتان رێ ل بەر توندووتووژییێ ڤەکر. لێ بەلێ ترکیەیێ "پارنامەیا

زمانێن هەرێمی و کێمارێن ئەوروپایێ“ ئیمزا نەکریە. لێبەلێ، دیسا ژی ب تایبەتی د دەما پێڤاژۆیا ئەندامتیا یەکیتیا ئەوروپی و پشتی وێ دە هن نەرمبوون چێبوون.

ل گەل تێکلیێن ترکیەیێ و یەکیتیا ئەوروپایێ، تێکۆشینا مافانا کۆمێن جودا ژی باندۆر ل ڤێ سستبوونا پۆلیتیکایێن هەیی کریە. د سەردەما پشتی د سالا ١٩٩٩ان دە ژ بۆ بەرەندامتییا یەکیتیا ئەوروپایێ ل ترکیەیێ گەلەک ڤەگوهەرینێن قانوونی هاتنە پێکانین. وەک نموونە، قانوونا ٢٩٣٢یانا کو کوردی دکر زمانێ قەدەخە، هات بەتالکرن؛ دیسا سالا ٢٠٠١ان دە ڤەگۆتنا ”زمانێ کو ب قانوونێ هاتیە قەدەخەکرن“ ژی هات بەتالکرن. د سالا ٢٠٠٢یان دە د رادیۆ و تەلەڤیزیۆنان دە وەشانێن ب زمانێن جودا هات سەربەستکرن.

د سالا ٢٠٠٤ان دە د ترتیێ دە وەشاندنا بەرنامەیێن رادیۆ و تەلەڤیزیۆنییێن ب زمانێن بۆشناکی، چەرکەزی، عەرەبی و ب کوردییا کورمانجی و کوردییا زازاکی دەست پێ کر. د سالا ٢٠٠٩ان دە ترت ٦ هات ڤەکرن کو پشتی ناڤێ وی بوو ترت کوردی کو ژ بۆ پرەستیژێ زمانێ کوردی و بەلاڤبوونا پسیکۆلۆژییا پۆلیتکایێن قەدێکرنێ گاڤەکی موهیم بوو. دیسا د هەمان سالێ دە ڤەگوهەرینا مەڤزوواتێ پێک هات کو د گتگەهان دە دەستوور ددا ئاخافتنا ب کوردی.

گوهەرینا موهیم بۆ زمانێ کوردی ژی ئەڤە کو ژ سالا ٢٠٠٩ان ڤر ڤە ل هن زانینگەهان بەشێن کوردۆلۆژی هاتنە ڤەکرن؛ پشتی ژ د مەکتەبان دە هەقێ دەرسا هلبژارتنا ”زمانێن زندی“ هات دایین کو د ناڤ دە کوردی (زازاکی و کورمانجی) ژی هەیە. جارا یەکەم ل زاننگەهاا ئارتوکلوویا ماردنێ ”ئەنستیتویا زمانێن زندی ل ترکیەیێ“ هات ئاڤا کرن و جارا یەکەم ٢٠١٢ان دە تەزا ماستەرێ ب کوردییا زازاکی هات قەبوول کرن. پشتی د زانینگەهێن بنگۆل، مونزور، مووش، وان و دیجلە (دیياربەکر)دە هن بەشێن کو ب کوردی عەلاقەدارن ڤەبوونە. بەشا لیسانسیا کوردی ل مێردین، مووش و بنگۆلێ، دیسا بەشا لیسانسیا زازاکی ل بنگۆل (چەولیگ) و مونزور (دێرسم)ێ هاتیە ڤەکرن. ل بنگۆل، مووش و دجلەیێ دە بەشێن دۆکتۆرا و ماستەرێ، هەر وها ل وانێ ژی بەشا ماستەرێ هەیە. کەسێن کو ژ وان بەشان مەزوون دبن دکارن ببن مامۆستایێ کوردی (کورمانجی و زازاکی) لێبەلێ ل ترکیا تاینکرنا مامۆستایان گەلەک کێمە و ئەو ژی دبە سەدەما نەتەرجح کرنا وان بەشان. دیسا بۆ دەرسێن هلبژارتی ژی گەلەک ئاستەنگییێن بورۆکراتیک هەنە.

هەر چەند بلی زمانێ ترکی ب زمانێن پەروەردە قەدەخە بە ژی، ئەڤ مادە بۆ زمانێ کوردی هاتبوو چێکرن، چونکی زمانێن بیانی سەربەست بوون. دیسا، ل گۆر پەیمانا لۆزانێ مافێ پەروەردەیا زمانێ داییکێ ژ بۆ رۆم، ئەرمەنی و جهوویان هاتیە داییین؛ لێ کورد ب نفووسا خوەیا مەزن ژ ڤێ هەقێ بێپارن. هەر چەند د لۆزانێ دە زمانێن دن ژی د مەهکەما (دادگەهـ)، تیجارەت، وەشان و دانووستەندنا هەر ئاوایی سەربەست بوو ژی ترکییا هەتا سالانێن ٢٠٠٠ان پەیمانا لۆزانێ ژی بۆ کوردان تەتبیق نەکربوو. لێ د پرۆسەسا ئاشتییا ترکییە دە سالا ٢٠١٤ان دە قانوونا ٢٩٢٣یا ب ناڤێ "قانوونا پەروەردەهیا زمانێن بیانی و فێرکرن و فێربوونا زمان و زاراڤێن جوودایێن وەلاتییێن ترکیەیێ" هات گوهەرتن کو ب زمانێن مەحەلی ژی کەس بکارە دبستانێن تایبەت ڤەکە. لێبەلێ ل گۆر قانوونێ زمان و زاراڤایێن کو پێ پەروەردە وەرە کرن، دێ ب قەرارنامەیا سەرۆکۆمارییێ وەرن نیشان کرن؛ دیسا پرەنسیب و رێگەزێن وێ ژی ب رێزکنامەیا کو ژ هێلا وەزارەتا پەروەردەهیا نەتەوەیی ڤە تێ دەرستن، وەرە دییار کرن. لێبەلێ مخابن، پشتی خەرابوونا پرۆسەسێ ئاشتی ئەڤ قەرارنامە و رێزکنامە نەهات دەرخستن، ژ بەر وی ژی ئەڤ ماف تەنێ تەۆریک مایە و تەتبیق نەبوویە. (روداو، ٢٠٢٤)

وەکی هات فامکرن، زمانێ کوردی ل ترکیێ خوەدی ستاتویەکی فەرمی نینە؛ ئەکسێ وی سەد سالە کو قەدەخەیێن زمان ل کارە. ئەڤ قەدەخەیێن زمانێن کو ل رووپەلێن تارییێن دیرۆکێ هاتنە زێدەکرن ژی، ب قسمی کێم بوونە ژی، وەک مە نیشان کر ل گەلەک قادان بەردەوام دکن. لێ مخابن ژ بەر پۆلیتیکایێن ئاسیمیلاسیۆنییێن ل دژی خوەزا و مرۆڤاهیێ نیشانەیێن پۆشمانیەکی ئەساسی ژ ئالیێ رەژیمێ ڤە نەهاتنە نیشاندان، بەرۆڤاژی ڤێ یەکێ ئەڤ پۆلیتیکا ب دەمێ رە بەلاڤ بوونە و تێ خوەستن کو زمانێ کوردی ب هەمی زاراڤایێن خوە ل وەلاتێ خوە لاواز ببە، بهەلە. ئەلبەت، ئەڤ قەدەخەیێن زمان گەلەک تەسیرێن مەنفی ل سەر زمانێ کوردی و کوردیاخێڤان کریە.

**٣. ل گۆر کریتەرێن ئونەسجۆ رەوشا زمانێ کوردی**

ئونەسجۆ ژ بۆ کو بێ فێمکرن زمانەک چقاسی ب خەتەرەیێ رە روو بر ویە و دابەشکرنێ چەن پیڤانێن جودا ب کار تینە. ئەم ب کورتاسی بنێرن، پاشی ئەم ژ راپۆران میناک بدن:

### ٣.١. راگهاندنا زمان ژ نفشەکێ بۆ نفشا دن:

هەتا سالێن ١٩٩٠ان نفووسێن کوردان زێدەتر گوندەوار بوو. لێبەلێ پشتێ شەرا چەکداری و ڤالاکرن و شەوتاندنا گوندان و ب هن سەدەمێن ئەکۆنۆمیک، ئێدی نفووسێ کوردان ژی وەکی هەمی ترکییا ٪٨٠ ل باژاران دە دژی. هەر چقاس کوردی هاتبوو قەدەخەکرن ژی هەتا سالێن ٩٠ان ئاسمیلاسیۆن زێدە نەبوو، چونکی تەسیرا دەولەتێ د گوندان دە بسینۆر بوو. لێبەلێ پشتی ٩٠ان کۆچەکی مەزن و بێسەرووبەر بەر ب باژاران چێبوو. ئێدی زارۆکێن کوردان ل باژاران مەزن دبن و زمانێ گەلەک باژاران ژی ترکییە. چونکی د رەسمییەتێ دە کوردی نەیێ بکارانین و نەهاتیە ناسین و زمانێ ترکی ل پەروەردە و هەر جی دە ل کارە، تڤ و مەدیا ب ترکییە، زارۆکێن کوردان ئێدی ب ترکی مەزن دبن. هەروها، گەلەک کورد د مالا وە دە ژی ب زارۆکێن خوە ب ترکی قسە دکە. ئێدی کوردێن کو کورمانجی و زازاکی نزانن پرن.

### ٣.٢. هەژمارا کەسێن کو ب وی زمانی داخڤن:

ل ترکییێ نفووسا کوردان وەک فەرمی نەهاتیە هەژمارتن. لێ ئەگەر ٢٥ میلیۆن وەرە حیساب کرن، ٥/١ زازاکییێن دن پرانی کورمانجی نە، هنەکی ژی شێخبزینی نە. ئەڤ ژ بۆ کوردان پۆزیتیفە کو ب سایا نفووسا خوە ئاسیمیلاسیۆنێ هنەک سست بکن. لێبەلێ دەما مۆدەرن دە واستەیێن ئاسمیلاسیۆنێ زێدە بوونە. بەری وەکی دبستان، تڤ و سینەمایا ب ترکی و ناڤەندێن سیستەما ترکی ئەوقاس بەلاڤ نەبوو لێ ئێدی کورد ل راستێ وان تێ. ژ بەر وی سوودا وی فاکتۆرێ ژی ل گۆر وەختا بەری کێم بوویە.

### ٣.٣. رێژەیا ئاخێڤەرانا ل گۆر نفووسا جڤاکێ:

نفووسێ ترکییە ٨٥ میلیۆنە. نفووسێ کورد-ئەسل زێدە بە ژی ئەم کارنییێن کو خوە وەک کورد دزانن قاسێ ٢٥ میلیۆن حیساب بکن. لێبەلێ، ئاخێڤەرێن کوردی ل گۆر دەمێن بەرێ تم کێم دبە؛ ل مەترۆپۆلێن ترکان دە وەنداکرن و گوهەرینا زمان ل گۆر دەڤەرێن کوردستانا باکور زێدە نە. ئەلبەت نفووس بۆ پاراستنا زمانی ئاڤانتاژەکی باشە؛ لێ وەک مە بەحس کر،یا هەری موهیم بکارانینا زمان و گهاندنا نفشا نوویە.

**٣.٤. د بکارانینا زمان دە گوهەرینا ڤادان و بەرتەکا زمانا ل هەمبەری ڤاد و هاورێن جودا:**

کورد بەری پرانی د گوندان دە دژین. زمانێ کوردی ژی تێرا هەر تشتێ وان دکر. ئەم بێژن زمانێ کوردییا رۆژانە د تەرمینۆلۆژییا کارێن گوندان، جۆتکاری، حەیوان، دار و نەبات ئوورد دە تێر و تژەیە. لێبەلێ ب کۆچکرنا باژارانا بێ پلانسازی و گوهەرینا دەما مۆدەرن ل باکوور ل سەر زمانێ کوردی  تەسیرەکی نەگاتیف کر. چونکی کوردی هەم قەدێ بوو هەم ژی راستێ تەرمێن مۆدەرنییێ سانایی، حقووق، تپ و تەکۆنۆلۆژی هات. سازییێن خورت تونە بوو کو تەرمنۆلۆژیا نوو د ناڤ خەلکێ دە بەلاڤ بکن. ئێدی د ناڤ کوردی دە ویشەیێن ترکی گەلەک تێن بکارانین. یان ژی ئەم دبینن کو سوحبەتەکی ب کوردی دەست پێ بکە پاشی ب ترکی دەوام دکە. ئەو هەمی گرێداییا بێپەروەردە بوونییە. کوردێن کو پەروەردە نەگرتنە وەختا کو خوە ب زمانێ خوە نکارە خوەش ئیفادە بکە، زمانێ وە دگوهەرە. ئەو نایێ ڤێ مانایێ کو زمانێ کوردی لاوازە؛ بەرکەسێ وی دەولەمەندە، لێ ئەو دەولەمەندی ژ بەر سەدەمێن کو مە گۆتی ئێدی تام ناگەهژە نفشێن نوو. نەخوە، هەم د کورمانجی دە هەم ژی د زازاکی دە خەباتێن ستانداردیزاسیۆنێ تێن کرن و فەرهەنگێن تەکنیکی ژی تێن وەشاندن. د ڤێ چارچۆڤەیێ دە گرووبا خەباتەیا ڤاتە ژ بۆ دملی (زازاکی) ل سەر زمانێ نڤیسکییێن ستاندارد دخەبتە و تەرمێن تەکنیکی ژی پێشنیاز دکە. ئەنجامێن خەباتا خوە د کۆڤارا ڤاتە دە دوەشینن.

**٣.٥. هینکرنا زمان، ژ بۆ هینکرنا خوەندن و نڤیساندنا ب وی زمانی هەبوونا ماتەریالێن پێویست:**

کوردی ب ئەدەبییاتا خوە زمانەکی قەدیمە. بتایبەتی کورمانجی ژ سەدسالا ١٦. را هەتا نها خوەدی ئەدەبییاتەکی کلاسیکە و قسمەن د مەدرەسەیێن باکور دە زمانێ پەروەردەیی بوو ژی. لێ پشتی جومهورییەتێ ب قەدەخەکرنا زمانی ل وەلات ئیمکانا خەبات نەما. لێ دیسا ژی ژ بەر کو نفووسا کورمانجان ل دەڤەرێن دن ژی هەبوون هن خەبات دەوام کرن. بتایبەتی ل سورییە خەباتێن کۆڤارا هاوار د مۆدەرنیزاسیۆن و ستانداردیزاسیۆنا کورمانجی دە رۆلەکی موهیم گرت. لێ نفووسێن زازا تەنێ د ناڤ کوردستان باکوور دە مابوو، ژ بەر ڤی خەباتێن کو هەبوون ژی قوت بوون. هەتا دەمێن ١٩٨٠ان ل ترکییە کتێبێن کوردی (یا ب حەرفێن لاتینی) تەنێ چەند هەب بوون. ئەو رەوشا قەدەخەیێکا مەزن نیشان ددە. لێ  پشتی ١٩٩٠ان هەژمارا کتێبان زێدە

بوون. سالێن ٢٠٠٠ان ده ژ بۆ كورسێن تايبه‌ت قه‌ده‌خه هات راكرن و گه‌له‌ک كتێبێن گرامه‌ر، ده‌رس، فه‌رهه‌نگ و راستنڤيس ژ ئاليێ ئاكتڤيست و زمانناسان هاتنه وه‌شاندن.

د سالا ٢٠١٢ان وه‌زاراتا په‌روه‌رده‌يی كورمانجی و زازاكی داخلێ "زمانێن زندی ل تركيێ" كرنه و زازاكی و كورمانجی ژ وه‌ک ده‌رسه‌كی هلبژارتی كه‌تييه موفره‌داتا دبستانا ناڤين (پۆلێن ٥-٦-٧-٨). ژ بۆ زازاكی و كورمانجی كتێبێن ده‌رسێ جارا ئه‌ول ژ ئاليێ ئونيڤه‌رسيته‌يا ئارتوكلويێ ماردينێ هاتن ئاماده كرن.

ژ بۆ زمانێ كوردی هن كورسێن تايبه‌ت و هن كورسێن كو "ناڤه‌ندا په‌روه‌رده‌هيا گه‌ل" ژی هه‌نه. ل سه‌ر ئينته‌رنه‌تێ كورسێن ئۆنلينه ژی هه‌نه كو هنه‌كی وانا ژ ئاليێ ده‌زگه‌يان، هنه‌كی وانا ژی ژ ئاليێن ئاكتڤيستان ڤه تێن دايين. وه‌ک نموونه، ل ئه‌نستتويا كورديیا سته‌نبۆلێ و ئامه‌دێ، ل كۆمه‌لێن نووبهار و زوان-كۆمێ ده گه‌له‌ک كورس هاتيه دايين. وه‌كی مه ل ژۆر به‌حس كر، گرووبا خه‌باته‌يا ڤاته (گخڤ) ژ بۆ دملی (زازاكی) خه‌باتا ستانداردیزايۆنێ دكه. ئه‌نجامێن لێكۆلينا گخڤا ل سه‌ر راستنڤيسينا راست د كتێبا راستنڤيسيیا ب ناڤێ راستنوشتشێ كرمانجكی (زازاكی) ده كو د سالا ٢٠٠٥ ان ده ژ ئاليێ وه‌شانخانه‌يا ڤاته ڤه هاتيه چاپكرن ده هاتيه به‌رهه‌ڤكرن. هه‌می لێكۆلينێن په‌يڤانێن گخڤ د فه‌رهه‌نگان ده تێنه به‌رهه‌ڤ كرن، كو ب به‌رده‌وامی د ناڤ وه‌شانێن به‌رفره‌هـ ده تێنه وه‌شاندن. فه‌رهه‌نگ كو د ئه‌سلێ خوه ده ب يه‌ک جلدێ هاتيه وه‌شاندن، د سالا ٢٠٠٩عان ده ب چاپا سێيه‌مينا به‌رفره‌هتر، دو جلدان ژ ئاليێ وه‌شانێن ڤاته ڤه هاتيه چاپكرن. د ناڤ فه‌رهه‌نگێن كو چاپا پێنجه‌مينا داوينا به‌رفره‌هكری ده ده‌ركه‌تيه، فه‌رهه‌نگا تركی-كرمانی (زازاكی) ٤١٢ رووپه‌له و ده‌ردۆرا ٨٠٠٠ په‌يڤان دهه‌وينه. فه‌رهه‌نگێ كرمانجكی (زازاكی)-تركی ژ ئاليێ دن ڤه ٩٤٠ رووپه‌له و ژ ٥٠ هه‌زاری زێده‌تر په‌يڤ تێ ده‌يه.

ديسا رێزمان و كتێبێن ده‌رسانێن جهێ ره‌نگێن كو ژ هێلا ئه‌نده‌امێن كۆمێ ڤه نێزكی راستنڤيسا ستاندارد هاتنه ئافراندن هاتنه وه‌شاندن. د ڤێ چارچۆڤه‌يێ ده مرۆڤ دكاره وان كتێبان ميناک بده: كتێبا ده‌نز گوندوز ب راڤه‌يێن تركی ده‌رسێن زمانێ كوردی - كرمانجی (زازاكی) (٢٠٠٦) و كتێبێن رێزمانا كرمانجكی (زازاكی)يا م. مالميسانژ (٢٠١٥) ژ ئاليێ وه‌شانێن ڤاته و كتێبێن رۆشان له‌زگين "ده‌رسێ زوانی" (٢٠١٢) و "ژ بۆ كورمانجان ب ئاوايێ موقايه‌سه‌يی: گرامه‌را كردكی (زازاكی)" ژی ژ ئاليێ وه‌شانێن رۆشنا ڤه هاتيه چاپكرن.

### ٣.٦. هەلوەست و پۆلیتیکایێن سازی و دەولەتان، رەوشا زمانا فەرمی و بکارانینا زمان ژی تێ دە:

زمانێ فەرمییێ کو د سازیێن ترکییێ دە تێ بکارانین ترکییە و ژ خەینی ڤی زمانی ب تو زمانی نە ممکوونە کو خزمەتێن گشتی بێن دایین. لێ ئەڤ نە تەنێ جهێن رەسمی، شیرکەتێن کو گرێدایی دەولەتێ نە ژی وسا نە. وەک نموونە تورکش ئارلنەس یان ژی تورک تەلەکۆم فەعالییەتێن خوە ب گەلەک زمانان دکن لێ جهـ نادن کوردی. تەڤلێبوونا زمانێن دن د کاروبارێ گشتی دە قسمەن ب دەڤکی مومکونە. مەسەلا، یەکی هەرە ئادلیە و ئیفادە بدە دکارە هەتا دەرەجەیەکی ژ خزمەتا تەرجومان ئیستیفادە بکە، ئەو خزمەت ژی وان سالێن داوی دا هات سەربەست کرن، لێ هێ ژی سینۆرکرییە؛ ئەم بێژن داخوازنامەیێن ب کوردی نایێن قەبول کرن. دیسا، نەخوەشێک هەرە نەخوەشخانەیێ ئەگەر راستێ دۆکتۆرەکی کورد وەرە و زمانێ خوە بزانە، دکارە ب زمانێ خوە خزمەتێ ژ نەخوەشێ رە بکە؛ لێبەلێ ئەڤ نە خوەدیێ ستاتویەک فەرمییە تەنێ ب دلخوازییە. دەزگەهێن فەرمییێن دەولەتێ بلی ترکی ب زمانەکی دن بەلگە چێناکن و هەتانی مومکون بە ناڤێ کوردی د مەوزواتا ترکی دە ژی دەرباس نابە. ئیستیسنایا وی ئەڤن کو ناڤێن دەرسا کوردی ناڤێن بەشێن زمان و ئەدەبییاتا کوردی د رێزکنامەیێن دەزگەیی دە دەرباس دبن.

### ٣.٧. هەلوەستا ئەندامێن جڤاکێیا ل هەمبەری زمانێ خوە:

ئاسیمیلاسیۆن و تونەبوونا زمانەکی ب چەند قۆناخان دە پێک تێ. د قۆناخا یەکەم دە ژ بۆ ئاخافتنا زمانێ سەردەست گەل ماروزێ زۆر و زولمێ دبە، دیا دویەمین دە ئێدی نفشا نوو فێرێ هەر دو زمانان ب هەڤ رە دبە؛ لێ ئەڤ تەرازی تم ژ ئالیێ زمانێ سەردەست گران دبە. هەر کو دچە، زمانێ داییکێ لاواز و تەنگ، زمانێ سەردەست خورت و بەرفرەهـ دبە. قۆناخا سێیەم ژی ئێدی دەڤ ژ زمانێ خوە بەردانە؛ د ڤێ مەرحەلەیێ دە گەلەک کەس د جڤاکێ دە زمانێ خوە قسە ناکە یان ژی شەرم دکە و هەری موهیم زمانێ وە هینێ زارۆکێن خوە ناکە. (ڤارۆل، ٢٠١٥، ر. ١٠٠٣)

رەوشا کوردی ل باکوور نها د ناڤبەرا قۆناخا دویەم و سێیەم دە نە. هەر چەندیێ مەزن زمانێ خوە بکار بینن و فەرق د ناڤبەرا گوند و باژاران دە هەبە ژی، بتایبەتی زارۆکێن کوردان یان ب دوزمانی (ترکی-کوردی) یان ژی ب یەک-زمانی یانی ب ترکی مەزن دبن. گەلەک دێووباڤێن کورد ژ وێ رەوشێ نەرەهەتن لێ دبێژن ئەم

نکارن پێشی بگرن؛ لێ هنەک ژی ژ بەر کو زارۆکێن وان د مەکتەبان دە زەهمەتی نەکشینن ب وان رە ب ترکی قسە دکن. میناکێن وسا هەنە کو دێوو باڤ د ناڤ خوە دە کوردی لێ ب زارۆکێن خوە ترکی قسە دکن. ئەلبەت، ئەکسێ وان مینکان ژی هەنە، لێ گەلەمپەری رەوش وسایە.

### ٣.٨. هەژمار و چاوانیا بەلگەیێن تێکلداری ب زمانێن هەیی:

زمانێ کوردی زمانەکی قەدیم و دەولەمەندە. فۆکلۆرا کوردی ژی گەلەک دەولەمەندە. وەکی مە ل ژۆر بەهس کر بتایبەتی کورمانجی ژ سەدسالا ١٦. را هەتا نها خوەدی ئەدەبیاتەکی کلاسیکە و قسمەن د مەدرەسەیێن باکور دە زمانێ پەروەردەیی بوو ژی. لێ ئەدەبیاتا زازاکیا نڤیسکی نە کەڤنە. د سالا ١٨٩٩ان دە ژ ئالیێ مەلا ئەهمەدێ خاسی ڤە ل دیاربەکرێ مەولدێ نەبی (کردی) هاتیە وەشاندن. ئەڤ کتێب وەک یەکەمین کتێبا ب زازاکی تێ قەبول کرن. پشتی ڤێ، کتێبا دویەمین ژ ئالیێ ئۆسمان ئەفەندیۆ بابژ ڤە ب ناڤێ "بیییشێ پێخەمبەری" هاتیە وەشاندن کو ئەو ژی مەولودە. هەر چقاس ئۆسمان ئەفەندی ئەڤ بەرهەم د سالا ١٩٠٣عیان دە نڤیسی بە ژی، کتێب د سالا ١٩٣٣عیان دە ل شامێ ژ ئالیێ جەلادەت ئەلی بەدیرخان ڤە هاتیە چاپکرن. د سالێن ١٩٤٨ان دە ژ ئالیێ شێخ موهەممەدێ شێخ ئەنساری ڤە ب ناڤێ "رارۆ راشت" و "مەعلوماتێ دینییە" د کتێبێن دن ژی هاتنە نڤیساندن. پشتی ڤان کتێبان سالێن درێژ ب زاراڤایا زازاکی کتێب نەهاتنە نڤیساندن. جارا یەکەم ١٩٦٣ان دە ب رۆژنامەیا رۆژا نەوێ زازاکی رۆژنامەیەکی دە جهـ گرتیە. پشت وی دیسا زازاکی هن کۆڤارێن کوردی (وەک تیرێژ) دە جهـ گرتیە. بتایبەتی پشتی ١٩٨٠ان د دیاسپۆرا ئەورۆپا دە د کۆڤارێن وەک هێڤی، چرا و بەرهەم دە ئەدەبییات و فۆلکلۆرێ زازاکی و کورمانجی هاتیە وەشاندن. لێ زازاکی پشتی وەشاندنا کۆڤارا ڤاتە (١٩٩٧) هێدی هێدی بوو زمانەکی نڤسکییێ ستاندارد. پشتی ب وەشانخانەیێن ڤاتە، رۆشنا، تیژ، ڤیر، گەلەک کتێبێن زازاکی چاپ بوونە. هەر وها وەشانخانەیێن ئاڤەستا، نووبهار، دارا، پەیوەند و گەلەکی دن کتێبێن کورمانجی و هنەک ژی زازاکی چاپ کرنە. ئەم بێژن سالا ٢٠٢٢ان دە ٣٥١ و سالا ٢٠٢٣ان دە ٣٤٩ کتێبێن کوردی چاپ بوونە (ئۆǦئوز، ٢٠٢٤). دیسا هەتا نها کتێبێن کو ب زازاکی چاپ بوونە ژ هەزارێ دەرباس بوونە کو د ناڤ وان دە رۆمان، هیکایە، هەلبەست، لێکۆلین، گرامەر و فەرهەنگ هەنە.

ل باکور، ژ سالێن ١٩٩١ان ره ڤر (ب رۆژنامه) ب کوردی رۆژنامه دەردکەڤە. بتایبەتی رۆژنامەیا وەلات، ئازادیا وەلات ب دەمێن درەژ وەشان دکر. دیسا، سالا ٢٠١١ان ده ب ناڤێ کۆمەلا زوان هوونەر و کولتوری (زوان-کۆم) ب رەداکتۆرییا رۆشان لەزگین رۆژنامەیا نەوەپەل هات دەرخستن کو رۆژنامەیا یەکەم بوو کو ب تەڤاهی ب زازاکی دەردکەت. نها ل باکوور رۆژنامەیا خوەبوون هەفتانه ب کورمانجی و زازاکی و رۆژانەمیا زازاکی وۆرلد ژی ب تەنێ زازاکی دەردکەڤە.

هن مالپەرێن کولتوری و خەبەری هەنه کو ب کوردی وەشان دکن. خوسووسەن دیارنامه.جۆم ب ١٩ سالەه کو ب کورمانجی خەبەرێن کولتوری پارڤە دکە. ژ بۆ زازاکی ژی زازاک.نەت، کردک.جۆم، دملک.نەت، دەرسمنفۆ، زازاکنەوس و هن مالپەر هەنه کو کەس دکاره ژ وان ره ئیستیفاده بکە. دیسا گەلەک مالپەر و کانالێن یۆوتوبێ یان ژی سۆسیال مەدیایایێ (فاجەبۆوک و ئنستاگرام) هەنه کو تێدە دەرس و خەباتێن کوردی تێن بەلاڤ کرن. ژ بۆ کورمانجی و زازاکی تشتی هەری هەوجە تڤەکی مالباتی و کولتورییە. ل دەرڤایێ باکور هن تڤ هەنه، لێ کانالێن کو ل باکور وەشان دکن کێمن،ا کو گەلەمپەری وەشان دکه نها ترت کوردییە (تڤا دەولەتێیه). وکی دن هن کانالێن تڤ و رادیۆیێ کو پرانی موزیک و خەبەرێ بەلاڤ دکن هەنه. ب تایبەتی زارۆک تڤ سالا ٢٠١٥ان ده هات دامەزراندن و هەم ب کورمانجی هەم ژی ب زازاکی وەشان دکە. ژ بۆ کو نفشێن نوو ژ زمانێ خوە دوور نەکەڤن، وەشانێ زارۆک تڤ موهیمە. ژ ئالیێ قەلیتە ڤە ژی سەرکەفتییە.

دەما کو مرۆڤ ل گۆر ڤان پیڤانێن کو ئونەسجۆعیێ دەستنیشان کریە، بنرخینە، دڤێ د جهـ دە ژ بۆ پاراستنا زمانێ کوردی خەبات وەرە کرن.

**٤. ل باکوورێ کوردستانێ رەوشا زاراڤایێن کوردی و لێکۆلینێن مەیدانی**

ل باکورێ کوردستانێ دو زاراڤایێن سەرەکە هەنە: ١.کورمانجی، ٢. دملی (زازاکی). زاراڤایا سییەم ژی شێخبزنییە.

دملی یەک ژ زاراڤایێن یان ژی زمانێن کوردییە، ژ ئالیێ ئاخێڤەرێن وێ ڤە هەرێم ب هەرێم ب ناڤێن جودایێن وەکی "کرمانجکی"، "کردی (کردکی)"، "زازاک" و "دملی (دامالکی)» تێ گۆتن. کوردێن زازا هەرێم ب هەرێم ب ئاوایێن جودا ژ خوە رە دبێژن "کارمانج»، «کارد»، «زازا» و «دامال». (مالمیسانژ، ٢٠٢١، ر. ٦٦٣)

زازاکی ل باکورێ کوردستانێ کو ئیرۆ د ناڤ سینۆرێن ترکیەیێ دەیە ل ١٢ ویلایەتان تێ ئاخافتن. ژ ئالیێ پرانیا ڤان پارێزگەهان چەولیگ (بینگۆل)، خارپێت (ئەلەزیز) و دێرسم و بەشەکە مەزنا ئامەدێ ڤە تێ ئاخافتن. دیسا د ناڤچەیێن وەک سێورەگ (ا رها) و گمگم (ا مووش)، ئەرزنگان، مۆدان (ا بدلیس) و هیلکەجیک (ا ئاکسارای) گەلەک نوفووس ب دملی قسە دکن. لێ هن جهان دە ژی تەنێ چەند گوندن وەک باتمان و قەرس وییێن دن. پرانیا نفووسا کوردێن ترکیێ ب زاراڤایێ کورمانجی داخڤن، لێ تێ تەخمینکرن کو ¼ یان ژی ١/٥ێ ژ وان کرمانجکی (زازاکیاخێڤ)ن. (چاğلایان، ٢٠١٦)

شێخبزنی ل ئانادۆلی بەربەلاڤە و ژ ئەسلێ خوە یەک ژ زاراڤایێن کوردییا باشوورە و نێزێ کەلهوری و فەیلی ویە. کورمانجی ل پڕانیا دەڤەران دە تێ ئاخافتن، تەنێ هن جهێن کو ل پڕانی زازاکی داخفن کورمانجی کێمە، مە وییا ل ژۆر نیشان دا. زازاکی ژ ئالیێ گراماتیک ڤە نێزێ کورمانجییە لێ ژ ئالیا فۆنەتکا تاریخی و پەیڤان رە نێزێ گۆرانییە کو ژ زوودا هەڤ قەتییانە.

دملی ل گەل زاراڤایێن دنێن کوردی ب سالان ل ترکیێ قەدەخە بوو و ل گۆری سیاسەتا فەرمییا ترکیێ ل سەر کوردان سیاسەتەکە مەزنا ئاسیمیلاسیۆنێ هات مەشاندن. دملی ژ بەر نفووسا خوەیا هندک، ژ خەینی کوردێن دن، ژ ئالیێ دەولەتێ ڤە بوونە هەدەفا پۆلیتیکایێن جووربەجوورییێن تایبەت و ب تەزێن جوربەجور کو ژ دەستپێکێ ڤە ژ ئالیێ دەولەتێ ڤە هاتنە چێکرن، هەول هاتیە داییێن کو وان ژ جڤاکا گشتییا کورد ڤەقەتینن. ژ رۆژێن دامەزراندنا کۆمارا ترکیەیێ هەتا ئیرۆ ئەڤ سیاسەتا قەدەخە و ئاسیمیلاسیۆنێ ب ئاوایەکی دەوام کر. ئەڤ رەوش د راپۆرا ئونەسجۆییێیا کو د ٢١ێ سباتا ٢٠٠٩ان دە ب بۆنەیا رۆژا زمانێ زکماکییا جیهانێ هات وەشاندن دە ژی هات تەسبیتکرن و کرمانجکی (زازاکی) د ناڤ زمانێن د بن خەتەرەیێ دە جهـ گرت. (مۆسەلەی، ٢٠١٠)

وان سالێن داوی هن لێکۆلینێن مەیدانی ل سەر بکارانینا زاراڤایێن کوردی و خوسووسەن ل سەر زازاکی هاتنە کرنێ کو ئەم ژ وانا چەند نموونە بدن.

### ٤.١. راپۆرا گیباڤێ ل سەر زازاکی

لێکۆلینێن گیباڤعێ ل ناڤەندا ئامەدێ، ناڤچە و گوندێن لجێ، هانی، ئەگیل، دیجلە قولپ، چەرمکێ؛ ناڤەندا چەولگێ، ناڤچە و گوندێن دارا هێنی (گەنچ-بنگۆل)؛ سوێرەک

(ا رها)، ناڤچەیا ڤارتۆ و گوندێن مووشێ، ناڤەندا باژارێ دێرسمێ و گوندێن وێ و گوندێن ئەرزنگانێ دهەوینە. (ئەرگن، ٢٠٢١)

د لێکۆلینا ل سەر زارۆکێن کو زمانێ وانێ دایکێ زازاکییە، ژ سەدی ١٣ێ زارۆکان د ناڤبەرا ٦-٩ سالی دە، ژ سەدی ٣٥،٢ د ناڤبەرا ١٠-١٣ و ژ سەدی ٥١،٨ ژی د ناڤبەرا ١٤-١٧ سالی دە نە. هەر وها دێ و باڤێن وان ژی داخلێ لێکۆلینێ کرنە.

ژ بۆ پرسا "تو هەتا چ دەرەجەیێ زمانێ خوەیێ داییکێ دزانی؟" رێژەیا زارۆکێن کو گۆتن "ئەز دکارم باخڤم، فێم بکم و بنڤیسم" تەنێ ٪٧،٩ە. رێژەیا دێ و باڤێن کو گۆتنە "ئەز دکارم باخڤم، فێم بکم و بنڤیسم" ژی ٪ ٨،٧ە. خویایە کو نڤیسینا زمان د ناڤ کوردان دە زەیفە.

ژ بۆ پرسا "تە ب رێیا کێ فێری زمانێ خوەیێ زکماکی بوو؟" ژ ٪٦٧،٢ گۆت کو ئەو ژ مالباتا خوە فێر بوونە، ٪ ٣٢،٨ ژی گۆتنە کو ئەو ژ جیران ئان هەڤالان فێر بوونە.

ژ ٪ ٨٦،٧ێ زارۆکان ژ بۆ پرسا "هوون دخوازن زمانێ خوەیێ زکماکی هین ببن و چێتر بپەیڤن" بەرسڤا عەرێ دانە. رێژەیا دێ و باڤێن کو بەرسڤا عەرێ دانە ڤێ پرسێ ژ ٪ ٩١،٦ بوو.

دیسا ژ ٪ ٦٧،٢ێ زارۆکان و ژ ٪ ٦٦،٧ێ دێ و باڤان ژ بۆ پرسا "ئەگەر دەرفەت هەبە هوونێ بەشداری کورسا فێربوونا زمانێ خوەیێ زکماکی ببن" گۆتنە "ئەرێ؟»

دێ و باڤ ژ بۆ پرسا "هوون هەول ددن زارۆکێن خوە فێری زمانێ زکماکی بکن؟" ب رێژەیا ژ سەدی ٦٤،١ بەرسڤا 'ئەرێ ددن.

د لێکۆلینێ دە هات دەستنیشانکرن کو د مالباتێن زازا دە زمانێ کو ل مالێ تێ بکارانین ژ ٪ ٥٦،١ زازاکییە، زمانێ دویەمین کو ل مالێ تێ ئاخافتن ژی ژ ٪ ٤٣،٩ ترکییە.

### ٤.٢. راپۆرا ناڤەندا لێکۆلینێن کوردی (کوردش ستودەس جەنتەر) ل سەر کوردی

د پرۆژەیا نەخشەیا زمانا کو ژ ئالیێ ناڤەندا لێکۆلینێن کوردی هات پارڤەکرن دە ئارمانج ئەوە کو ب چاڤدێریا پەریۆدیک بکارانینا زمان وەکی "بارۆمەترەیا زمان" دانەیێن ژ بۆ لێکۆلینێن زمان بافرینە، توندیا داخوازێن ل سەر بنگەها زمان ببینە و ڤان دانەیان ب رەنگەک گەهیشتی ب رایا گشتی رە پارڤە بکە. (کوردش ستودەس جەنتەر، ٢٠٢٢)

قوناخا ئەولا پرۆژەیێ وەک ئانکەتا روو ب روو ب کەسێن ژ ١٨ سالی مەزنتر ل هەموو باژارێن ئامەد، مێردین، رها و وانێ هاتیە کرن.

ل گۆری لێکۆلینان؛ هەر چەندی شیانا ئاخافتن و تێگەهیشتنا زمانێ زکماکی هەتا رادەیەکێ مەزن بەردەوام بکە ژی، بکارانینا زمان د ژیانا رۆژانە دە لاوازە. رێژەیا زانین و بکارانینا زمان د مێران دە ژیا ژنان زێدەترە.

رێژەیا بەشدارێن کو زمانێ خوەیێ زکماکی ب کار تینن د ناڤبەرا ئاخافتنا ب دێ و باڤێ خوە و ئاخافتنا ب زارۆکان رە نێزی سێ چاران کێم دبە.

بکارانینا زمان ل ناڤەندێ ژ گوندان کێمترە. هەر کو ئاستا پەروەردەهیێ زێدە دبە، رێژەیا زانین و بکارانینا زمان کێم دبە. کۆما هلبژێرێن کو هەری زێدە زمان دزانن و بکار تینن هلبژێرێن هدپەێ نە.

لگۆر لێکۆلینا ناڤەندا لێکۆلینێن کوردییێن کو ب پرانی کوردی داخفن کێم دبن:

- ب دێ و باو رە پرانی ب زمانێ داییکێ (کوردی) قسە کرن:
  کورمانجی ٪٦٤،٦ - زازاکی ٪٤٣،٢
- ب زارۆکان رە پرانی ب زمانێ داییکێ (کوردی) قسە کرن:
  کورمانجی ٪٣٥،٢ - زازاکی ٪١٤،٥
- ب دێ و باو رە پرانی ب زمانێ ترکی قسە کرن:
  د کورمانجان دە ٪١٢،٧ – د زازایان دە ٪٣٥،٧
- ب زارۆکان رە پرانی ب زمانێ ترکی قسە کرن:
  د کورمانجان دە ٪٣٠،١ – د زازایان دە ٪٦٣،٩

ئەو ئەنجام نیشان ددە کو رەوشا زمانێ کوردی ل باکوور رۆژ کو دچە لاواز دبە. چونکی ئەو رێژەیێن نیشانێ پرانی ددن، نە کو ل رۆژێ چەند دەقیقە و ب چەند کەلیمەیێن هال-خاتر پرسینێ نە. ژ بەر کو د ژیانا گشتی دە ب کار ئانینا زمان کێم دبە، ژ بۆ پێشەرۆژێ خەتەرەیە.

### ٤.٣. لێکۆلینا نادیرە گـüنتاش ئالداتماز (تەزا دۆکتۆرا)

نڤیسکار و ئاکادەمیسیەن نادیرە گ. ئالداتماز بخوە ژی کوردەکی دملی (کرمانج، زازا) یە. ل گۆری خەبات و ئانکەتا وێیا کو ل سەر ٤٠٢ کەسان هاتیە کرن، د دەربارێ ئاستا ونداوونا زمانێ زازاکی دە ئەنجامێن هەری بالکێش ئەڤن: (گـüنتاش ئالداتماز، ٢٠٢٠)

- ٪٩٢.٨ێ بەشداران هین ئەندامێن مالباتێن وانێن کو ب زازاکی داخڤن هەنە.
- ٪٦٩،٧ێ بەشداران ب ئاخافتنا ترکی خوە باشتر ئیفادە دکن.
- د ناڤ مالباتا بچووک دە ب رێژەیا ٪٥٨،٢ ترکی تێ ئاخافتن.
- رێژەیا ئاخافتنا "پر جاران ب ترکی" ل مالێ ٪٥٤،٨ە.
- کەسێن بەشدار ب گشتی ٪٥٩.٠ێ داپیرێن خوە و ٪٥٧.٤ێ باپیرێن خوە ب کرمانجکی (زازاکی) داخڤن.
- زمانێ کو داییکێن وان ل مالێ ب وان رە داخڤن ٪٤٦،٢ کرمانجکی و ٪٤١،٤ ژی ترکییە.
- زمانێ کو داییکێن وان ل مالێ ب دێ و باڤێن خوە رە دپەیڤن ب رێژەیا ٪٧٦،٤ کرمانجکییە.
- زمانێ کو باڤێ وان ل مالێ ب وان رە داخڤە ٪٤١،٨ کرمانجکی و ٪٤٥،٦ ژی ترکییە.
- زمانێ کو باڤێن وان ل مالێ ب دێ و باڤێن خوە رە داخڤن ب رێژەیا ٧٣،٥ ٪ کرمانجکییە.
- زمانێ داپیر و باپیران ل مالێ ب رێژەیا ٧٦،٣، ب دێ و باڤێن خوە رە ٪٩٢،٥، ب جیرانان رە ٪٨٦،٤ و ب خزمێن خوە رە ٪٨٧،٥، کرمانجکی (زازاکی)یە.
- ٪٥٨.٩ێ بەشدارێن ئانکەتێ دەربارێ پرتووکێن کو ب زمانێ کرمانی هاتنە نڤیساندن دە خوەدی ئاگاهی نینن.
- رێژەیا کەسێن کو تو مالزەمەیێن کو ب زمانێ زازاکی هاتنە نڤیساندن نەخوەندن ٪٥٩،٤ە.
- ٪٥٥.٧ێ بەشداران گرینگیێ ددن زانینا زاراڤا کرمانجکی.
- ٨٣.٤٪ ژ بەشداران باوەر دکن کو دڤێ زارۆکێن وان زمانێ خوە هین ببن، و ٨٥.٥٪ ژی فێربوونا زمانێ دێووباڤێن خوە گرینگ دبینن.
- ٪٧٢.٦ێ بەشداران دخوازن هینی کرمانجکی (زازاکی) ببن.

یێن کو زمانێ خوەیێ زکماکی وەکی کرمانجکی (زازاکی) بلێڤ دکن، ب گرانی تەمەنێ وان ژ ٥٦ سالی و ژۆرترە،یێن کو زمانێ خوەیێ زکماکی ژی ترکییە، ب گرانی تەمەنێ وان ژ ١٨ سالی و کێمترە. ئەڤ تەسبیت نیشان ددە کو یەکەمین زمانێ کو نفشێ جوان هین دبە ب گرانی ترکییە.

دیسا تێ فێهم کرن کو ژ نیڤێ زێدەترێن کۆما جوانان کو زمانێ خوەیێ زکماکی وەکی کرمانجکی (زازاکی) ب رێژەیا ٪٤٢.٣ ئانیە زمان، ب کرمانجکی (زازاکی) نزانن ئان ژی تەنێ ژێ فام دکن لێ نکارن باخڤن. هەر چقاس خوەزاییە کو ژ نفشێ جوانێ کو ژیانا خوە ب فێربوونا ترکی دەست پێ کریە، زمانێ خوەیێ زکماکی وەکی ترکی بهەسبینە ژی، دیارە کو ئەڤ نفش دێ مێلدارێ فێربوونا کرمانجکی (زازاکی) نەبە. ل گەل کرمانجیا کو ژ دیا خوەیا کو زمانێ وێیێ زکماکی کرمانجییە هین نەبوویە، هینی چیرۆک، مشە، ستران، لیستک، دوا و مژارێن دیرۆکی نابە. ئەڤ پێشبینیا مەیا ل سەر هلوەشینا نێزیکا پەرگالێن زانینا مرۆڤی ژ بەر وندابوونا ڤەگوهەستنا زمانان د ناڤبەرا نفشان دە پشتراست دکە.

بەشدارێن ١٨ سالی و بنی ب پرانی ناسنامەیا خوەیا ئەتنیکی وەکی ترکی، زمانێ خوەیێ زکماکی وەکی ترکی پێناسە دکن. کەسێن ژ ١٨ سالی و ژێرتر گەلەک جاران ل مالێ ب ترکی داخڤن، کۆما ژ ٥٦ سالی و ژۆرتر ژی ب کرمانجکی داخڤن. زمان د هەر دو کۆمان دە ب هەمان رێژەیێ گوهەری.یێن ١٨ سالی و ژێرتر خوە ب ترکی دپەیڤن،یێن ٥٦ سالی و مەزنتر ژی ب کرمانجکی (زازاکی) خوە باشتر ئیفادە دکن. ژ بلی ڤێ کۆما داوین هەموو کۆم ب ئاخافتنا ترکی خوە باشتر ئیفادە دکن. ئەڤ رەوش د ژیانا رۆژانە دە سەردەستیا ترکی نیشان ددە. تێ دیتن کو بکارانینا زازاکی د ژیانا تایبەت دە ژی گاڤ ب گاڤ کێم دبە و ل شوونا ترکی تێ بکارانین.

**٥. ئەنجام**

د دنیایا مۆدەرن دە هەر کو دچە زمانێن بێدەولەت و بێستاتو وندا دبن. ئیرۆ ل باکورێ کوردستانێ رەوشا زمانێن کوردی وەک کورمانجی و زازاکی ژی نە باشە. قەدەخەکرنا کوردییا کو پشتی دامەزراندنا دەولەتا ترکیا دەست پێ کر، گەلەک زرار دایە زمانێ کوردی.

مرۆڤ دکارە ل گۆری قادێن بکارانینا زمانەکی تێبگهێ کو ئەو زمان د بن خەتەرەیێ دەیە یان نا. ژ بلی بکارانینا فەرمییا زمانەکی؛ ژ بۆ مە گرینگە کو ئەم ئاستا مەترسیێ فام بکن کو گەلۆ زمان د دەڤەرێن سڤیل دە چقاس تێ قسەکرن. ئەم دەما کو رەوشا کوردی ل گۆر وارێن وەک دانووستەندنا مالباتێ، کارێ رۆژانەیێن ل دەرڤایی مالێ، پەروەردە، بازرگانی، تێکلی و دانووستاندنا رۆژانە، وەرزیش (سپۆر)، شاهی و داوەت، چالاکیێن چاندی و هونەری، وارێ تەندورستییێ و ئیبادەتێ دنرخینن، د ناڤ

کاتەگۆریا زمانێن د خەتەرەیێ دە ئان ژی نە ئەولەدار دە جهـ دگرە. هەر چەندی د راپۆرێن ئونەسجۆیێن سالا ٢٠١٠ان دە ئەڤ تەسبیت تەنێ ژ بۆ زازاکی هاتیە کرن ژی هەمان رەوش ژ بۆ کورمانجی ژی وسایە.

ل گۆر لێکۆلینێن دەزگەیی و ب تەجروبەیێن شەخسی ئەم کارن بێژن کو وەندابوون یان ئاسیمیلەبوونا زمان ئێدی گهیشتیە ئاستا خەتەرەیێ. چمکی ڤەگوهەستنا زمان بۆ نفشێن نوو داکەتیە ژ ٪ ٦٠ی. ئەڤ رەوش ل گۆر راپۆرێن جودا-جودا نیسبەت ب کورمانجی ژ بۆ زاراڤایا دملی (دمبلی) خرابترە. نفووسێن کوردان ئێدی زێدەتر ل باژاران دژین. پرانیا زارۆکێن کورد نها ب دوزمانی (کوردی و ترکی) ئان ژی تەنێ ب ترکی مەزن دبن. د مالباتێن دوزمانی دە ژی ترکی ل سەر کوردی زال دبە و کوردی د ناڤ مالباتێ دە دمینە و دهەلە. لەورا، ئەم شونا ئەنجامێ دە بەهسێ هن چارەسەرییێن بکن.

ل گۆر د. جرستال، زمانێ کو د خەتەرەیێ دەیە، گەر ئاخێڤەرێن وی د ناڤ جڤاکا سەردەست دە پرەستیژا خوە زێدە بکن دێ گەش ببە. گەر ئاخێڤەرێن وی زمانی د ناڤ جڤاکا سەردەست دە دەولەمەندیا خوە زێدە بکن و ئەکۆنۆمییا خوە پێش بخن دێ زمانێ وان ژی پێش بکەڤە. زمانێ کو د خەتەرەیێ دەیە، گەر ئاخێڤەرێن وی ل بەر چاڤێ جڤاکا سەردەست هێزێن خوەیێن مەشروو زێدە بکن دێ گەش ببە. ژ بۆنا وی کۆمەلەیێن ئاکتیڤ و لۆبییێن خورت لازمن کو ل دەرڤایێ ژی بۆ هەقێن زمانی موجادەلە بکن. زمانێ کو د خەتەرەیێ دەیە، هەکە ئاخێڤەرێن وی د پەرگالا پەروەردەهییێ دە ب هێز ببن دێ پێش بکەڤە. زێدەکرنا بکارانینا هەر زمانێ د خەتەرەیێ دە د ناڤ مالێ دە پێشینەک بنگەهینە. وەکە کو ئەم دبینن، ئاوایێ هزرکرنێ کو هەموو بەرپرسییارییێ ددە سەر پەرگالە پەروەردەیێ، نکارێ چارەسەرییێ ب خوە رە بینە، لێ گەر زمان د دبستانا سەرەتایی و ناڤین دە جیهـ نەگرە، دێ پاشەرۆژ تاری بە.

زمانەک کو د خەتەرەیێ دەیە، هەکە ئاخێڤەرێن وی بکارن زمانێ خوە بنڤیسن دێ پێش بکەڤە. خوەندە-نڤیسەندەتی د پاراستن و دۆماندنا زمان دە خوەدی رۆلەکە بێهەمپایە. هەلبەت ژ بەر کو زمانەک هاتیە نڤیساندن ب خوەبەر نایێ وێ واتەیێ کو ئەوێ بژی. لێبەلێ، هەکە زمانەک قۆناخا کو د ناڤ نفشان دە د هوندورێ مالێ دە تێ ڤەگوهەزتن دەرباس بوو، نڤیساندنا وی بێتر پاشەرۆژا وی ئەولە دکە.

ستانداردکرن د خورتکرنا زمان ده یەکانە مژارا تەکنیکییا هەری گرینگە. بەری کو ماتەریالێن نڤیسکی بێنە تۆمار کرن دڤێ ئەڤ پرسگرێک وەرە چارەسەر کرن. بەرنامەیا خوەندە-نڤیسەندەتیێ ژ بۆ ب سەدان زمانێن د خەتەرەیێ دە ب ئاوایەکی سەرکەفتی هاتیە بجهانین و د پرۆژەیێن ڤەژینێ دە پێشەنگە. (جرستال، ٢٠٠٧) ژ ڤێ ئالیێ ڤە کورمانجی و زازاکی گەلەک کتێب و ماتەریال هەنە. بالکێشە، خوەندنا ب کوردی ب نسبەتێن دەما بەرێ زێدەتر بە ژی، قسە کرنا وی کێم دبە.

زمانێ کو د خەتەرەیێ دەیە، هەکە ئاخافتڤانێن وی تەکنولۆژیا ئەلەکترۆنیکی و مۆدەرن بکار بینن دێ پێشڤە ببە. ژ بۆ زمانێ کوردی تەلەڤزیۆنێن مالباتی و کولتوری هەوجە نە.ا دن ژ بۆ زارۆکان تڤ گەلەک ب فایدەیە. تەکنۆلۆژیا ئەلەکترۆنیکی ژی وەک ئینتەرنەت، دەرفەتێن نوو ددە ژ بۆ زمانان. د رۆژنامەیێ دە جیهـ ڤەقەتاندن ئان ژی داییـنا وەختێ ل رادیۆ و تەلەڤیزیۆنێ دبە کو بها بە. لێبەلێ، ئینتەرنەت و ئاپلکاسیۆنێن دن کارانینا زمانێ هێسانتر بکە. د ئینتەرنەتێ دە هەر کەس بوویە وەکهەڤ. مەسرەفا رووپەلا مالپەرێ یەکە کو بەشدار دکارە ب هەر زمانی بنڤیسە. دبە کو نها زێدەتری ٥٠٠ زمان ل سەر ئینتەرنەتێ هەنە.ا دن ژی سۆسیال مەدیایایە کو دکارە پرەستیژا زمان ژی بەرزتر بکە.

بلی وانا، ژ بۆ پاراستنا زمان، گەرەک چاند و سیستەما دەولەتێ جهێرەنگیا زمانی ئەرێنی ببینە، گەرەک هەستەک خورتا نەتەوەیی د ناڤ جڤاکا دە ببە، گەرەک دەستەک بدە داییـن کو ژ بۆ بەرنامەیێن پەروەردەییێن ل سەر زمان و چاندێن د خەتەرەیێ دە. هەر وها، چێکرنا بەرنامەیێن دبستانێن ب زمانێ داییکێ و دوزمانی، پەروەدەکرنا مامسۆتاییێن زمانێ داییکێ، د جڤاکێ دە ژی ئەلەقە و پشتگری لازمە. دیسا، ژ ئالییێ ئاکتڤست و زماناسان ڤە ئامادەکرنا ماتەریالێن زمانییێن هێسان-کارساز، پێشخستنا ئەدەبیاتا دەڤکی ویا نوویا نڤیسکی و ئافراندن و خورتکرنا ژینگەهێن کو دڤێ زمان لێ بێ بکارانین هەوجە نە. بتایبەتی، باژارێن مەزن دە جهێ وسا هەوجە نە کو کەس بکاربە ب تەنێ زمانێ خوە قسە بکە. هەکە کەس تم ماروزێ زمانێ سەردەست ببە، نکارە زمانێ وە ل هەر دەری قسە بکە؛ چونکی زمانێ سەردەست ل هەر دەری داگر دکە.

# چۆن زمان لەناودەچێت


■ توری یانسۆن
■ وەرگێڕانی لە سویدییەوە: ڕزگار شێخانی

توریٚ یانسۆن Tore Janson ساڵی ١٩٣٦ لە ستۆکهۆلم لە دایکبووە، پرۆفیسۆری خانەنیشە لە زمانی لاتین و زمانە ئەفریقاییەکان. لە زانکۆی کالیفۆرنیا و لۆس ئەنگێلس و زانکۆکانی سویٚدا کاری کردووە.

دەیان کتیٚب و لیٚکۆڵینەوەی زانستی لەبارەی زمان و میٚژووی زمانەوە نووسیوە.

مردنی زمانیٚک

زمان لە سکۆتلاندا ماوەیەکی زۆر گیٚلی Gaelic بوو، کە زمانیٚکی کیٚلتی Celtic بوو. لە ماوەی سەدەکانی ڕابردوودا، گیٚلی هەر زیٚتر پاشەکشەی پیٚ کرا و ئینگلیزی تەواو بوو بە زمانی باڵادەست. لە زۆربەی ناوچەکانی سکۆتلاندا گیٚلی تەواو لەناوچووە. ئەو زارە گیٚلتییەی کە لە East Sutherland قسەی پیٚ دەکرا، باش دۆکۆمیٚنت کراوە چی بەسەر هات.



هەتا کۆتایی سەدەی هەژدەیش نزیکەی هەموو دانیشتووانەکەی بە گیٚلی دەدوان. لەسەر ئەو زەوییە تا ڕادەیەک بیٚ پیتانەدا خەریکی کشتوکاڵ بوون. نزیکەی هەموویان زەوییەکانیان لە دەرەبەگە ئینگلیزەکانەوە بە کریٚ وەرگرتبوو.

بەڵام دەرەبەگەکان مەیلیان چووە سەر ئەوەی واز لە کشتوکاڵ بهیٚنن و زەوییەکانیان بۆ بەخیٚوکردنی مەڕوماڵات بە کار بهیٚنن، چونکە خوری و گۆشتی بەرخ زۆر داوایان لەسەر بوو. ڕیٚک و ڕەوان، بەشی زۆری ئەوانەی زەوییان وەرگرتبوو،

لە کاری کشتوکاڵیان دەرکران. بۆ مەڕومالاّت بەخێوکردنیش لە باشوورەوە خەڵکی ئینگلیزی زمانیان هێنا. کرێگرتەکان دەرفەتیان بۆ ڕەخسا لە کەنار دەریا جێنشین ببن. ئەمە وا دانرابوو، تا بە ماسیگرتن لە دەریاوە ژیانیان بگوزەرێنن.

توانیشیان، بەو شێوەیە هەتا ئێستایش نەوەکانیان وەک ماسیگر لە گوندەکانی کەناردا بژین. بەڵام ئەوان هەژار بوون و بە هەژاریش مانەوە و گۆشەگیر کران و پێوەندییان لەگەڵ دانیشتووانە ئینگلیزی زمانەکەی دەوروبەرەکەدا کەم بوو.

لە ماوەی سەدەی نۆزدەدا ئینگلیزی فرەتر فشاری هێنا. زمانی کڵێسا ئینگلیزی بوو. کە قوتابخانەیش کرایەوە، ئینگلیزی زمانی خوێندنیان بوو. تەندروستی، بازرگانی و گواستنەوە و پێوەندییەکانی تر لەگەڵ دنیای دەرەوەی گوندەکاندا، پێویستیان بە ئینگلیزی هەبوو.

لە سەرەتای سەدەی بیستەوە، بە شێوەیەکی گشتی هەموو کەسێک دوو زمانی دەزانی، تێکڕای خەڵک گێلی زمانی یەکەم و ئینگلیزی زمانی دووەمی بوو. بەشێکی ئینگلیزی زمانیش گواستیانەوە ناو گوندەکانەوە، لەبەر ئەوەی کەم جار خۆیان فێری زمانی گێلی دەکرد، لە هەموو بوارێکدا کە ئینگلیزی زمانێک لەگەڵ بووایە ئینگلیزی زمانی ئاخاوتن دەبوو. بەتایبەتیش وای لێ هات کە منداڵی دایکوباوک گێلیزمان و ئینگلیزیزمان لە ماڵ هەمیشە گوێیان لە ئینگلیزی دەبوو و ئیتر ئینگلیزی بوو بە زمانی سەرەکی.

بەم شێوەیە لەو گوندانەدا بە چەند نەوەیەک زمان گۆڕا، لە نزیکەی بە تەنیا گێلییەوە، بۆ نزیکەی بەتەنیا ئینگلیزی. ئەو دوا کەسانەی کە لە دایکوباوکیانەوە وەکو زمانی یەکەم فێری گێلی بوون، ئێستا زۆر پیرن. ئەو گەنجانەیش کە شتێک لە زمانەکەوە دەزانن، لە باپیرەکانیانەوە فێری بوون، زۆر جاران زۆر ناتەواو. ئەوان لەبارێکدا نیین منداڵەکانیان یان نەوەکانیان لە چەند وشەیەکی ئەو زمانە کۆنە بەولاوە فێر بکەن. لە ماوەی چەند دەیەیەکدا زمانەکە وەک زمانی ئاخاوتن بە تەواوی لەناو دەچێت (ئەگەر موعجیزەیەکی زیندووکردنەوە ڕوو نەدات). لە نووسیندا ئەم زاراوە تایبەتە بە هۆی یاداشتکردنی چەند زمانزانێکەوە دەمێنێتەوە.

واتە نزیکەی دوو سەدە و نیوی برد، لەوەی کە زمانەکە لە ناوچەکەدا تەواو باڵادەست بوو، هەتا ئەوەی کەوتووەتە لێواری لەناوچوون. گەشەکردنەکە بەوە دەستی پێ کرد، کە قسەکەرەکان لەو وڵاتەی تێیدا دەژیان بۆ بەرژەوەندی قسەکەری

زمانێکی باڵادەست پەراوێزخران. پاشان زمانە باڵادەستەکە کاریگەرییەکی هەمیشەیی هەبوو، کە وردە وردە زیادی کرد. یەک لەدوای یەک ئەو ئەرکانەی وەرگرت کە زمان لە کۆمەڵگەدا هەیەتی، هەتا زمانی گێلی لەناو خێزانەکانیشدا وەک زمان تەنگی پێ هەڵچنرا. ئەو قۆناغە یەکلاکەرەوە ئەوە بوو کاتێک منداڵ دەستبەرداری فێربوونی زمانەکە بوون وەک زمانی یەکەم لە دایکوباوکیانەوە، واتە دەستبەرداری زمانەکە بوون وەک زمانی دایک. پاشان زمانەکە خێرا لەناوچوو.

لێکۆڵەری ئەمریکایی، نانسی دوریان، دەیان ساڵ بەوردی چاودێری گەشەی لە East Sutherland کرد. لەناو زۆر شتی سەرنجڕاکێشدا ئەوەی نیشان دا، کە لە سەردەمی نەوە نوێیەکاندا زمانەکە خێرا گۆڕا، نەک بە پلەی یەک لەبەر کاریگەریی زمانی ئینگلیزی، کە وا مەزەندە دەکرا. لەبریدا وا دەزانرێت گۆڕانی ‹ئاسایی›ی ناو زمانەکە بێت، کە زۆر خێرا دەبێت، کاتێک کەم قسەکەری مابێت.

نانسی دوریان دەستەواژەی ‹زمانمردن›ی داهێنا، Language dedth زمانمردن، بۆ ئەوەی کە ڕوویدا و ‹زمانمردن› ناوی ئەو کتێبە باشەیشە، کە ئەو لەبارەی گێلی لە East Sutherland نووسی. من بەش بە حاڵی خۆم لە دەستەواژەی ‹زمانمردن› دوودڵم، کە ئێستا تا ڕادەیەک باو بووە. بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ئەوە دەڵێ، کە چی ڕوودەدات، بەڵام ئەوەیش دەگەیێنێت کە زمان ژیانێکی هەیە. ئەگەر نا نەیدەتوانی بمرێت. ئەمە هاوجۆرییەکی سروشتییە لەگەڵ ژیانی مرۆڤ، بەڵام ئەمە سەرلێشێواندنە. مرۆڤ زمان بە کار دەهێنێت، زمانیش هەتا بە کار بهێنرێت، هەیە. کاتێک کە بە کار نەهێنرا، نییە. ئەمە زیانێکی گەورەی کولتوور دەگەیێنێت، بەڵام ئەوەی کە لەناودەچێت زانیاری و توانایە، نەک هیچ ئۆرگانیزمێکی زیندوو.

زمانمردن، نزیکەی قەت ئەنجامی ئەوە نییە، کە هەموو مرۆڤەکانی زمانەک قسە دەکەن، لەپڕ دەمرن، یان دەکوژرێن. ئەوەی کە ڕوودەدات، ئەوەیە مرۆڤەکان قسە بە زمانێکی تر دەکەن، لەوەی کە دایکوباوکیان پێیان دەکرد، بەمەیش زمانە کۆنەکە ناگوێزنەوە بۆ منداڵەکانیان. واتە دیاردەی بنەڕەتی، زمانگۆڕینە.

یەکەم جار لەم دەیانەی ڕابردوودا لێکۆڵەرەکان بەوردی لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەوە کرد، کە چۆن زمانێک لاواز دەبێت و لەناودەچێت. بەڵام بێگومان دیاردەکەیش نوێ و بێهاوتا نییە. بە پێچەوانەوە ئێستا زمان زۆر لە جاران زێتر لەناودەچن.

**زمانە بێ دواڕۆژەکان**

لەو نزیکەی پێنج هەزار زمانانەی ئێستا لەسەر زەوی قسەیان پێ دەکرێت، زۆربەیان تا ڕادەیەک ژمارەی قسەکەریان کەمە. ئێستا زێتر لە پێنج میلیارد مرۆڤ هەیە و زۆربەی هەرە زۆریان یەکێک لە زمانە گەورەکان دەزانێت. گەورەترین شەست زمان بەیەکەوە زۆر زێتر لە چوار میلیارد قسەکەریان هەیە. ئەوانیتر بەسەر زمانەکانی تردا دابەش کراون، کە هەر یەکێکیان کەمتر لە دە میلیۆن قسەکەریان هەیە.

بەشێکی زۆری زمانە بچووکەکان خێرا قسەکەریان کەمتر دەبێت و لە ماویەکی کورتدا ترسی لەناوچونیان هەیە. بەشێکی زۆرتریشیان نیشانەی لاوازییان پێوە دیارە و ڕەنگە لە داهاتووی دووردا مەترسیی جیدییان بێتە سەر.

وەک کە دیار کەوت زمان قەت سەقامگیر نەبووە، بەڵکە هەمیشە زمانی نوێ گەشە دەکات و زمانی تر لەناودەچێت. بەڵام ئەوەی کە ئێستا ڕوودەدات بە ڕێژەیەکی زۆرترە لەوەی کە پێشوو ڕوویدابێت. وەک کە لە سەرەتای کتێبەکەدا گوترا، لەوانەیە هەر لە چاخی بەردینەدا ژمارەیەکی زۆر زمانی بچووک هەبووبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە زمانی گەورە نەبووە. لە ماوەی سێ هەزار ساڵی ڕابردووەوە بەردەوام گەشەکردن بەرەو زمانی گەورە چووە، بەڵام هاوکاتیش هەزاران زمانی بچووکیش هەبوون. ئێستا نزیکەی هەموو زمانە بچووکەکان لەژێر فشاری زمانە گەورەکاندان، ئەم فشارەیش بەردەوام زیاد دەکات. ئاکامیش ئەوەیە کە وا هەر لە ئێستاوە زۆر بە خێرایی زمان لەناودەچێت. هەموو شتێک ئەوە دەگەیێنێت کە ئەم خێراییە زیاد دەکات و لە ماوەی چەند نەوەیەکدا ژمارەی زمانەکان زۆر لە ئێستا کەمتر دەبێت، ئەگەرچی ژمارەی مرۆڤ لەسەر زەوی بەردەوام خێرا زیاد دەبێت.

زمانە بچووکەکان هێندە زۆر قسەکەریان نییە و لە زۆربەشیاندا قسەکەرەکان نە کاریگەریی سیاسیان هەیە، نە هی ئابووری. بۆیە لەناوچوونی زمانە بچووکەکان لە زۆربەی گۆشەکانی جیهاندا، زۆر نابیسترێت. هەندێک زماناس تێبینی مەسەلەکەیان کردووە و هەوڵ دەدەن ڕای گشتی دروست بکەن، بەڵام لە زۆربەی لاوە گۆڕانە گەورەکە ڕوودەدات، نزیکەی بێئەوەی کەس هەر تێبینیشی بکات.

**گونجانی زاراوەکان**

ئەوەی کە لە East Sutherland لەناوچوو فۆڕمێکی زمانی گێلی بوو، هەموو گێلی نەبوو. فۆڕمێکی زۆر جودا بوو لە گێلییەکی تر، ئیتر مرۆڤ دەتوانرێت گفتوگۆی ئەوە بکرێت کە ئایا زمانێکی سەربەخۆ بوو کە لەناوچوو، یان زاراوەیەک بوو.

بەڵام ئەمە مەسەلەیەکە ئەگەر فۆڕمێکی زمانێک لەپێناو فۆڕمێکی تردا لەناوبچێت کە وەکو یەکدین، یان لەپێناو یەکێکی تردا لەناوبچێت کە تەواو جودایە. لەناو دەچێت. ئیدی ئەگەر ئەو فۆڕمەی لە East Sutherland زمان بووبێت یان زاراوە، ئەوا قسەکەرەکان چوونە سەر زمانی ئینگلیزی، نەچوونە سەر گێلییەکی تر. ئەمە ئەڵقەیەکی گرنگی گەشەکردنێکی گشتی بوو، کە وا مەزەندە دەکرێت بەوە کۆتایی دێت کە هەموو فۆڕمێکی گێلی لەپێناو ئینگلیزیدا لەناودەچێت. کە ئەمە ڕوویدا، ئەوسا زمانێک، (یان چەند زمانێکی لەیەکدی نزیک) بەتەواوی لەناوچوون.

شتێکی تریش، کە ئێستا بەربڵاو ڕوودەدات، زاراوەی زمانن کە ڕێنووس و زۆر قسەکەریان هەیە، وەک فرانسی و سوێدی و هی تریش، زۆرجـاران وەک زمانی ستانداردیان لێ دێت. هەندێجاریش بەتەواوی لەناودەچن. زاراوە سوێدییەکانی دەشت بە شێوەیەکی بەرچاو دووچاری ئەمە دەبن. بەشێکی زاراوەکان کە زۆر لە زمانی ستاندارد جودابوون، بۆ نموونە ‹ئێلڤدالسمۆل و پیتیمۆل› Elvdalsmål & Pitemål لە ڕاستیدا لە فۆڕمی ڕاستەقینەی خۆیاندا نەماون. نزیکەی هەموو زاراوەکانی دەشت، بەشێکی زۆر لە وشە تایبەتەکانی خۆیان لەدەست دەدەن و لەبریاندا وشەی زمانی ستاندارد بە کار دەهێنرێت. بەڵام هێشتا دەکرێت فۆنێتیک زۆر دوور بێت لە هی زمانی ستانداردەوە.

کە زاراوەکان زێتر وەکو یەکتریان لێ دێت، یان لەناودەچن بەشێکی لەبەر هەمان هۆیە، کە زمانێک لەناوذەچێت. ئەمە پێوەندی بە زێتر خوێندن، زیادبوونی چالاکی، باشتربوونی پێوەندی و شتی ترەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر کەمتر دراماتیکییە ئەگەر مرۆڤ زاراوەکەی بگۆڕێت، لەوەی کە بچێتە سەر زمانێکی تەواو جوداترەوە. جیاوازییەکی گەورەیش هەیە کە چەند فێربوون پێویست دەکات.

لێرەدا زاراوەگۆڕین بە جێ دەهێڵم، ئەگەرچی بابەتێکی زۆر سەرنجڕاکێشیشە. وەکو تر، هەر وا نییە کە زاراوە لەناو دەچێت، بەڵکە بەردەوام هی تریش دروست دەبێت. بەڵام ئەمە بابەتی کتێبێکی ترە. لێرەوەی ئەم بەشە بەتەنیا لەبارەی زمانگۆڕینی بنەڕەتییەوە دەبێت.

**چی دەمێنێتەوە؟**

کە زمانێک لەناودەچێت هیچی لێ دەمێنێتەوە؟ لە زۆربەی حاڵەتەکاندا زۆر کەم. بەدڵنیاییەوە لەم سەدانەی دواییدا زۆر زمان لەناوچوون بێئەوەی هیچ ئاسەوارێک، کە بناسرێتەوە بە جێ بهێڵن. بەشێوەیەکی گشتی ئەو زمانانەی ئێستا لەناودەچن، ئەگەر هیچ نەبێت ناوێک لەدوای خۆیانەوە بە جێ دەهێڵن و کەم جاریش نەبووە، فۆرمێکی هێشتنەوە، یان تۆمارکردن نەبووبێت. ئەگەر تێکستێکی نووسراو هەبێت ئەوا گەلێک جار میسیۆنارێک (موبەشرێک) شتێکی کردووە، ڕەنگە تەرجەمەکردنی بەشێکی کتێبی پیرۆز، ڕێزمانێک سادە و فەرهەنگێک.

ئەگەر وەسفێکی باش و شتێکی وا دەوڵەمەندی تێکستی نووسراو هەبێت، ئەگەر کەسێک بخوازێت دەکرێت فێری زمانەکە ببێت و هەر بە ڕاستی پێیەوە قسەبکرێتەوە. ئەو زمانانەی کە زۆر ئاسەوار لەدوای خۆیاندا بە جێ دەهێڵن، بەیەکجاری لەناو ناچن، بەڵکە لە بەردەستدا دەبن، بۆ نموونە، بۆ نەوەی نوێی ئەوانەی قسەیان پێی دەکرد، بۆ لێکۆڵەری زمان و ئەوانەی ئارەزوویان لێی هەیە. ئەوە بەهایەکی یەکجار زۆر گەورەی هەیە، ئەگەر هەتا بکرێت لەو زمانانەی کە خەریکە لەناو دەچن، بەو شێوەیە دۆکۆمێنت بکرێن. بەداخەوە ترسێکی زۆر هەیە ئەو کارە نەکرێت.

کە زمانێک دوای ئەوەی بە کار نەهێنرا، دیسان پێیەوە قسەبکرێتەوە، بێگومان زۆر ناباوە. بەڵام نموونەیەکی زۆر ناسراو هەیە کە لەڕاستیدا دەکرێت بە شێوەیەکی بەربڵاو بکرێت. زێتر لە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر، زمانی عیبریی ئینجیل، وەک زمانی قسەکردن لەناوچوو، بەڵام لە سەدەی بیستدا زیندووکرایەوە و ئێستا بۆ نووسین و قسەکردن لە ئیسرائیلی نوێدا بە کار دەهێنرێت. ئەوە بۆیە هەڵەیە کە زمانێک کە قسەی پێوە ناکرێت، بەڵام نووسراوی لە دوای خۆیدا بە جێ هێشتووە، بە ‹مردوو›ی بزانین. ئێستا بە کار ناهێنرێت. ئەو سەرمایە کولتوورییەیش کە زمان نوێنەرایەتی دەکات، قەت تەواو لەناوناچێت.

ئەو زمانانەی کە لەدوای خۆیاندا نووسراو بە جێ ناهێڵن، بە شێوەیەکی ڕەها لەناوچوون. تاکە شت کە باوە لەدوای خۆیاندا بە جێ دەهێڵن، ناوی چەند ناوچەیەکە، ڕەنگە تاکوتەرایش وشەی لە زمانی تری نزیکەوە وەرگیراو بێت، ڕەنگە شێوەیەکی

تایبەتی تۆنی دەنگ بێت لای نەوەی ئەوانەی بە زمانەکە قسەیان کردووە، بەلای کەمەوە لای چەند نەوەیەکی سەرەتاوە.

نموونەیەک لەسەر ئـەوەی کە زمانێکی لەناوچوو چی لـەدوای خۆیدا بە جێ دەهێڵێت، دەکرێت لەبارەیەوە لێبکۆڵێتەوە، ئەگەر لە ئەمەریکا بچیتە جێی سویدینشینەکان. زێتر لە شەشسەد هەزار سوێدی، لە کۆتایی سـەدەی نۆزدە و سەرەتای سـەدەی بیستدا کۆچیان بۆ وڵاتەیەکگرتووەکان کرد. لە ماوەی کۆچکردنەکە و چەند دەیەکیش دواتر لە مینیسوتا و شیکاگۆدا، زمانی سوێدی زۆر بە کار دەهێنرا. بەڵام زوو  منداڵی کۆچکردووەکان، بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو ئینگلیزیان کردە زمانی یەکەم و ئیستا زمانی سوێدی یەکجار زۆر کەم بە کار دەهینرێت. ئەو یادەوەرییە زمانەوانییانەی کە لە ئاخاوتندا ماون، ناوی زۆر شوێنن، وەکو ستۆکهۆلم، ئوپسالا و شوێنی تر، ناوی زۆر کەس و زاراوەیەکی ئینگلیزیش کە لە مینێسوتادا هەیە، بە ڕوونی ئاسەواری فۆنێتیکی سکەندیناڤیایی بەسەرەوەیە. بەڵام لە نووسیندا ‹سوێدیی ئەمریکا› ماوەتەوە. لە ماوەی زۆر ساڵاندا، زۆر ڕۆژنامە بە سوێدی بڵاو کرانەوە و کۆچکردووەکان زۆر بەرهەمی ئەدەبییشیان نووسی. ئەگەر واز لەوە بهێنین، کە زمانی سوێدی لە ئەورووپادا زمانێکی زیندووە لە نووسین و ئاخاوتندا، ئەوا لە ئەمەریکادا شاهێدیی لە دوای خۆیدا بە جێ هێشتووە.

### چۆن زمانەکان لەناودەچن؟

لە هەموو بەشێکی جیهاندا زمان لەناودەچێت و لە هەموو شوێنێکیشدا، پرۆسەکە وەکو یەکە. مرۆڤ لە قسەکردن بە زمانێکی لە ناوچەیەک بە کار هاتووەوە، کە کەم کەس قسەی پێوە دەکات، دەچێتە سەر زمانیک و بە کاری دەهێنێت کە زۆر قسەکەری هەیە و لە ناوچەیەکی فراوانتریشدا برەوی هەیە. هۆیەکان وەکو یەکدین. نزیکەی لە هەموو وڵاتێکدا خوێندنی قوتابخانە زیاد دەکات و تەنیا زۆر کەمیان بە زمانی بچووکن. بازرگانی و پێوەندییەکانیش زۆر لە زیادبووندان، ئەمەیش پێویستیی بوونی زمانێکی هاوبەش لەگەڵ دەوروبەرێکی گەورەتردا زیاد دەکات. خزمەتگوزاریی تەندروستی، بە پارە کارکرن، باج و خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی دیاردەن کە هەتا دێت قسەکەری زمانی بچووک زۆر باش پێیانەوە ئاشنا دەبن. ئەمانە هەموویان لە

جاران زێتر پێوەندی لەگەڵ خەڵکی تردا دەگەیێنێت، کە هی ناوچەکە نین و زمانی ناوچەکەیش نازانن.

بێجگە لەمەیش، زۆر جاران قسەکەری زمانە بچووکەکان، لە وەرگرتنی زەوی و کەرەستەی تردا پشتگوێخراون، وەک کە لە East Sutherland وا بوو. ئەوان کەم، یان قەت ناتوانن بە زمانی خۆیان قسە لەگەڵ دەسەڵاتداراندا بکەن، بەڵکە دەبێت خۆیان فێری زمانی دەسەڵاتدارەکان بکەن، بۆ ئەوەی بەرگری لە مافی خۆیان بکەن.

بەڵام بێگومان بارەکە لەنێو وڵات و کیشوەرەکاندا زۆر جیاوازی هەیە. دەتوانین بە شێوەیەکی زۆر گشتی بڵێین، هەر کیشوەرێک حاڵەتێکی تایبەت بە خۆی هەیە.

بەڵام لە پێوەست بەم مەسەلەیەدا دەبێت مرۆڤ دوورگەی ‹نیە گوێنیا› Nya Guinea سەربەخۆ ببینێت، چونکە گەلێک زۆرتر لە هەر بەشێکی جیهاندا، زمانی هەیە. دوورگەکە ڕووبەرێکی هەیە کە کەمێک لە هی سوێد گەورەترە و کەمتر لە پێنج میلیۆن دانیشتووانی هەیە، بەڵام وا دەزانرێت کە هەتا هەزار زمانی هەبێت، یان یەک لەسەر پێنجی ئەو هەموو زمانانەی کە لەسەر زەوی قسەیان پی دەکرێن. دوورگەکە لە ڕووی سیاسییەوە دابەش کراوە: بەشی ڕۆژهەڵات وڵاتی ‹پاپو نیە گوێنیا›ی سەربەخۆیە، بەشی ڕۆژئاوا سەر بە ئیندونێسیایە بەناوی ‹ئیریانە ژایە›.

‹نیە گوێنیا› دەشتودەرێکی یەکجار زۆر عاسێی هەیە و هەتا چەند دەیەیەک لەمەوبەریش پیوەندی نێوان ئاوەدانییەکان زۆر خراپ بووە. خەڵکەکە گرووپی بچووکی سەربەخۆ بووە و بە کشتوکاڵی سادە و بازرگانیی زۆر سنووردار لەنێو کۆمەڵگەکاندا ژیاوە، لە کولتوورێکی ماتریالیدا بە چاخی زووی بەردین دەزانرێت. ڕاستتر هەر گوندێک زمانی خۆی هەبووە و هێشتوویەتییەوە. زۆر لەو زمانانە زۆر بچووکن، ڕەنگە بە کەمتر لە سەد قسەکەرەوە و پێناچێت هیچ سەردەمێکدا زۆر گەورەتر بوو بن.

لە سەدەی بیستدا و بەتایبەتیش لە دەیەکانی دواییدا، زۆربەی کۆمەڵگەکان پیوەندی و بازرگانی، دەرفەتی خوێندن و پێوەندی لەگەڵ میسیۆنار و هی تریش، دروست کرد. گۆڕانەکان زۆر سەرسەوڕهێنەر و بنەڕەتیین. ئاکامێکی ئەم سەردەمە نوێیە ئەوەیە، کە منداڵ و گەنجەکان بە لێشاو دەستبەرداری زمانە خۆماڵییەکان دەبن.

ئەوان لەبریدا لەناو ئەو زمانانەدا ئەو زمانە هەڵدەبژێرن کە لە دەرەوەی گونددا پێوەندییان پێیەوە هەیە. لە زمانە جیهانییەکان نیین، بەڵکە لە ‹پاپوا نیە گوێنیا›

توکپیسینە. توکپیسین (کە لە Talk pidgin ـەوە هاتوە) جۆرە زمانێکی ‹کریۆل›ە، کە لەو شیوەیەیە، پێشتر لەبارەیەوە دواین. زەخیرەی وشەی لە ئینگلیزییەوە هاتووە. سەرەتا وەک زمانێکی ‹پیدگین› لە کێڵگەکانی کە لە دوورگەکانی مێلانسین، لە دەرەوەی ‹نیە گوێنیا›دا هەبوون، خوێندرا، بەڵام زوو بوو بە زمانێکی بەبرەوی پێوەندی لە هەموو ناوچەکەدا. لە ‹پورت مۆریسبی› پایەیەکی باشی درایێ، کە بوو بە پێتەختی وڵاتە تازەکە، ‹پاپوا نیە گوێنیا› کە ساڵی ١٩٧٥ سەربەخۆیی وەرگرت. لەپاشاندا زمانەکە بۆ بەشێکی زۆر لە خەڵک بوو بە زمانی دایک و پایەیەکی باشی درایێ وەک ئامرازی هاوبەشی دەربڕینی  نەتەوە.

لەوانەیە ئێستا لە ‹نیە گوێنیا›دا چەند سەد زمانێک لەبەرژەوەندی زمانی ‹توکپیسین›دا خەریکی لەناوچوون بن. بەداخەوە ئاسان نییە بەوردی بزانرێت چی ڕوودەدات.

لە کیشوەری باشووردا، لە ئوستڕالیادا. لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا، ئەورووپاییەکان، بە شێوەیەکی دڕندانە تەنگیان بە ‹ئەبورگینییەکان› هەڵچنی. ئێستا بارەکە جودایە. ئاخیروئۆخرەکەی ئەبورگینییەکان هەندێ دەرفەتینا پێ ڕەوا بینرا دەنگیان ببیسترێت، ڕاوەنرێن و نەچەوسێنرێنەوە. بەڵام  وەک گرووپێکی گیرۆدەی ئابووریی و کۆمەڵایەتی دەمێننەوە و کەوتوونەتە بەر ڕەفتاری نەژادپەرستی و کولتووری ڕەسەن و شێوەی ژیانیان لەناوچوون. ئەوان زۆر هۆیان هەیە بچنە سەر زمانی ئینگلیزی، کە زمانی زۆرینە و هۆی زۆر کەمیشیان هەیە، کە زمانەکانی خۆیان بهێڵنەوە. هەموو شتێک ئەوە دەگەیێنێت، کە لە ماوەی چەند نەوەیەکدا ئەو زمانانە لەناودەچن.

لە ئەمەریکا و کەنەدادا، بۆ زمانە هیندییەکانی کە ماون، حاڵەتەکان تا ئاستێک وەکو یەکدین. ئەگەرچی هەندێک هەوڵیش دەدرێن بۆ ئەوەی بەشێک لەو زمانانە بەزیندوویی بمێننەوە، وا باوەڕ دەکرێت کە زۆربەیان لەدوای نەوەیەک، یان دوو نەوەی تردا، لەناوبچن. کە ئەورووپاییەکان هاتن وا بڕوا دەکرێت، نزیکەی سێسەد زمان هەبوون، هەتا ساڵانی ١٩٦٠ یش زمانناسەکان وایان مەزەندە دەکرد کە نزیکەی دووسەد زمان قسەیان پێوە دەکرێت. بەڵام لەم چەند دەیەی دوواییدا، ژمارەیان خێرا کەمیکردووە، بەوەی کە ئەو دواکەسانەی ئەو زمانانەیان دەزانی، مردن. بێگومان منداڵەکان زمانی قسەکردنیان دەکەن ئینگلیزی.

گەشەکردنەکە، لە ئەمەریکای ناوەڕاست و ئەمەریکای باشووردا، زۆر لەیەکدی دەچێت. ئەگەرچی هێندە لەمێژیش نییە. گەنجەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان دەچنە سەر زمانی ئیسپانی و پورتوگالی. بەڵام هێشتا چەند سەد زمانێک ماون.

لە ئاسیا و ئەورووپادا بە شێوەیەکی ڕێژەیی کەمتر زمان هەیە، چوونکە لێرە زۆر لەمێژە زمانی گەورە پەرەیان سەندووە و زۆربەی زمانە بچووکەکانیان قووتداوە. بەڵام هەتا ئێستایش هەندێک شت هەر ڕوودەدەن. لە ماوەی سەدەی نۆزدەدا ڕووسیا فەرمانڕەوایی خۆی بەسەر هەموو سیبیریادا فراوان کرد، لەوێ زۆر میللەتی بچووک دەژیان. ئێستا زۆربەی ئەوانەی لە سیبیریا دەژین ڕووسی دەزانن، زۆر لەو زمانە بچووکانەیش مەترسیان لەسەرە، یان هەر نەماون.

لە ئەورووپا تەنیا دەیان زمانی بچووک ماون، کە ئەگەر مرۆڤ حاڵەتەکانی بەشەکانی تری جیهانی لە بەرچاو بێت، بایەخێکی ئەوتۆیان نییە. بەڵام لای ئێمەیش زمان لەناودەچێت. بۆنموونە، لە سوێد زمانی ‹سامیی باشوور، سامیی لولێ و سامیی باکوور› هەن. لەوانە سامیی لولێ زۆر لاوازە و سامیی باشووریش خەریکە لە سوێد لەناودەچێت، لەگەڵ ئەوەیشدا لە نەرویژ کەمێک بەهێزترە. دەشێت لە ماوەی چەند نەوەیەکدا هەر سێ زمان لەناوبچن.

لە ئەفریقا ڕەوشەکە تا ڕادەیەک جودایە. لە کیشوەرەکەدا نزیکەی هەزار زمان هەیە و زۆربەیان بچووکن. بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە لەم ماوەیەدا کرا، نزیکەی دووسەد لەو زمانانە هەڕەشەی جیدییان لەسەرە، یان وەک زمانی قسەکردن لەناوچوون. لێرەیش وەک لە کیشوەرەکانی تردا، ژمارەی زمانەکان خێرا کەمدەبنەوە.

جیاوازییەکە ئەوەیە، کە لە ئەفریقا، قسەکەرەکان بە گشتی ناچنە سەر زمانێکی گەورەی ئەورووپایی، وەک ئینگلیزی، یان فرەنسی یان پورتوگالی. ئەو زمانانە تا ئاستێکی باش لە ئەفریقادا هەن، چونکە ئەوان زمانی کۆلۆنیالی جارانن، کە وەک زمانی فەرمیی بەڕێوەبردن بە کار دەهێنرێن، کە زمانی هەموو خوێندنە باڵاکانن و ڕۆژنامەیش لە نووسین و قسەکردندا سەدان ملیۆن ئەفریقایی بە کاریان دەهێنن. بەڵام ئەوانەی کە زمانە بچووکەکان دەزانن، ناچنە سەر یەکێک لەو زمانانە. یەکەمیان لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی کەم کەس هەیە لە ئەفریقا کە

زمانێکی ئەورووپایی، زمانی دایکی بێت، ئەگەر باشووری ئەفریقای لێ دەربهێنین. دووەمیان لەبەر ئەوەیە، زمانە بچووکەکان لە شارەکاندا نیین، کە لەوێ زمانە ئەورووپاییەکان بەهێزن، بەڵکە لە دەشتەکانن. لەوێ دەکەونە بەر فشاری زمانێک کە لە نزیکیانەوەیە. هەندێجار قسەکەرەکان لە زمانێکی زۆر بچووکەوە دەچنە سەر زمانێکی کەمێک گەورەتر، کە لەو دەوروبەرەی تێیدا دەژین، گرنگە. بەڵام گەلێ جار یەکێک لەو زمانانە هەڵدەبژێرن، کە لە سەدەی بیسدا لە وڵات و ناوچەی جودادا باش گەشەی کردووە. لە تانزانیا و کینیادا زمانی ‹کیسواهیلی›یە، لە زیمبابوێدا ‹چیشونە‹یە، لە بوتسواناادا ‹سیتسوانا›یە، لە نێگیریادا ‹ هاوسە، یوروبا، یان ئیگبۆ›ن و هتد. بەم شێوەیە چەندان زمان لەناودەچن و چەند زمانێکی بەهێزیش، بەهێزتر دەبن.

ئەگەر ئەمانە هەموویان لەسەر یەکدی دابنێین، دەگەینە ئەو ئەنجامە، کە بەلای کەمەوە هەزار لەو پێنجهەزار زمانانەی سەر زەوی ڕەنگە لە ماوەی چەند نەوەیەکدا لەناوبچن. ئەگەر هەلومەرجەکان نەگۆڕێن، بۆ ماوەیەکی زۆر گەشەکردنەکە بەهەمان ڕەوت دەڕوات، هەتا ڕەنگە نیوەی ئەو زمانانەی کە ئێستا هەن، لە ماوەی سەد ساڵدا لەناوبچن.

بەڵام ئاسان نییە بە وردی بزانرێت چی ڕوودەدات. هەموو زمانێکیش هەمان گەشەی نابێت. زۆر شت پێوەندی بە قسکەرەکانەوە هەیە. دەکرێت ئەمە لە جیاوازی نێوان دوو زمانی بچووک لە ئەفریقادا ببینین.

شیێیی و تیمبوکوشوو لە باکووری بوتسواناادا، زۆنگاوێکی گەورەی سەیر هەیە. ڕووباری ‹ئوکەڤانگۆ› دەڕژێتە ناو بیابانی ‹کەلەهاری›، بەڵام ڕێگە دەرناکات، بەڵکە لە دێلتایەکی گەورەدا پەنگ دەخواتەوە و لەوێ ئاوەکە لەم ئاووهەوا وشکە و لەبەر ئەم هەوا گەرمەدا دەبێتە هەڵم. دێلتاکە خاکێکی یەکجار زۆر جوانی بە سروشتێکەوەیە،کە مرۆڤ کەمێک کاری تێ کردووە. لێرە فیل و شێر، زەڕافە و گامێش دەژین. چەند گوندێکی بچووکیش هەن، کە دانیشتوانەکانیان بە ماسیگرتن و کەمێک کشتوکاڵیشەوە ژیان دەگوزەرێنن. لە جوانترین شوێنەکانیشدا، خانووی نایاب و بچوکی گەشتیاریی هەیە. ئێستا دێلتاکە ناوچەیەکی پارێزراوە.




ئەو خەڵکانەی کە لە دێلتاکە و دەوروبەریدا دەژین، سەر بە چەند گرووپێکی ئێتنیکیی زمان جودان. لە هەمووان بە ژمارە زۆرتر ‹واییێی›یە، Wayeyi کە بە زمانی ‹شییێی› Shiyeyi قسە دەکەن. مەزەندە دەکرێت بیست و پێنج هەزار کەس بن. گرووپێکی تری گەورە ‹هەمبوکوشوو›ە، Hambukushu کە بە زمانی ‹تیمبوکوشوو› Thimbukushu قسە دەکەن. ئەوان لە نێوان پێنج هەزار و دە هەزار کەس دەبن. لەوێیش زۆر کەس هەیە، زمانی ‹سیتسوانا› Setswana قسە دەکەن، کە زمانی سەرەکییە لە بوتسوانادا. ئەم گرووپە گەشە دەکات، هاوکات ئەوانیتر بچووکدەبنەوە.

ئەگەر لە دوورەوە سەیریان بکەین، ڕەوشەکان بۆ ‹شیییی و تیمبوکوشوو› زۆر زۆر هاوشیوەن. هەردووکیان لە گۆشەیەکی دوورەپەرێزی وڵاتدا، کەمینەی بچووک پێیانەوە قسە دەکەن. هیچ لە زمانەکان لە قوتابخانە ناخوێندرێن، کە زۆربەی منداڵەکان دەچنە قوتابخانە. لەوێ لە چەند ساڵی سەرەتاییدا، هەموو شتێک بە زمانی ‹سێتسوانا›یە و لە پۆلەکانی سەرووترەوە خوێندن بە زمانی ئینگلیزییە. هیچ لەم زمانە بچووکانە وەک زمانی نووسین بە کار نەهاتوون، بە ئاستێکی یەکجار زۆر کەم نەبێت.

بەڵام ئەم دوو زمانە وەکو یەکدی گەشە ناکەن. ‹شیییی› وا خەریکە زۆر خێرا قسەکەری کەمدەبێتەوە. ئیتر منداڵەکانی گوند زمانەکە وەک و زمانی یەکەم فێر نابن، بەڵکە، ڕەنگە وەک زمانی دووەم و ئەوسایش هێندە باش فێری نابن. لەو بیست و پێنج هەزار کەسەی کە پێیان وایە کە سەر بە گرووپی ‹وایییی›ن، لەڕاستیدا نزیکەی هەر نیوەیان بە ڕاستی زمانی ‹شیییی› وەکو زمانی یەکەمیان قسەی پێ دەکەن. ئەوانیتر زمانی ‹سێتسوانا›یان وەک زمانی دایک و زمانی ‹شیییی› وەکو زمانی دووەم قسەی پێ دەکەن، یان هەر نایزانن.

کەچی وا پێدەچێت ‹هەمبوکوشوو› قەت نەیەوێت دەستبەرداری زمانی خۆی ببێت. ئەگەرچی ئەوان ژمارەیان زۆر کەمترە، بەڵام ئێستا هیچ ئەو ترسە نییە کە زمانەکەیان لەناوبچێت. منداڵەکان لە ماڵ فێری دەبن و دایکوباوکەکانیش لە ژیانی ڕۆژانە بە کاری دەهێنن.

جیاوازییەکە پێوەندی بە فاکتەری دەرەکییەوە نییە، بەڵکە پێوەندی بە دابونەریت، مێژوو و ویستی خۆیانەوە هەیە. ‹وەیییی› هیچ ئیدارەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی خۆی نەبووە و زوو خۆیان لەگەڵ ئەو بارە نوێیەدا گونجاندووە، کە لە سەدەی نۆزدەدا، دێلتاکە لە ڕووی سیاسییەوە کەوتە دەست ‹بەتاوەکان›، کە گرووپێکن بە ‹سێتسوانا› قسە دەکەن. ئەوان نەریتیانە گەڕۆک بوون و لەملاوئەولادا کاریان وەرگرتووە. ئێستا هەر لە نزیکی خۆیان کاری گەشتیاریان دەست دەکەوێت. ئێستا هاوسەرگیریی لە دەرەوەی گرووپەکەیاندا باوە. کاتێک چەند دەیەیەک لەمەوبەر دەرفەتی خوێندنیشیان بۆ ڕەخسا، دەرفەتەکەیان بۆ منداڵەکانیان قۆستەوە.

‹هەمبوکوشوو› ئەزموونێکی بەهێزی لە خۆبەڕێوەبردندا هەیە و لە چەند ناوچەیەکدا زۆر لەگەڵ یەکدیدا دەژین. ڕوانینیان وەکو ئەوان باش نەبووە بەرانبەر بە قوتابخانە، بەڵام هەستێکی تا ڕادەیەک بەهێزیان بۆ دابونەریتی خۆیان هەیە. ئەوان زێتر لەناو گرووپی خۆیاندا گرددەبنەوە و پێوەندییان بە جیهانی دەرەوە کەمە.

جیاوازیی وا، جیاوازیی نێوان ئەوەن، کە زمانێک بەردەوام دەبێت لە مانەوەدا و یەکێکی تر لەناو دەچێت. ئەوە بەتەنیا فشاری دەرەکی و باشیی مرۆڤەکان نییە، کە ئەوە یەکلا دەکاتەوە، کە ئەوان کام زمان هەڵدەبژێرن بەکاریبهێنن، بەڵکە تێگەیشتنی ئەوانیشە لەوەی چی گرنگە و لە بنەچەیشدا خۆیان چین.

**لەناوچوونی زمانەکان - باشە یان خراپە؟**

کاتێک پرسیار لە ‹وەییێی›یە wayeyi گەنجەکان دەکرێت، کە زێتر کام زمان بە کار دەهێنن، دەڵێن کە زێتر سێتسوانا بە کار دەهێنین و هەندێ جاریش ئینگلیزی، بەڵام نزیکەی قەت ‹شییێی› بە کار ناهێنین. بەڵام ئەگەر لێیان بپرسرێت ڕایان چییە بەرانبەر بە زمانی شییێی، ئەوە دیار دەکەوێت کە زۆر ڕێزیان بۆ زمانەکە هەیە و بە لایانەوە گرنگە بمێنێت، چونکە بەشێکی گرنگی کولتووری خۆیانە. لە ڕاستیشدا ئەوانەی کە زمانەکە خراپ دەزانن، دەڵێن کە زۆر ڕێزیان بۆی هەیە.

ڕەنگە ئەمە وا پێبچێت کە ئەوان نائەقڵانی بن، یان دووڕوویی بێت، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە. گەنجەکان خۆیان بەو گرووپە دەناسنەوە کە خۆیان و دایکوباوکیان سەر بە ‹واییێی›ن و ئەمەیش بۆ هەموو کەسێک ئاساییە وا بکات. ئەوان دەزانن کە زمان یەک لە نیشانە تایبەتەکانی گرووپەکەیە و زۆر ڕێزی دەگرن، ئەمەیش هەر سروشتییە. کە زۆر بە زمانەکە قسە ناکەن، پێوەندی بەو بارودۆخەوە هەیە کە ئەوان خۆیان دروستیان نەکردووە.

یەک لە بارودۆخەکان ئەوەیە کە دایکوباوکەکان لە ماڵ زێتر بە ‹سێتسوانا› قسەیان دەکرد، ڕەنگە لەبەر ئاسانی، یان لە ناچاری، بەڵام ڕەنگە لەبەر بەرژەوەندی منداڵەکانیشیان بوو بێت. ڕەنگە ئەوانیش هەمان تێگەیشتنی باشیان لەسەر ‹شییێی› هەبووبێت، بەڵام پێیان وا بووە، کە لە هەموو شتێک گرنگتر ئەوە بووە هەتا بکرێت

زوو منداڵەکانیان زمانی قوتابخانە فێر ببن. ئاکامی ئەوەی کە زۆر دایک و باوک بە هەمان شێوە بکەن، ڕەنگە وای لێ بێت زمانەکە لەناوبچێت، بەڵام ئەمە مانای وا نییە کە دایکوباوکەکان، یان منداڵەکان بیانەوێ زمانەکە لەناوبچێت.

وا پێدەچێت زۆر جار بەم شێوەیە بێت. زمانێک لەبەر ئەو هۆیە لەناوناچێت، کە ئەوانەی قسەی پێ دەکەن، دەیانەوێ لەناوبچێت، بەڵکە لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەوەیشدا کە کەسیان نایانەوێت، لەناودەچێت. وا پێدەچێت ئەوەیش باو بێت کە قسەکەرەکان خۆیان هەتا قۆناغێکی زۆر درەنگ، کاتێک کە نەوەی نوێ نزیکەی بەتەواوی زمانەکەی نەماوە، لەوە تێناگەن کە هەموو زمانەکەیان لە مەترسیدایە. ئێستا وا پێدەچێت ئەم تێگەیشتنە بۆ زمانی ‹شیبیی› هاتبێت. ئێستا ‹وەیبیی› کۆمەڵەیەکی دامەزراندووە بۆ ئەوانەی زمان نازانن، ئەرکی ئەوەیە ڕێنووس ڕێکبخات و تێکست بڵاو بکاتەوە و شتی تریش. ئەوەی ماوەتەوە ئەوەیە کە کاریگەرییەکەی ببینین.

ئەگەر قسەکەرەکان نزیکەی هەموو کاتێک پێیان وایە، کە ئەوە باش نییە زمانی ئەوان لەناوبچێت، کەسی تر هەیە کە دەیەوێ زمانی ئەوان بکوژێت؟ وەڵامەکە –بەڵێ– یە، بە لای کەمەوە لە زۆر حاڵەتدا. لە هەموو دەوڵەتەکانی جیهاندا حکوومەت هەیە و زۆربەی حکوومەتەکانیش پێیان باشە کە گرووپی ئێتنیکی و زمانی کەمی لە وڵاتدا هەبێت.

تا ئاستێک لەبەر ئەوەیە زۆر کەس لە جیهاندا وا دەزانێت کە دەوڵەتی نەتەوەیی، کە یەک نەتەوەیە و یەک زمانی نەتەوەییشی هەیە، باشترین یەکێتیی سیاسییە. ئەم تێگەیشتنە لە ئەورووپادا زۆر بەهێز گەشەی کرد و تێیدا چەند دەوڵەتێکیش بەرەو ئەو لایە گەشەی کرد، کە بینیمان. بەڵام لە زۆر بەشی جیهاندا واقیع تەواو بە جۆرێکی ترە. بەشێکی پێوەندی بە نەخواستنی حکوومەتەکانەوە هەیە دژی فرەزمانی و ئەو گرفتانەی لەگەڵ خۆیاندا دەیانهێنن. سەختە، یان مەحاڵە خوێندن بە زۆر زمان دابین بکرێت، ناکرێت بە زۆر زمان قانوون بنووسرێت و گفتوگۆکانی پارلەمان بکرێن و ناشتوانرێت پۆلیس و کارمەندی تەندروستی زۆر زمان بزانن.

بۆیە دەسەڵاتی دەوڵەتەکان، نزیکەی هەمیشە ڕکیان لە هەموو زمانەکانی وڵات دەبێتەوە، بێجگە لە یەک، یان دوو زمان نەبێت. بە هەر حاڵ لە هەمووشیان خراپتر کەمینە بچووکەکان نیین، گەورەکانن، چونکە ئەوان لە ڕووی سیاسییەوە ترسناکن.

بەڵام لە لایەکی ترەوە، دەکرێ زۆر جاران کەمینە بچووکەکان پشتگوێ بخرێن، بێئەوەی مەترسی سیاسیان هەبێت.

لە ئەورووپا، لەمێژە دەوڵەتە نەتەوەییەکان بەهێزن و لە توانەوەی زۆر زمانی بچووکدا سەرکەوتن. بەزۆریی مێتوودەکان ڕەق بوون، لەوانە لە سوێد. هەتا ئێستایش لە ‹تورنێدال› زۆر کەس لەبیریەتی چۆن کە لە قوتابخانە بە زمانی ‹فینلەندیی تورنێدال› قسەیان دەکرد، سزا دەدران. لەم چەند دەیەی ڕابردووەوە، لە زۆربەی وڵاتە ئەورووپاییەکاندا کەمە زمانەکان، باریان باشتر بووە. ڕەنگە زێتر لەبەر زیادبوونی تولێرانس بوو بێت، بەڵام لە ڕاستیدا ڕەنگە زێتر لەبەر ئەوە بێت، کە ئیتر ئەو زمانانە هیچ مەترسییەک نیین.

لە بوتسوانادا کە ‹شیییی› قسە دەکرێت، زمانێکی زۆرینە هەیە، کە ‹سێتسوانا›یە و نزیکەی بیست زمانی تریش هەن. زۆرینەیان قسەکەریان زۆر کەمە. ئەگەر حکوومەت بشیەوێ، هیچ ئیمکانییەتێکی نابێت کە خوێندن بەو هەموو زمانانە دابین بکات، یان خزمەتگوزاریتریان پێوە بکات. ئەو زمانننانە لە دەرەوەی گۆڕانە بەهێزەکانی کۆمەڵگەدا دادەنرێن، چونکە هیچ شتێکی تر نییە بکرێت. هیچ زمانێک دژایەتی ناکرێت، وەک کە هەتا ئەم ماوەیەیش لە سوێد دەکرا، بەڵام یارمەتیش نادرێن. ئەگەر هەر لە خۆیانەوە لەناویش بچن، ئەوا بێگومان گرفت بۆ ئیدارەکانی حکوومەت کەمتردەبێتەوە.

بێجگە لە قسەکەرەکان خۆیان و حکوومەتەکان، خەڵکی تریش هەن کە بیروڕایان هەیە. لێکۆڵەرەکانی زانستی زمان و مرۆڤناسی بینیویانە کە چی وا خەریکە ڕوودەدات. بێگومان هەموویان لەوە نیگەرانن کە سەدان زمان لەناودەچێت. هەر یەکێکیان بەرهەمهێنەری کولتوورین، ئەزموونی ژیانی زۆر نەوەیان هەڵگرتووە و هێزی زمانەوانیی داهێنەرن. بەڵام تێگەیشتنی جودا هەیە کە پێویستە چی بکرێت. هەندێک لێکۆڵەر پێیان وایە هەتا بکرێت، لە هەموو وڵاتێکدا کار بکرێتە سەر ڕای گشتی و قسەکەرەکان خۆیان و گەشەکردنەکە بسوڕێنرێت. هەندێکی تر پێیان وایە ئەوە ئەرکی لێکۆڵەرەکانە، کە ئەوەی ڕوودەدات تۆماری بکەن و هەتا ئەو شوێنەی دەکرێت شایەتیی لەبارەی زمانانەوە بپارێزن، کە لەناودەچن، بەڵام خۆیان تێکەڵ نەکەن.

ئەوە هێندە گرنگ نییە لێکۆڵەرەکان چی دەکەن و چی ناکەن. هەتا پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بەو شێوەیە بن کە ئێستا هەن، زمان بەردەوام لەناودەچێت، بە لای کەمەوە بە هەمان ڕەوتی ئێستا. لە ڕاستیدا کەم مرۆڤ حەز دەکات کە ئەمە ڕوودەدات، بەڵام زمانگۆڕین لە زمانێکی بچووکەکەوە بۆ یەکێکی گەورەتر، زۆر سوود دەبەخشێت، کە لە داهاتوویشدا زۆر کەس وا دەکات. هەر گۆڕینێکیش هەنگاوێکە بەرەو ئەو ڕۆژەی کەس نابێت قسە بە زمانە بچووکەکەوە بکات.

**سەرچاوە**

Tore Janson
Spr̊aken och historien
Norstedts 1997

# کتێبی ڕێزمانی
# پراکتیکیی کوردی

ئیڵ. ئۆ. فۆسوم
لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

**ڕێزمانی کوردیی کرداری**

**تێبینیی وەرگێڕ:**

ئەم کتێبە لەلایەن قەشە و مـژدەدەر (مسیۆنێر) دکتۆر ئێڵ. ئۆ. فۆسوم نووسراوە و ئامادەکراوە و ساڵی ١٩١٩ لەلایەن کۆمەڵەی مسیۆنێریی (مژدەدان – تبشیری) ڕۆژهەڵاتەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە. نووسەر و ئامادەکار (فۆسوم) لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە زیاد لە بیست ساڵی لە کوردستانی ئێران و شاری (سابڵاخ، مهاباد) بەسەر بردووە لە سەرێکەوە بۆ بەڕێوەبردنی کاری مسیۆنێریی ئەمریکیی کریستیان لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا (ئێران) و لە سەرێکی تریشەوە ئەو ماوە دووردوودرێژەی تەرخان کردووە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕێزمانی (گرامەری) زمانی کوردی و توێژینەوەیەکی پڕ بەها و بایەخی ئەنجامداوە لە بواری دیالێکت یان زارەکانی زمانی کوردی و بەراوردکردنی سەرجەمی ئەم زارانە بەیەکتر، کە لەم پێشەکییە هاوپێچە ناوازەیەی کتێبەکەدا، کەوا ساڵی ١٩١٦ نووسیویێتی، تیشکێکی باشی خستووەتە سەر وردەکاریی ئەم بەرهەمە گرنگ و پڕ بەهایە و بەتایبەتی دیالێکتە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی لە بەشەکانی باکوور و ناوەند و باشووری کوردستاندا و ڕا و بۆچوونەکانی خۆی لەم ڕووەوە بەراورد کردووە بە ڕای شارەزا و لێکۆڵەرانی تر، چەشنی ڕاولینسن و لێرخ و گارزۆنی و ئۆسکارمان و سۆن و ڕیچ و گەلێکی تریش. کتێبەکە بەراوردی وشەو دەستەواژە کوردییەکانی کردووە بە فۆنەتیکی گۆکردنی ئینگلیزی و ڕاهێنانی وەرگێڕانی کورتە چیرۆکە کوردییەکان و دارشتنی ڕستەسازی و وشەسازیی کوردی و وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی. پاشان جێگیرکردنی وشە و ڕستە و چیرۆکەکان بە ڕێنووسی کوردی (بە شێوە عەرەبی یان ئارامییەکەی). کتێبەکە، لە ٢٨٤ لاپەڕەدا، دابەش بووە بەسەر چواردە بەش یان فەسڵدا، کە هەر بەشەش چەندان لقوپۆی لێبووەتەوە. بابەتە سەرکییەکانی کتێبەکە ئەمانەن: ئەلفبێی کوردی، ناو، سیفەت، ڕاناو، فەرمان، ئاوەڵفەرمان، ڕێنووس .. تاد.

من لێرەدا پێشەکییەکەی نووسەرم وەرگێڕاوە کە بەلامەوە زۆر بایەخدارە و بێجگە لەوەش بابەتە سەرەکییەکانی پێڕستی کتێبەکەم داناوە (بێجگە لە تایتڵ و بابەتە لاوەکییەکانی) و پێموایە وێنەیەکی کورتی ئەم کتێبە بایەخدارە دەخاتەڕوو.

**پێشەکی ل. و. فۆسوم بۆ کتێبەکەی**

گەلی کورد مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە. بوونی ئەوان و جووڵەیان لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و نیفات و سەرەوەی ناوچەکانی دیجلە و فورات، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەردەمی ئاشووری. زۆرێک لە پیاوە خوێندەوارەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە پەیوەندییەکی مێژوویی بەهێز هەیە لە نێوان کلدان و کوردە داگیرکەرەکان، بەوەی کەوا یەکێک لە بنەماڵە حوکمڕانەکانی ئاشوورییەکان و وەچەکانیان بە ڕەچەڵەک کورد بوون. ئەوانی تر وای دەگەیەنن کە کورد سەر بە گرووپی گەورەی میدۆ- فارسییە. هەر چۆنێک بێت، ئێمە بە دڵنیاییەوە دەزانین کە کورد نەتەوەیەکە کەسانی وەک سەلاحەدین و نادرشا و کەریم خان و چەندین کەسایەتی دیار و بەرچاوی تری بەرهەمهێناوە.

زمانی کوردی چەند زار یان بنزاری ئاخاوتنی لەخۆگرتووە لە هەرێمە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا و ڕۆژئاوای وڵاتی فارس (ئێران) و لە پارێزگای خوراسانی ئێرانیش. بۆ دەسنیشانکردنی وردتری ئەم خاک و ناوچانە، پێش هەموو شتێک دەبێ باسی ویلایەت یان پارێزگاکانی تورکیا بکەین لە ئەرزڕووم، بەدلیس، دیاربەکر، مەعمورەتولعەزیز، وان و مووسڵ. هەروەها پارێزگاکانی ئازەربایجان، ئەردەڵان و لوڕستان. بێجگە لەمانە، کۆمەڵگاکانی کورد لە خوراسان، کە شا عەباسی یەکەم (١٥٨٧- ١٦٢٨) لە سنووری تورکیا - ئیرانەوە گواستوونیەوە بۆ ئێرە تاوەکو وەک حاڵەتێکی ناوبەین دژ بە خێڵە تورکمانەکان بەکاریان بێنێت.

هەروەک چۆن مێژوونووسە ئاگادارەکان بەگوێرەی سەرچاوەکان ناکۆکن لەسەر ڕەچەڵەکی کۆنی کوردی، بە هەمان شێوە پسپۆڕانی زمانەوانییش ناکۆکن لەبارەی سەرچاوەی کۆن و زمانی داکیی کوردییەوە. هەندێک بە دڵنیاییەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە زمانی پەهلەوییەوە سەرچاوە دەگرێت، هەندێکی تر لە دوورەوە دەیبەستنەوە بە گرووپی کلدانییەوە، بەو شێوەیەی کە ئەرمەنی بە فارسییەوە بەستراوەتەوە. ڕاوڵینسن بەم وشانەی خوارەوە دژایەتی بۆچوونی پێشوو دەکات: "ئەم زاراوە یان دیالێکتانەی چیانشینانی زاگرۆس تا ئێستاش لەلایەن هەموو نووسەرانەوە وەک پاشماوەی پەهلەویی کۆنی گریمانە دەکەن، بەڵام بە لای منەوە وەک پاساوێکی ناتەواو دەردەکەوێت: من وای دادەنێم کە ئەو زارانە لە فارسیی کۆنەوە یان وەک دەگوترێ لە فارسیی قەدیمەوە وەرگیراون". هەندێک بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە

زمانی میدیایی کۆنەوە وەرگیراوە، هەندێکی تر بانگەشەی ئەوە دەکەن کە زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە مۆدێرنە ئێرانییەکان و دەستەخوشکی زمانی فارسیی نوێیە و کە توخمێکی بەرچاوی تێدایە کە ڕاستەوخۆ لەم زمانەوە وەرگیراوە، لە کاتێکدا هەندێکی تر دیسانەوە بە سادەیی دەیکەنە وەرگیراوێک لە فارسیی نوێ.

لە هەر زمانێکەوە وەریبگریت، بە دڵنیاییەوە لە زۆر ڕووەوە، بە تاک و تایبەتدا بۆ گەشەپێدانی خۆی تێپەڕیوە. چونکە، ئەوەندەی ڕاستە کە گەورەیی هەیە زۆر وشەی ڕاستەوخۆ لە فارسی و عەرەبی و تورکی و زمانەکانی تری دراوسێ وەرگیراوە یان پەرەی سەندووە، هەروەها ئەوەندە ڕاستە کە وشەیەکی زۆری وای هەیە کە لە هەر زمانێکی تردا نادۆزرێنەوە.

ئەوە مایەی مەترسییە کە زیاد لە پێویست شتەکان ببرێتەوە سەر فارسیی نوێ وەک دایکی ئەم زمانە. هۆکاری ئەم مەیلە بووە بەو ڕاستییەی کە زۆربەی ئەو نووسەرانەی کە لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر زمانی کوردی کردووە، لە چاویلکەی فارسییەوە ئەو کارەیان کردووە، و سواری 'سەری' فارسی بوون وەک 'کلیلی' هەموو ڕەگ و فۆرمەکان.

زۆرباش دەزانرێت کە زمانی کوردی چەندان دیالێکتی لەخۆگرتووە کە جیاوازە لە سنووری ناوچە خێڵەکییە جۆراوجۆرەکان. نزیکەی هەموو ئەم زارانە، یان گرووپە زارەکان، لەلایەن پسپۆڕە زمانەوانە ئەوروپییە دیارەکانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، و لەو ئەنجامەوە کە ئەم پسپۆڕانە پێیگەیشتوون، هەروەها بە لێکۆڵینەوەی وردی تێز و نامەکانیان، بە هیچ شێوەیەک پێناچێت مەحاڵ بێت کە ئەم زارانە پێکەوە بهێنرێنە سەر بنەمایەکی فراوانتر، بە جۆرێک کە یەک زمان بۆ چەند کۆمەڵە زارێک بەکاربهێنرێت.

شارەزای پێشەنگی ڕێزمان پ. م. گارزۆنی بوو، کە نزیکەی بیست ساڵ وەک میسیۆنێر (مژدەدەر) لە ئامێدیی باکووری ڕۆژهەڵاتی مووسڵ بەسەر بردووە. کتێبی ڕێزمانەکەی ئەم ساڵی ١٧٧٩ لە ڕۆما چاپکراوە. خۆشبەختانە ئەم یەکەم تێزە لەسەر زمانی کوردی لە ئامێدیی، لە سنووری ئەو ناوچەیەدا نووسراوە وەک دواتر دۆزرایەوە کە یەکێکە لە باشترین شێوەزارە قسەپێکراوەکانی زمانی کوردی.

لە سەردەمی گارزۆنییەوە چەند نامە یان تێزی زۆر بەتوانا لەسەر هەمان شێوەزارەکانی ئامێدی و شێوەزاری باکووری دوورتر هەیە کە لەلایەن جوستی

Justi و لێرخ و Lerch و ڕیا Rhea نووسراوە. هەروەها ئێمە تێزێکی نایابمان لە سەر شێوەزارەکانی کوردانی بەبە هەیە لە دەوروبەری سلێمانی کە لەلایەن خۆدزکۆوە نووسراوە و تێزیکی تر لەسە دیالێکت یان شێوەزارەکانی ناوچەی مووسڵ و لە کۆمەڵگە کوردەکانی خۆراسان، لە نووسینی پرۆفیسۆر بێریسین. چەند ساڵێک لەمەوبەر کورتەیەک (Schitze) لە شێوەزارەکانی ڕۆژهەڵات-ناوەندی کوردستان لەلایەن ئۆسکار مانەوە نووسراوە. هەروەها تەنها چەند ساڵێک لەمەوبەر تێزێکی زۆر کارامە لەسەر زمانی کوردی نووسراوە لەلایەن ئی. بی. سۆنەوە نووسراوە.

دۆزینەوەی باشترین زمانی کوردی لە ناو دیالێکتە کوردییە زۆرانەدا کارێکی ئاسان نییە. لێرخ دەڵێت کە پرسیارکردن لە کورد لەوەی کام زاراوە باشترینە، ئەوە هەر کوردێک ئیددیعای ئەوە دەکات کە زاراوەی خۆی پاکترین و باشترینە. زماناسەکان خۆشیان مەیلیان هەیە هەمان جۆری وەڵام بدەنەوە: ئەو شێوەزارەی زۆرترین لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن دەبێتە پوختترین و باشترین 'بۆ ئەوان›.

پرۆفیسۆر بێریسین بانگەشەی ئەوە دەکات کە پوختترین و باشترین زمانی کوردی ئەوەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی مووسڵ قسەی پێدەکرێت. کێر پۆرتێر زۆر نزیکە لە هەمان بۆچوونەوە کاتێک بانگەشەی ئەوە دەکات کەوا گرووپە دیالێکتی ڕەواندز یەکێکە لە پوختترین و باشترینەکان. لێرخ، لە بەراوردکردنی کرمانجییەکەی خۆی لەگەڵ دیالێکتەکانی تردا، دەڵێت: "بۆم دەرکەوتووە کە ئەو کرمانجییەی کە فێری بووم، زۆر یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەوەی گارزۆنی و بێریسین". کە باسیش لەبارەی ئەو شێوەزارە دوورترانەی باشوورەوە دەکرێت، دەڵێت: "زمانی کوردی لە سلێمانیش، بەپێی ئەو وشانەی کە ڕیچ کۆی کردوونەتەوە، دەچێتەوە سەر کرمانجی". بەم دوو لێدوانە، لێرخ بە کردەوە هەموو شێوەزارەکانی ڕۆژئاوا – ناوەندی کوردستانی پێکەوە گرێداوە، لە هەکارییەوە تا سلێمانی، بۆ یەک گرووپی گەورە کە ناوی دەنێت 'کرمانجی›.

سەبارەت بەو دیالێکتانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی- ناوەڕاستی کوردستان قسەیان پێدەکرێت، هەر لە ناوچەکانی باکوور و ڕۆژئاوای ورمێوە بەرەو خوار بیتەوەبە شنۆ و ساوجبوڵاک (سابڵاخ، مهاباد – و) و سەردەشت و سەقزدا، تا دەگاتە ناوچەکانی سنە، جێی سەرنجە بزانین هۆرنلیی Hornli مسیۆنێر چی دەڵێت. لە ساڵی ١٨٣٥دا سەردانی ئەو بەشانەی کردووە، و دوو کوردی سۆمایی Somai وەک مامۆستا

دامەزراندووە کە دیالێکتی هەکارییشیان زانیوە، هەروەها کوردێکی برادۆستی کە دیالێکتی شکاکیشی زانیوە و کوردێکی موکرییش. بێجگە لەمانە خزمەتکارە تایبەتییەکەی خۆیشی کوردێکی سواری Soar خەڵکی ماردین بوو.

لە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری ئەم دیالێکتانە و لە هەوڵی وەرگێڕانی ئینجیلی یۆحەنای پیرۆز بۆ سەر زمانی کوردیی موکری بۆ ئەوەی خزمەت بە هەموویان بکات، هۆرنلیی مسیۆنێر (مژدەدەر) گەیشتە ئەم دۆزینەوەیەی خوارەوە: "بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە بۆم دەرکەوتووە، کە کوردەکانی ئەم هۆزانە تەواو لە یەکتر تێدەگەن و لەوەش تێگەیشتوون کە بە دیالێکتی موکری بۆم خوێندوونەتەوە". هەروەها لە قسەکردندا پەیوەندیی نزیک هەیە لە نێوان دیالێکتەکانی سۆمای و برادۆست و شکاک و موکریدا و بەو پێیە بەم وشانە ئەنجامگیریی کردووە: "Ihre zusammenfassung unter einen gemeinschaftlichen Dialekt scheint mir nicht unmöglich".

تێبینیی وەرگێڕ: ئەم ڕستەیە بە زمانی ئەڵمانی نووسراوە، بە واتای: "کۆکردنەوەتان لە ژێر دیالێکتێکی هاوبەشدا بە لای منەوە مەحاڵ نییە».

ئەو زیاتر بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەتوانرێت تەواوی زنجیرە دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە دوو گرووپی گەورەدا کۆبکرێنەوە، یەکێکیان بۆ باکوور و ئەویتریان بۆ باشوور. بەهەرحاڵ، لەم لێدوانەدا بێ گومان چاوپۆشی کراوە لەوەی کە پەیوەندیی بە گرووپی دیالێکتەکانی زازاوە لە پەڕی ئەوپەڕی باکووردا. بەڵام تەنانەت ئەم کوردە زازایانەش، گەورەترین توانا و دەسەڵاتیان هەیە بەسەر ئەو گرووپە دیالێکتەدا و لێرخ دەڵێ: "بەگشتی کوردەکانی زازاش لە کرمانجی تێدەگەن".

وەک دەرەنجامێک، پێدەچێت ئێمە مافی جەختکردنەوەمان هەبێت، کە بۆ مەبەستی زمانەوانی، ڕەنگە هەموو ئەو دیالێکتە کوردییانە لە سێ گرووپی گەورەدا کۆبکەینەوە، کە هەر سێ هەرێمە گەورەکەی باکوور و ناوەڕاست و باشووری کوردستان بگرێتەوە. لە باکوری کوردستان گرووپی زازامان هەیە، لە ناوەندی کوردستان گرووپی کرمانجیمان هەیە، لە باشووری کوردستانیش گرووپی لوڕ و کەڵهوڕمان هەیە.

سەبارەت بەوەی کام لەم سێ گرووپە نوێنەرایەتی پوختترینیان و باشترین زمانی کوردی دەکات، ئێمە دەچینە پاڵ گارزۆنی، لێرخ، ڕیا، خۆدزکۆ، بێرێسین، هۆرنلی و پارتەر بە گەڕانەوە بۆ کوردستانی ناوەند، بە تایبەتیتر بۆ ئەو کۆمەڵە دیالێکتانەی کە

لەلایەن هۆز و بەگزادەکانی بەبەوە قسەیان پێدەکرا لە ناوچەکانی سلێمانی. لە ناو ئەم کۆمەڵە خێڵ و هۆزەدا باشترین ئەدەبی کوردی دەبینینەوە لە شێوەی مێژوو و ئەفسانە و شیعر و پەخشاندا.

سەبارەت بە خێڵی موکری کە نیشتەجێی ناوچەکانی وڵاتی فارسن (ئێران) لە باشووری گۆلی ورمێوە، مستەر ئی. بی. .سۆن، لە کتێبەکەیدا، "گەشتێکی نهێنی بۆ میزۆپۆتامیا و کوردستان" دەڵێت: "ئەوان بە زمانێکی کوردیی قسە دەکەن کە تەواو پەتی و پوختە لە ڕووی فۆرمی گۆکردن و ڕێزمانەوە. دیالێکتەکەی ئەوان لە هەموویان کۆنترە، و لەکاتێکدا کۆنییەکەی ڕەنگە زیاتر نەبێت لە هی دراوسێکانی، بەڵام پاراستنی نایابی فۆرم و شێوە کۆنەکانی ئەو هەقەی دەداتێ کە بە ستاندارد دابنرێت بەراورد بە دیالێکتەکانی تر».

ئامادەکردنی ئەم کتێبی ڕێزمانە کاتێکی زۆری ویست، بەڵام بەو شێوە وردە پێداچوونەوەی بۆ نەکراوە وەک خۆم دەمخواست. نیاز و پرۆژەی من دۆزینەوەی پوختترین زمانی کوردییە لە دیالێکتەکانی کوردستانی ناوەند و بەتایبەتی لە گرووپە دیالێکتەکانی سۆمای - ساوجبلاخ - سلێمانیدا و بۆ ئەوەی چەند بتوانرێت لە ناو سیستەمێکی ڕوون و سادەدا جێبکرێتەوە، تاوەک ئەوانیتریش، وەک خۆم، ڕەنگە فێری هەندێک زمانی کوردیی پراکتیکی ببن و کارکردن لەپێناوی بەرز ڕاگرتنی کۆمەڵایەتی و مۆراڵی و ڕۆحیی کورددا.

بەهیوام ئەم کتێبە هەندێ سوودی هەبێت، پێشکەشی دەکەم بە تێڕوانینی ئەرێنی و پەسەندی خەڵک.

**ئێڵ. ئۆ. فۆسوم** L. O. FOSSUM

**ساوجبلاخ، کوردستان، ئێران - ١٩١٦**

سوپاس و پێزانینی دڵسۆزانەمان دەردەبڕین بۆ پەروەردەکاران و پسپۆڕانی زمانەوانی، لەپای تاوتوێ کردن و پێداچوونەوەی دەستنووسی ئەم کتێبە و بۆ سەرنج و تێبینیی ڕاستکردنەوە و پێشنیاز و هاندانیان:

پرۆفیسۆر ئەی. ڤی. دبلیو. جاکسن، دکتۆرا، ئێڵ. ئێڵ. دی. - پرۆفیسۆر ئەی. یۆهانان، دکتۆرا، کە هەردووکیان لە زانکۆی کۆڵۆمبیا، شاری نیویۆرکن -پرۆفیسۆر کارل دی. باک، دکتۆرا لە زانکۆی شیکاگۆ - پرۆفیسۆر ئێف. کڵەیبەر، دکتۆرا لە

زانكۆی مینیسوتا – پرۆفیسۆر ئێم. ڕیو، دی. دی.، پەیمانگەی وارتبێری، ئایەوا – پرۆفیسۆر ئۆ. جی. فێلاند، ماجستێر، کۆلێجی سانت ئۆلاف، مینیسۆتا- پرۆفیسۆر مارتن هێگلاند، دکتۆرا، کۆلێجی والدۆرف، ئایەوا – قەشە ئەی. ئێج. گێڤر، ماجستێر، مینیاپۆلیس، مینیسۆتا

**ئێل. ئۆ. فۆسوم** L. O. F.

**خشتەی ناوەرۆک**


بەشی یەکەم – ئەلفوبێی کوردی Kurdish Alphabet

بەشی دووەم – ناوەکان Nouns

بەشی سێیەم- سیفەتەکان Adjectives

بەشی چوارەم – ڕاناوەکان Pronouns

پێنجەم – فەرمان Verbs

بەشی شەشەم – ئاوەڵفەرمان (ظرف) Adverbs

بەشی حەوتەم – حرف جر Prepositions

بەشی هەشتەم – حرف عطف Conjunctions

بەشی نۆهەم – ئینتەرجێکشنەکان Interjections

بەشی دەیەم – دروستبوونی وشەی کوردی Formation of Kurdish Words

بەشی یازدەهەم – وشەی لێکدراوی کوردی Kurdish Compound Words

بەشی دوازدەهەم – ڕێنووسی (ئۆرتۆگرافیی) کوردی Kurdish Orthography

بەشی سیانزەهەم – هەمەچەشن Miscellaneous

بەشی چوارەهەم – ڕستەسازی Syntax

شیعر Poetry

کورتە چیرۆک Short Stories

ئینجیلی یۆحەنای پیرۆز Gospel of St, John

وشەسازی Vocabulary

# زمان، قەڵای بەرگری
# لە ناسنامەی نەتەوەیی

د. قادر وریا

زمان ئەگەر بۆ هەموو نەتەوەکانیش گرنگترین فاکتەری ناسنامە نەبێت، بۆ ئەو نەتەوانەی لە وڵاتی سەربەخۆ و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان بێبەشن و مافە نەتەوەییەکانیان زەوت کراوە، ڕۆڵی گرنگترین فاکتەری ناسنامەی نەتەوەیی دەبینێت، چونکە بەهۆی زمانەوەیە کە دەتوانن جیاوازبوونی خۆیان لە نەتەوەکانی دەوروبەریان بسەلمێنن. دیارە فاکتەری نەتەوەیی دیکەش هەن، وەک: خاک، مێژوو، کولتوور و هتد، بەڵام ئەم فاکتەرانە بە هۆکاری جۆراوجۆر لە ڕەوتی مێژوودا، لە زۆر ناوچە، ئەوەندە تێکتەنراو و شێوێنراون کە جاری وایە هاسان نییە بە هۆی ئەوانەوە، نەتەوەکان جیاوازبوونی خۆیان لە یەکتر بسەلمێنن. بۆ نموونە کورد و چەند نەتەوەی دیکەی دەوروبەری، ئایینیان یەکە؛ لە ڕووی کولتوورییەوە شتی هاوبەش و لێکنزیکیان یەکجار زۆرە؛ ڕەنگی پێست و شێوە و ڕوخساریان لێک نزیکە؛ تەنانەت سەرزەوی و جۆگرافیای نیشتەجێبوونیان بە توندی ئاوێتەی یەکتربوون. لەم جۆرە حاڵەتانەدا زیاتر بەهۆی زمانەوە، هەست بە جیاوازبوون لە یەکتر دەکەین و ئەگەر زمانەکەمان لە دەست بدەین، بەجۆرێک کە زمانی نەتەوەیەکی دیکە وەربگرین، بە زمانێکی دیکە بدوێین و پشت لە زمانەکەی خۆمان بکەین، لە کوردبوون دەشۆرێینەوە و کورد نامێنین.

ئەگەر زمانمان لە دەستدا، ئەدەبیاتیش و هەروەها هونەرەکانیش بەو زمانە بەرهەم ناهێنین، جگە لەوەی شتێکی نوێ بە و زمانە ناخوڵقێنین، لەو سامانە زمانییەی لە ڕابردووشدا هەمان بووە دادەبڕێین، چونکە لێی تێناگەین و چێژی لێوەرناگرین؛ بەم جۆرە ناسنامەی خۆمان لە دەست دەدەین. ئەگەر زمانمان لە دەستدا و ئەدەبیات و هونەرمان بەو زمانە بەرهەم نەهێنا و کەوتینە نامۆیی لە ناوی کوردی و پەندی کوردی و کەلەپووری کوردی، بەتایبەتی کە لەگەڵ دراوسێکانیشمان هاوئایینین و، بۆنە فەرهەنگییەکان و شێوەی ژیان و خواردن و جلوبەرگیشمان لە ژێر کاریگەریی بەجیهانیبووندا، ڕۆژ بە ڕۆژ لێک نزیک دەبێتەوە، بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین دەبین بە کەسێکی دیکە، دەبین بە هەڵگری ناسنامەیەکی دیکە. بەم هۆیانەوەیە کە دەتوانین بڵێین فاکتەری زمان، لە ڕاستیدا دیارترین کۆڵەگەی ناسنامەی نەتەوەیی و هەر لەوکاتەدا گرنگترین دەستەبەری پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییە.

دەوڵەت- نەتەوەکانی ئێران لە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوودا، بەشێوەی جۆراوجۆر هەوڵیان داوە خەڵکی ئێران وەک یەک نەتەوە پێناسە بکەن و بە زۆر و

زۆرداری بیانکەن بە یەک نەتەوە. ئەو دەوڵەت–نەتەوانە زمانیان بۆ نەتەوەسازی بەکارهێناوە. نەتەوەسازییەکەی ئەوان، پشتی بە سەپاندنی زمانێکی دیارکراو و مێژوو و ناسنامەیەکی ساختە و سەرکوت و سڕینەوەی زمان و شوناسە نەتەوەییەکانی دیکە بەستووە. ئەم سیاسەتە هەتا ئێستاش بەردەوامە و هەڕەشە لە زمان و ناسنامەی نەتەوە نافارسەکانی ئێران دەکات. بە سەرنجدان بەم هەڕەشانەیە کە کورد لە ئێران پێویستی بە زۆرترین هۆشیاریی نەتەوەیی، زۆرترین هۆشیاریی زمانی، خۆ ئەرکدارکردن لە ئاست نەتەوە و نیشتمان، باشتر خۆڕێکخستن و خەباتی کاریگەرتر بۆ پاراستنی ناسنامە و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و زمانییەکان و هەر وەها خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی دیارکردنی چارەنووس هەیە. لەم پێوەندییەشدا زمان ڕۆڵێکی گەورەی هەیە و دەکرێت وەک قەڵایەک بۆ پارێزگاری لە ناسنامەی نەتەوەیی سوودی لێوەربگیرێت.

دابەشکراویی کوردستان و بندەستیی نەتەوەی کورد و بێبەشیی ئەو نەتەوەیە لە وڵاتی یەکگرتوو و دەوڵەتی سەربەخۆ وای کردووە کە نەتەوەی کورد لەجیاتی یەک ئەلفوبێ چەند ئەلفوبێ و لەجیاتی یەک زمانی ستاندارد، لانیکەم دوو زمانی ستانداردی هەبێت. دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان هێشتا لە زۆربەی پارچەکانی کوردستان، زمانی کوردییان بەڕەسمی نەناسیوە، هێشتا ڕێگایان بە کورد نەداوە بە زمانی خۆی بخوێنێت و لە کاروباری پەروەردە و بەڕێوەبەری، یاسایی و...هتد دا بەکاری بێنێت. ڕێگایان نەداوە لەسەر ئاستی کوردستان و نەتەوەی کورد، فەرهەنگستانێک بۆ چارەسەری کێشەکانی ئەو زمانە و خزمەتکردن و پێشخستنی پێکبێت. خودی ئەم دابەشکراوییەی کوردستان و دروستبوونی هەلومەرجێک کە هەر پارچەیەک ناچار بووە بۆ خۆی - زۆربەشی بە ناڕەسمی و تەنانەت لەژێر هەڕەشە و سەرکوتدا– مشوور لە زمانەکەی بخوات و بڕیار لەسەر ئەلفوبێ و ڕێنووس و نووسین بە کوردی بدات، گەیشتن بە زمانێکی ستانداردی لە ئاستی هەموو کوردستان و نەتەوەی کورددا زۆر ئاڵۆز و تەنانەت نامومکین کردووە. مەبەست لەم قسانە ئەوەیە ئەگەر لەسەر زمانێکی ستانداردیش بۆ نموونە کوردیی نێوەڕاست یان کورمانجیی ژووروو ساغ بینەوە، ناتوانین بیکەینە زمانی ستاندارد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا ، چونکە جگە لەوەی کوردستان یەکەیەکی یەکپارچە نییە، لەزۆربەی بەشەکانیش، دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەری و سیستەمی پەروەردە لەدەست کورددا نییە. دیارە

سەرەڕای ئەم چارەنووسە سیاسییە نەخوازراو و نالەبارەش، هەر دەبێت هەوڵی لێکنزیکبوونەوە و ڕێککەوتن لە سەر زمانی ستاندارد بدەین.

لەچارەسەرکردنی کێشەکانی زمان لە ڕادەی نەتەوەییدا پێویستە هەموومان ئەو خاڵە گرنگەمان لەبەرچاو بێت کە دەبێت زمانی کوردی خاڵی لێک کۆکردنەوە و یەکگرتنمان بێت، نەک هەوێنی لێک دوورکەوتنەوە. ئەمەش کاتێک دەکرێت کە بەسەر دەمارگرژیی ناوچەیی و زارچییەتیدا زاڵ بین و وێڕای چاولێکردنی هەموو زارەکان و شێوەزارەکان وەک سەرمایە و سەرچاوەی دەوڵەمەندیی زمانی کوردی و گرنگیدان بە پاراستنیان، هاوکار و پشتیوانی جێگیربوونی زمانی ستاندارد بین. دیارە هەتا ئەو کاتەی کورد لەهەر کام لە بەشەکانی کوردستان، دەسەڵاتەکەی لەدەست خۆیدا نییە، ناشتوانێت زمانێکی ستاندارد بە تەواوی جێگیر بکات، بەڵام زمانەوانان، ڕۆشنبیران، نووسەران، میدیاکاران، حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەر بەشێک، دەتوانن بە دیالۆگ و ڕاوێژی بەرپرسانە و دووربینانە لەگەڵ یەکتر، کۆمەڵێک ڕێوشوێن دیاری بکەن کە لەلایەکەوە هاندەر بێت بۆ ڕەچاو کردن و پابەند بوون بە زمانێکی ستاندارد، لەلایەکی دیکەوە، مشوورخواردن لە سەرجەم زارە کوردییەکان بە تایبەتی ئەو زارانەی تێدابێت کە مەترسیی فەوتانیان لەسەرە. نەک سەپاندن، بەڵکوو وریاکردنەوەی تاکەکان و بەرەو ژووربردنی هۆشیاریی زمانی و هەستکردن بە ئەرکی نەتەوەیی و پێکهێنانی قەناعەت لەم پێوەندییەدا دەتوانێت کارساز و کاریگەر بێت. لە ڕۆژاوای کوردستان بەو هۆیەوە کە زۆربەی هەرەزۆری کوردزمانان، بە یەک دیالێکت قسە دەکەن، کێشەی ململانێ و ناکۆکی لە سەر هەڵبژاردنی زارێکی دیارکراویان وەک بنچینەی زمانی ستاندارد نییە. لە باشوور دوای تێپەڕینی زیاتر لە ٣٠ ساڵ لە هەبوونی دەسەڵاتی کوردی، هێشتا نەیانتوانیوە زمانێکی ستاندارد لە هەموو جۆگرافیای ئەو بەشە بکەن بە سەرانسەری. ئەو بەرهەڵستبوونەوەی لەم پێوەندییدا هەیە- مەبەست پێداگریی بەشە کرمانجی ئاخێوەکەی باشووری کوردستان لەسەر دیالێکتەکەی خۆیانە- ناکرێت بە پشتگوێخستن و سەپاندن و سەرکوت، وەڵام بدرێتەوە. ڕێگەچارە هەر دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی زیاتر و گەیشتن بە ئەنجامێکی باشترە، ئەگەر ئەم ئەنجامە تەنانەت قبووڵکردنی دوو ستانداردییش بێت. دوو ستانداردی لە ئاستی کوردستانی گەورەدا ڕاستییەکە و هەیە و ناتوانین حاشای لێبکەین. گرنگ ئەوەیە بە بوونی

دووستانداردیشەوە، بیر لە زۆرکردنی پردی پێوەندیی نێوان ئەم دوو ستانداردە و زارەکانی دیکە بکەینەوە، نەک لێکدوورکەوتنەوەی زیاتر.

لە ئێران نزیکەی سەدەیەکە داوای بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی بووە بە بەشێک لە خەباتی نەتەوەیی کوردەکان. هەتا ئێستاش لەو وڵاتە، یەک زمانی ڕەسمی هەیە و زمانەکانی دیکە بە  ناڕەسمی و ناوچەیی و خۆجێیی ناودەبرێن. ئەسلی ١٥ی یاسای بنەڕەتی(دەستوور)ی کۆماری ئیسلامیی ئێران  دەڵێت "زمان و خەتی ڕەسمیی ئێران فارسییە". ئەمە بۆ خۆی بەم مانایەیە کە زمانەکانی دیکە ڕەسمی نین و تەنیا زمانی فارسی، زمانێکی ڕەسمییە. ئەم ئەسلە زمانەکانی دیکە بە "زمانە خۆجێیی و قەومییەکان" ناو دەبات، ئاخێوەرانیشیان نەک بە نەتەوە، بەڵکوو بە قەوم دەناسێت؛ وێڕای ئەمەش دەڵێت: خوێندنی ئەدەبیاتی ئەو زمانانە لە تەنیشت زمانی فارسی ئازادە. "خوێندنی ئەدەبیاتی ئەوان" زۆر جیاوازە لەگەڵ خوێندن بەو زمانانە، چونکە خوێندنی ئەدەبیات دەکرێت باسکردن لە شاعیرێک یان دەقێکی داستانی یان فۆلکلۆریی ئەو "قەومانە"(وەک لە یاسای بنەڕەتیدا هاتووە) هەر بە زمانی فارسی بێت و بڕایەوە، یان تەرخانکردنی وانەیەک بۆ باس لە زمان و ئەدەبیاتی ئەوان بێت. ئەمە نابێتە بە ڕەسمی ناسینی مافی خوێندن بەو زمانانە و ئەرکدارکردنی دەوڵەت بۆ دابینکردنی ئەو مافە و جێبەجێکردنی. ئەگەر باش لەو ئەسلە ورد بینەوە، نەیگوتووە دەوڵـەت لەسەریەتی خوێندن بەو زمانانە دابین بکات، بەڵکوو دەڵێت خوێندنی ئەدەبیاتیان لە تەنیشت زمانی فارسی ئازادە! ئەگەر دەوڵەت کات و کتێب و مامۆستا و پێویستییەکانی دیکە بۆ جێبەجێ بوونی ئەم بڕە مافە دابین نەکات، سوودی ئەم ئاوڕدانەوەی یاسای بنەڕەتی لەم زمانانە چییە؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە ئایدۆلۆژیا و سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەک ڕێژیمی شایەتی، دان بە فرەنەتەوەبوونی ئێران دانانێت، باوەڕی بە سەردەستبوونی یەک نەتەوە و یەک زمان لە ئێران هەیە، نەتەوەکە ناوی "ملت ایران" و زمانەکەشی، زمانی فارسییە. لە پێناوی جێکەوتنی ئەم پێناسەیەدا، بۆ سەد ساڵ دەچێت نەتەوەکانی ئێران لە سەرەتایی ترین ماف کە پەروەردە بە زمانی دایکە، بێبەش کراون و بەهۆی سیستەمی پەروەردە هەوڵ دەدرێت سەرجەم دانیشتووانی ئێران بکرێن بە فارسزمان. دیارە ئەمە سیاسەتێکی دژەمرۆیی، ڕەگەزپەرستانە، شۆڤێنیانە و مەحکوومە. نەتەوەی کورد لە ئێران هەر لەسەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان هەتا ئێستا دژی ئەم

سیاسەتە بووە. بە خۆشییەوە ئێستا داوای گۆڕینی ئەم سیاسەتە لەنێو نەتەوەکانی تورک، بەلووچ، عەرەب و ... هتدیش لەزیاد بووندایە و بە شێوەی جۆراوجۆر و ڕوولەگەشە خۆی دەنوێنێت کە جێگای دڵخۆشی و هیواداریيە.

ناودێرکردنی ٢١ی فێبریوەری بە ڕۆژی زمانی دایک کە مەرجیش نییە هەموو ساڵێکیش ببێتە ٢ی ڕەشەممە (جاری وایە دەکەوێتە ٣ی ڕەشەممە)، لەچەند بارەوە گرنگە. یەکەم، لەو ڕوانگەیەوە کە بیرخەرەوەی ڕووداوی گیانبەختکردنی کۆمەڵێک خوێندکاری بەنگلادیشیی زانکۆی داکا لە بەرگری لەزمانەکەیاندایە(ساڵی ١٩٥٢)؛ هەر بەم بۆنەیەشەوە لە ٢٥ساڵ لەمەوبەرەوە یونسکۆ ئەم ڕۆژەی بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ناودێر کردوە. دووهەم، ناودێرکردنی ڕۆژێک بەم ناوە و ڕێزلێگرتن و پێشوازی لێکردنی لە ئاستی جیهاندا، نیشانەی بایەخدانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بە زمانەکان بەتایبەتی ئەو زمانانەیە کە هی نەتەوە بندەستەکان و کەمایەتییە زمانییەکانن و هەڕەشەیان لەسەرە. سێهەم، گرنگیی ئەم ڕۆژە لەوەدایە کە بووە بە بۆنە و دەرفەتێک بۆ ئەوەی نەتەوە بندەستەکان و ئاخێوەرانی زمانە پەراوێزخراوەکان، بایەخ بە گرنگیی زمانەکەیان بدەن، دەنگی خۆیان دژی سەرکوتی زمانەکەیان و پێشێلکردنی مافە زمانییەکانیان بەرز بکەنەوە و هەستیاری و وشیاری لەئاست زمانەکەیان لەنێو هاوزمانانیاندا پێک بێنن. بوونی ئەم ڕۆژە وای کردوە داواکارانی بەڕەسمی ناسینی فرەزمانی و پەروەردە بە زمانی دایک، زیاتر هەست بە ڕەوایی داخوازەکانیان و پشتگیریی جیهانی لە پلۆرالیزمی زمانی و کولتووری بکەن.

(*) **مامۆستا لە بەشی کوردیی زانکۆی کۆیە.**

# زمانی زبر لە سۆشیالمیدیا و تاوانی ئەلکترۆنی و ئاکامە یاساییەکانی

سالم سەلمان سلیمان

سەبارەت بە هەڵە نووسین و دەربڕین و بەکارهێنانی دەستەواژەی نەشیاو، هەروەها خراپ بەکارهێنانی ڕێنووس و خاڵبەندی لە زمانی کوردیدا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێتدا، کە لە ماوەی ٣٠ساڵی ڕابردوودا دیاردەی زمانی زبر وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی جیهانی ناشیرین سەریهەڵدا، دوا بەدوای ئەو گوڕانکارییە گەورانەی لە دونیای جیهانگیرییدا بە دەرکەوتن لە کایەکانی سۆشیالمیدیادا، لە ڕێگای کەناڵە جیاجیاکانی وەک فێسبوک، ئینستگرام، ڤایبر، واتس ئەپ و تلیگرام وتیکتوک و تویێتەر هتد......

هەروەها هۆکارێکە یۆ شێواندنی زمانی کوردی و بەکارهێنانی هەندێک دەستـەواژەی سەیرو سەمەرە کە لە فەرهەنگی کوردی بوونی نییە .هەر نەتەوەیەک زمان و وێژەکەی خۆی بپارێزێ بە دووری بگرێ لە شێواندی بە نەتەوەیەکی زیندوو لە قەڵەم دەدرێ، جا ئەو شێواندنە بە هەر شێوازێک بێتز

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەر چەند پێشکەوتنی تەکنەلۆژی گرنگی بەخۆوە بینیوە، هاوکات بەرەو ئاقارێکی خراپ و ناشیرین دوور لە بەها کۆمەڵایەتییەکان هەنگاوی ناو لەو سۆنگەیەدا هەزاران کێشەی کۆمەڵایەتی سەریان هەڵدا و بوونە هۆکاری لێکترازان و هەڵوەشانەوەی هەزاران خێزان لە سەر کۆمێنتێک یان ناردنی نامەیەک یان قسە کردن لە ڕێگای مۆبایلدا، کار گەیشتە هەڕەشەی کوشتن و چەندان حاڵەتی نەخوازراوی لێکەوتەوە، ئێستاش ئەو دیاردەیە دەبینین لە کۆمەڵگای ئێمەدا چی کارەساتێکی درووست کردووە، بە تایبەتی بە کارهێنانی زمانی زبر و قسەی نەشیاو جوێن و هەڕەشەکردن و ناوزڕاندن و ناردنی وێنەی نەشیاو لە ڕێگای کایەکانی سۆشیالمیدیاوە، ئەو دیاردەیە کۆمەڵگای کوردستانیشی گرتۆتەوە .

تاوانی ئەلکترۆنی ( یان خراپ بە کارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن):

هەر داهێنانێکی مرۆڤایەتی بۆ خزمەت گەیاندنە نەوەک خراپ بە کارهێنانی و ئەنجامدانی تاوان لە هەندیک وڵاتانی دونیا یاسای تایبەت بەم بوارە دەرچووە بۆ ڕێگاگرتن و سنووردارکردنی ئەو تاوانە کە بە تاوانی ئەلکترۆنی هەژمار دەکرێت .

تاوانی ئەلکترۆنی ئەو تاوانانەیە لە ڕێگای بە کارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەنجامدەدرێت، ئینتەرنێت تەکنەلۆژیایەکی سـەردەم وتازەیە، بۆیە ڕەهەندە

جیاوازەکانی بە کارهێنانی تا ئێستا ڕوون و دیار نییە، یاسادانەران لە هەموو وڵاتانی دونیا بە وریایی و لە سەرەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و تا ئێستا یاسایەکی تۆکمەو جێگیریش بۆ ڕێکخستن و بە کارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و دیارکردنی بەرپرسیارییەتی ڕاستەقینەی ناوەڕۆکە زیانبەخشەکانی ئینتەرنێت لە زۆربەیی وڵاتانی دونیا بوونی نییە .

لە عیراق تاوەکو ئێستا هیچ یاسایەک نییە تایبەتمەند بێت بە تاوانی ئەلکترۆنی و خراپ بە کارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی و ئینتەرنێت بە شێوەیەکی گشتی ئیستاش کار بە یاسای سزادانی عیراقی دەکریت لە یاسای ژمارە (١١١ساڵی١٩٦٩) ی هەموار کراو لە بەندەکانی سووکایەتی کردن و هەڕەشەکردن و ناوزڕاندنی کەسایەتی و توانج گرتن و جوێندان کە ببێتە هۆی ناو زراندنی کەسەکە تاوانبار سزا دەدرێت لە بەندەکانی مادەی ٤٣٢ ، ٤٣٣، ٤٣٤ .

لە هەرێمی کوردستاندا و یاسای قەدەغەکردنی خەراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنی ژمارە (٦ ی ساڵی ٢٠٠٨)دەرچووە چەندان سزای توندی دەستنیشان کردووە بۆ تاوانی ئەلکترۆنی و خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کە لە (٨ مادە) پێک هاتوون:

**مادەی دووەم لە یاساکەدا دەڵێت :-**

هەر کەسێک ئەگەر بە خراپی تەلەفۆنی خانەیی ( مۆبایل ) یان ئامێرێکی پەیوەندی کردنی تەلدار یانی بێتەل یان ئینتەرنێت یان پۆستی ئەلکترۆنی بۆ مەبەستی هەڕەشەکردن یان تۆمەت هەڵبەستن بەکارهێنا یان جنێودان یان بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەڵبەستراوی بەکارهێنا، کە ترس پەیدا بکات یان دزەی بە گفتوگۆکردن کرد یان وێنەی چەسپاو یان جوڵاو یان کورتیلە نامەی بڵاوکردەوەن، کە لەگەڵ خووڕەوشتی گشتیدا ناگونجێن، یان بەبێ ڕوخسەت مۆڵەت وێنەی گرت یان کاروبارێکی وا کە شەرەف بریندار بکات یان هانی ئەنجامدانی تاوان یان کاری بەدڕەوشتی یان بڵاوکردنەوەی زانیاری پەیوەست بە نهێنی چنگی کەوتن، هەتا ئەگەر ڕاستیش بن ئەگەر بە هۆی بلاوکردنەوەیان و دابەشکردنیان سووکایەتی یاخود زیانیان پێبگەینێت، ئەوا بۆ ماوەیەک بەند دەکرێت کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵ زیاتر نەبیت و بە

غەڕامەیەکیش سزا دەدریت کە لە یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت یان بە یەکێک لەو دوو سزایە سزا دەدریت.

**هۆکاری زیاد بوونی تاوانی ئەلکترۆنی و بەکارهێنانی زمانی زبرو هەڕەشە لە سۆشیال میدیا:**

سۆشیالمیدیا کە بۆتە دەماری سەرەکی ژیان لە گشت کایەکان لە چالاکییەکانی مرۆڤ، بەڵام لە پاڵ ئەمەشدا ئەم کەناڵە گرنگەی مرۆڤایەتی تووشی کێشەو سەرئێشەی کردووین و باجی تایبەتی خۆی هەیە و دووچاری کیشەی کۆمەڵایەتی و خیزانی بۆتەوە، تێیدا ئافرەت بە پلەی یەکەم قوربانی یەکەمە.

١-نەبوونی یاسایەکی پتەو جێگیر بە کۆنترۆڵ کردنی سۆشیالمیدیا بە شێوەیەکی گشتی.

**( دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی تاوانی ئەلکترۆنی زۆر جار ئەستەمە وە بە تایبەتیش هاک کەران)**

٢-کەمی ڕۆشەنبیری یاسایی و سزاکان پەیوەست بە تاوانی ئەلکترۆنی .

٣- ناساندنی کەسایەتی خۆی بە کەسێکی تر بۆ نموونە دانانی فێسبووک بە ناوێکی ترو ئاشکرا نەبوونی کەسایەتی ڕاستەقینە، زۆرجار کەسە نزیکەکان ئازاری یەکتر دەدەن و هەڕەشە و بەکارهێنانی قسەی نەگونجاو وە بڵاو کردنەوەی وێنەی ئافرەت و داوای کاری سەرجێی کردن و

**(تحرش جنسی) یان داوای پارەیەکی زۆر بەرامبەر بڵاو نەکردنەوەی وێنە .**

٤- پەروەردەی خێزان و توندو تیژی

٥- پڕۆگرامی خوێندن و پەروەردەی قوتابخانە

کاریگەرییەکانی تاوانی ئەلکترۆنی و زمانی زبر:

کاریگەری کۆمەڵایەتی :

تاوانی هەڕەشەکردن و ناوزڕاندن و دزەکردن بە گفتوگۆ وێنە و گرتەی ڤیدیۆی بڵاوکردنەوەی کورتەنامەی نەشیاو جنێودان و بڵاوکردنەوەی نهێنی تایبەتی ئەمانە هەموو کێشەی کۆمەڵایەتی بەدواوە دێت .

**کاریگەری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی :**

لەسەر ئاستی کوردستاندا داتا و ئامارەکانی ئەنجوومەنی دادوەری ئەوە پیشان

دەدەن کە لە ماوەی سالآنی ٢٠١٠ تاوەکو ٢٠١٩تاوان و کەتن بە هەموو جۆرەکانی ڕوو لە هەڵکشانە و ئەم هەڵکشانەش هاوکاتە لەگەڵ بڵاوبوونەوەو بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فێسبووک .

زیادبوونی ڕێژەی تاوان لە هەر کۆمەڵگایەک کاریگەری زۆری لە سەر ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا هەیە، چونکە دەبێتە بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و دروستکردنی کەشێکی ناسەقامگیر و نادڵنیایی کە هاووڵاتیان هەست بە سەلامەتی ماڵ و گیان و سەروەت و سامانیان نەکەن .

**توندو تیژی خێزانی** :

توندوتیژی خێزانی هۆکاری زۆرە یەکێک لەم هۆکارانە ئێستا دەبیتە هۆی زیاد بوون، تەکنەلۆژیای مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەپێی ڕاپۆرتەکانی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی خێزانی زیادی کردووە بە تایبەتی دیاردەی(خۆکوشتن، سوتاندن، لێدان و ئەشکەنجە تەشقەڵەی سێکسی)

**هەڵوەشاندنەوەی خێزان و تەلاقدان:**

لە هەرێمی کوردستاندا بەکارهینانی فێسبووک و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی هۆکاری سەرەکییەکانی هەڵوەشاندنەوەی خێزانن دەبیتە هۆکاری لێک جیابوونەوە و تەڵاقدان، بەشێوەیەک

هاوسەرەکان ناتوانن ئەرکە خێزانییەکانیان جێبەجێ بکەن وەک پێویست یان لە ڕێگای فیسبووک و ماسنجەر پەیوەندی ڕێگاپێنەدراو لە ڕووی کۆمەڵایەتی دەبەستن کە زۆرجار کارەساتی گەورەی لێدەکەوێتەوە .

بە پێی ئامارەکانی ئەنجوومەنی دادوەریی لە سنووری پارێزگای هەولێر لە ماوەی سالآنی ٢٠١٠ –٢٠١٩( ٢٨٤٥١) حاڵەتی جیابوونەوە تۆمارکراوە لە ساڵی ٢٠١٠ ڕێژەی جیابوونەوە ١١،٣٢٪ بەڵام لە ساڵی ٢٠١٩ڕێژەکە بۆ ٢١،٦٩ ٪ بەرز بۆتەوە .

**سەرچاوەکان**

١-ڕێبەری یاسایی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە- د.سامان فەوزی-چاپی دووەم
٢- ڕاگەیاندن و ئاسایشی کۆمەڵایەتی، هێمن ئەمین شوانی

**پرۆفایل: سالم سلمان سلێمان**

- پارێزەری ڕاوێژکار
- بەکالۆریۆس لە یاسا ساڵی ١٩٩٦
- ڕاوێژکاری یاسایی گۆڤاری زمانناسیی (زمان و زار)
- بەشداری دەیان کۆڕو ۆرک شۆپ و سیمینارو کۆنفڕانسی زانستی کردووە.
- وتەبێژی کۆنفڕانسی سێیەمی زانستی زارو بن زارە کوردییەکان – ساڵی ٢٠٢٤ – لەگەڵ دامەزراوەی کەریمی عەلەکەو گۆڤاری زمان و زار .
- لە ساڵی ٢٠٠١ تاوەکو ئێستا بەردەوامم وەک پارێزەر لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان

* توێژەری یاسایی و ڕاوێژکاری یاسایی گۆڤاری زمانناسیی (زمان و زار)

# واتاسازی

محمد علي الخولي
وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

# بەشی یەکەم
# چەمکی واتا

واتا کرۆکی پەیوەندییەکانە، قسەکەرانی هەر زمانێک پێویستە پێشتر لەسەر واتای وشەکانی ئەو زمانە ڕێککەوتبن، ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە نەبێت، ئەوا وابەستەگی و پەیوەندییەکانیان دژوار و بگرە جاری وا هەیە ئەستەمیش دەبێت. ئەگەر گریمانە بکەین، کە تۆ ئەم ڕستەیە دەڵێیت: ((**مرۆڤ پێویستی بە ئاو و خۆراک هەیە**))، بۆ ئەوەی ئەم قسەیە ڕوون بێت، پێویستە گوێگرەکە هەمان تێگەیشتنی تۆی بۆ واتاکانی ئەم ڕستەیە هەبێت، بەڵام ئەگەر قسەرەکە پێی گووت: (( مەبەستت لە مرۆڤ چییە؟ مەبەستیش لە وشەی پێویستی چییە؟ مەبەستت لە وشەی ئاو چییە؟ ئایا خۆراک واتای چییە؟))، ئەوا لەم حاڵەتەدا پەیوەندی کردن و وابەستەگی لەنێوان تۆ و ئەو کەسەدا ئەستەم دەبێت، ئەمەش دوای ئەم هەموو جیاوازییەی لەبارەی واتای ئەم وشانە هەبوو.

واتای وشەیەک لە بنەڕەتدا پشت بە هەڵوێستەکە نابەستێت، بەڵکو پشت بە پەیوەندی وشەکە بە وشەکانی دیکەوە لە خودی زمانەکەدا دەبەستێت.

**واتای شیکاری و واتای پێکهاتەیی**

**بڕوانە ئەم ڕستانە:**

**١- فیل ئاژەڵە.**
**٢- خاس جۆرێکە لە سەوزەوات.**
**٣- ڕەبەن کەسێکە ژنی نەهێنابێت.**
**٤- بێوەژن ئافرەتێکە مێردی مردبێت.**
**٥- مامۆستایەکی ئافرەتی مێینەیە.**
**٦- دەرگا دەروازەیەکە بۆ چوونە ژوورەوە.**
**٧- عەدنان تەمەنی چل ساڵە.**
**٨- مەودای نێوان زەوی و خۆر (٩٣) ملیۆن میلە.**

**٩- لە جیهاندا نزیکەی (٣) هەزار زمان هەیە.**
**١٠- باوکی کاری پارێزەری دەکات.**
**١١- ڕێژەی کەڵەکەبوو لای سەلمان تا ئێستا گەیشتووەتە ٧٨.**

ئەگەر بڕوانینە ئەم ڕستانەی پێشوو، دەبینین شەش ڕستەکەی یەکەم (١- ٦) جیاوازییان لەگەڵ ڕستەکانی دی هەیە (٧ - ١١)، بۆ نموونە (فیل ئاژەڵە)، ڕستەیەکی ڕاستەقینەیە، لە ڕووی ناوخۆوە ڕاست و دروستە، واتە لە ڕووی پێناسکردنی فیلەوە ڕاستەقینەیە، چونکە هیچ فیلێک نییە ئاژەڵ نەبێت، کەواتە ئەمە ڕستەیەکی ڕاستەقینەیە، ڕاستییەکەی لەو پەیوەندییانەوە هەڵدەقوڵێت، کە لەنێوان واتای وشەکانی ڕستەکەدا هەیە، ئەم جۆرە ڕستانە پێیان دەوترێت ڕستەی شیکاری، چونکە بێگومان ڕاستەقینەیە و ڕاستەقینەکەی لە ناخییەوە سەرچاوە دەگرێت. بەم شێوەیە دەبینین ڕستەکانی (١ - ٦) بە ڕستەگەلێکی شیکارییانە هەژمار دەکرێن، چونکە ڕستەگەلێکی ڕاستەقینەن و پێویست ناکات لە جیهانی دەرەکیدا بەدوای سەلماندنیان بگەڕێین، مەبەستیشمان لە ڕاستەقینەی هاوتابوونی واتاکەیە لەگەڵ واقیعەکەدا، واتە هاوشێوەبوونی واتا لەگەڵ ڕاستەقینە دەرەکییەکە.

بە هەمان شێوە بڕوانە ڕستەکانی (٧ - ١١)، ئایا دەتوانین بڕوانیتە ڕستەی (٧) و بڵێیت ڕستەیەکی ڕاستەقینەیە، تەنیا لەبەرئەوەی هەندێک لێی وردبیتەوە؟ بێگومان نەخێر. ئەگەر خوازیاری ئەوە بیت لە ڕاستی و دروستییەکەی بکۆڵێتەوە، پێویستە لە خودی (عەدنان) پرسیار بکەیت دەربارەی تەمەنی ژیانی، یان نفوسەکەی لێ داوا بکەیت، بۆ ئەوەی بزانی تەمەنی چەندە. لەم ڕستەیەدا هیچ شتێک بوونی نییە، کە ڕاستی و ناڕاستی تەمەنی (عەدنان) بسەلمێنێت، ڕاستگۆیی و ڕاستەقینەی ڕستەکە لە دەرەوەی ڕستەکەدا دەسەلمێنرێت، کە ناسنامەکەیەتی، واتە ئەگەر ڕستەکە لەگەڵ جیهانە دەرەکییەکەدا هاوشێوەبوو، کەواتە ڕستەکەش ڕاستە، بەڵام ئەگەر وا نەبوو، کەواتە ڕستەکە هەڵەیە، ئەم جۆرە ڕستانەش پێیان دەوترێت ڕستەی پێکهاتەیی. هەموو ڕستەکانی لە (٧)ەوە تا (١١) ڕستەی پێکهاتەیین.

ڕستەی شیکاری هەمیشە ڕاستەقینەیە، ئەم جۆرە ڕستانە بەبێ ڕاستەقینەیی دروست نابن، ڕاستەقینەکەشی لەو پەیوەندییانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لەنێوان وشەکانیدا هەن، بۆ نموونە: **(ڕەبەن کەسێکە ژنی نەهێناوە)**، ئایا کەس گومانی لە

ڕاستی و دروستی ئەم ڕستەیە هەیە؟ بێگومان نەخێر، چونکە هیچ ڕەبەنێک نییە، کە ژنی هێنابێت، ئایا ئەم ڕستەیە پێویستی بەوە هەیە لە ناوەڕۆکەکەی و واتاکەی بکۆڵینەوە، تاکو بزانین وایە یان نا، نەخێر پێویستی بەوە نییە، چونکە ئەمە ڕستەیەکی سەد لە سەد ڕاستەقینە و ڕاستگۆیانەیە.

ڕستەی پێکهاتەیی لەوانەیە ڕاستەقینە بێت، یان ڕاستەقینە نەبێت، ئەویش بەگوێرەی هاوشێوەبوونی لەگەڵ جیهانە دەرەکییەکەی، چونکە ئەگەر بە گوێرەی جیهانە دەرەکییەکەی بێت، ئەوا ڕاستەقینەیە و ئەگەر واش نەبێت، ئەوا ڕاستەقینە نییە.

**ڕستەی دژواتا**

**بڕوانە ئەم ڕستانە:**

**١- فیل ئاژەڵ نییە.**

**٢- خاس سەوزەوات نییە.**

**٣- ڕەبەن کەسێکی بێ هاوسەر نییە.**

**٤- بێوەژن ئافرەتێک نییە، کە مێردەکەی مردبێت.**

**٥- مامۆستای ئافرەتی مێینە نییە.**

**٦- دەرگا دەروازەیەک نییە بۆ چوونە ژوورەوە.**

ئەم شەش ڕستانە (١ - ٦) ڕەتکردنەوەی ڕستە شیکارییەکانە، کە پێشتر ئاماژەمان پێدان، ئەگەر ئێمە ڕستە شیکارییەکان ڕەتبکەینەوە، لە ئەنجامدا ڕستەگەلێکی دژواتامان دەستدەکەوێت، ڕستەی دژواتاش هەردەم ڕاست و دروست نین، چونکە ڕستەی شیکاری ڕاستەقینە ڕەتدەکەنەوە.

ئەگەر بڕوانینە ڕستەکانی (١ - ٦)، دەبینین سەرتاپا ڕستەی ناڕاستەقینە و ناڕاستن، ناڕاستییەکەشی دژواتای خودی ڕستەکەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆ نموونە ڕستەی ژمارە (١) ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە (فیل) ئاژەڵ بێت، بەڵام لەڕووی واتاوە (فیل) ئاژەڵە، کەواتە ئەم ڕستەیە ڕاستەقینەیەکی زمانەوانی ڕەتدەکاتەوە، چونکە ئاژەڵبوون یەکێکە لە ئادگارەکانی واتای (فیل). ڕستەی شیکاری هەردەم ڕاست و ڕاستەقینەیە، ڕستەی دژواتاش ڕستەی شیکاری ڕەتدەکاتەوە، کەواتە ڕستەی دژواتا بێگومان ڕاستەقینە نییە.

ئینجا ئەگەر ڕستەی دژواتا ڕەتکردنەوەی نەگرتبێتەخۆ، لەم حاڵەتەدا ئامرازی نەریّ دەیکاتە ڕستەیەکی شیکاری، وەک:

**فیل ڕووەکە فیل ڕووەک نییە.**

ئەگەر ڕستەی دژواتای ڕەتکردنەوە بێت، ئەوا بە لادانی ئامرازی نەریّ دەیکاتە ڕستەیەکی شیکاری، وەک:

فیل ئاژەڵ نییە فیل ئاژەڵە.

هەروەها ئەگەر بەوردی تێبینی ڕستەی شیکاری و ڕستەی پێکهاتەیی و ڕستەی دژواتا بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە تەنیا ڕستەی پێکهاتەیی بۆی هەیە ببێتە ڕستەیەک، کە زانیاری دەدات، واتە ڕستەیەکە زانیاری دەربارەی جیهانی دەرەوە بە گوێگرەکە دەبەخشێت. هەروەک لە ڕستەکانی (٧ ـ ١١) لەژێر ناونیشانە لاوەکییەکەی پێشوودا، کە ئاماژەمان پێدا، بەڵام ڕستە شیکارییەکان و ڕستە دژواتاکان هیچ زانیارییەک لەبارەی جیهانی دەرەکی بە گوێگرەکە نادەن، کەواتە ئەم جۆرە ڕستانە ڕستەگەلێکی ئەوتۆ نین، کە زانیاری ببەخشن.

جگە لەمەش، ئادگارەکانی شیکاری و پێکهاتەیی و دژواتایی ئادگارگەلێکی واتاکانی ڕستەن، نەک ئادگاری واتای وشەکان.

**واتای وشەیی و واتای ڕێزمانی**

لەسەر ئاستی ڕستە؛ واتای ڕستە لە واتای وشەکانییەوە سەرچاوە دەگرێت و بە گوێرەی یاسا و ڕێساکانی ڕستەسازی و وشەسازییەوە بەڕێوەدەچێت، بۆ نموونە: **(پیاوەکە شێرەکەی کوشت.)**، ئەم ڕستەیە واتا گشتییەکەی لەم توخمانە پێکدێت:

**١. واتای وشەیی:** ئەگەر وشەی (کوشتی) بۆ وشەی (سواربوو) بگۆڕین، ئەوا واتای ڕستەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمەش گرنگی واتای وشەیی لە پێکهاتەی واتای ڕستە دەردەخات.

**٢. واتای وشەسازی:** (پیاوەکە) تاکە، نەک (پیاوەکان)، بە هەمان شێوە (شێرەکە) تاکە، نەک (شێرەکان)، (پیاوەکە) ناسراوە، بەڵام (پیاو) نەناسراوە، هەروەها (شێرەکە) ناسراوە، بەڵام (شێر) نەناسراوە، هەموو ئەمانە یاسا و ڕێسایەکی وشەسازین و لە پێکهێنانی ڕستەدا بەشداری دەکەن.

**٣. واتـای ڕستەسازی:** (پیاوەکە شێرەکە/ الرجل الأسـد) جیاوازی لەگەڵ (شێرەکە پیاوەکە/ الأسد الرجل)دا هەیە، ئەمەش شێوازی ڕستەسازییانەیە و کاریگەریەکی یەکلاکەرەوەی لە واتاکەدا هەیە، ڕیزبەندییەکەی یەکەم (پیاوەکە) بە بکوژ دادەنێت و ئەوەی دووەمیش پیاوەکە بە کوژراو دادەنێت، کەواتە هەردوو وشەی بکوژ و کـوژراو، بەهۆی بۆر یان سەر یان پێشخستن یان پاشخستن کاریگەری لەسەر ڕەوشی واتاکەدا هەبوو.

**واتا و دەوروبەر**

هەر وشەیەک کاریگەری بەسەر واتای ڕستەدا هەیە، بە پێچەوانەشەوە جاری وا هەیە ڕستە کاریگەری بەسەر واتای وشەکەدا دەکات. ئەمەش بە واتای دەوروبەر ناوزەد دەکرێت. زۆر لە وشەکان بە گوێرەی دەوروبـەرە زمانەوانییەکەی تیایدا بەکاردەهێنرێت واتاکانیان جیاوازن و گۆڕانیان بەسەردا دێت. جاری واش هەیە لە کاتی خوێندنەوەدا بەشێوەیەک لە شێوەکان لە وشەیەک تێدەگەین، بەڵام پاشان لەژێر ڕۆشنایی دەوروبـەرە زمانەوانییەکەی تیایدا بەکارهێنراوە واتایەکی دیکەی لێوەردەگرین، لەبەر ئەوە ئێمە بە یەک ئاراستە شتەکان ناخوێنینەوە، بەڵکو زۆرجاران دەگەڕێینەوە سەر ئەو شتەی دەیخوێنین، بۆ ئەوەی هەمواری پێشهاتەکانی ڕستەکە بکەین و پرۆسەی خوێندنەوەکەمان ڕاست و دروستتر بکەینەوە و لە واتاکە تێبگەین. هەر وشەیەک لە دەوروبەرەکەی خۆیدا واتایەک دەبەخشێت، واتە واتای وشەکان بەگوێرەی ئەو دەوروبەرانەیە، کە تیایاندا بەکاردەهێنرێن، دەوروبەرە زمانەوانییەکە واتای وشەکە دیاریدەکات، بۆ نموونە:

١. قرأت **الفصل** الخامس من الكتاب.

**بەشی** پێنجەمی پەرتووکەکەم خوێندەوە.

٢. ان الربيع هو أجمل **فصل** من فصول السنة.

بەهار جوانترین **وەرزەکانی** ساڵە.

٣. اننا الآن في **الفصل** الأول من هذا العام الدراسي.

ئێمە ئێستا لە **وەرزی** یەکەمی خوێندنی ئەمساڵداین.

٤. شاهدنا **الفصل** الثاني من المسرحية.

**بەشی** دووەمی شانۆنامەکەمان بینی.

٥- لم يستلم قرار **الفصل** من العمل.
بڕیاری **دەرکردنی** لە کارەکەی وەرنەگرتووە.
٦- انه لقول **فصل.**
قسەیەکی **یەکلاکەرەوەیە.**

لە هەموو ئەم ڕستانەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە وشەی (الفصل) لە هەر ڕستەیەکدا بەپێی ئەو دەوروبەرەی تێدا بەکارهێنراوە، واتایەکی جیاوازی هەیە.

**واتا و کاریگەرییە دەرەکییەکان**

واتای ڕستە هەموو جارێک بەهۆی وشە و واتا ڕێزمانییەکانییەوە دیاریناکرێت، بەڵکو چەند کاریگەرییەکی دەرەکیشی هەن، کە کەم و زۆر واتاکەی دەگۆڕن، ئەو کاریگەرییانەش ئەمانەی خوارەوەن:

**١. جووڵەکانی جەستە:** کاتێک مرۆڤ سەرقاڵی قسەکردن دەبێت، جاری وا هەیە دەست و سەر و پەنجەکانی و جەستەی دەجووڵێنێت، ئەم جووڵانەی جەستە لەگەڵ قسەکردندا ئەنجام دەدرێت، لەوانەیە کاریگەری بەسەر واتای ڕستەکەدا هەبێت بەشێوەیەک لە شێوەکان، بگرە هەندێک جاریش لەوانەیە جووڵەکان بە پێچەوانەی واتای ڕستەکەشەوە بن، بەڵام بەزۆری جووڵەکانی جەستە دووپاتکردنەوەیە بۆ واتای ڕستەکە.

**٢. ئەدگارەکانی ڕوخسار:** لەکاتی قسەکردندا ڕوخساری مرۆڤ چەندین ئەدگاری لێ دەردەکەوێت و وروژانی جۆراوجۆری لێ نمایان دەبێت، وەک (پەشیمانی)، (خۆشحاڵی)، (شادی)، (نیگەرانی)، (مخابن)، (پەرۆشی)، (گلەیی)، (لۆمەکاری)، (هەڕەشە)، (توڕەیی)، (لاوازی)، زۆربەی ئەم وروژانانەش لە چاوەکاندا دەردەکەون، چونکە چاو ئاوێنەی دەروونە، هەروەها وروژانەکان لە لێوەکان و لە ماسولکەکانی دەم و چاویشدا دەردەکەون.

**٣. ئاوازی گشتی:** ئەگەر گوێ لە دەنگی کەسێک بگریت، بەبێ ئەوەی بیبینیت، ئەوا دەتوانی لەڕێگەی ئاوازی دەنگەکەیەوە درک بە جۆری وروژانەکەی بکەیت، چونکە ئاوازی دەنگ حاڵەتی دەروونی قسەکەرەکە دەردەخات، واتە لەڕێگەی ئاوازی دەنگەوە دەتوانیت بزانیت ئەو کەسە دڵخۆشە، یان نیگەرانە، یان توڕەیە، یان شڵەژاوە، یان نەء.

٤. **ڕۆڵی گوێگر و قسەکەر:** پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر کاریگەری لەسەر واتای ڕستەکان هەیە، بۆ نموونە لەنێوان ئەم کەسانەدا پەیوەندی گفتوگۆکردن هەیە:
(مامۆستا ¬ قوتابی)، (باوک ¬ کوڕ)، (مێرد ¬ ژن)، (دایک¬ کوڕ)، (سەرۆک¬ دەستوپێوەند)، (برادەر¬ برادەر)، هەروەها ئاراستەی پەیوەندییەکە لەم حاڵەتانەدا زۆر گرنگە (مامۆستا ¬ قوتابی) یان (قوتابی ¬ مامۆستا)، (باوک ¬ کوڕ) یان (کوڕ ¬ باوک).

٥. **پەیوەندی گفتوگۆکردنی پێشوەختە:** پەیوەندی پێشوەختە لە گفتوگۆکردندا و کاردانەوەکانی کاریگەری لەسەر واتای ڕستەکاندا دەبێت، کە ئایا پەیوەندی نێوان گوێگر و قسەکەرەکە ئاساییە یان نا؟ ئایا پەیوەندی نێوانیان باشە یان خراپە ؟، چونکە کاریگەرییە دەروونییە پێشوەختەکان ڕۆڵیان لە پرۆسەی تێگەیشتنی یەکتردا هەیە.

٦. **ژینگەی ماددی دەوروبەر:** ژینگەی ماددی لە دەوروبەری گوێگر و قسەکەرەکاندا هەیە، لەوانەیە کاریگەری لەسەر داڕشتنی ڕستەسازیانەی ڕستەکان هەبێت، چونکە لەم حاڵەتەدا گفتوگۆکاران لەوانەیە تەنیا بە ئاماژەکردن بۆ ژینگەی ماددی یەکتر تێبگەیەنن، بەبێ بەکارهێنانی وشەیەک لە دەوروبەرە زمانەوانییەکەدا.

## واتای ڕێژەیی

لە زماندا وشەی ئەوتۆ هەن، کە واتایەکی ڕێژەییان هەیە، وەک: نزیک، دوور، بچووک، گەورە، گران، سووک، ئاسان، سەخت، زۆر، کەم، کورت، درێژ. ڕێژەیبوونی ئەم وشانەش بەمشێوەیە دەردەکەوێت:

١. وشە ڕێژەییەکان بە یەک شێوە هەڵناسەنگێنرێن، بەڵکو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێن، شتێک لە تۆوە نزیک بێت، لەوانەیە بۆ کەسێکی دیکە دوور بێت.

٢. هەڵسەنگاندنی وشە ڕێژەییەکان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە جیاوازییان هەیە، ئەو شوێنەی ئەمڕۆ بە نزیکی دادەنێت، لەوانەیە ڕۆژێکی دیکە بە دووری دابنێیت، ئەم مەسەلەیەش پەیوەندی بە حاڵەتی دەروونی و دەوروبەری گشتی سازدانی گفتوگۆکەوە هەیە.

٣. بەگوێرەی باسکراوەکە جیاوازی لە هەڵسەنگاندنیدا دروست دەبێت، بۆ نموونە (فیلێکی بچووک گەورەترە لە کەروێشکێکی گەورە)، لێرەدا (بچووکەکە) گەورەترە لە (گەورەکە)، کەواتە واتاکە ڕێژەییە.

هەروەها تێبینی ئەوە دەکەین، کە وشە ڕێژەییەکان زۆرجار لە بنەڕەتدا وەسفن، بەڵام بۆشییان هەیە ببنە (کار)، وەک: (دووربـووەوە)، (نزیککەوتەوە)، (زۆربـوو)، کەمبووەوە) هەروەها زۆرجاریش ئەو وشە ڕێژەییانە ئاماژە بۆ کێش یان سەنگ یان ژمارە یان بارستایی دەکەن.

**واتای دەروونی**

هەر وشەیەک لە زماندا واتایەکی بنەڕەتی هەیە، کە هەندێک زانا پێی دەڵێن واتای واتایی، کە لە واتا فەرهەنگییەکەیدا بەرجەستە دەبێت، کە خودی وشەکە ڕاستەوخۆ ئاماژەی پێدەکات. ئەو واتایە واتایەکی بابەتیانەی گشتییە، کە هەمووان بەکاریدەهێنن، کەچی هەندێک وشە هەن، جگە لە واتا بنەڕەتییەکە، واتایەکی سۆزداریشیان هەیە. بۆ نموونە وشەگەلێکی دەوڵەمەند بە واتای سۆزداری یان واتای دەروونی دێن: (نیشتمان)، (دایک)، (باوک)، (وەفا)، (برادەریێتی)، (کوڕ)، (برا)، (برادەر)، هەموو ئەم وشانە واتایەکی بنەڕەتییان هەیە، کە تێر و تەژین لە سۆزدارییی، نیشتمان لە بنەڕەتدا شوێنی لەدایکبوونە، یان زێدی نیشتەجێبوونە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا شوێنێکە بۆ ئارامی و یاد و یادەوەری و ژوانی کەس و کار و خۆشەویستان، دایک لە بنەڕەتدا دایکە، لە هەمان کاتیشدا هێمایەکە بۆ بەخشین و سۆز و نەرم و نیانی.

هەروەها واتای سۆزداری لەوانەیە گشتی و لەوانەشە تایبەتی بێت، واتا گشتییەکە واتایەکی هاوبەشە لەنێو بەکارهێنەرانی زمانەکە، وەک واتای سۆزداری پەیوەست بە وشەکانی (باوک)، (برا)، (نیشتمان)، لەم واتایانەدا بۆ هەموو قسەکەرانی عەرەب یەک واتایە و لە هزر و بیریاندا جێگیربووە، واتە واتاکە گشتییە، هەرچی واتای سۆزداری تایبەتیشە، ئەوا واتایەکە پشت  بە ئەزموونێکی تایبەتی کەسێکەوە دەبەستێت، بۆ نموونە **ئەگەر سەگێک گاز لە منداڵێک بگرێت**، ئەوا وشەی **(سەگ)** واتایەکی ویژدانی نەرێنی لەلای ئەو منداڵە دروست دەکات.

واتای سۆزداری و دەروونییەکانیش دوو جۆرن: ئەرێنی و نەرێنی، واتا ئەرێنییەکان وەک(سۆزەکانی وەفاداری و بەزەیی و برادەرێتی و برایەتی و شادی و ڕەزامەندی) دەگرێتەوە، واتا نەرێنییەکانیش وەک غەدر و دوژمنکاری و مەینەتی و توڕەیی و ناڕەزایی دەگرێتەوە.

**واتا و پێناسە**

چەندین ڕێگا و شێواز  بۆ دەستنیشانکردنی واتای وشەکان و پێناسکردن و شرۆڤەکردنیان هەن، لەمانە:

**١. پێناسەی وەسفی:** واتە پێناسەکراوێک وەسف بکەین، بۆ نموونە: نەهەنگ گەورەترین گیانلەبەری دەریاییە، کە درێژییەکەی لەوانەیە بگاتە (٣٠) مەتر و پانییەکەشی بگاتە شەش مەتر... هتد.

**٢. پێناسەی ئەرکی:** واتە ئەرکی پێناسەکراوەکە بخەینەڕوو، بۆ نموونە (ئامرازێکە پێش ناوەکە دەکەوێت و (جەڕی)ی دەکات(واتە دەیکاتە تەواوکەری بەیاریدە ـ وەرگێڕ).

**٣. پێناسەی ئاماژەیی:** واتە ئاماژە بە شتێک بکەین، کە خوازیاری پێناسەکردنین، وەک ئەمەیە یان ئەوەیە باڵندەکە.

**٤. پێناسەی ڕیزبەندی:** واتە پێناسەکردنەکە لەڕێگەی خستنەڕووی ڕیزبەندی یان شوێنەکە، بۆ نموونە: شەممە ڕۆژێکە دەکەوێتە نێوان ڕۆژانی هەینی و یەکشەممە.

**٥. پێناسەی هاوواتا:** واتە ئەو وشانەی ئاماژە بە یەک واتا دەکەن، وەک: دەوڵەمەند، سەروەتمەند.

**٦. پێناسەی دژواتا:** واتە وشەیەکی دژواتا بەکاربهێنین، بۆ نموونە (دەوڵەمەند) دژواتای (هەژار)ە.

**٧. پێناسەی گرتنەوە:** واتە پەیوەندی گرتنەوەکە لە دوو وشەدا بخەینەڕوو، بۆ نموونە: سێو جۆرێکە لە میوەجات.

**واتا و ڕەهەند**

لێرەدا پێناسەکردنی وەسفی زیاتر باسدەکەین، تا پێناسە وەسفییەکە بەتەواوەتی دیاریبکرێت و ڕوون بێت و ژمارەیەک لە خەسڵەتە پێویستەکان لەخۆ بگرێت بۆ دەستنیشانکردنی واتاکان. ئەگەر بڵێین چوارگۆشە شێوەیەکە چوار لای هەیە، ئەوا ئەم پێناسەکردنە تێروتەسەل نییە، چونکە تەنیا دوو سیفەتی لەخۆگرتووە، کە ئەمانەن (شێوە، چوارلا)، هەردوو سیفەتەکەش بەس نین بۆ پێناسەکردنی چوارگۆشەکە، چونکە چەندین شێوەی دیکە هەن، کە خاوەن چوار لان، وەک لاکێشە و لایە هاوتەریبەکان.

کەواتە پێویستە پێناسەیەکی وەسفی دیاریکراو و تێر و تەسەل بێت، بەشێوەیەک ئاماژەیەکی پڕاوپڕ بۆ وەسفکراوەکە بکات و ئەو وەسفانەش هەڵاوێر بکات، کە سەر

بەو شتە نین، کە وەسف دەکرێت، لێرەدا دەگەڕێینەوە سەر چوارگۆشەکە و دەڵێین شێوەیەکی یەکسانە و چوارلای یەکسان و چوار گۆشەی هەیە، چێوەکەشی یەکسان و ستوونییە، لێرەدا پێناسەکردنەکە پڕ بە پێست دەبێت و سیفەتەکانی دیکەش، کە سەر بە شێوەکە نین، وەلا دەنرێن.

پێناسەکردنی وەسفی پێناسەکردنێکە سەرجەم خەسڵەت و ئەدگارە گرنگ و پێویستەکانی واتاکە دەگرێتەوە، کە لیستێکە لە سیفەتە نموونەیی و بنەڕەتییەکانی واتاکراوەکە پێکدێت، دەتوانین ئەم لیستە بە لیستی ڕەهەندەکە ناوزەد بکەین.

لێرەدا پێویستە تیشک بخەینە سەر ئەم زاراوانە: (درێژبوونەوە)، (نموونە)، (ڕەهەند).

١- درێژبوونەوەی کۆمەڵە بوونێکە، بەڵام نموونەکە تەنیا یەکێکیانە.

٢- درێژبوونەوەی هەستپێکراوە، بەڵام واتا ڕووت و ڕەهایە.

٣- نموونە هەستپێکراوە، بەڵام ڕەهەندی ڕووت و ڕەهایە.

٤- واتا و ڕەهەند ڕووت و ڕەهان، بەڵام درێژبوونەوە و نموونە هەردووکیان هەستپێکراون.

٥- درێژبوونەوە و واتا پەیوەندییان بە هەموو حاڵەتەکانەوە هەیە، بەڵام نموونە و ڕەهەند پەیوەندییان تەنیا بە حاڵەتە نموونەییەکانەوە هەیە.

**واتای بنەڕەتی(هۆشەکی) و واتای سەربار(لاوەکی)**

هەموو وشەیەک واتایەکی بنەڕەتی هەیە، کە لە واتا فەرهەنگییەکەیدا بەرجەستە دەبێت، کە سەرجەم بەکارهێنەرانی ئەو وشەیە لەسەر ئەو واتایەی کۆکن.

زۆر لە وشەکان جگە لە واتا فەرهەنگییەکەیان، واتای دیکەش دەبەخشن، ئەم واتایەی دیکە بە واتای سەرباری یان لاوەکی ناوزەد دەکرێت، ئەم واتا سەربارەش لەمیانەی وێکچوواندن بەتایبەتی لە کاتی بەکارنەهێنانی وێکچووێندراوەکە دەردەکەوێت. لێرەدا واتای بارکراو بۆ وشەیەک دەخرێتەڕوو، بڕوانە ئەم نموونانە:

**١- وەک مەڕ ڕەفتار دەکات. (لە گوێڕایەڵیدا)**

**٢- وەک مشک بوو. (لە ترسنۆکیدا)**

**٣- وەک شێر بوون. (لە ئازایەتیدا)**

**٤- وەک هەنگ وابوو. (لە چالاکیدا)**

٥ـ له گۆشتفرۆشی دەکرد.  (لەتوندی)
٦ـ ئەم دوکانە لە دەرمانخانە دەچێت.  (لە گرانی)
٧ـ وەک گوڵە.  (لە جوانیدا)
٨ـ لە حاتەمی تائی دەچێت.  (لە سەخاوەتدا)

لێرەدا هەر وشەیەک جگە لە واتا بنەڕەتییەکەی خۆی، واتای دیکەشی هەیە، وەک ملکەچبوون بۆ مەڕ و ترسنۆکی بۆ مشک و ئازایەتی بۆ شێر و چالاکی بۆ هەنگ و توندی بۆ گۆشتفرۆش و گرانی بۆ دەرمانخانە و جوانی بۆ گوڵ و دەسبڵاوی و سەخاوەت بۆ حاتەمی تائی. ئەم واتایانە واتاگەلێکی بنەڕەتی ئەو وشانە نین، بۆ نموونە ملکەچی یەکێک نییە لە خەسڵەتەکانی مەڕ، بەڵام ئەمە واتایەکی دیکەیە.

**واتای شێواز**

زۆر وشە واتاگەلێک دەگرنەخۆ، کە ئاماژە بە ئاستی قسەکردن و شێوازەکەی دەکات، ئایا وشە لە نووسیندا یان گفتوگۆکردن یان گوتاردا بەکاردەهێنرێت؟ بۆ نموونە(ئەی خەڵکینە) بۆ گفتوگۆکردن نییە، بەڵکو بۆ ئاراستەکردنی گوتارە، ئایا وشە ئاستێکی فەرمی یان ڕەمەکی یان ناشایستەیی هەیە؟ چەندین وشە هەن، کە شیاو نین و لە هەڵوێستە فەرمییەکاندا نابێ بەکاربهێنرێن، ئایا وشە بەشێوەیەکی شیعریانە یان پەخشانئامێز بەکاردەهێنرێت؟ بۆ نموونە (ئەی برادەر) تەنیا لە شیعردا بەکاردەهێنرێت.
هەروەها ئاستەکانی بەکارهێنان و سێبەرەکانی واتای شێواز لە چەند وشەیەکدا دەردەکەون، وەک: دایکم / دایە، باوکم / دادی، باوکم / بابە، کچم: کیژم(لە ڕەمەکی)، هاوسەری / ژنەکەی/ حورمەکەی(لە ڕەمەکی).

**واتای دەنگی**

هەندێک وشە هەن، دەنگەکانیان بەشداری لە دروستکردنی واتادا دەکەن، وەک خوڕە بۆ (ئاو)، میاواندن بۆ (پشیلە)، وەڕین و حەپین بۆ (سەگ)، هاژە بۆ (شەپۆل)، نەڕاندن بۆ (شێر)، زرینگە زرینگ بۆ (شمشێر)، هەروەها دەنگەکانی دی وەک (نقەنق)، (قیژە)، هەروەها تەققە بۆ ( تفەنگ) و فیشکە و خشە بۆ (مار). هەموو ئەمانە

وشەگەلێکن، کە دەنگەکانیان لەگەڵ واتا دەرەکییەکەیان یەکدەگرنەوە، ئەم جۆرە وشانە لە زۆربەی زمانەکاندا هەن و دەبنە سەلمێنەری ئەو تیۆرەش، کە دەڵێت هەندێک وشە لە ڕوانگەی لاساییکردنەوەی ئەو دەنگانەوە دروستبوونە، کە مرۆڤ لە سروشتدا گوێی لێیان دەبێت، وەک دەنگی ئاژەڵان و دەنگی شتەکان و دەنگی ڕووداوەکان. بێگومان ئەم دەنگانە ژمارەیەکی دیاریکراو دەگرنەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەیە.

زۆر وشە هەن توخمی واتای دەنگی لەخۆناگرن، لەمجۆرە وشانەدا هیچ پەیوەندییەک لەنێوان شێوەی دەنگی وشەکە و واتاکەیدا نییە، زۆرجاران پەیوەندی نێوان شێوەی دەنگی و واتاکەی پەیوەندییەکی هەڕەمەکیانەیە، بۆ نموونە هیچ پەیوەندییەک لەنێوان شێوەی دەنگی و واتای ئەم وشانەدا نییە: پەرتووک، پێنووس، جانتا، زەوی، ئاسمان، هەور، سەوزە و میوە، ئەمانە و چەندین وشەی دی بەم شێوازەن.

### یەکەکانی واتا

ئایا ئەو یەکە زمانییانە چین، کە واتایان هەیە ؟ بچووکترین یەکەی زمانی واتاداربێت (مۆرفیم)ە، (واتە یەکەی وشەسازی)، ئەم یەکەیە لەوانەیە لە وشەیەک یان بەشێکی وشەیەکدا بەرجەستە ببێت، وەک بۆ نموونە **(المعلمون/ مامۆستایەکان)**، ئەم وشەیە لەم مۆرفیمانە پێکدێت: أل + علم + مۆرفیمی تێپەڕاندن + مۆرفیمی ناوی بکەر + و + ن( لە زمانی کوردی بەم شێوەیەیە: مامۆستا + ەکە + ان). (أل) واتای ناسراوی دەگەیەنێت، (عَلِمَ) ڕەگی وشەکەیە، مۆرفیمی تێپەڕ گۆڕینی (عَلِم) بۆ (عَلَّمَ) ئەنجامداوە، مۆرفیمی (ناوی بکەر) وشەی (عَلَّمَ) ی کردووەتە (مُعَلّم)، پاشانیش (و) دێت، کە واتای (کۆ) دەگەیەنێت، لە کۆتایشدا (ن)ەکە سەربارbوونی وشەکە دادەبڕێت، بەمشێوەیە دەبینین وشەی (المعلمون) لە (شەش مۆرفیم) پێکدێت.

یەکەی بەرزتر لە مۆرفیم، وشەیە، مۆرفیمەکان بۆ پێکهێنانی وشەیەک کۆدەبنەوە، وشەکانیش دەچنە پاڵ یەکتر، فریز پێکدێنن، فریزیش لەوانەیە ناوی بێت، **(کوڕەکە زیرەکە)**، یان فریزی کارییە، وەک **(دەیخوێند)**، یان فریزی بەندە**(پێشناوییە)**، وەک **(لە ماڵەوەدا)**، پاشانیش سەرجەم فریزەکان کۆدەبنەوە، بۆ ئەوەی ڕستەیەک پێکبهێنن، وەک **(کوڕە زیرەکەکە لە ماڵەوە دەیخوێند)**.

کەواتە یەکەکانی واتا لە چوار پلە پێکدێن، کە لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەستپێدەکەن، بەمشێوەیە: **مۆرفیم، پاشان وشە، پاشان فرێز، پاشان ڕستە.**

**واتا و بەشەکانی ئاخاوتن**

ئایا هیچ پەیوەندییەک لەنێوان واتا و بەشەکانی ئاخاوتندا هەیە؟ لە کتێبەکانی ڕێزماندا ئاخاوتن دەکرێتە چەند بەشێکەوە، لە زمانی عەرەبیدا ئاخاوتن دەکرێتە سێ بەشەوە: ناو و کار و پیت، کاتێک (ناو) پێناسە دەکەین، دەوترێت: ناو وشەیەکە ئاماژە به کەسێک یان ئاژەڵێک یان شتێک یان شوێنێک یان کاتێک یان ڕووداوێکی دیاریکراو دەکات. لە پێناسەکردنی کاریشدا دەوترێت: کار وشەیەکە ئاماژە بە ڕوودانی کارێک دەکات، کە لە ڕابردوو یان ئێستا یان لە داهاتوودا ڕوویدابێت. پیتیش وشەیەکە لەژێر چەتری ناو و کارەکاندا جێی نەبێتەوە، ئەوە ئیتر بە پیت هەژمار دەکرێت.

کاتێک لە پێناسەی (ناو) و (کار) دەکۆڵینەوە، دەبینین پێناسەکە بە واتا و ماناوە بەستراوەتەوە، لەڕاستیشدا ئەمانە پێناسگەلێکی مەعنەوین، واتە مانایین و پەیوەندییان بە ماناکانیانەوە هەیە، یان واتایین و پەیوەندییان بە واتاکانیانەوە هەیە، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی زانایانی ڕێزمان ڕەخنە لەم پێناسانە بگرن، ئەوان پێیان وابوو پێناسەی (ناو) یان (کار) یان ئەوانی دیکەش ـ لە بواری ڕێزماندا ـ پێویستە پێناسەکردنێکی ڕستەسازییانە بێت (لە بواری ڕستەسازی) یان وشەسازیانە بێت(لە بواری وشەسازی). پێناسەکردنی ڕستەسازیانە پێویستە جەخت بکاتەوە سەر ئەرکی وشە لەناو ڕستەدا و پەیوەندی بە مانا یان واتای وشەکەوە نەبێت، پێناسەکردنی وشەسازییانەش پێویستە جەخت بکاتەوە سەر شێوەی وشەکە لە ڕووی وشەسازی و یەکە وشەسازییەکانەوە و ئەو (پاشگر / پێشگر)انەی پێوەی دەلکێندرێن.

ئەمەش ـ بە ڕای نووسەر ـ بۆچوونێکە پاساوی خۆی هەیە، چونکە لە بواری وشەسازیدا پێویستە زاراوەکان بەشێوەیەکی وشەسازییانە پێناسە بکرێت، لە بواری ڕستەسازیشدا پێویستە وشەکان بەشێوەیەکی ڕستەسازییانە پێناسە بکرێن، لە واتاسازیشدا پێویستە پێناسەکردنەکان واتایی بن ـ واتاسازاییانە بن، کەواتە ئەگەر

باس باسی ڕستەسازی بێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا نابێ وشەکان لەڕووی واتاییەوە پێناسە بکەین، یان لە بواری واتاسازیدا نابێ وشەکان لە ڕووی ڕستەسازی یان وشەسازییەوە پێناسە بکەین.

**پێوانەی واتا**

ئایا دەتوانین واتا پێوانە بکەین ؟ هەرچەندە واتا بە چەمکێکی ڕووت هەژمار دەکرێت، کەچی دەکرێ پێوانەشی بۆ بکرێت، پێوانەی لێکەوتەیی یەکێکە لەو شێوازانەی پێوانەی واتا، هەروەها پێوانە بە دژواتاکان و پێوانە بە پلەبەندی.

پێوانە بە لێکەوتەیی وا دەخوازێت ناوی یەکەم وشە بهێنرێت، کە وەک کاردانەوە دزە دەکاتە ناو هزر دەربارەی وشە پێوانەکە، بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت وشەی (گریا) بپێوین، ئەوا پرسیار لە سەدەها کەس دەکەین، دەربارەی یەکەم وشە کە مێشکیان بۆ دەچێت لە کاتی بیستنی وشەی (گریا). بێگومان پێشبینی دەکەین وەڵامەکان ئەمانە بن: منداڵ، ئافرەت، فرمێسک، خۆشی، شادی، نیگەرانی. ئەم توێژینەوەیەش ڕەچاوکردنی پلەی باوبوونی لێکەوتەکان دەگرێتە ئەستۆ و باوترین لێکەوتەکان لێکدەداتەوە، ئەم جۆرە وشانە پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ وشە پێوانەکراوەکاندا هەیە، هەندێک وشە هەن جووتن لەگەڵ واتاکاندا و زوو دزە دەکەنە یادەوەرییەکان، چونکە بکەرێکی ڕاستەوخۆ و باون، وەک (منداڵ، ئافرەت)، هەندێکیش لەو وشانە لێکەوتەن، چونکە لە ئەنجامی کارەکەوە پەیدا دەبن، وەک (فرمێسک)، هەندێکی دیکەش لەبەر دژواتابوونیان دەردەکەون، وەک (شادی)، هەندێکی دیکەشیان هۆکاری گەڕانەوەی یادەوەرییەکان، بۆیە دەردەکەون، وەک (نیگەرانی). هەموو ئەم لێکەوتانە توخمەکانی واتا پێکدەهێنن، چونکە ئاماژە بە هۆکاری گریان یان بکەرەکەی یان دژواتاکەی یان ئەنجامەکەی دەکەن.

هەروەها پێوانە بە دژواتـان: پێوانەیەکە لەڕێگەی پێوەرێکی حەوتیانەوە ئەنجام دەدرێت، کە هەردوو لایەکەی دژیەک بن، ئەمەش سەدەها کەس وەڵامیان دەدەنـەوە، کە پەیوەندی بە هەموو ئەو وشانەوە هەیە، کە خوازیاری پێوانەی واتاکانیانین، بۆ نموونە وشـەی (معلم) دەکرێ بەمشێوەیەی خـوارەوە پێوانە بکرێت (خشتەی ١):

## خشتەی (١)

## پەیژەی پێوانەی واتا

| ماموستا | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | تا ئەوپەڕی | تاڕادەیەکی زۆر | تاڕادەیەک | نە ئەمەو نە ئەمە | تا ڕادەیەک | تاڕادەیەکی زۆر | تا ئەوپەڕی | |
| میهرەبان | | | × | | | | | دڵڕەق |
| دادپەروەر | | × | | | | | | ستەمکار |
| هاندەر | | | × | | | | | سستکەرەوە |
| زانا | × | | | | | | | نەزان |

پاش وەڵامدانەوەی ئەم پێوەرە، ئینجا دەستدەکرێت بە تێبینیکردنی پلەکانی بڵاوبوونەوەی وەڵامدانەوەکان و بۆ وشەی (ماموستا) ئەو سیفەتانە دەستنیشاندەکرێن، کە لەگەڵیدا گونجاون. ئەمەش دەبێتە ئامرازێک بۆ پێوانەی واتای وشەکە بە بەکارهێنانی دژواتاکان لەسەر پەیژە حەوتینەکە، کە لە سێ ئاستی سیفەتە ئەرێنییەکەی لای ڕاستی پەیژەکە پێکدێت، وەک(میهرەبان)، هەروەها سێ ئاستی دیکەی سیفەتە نەرێنییەکان، کە دەکەونە لای چەپی پەیژەکە، وەک (دڵڕەق)، هەروەها ئاستێکی دیکە هەیە، کە بێلایەنە و دەکەوێتە نێوان هەردوو سیفەتەکەوە، کە لە ناوەڕاستی پەیژەکەدا بەدیدەکرێت (نە ئەمە و نە ئەوە).

هەرچی پێوانەی پلەبەندیشە، ئەوا لە پلەبەندی ئەو وشانەدا بەکاردەهێنرێت، کە واتاکانیان لە یەکدییەوە نزیکە، بۆ نموونە ئەم وشانە: لێیدەچێت، هاوتەریبە لەگەڵیدا، یەکسانە، هاوتایە، هاوشێوەیە، جگە لەوەش شێوازەکانی دیکەشی بەکاردەهێنرێت، وەک وێکچوون، هاوتەریب ، یەکسانی، هاوشێوەی، هاوتایی، بەهەمان شێوەش وشەکانی پەیوەست بە گەرمییەوە (شلەتێن، گەرم، زۆر گەرم)، وشەکانی سەرماش، کە ئەمانەن (سارد، سەهۆڵ، سەرمالەرز)، وشەکانی خۆشەویستیش (خۆشەویستی، حەزلێبوون، پەرۆشی، سۆز)، ئەمانە و ژمارەیەکی زۆری وشەکان، کە واتاکانیان لە یەکەوە نزیکە، کە پێویستە پلەبەندییان بۆ بکرێت، کە پلەبەندییەکە دەکرێ بە هەڵکشان یان بە داکشان بۆیان ئەنجام بدرێت.

**واتا و ڕۆڵەکان**

**بڕوانە ئەم ڕستانە:**

**١ـ کوڕەکە دەرگاکەی بە کلیل کردەوە.**

**٢ـ دەرگاکە بە کلیل کرایەوە.**

**٣ـ کلیلەکە دەرگاکەی کردەوە.**

**٤ـ کوڕەکە نامەکەی نووسی.**

**٥ـ ئەو ڕۆژە هات، کە تیایدا دەردەچیت.**

**٦ـ ئێرە شوێنی جەنگەکەیە.**

**٧ـ بۆ قوتابخانە ڕۆیشت.**

لە ڕستەی (١)دا، لە ڕووی ڕستەسازییەوە (کوڕەکە) بکەرە و (دەرگاکە)ش بەرکارە و بە (کلیلەکە)ش (ئامرازی پەیوەندی و تەواوکەری بەیاریدەیە)، بەڵام لە ڕووی واتاوە (کوڕەکە) کاراکتەرەکەیە و (دەرگاکەش) پێشوازیکارەکەیە و (کلیلەکەش) ئامرازەکەیە.

لە ڕستەی (٢)شدا، دەرگاکە لە ڕووی ڕستەسازییەوە بکەرە، بەڵام لە ڕووی واتاییەوە پێشوازیکارە، (کلیلەکە) لە ڕستەی (٣)دا لە ڕووی ڕستەسازییەوە بکەرە، کەچی لە ڕووی واتاسازییەوە ئامرازە، لە ڕستەی (٤)دا وشەی (نامەکە) لە ڕووی ڕستەسازییەوە بەرکارە، بەڵام ئەنجامی کارەکەیە لە ڕووی واتاییەوە. لە ڕستەی (٥) دا وشەی (ئەو ڕۆژە) لە ڕووی ڕستەسازییەوە بکەرە، بەڵام کاتی کارەکەیە لە ڕووی واتاییەوە. لە ڕستەی (٦)دا وشەی (شوێن) لە ڕووی ڕستەسازییەوە گوزارەیە، بەڵام لە ڕووی واتاییەوە شوێنی کارەکەیە. لە ڕستەی (٧)دا وشەی (قوتابخانەکە) لە ڕووی ڕستەسازییەوە (تەواوکەری بەیاریدە)یە، بەڵام لە ڕووی واتاسازییەوە ئامانجە.

کەواتە ئەم چەمکانە (بکەر) و (بەرکار) و (نیهاد) و (ئامرازی پەیوەندی و تەواوکەری بەیاریدە) و (گوزارە) هەموو ئەمانە چەمکگەلێکی ڕستەسازییانەن، کە پشت بە پێگەی وشەکە لە ڕستەکەدا دەبەستن، بەڵام واتاسازی ئەم چەمکە ڕستەسازییانەی لەگەڵدا ناگونجێن، بەڵکو پێویستی بە چەمکگەلی واتایی هەیە، کە پشت دەبەستن بە واتای وشەکە و ڕۆڵی خودی وشەکە لەمیانەی واتای ڕستەکەدا و پەیوەندی بە پێگەی وشەکە لە ڕستەکەدا نییە.

هەروەها واتاسازی مامەڵە لەگەڵ چەند چەمکێکدا دەکات، کە جیاوازی لەگەڵ چەمکەکانی ڕستەسازیدا هەیە، وەک:

**١. کاراکتەر:** ئەوەی کارەکە ئەنجامدەدات، بەدەر لە پلە و پێگەی لە ڕستەکەدا و نیشانەی شیکردنەوەکەی، وەک(کوڕەکە) لە ڕستەی (١)دا.

**٢. پێشوازیکار:** ئەوەیە کارەکەی بەسەریدا دەسەپێ، بەدەر لە پێگە و شوێنەکەی و نیشانەی شیکردنەوەکەی لە ڕستەکەدا، وەک (دەرگاکە) لە ڕستەکانی (١ ـ ٣).

**٣. ئەنجام:** ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە ئەنجامی کارەکە بێت، بەدەر لە شوێنی لەناو ڕستەکەدا، وەک (نامەکە) لە ڕستەی (٤)دا.

**٤. کات:** هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە ئاماژە بۆ کاتی کارەکە بکات، بەدەر لە شوێنەکەی و نیشانەی شیکردنەوەکەی، وەک (ئەو ڕۆژە) لە ڕستەی (٥).

**٥. شوێن:** هەموو شتێک ئاماژە بە شوێنی کارەکە بکات، بەدەر لە پێگەی لە ڕستەکەدا و بەدەر لە نیشانەی شیکردنەوەکەی، وەک (شوێن) لە ڕستەی (٦).

**٦. ئامرازەکە:** هەموو ئەو شتانەی ئاماژە بۆ ئامرازی کارەکە دەکەن، بەدەر لە پێگەکەی لە ڕستەکە و لە نیشانەی شیکردنەوەکەی، وەک (کلیلەکە) لە ڕستەکانی (١ ـ ٣).

**٧. ئامانج:** هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە ئامانجی کارەکە پێکدەهێنن، بەدەر لە پێگەکەی و نیشانەی شیکردنەوەکەی، وەک (قوتابخانەکە) لە ڕستەی (٧).

هەر حەوت ڕۆڵە واتاییەکان یان (مەعنەوییەکان) پشت بە واتای وشەکە و ڕۆڵەکانیان لە واتای ڕستەکەدا دەبەستن، بەبێ ئاوڕدانەوە لە پێگەکانیان لەناو ڕستەدا، یان گرنگیدان بە نیشانەی شیکردنەوەکەی. هەروەها ئەم ڕۆڵە واتاییانە جیاوازییان هەیە لەگەڵ چەمکەکانی ڕستەسازی، چونکە کاراکتەر بکەر نییە، پێشوازیکار بەرکار نییە، کاتیش ئاوەڵکاری کاتی نییە، شوێنیش ئاوەڵکاری شوێنی نییە، ئامرازیش تەواوکەری بەیاریدە نییە. ئەم چەمکە واتاییانە بەتەواوەتی جیاوازییان هەیە لەگەڵ ئەو چەمکانەی لە ڕستەسازیدا لە بەرانبەریاندا دانراون.

***ئەم نووسینە لەم سەرچاوەیە وەرگێڕدراوە:**

**محمد علي الخولي، علم الدلالة(علم المعنى)، دار الفلاح للنشر و التوزيع، ٢٠٠٠، ص ٦٤ ـ ٨٥.**